
# شێرکۆ بێکەس

## چەپکێک هەڤپەیڤین

گفتوگۆ
١٩٨٥ — ٢٠٠٠



chalakmuhamad@gmail.com

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
**یاسین عومەر**

شێرکۆ بێکەس
چە پکێك هەڤپەیڤین

CHAIAK M
00 46 - 704 045 250

# ئەزموون
## ١٩٨٥-٢٠٠٠

کۆکردنەوەوئامادەکردنی
یاسین عومەر

سلێمانی ٢٠٠١

- ناوی کتێب : ئەزموون
- بابەت : گفتوگۆ
- ئامادەکردنی : یاسین عومەر
- هەڵەچنی چاپ : نەورۆز حسێن
- مۆنتاژی کۆمپیوتەر : سەیران عبدالرحمن
- تیراژ : ٧٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن : (١٧١) ی ٢٠٠١
- کۆمپیوتەر وچاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

SARD

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم( ١٢٥ )

# پێشەکی

ئاتاجی کتێبخانەی کوردی بە کتێبگەلێکی لەم شێوەیە، لەوێوە نییە کە خوێنەری کورد شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس ناناسێت، بەڵکو زۆرتر مەبەست ئەوەیە کە خوێنەران وەك چۆن ئاگاداری بەرهەمەکانی شاعیرن، ئاواش ئاگاداری خەون و جیهان بینیی و بیروڕاو پێشبینیەکانیشی بن، کە بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە توێی وتووێژو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەییە هەمە چەشنەکاندا دەربڕیوون، کە لە لایەکەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی کۆکراوەو حازر بەدەست لەبەر دەستی توێژەراندا و لە لایەکی تریشەوە ئۆتۆماتیکیانە دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ دیکۆمێنت کردنی هەندێ ڕووداو و پێشهات کە ژانرەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیمان لە ئاست تۆمار کرنیاندا دەستەوەستانن.

هەڵبەت، ئەوەی کە تا ئێستا پرۆژەیەکی لەم چەشنە بۆ هیچ ناودارێکی تری میللەتەکەمان بە گشتی و شاعیرانمان بە تایبەتی نەکراوە، درێژ بوەوەی ئەو خەمساردییە کە چەندان ساڵە بەرۆکی میللەتەکەی ئێمەی گرتووە؛ کەم نین ئەو کەسانەی بە بیانووی جۆراوجۆر دەیانەوێت بەرە لەژێر پێی شیعر دەرکێشنە دەرەوەو لە ڕۆڵو بایەخی شیعرو شاعیران کەم بکەنەوە، بەڵام ئایا ئەمە کارێکە بکرێت؟! بێگومان وەڵامەکە نەخێرە، بەڵام نەك لەبەرئەوەی شیعر گەورەترین پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و تەنانەت مێژوویشی داگیر کردوین؛ بەڵکو لەبەرئەوەی شیعر هەمیشە نیرڤاناو گیانی زیندووی سەردەمەکەی خۆیەتی و، بۆ چرکەساتێ چییە لە خولیاکانی مرۆڤ خافڵ نەبووەو، تا ئەو کاتەیشی مرۆڤێ دەمێنێ ئەویش ئامادەیی دەبێت و گیانی مرۆڤایەتی گەش و پاکژ دەکاتەوە.

هەڵبژاردنی شاعیرێکی وەکو شێرکۆش بۆ تەرزە پرۆژەیەکی ئاوا، کە پێموایە پێشتر کەم و زۆر دەستی بۆ نەبراوە، لەبەرئەوە نیە کە شاعیرێکی گەورەیەو خاوەنی خەڵاتی توخولسکی و پیرەمێردەو بە چەندان زمانی زیندوو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە، بەڵکو ناوبراو بۆ خۆشی خوێنەرێکی بەردەوامی ژانرەکانی تری ئەدەبەو پاشخانێکی ڕۆشنبیری

بەرچاویشی هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەرهەمەکانیشی بوونەتە مایەی چەندان لێکۆڵینەوەی رەخنەیی هەمەچەشن، چ لەنێو خودی نێوەندی رۆشنبیری‌داو چ لە بەش‌و کۆلیجە ئەدەبیەکانی زانکۆکانی کوردستانیشدا.

ئاشکرایە ئەم بابەتانەی کە لە توێی ئەم کتێبەدا بڵاو کراونەتەوە هەموو ئەو چاوپێکەوتنانە نین کە لەگەڵ شاعیردا کراون، دەتوانین بڵێین لە نیوەش کەمترن؛ بۆ هەڵبژاردنیشیان هەندێ تەوەن خۆی سەپاندوە، لەبەرئەوەی هەندێ لەم چاوپێکەوتنانە هی قۆناغێکی گرنگ‌و بایەخداری شاعیرن کە بە هۆی هەل‌ومەرجی ئەو کاتەوە کەمتر بینراون، بۆیە بە پێویستمان زانیوە لێرەدا دایانبەزێنین، ئەوانەشی کە بە عەرەبی و بە فارسی لەگەڵیدا کراون و ئێمە هەندێکیمان لێ وەرگێڕاون، بێگومان بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە، بۆیە لە کۆی زیاتر لە (١٠) چاوپێکەوتن کە لە بەردەستماندان تەنها (٥) دانەمان لێ هەڵبژاردن (دوو فارسی، سێ عەرەبی). هەندێك لەوانەیش کە بڵاو نەکراونەتەوە هۆکارەکەی بۆ لەیەکچوویی پرسیارو وەڵامەکانیان لەگەڵ پرسیارو وەڵامی هەندێ لەو چاوپێکەوتنانەی کە لێرەدا دابەزیون، دەگەڕێتەوە. جا چ بە کوردی کرابێتن یان بە عەرەبی‌و بە فارسی.

پێش ئەوەی خوێنەر بەجێ بهێڵم لاپەڕەکانی کتێبەکە هەڵبداتەوە حەزدەکەم ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بدەم، یەکەم: بۆ رێکخستن‌و ریزکردنی چاوپێکەوتنەکان پەیڕەوی مێژووی سازکردنیان کراوە، واتە لە کۆنەوە بۆ تازەو لە تازەوە بۆ تازەترین رێکمانخستوون.

دووەم: ئاشکرایە ئەم چاوپێکەوتنانە لە سەردەم‌و قۆناغی جیا جیادا سازکراون‌و، لەگەڵ گۆڕینی سەردەم‌و قۆناغەکانیشدا قەناعەت‌و بۆچوونەکانی شاعیریش چ لەمەڕ چەمك‌و توخوبە هەمەچەشنەکانی ژیان؛ چ لەمەڕ هونەر بە گشتی‌و شیعریش بە تایبەتی، گۆڕاون، کە نە ئێمەو نە خودی شاعیریش لەبەر ئەمانەتی مێژوویی، بە باشمان نەزانی دەستکارییان بکەین، بۆیە بێ دەستکاری وەك خۆیان دامانناونەوە.

بەو ئومێدەی ئەم هەوڵە، هەوڵی باشترو جدی تری بەدوادا بێت.

یاسین عومەر
سلێمانی ٢٠٠١/٥/٢٦

□ سا : هەڤاڵ کوێستانی

chalakmuhamad@gmail.com

# ڕووبەڕوو لەسێبەری چیادا

(١٩٨٥)

■ **وەک خۆت دەڵێی لە چیرۆکەوە دەستت پێکرد، کەچی هەر زوو چیرۆکت بەجێهێشت و ڕووتکردە شیعر.. بۆچی و چۆن شیعرت هەڵبژارد؟**

□ ڕەنگە زۆربەی زۆری نووسەرانی ئەم دنیایە، بە قۆناغی "هەرزەکاری" ئەدەبیدا تێ پەڕین. لەم پلەی هەرزەکاریەدا، جگە لەوەی هێشتا نووسەر دنیا نادیدەیەو بیری و دەست و پەنجەی تاقیکردنەوەی نەکراوەتەوە، هەڵبەتە حەزو ئارەزوو هەڵبژاردنەکانیشی ناجێگیرو هەناسەکورت و پڕ لە دڵەڕاوکێیە. منیش لەم تەمەنی هەرزەکاریی ئەدەبییەدا وابووم. ئەو نووسینە کاڵ و کرچانەی ئەوسا، خۆم لەلای خۆمەوە ناوی چیرۆکم لێ نابوو، تەمەنیان کورت و بێ بەر بوون. شیعر ئەو دەمەش وەك چرایەکی بە شەوقی قۆناغەکە وابوو، ئەو زیاتر پەپوولەو بەروانەی بەهرەکانی بۆ لای خۆی کێش ئەکرد. دەنگی ئەو زوڵاڵترو خۆشەویستیی ئەویش دیارترو لەبەرچاوتر بوو. ئەوەی ڕاستی بێ هەڵبژاردنەکە لە هۆشیارییەوە نەبوە. بەهرەی منیش وەك جۆگەیەك ڕوەو دنیای شیعر خۆی ڕێی بۆ خۆی کردەوە، بەبێ ئەوەی دەستی -هەڵبژاردن- لەوەوبەر ئاوەڕۆکەی بۆ دروستکردبێ و زەویەکەی بەردەستی خۆشکردبێ. دیارە نزیکی شیعریش لە خەیاڵی بەربلاو، هەست و نەستی ناسك، ڕەنگاو ڕەنگ و لە سۆزیش بەجۆش و خرۆشی ئەو تەمەنەوە هۆیەکی تر بوە بۆ ئەو وەرچەرخاندن و ڕێ گۆڕینە!

■ **کارتێکردنی تاقیکردنەوەکانی ژیانت لەسەر بەرهەم و ئەزموونی شیعریت، هەر لە "تریفەی هەڵبەست"ەوە تا تازەترین بەرهەمت چۆن تەماشادەکەی؟**

□ با جارێ پەلەنەکەین، چونکە ئەگەر بە تەواوی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ڕەنگە جێ بە زۆر پرسیاری تر لەق بکەین، یان سەری گلۆڵەکانمان لێ بئاڵۆزکێن. تاقیکردنەوەی ژیانی شاعیر بە هەموو لق و پۆپێکەوە، هەر لە ئەزمونە تایبەتییەکانەوە تا گشتییەکان، مانای تەمەنی شیعرو قۆناغەکانی ئەو هونەرە لای ئەو شاعیرە، مانای ژیانی شیعرەکانی لە پێرەوکیەوە تا گەورەبوون و تا کۆتایی. چونکە ئەگەر تاقیکردنەوە نەبێ، مانای ژیان و گەشەکردن و کارتێکردنیش نابێت. هەر دیوان و کۆمەڵە شیعرێکیش بە پێی جیاوازیی

تاقیکردنەوەیان، جۆری کارتێکردنی قۆناغێکی تەمەن و بیرکردنەوە، ڕەنگدانەوەی خۆیان لەسەرە، کارتێکردنی دەوروبەر، گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، ڕادەی هوشیاری و ڕۆشنبیری شاعیر، ئەو هۆیانەش کە لە چڕکردنەوەی ئەو تاقیکردنەوانەدا، لە ڕۆشنکردنەوەیاندا، سەرئەنجامی ئەو ئەزموونانە دیارینەکەن. "تریفەی هەڵبەست" یان "کەژاوەی گریان" یان "دوو سروودی کێوی" هەر یەکەو لەدایکبووی قۆناغێکی تەمەنی شیعری منن، هەریەکەو کارتێکردنی ئەزموونی جیاجیایان لەسەر بوە، بەڵکو ئەتوانم بڵێم هەر شیعرەو کارتێکردنی خۆی لەسەر بوە، کە تەواوی ئەو تاقیکردنەوانەش بەپێی کات و شوێن و لە سەردەمی خۆیاندا ڕسکاون و ئینجا جێ پەنجەی خۆیان بەسەر بەرهەمەکانەوە بەجێ هێشتوە. ئەو ئەزموونانە درەختی بەهرەیان ئاوداوە. دیارە وەك لە هەموو جێیەك ئاو نییە مەرجیش نییە لە منداڵدانی هەموو تاقیکردنەوەیەکیشدا شیعر دروست بێ، ئێمە باس لەو ئەزموونانە ئەکەین، لەو کارتێکردنە ئەکەین، کە ئەبنە هۆی چڕۆکردن و گەشانەوەی گوڵە شیعرو نشونما کردنی دارستانەکانی. بە قووڵی کارئەکەنە سەر خودی شاعیر، سەر دڵ و دەروونی و بیری ئەبزوێنن. دیسان ئەمەیش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر ئەگۆڕێ. واتە بەپێی جیاوازیی ئەزموونەکانی ژیانی هەر شاعیرێ کارتێکردنەکانیش جیاوازن. بۆ وێنە: بەشێکی زۆری شیعرەکانی ناو دیوانی "تریفەی هەڵبەست" لە چاوێکی ڕۆمانسیانەی ڕووتەوە تەماشای ژیان و دەوروبەر ئەکەن، زۆربەی تاقیکردنەوەکان هێشتا لەم دیوانەدا نەبوون. لەبەرئەوە ئەبینین هێشتا هونەرەکەش باش نەگەییوە، لەبەرئەوەی خۆیشم لەو سەردەمانەدا هێشتا بەهرەی شیعر لە کوورەی ژیاندا بە چاکی قاڵ نەببوو. تۆ سەرنجبدە ئەو شاعیرانەی جگە لە بەهرەی گەورەیان، ئەگەر ئەزمونی ژیانیان گەورەو چڕوپڕو پەل وپۆدار نەبێ، بزووتنەوەو تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتیان گەڕان و بینینیان کەم بووبێ.. ئەبینیت ئەزموونی شیعریشیان- محدود- ترە، "مەولەوی" شاعیرێکی گەورەیە، خاوەن بەهرەیەکی زۆر زیندوو بوە، بەڵام لە ڕووی ئەزموونی ژیانی خۆیەوە بە بەراورد لەگەڵ (نالی)دا، هەست ئەکەیت لەبەرئەوەی لە ژیانی (نالی)دا ئەزموون و تاقیکردنەوەکان، کارتێکردنەکان، زۆرترو چڕترو

فرە لایەن ترن، مەودای شیعرەکانیشی بەربلاوترو کۆمەڵایەتی ترو هەمە جۆرترن. من پێموایە قۆناغەکانی تەمەنی هەر شاعیرێ لە ڕەوتی بەرەو گەشەکردن و قاڵبوون و بەردەوامبووندا، ئاوێنەی شیعرەکانیشین. ڕەنگە شاعیری بلیمەتی بەدەر لەم بنەمایە هەبێ، بەڵام لای زۆربەی شاعیران ئەمە بنەما گشتییەکەیە.

■ هەریەکەی بە جۆرێ پێناسەی شیعر دەکا، هەیە ملکەچی (هۆش و لۆژیک و زانستی) دەکا، هەیشە لە ئاسمانی خەیاڵ و ئەندێشە و ئەستی شاعیردا بەرەڵای دەکات، هی تریش هەن، وەک شتێکی تێکەڵی ئەم دوو حاڵەتە ئاکۆکە سەیری دەکەن، تێڕوانینی تۆ لەم ڕووەوە چۆنە؟

□ پێناسەکردنی شیعر وەك پێناسەکردنی ژیان خۆی کارێکی گرانە! هەر لەسەردەمی "ئەفلاتون" و "سوکرات" و "هۆراس"ەوە تا ئەمڕۆ بە هەزاران شێوە پێناسەی شیعر کراوە، بەڵام شیعر هیچ کام لەو پێناسەکردنانەی وەك چوارچێوەیەکی هەمیشەیی و جێگیرو نەگۆڕ نەگرتۆتە خۆ. بەلای منەوە شیعر گەردوونێکی بێسنوورەو پەی پێ نەراوە، هەروەکو چۆن تێڕامان لە گەردوون و ئەستێرەکان تا بێ، بەرەو پرسیاری بێکۆتایی ئەمانبەن، شیعریش بەو جۆرە لە ئاقارێکدا، لە پێناسەیەکدا، لە بەرگێکدا دەستنیشان ناکرێ، ئەوەی منیش دەربارەی شیعر بیڵێم دیارە هەر هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی یەکێك لەو چوارچێوانەی کە ئەوی تێدا داین نابێ. بە بڕوای من شیعر زمانی هەست و ئەستە، لە هاوڕێ هەرە کۆنەکانی "ئیحساساتی" ئینسانە، گەواڵە هەوری خەیاڵە و مۆسیقای ژیانە. هەر لەبەرئەوەشە بە لای منەوە شیعر دوورە لەو "چەمك"انەوە کە زانست بە زمانی (مفعولات) و (مەنتیقی) خۆی دەریان ئەبڕێ. هەتا هەتایە هیچ کۆمپیوتەرو ئامێرێکی میکانیکی دروست نابێ بۆئەوەی جێی ئیحساساتی مرۆڤ بگرنەوە، تەنانەت ئەو وشانە لە فەرهەنگی ژیان خۆیدا مانای دیارو ڕاستەوخۆی خۆیان هەیە، کاتێ هەر ئەو وشانە ئەچنە ناو گیانی وێنەیەکی شیعرەوە، ناو ڕستیەکەوە و تێکەڵ بە ئاهەنگ و خەیاڵی فرە ئاسمانی ئەبن، ئەوسا پەل و پۆی "مەجازی"یان لێئەبێتەوە، لەبری مانایەك، سێبەرێك، دەنگدانەوەیەك، گەلێ ماناو سێبەرو دەنگدانەوەی دیکەیان لێ ئەبێتەوەو زمان ئەتەقێتەوە. با بۆ نمونە هەردوو وشەی (کورسی) و

(دڵ) بگرین، ئەم دوو وشەیە هەریەکەیان مانایەکی ئاشکراو ماددی لەبەرچاویان هەیە. بەڵام کاتێ شاعیرێ ئەڵێ "کورسی دڵم"، مانا راستەوخۆکە نامێنێ و ئەو دوو وشەیەش ئەبنە دوو شتی جیاوازتر لە بوەکەی پێشوتریان، لە سنووری فەرهەنگی ڕێزمانە ئاساییەکە ئەچنە دەرەوەو واقیع و مەنتیقی تایبەت بە شیعر دروستئەکەن. فڕینی وشە لە (موتڵەق)دا باڵی شیعرە. هەر ئەم زمانی مەجازیەشە شیعر لە زانست جیا ئەکاتەوە. خەیاڵیش لە ڕەگەزە هەرە زیندوەکانی شیعرە، ئەگەر خەیاڵ بەپیت و وردو قووڵ نەبێت، شیعر وەک ئاوی ڕاوەستاوی لێ دێت. شیعر بەر لە هەموو شتێ بەهرەو سەلیقەیە، بەهرەش پەروەردە ئەکرێ. ئەزمونیش ئەو پەروەردەبوونە قاڵئەکات. کێ ئەتوانێ -دەنگ خۆشیی- دروست بکات؟! کارتێکردنی بینای ماددی کۆمەڵگایش لەسەر شیعر، ئەم هونەرە ناکاتە پاشکۆیەکی کوت و متی واقیعە کۆمەڵایەتیەکە، بەڵکو سەربەخۆیی ڕێژەیی خۆی ئەپارێزێ. هیچ ئایدیۆلۆژیایەک و فەلسەفیەکیش نییە بتوانێ بەهرەی شاعیرێتی و شاعیری راستەقینە دروست بکا، بەڵام ئەتوانن لە ڕێنومایکردندا ڕێگەی گەشەکردنیان بۆ خۆش بکەن، بە فەرمانی هیچ ڕژێم و یاسا و حیزبێکیش شاعیری ڕەسەن و ڕاستەقینە، شاعیری دانەتاشراو، پەیدا نابێ. ئەگەر پێچەوانەی ئەم بۆچوونە راست بوایە، ئەوا هەموو ڕژێم و حیزبێک، ڕۆژی دەیان شاعیریان وەک جوجکی مەکینە هەڵئەهێنا! بەڵام وەک ئینسان ئەتوانن بیانکوژن و لە ناویان بەرن یان بە پێچەوانەوە دەرفەتی ژیان و ئازادی و خۆش گوزەرانیان لە بەردەمدا بکەنەوە. کەرەسەی شاعیر وشەیە، وەک چۆن لای وێنەکێش ڕەنگە.

زمانیش وەکو هەموو شتێکی تر لە گۆڕاندایە، زمانی شیعری ئەمڕۆ هی دوێنێ نییەو هەڵبەتە هی داهاتوش هی ئەمڕۆ نابێ. ڕەگەزێکی گرنگی تری شیعر "مۆسیقا"یە، ئاهەنگی رستەو وشەو سەرتاپای قەسیدەکەیە، هەر ئەم ڕەگەزەشە شیعر لە نووسین و پەخشانی ئەدەبی هەمەجۆر جیائەکاتەوە. ئەو شیعرەی مۆسیقا و ئاهەنگی تێدا نەبوو لە باڵندەیەک ئەچێ -نەخوێنێ-! شیعر لە ڕووبار ئەچێ، بە شەپۆل و هاژەو تیژی و خوڕی و مەنگی و قەڵبەزەیەوە. بە بواری تەنک و قووڵییەوە.. شیعریش بە زمان، بیر، مۆسیقا، داڕشتن، وێنەو

خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگەوە.. بەسەر یەکەوە پێی ئەوتریّ شیعرو لەیەکتر دانابڕێن. هەروەك چۆن تەواوی ئەندامەکانی لەشی ئادەمیزاد یەك تەنی زیندوو پێك ئەهێنن، جوانیو کارتێکردنی شیعریش دڵو دەروونی گوێگر نیشانەیەتی. ئەو شیعرەی پەرەی دڵی نەبزواند، هۆشی ڕانەچەناند، تەزووی بە لەشدا نەهێنا، وەك موگناتیس خەیاڵو هەستو نەستی گوێگری ڕانەکێشا، بۆ هەر مەبەستێکیش وترابێ، شیعر نییە!

■ شیعر لای تۆ چۆن لەدایك ئەبێ؟

□ لە دوای هەژین، لە دوای پەنگ خواردنەوە، لە دوای ئەو بەیەکداچوونو هەڵچوونە بە گێنگڵانەی دەروونم ئەکەن بە کوورەیەکی جۆش خواردووی ئەسرەوتو لە دوای ئەو بینینو تاقیکردنەوانەی هەستو نەستم ئەخەنە ژێر کارتێکردنی قووڵو بەردەوامی خۆیانەوە. جا شەیدام بکەن، یان ڕقم ئاگر بدەن، یان سەرسامم بکەن، ئەوسا تووشی جۆرە لەهۆش خۆچوونو حاڵ لێ هاتنێکی شاعیرانەم ئەکەن. جاری وا هەیە بە یەك سەعات شیعرێك لەدایك ئەبێو جاری وایش هەیە دوای چەندین ساڵ. ژانی شاعیر وەکو ژانی هەور وایە، جاری وا هەیە ئەگرمێنێ، بەڵام نابارێ. جاری وایش هەیە بە لێزمە ئەبارێو ڕەنگە چاوەڕوانی ئەو بارینەشت نەکردبێ. لە ئەزموونی خۆمدا گەلێ جار تەنها کلیلێکی بچووکم بە دەستەوە بوە، ڕەنگە وێنەیەکی شیعری بووبێ، بەڵام ئیتر لە دواییدا وەك ئاگرێ چۆن لە پێشدا تەنها پریشکێکەو ئینجا ئەتەنێتەوە، ئەویش ئاوا هەموو گیانی گرتۆتەوە. هەردوو قەسیدە درێژەکەی "کۆچ" و "داستانی هەڵۆی سوور"، یەکەمجار تەنها بریتیبوون لە دوو وێنەی شیعری بچووك، کەچی دواجار بوون بە سەدان وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، بوون بە دوو ڕووباری گەورە. من هیچ کاتو شوێنێکی دیاریکراوم نییە بۆنەوەی شیعری تیا بنووسم، شەو، ڕۆژ، هەرکاتێ شیعر خۆی هاتو زۆری لێ کردم بۆنەوەی بینووسم ئەینووسم.. میوانێکە وەختو ناوەختی بۆ نییە. ئەو کاتەی شیعریشم نووسیو دوای ئەوەی شەپۆلەکانی دامیان بە دەم خۆیانەوە، ئیتر ئاگام لە دەورووبەر نامێنێ، تەنانەت زۆرجار برسێتیش دەستی پێ هەڵنەگرتووم. لە وەختی شیعرنووسیندا جگەرە زۆر ئەکێشم، جاری وا بوە ڕێکەوتوە

بێنەوەی بزانم چوار پێنج جگەرەی داگیرساوم لەسەر تەپڵەکەکەی بەردەسم دیوەتەوە! بۆیە بە لاشمەوە سەیرە ئەوانەی جگەرە ناکێشن چۆن ئەتوانن بنووسن!!. هەندێ شیعر، وەك هەندێ درەخت، زوو باڵا ئەکەن و هەندێکی تریشیان زۆر درەنگ، هەندێکیان وەك چڵی نزم زوو دەست ئەیگاتێ و هەندێکی تریشیان پیاهەڵگەڕان و هەڵزنانی زەحمەتەو ئازارو شەونخونی ئەوێ! لەسەر کاغەزی سپیی بێ خەتیش نەبێ، ناتوانم بنووسم!

■ کە لە نووسینەوەی شیعرێک دەبیتەوە چ هەستێک دات ئەگرێ؟

□ ئەگەر هەست بکەم کارێکی تازەم بە ئەنجام داوە، لەو ساتەدا وا هەست ئەکەم، وا ئەزانم لەم دنیایەدا کەس لە من بەختیارتر و ئاسودەتر نییە! ئینجا وەك لە سەفەرێکی دووردرێژ گەڕابمەوەو لەسەر تینوێتییەکی ئێجگار زۆر دەم بنێم بە پلوسکی ئاوێکەوەو تێر بخۆمەوە، هەست بە حەسانەوەیەکی لەو جۆرە ئەکەم. لە هەمان کاتیشدا وەك قورساییەکی گەورەو گران لەسەر سنگم لا چووبێ، تەمومژی لەبەرچاوم ڕەوییبێتەوە، وەکو بۆ یەکەمجار دنیا ببینم وایە.. لەو ساتانەدا هەموو شتێ لەبەر چاوم جوان و گەش ئەنوێنێ، خۆشیەکی منداڵانە هەموو گیانم دادەگرێ. حەز ئەکەم پێ بکەنم و بجووڵێم و گۆرانیی بڵێم.. یان وەك ئەختینەیەکی بێ هاوتام دەست کەوتبێ و لای کەسی تر نەبێ، زوو زوو شیعرە تەواوکراوەکە دەرئەهێنم و سەیرێکی ئەکەم و ئەیخەمەوە گیرفانم. بە من بێ لەو ساتەدا نزیکترین هاوڕێی خۆم ببینم و بە دەنگی خۆم ئەو شیعرەی بۆ بخوێنمەوە. حەزئەکەم هەر ئەو ساتە چاپکرێ و بڵاوبکرێتەوە.. بەڵام ئەو ساتانە، لای من کەم خایەنن و هێندەی پێ ناچێ کارەکەم لا ئاسایی ئەکەوێتەوە.. لای من ئەو ساتانە لە خەوێکی خۆش و جریوەی گوڵ ئەستێرەیەك ئەچن زوو دێن و زووش بەسەر ئەچن.

■ "مەحمود دەرویش" دەڵێ من حەزم لە شیعر نییە، ئەو کاتەی شیعریش دەنووسم، دەڵێی کارێکی ئەشتەرگەریی ئەنجامئەدەم.. کەچی تۆ بە پێچەوانەوە شیعرت زۆر خۆش ئەوێ.. هۆی ئەو زۆر خۆشویستنەی تۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟

□ ئەم قسەیەی (مەحمود دەرویش)م نەبیستوەو سەیریشە بەلامەوە! چونکە وەك بێتەوە بیرم ڕاوبۆچوونی پێچەوانەی تەواوی ئەم قسەیەم چەندین جار خوێندۆتەوە. هەرچۆنێك بێت ڕەنگە شاعیر مەبەستی ئەوەبێ، خولقاندنی شیعر- لە کارە هەرە بە ئازارو ناسۆرەکانە. من پێموایە، ئەگەر شتێکم خۆشنەوێ، هەرشتێك، ناتوانم کاریشی بۆ بکەم، ناتوانم هۆگری بم، تەنانەت ئەگەر کارێکی ئەشتەرگەریش بێ! خۆشەویستی، بە مانای فراوانی کارتێکرن و هەست و هۆش و بیر ڕاکێشانە، خۆ بەختکردن و ڕەنج و گونجاندنە. ئەو شتەی کارم تێئەکات، یانی ئەمبزوێنێ، تەنانەت ئەگەر ڕقیشم هەڵسێنێ، ئەگەر بێزاریشم کات، بە شێوەیەکی تر هەر ئەمبزوێنێ وام لێئەکات ئەتوانم ددان بە خۆمدا بگرم، درەنگ و زوو، ئەبێ ئەو کارتێکردنە لە ڕێی وشەوە بچێتە سەر کاغەزو ببێتە زمانحاڵێکی هەست و ئەستم. بیست و پێنج ساڵ زیاترە ڕۆژێك نەبوە لەگەڵ شیعردا نەژیم. ئەگەر میوانداریشم نەکردبێ، ناوم نەهێنابێ و یادم نەکردبێ. تەمەنێکی کەم نییە من لەگەڵ ئەم خۆشەویستیە گەورەیەدا، لەگەڵ ئەم ئازارە بەردەوامەدا بەڕێکەوتووم. گەلێجار لەم ڕێبازەدا تووشی نوشوستی و هەڵفرتاندن هاتووم. گەلێجاریش بەهۆی ئەم خۆشەویستیەوە دەیان ناحەزم لێ پەیدابوون و ویستویانە لە نێوان من و ئەم عەشقەدا دیواری لێکدابڕین هەڵچنن، لەبەرچاوم بخەن. ئێستە شیعر وەك هەناسەی لێهاتوە، تاقە هاوڕێیەك، بیست و پێنج ساڵ زیاترە لەگەڵیدا ئەژیم و ئێستەش هەر تێرم لێ نەخواردوە، جار لەدوای جاریش، شیعر لەدوای شیعر، هەستئەکەم هێشتا نەمتوانیوە وێنەی تەواوی ئەم خۆشەویستیە بکێشم، ناتوانم بیگەمێ و بە وێنەی تراویلکە بە دوایدا ڕائەکەم. شیعر ئازاری خۆشەویستییەکە، لەوە ئەچێ تا مردن چارەنووسی من بێ و لێم نەبێتەوە.. ئەم خولیا ئاگراویە هەموو جارێ ئەمسوتێنێ و هەموو جارێکیش هەر خۆی باوەشێنم ئەکاتەوە.

ئێستە شیعر لە ژیانی مندا بوە بە بەشێك لە گیان و لەشم، وەك دەستم، قاچم، چاوم، ئایا چاوی خۆم بۆ خۆش نەوێ؟ شیعر لەلای من بۆتە پێناسەی کێشە گەورەکە، بۆتە مەسەلە، بوە بە وجودم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر هەست بەوە ئەکەم و لە هەموو

ئاوڕدانەوەیەکدا ئەڵێم: ئەبوایە لە سەرەتای ئەم خۆشەویستیەدا، پەلەم نەکردایەو هەندێ بەری ئەم درەختە پیرۆزەم بە کاڵ و کرچی نەکردایەتەوە! ئێستەش ئەگەر لە خۆم بپرسی کام دیوانە شیعرت لا خۆشەویستە، لە وەڵامدا ئەڵێم هیچیان.. بەڵام ئەگەر لەناو هەموویاندا گوڵبژێری دیوانێکیان لێ بکەم، ئەوە دیوانێکم لا خۆشەویستە! بەڵێ لە دوای بیست و پێنج ساڵ، من یەك دیوانی بچکۆلەم هەیە کە شایەنی ئەو خۆشەویستیە گەورەیە بێت و لە دوای کۆچی بێ گەڕانەوەی خۆیشم دڵنیام هەر دیوانێکی وا، هەر کۆمەڵە شیعرێکم بۆ ئەمێنێتەوە، ئەی بەس نییە؟!

■ پێوانەی ڕەسەنێتی و چاکی شیعر لای تۆ چیە؟

□ هەموو شیعرێکی جوان، وەك دیمەنێکی جوان، ئافرەتێکی جوان، پێشمەرگەیەکی ئازا، هەڵوێستێکی جوامێرانە، بوونی بەسەر دەوروبەریدا دەسەپێنێت، یان بە جۆرێکی تر ئامادەبوونی بەردەوامی خۆی ئەبێ و ناتوانرێ نکوڵی لە بوونی بکرێ. ئەم قسانە لێرەدا تا رادەیەکی زۆر ئەکەونە بەر پێوانەیەکی ڕێژەیی و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر، ئەگۆڕرێن. هەروەها مەسەلەی ڕەسەنێتی و چاکی هەر شیعرێکیش لەم بۆچوونە ڕێژەییانە بەدەر نییە. لەوانەیە ئەوسا لای یەکێکی تر پرسیارەکان وایان لێ بێت: کام ئافرەتی جوان؟ کام هەڵوێستی جوامێرانەو بۆچی؟ کام ڕەسەنێتی و کام چاکی و بۆ؟.. بە لای منەوە شاعیر، شیعر بۆ خۆیی و بۆ خەڵکیش ئەنووسێ. ئامرازو ئامانجیشە. کاتێکیش مەسەلەی شاعیرو خەڵك، شاعیرو خوێنەر، دێتە ئاراوە، مانای ئەوەیە مەسەلەی بزواندن و کارکردنە سەر گوێگرو خوێنەریش ئەبێتە ئەرکێکی شیعر، ئەبێ بە پێداویستێکی هونەری و کۆمەڵایەتیش. لەبەرئەوە نیشانەو ئامانجێکیش بۆ شیعر دروستئەبێ، کە ئەویش *پەڕاندنەوەی شیعرەکەیە* بەسەر ئەو پردەدا، کە سەرێکی بە خودی شاعیرەوە بەستراوەو ئەویتریش بە خوێنەرەوە. ئەم دوو جەمسەرە یەك یەك تەواوئەکەن، شیعری ڕەسەن و چاکی هەر سەردەمێ، هەر قۆناغێکی مێژوویی، ئەو شیعرانەن ئەبنە باڵا ئاوێنەی ئەو سەردەم و قۆناغە، چ وەك هونەری شیعر، چ وەك زمانی هەست و ئەستی خەڵکەکە، چ وەك ڕاستگۆیی

نێو ناخی شاعیرەکە خۆیشی. لێرەدا ئەبێ دەستنیشانی ئەوە بکەین مەبەستمان لە وشەی ڕەسەن و ڕەسەنێتی چیە؟! ئەم وشەیە بە مانا فەرهەنگییەکەی ڕەنگە توخمی پوخت یان ڕەگ و ڕیشەی نەژادیکی پاك بگەیێنێ. هەڵبەتە لە هونەری شیعردا سەبارەت بە شیعری کوردی، ئەبێ لە لێکدانەوەی ئەم دەربڕینەدا مەبەستمان ئەو شیعرانە بێ کە *ڕەگ و ڕیشەی کوردانەی خۆیان ون ناکەن*، بەڵام چۆن؟ بەلای منەوە ئەم کێشەیە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە زمانی نەتەوەییمانەوە هەیە، بە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو زمانەوە لە بیناکردنی شیعردا، بە درێژەدان بە هەستی هاوبەشی مێژووی ڕووناکبیریمانەوە، دیارە لێکدانەوەی وشەی ڕەسەن و ڕەسانەیەتیش لای شاعیری هەر سەردەمێك بە پێی هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکەی ئەو سەردەمە خۆی لێکدەکرێتەوە. بۆ نموونە شیعری ڕەسەن لای (سالم)، چ بە مانای هونەری شیعرو چ مانا کۆمەڵایەتیەکەی، خاسیەتی تایبەتی و جیاوازی خۆی هەبوە، بە بەراورد لەگەڵ "شیعری ڕەسەن"ی سەردەمی *حاجی قادری کۆیی*دا. لە ئێستەدا بەلای منەوە شیعری ڕەسەن و چاك *باس لە هونەری شیعرە*، ڕەنگە تۆیش هەر ئەمەت مەبەست بێ، ئەو شیعرانەن: بە زمانێکی ڕەوان و پاراوی سەردەم ئەنووسرێن، هونەرمەندانە دادەڕێژرێن، لە یەکێتیەکی بابەتی تۆکمەو توندوتۆڵدا هەردوو شێوەو *ناوەڕۆك* ناوێتەی یەکتر دەکرێن. فیکری شاعیر لە ڕێی وێنەوە ڕەنگدەدەنەوە، یان بە واتەیەکی تر شاعیر بە وشە وێنەکانی ناو قەسیدەکە ئەکێشێ.

ئاهەنگی شیعر شوێن پێی کێشی خۆماڵی بکەوێ و لەسەر یەك ئیقاعی یەك وەزن، یەك بزووتنەوەی هەنگاو، لەنگەر ناگرن و ناڵ وگۆڕیان پێنەکرێ. ئەوەی شاعیر ئەیەوێ بیگەیێنێتە خوێنەر سەرئەنجام هەستی ببزوێنێ. شیعرەکە بۆن و بەرامەو ڕەنگ و ڕووی کوردانەی خۆی پێوەبێ. (ئەزم) نەبێ و مەتەڵ نەبێ و لە قافیەو (هەڵبەستن) بە دوور بێ. خوێنەر هەست بکا ئەوەی شاعیر ئەیڵێ ئەو لە خەیاڵیدا بوە، بەڵام نەیتوانیوەو ناتوانێ دەری ببڕێ. ئەوەندەی هونەری شیعری مەبەست بێ، ئەوەندەش گەیاندنی ناواخنی ئەو هونەرە بە خوێنەر. کانییەکانی زمان بتەقێنێتەوەو سادە بێ، بەڵام قووڵ بێ..

■ ئەی ئەو ڕەگەزانەی شیعری نوێ پێکدێنن؟

□ شیعری نوێ، دنیای نوێ، بەرەو پێش چوە. هونەری سەردەمو ململانێی نێوان ڕەگەزی کۆنی دەور بەسەرچوو و ڕەگەزی تازەی پێشکەوتووخوازی ژیانە. ئەو دیاردەیە کە سۆنگە بابەتیو خۆییەکان، پێداویستەکانی هونەری شیعری هاوچەرخو قۆناغی کۆمەڵایەتیو شاعیرانی پێشەنگو هۆشیارو "داهێنەر"، هێناویانەتە ئاراوەو بە پێی دەستووری ژیانو یاسای گۆڕانو بەرەوپێشچوونیش هەر لە بەردەوامبووندایە. لە وەرامدانەوەی پرسیارەکانی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی گشتیو لابەلا، دەستنیشانی هەندێ لەو ڕەگەزانەم کردبوو. دیسان ئەبێ ئاگامان لەوە بێ کە ئەڵێین "شیعری نوێ" مەبەستمان نوێی کام ڕۆژگارە؟ لای کام شاعیرو لە چ قۆناغێکدا؟ چونکە ئەگەر وا نەبێ، ناتوانین بە چاکی قسە لەم کێشەیە بکەین. باشتر وایە ئەو "ڕەگەزە نوێیانە" بە سەردەمێکی دیاری نوێکردنەوەی شیعرەوە ببەستینەوە، لەبەرئەوەی زیاد لە نوێکردنەوەیەك بەرپاکراوە. هەتا بە وردی دەست بخەینە سەر خاسیەتەکانیو تووشی لاڕێ نەبین. ئاشکرایە لە دوای یەکەمین جەنگی گێتیەوە لە ڕێی شیعری تازەی تورکیو ئەویش کارتێکراو لە لایەن شیعری تازەی ئەوروپییەوە، سەرەتای "بزووتنەوەیەکی" شیعری نوێش لە کوردستاندا سەری هەڵدا. بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکە، زەمینەی ئەو گۆڕانکارییەی خۆشکردبوو، ئینجا لە دواییشدا لەسەر دەستی شاعیرانی وەك "شێخ نوری شێخ ساڵح"و "گۆران"دا ڕەنگی بۆ دارێژراو پاشتر گۆران بەرەو پێشتری بردو خەملاندی، کەواتە با ئەو قۆناغە بگرین.

ڕەگەزی شیعری نوێ لای گۆرانو هاوڕێکانی، بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی تەقلیدی پێش خۆیاندا، بە شێوەیەکی گشتیو سەرجەم لەم دیاردانەدا ئەبینم.

نوێکردنەوەی شکڵی شیعر، چ وەك زمانو چ وەك ئاهەنگو کێشی شیعر. ئەگەرچی پێش گۆران شاعیرانی ناوچەی هەورامان: *وەلی دێوانە، بێسارانی، مەولەوی*.. شیعرەکانیان بە کێشی خۆماڵیو بە پێودانی ئاهەنگی گۆرانیی فۆلکلۆری ئەنووسی، بەڵام لە سنووری یەك دو کێشی (٥×٥)و (٤×٤) تێپەڕی نەئەکرد. گۆران وەك گەڕایەوە سەر کێشە

نەتەوەییەکە، لە هەمانکاتیشدا پەرەی بە زیادکردنی کێشەکان داو فرەڕەنگیشی تیا کردن. بە تەواویش دەستبەرداری وەزنی (عەروز)ی عەرەبی بوو، وەك شێخ نوری جارێکی تر نەگەڕایەوە سەری، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە فەرهەنگێکی زمانی نوێی شیعری سادەو ڕەوان و پەتی هێنایە ناو بزووتنەوە تازەکەوە، کە لەوەوبەر کەمتر بەو شێوەی دەربڕینە دەستی بۆ برابوو. زمانی شیعری پوختکردەوەو ئەمجارەیان لە شاعیرانی پێش خۆی زیاتر هەوڵی پاکژکردنەوەی ئەم زمانەی دا، بۆئەوەی لە وشەی تورکی و فارسی و عەرەبی ناپێویستیان پاکبکاتەوە. ئەو وشانەی بە لای شاعیرانی پێشووترەوە بە وشەی "شیعری" لە قەڵەم نەئەدران، ئەم زیندووی کردنەوەو هێنانیەوە نێو گیانی شیعرو جێی شیاوی خۆیانی بۆ کردنەوە. "پێچواندن و خواستن"ی نوێی دروستکردو ئەو کۆت و پێوەندانەی شکاند، کە ئەبوایە شاعیر دیلی تەقلیدی و فرمانی دەربڕینان بوایە. زمانی ڕۆژانەی خەڵکەکە بوو بە زمانی بنەڕەتی شیعر، نەك زمانی هەڵبژاردن و خوێندەواران و دەستەیەکی دیاریکراو.

گەڵێ بابەتی شیعری نوێی تا ئەوکاتە زۆر کەم یان جێ نەگرتووی هێنایە شیعری هاوچەرخی کوردیەوە وەك: شیعری درێژی گەشت، نۆپەرێت، دامەزراندنی بناغەیەك بۆ شانۆنامەی شیعری، تێکەڵبوونەوەی هەستی شاعیر بە سروشت و دەوروبەر. کە "لەمەو لەوێیەوە" تا ئەوکاتە وا بە چڕوپڕی و سەوزی ئەم جۆرە شیعرانە سەریان هەڵنەدابوو. هەروەها تازەکردنەوەی شیعری *لاواندنەوە* بە شێوازێکی زۆر جیاوازتر لە شاعیرانی پێش خۆی و گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا. سەرەتای ئاوڕدانەوە لە کەلەپووری کوردی و ئامازە بۆکردنی بەیت و داستانە میللییەکان و تێکەڵکردنیان بە ڕوانینێکی نوێی سەردەم. بە کورتی گۆران گەڵێ زیندانی شیعری تەقلیدی ڕووخاند، کە تا ئەو قۆناغە شاعیر ئەبوایە بە ناچاری تیا بژی و پابەندی یاسا چەق بەستووەکانیشیان بێت. هەڵبەتە دواتریش وەك ئاوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسیش، هۆشیارانە دەستی برد بۆ گەڵێ کێشەی گرنگی پەیوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان. ئەمانە مشتێ بوون لە خەرواری

ئەو ڕەگەزە نوێیانەی لەو سەردەمەداو لە قۆناغێکی تازەکردنەوەدا هاتنە کایەی شیعری هاوچەرخمانەوە. ئەگەرچی حەزئەکەم لەلای خۆمەوە ئەوە بڵێم: ئەوەندەی شیعرە ڕۆمانسی و ویژدانییەکانی گۆران ئەمجولێنن.. ئەوەندە چێژی شیعرە سیاسیەکانی ئەو دواییەی ناکەمو لە تەڵ دڵم نادەن، نەك لەبەر جیاوازییەك کە فیکر لەمپەری بێ، بەڵکو هەروەك شیعرو هونەری شیعر گەلێکیان گەر هەمووشیان نەبێ، بێ نموود، لاواز، ساکار، ساردو سڕن، وەکو شیعرەکانی: "مارشی ئاشتیخواز"، "پەیامی کورد"، "تیرو کەوان"، "چیرۆکێکی برایەتی"و "بۆ سەربازی جمهوریمان"، تەنانەت لەوە ناچێ هەندێ لەو شیعرانە گۆرانی خاوەن "جوانی بێ ناو"، "هیوا" ، "گەشتی هەورامانو قەرەداغ"، "کوردستان"، "هاوڕێم بێکەس"و "دەرویش عەبدوڵڵا" نووسیبنی! ئاگاداری ئەوەیشم کە دنیای ئەو شیعرانە چەند لێك جیاوازن، بەڵام نزمبوونەوە هونەرییەکە، ئەگەر تا ڕادەی پشت لە عەردانیش نەبێ، چاوەڕوان نەکراوبوون! لە نووسینی ئەو شیعرانەداو لە بن دێڕەکانیاندا من هەست بە زۆر لەخۆکردنو تەکەلوفێك ئەکەم. هەروەك شاعیر ویستبێتی "واجبێك" ئەنجام بدات. لە جێی خۆیدایەتی ئەوەش بڵێم ئەو بزووتنەوە تازەیەی لە شیعری عەرەبی عێراقدا بۆ یەکەمجار "سەیاب"و دوایی "نازك الملائکە" دروستیانکرد، کە لە ڕوانینە دیارەکەیدا بریتی بوو لە "تشطیر و تنویعی تفعیلە"، دواتر لە سەرەتای پەنجاکاندا بە شێوەی کەرتکردنی بەیتو جیاکردنەوەی هەنگاوی شیعر گەیشتە لای ئێمە. چونکە تا ئەو کاتە "گۆران"یش هەر بە پێی یاسای "جووت بەیت" شیعری ئەنووسی. من لەلای خۆمەوە نەگەیشتوومەتە ئەو سەرئەنجامە کە ئایا گۆران ئەم هەنگاوە تازەیەشی نا یاخود کامەران یان شاعیرێکی تر؟ یەکەم شیعریش کامە بوو کە بەم شێوە نوێیە نووسرا؟ چونکە بەلای منەوە لەوێوە سەرەتای ڕاستەقینەی شیعری تازەو ئەو شێوە شیعرە دەست پێئەکات کە تا ئەمڕۆ بەردەوامەو سەقامگیریش بوە.

■ **جان کۆکتۆ دەڵێ "شیعر پێویستە بەڵام نازانم بۆ؟" پێویستی شیعر لای تۆ بە گشتیو لەم قۆناغەدا بە تایبەتی لە چیدایە؟**

□ هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بە کۆمەڵ ئیشکردن و هەرەوەزی ناو مەزراو کێڵگەکانەوە.. شیعرو گۆرانی ش لەدایکبوون. واتە خولقاوی کاری ئادەمیزادن. هۆی گرنگی وزەو چالاکی بە گیان و لەش بەخشی مرۆڤ بوون. بۆنەوەی دڵیان خۆشبکەن، ئاسودەیان بکەن و دڵ و دەروونیان بحەسێننەوە. کەواتە شیعر هەر لەسەرەتاوە لەدایکبووی نێو خەڵك و کارو ڕەنجکێشانەو پێویستییەکی مەعنەوی بەهێز بوە بۆنەوەی هاوبەشی بەرهەمهێنان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بکات. مرۆڤ لە هەموو سەردەمە جیاجیاکاندا پێویستی بەوەیە لەگەڵ هەست و نەستیشیا قسەبکرێ، ئیحساساتی بەسەر بکرێتەوە، عاتیفەو سۆزی بجوڵێنرێ و دەربڕرێ. لەکاتی کارو ماندووبوون و دوای حەسانەوەش گوێ لەو وشانە بگرێ کە جۆش و نەشئەو گەشانەوە بە گیانی دەبەخشن. واتە شیعر هەر لە زوەوە دوو پێویستی گەورەی بەئەنجامداوە، یەکەم: *هاوبەشیکردن لە جێبەجێکردنی ئەرکی بە کۆمەڵی خەڵکیدا*، دوەم: *خۆشی بە خشینێکی مەعنەوی بە ژیانی ئادەمیزاد*. پێویستیی شیعر لەم ڕۆژگارەی کوردستانیشدا، بە تایبەتی لە ڕێبازی ڕزگاریخوازی و شۆڕشی ئازادیی گەلەکەماندا، بوە بە ڕەگەزێکی مێژوویی و هۆیەکی کاریگەر بۆ خۆشکردنی ئاگری ئەو ڕاپەڕینەی لەم قۆناغەدا ئەسووتێ و بەر پێی کاراونی ڕوو لە داهاتوومان ڕۆشننەکاتەوە. پێویستی شیعر لەم قۆناغەدا وەك پێویستی بوونی نان و گوڵ وایە، وەك پێویستی چەکی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان. ئەمیش دەمی نێزەیەو ئەجەنگێ. بۆیە بوونی پێویستەو بەردەوامبوونی، بە مانای بەردەوامبوونی لایەنێکی گرنگی ژیانی ڕووناکبیریمانە. شیعر کرۆکی زمانی کوردیە، زمانی کوردیش نیشانەی بوونی نەتەوەی کوردە، ئەگەر شیعری لێ بکەینەوە، وەك جەستەیەکی ساردو سڕی لێدێت. ئەم پێویستیەش پێویستیی سەردەمەکە خۆیەتی و بە حەزو ئارەزووی کەس نەهاتوەو بە حەزو ئارەزووی کەسیش ناڕوات و لەناوناچێ. شیعر هاوڕێیەکی نزیکی گیانی شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان و سروودی دەم ڕێگایانە. بۆیە پێویستی ئەمیش لە پێویستیی چەکی سەر شانی ئەوان کەمتر نییە.

■ **سەبارەت بە شیعری بەرەنگاری چی دەڵێی، چ لە شیعری کوردیدا، چ بە گشتی؟**

□ بەلای منەوە شیعری بەرەنگاربوونەوە لەو ڕۆژەوە لە کوردستاندا سەری هەڵداوەو پەیدابوە، کە بەرەنگاربوونەوەش لە مەیدانی کاردا، لە بەگژاچوونی زوڵم و زۆرو چەوسانەوەدا بە هەر شێوەیەك بووبێ خۆی نیشاداوە، بە پێی خامۆشی یان توندوتیژی بەرەنگاربوونەوەش دیسان شیعری بەرەنگاربوونەوە لە هەڵچوون و داچووندا بوە، تەنانەت بەرلەوەی ئەدەبی نووسراویش بێتەکایەوە. ئەگەر لە بەرگێکی زۆر سادەو ساکارو خامو روانینێکی کزیشدا بووبێ، ئەوا لە شیعری دەماودەمو فۆلکلۆریشدا نموونەو گەرای ئەم شیعرانەمان بەرچاوئەکەون. ئەتوانین بڵێین هەندێ لە شیعرەکانی "عەلی بەردەشانی" دوای تێبینی کردنی قۆناغە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو سەردەمە ئەچنە خانەی شیعرە میللیە سەرەتاییەکانی ئەم بەرەنگاربوونەوەیەوە. هەتا خەتی بەیانی- ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی کورد لە بەرزبوونەوە تیژبوونەوەو بە یەکدادانداا بووبن لەگەڵ هێزە دژەکانی زۆردارو داگیرکەردا، لەگەڵ زەبروزەنگی چەوسانەوەدا، ئەوا لە بەری ئەمبەریشەوە -خەتی بەیانی- شیعری بەرەنگاربوونەوەیش لە بەرزبوونەوەو تاوسەندنو پەرەسەندندا دەبن. مێژووی هاتنەکایەو نش ونماکردنی شیعری نیشتمانی، نەتەوەیی، بەرەنگاربوونەوە، لە ململانێی کۆمەڵایەتیو لە سەردەمی تازەدا لە بزووتنەوە سیاسیەکان جیاناکرێنەوە. ئەو قۆناغەی نموونەی ئەم شیعرانەیان کەمتر تیا ئەبینین، یان جاری وا هەیە بە دەگمەن نەبێ هەر تیا نابینین، ئەو سەردەمانەش بزووتنەوەی نەتەوەیی، نیشتمانییان تێدا کزو لاواز بوە. لەگەڵ پەرەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا، لەگەڵ زۆربوونی هۆیەکانی کارتێکردنی خۆیو بابەتیدا، شیعری بەرەنگاربوونەوەش گەشەیکردوەو بە هەنگاوی گەورەترەوە کەوتۆتە ڕێ. ئەگەر چاوێ بە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بگێڕین، ئەبینین سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم شیعرانە، لە ئەدەبی تۆمارکراودا لای "خانی"و "عەلی تەرموکی" لە شێوەی سۆزو خۆشەویستیدا بۆ خاکی نیشتمانو زمانی کوردی دەربڕاون، چونکە بەلای منەوە "شیعری نیشتمانی"یش هەر شیعری بەرنگاربوونەوەیە، بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوەیەش هەر سەردەمەو

زمانی دەربڕینی جیاوازی خۆی هەبوە. شیعری بەرەنگاربوونەوە لە جەوهەردا بریتیە لە شیعری هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی و جۆشدانی گیانی تێکۆشان و خەبات دژی هەموو زوڵم و زۆرو سەرکوت کردنێکی نەتەواتیەتی و چینایەتی. لە ڕووی زەبروزەنگدا ڕەفزکەری واقیعی ژێر دەستەییە، لەگەڵ پەرەسەندن و ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی و تیژبوونەوەی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا.. ئەم جۆرە شیعرە لای "حاجی قادری کۆیی" بە لووزەو ڕژایە ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردستانەوە. ئەمجارەیان شەپۆلەکانی ئەم شیعرە بەگوڕترو کارتێکردنیشیان لەسەر دەوروبەرو کۆمەڵانی خەڵك، قوڵترو بەهێزتر بوو. شیعرەکانیش لە ڕووترو ئاشکراترو بە گژاچوونەوەشیان لەبەرچاوتر بوو، حاجی قادری کۆیی لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و لە خۆشکردنی ئاگری خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا، شاعیری پێشڕەوی قۆناغێکی گرنگی شیعری نەتەوەیی کوردە.

دوای ئەم سەردەمە، شیعری نیشتمانی تووشی داچوون و خامۆشییەکی درێژخایەن ئەبێت، ئەم کزی و چەق بەستنە ئەخایەنێ هەتا جارێکی تر لای "حەمدی" و "ئەحمەد موختار" پریشك ئەهاوێژێتەوەو لە لای "بێکەس" بە تەواوی ئەتەقێتەوە. لای "بێکەس" هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی شاعیر خۆیشی وزەیەکی گەورەتر ئەدا بە شیعرەکان و پەیوەندیی شیعرو کۆمەڵایەتی خەڵکیش تێکەڵترو بەهێزتر ئەبێ. لەگەڵ گەشەکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستاندا، شیعری بەرەنگاربوونەوەیش ناوەڕۆکی سیاسی و فۆرمی جوانکاری و داڕشتنی زیاتر ئەخەملێ و لەسەر شانۆی بەسەرهاتە خێراکانی کوردستان، ئەو شیعرانە لەناو جەماوەری بەرفراوانتردا ئەقۆزرانەوە ئەبوونە ئاوێنەی دڵ و دەروونی خەڵکەکە و هۆی هاندانی بە کۆمەڵیان و وریاکردنەوەیان. بەشێك لە شیعرەکانی "گۆران، دڵدار، هەردی، دیلان، کامەران و کاکەی فەللاح" هەر یەکەو لە سەنگەری جیاجیای بەرەنگاربوونەوەوە دژی زوڵم و زۆرو چەوساندنەوە، ئاوێنەی سەردەمی خۆیان بوون. بە تایبەتی شیعرەکانی "دیلان و کامەران" لە ڕۆژگارێکدا، لە سەردەمێکی خەباتی نەتەوەیی نیشتمانی کورددا ببوونە سروودی سەردەم و ئەوترانەوە. لە سەرەتای هەڵگیرساندنی

شۆڕشی ئەیلولەوە تا كۆتایی و كارەساتی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ شیعری بەرەنگاربوونەوە پێ ئەنێتە قۆناغێكی تازەترەوە. لە هەناوی ئەم قۆناغەدا، لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیركەراندا، بە دەیان شیعری بەرەنگاربوونەوە لەدایكبوون. چیرۆكی بەرەنگاربوونەوە پەرەیسەند. ڕاپەڕینی چەكدارانەی شۆڕشی ئەیلول، دروستبوونی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، گرتن و كوشتن و قوربانیی هەزاران ڕۆڵەی ئەم میللەتە، دیارە نەخشەی شیعری بەرەنگاربوونەوەیشی گۆڕی، لە ڕۆژگاری هەرەس و ئاشبەتاڵیشەوە تا ئەمڕۆ دوەم شیعری بەرەنگاربوونەوەمان دەستی پێ كردوە. كارەساتی ڕووخانی شۆڕشی ئەیلول. ڕاكردن و هەڵاتنی سەركردەكانی، مەترسی گەورەی تەفروتونابوونی گەلێك بە تەواوی، جانەوەریتی دوژمن لە سامناكترین شێوەی چەوسانەوەی نەتەوایەتیدا.. پەلاماردان و سەركوتكردن و لەسێدارەدان و ڕاگوێزان و بەعەرەبكردنی خاكی كوردستان، بە جۆرێك تەنانەت زمانی نەتەوەییش، كە دوا قەڵای بەرگری لێكردنە، كەوتە مەترسیەوە.. ئینجا هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ڕۆژگارێكدا، كە بۆ تاریكی و تەنگانەو ناخۆشی و كارەسات لەوەوبەر وێنەی مەگەر بە دەگمەن بینرابێ. ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی كە شیعرو ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەش گۆڕانێكی بنەڕەتی و چۆنایەتی بەسەردا بێت و ڕێبازێكی تازەتر بۆ خۆی بدۆزێتەوەو بە قەدەر قەوارەو تیژی بەسەرهاتەكان ئەویش پەرەبسێنێ و شەپۆلبداتەوە.

شیعری بەرەنگاربوونەوە لە هەموو دنیادا، شیعری شۆڕش و پارتیزانییە، ئەجوولێ و ئەیەوێ لە ئێستەدا دەنگ هەڵبڕێ و لە ئێستەدا شانبەشانی پێشمەرگەكان هەڵمەت بەرێ، ئەم شیعرانە لە هەموو شوێنێكی دنیادا، لە هەر وڵاتێكدا شۆڕشی تیا بەرپابووبێ و بەرپابێ، ژیان و مان و بەردەوامبوونیان لەناو دڵی پێشمەرگەدایە، لە لوولەی چەك و پەلەپیتكەی ئەواندایە.

شاعیری ئەم شیعرانە هەندێجاریش لە پێناوی پێشمەرگەدا، لە پێناوی مەسەلە گەورەكەدا كە شیعریش زارۆڵێتی، بۆئەوەی مەبەست و ناوەڕۆك وەك ئاوی ڕەوان بكاتە دڵ و مێشكی شۆڕشگێڕان، وەك گوللەكانی ئەوان وشەكانی ئەمیش ناوەڕاستی نیشان بپێكێ،

قوربانی بە هەندێ شێوازی هونەری ئەدەن، بەڵام وریای ئەوەشن کە شیعر ئەبێ بە دروشمی زەقی هوتاف ئاساو قسەی ئاسایی. شیعری بەرەنگاربوونەوە نە بە دەنگ بەرزیو نە بە نەڕەنەڕی سەر مایکرۆفۆنە، بەڵکو بە تێڕوانینی هونەرمەندانەیە، بە وێنەگرتنی قووڵو وردو سادەی ئەو ژیانەیە کە تاقیکردنەوەو ئەزموونی ڕۆژانە قاڵیکردوە.. ئەم شیعرانە، وەك کارەساتە گەورەکان ئەکەن بە شریتی سینەمایی وشەو ڕستەو دیمەن، لە هەمان کاتیشدا لە بچووکترین دیمەندا، کە ڕەنگە هەر چاوی تیژی هونەرمەند بیانقۆزێتەوە، گیانی بەرەنگاربوونەوە بەرجەستە ئەکەن.. ئاوڕدانەوەی منداڵێکی گوندسووتاو.. کۆترێکی کوژراو.. نامەی دەستگیرانێکی ژێر سایەی ڕژێم.. تاقە درەختێکی هەڵپڕوکاو.. ئەبنە مایەی دەیان شیعرو چیرۆکی بەرەنگاربوونەوە.

■ ئەی بۆ پاشەڕۆژو تەمەنی ئەم جۆرە شیعرانە چ ئەڵێیت؟!

□ ژیانو بەردەوامبوونو زیندوێتی هیچ شیعرو هیچ هونەرێك، لە ژیانو سەربەستی نەتەوەیەك گەورەتر نییە، من ئەگەر بزانم ئەمڕۆ لە ڕێگەی کۆمەڵە شیعرێکەوە، کە لە ئەبەردەکانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمناندا، ئەبنە هۆی هاندانی گیانی بەرەو پێشچوونو هەڵمەتو سەرکەوتنی پێشمەرگە، ئەبنە پاڵپشتێکی مەعنەوی گەورە بۆ ئەوان، دەبا ئەو شیعرانەش ببنە قۆچی قوربانی ئەو ڕێگەیەو بە واتەیەکی تر با شیعرەکانیش ئەمڕۆ شەهیدبکرێن تا سبەینێ شیعری نەوەکانی داهاتوو بژین! هەروەکو چۆن پێشمەرگەیەك خۆی ئەدا بە کوشت بۆئەوەی نەوەی داهاتوو ئازادو سەربەست بژین، پێموایە چارەنووسی هەندێ شیعری ئەمڕۆی ئێمەش ئەبێ وابێ. شیعری ئەمڕۆش ئەبێ قوربانی خۆی بدات، هەتا دواڕۆژ بۆ شیعری سەرفراز بڕەخسێنێ، کە چارەنووسی نەتەوەیەك کەوتە مەترسی تەفروتوونابوونەوە، ئەبێ ئیتر ئەو شیعرو چیرۆکانە کامە بن کە خۆیان بۆ ئەمری هەڵگرتبێ؟! ئەو شاعیرو هونەرمەندەی لە قۆناغی تێکۆشانی ئەمڕۆی گەلەکەیدا، ئەدەبەکەی، هەڵوێستی وجودیان نەبێت، نەوەکانی داهاتووش ڕەتیاندەکەنەوە!

■ ئەی دەوری ئەدیبانی کورد، بە تایبەتیش نووسەرانی شاخ لەم بزووتنەوەیەدا چۆن ئەبینی؟

□ لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێشدا، ژمارەیەکی باش و هەڵبژاردە لە ئەدیبە ناسراوەکانی کورد، کەم تا زۆر، بە بەرهەمەکانیان هاوبەشی خەباتی ڕەوای ئەم قۆناغەی تێکۆشانی گەلەکەیان کردوە، هەوڵیان داوە چ بە شیعرو چ بە چیرۆک و چ بە وتاری ئەدەبی و وەرگێڕان.. لە هەست و نەستی پێشمەرگە بە تایبەتی و کۆمەڵانی خەڵک نزیک ببنەوەو گەلێ وێنەی هەمەڕەنگی ژیانی بەرەنگاربوونەوە، چ لە ناو شاخ و چ لەناو شارەکاندا، بگرن و گەلێ لایەنی واقیعی تاڵی ئێستەی کوردستان لە سایەی ڕژێمی داگیرکەردا بخەنە قاڵبی هونەری هەمەچەشنەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا بزووتنەوە ئەدەبیەکەی ناو شۆڕش کە لەناو جەرگەی ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگەدایەو لە نزیکەوە ئازارو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان ئەبینێ و تاقی ئەکاتەوە، لە گەشەو پەرەسەندن و پێشکەوتندایە. هەردوو گۆڤاری "نووسەری کوردستان" و "گزنگ" کە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لەناو شاخ و سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە دەریان ئەکات، دوو شانۆی دیارو ڕووناکی ئەو ساڵانەو ئەم ڕۆژگارەشن. ئەمە جگە لە بزووتنەوەیەکی زۆری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چەندین کۆمەڵە شیعرو کۆمەڵە چیرۆک و بەرهەمی وەرگێڕاوی هەمەچەشنەی شیعر، کورتە چیرۆک، ڕۆمان، ئەدەبی منداڵان، دیراسەی مێژوویی، وتارو ڕەخنەی ئەدەبی، بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی بۆ پێشمەرگەو هاوڵاتیان. دیارە وەک ئەزانیت ئەم چالاکیانە هەمووی بابەتی تایبەتی خۆیان هەیەو هاوبەشیکردنێکی جگەرسۆزانەی هەموو ئەو قەڵەمە نەترسانەیە کە لەم سەردەمەدا پاڵیان داوە بە پاڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردو هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.. ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی لە ماوەی ئەم دوو سێ ساڵەی شۆڕشدا چاپکراون و بڵاوبوونەتەوە، بە درێژایی هەموو شۆڕشی ئەیلول بە ئەنجام نەدراوە. دیارە ناتەواوی و کەموکوڕی و بەرهەمی بێ پێزیش هەبوەو ئەوەی چاویشمان تێبڕیوە کەمیان جێبەجێ کردوە، دەسەڵات و توانای مادیش کەموکورتەو بۆ هەڵسوڕاندنی ئەرکی چاپ و چاپەمەنی و چۆنییەتی بڵاوکردنەوەیان، هەر ئەوەندە فریاکەوتووین و هەر ئەوەندەشمان تا ئێستە لە دەست هاتوە. لە ناو شاخ و داخ و بارودۆخی ناجێگیرو ئیشی ئەمڕۆ لە شوێنێک و سبەینێ لە شوێنێکی تری ناو شۆڕشدا، کارکردن ئاسان نییە.

**■ تا ئێستە شیعری نوێ لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا نەبۆتە شیعری جەماوەری، بە واتایەکی دی، سنووری بڵاوبوونەوەی لە ئاستی پێویستدا نییە.. هەندێ بۆ نزمی ئاستی هۆشیاریی خەڵک و هەندێکی تر بۆ ناڵۆزی شێوەی دەبڕین و هەندێکی تریش بۆ هۆی تری دەگەڕێننەوە.. تۆ ئەڵێی چی؟**

□ هەموو چەشنە شیعرێك، نموونە باشەکانی ئەکرێتە پێوانە. لە هیچ سەردەمێکدا تەواوی شیعری هەموو شاعیران برەویان نەبوە. بەڵکو هەر شاعیرە باشەکان توانیویانە بچنە ناو جەماوەری قۆناغی خۆیانەوەو هەر بەرهەمە رەسەنەکانیش برەویان ئەبێ. بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەڵێم نمونە باشەکانی شیعری نوێمان جەماوەرێکی بەرفراوانیان بۆ خۆیان پێکهێناوە. ئەمڕۆ دیوانی شاعیرێکی نوێی بەهرەدارو ناسراو لە ٥-٦ هەزار دانە کەمتری لێ نافرۆشرێ، لە نزیکەوە ئاگام لێیە هەندێ شاعیری باشی عەرەب لە عێراقدا خەو بەم ژمارەیەوە ئەبینێ و بە لایەوە سەیرە شاعیرێکی کورد ئەمڕۆ ئەوەندە لە دیوانێکی چاپکراوی بفرۆشێ!! ئەمە لە کاتێکدا پێویست ناکات باسی ئەوە بکەین، چ بە ژمارەو چ بە بازاڕ، چەند جیاوازیی گەورەیە لە نێوان خوێنەرانی عەرەب و کورددا. دیارە هۆی گەورەی ئەم جیاوازییەش بۆ زمانی شیعرەکان ئەگەڕێتەوە، کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب تا ئێستەش حەز بە خوێندنەوەی شیعری "فصحی" ناکەن یان بە تەواوی تێی ناگەن. دیوانی شاعیرە شەعبیەکان لە عێراقدا برەوی بازاڕیان زۆرترەو گەرمتریشە. بەڵام شاعیرێکی کوردی ئەمڕۆی ناوچەی سلێمانی هەر بەو زمانە ئەنووسێ کە خەڵکەکەش ڕۆژانە قسەی پێئەکەن، ئەگەر جیاوازیش هەبێ جیاوازییەکی کەم و سنووردارە. هەڵبەتە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانیش، تینوێتی و پەرۆشی خەڵکەکەش دەوریان زۆرە لەم برەوەدا، لە لایەکی تریشەوە ئێستە ئەو شێوە شیعرەی سواری مەیدانەکەیە شیعری تازەیە.

ئەتوانم بڵێم شێوە شیعری تەقلیدی لە جێی نەبووانە، ئەگەر بشبن تاك و تەران و لەگەڵ گیانی سەردەمەکەدا ناگونجێن. ئەوەی شیعردۆستی ئەمڕۆ و خوێندەواری ناو شارەکانی کوردستان بە تایبەتی، لە دنیای شیعری تازەدا چاویان کردۆتەوە، بە ئاهەنگ و وێنەی تازە

ئەبزوێن، بە پێچەوانەی ئەوەی کۆنتر کە گوێیان بە ئاهەنگی شیعری تەقلیدی ڕاهاتوەو حەز بە شیعری تازە ناکەن و تەنانەت هەندێکیان نایانەوێ هەر گوێشی لێبگرن، بەردەوامبوونی ئەم شیعرەش لە "گۆران"ەوە بۆ "هەردی و کامەران و دیلان" تا ئەمڕۆ تەمەنێکی کەم نییە، لەبەرئەوە جەماوەری خۆی پێکهێناوەو پەیتاپەیتاش ئاگری شیعرە تازەکە خۆشتر ئەکرێ. ئەمە جگە لەو گۆڕانە تازانەی کە هەر بەسەر ژیانی خۆیدا هاتوون. شیعری تەقلیدی هیچ تەوژمێکی پێنەماوە، بەڵام شیعری نوێ تازە لە تەوژم و هەرەتی لاوی خۆیدایەتی. ئەو گۆڕانەی بەر لە ئێستە باسمکردن. میهرەجانە شیعرییەکانی ساڵانی دوایی، ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی پێشمەرگە، ئەو هەموو خەڵکەی بە پەرۆشەوە لە دێهاتەکانی کوردستاندا دێن بە پیر شیعرەوەو خۆم لە نزیکەوە بینیومن و هەر شیعری ئەم سەردەمەشیان بۆ خوێنراوەتەوە، دیسان دیوانی شیعری شاعیرە باشەکانی ئەم ڕۆژگارە و بازاڕی گەرمیان، هەموویان بەڵگەی زیندووی ئەوەن کە جەماوەری شیعری نوێی پرشنگداری ئەمڕۆ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوون و پەرەسەندندایە. لە لایەکی تریشەوە شیعری تازەی بەرەنگاربوونەوە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە تا ئەمڕۆ بە هۆی دەزگاکانی شۆڕشەوە، چاپەمەنی، ئیزگە، برەوێکی چاکتریان دا بە بڵاوبوونەوەی شیعری تازە. دەنگی زوڵاڵی ئەم شیعرە بوو بە دەنگی باوی ناو شۆڕش و جەماوەری خەڵك و پێشمەرگە. زوربەی زۆری ئەو شیعرانەی بۆ شەهیدان، بۆ کارەساتە خوێناوییەکان، بۆ ئاهەنگ و بۆنە میللییەکان وتراون، هەر بەم شێوازە نووسراون. بۆ خۆت ڕۆژانە ئاگات لێیە داواکاری بەشێك لەم شیعرانە چەند زۆرە، بەڵام دیسان نابێ لەم قسانەدا تێبگەین کە لە شیعری نوێدا هەموو شتێ بە ئاسانی ئەگاتە خەڵکەکە و پێیان خۆشەو وەك پێویست لە هەندێ لایەنی هونەری و تەکنیکی ئەگەن، خۆ ئەمەش هەر گیروگرفتی شیعری تازەی کوردی نییەو بەس، بەڵکو لە زۆر شوێنی ئەم دنیایەدا، ئەم گیروگرفتە کێشەیەو هۆی ئەم کێشەیەش بەلای زۆربەی ڕەخنەگرانەوە بۆ نزمیی ئاستی هوشیاری و نەخوێندەواری ئەگەڕێننەوەو دیارە ئەمەش باسێکی ترەو پەیوەندیی بەم پرسیارەتەوە نییە.

■ پاپلۆ نیرودا لەوەدا لەخۆ رازیە کە توانیویە خەڵکی وڵاتەکەی وا لێ بکا ڕێز لە شیعر بگرن، لای ئێمەش ئەگەر خەڵک زۆر ڕێز لە زۆر شیعر نەگرن، بۆ خەڵکەکە ناگەڕێتەوە ئەوەندەی بۆ ئەوانە ئەگەڕێتەوە کە بە ناوی شیعرەوە لە ڕێزی شیعریان هێناوەتە خوارێ، تۆ سەبارەت بەم حاڵەتە دەڵێی چی؟

□ ئەگەر مەبەستت ئەوە بێ ئەمە تەنها دیاردەیەکە تایبەت بە شیعری کوردی، من لەگەڵتا نیم، چونکە لەناو ئەدەبی هەموو نەتەوەیەکدا، ئەم گەڕەلاوژێ شیعریانە، ئەم پاشاگەردانییە، بوونی شیعری شاعیرۆکە، کەمو زۆر هەر بوون و ئەبن. لە هەموو سەردەمێکدا هەر شاعیرە باشەکان کەسەکان بوون و زۆربەش بۆرەکان بوون، لای ئێمەش هەر وایە، ڕاستە ئەو بەرهەمە کاڵو کرچانەی بەناوی شیعرەوە ئەنووسرێن ڕەنگە کارێکی سلبی بکەنە سەر دڵو دەروون و زەوقی خەڵکەکەو ناوبەناو بێزاریشیان بکەن، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی کاتیە و سەرئەنجام ئەو گەڕەلاوژێیە شیعریانە ئەبن بە ژێر شەپۆلی ڕۆژگارەوەو وەك کەفە ژیلکی سەر ئاو ئەتوێنەوە. ڕێزی شیعری ڕاستەقینەش بەو شاعیرۆکانە کەم نابێتەوە، چونکە نرخی مرواری بە قوڕو لیتەی دەورو پشتی کەم ناکات. هەڵبەتە ڕادەی هۆشیاریی کۆمەڵیش بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی شیعری شاعیرۆکەو شیعری شاعیر، شیعری ڕاستگۆو شیعری درۆزن، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر ئەگۆڕێن.

هەندێ شیعر وەك پارەی ساختە وان کە چوونە ناو خەڵکەوە ڕەنگە تا ماوەیەك بڕۆن و بچن، بەڵام زوو ئەناسرێنەوەو ئیتر ناچن و دەوریان نامێنێ. بەڵێ ئێستە زوربەی زۆری ئەو شیعرانە بڵاوئەکرێتەوە لەو چەشنەن، بەڵام شیعری چوون گەوهەر پرشنگدار، نرخ و بەهای لەوەدایە دەگمەن و کەمن شیعری پاپلۆ نیرۆداش لەو دەگمەنانەیە.

■ تۆ پێت وا نییە ئەگەر ئەو شیعرانەی دەکرا نەنووسرێن.. نەنووسرانایە، بەمە بارودۆخی شیعر زۆر چاکتر نەدەبوو؟

□ بەڵێ شیعری ڕەسەن ئەو شیعرەیە کە وەك ئاوی ڕەوان لە قوڵایی ناخ و دڵو دەروونەوە هەڵئەقوڵێت. بە زۆر لەدایکنابێ، ڕاستگۆیە، چونکە ئەو شیعرەی بە زۆر

دابتاشرێ خۆشەویست نابێ. ئەو شیعرانەش کە شیعری وەزیفەن دێن و دەڕۆن و هیچ ئاسەوارێك لە دوای خۆیانەوە بەجێ ناهێڵن، کەس نابزوێنن و بە وێنەی ئیعلانی ناو ڕۆژنامەکان لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو ڕۆژانەدا ئەوانیش بەسەرئەچن، نەك هەر لە شیعردا لە ژیانیشدا ئەگەر ئینسان بۆ کارەکەی خۆی ئەسووتێ، بە کوڵ و دڵەوە ئالوودەی ئەو خۆشەویستیە ئەبێت و شەونخوونی بەدیارەوە ئەکێشێ دیارە ئەنجامیش شتێکی بێ گیان و وشك و برنگ دەرئەچێ. ئەو شیعرەی بە زۆر بنووسرێ ئەبێ بە زۆریش بخوێنرێتەوە، ئینجا کە "شیعرێ" وای لێهات ببێ بە هۆی ئەشکەنجەدانی خوێنەر، ئەبێ ناوێکی تری لێ بنێین نەك شیعر. بۆ ئەنووسینشیان ئەوە تەنها ئامۆژگارییەکی زۆر باشە، بەڵام باوەڕ ناکەم گوێت لێ بگرن!!

■ **یەک لەو حاڵەتانەی لای تۆ هەیە، فرەجۆری شێوە دەربڕینە، یان بە واتەیەکی دی "فرەڕەنگی شیعری"یە، دەشێ ئەمە بۆ دەرخستنی دەسەڵاتی خۆت بێ یان گەڕان بێت بەدوای باشترین شێوەی دەربڕیندا، یان شتی تر بێ..؟**

□ لە دەمێکەوە هەستمکردوە بەوەی ناتوانم تەنها یەك جۆر گوڵە شیعرم خۆش بوێ، ناتوانم بەردەوام و تا سەر، بۆن بە یەك چەشنیانەوە بکەم. دڵم باخچە بوە بۆ هەموو گوڵە شیعرێکی ڕەنگاوڕەنگ. هەستم لە گەڕیدەیەکی ئەسرەت چوەو ئەیتوانیوە لە ئاقارێکدا چەق ببەستێ. هەڵبەتە لەگەڵ گەشانەوەی بەهرەو نش ونماکردنی ئەزموونی ئەدەبی و بەرەوپێشچوونی تەمەندا، ئەم حەزو هەستەش مەودای فراوانترو بەرینتر بوە. گومان لەوەدا نییە ئەم جۆراوجۆری دەربڕینە گەڕان و هەوڵدانە بە شوێن شکڵە لەبارەکاندا تا ببنە کاڵای لەقەد باڵای ناوەڕۆکەکان. هەموو ناوەڕۆکێکیش یەك شکڵی دیاریکراویان نییە. ڕێگا هەیە، جۆرەکانی شیعریش وەك ڕێگاکانی ژیان، وەك تاقیکردنەوەکانی، وەك پێدەشت و هەوراز و نشێو و لوتکەکانی سروشت خۆی، فرە جۆرن و هەر ڕێگەیەکیش جۆرە ڕەوتێکی تایبەتی خۆی هەیە، بە لای منەوە گیرسانەوەش بە تەنیا شکڵێکەوە، بە یەك شێوە دەربڕینەوە شاعیر تووشی جوینەوەو سەرئەنجامیش وەك باخی بێ ئاوی لێدێت، سەربەستی شاعیر لە

بازنەیەکی داخراودا گیرنەدات، ئاسمانی خەیاڵ تەنگەبەر نەبێتەوەو وەك كەوی قەفەزی لێدێت. لەم تاقیکردنەوانەی خۆمدا هەوڵی هەمەجۆرم داوە بۆئەوەی نەبمە پابەندی شێوازی دەربڕین، بە کورتی لەیەك باخی شیعردا ئارامم نەگرتوەو لەژێر یەك ساباتدا نەماومەتەوە. جگە لەوەش من فرەڕەنگیم لەبەر فرەڕەنگی نەکردوە، بەڵکو بە ئامانجی پەرەپێدانی بەخشیشی ئەدەبیم رووم تێکردوە. خولیاو خەیاڵو هەستو ئەستی خۆمو دەوروبەرم، سوود وەرگرتنم لەسەرچاوە لەبن نەهاتوەکانی کەلەپورو سامانی نەتەوەییمان، بەهرەو سەلیقەی خۆیشم بوونەتە بنەمای ئەو فرەڕەنگییانە. خۆ دەسەڵاتی ئەدەبیش لە بەرهەم جیاناکرێتەوەو دەسەڵات توانای ئەدیب و وزەی بەخشین ئەگەیێنێ. من پێموایە ئەوەندەی لە تاقیکردنەوەی شیعری کورت/ پۆستەرە شیعرو چیرۆکە شیعردا بەرهەمی بە برشتم هەبوە، ئەوەندە لە تاقیکردنەوەی شانۆنامەی شیعریدا، درامای شیعردا، وا نەبووم و تووشی کەوتنو گلانیش هاتووم، بەڵام جارێکی تر هەستاومەتەوەو ئەمجارەیان سواری ئەسپێکی تری ئەم هونەرە بوومەتەوە. جیهانی شیعر گەورەیەو لە سنوورو دوو سنووردا گیری نەخواردوە، منیش ئەمەوێ بگەڕێم، ئەمەوێ هەر جارەو لە سەرچاوەیەکی ئاو بخۆمەوەو دانیشتووی تەنها شارێکی نەبم.

■ باشە پێت وا نییە ئەگەر یەك تاقیکردنەوەیانت بگرتایەو گەشەت پێ بدایە سەرکەوتنی زیاترت بە دەست نەدەهێنا؟

□ نەخێر، چونکە هەموو خولیاو هەست و فیکرو سۆزێکی شاعیر بە یەك شێوازو لەیەك شێوەدا دەرنابڕێن، ناڕژێنە یەك رووبارەوە. ڕەنگە بەشێك لەو ئەندێشانە "چیرۆکە شیعر" جۆگەیان بێ و بەشێکی تریان کورتە شیعرو هەندێکی تریشیان پەخشانە شیعر. هەروەکو چۆن تەنها ڕەنگێك.. یان چەند ڕەنگێك.. دەربڕیی هەموو موعاناتی وێنەکێشی ناکەن، یان هەموو ئالەتێکی مۆسیقی کوتومت بۆ هەموو ئاوازێ دەستنادەن. جاری وایش هەیە ڕەنگە وتارێك، بیرێکی ڕاگوزاری، جێی شیعرێ بگرنەوە، یان بە واتایەکی تر بە شیعر ئەو خولیاو ئەندێشانە دەرنابڕێ و بۆ شیعر ناشێن. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر من لە

تاقیکردنەوەیەکیاندا "سەرکەوتوو" بووبم، پێموایە هەندێ هۆی ئەو "سەرکەوتنە" بۆ "زیرکەوتنی" هەندێ تاقیکردنەوەی ترم بگەڕێتەوە، چونکە بۆ گەشەکردنی یەک تاقیکردنەوەش هەر پێویستت بە تاقیکردنەوەکانی تر هەیە.

chalakmuhamad@gmail.com

**■ لەم سەردەمەی گەشەکردن و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیایەدا، هەموو شتێ بە خێرایی زیاتر بەرەوپێش ئەڕوا، حەتمەن ئەدەبیش تاودانەوەی خۆی لەو خێرابوونەدا دەبێ، جا پێتوانییە پۆستەرە شیعریش لای تۆ وەک شێوەیەکی چڕو تیژڕەوی شیعر هەر تاودانەوەی هەمان خێرابوون بێت؟**

□ پۆستەرە شیعر، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۱۹۷۵دا ئەم زاراوەیەم لە ڕۆژنامەی هاوکاریی‌داو بە ناوی "دە پۆستەرە شیعر لە پێشانگەی شیعریکی کۆچەر"دا بەکارهێناوەو دە نموونەیم خستە پێش چاوی خوێنەران. نازانم بەر لە من و لە شوێنێکی تر ئەم زاراوەیە بەکارهاتوە یان نا؟ هەرچۆنێك بێ لای من سەرچاوەی ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ کاری "پۆستەر" کێشانی هونەری شێوەکاری ئەگەڕێتەوە. ئەو هونەرەی کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی پەرەیسەندو و لە مەیدانەکانی بانگەشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، بازرگانیدا، بەتایبەتی لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەناو بزووتنەوەی کرێکاراندا بوو بە هونەری باوی سەردەم و لە یادو بۆنە نیشتمانیو کرێکارییەکاندا دەوری لەبەرچاوی خۆی هەبوو. لە ئێستەشدا ئەم هونەرە گۆڕانی چۆنایەتی گەورەی بەسەردا هاتوە، ساڵی سەدان پێشانگەی هونەری پۆستەرو لە هەموو لایەکی جیهاندا ئەکرێتەوە. هونەرمەندە پۆلۆنیکان لەم بوارەدا نێجگار باڵادەستو بەتواناو بەناوبانگن، بەردەوامیش داهێنانی تازەتر لەم هونەرەدا ئەنجامئەدەن. جێی ئەم هونەرە: هەڵواسینی پۆستەرەکان، هەموو شوێنێکی گشتیە، بە تایبەتی سەرشەقامەکان و گۆڕەپانەکان و ئەو دیوارانەی بە رووکاری ڕێو بان و پیادە ڕەوەکاندا ئەڕوانن. مەبەستی بنەڕەتی ئەم هونەرە ئەوەیە کە بە کەمترین وەخت، هەر ئەوەندەی کاتی تێپەڕینی پیادەو ڕێبوارێک بە لایاندا، سەرنجی بینەران بۆ لای خۆیان رابکێشن و لە ڕێی کارتێکردنی خێراوە دوای خۆیان شتێك لە دڵ و دەروون و مێشکی بینەردا بەجێبهێڵن، کە مایەی لێکدانەوەو تێرامان و سەرسامی بێت و لە چاوەوە بۆ ناخ شۆڕببنەوە.

تاقیکردنەوەکەی من لە پۆستەرە شیعردا لێرەوە سەرچاوەی گرتووە. هەڵبەتە لە جێی ڕووبەری ڕووناکی و بۆشاییو ڕەنگ.. لە پۆستەرە شیعردا وێنەی شیعری چڕوپڕو زەنگی ڕستەی کۆتاییو سەرسامی لە خاسیەتە دیارەکانی ئەم کورتە شیعرانەن. دیوانی "کازیوە" هەوڵدانێکە بۆ نووسینی ئەم جۆرە شیعرانە. ئەشێت هەندێ لەم پۆستەرە شیعرانە لەو تاقیکردنەوەیەدا نەبن، یان هەندێ لەو خاسیەتانەیان تێدا بێو هەندێکی تریان تیادا نەبێ. بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە لە نموونە سەرکەوتووەکانیدا لای من بەم شێوەیە پێناسە ئەکرێن:

بیری شاعیر تەواو خەست و چڕ ئەکەنەوە، وەك زەڕەبین چۆن هەتاوو ڕووناکی لە نوختەیەکدا کۆئەکاتەوە. هەموو شیعرەکە هەوێنەو پوختەیە. لە سەرێکی تریشەوە هونەری چیرۆکی کورتیان بەخۆوە گرتووە. ئەڵقەی زنجیرەی وشەو ڕستەکان یەك بە دوای یەکدا بێ پسانەوە لە یەکتر هەڵکێشراونو هەر هەموویشیان لە شێوەی ڕێچکەیەکدا ڕوو لە کۆتایی ئەکەن، ئەو کۆتاییەی گەلێجار راچڵەکینێکی چاوەڕواننەکراو لای خوێنەر دروستئەکات. وەك ئەو بازنانەی لە ئەنجامی شڵەقاندنێکدا، بەرد هاویشتنێکدا، لەسەر رووی ئاو دروست ئەبن و یەك لەناو یەکدا پەیدائەبن و ئەکرێنەوە، لەمجۆرە شیعرانەیشدا بەو جۆرە بازنەی وێنەکان ئەچنە ناو یەکترەوە. خەیاڵی شاعیر وەك موگناتیس یەکەم بیرۆکە رائەکێشێو ئەویش یەکێکی ترو ئەویشیان دیسان یەکێکی ترو بەو جۆرە.. لەم تاقیکردنەوەیەدا هەوڵم داوە شتە بچووکەکان نهێنی گەورە بدرکێنن. "جەماد"یش لەم شیعرانەدا ئەجووڵێنو ئەبزوێنو زیندەوەرانە هەڵسوکەوت ئەکەن. گەلێجار هۆ سەرئەنجامە، گەلێجاری تریش سەرئەنجام هۆیە، ناوبەناویش سێبەری فیلمی "کارتۆن"یان بەسەرەوەیە، واتە سەرسامکردن و راچڵەکینی خوێنەرو گوێگر، بە تایبەتیش لە کۆتایی پۆستەرەکاندا کە ڕەگەزێکی تری نمونە باشەکانی ئەم تاقیکردنەوەیەن.

پێموابێ هەر ساڵێك لەمەوبەر بوو، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، شاعیری ناسراوی عەرەب "نزار قبانی" باسی ئەوەی کرد کە نیازی وایە لە ئایندەدا رووبکاتە نووسینی کورتە شیعرو وتی "مەبەستم شیعرێکە کە هەمووی "بیت القصید" بێو هەرچی زیادەی

ناپێویسته به خۆیەوە نەهێڵێ" هەروەها لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری "الاقلام"و ڕۆژنامەی "الجمهوری" له ساڵی ۱۹۸۲/ ۱۹۸٤دا دەمەتەقەیەکی زۆر لەسەر ئەم کورتە شیعرانە لە نێوان "سامی مهدی"و هەندێ لە شاعیرە لاوەکان روویان دا. سامی مهدی ئەوەی دووپاتکردەوە کە لەم شیعرانەدا ئەو دەستپێشکەری کردوەو ئەوانی تر هاتوونەتە سەر خوانی ئەو! سامی مهدی ئەم شیعرانەی ناونا بوو "القصيدة الموضوعية". بێگومان لەزۆر کۆنەوە تاقیکردنەوەی شیعری چڕو پڕ بوە. چوارینەکانی شاعیری بلیمەت "عمر الخيام" نمونەن، بەڵام وەك چۆن قەسیدەی تەقلیدی جێی قەسیدەی تازەی درامی ئەمڕۆ ناگرێتەوە، تاقیکردنەوەی چوارینەش، چ وەك ناوەڕۆك و چ وەك شکڵ، ناچنە جێی ئەو کورتە شیعرانەو دوو دنیای لێك جیاوازن. جگە لەوەی سیفەتی زاڵ لە چوارینەدا وردبوونەوەی زەینییە (تأملات ذهنيه). لەم تاقیکردنەوەیەی لای مندا بە زۆری "جماد" جێگەی زیندەوەر ئەگرنەوە ئەدوێن و ئەڕۆن و ئەبنە بریکارێکی بابەتی دەوروبەر، پەلکە گیایەك.. قوتویەك، شووشەیەك مەرەکەب.. پەڵە هەورێ.. دیارە من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئەمە یەکەمجارە "جماد" ئەبزوێنرێ.. خۆ لە زۆر کۆنەوە هەر لە چیرۆکی منداڵاندا سەدان نموونەی ئەم وێنانەمان بەرچاو ئەکەوێت. بەڵام بەکارهێنانەوەی بەشێوەیەکی جیاوازتر. تێکەڵ بە ڕوانینی هاوچەرخانەو بە ناوەڕۆك و شکڵێکی دەوڵەمەندترو نوێ ترەوە. ڕەنگە ئەمەمان مەبەست بێ، بۆ نموونە ئەمڕۆ مەسەلەی دەستبردن بۆ داستان و ئەفسانە کۆنەکان و شێلانەوەیان لە قەسیدەی درامی ئەم سەردەمەدا بە یەکێك لە خاسیەتە دیارو گەورەکانی شیعری نوێ لەقەڵەم ئەدرێ، بەڵام خۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەم ئاوڕدانەوەیە لە کەلەپوورو داستان و ئەفسانەکان بەر لە شاعیرانی سەردەم هەر نەبوون. لێرەدا گرنگ چۆنییەتی بەکارهێنان و ئاوێتەکردنیانە لە گیانی شیعری تازەدا، نەك پێوەلکاندنیان. هەرچۆنێك بێ چاکتر وایە حوکمدان لەسەر ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ ڕەخنەگران بەجێبێڵم و ئەگەر ئەم ڕۆژگارەش نەبوایە حەزمنەکرد من خۆم دواکەس بم لەم بارەیەوە قسەبکەم.

دەربارەی چەرخی خێرایی و تەکنەلۆژیای تازەو ئەم جۆرە شیعرانەش، ئەشێ لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەوروپاو ئەمەریکادا ئەم سەرنجەی تۆ بەشێکی داهێنانی ئەوان

بگرێتەوە، بەڵام من بەو نیازە ڕووم نەکردۆتە ئەم تاقیکردنەوەیە. تا ئێستەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەخت لای هەندێکمان ئەوەندە زۆرە خۆمان ئەڵێین با بە فیڕۆی بدەین و بیکوژین! چ جای ئەوەی لێمان زیاد نەبێ! لە سەرێکی تریشەوە من بڕوام وایە چ لەم سەردەمەو چ داهاتووی دوورتری پێشکەوتووتریش تەکنەلۆژیا ناتوانێ ئەم هونەرە نەهێڵێ و ئەویتری لەجێگە دابنێ، چونکە هەر هونەرە جێ و ڕێو جەماوەرو خەڵکی خۆی هەیە، وجودی سەربەخۆی خۆی هەیە. ئەوەتا ئەبینین لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیایشدا.. لەگەڵ ئەو سەردەمەی خێراییەیشدا.. شانبەشانی ئەو هەر لە ئەوروپاو ئەمریکاشدا.. لە یەکێتی سۆڤیەتدا.. نووسینی ڕۆمانی درێژو فیلمی سینەمایی زیاد لە دوو سێ سەعاتی و زنجیرەی تەمسیلی تەلەفزیۆنی، ئەتوانین بڵێین تازە بازاڕیان گەرم ئەبێتەوە!

■ **تایبەتمەندی چیرۆکە شیعر چییەو هەوڵەکانی خۆت لەم بوارەدا چۆن سەیرنەکەی؟**

□ چیرۆکە شیعر، درامایەکی دیکەی شیعرە، کە ڕووداو و کارەسات، یان هەڵوێستی تاکەکەس یان کۆمەڵ لە سەرچاوەکانی مێژوو، یان واقعی ئەمڕۆ، یان هەر لە زادەی بیری شاعیرەوە لەدایکئەبن و بەبەرهەم دێن. لە چیرۆکە شیعردا "خەیاڵ و عەقل"، زمانی دڵ و زمانی مێشک پێکەوەو لەیەک وەختدا، وەک دوو ئەسپی عەرەبانەیەک ئەگەنە وزەی سەرتاسەری بەرهەمەکە، نە وەک شیعر خەیاڵ تێیدا باڵادەستەو نە وەک چیرۆکیش "مەنتیق". ئەگەر ئەمیان هێڵی ئاسۆیی بێ و ئەویان شاقوولی، هەردوو لا وەک تان وپۆ تێهەڵکێشی یەکتر ئەبن. "مجاز و واقع" زمانی هاوبەشی چیرۆکەشیعرەو، "مەکۆ"ش ناوەڕۆکی کارەکەیە، شیعر بە ئاهەنگی خۆی، مۆسیقای، وشەو ڕستەی، چیرۆکیش بە دروستکردنی پەیوەندیی نێوان کەسانی ناو بەرهەمەکەو گونجاندنی زمانی هاوبەش و بزووتنەوە، کارەکە تەواونەکەن. وەک "بابەت" ئەشێ بەسەرهاتێکی مێژوویی، ژیانی قارەمانێك، جارێکی دی بە هەڵشێلان و وەرچەرخاندنێکی ترەوە جێی ڕازونیازەکانی ئەمڕۆ بگرنەوە. هەروەك چۆن ئەشێ لە واقیعی زیندوو خۆیدا، نموونەیەکی شیاو بۆ ئەم درامایە هەڵبژێرین. چیرۆکە شیعر تەمەنی درێژەو لە دەمێکەوە لە ئەدەبی نێو میللەتاندا ناسراوە.. شیرین و فەرهاد.. مەم و زین.. یوسف و زلێخا.. چیرۆکە شیعری سەردەمی خۆیان بوون و تا

نێستەش تام و لەزەتی خۆیان ماوە. لە ئەدەبی هاوچەرخماندا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئاوڕ لەم هونەرە نەدرایەوە. بە لای منەوە جیاوازیی نێوان حیکایەتی گوێ ئاگردان و چیرۆکی هونەری چەندە، ئەوەندەیش جیاوازیی لە نێوان چیرۆکەشیعری سەردەم و ئەو چیرۆکەشیعرانەدا هەیە کە زووتر نووسراون. لە چیرۆکە شیعری سەردەمدا، چیرۆکی هونەری ئەمڕۆو شیعری ئەمڕۆی پێشکەوتوو، تەکتیکی تازەی هەردوو هونەرەکە ئەبن بە یەك و ئەم جۆرە هونەرەی چیرۆکەشیعر پێکئەهێنن. *گۆران*ی پێشڕەو لای خۆیەوە چەند بەردێکی بناغەی گرنگی لەم مەیدانەدا داناوە، بەڵام نەبوون بەو چیرۆکە شیعرەی کە سیماو ڕەنگ و رووی ناسراوو درامای ئەم هونەرە بەخۆوە بگرن و لە سنووری دەمەتەقێ و لە بازنەی بزووتنەوەیەکی هەناسەکورت و ڕوانینێکی یەك لایەنی تێنەپەڕیون. "رووبار- ١٩٨٤"، کە دوابەرهەمی چاپکراوی نێو شارمە، بریتیە لە پێنج چیرۆکەشیعری کورت و درێژ، وەکو لەوەوبەریش ئاماژەم بۆ کردبوو، پێموایە تەنیا لە دوو تاقیکردنەوەیاندا توانیبێتم "شتێك بە شتێك بکەم"، مەبەست داستانی مامەیارەو داستانی بەردەقارەمانە، با بزانین بۆ پاشەڕۆژیش ئەتوانین لەم بوارەدا چی تازەتر بنووسین!

■ لە ئەدەبی جیهانیدا، مێژووی شانۆی شیعری لە شانۆی پەخشان کۆنترە، بە تایبەتیش کە شانۆی پەخشان حاڵەتێکی گەشەکردووتری شانۆی شیعریە.. گەر وابێ بۆ لە بری شانۆی شیعری شانۆی پەخشانت نەنووسی.. ئەگەرچی دووریش نییە زۆرجار جۆری دراماکە ئەو شێوە دەربڕینە بسەپێنێ.. ڕات چییە؟

□ با لە پێشدا ئەوە بڵێم کە شانۆ هەر لە بنەڕەتدا لە منداڵدانی -شیعر-دا دروست بوە. واتە بۆ یەکەمجار لە لانکەی شیعردا چاوی کردۆتەوە، نەك کۆنتر، بەڵکو هەر خۆی مێژوەکە بوە!. ڕاستە شانۆنامەی پەخشانیش حاڵەتێکی گەشەکردوەو درامای گەیاندە ئەو قۆناغە تازانەی کە پێداویستە مێژووییە.. کۆمەڵایەتییە.. هونەریەکان بنەمایان بوون، بەڵام ئەم حەقیقەتە ناکۆك نییە لەگەڵ حەقیقەتی وەرچەرخانەوەی جارێکی تری شاعیرە گەورەکانی ئەم سەدەیەدا بۆ نووسینەوەی شانۆنامەی شیعری، بۆ ژیانەوەی درامای شیعری

لــە ڕوانگـــەی هاوچەرخانـــەوە، بـــۆ چوونـــەوە ســـەر بنەچـــەی هونەرەكـــەو ئینجا پەرەپێدان و گەشەپێكردنی.

دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەكەت: من لە ئێستەدا پێموانییە ئەو شانۆنامە شیعریانەی لە وەختی خۆیدا نووسیومن (پەلەم لێ كردن)، بە بەراورد لەگەڵ شانۆنامەی درامی جیهانیدا، شانۆنامەی شیعری بن، بەو مانایەی كە دواتر تێی گەیشتم، بەڵكو دوو ههوڵی سەرەتایی بوون بۆ نووسینی "شیعری شانۆ" نەك "شانۆی شیعری". تەنانەت ئەگەر ئەو كاتانەی بە پەخشانیش بمنووسینایە، باوەڕناكەم لە سەرئەنجامی ئەو مەسەلەیەی بگۆڕییایە. چونكە بنەچەی ناتەواویەكە.. كەلەبەرەكە.. لە تێگەیشتنی ئەوسای منەوە بوە بۆ هونەری دراما بە گشتیو بە دركنەكردنی لایەنە گرنگەكانی ئەم هونەرە گرانە.

ڕەنگە بە لاتەوە سەیربێت ئەگەر بڵێم من بەدەست نووسینی پەخشانەوە زیاتر گیرئەخۆم وەك لە شیعر! نووسینی چیرۆكێكی هونەری كورتم بەلاوە گرانترە وەك لە نووسینی چیرۆكێكی شیعری! ئەگەرچی زمانی شیعر لە هەموو زمانەكانی تری ناو ئەدەب چڕترە، بەڵام ئەمە لە ئەنجامی تاقیكردنەوەی زۆرەوە هاتوە.

■ ئەی باشە نووسینی درامای شیعری چی لە شاعیر دەخوازێ؟

□ ڕەخنەگرانی گەورەی دنیاو ئەو نووسەرانەی بایەخێكی تایبەتیان داوە بە مێژووی شانۆنامەی جیهانی، هەموو لەوەدا یەكنەگرنەوە، كە لە دوای "شكسپیر"ەوە نووسینی شانۆنامەی شیعری، بریتیبوە لە زنجیرەیەك هەوڵدانی بەئەنجام نەگەیشتوو، یان ڕاستتر سەرنەكەوتوو. لەم سەدەیەشدا ئەو بلیمەتانەی لەم بوارەدا جارێكی تر هاتنەوەكایەوەو توانیان گیان بكەنەوە بە بەری شانۆنامەی شیعریدا، لە پەنجەی یەك دەست تێپەڕناكەن، كە دیارترینیان "كیتس و ئەلیوتە". لە شەستەكانی ئەم سەدەیەشدا یەك دوو شانۆنامەی شیعری نیشاندراوی "جۆرج شحاتە" بوون. لە ناو نووسەرانی عەرەبیشدا نووسینی دەیان شانۆنامەی شیعری تەنها شانۆنامەكەی (الحلاج)ی شاعیری بەناوبانگی میسری توانی

بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵبێ. کەواتە نووسینی درامای شیعری لەوە زۆر گرانترە کە ئێمە لەکاتی خۆیدا تێی گەیشتبووین!

نووسینی شانۆنامەی شیعریش چی لە شاعیر دەخوازێ؟ من بە کورتی لەم خاڵە سەرەکیانەی خوارەوەدا ئەیانبینم:

١-ئاوێتەکردنی هەردوو هونەری دراماو شیعر.

٢-شیعر نەبێتە جڵەوگیری رەوتی دراماکە.

٣-شیعر لە خزمەتی ململانێی ناو شانۆکەدا بێ، نەك بە پێچەوانەوە.

٤-قەسیدەیەکی درێژ نەبێ و شاعیر بەسەر کەسانی ناو شانۆنامەکەدا دابەشی کردبێ.

٥-بینەر هەست نەکات شیعری بۆ ئەخوێنرێتەوە.

٦-دراماکە جێ گۆڕکێ بە ئیقاع و ئاهەنگی شیعرەکان بکات.

■ ئەی کارەکانی ترت لە مەیدانی شانۆداو ئینجا گیروگرفتی شانۆی کوردیش لە چیدا ئەبینی؟

□ کارەکانی ترم بریتیە لە وەرگێڕانی ئەزموونی سێ شانۆنامە بۆ کوردی. "مۆڵەت" لە نووسینی نووسەری ناسراو "محی‌الدین زنگنە"، شانۆنامەی "ژیانی رۆژانە" لە نووسینی ئەکتەرو کارگێڕی بەناوبانگ "قاسم محمد" ئەم دوو شانۆنامەیە لە لایەن تیپی پێشڕەوی شانۆی سلێمانییەوە نیشاندران. سێیەم ئیشیشم وەرگێڕانی شانۆنامەی "دوکتۆر باڵمی" بوو کە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی جیهانی "ئەنتۆنیۆ باییخۆ" بوو کە ئەمەیشیان لە لایەن تیپی نواندنی سلێمانییەوە نیشاندرا. ئەمە جگە لە نووسین و وەرگێڕانی دەیان پارچە شیعر بۆ ئەو تیمانەو بەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری قوتابخانەکانی سلێمانی. لە دیاریکردنی تەمەنی شانۆی کوردیدا، وەك دەستپێکردن و سەرهەڵدانی، رەنگە هەر نووسەرەو باری سەرنجی خۆی هەبێ، بەلای منەوە یەکەم درەوشانەوەی ئەستێرەی ئەم هونەرە لە کۆتایی پەنجاکانەوە دیاری دا، من تا ئەو کاتە شانۆی کوردی بە شانۆیەکی هونەری درامی نازانم، بەڵکو تارمایی شانۆ بوون. لە سەرەتای حەفتاکاندا شانۆی کوردی

کەوتە جموجوڵی جدیو لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە تا ئێستەش پێناسەی هونەری درامای دەرهێناو توانی خۆی بە دەوروبەری بناسێنێ. هەڵبەتە چ گەشەکردن و چ کزی و لاوازی ئەم هونەرەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەوە کە لە کوردستاندا دینەموی ڕۆژگارەکان بوون. ئەم هونەرەش دیسان وەك هەموو لقەکانی تری ئەدەبو هونەری شێوەکاریو مۆسیقا لە ناوو هەواو کەشی سەربەستیدا نشونمانەکەنو پێشنەکەون. هەڵبەتە گەلێ هۆی تریش لەو سەرئەنجامی خەملینو پێشکەوتنەی بزووتنەوە شانۆییەدا دەوری دیاری خۆیان بوە، کۆششو شەونخونیو دڵسۆزیی کارگێڕانو تیپە شانۆییەکان، بە تایبەتی ڕۆڵی بەردەوامی هەردوو تیپە چالاکەکەی "پێشڕەوی سلێمانی" و "تیپی نواندنی سلێمانی"، کە بە کۆڵنەدانی خۆیانو درێژەدانیان بە کارو بەخشینی هەمەڕەنگ و چوونەوەیان بە گژ هەڕەشەی کۆنەپەرستانی ناو کۆمەڵدا و سوود وەرگرتنیان لە تاقیکردنەوەکانی شانۆی عێراقیو پێگەیشتنی چەند کادیرێکیان کە لە دەرچوانی ئەکادیمیە هونەرییەکانن.. ئەمانە هەموویان لەبەرەو پێشبردنی شانۆی کوردیدا بە کۆمەڵ دەوری لەبەرچاویان بوە. دەربارەی ئەو گیروگرفت و لەمپەرانەیش کە ڕێی لە گەشەکردنی زیاتری شانۆی کوردی ئەگرن. بێگومان بەر لە هەموو شتێ سانسۆری ڕژێمو چاوی زەقی دەزگا جاسوسیەکانیو نەبوونی سەربەستیو ژیانی دیموکراتیانەیە، ئینجا نە بوونی دەقی شانۆییە.. بە بڕوای من تا ئەو کێشەو گیروگرفتە لە کاردا بێ ناتوانن باس لە شانۆیەکی پێشکەوتووی کوردانە بکەین! ئەو شانۆیەی کە مۆرکی کوردەواری و خاسیەتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی پێوە بێ.

واقیعی ئەمڕۆی شانۆی کوردی خۆی هاوارئەکات و ئەڵێت: *"دەقێکی باشم بدەری شانۆیەکی باشت ئەدەمێ"*. هەڵبەت ئەم داوایەش بەر لە هەموان یەخەی نووسەرانی کوردستانو ئەو قەڵەمانە ئەگرێ کە بۆ شانۆ ئەنووسن، ئەگینا وەکی تر بڕوام وایە کە لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا شانۆی کوردی، بە تایبەتی لە سلێمانیدا، کۆمەڵێ ئەکتەری بە توانا و چەند کارگێڕێکی "دەرهێنەرێکی" ڕابەری پێگەیاندوە کە بەهرەو توانای هەندێکیان، بە

تایبەتی لە بواری -نواندندا-، ئەگەر وەکو ئەکتەرە عەرەبە دەرکەوتوەکانی عێراق نەبن هەرگیز کەمتر نین!.

■ جاروبار لە پاڵ شیعردا، چیرۆکیشت نووسیوە، دەبێ مەسەلەکە لەوەوە بێ کە هەندێ شتت بە شیعر بۆ دەرنەبڕاوەو پەنات بردۆتە بەر چیرۆک، یان شتی تر؟

□ بە درێژایی تەمەنی ئەدەبیم، لاموایە هەر چوار - پێنج چیرۆکم نووسیبێ‌و بڵاوکردبێتەوە، من لە لای خۆمەوە ناوی چیرۆکی باشیان لێ نانێم! چونکە نە وەك هونەری چیرۆك هیچیان کردوە، نە لای خوێنەرانیش سەنگێکی دیار و نە لە لای چیرۆکنووسانیش بایەخێکی ئەدەبی لەبەرچاویان هەبوو. هەموو ئەدیبێ ئەم جۆرە نووسینانەی نووسیوە، کە زیاتر لە بەرهەمی رۆژانەی -زیادە لە سك- ئەچن‌و لەدایکبووی تەزوە ئەدەبیەکانن. نەك هەر چیرۆك، لە سەرەتای حەفتاکانیشدا هەندێ نووسینی بڵاوکراوەی تریشم هەر ئەکەونە ئەم خانەیەوە. کەم ئەدیب و نووسەری دنیاش هەیە نووسین و بەرهەمی زیادە لەسکی نەبووبێ! ..لام ئەی کێ ئەڵێ لە ئایندەدا چیرۆکی باش نانووسم؟

■ باشە ئەگەر کەسەرەو دەسەڵاتی چیرۆکنووسینت بە ئاستی دەسەڵات و کەرەسەی شیعر نووسین هەبوایە، کامیانت لە پلەی یەکەمدا هەڵ ئەبژارد؟!

□ هەر شیعر!

■ باشە سەبارەت بە باروودۆخی چیرۆکی کوردی چی دەڵێی؟ سەرهەڵدانی.. گەشەکردنی؟ خاسیەتەکانی ئەم هونەرە.. خەوشەکانی چیرۆکی کورتی ئەمرۆمان؟

□ تەمەنی هونەری کورتە چیرۆکی کوردی ئەوەندە زۆر نییە، تەنانەت لە جیهانیشدا هەر بۆ سەردەمێکی نزیك ئەگەڕێتەوە، کاتێ لەسەر دەستی ئیدگار ئالان پۆو مۆپاسان و چیخۆفدا خۆی گرت و گەشەی کرد. لە ئەدەبی کوردیشدا، من نە ئەوەی فوئادی تەمۆو نە ئەوەکەی "جەمیل صائب"یش بە چیرۆکی "هونەری" نازانم! هەرچی ئەوەی فوئادی تەمۆیە بریتیە لە حیکایەتێکی فۆلکلۆری گوێ ئاگردان‌و ئەوەی "جەمیل صائب"یش سەرگوزشتەیەکی ساکارو خەوێکی پچڕپچڕی هەڵبزرکاوە!. هەڵبەتە هیچ شارەزایەکیش

ناتوانێ ئەو حەقیقەتە ڕەتبکاتەوە کە چیرۆکی کورت لە بنچینەدا "تەنها حاڵەتێکی ئینسانی" یان هەڵوێستێك نیشاندەدات "ئەمە لە کاتێکدا چ "خەون"ەکەی جەمیل صائبو چ "مەسەلەی ویژدان"ەکەی ئەحمەد موختار، هەریەکەیان نەك حاڵەتێ، بەڵکو دەیان حاڵەتو هەڵوێستی جۆربەجۆری قۆناغێکی زەمەنی دوورودرێژیان گرتۆتە خۆ! کە بەمەش لە دیارترین خاسیەتی کورتەچیرۆك بێبەش ئەبن. "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار ئەگەرچی ناچێتە خانەی هونەری کورتەچیرۆکەوە، بەڵام دیارترین نیشانەی سەرهەڵدانی چیرۆکی "نیمچە درێژە" لە ئەدەبی کوردیدا، ئەو نووسەرانەی لەم کێشەیە دواون ئەبوایە وردترو زانستیانەتر دەست بخەنە سەر ئەم جیاکردنەوەو بژارکردن و ڕەگانە، بە چاکی هونەری "کورتەچیرۆك"و "نیمچەدرێژ" و "درێژ" لە یەکتری هەڵاوێرن. ئەبوایە بۆ هەریەکێکیان ڕەگی ڕاستەقینەی خۆیان و پێشڕەوی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە لە لایەکی تریشەوە من بەلامەوە سەیرە.. دوو خوێنەوار تەنها لەبەرئەوەی توانیویانە قەڵەم بە دەستەوە بگرن و بنووسن و بۆ هەر تەنها جارێك، کە ڕەنگە لە بەسەراهاتنێکا بووبێ و بە مەبەستێکی دوور لە "ئەدەب"و بۆ داخی دڵ هەڵڕشتنی -ئەویش بۆ جارێك- و کەچی بکرێن بە پێشڕەوی گرانترین هونەری ئینسانی ئەم سەردەمە؟! پێشڕەو جێ دەستی قووڵو تاقیکردنەوەی گەورە لە دوای خۆیەوە بەجێ ئەهێڵێ! بە لایەنی کەمەوە "چەند کارێك" بە ئەنجام ئەدا. هیچ ئەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ حوکمێکی ئەدەبیانەی بۆ دەربکەیت. ئەی ئەم دوو پێشڕەوە بۆ چیرۆکی تریان ئەنووسی؟ ئەی کێ ئەڵێ "*لە خەرما*" کەی جەمیل صائب خۆی نووسیوێتی؟ کامانەن ئەو بەڵگەنامانەی وەڵامی ئەم پرسیارانەمان ئەداتەوە؟! لەم دنیایەداو لە کوێ بە شیعرو دوو شیعرو سێ شیعر و بە تاقە چیرۆکێ کەسانی تر کراون بە پێشڕەوی بزووتنەوەیەکی هونەری گەورە؟! ئایا ئەم کارانەمان بۆ ئەوەیە خۆمان هەڵکێشین و بڵێین چیرۆکی کوردیش لەو کاتەوە بوە؟.. بەلای منەوە چیرۆکی کورتی هونەری ئێمەو یەکەم چیرۆکمان هەر ئەبێ لە بەرهەمەکانی مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد، عەللائەدین سوجادی، شاکیر فەتاحو ڕەشید نەجیب دا بۆی بگەڕێینو بیدۆزینەوە. چونکە تەنها ئەو کاتە، بە تایبەتی لە سەردەمی گەلاوێژدا، ئەم هونەرە نشونمایکردو ڕەنگی ڕاستەقینەی بۆ ڕێژرا.

بەلای منەوە بزووتنەوەی چیرۆکی کورت لە چلەکانەوە سەرچاوەی گرتو لە پەنجاکاندا کچ و کوڕو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەی کەوتە پێش چاو. ئەگەرچی لایەنە هونەریەکەی ئەم ئەدەبە تا ئەو کاتەش لە تەوقی -گێڕانەوەو سەرد- ڕزگارنەبووبوو، بەڵام هەنگاوێکی بەرەو پێش نابوو، بە تایبەتی لای چیرۆکنووسو مامۆستای خوالێخۆشبوو "محرم محمد ئەمین"و بە تایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکی "سەیرانێك لە ئەزمڕ"دا. تاك تاکیش چیرۆکەکانی مامۆستایان محمد مولود "مەم" و مستەفا ساڵح کەریم خەریکی گەشبوونەوە بوون. لە شەستەکاندا ئەدەبی کوردی بە گشتی لە داچووندا بوو، هەر لەبەرئەوەش لەو ماوەیەدا چاومان بە چیرۆکی باش ناکەوێت. دوای بڕبوونو دەرکەوتنەوە، لە سەرەتای حەفتاکانداو لەم پلەیەدا چیرۆکی کوردی لە خوێندەوارێك ئەچوو لە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئەوروپاوە گەڕابێتەوەو لەگەڵ خۆیدا بە "نیوەناچڵ"، هەندێجار راستو هەندێ جاریش بە "تەکەلوف"ەوە ئەم هونەرەمان بۆ بنووسێت. لاساییکردنەوەو سەرەڕۆیی هەرزەکارانەی جاربەجار تێکەڵ بە یاخیبوون و بەخۆوەنازین سیمای بوون. لە ناوەڕاستی حەفتاکانداو بەرەو ژوور، وەك مرۆڤێك وردە وردە بە خۆیدا بچێتەوە، ئەو چیرۆکە کەم و باشانە لەدایکبوونو پێیان گرتو هاتنە ناو کوڕو کۆمەڵەوە کە بە هەردوو قاچ و هەردوو دەست و هەردوو چاو ئەڕۆیشتنو ئەجوڵانەوەو ئەیانبینی.

بەلای منەوە چیرۆکی هونەری راستەقینە بەو زمانە سادەو رەوان و بێ گرێو گۆڵە ئەدوێ کە هیچ خۆ جەڕاندنو زۆرەملێیەکی دواندنی میکانیکی پێوە دیار نییە. ئەو زمان و گفتوگۆیانەی کە نووسەری چیرۆك ناکاتە نوێنەری کەسانی ناو کارەکەو وەك خۆی (وەك نووسەر) نایانهێنێتە قسە، بەڵکو وەك خۆیان ئەبێ بدوێنو هەڵسوکەوت بکەن و زمانی هاوبەش بدۆزنەوەو پەیوەندی نێوانیان -خۆیان- واتە کەسانی ناو چیرۆکەکە، پێکی ئەهێنن، چیرۆکی ڕیالیزمی نوێ کە ئەمڕۆ لە جیهاندا گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر بەرزی هونەری، بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی چیرۆکی کورتی ئێمە پێموایە پێویستە ببێتە سەرچاوەیەکی گەورە، ئەو چیرۆکانەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی "بنەمایانن". یەکێك لە

خەوشە هەرە دیارو زەقەکانی ناو چیرۆکی کوردی، مەسەلەی بزربوونی -مەنتیقی قەناعەت پێنەکردنی خوێنەرە- بە تایبەتی لە کاتی چڕبوونەوەی کارەسات و ڕووداوەکاندا، بە بڕوای من ئەم خەوشە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە چیرۆکنووس ئەیەوێ ئەقڵێکی کاربۆنیی واقیعی خۆی بکات، نەك واقیعی ناو چیرۆك بخولقێنێ، نەك قەناعەتی تایبەتی ناو چیرۆك خۆی دروستبکات. ئەمە جگە لەوەی چیرۆك بە تەنها زمانێکی رەوان و باش نایکا بە چیرۆك، ئەگەر هەموو سۆنگەی ژیان و بەردەوامبوونێکی بەسەریەکەوەی زمان، ناوەڕۆك، رووداو، گفتگۆ، وەسف، کات، شوێن و دنیای دەروونی لە خۆیدا کۆنەکاتەوە.

چێژوەرگرتن و وەڕس نەبوونی خوێنەر، مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی هەموو چیرۆکێکی کورتە. ئەو چیرۆکەی ژیانی تێدابێ هەر لە سەرەتاوە پەلی خوێنەر ئەگرێت و لەگەڵ خۆیدا ئەیبا. چیرۆکی کوردی ئەم سەردەمەمان -لە نموونە هەڵبژاردەکانیدا- لای چەند چیرۆکنووسێکمان -لە گەشانەوەی زیاتردان و بە هەنگاوی گەورەوە ئەچنە ناو خەڵکیەوە. هەندێکیان هەر تەواو بۆنی خاکی کوردستان و واقعی کۆمەڵایەتیان لێدێ و لە کێشەو ئازاری ئەم خەڵکەشەوە نزیکن. هەروەها لەو ساڵانەی دواییشدا کۆمەڵە چیرۆکێکی پێگەیشتووی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە دروستبوون کە پێویستە ناوری تایبەتیان لێبدرێتەوە. تێکڕا بە لای منەوە وایە، کە ئەبوایە چیرۆکی کوردی لە ئێستەی پێشکەوتووتر بوایە. ئەبوایە کاری گەورەتر بە ئەنجام بدرایە. دەستکورتی لە چنینی چیرۆکدا، لە کەمی رووداوی نموونەییدا، ئەقۆستنەوەی حاڵەتی کورتەچیرۆك، تێکەڵ نەکردنی پەخشان بە هونەری کورتە چیرۆك، ئەمانە بەشێکن لەو خەوشیانەی کە لە زۆر چیرۆکی ئەمڕۆمانەوە دیارن.

■ ئەگەرچی ئەسپی شیعرت لە زۆر مەیداندا تاوداوە، بەڵام لە مەیدانی ئەدەبی منداڵاندا هیچت دیار نییە، بۆ؟ ئەی بە گشتی ئەو ئەدەبەی بۆ منداڵان ئەنووسرێن چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

□ بەش بە حاڵی خۆم زۆرجار ویستوومە بچمە ناو دنیای منداڵانەوەو ئەم ئەدەبە مەزنەش بنووسم. سڵم لێ کردۆتەوە. هەرچەندم کردوە نەمتوانیوە قەڵەمەکەم منداڵ

بکەمەوە! ئەی خۆ بە زۆریش ناکرێ. ئەمە جگە لەوەی دەربارەی ئەدەبی منداڵان ئەوەی خوێندوومەتەوە شتێکی کەم بوەو خۆیشم جگە لە منداڵەکانی خۆم -ئەویش بە پچڕ پچڕی- ئیتر تاقیکردنەوەی نزیکترم لەگەڵ ژیانی منداڵان و دنیای ئەواندا نەبوە. لام وابێ تەنها یەك شیعرم لەم بوارەدا نووسیوە، ئەویش بۆ تەمەنی (مێردمنداڵ)ەو هیچی تر! لەبەرئەوە لەم بەهرەیە بێبەشم، ناشمەوێ کارەساتێکی تر بۆ ئەدەبی منداڵان دروستبکەم!!

بە بڕوای من زەحمەتی ئەم ئەدەبە لەوەدایە چۆن ئێمەی (گەورە) ئەتوانین زمان و لێکدانەوەو تاقیکردنەوەی خۆمان بەسەر دنیای ناسکی منداڵاندا ئەسەپێنین! چۆن وەکو ئەوان قسەبکەین، بیربکەینەوە، هەڵس وکەوت بکەین و خەو ببینین. وەکو ئەوان یاریبکەین و بتۆرێین و ئاشت ببینەوەو گۆرانی بڵێین! نووسەری ئەدەبی منداڵان لەگەڵ هەڕەشە ناسکەکانی، بێگەردەکانی، چەند قۆناغێکی تەمەندا ئەیەوێ دۆستایەتی و ئاشنایەتی پەیدابکات، ئەگەر وردو خاوەن قەڵەمێکی کارامەو لێزان نەبێ ئەو گوڵانە ئەژاکێنێ و ئەو شتە ناسکانە بە دەستیەوە ئەشکێ و ئاکامیش ئەبێتە دڕکێکی کوشندەی ناو ئەم دنیا جوان و بێوەی و ڕەنگاوڕەنگە. بەڵێ چۆن بۆ هەر پلەیەکی تەمەن و بۆ هەر هەست و ئەستێکی ئەو قۆناغە فەرهەنگی زمانی تایبەتی بدۆزرێتەوەو قسەی منداڵێکی دەساڵانە تێکەڵ بە تەمەنی پێنج ساڵانە ئەکەین، هەستی منداڵێکی دێهاتی و شاری لە یەك جوێ بکەینەوە. لای ئێمە ئەدەبی منداڵان تا ئێستە -چەند نمونەیەکی کەم نەبێت- ئەوانی تر ئەدەبی گەورەن و بە ناوی منداڵەوە ئەنووسرێن! دەمودووی ناو ئەو بەرهەمانە، دەمودووی کۆڕوکۆمەڵی ژن و پیاوی زل زلن و منداڵان تێی ناگەن، ئێمە هەندێجار بە زۆر گولاج و حەبی ئینسانی گەورە ئەکەین بە قوڕگی ئەواندا و پێمانوایە کارێکی زۆر باشمان کردوە! لەم ئەدەبەدا من خۆم تا ئێستەش ئەو شیعرانەم پێ خۆشە کە بەر لە چەندین ساڵ مامۆستا شاعیرەکانی وەکو "بێکەس" و "بەختیار زێوەر" و ئینجا مامۆستایان "عومەر عەبدولڕەحیم" و "فەرەیدون عەلی ئەمی"ن و "ع. ع شەونم"م نووسیویانە نەك ئەو شیعرە بە زۆر داتاشراوانەی کە ئێستە ئەنووسرێن. لە جێی خۆیدایەتی ئەگەر بڵێم هەوڵەکانی مامۆستا فەرەیدون عەلی

ئەمین شایەنی ئەوەن پەنجەی ستایشیان بۆ درێژ بکرێو لەم ئەدەبە مەزنەدا وەك پەنجەرەیەکی رووناك تەماشابکرێ.

■ **دەربارەی شیعری تازەو مەسەلەی تەمومژو تێنەگەیشتن ئەڵێی چی؟**

□ هەڵبەتە مەبەست لە شیعری تەمومژاوی، بە زۆری ئەو بەرهەمانە ئەگرنەوە، کە دەرگا لەسەر تێگەیشتن و چێژ لێوەرگرتن و بینینی ئاشکرای خوێنەر پێوە ئەدەن. یان بە جۆرێکی تر پەیوەندی نێوان شاعیرو خوێنەر تووشی لێکدابڕین و بەیەك نەگەیشتن ئەکەن. ئەم کێشەیە نەك هەر لە شیعری کوردی هاوچەرخدا، بەڵکو لە هەموو دنیادا جێگەی لێدوان و لێکۆڵینەوەو دەمەتەقێیە. بە بڕوای من پێویستە دوو جۆر شیعر لە یەکتری جیابکرێتەوە: **یەکەم:** ئەو شیعرانەی بە ناوەڕۆك قوڵن و بە شکل چڕوپڕن. **دووەم:** ئەو شیعرانەی بە زۆرو ئارەزووی شاعیر تەمومژاوی ئەکرێن و بریتین لە یاریکردن بە شکڵ و کەرەسەی زمان. چونکە هەر شیعرێ خوێنەر بە تەواوی تێی نەگەیشت مانای ئەوە نییە شیعر نییە، یا هەر شیعرێکیش راستەوخۆ تێی گەیشت شیعرە. بۆ نموونە خۆ هەموو خوێنەرێ لە شیعری نالی، مەحوی، سالم ناگات و شیعریشن! لێرەدا کێشەکە لای خوێنەر لە قووڵی و چڕوپڕی هونەری شیعرەوە هاتوە، بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە زۆر بە ئاسانی لە شیعرێکی تر بگات، بەڵام شیعرەکە تەنها بریتیبێت لە قسەی ئاسایی و ساکارو لە هونەری شیعر بەدەر بێ. شیعر ئەبێ شیعربێ، جا ئیتر بۆ هەرچیەك بوترێ، هەر چوارچێوەیەك بگرێتە خۆی. دیسان نابێ ئەویشمان لەبیر بچێت کە خوێنەریش تا خوێنەر کەوتوە. هەموو کەس چوونیەك هوشیارنین و شوێن پێ هەڵناگرن. شیعری جوان و باش و زیندوو، بە کۆنی و تازەیی نین و گەوهەرن، شیعر هەیە ئەمڕۆ لەدایکئەبێ و هەر ئەمڕۆش ئەمرێ! شیعر هەیە سەدان ساڵە لەدایکبوەو تا ئێستەش هەر ئەژی. هەر سەردەمەو شیعری خۆیشی.

■ **شەڕ شیعری ناگراوی دەوێ، بەڵام لەبەرئەوەی پێشمەرگەش هەست و سۆزی هەیە، بۆیە شەڕ چەند سەخت و دژواریش بێ، ناتوانێ سۆزو هەستی پێشمەرگە بسڕێتەوە، لەبەرئەوە پێشمەرگە**

**لە پاڵ شیعری ناکرێندا، شیعری سۆزداریشی ئەوێ. جا تۆ ئەگەرچی شیعری پێشمەرگانەت زۆرە، بەڵام تێکرا ئەو لایەنە سۆزدارەی پێشمەرگەت فەرامۆشکردوە، کە من پێموایە جۆرە ناتەواوییەکی لە شیعری پێشمەرگانەدا دروستکردوە.. خۆت ئەڵێی چی؟**

□ ئەمە تێبینییەکی جوان و ڕاستیشە! بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە هەر ژیان و رۆژگارو سەردەمێ، دەنگی "پێشتر"و لە "پێشتری" خۆی هەیە، لە ژیانی ئەمڕۆی ئێمەدا لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا. ئینجا لە دنیای خوێن و سەربڕین و کوشتن و تاواندا، مەسەلەی چارەنووسە گەورەکە "لە پێشترە"، چونکە سەرئەنجامی تەواوی هەموو مەسەلە سۆزداری و کەسییەکانیش بەوەوە بەندە. ئەمە جگە لەوەی هاواری کارەساتە گەورەکان، ئەبەردە خوێناوییەکان، تەقینەوەی بومباو گوللەی فڕۆکەو تۆپی دوژمن، ناڵەی ئار. بی. جی، دەنگیان "زوڵاڵ" ترەو زۆرتریش دڵ و دەروونی شاعیری پێشمەرگە ئەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە! خۆ ئەمە مانای دابڕینی ئەم لایەنی ژیان لەو لایەنی ناگەیەنێ، ڕەنگە سبەینێ ژیانی ئێمە جۆرە شیعرێکی "لە پێشتری" جیاواز لە شیعری "زاڵی" ئەم رۆژگارەی بوێت. کات و شوێن و تاقیکردنەوە، پێداویستیە لە پێشترەکانی ژیان خۆیان ئەم ڕێگایانە ئەکەنەوە. جگە لەوەش خۆ هەموو بێدەنگیەک مانای فەرامۆش کردن ناگەیێنێ! مەرجیش نییە شاعیرێك بتوانێ ئاوڕ لە هەموو لایەنێك بداتەوە! هێشتا رۆژگاری دووروودرێژی تریشمان لەبەردەمەوەیەو "کەشکۆڵی پێشمەرگە"ش ئەوەندە گەورەیە جێگەی زۆر شتی تری تیا ئەبێتەوە کە هێشتا چاوەڕوانی لەدایکبوون ئەکەن و ماویانە پێبگەن!

■ **لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانەوە ژمارەیەک دەنگ بیستران، هەندێکیان زوو کپ بوون، هەندێکیش لەگەڵ گەورەبوونی زەمەندا گەورەبوون، لای تۆ، کێن خاوەنی ئەو دەنگانەی کپ نەبوون؟**

□ ئەم دیاردەیە هەر لە سەردەمێك و شوێنێکدا دووبارەنەبۆتەوە، بەڵکو بەردەوام هەر هەبوە. تۆ بۆ نمونە تەماشای سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ) بکەو چاوێك بە

لاپەڕەکانیدا بخشێنە، ناوی دەیان شاعیرت بەرچاوئەکەوێ، تەنانەت ناوی هەندێکیان زووزوو لە بەردەستتا قوتئەبنەوە، کەچی لە ئێستەدا ناویان لە کوولەکەی تەرپێشدا نەماوە! لەناو دەیان شاعیرو سەدان شیعردا تەنها چەند شاعیرێکی بەهرەوەرو کۆمەڵێ شیعری باش مانەوەو لەبیرنەچوونەوە. هەرچەندە بەلای منەوە هێشتا زوە بۆ ئەوەی بەو جۆرە تەماشای ئەو بزووتنەوەیە بکەین کە تۆ مەبەستتە، بەلام ئەشزانم پانزە ساڵ کەم نییە بۆئەوەی گەلێ نێبینی لەسەر بنیاتبنرێ.

لە سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەداو چەند ساڵێ دواتریش ئەو شاعیرو چیرۆکنووسانەی بەرهەمیان بڵاوکردەوەو لەبەرچاوبوون، هەندێکیان بە تەمەن لە من گەورەتر بوون {حسەین عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەلال میرزا کەریم} یان هاوتەمەن و ساڵو دوو ساڵ لە من منداڵتر {جەمال شارباژێری، عەبدوڵلا پەشێو، عەبدوڵلا عەباس، رەئوف بێگەرد، کەمال رەئوف محەمەد، محەمەد رەشید فەتاح، محەمەد فەریق حەسەن، خوالێخۆشبوو "لەتیف حامید"، سەدرەدین عارف، رەئوف حەسەن، ئەحمەد شاکەلی، سەلام مەنمی، سەعدوڵلا پەرۆش، محەمەد ئاوارە، جەوهەر کرمانج، شەهید "جەمیل ڕەنجبەر"، بەردخان سەندی}، هەروەها لە ئەوەی خوارتر، کە هەندێکیان تازە سەرەتای دەستپێکردنیان بوو {ئەنوەر قادر، ئەنوەر شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، سەلاح شوان، محەمەد موکری، سەلام محەمەد، سامی شۆڕش، ئەوزاد رەفعەت}.

دیارە هەر لە چاوپیاگێڕانێکدا بەم ناوانەدا، خوێنەر، بە تایبەتی ئەوانەی ئەدەب دۆستن و لە سۆراخی بەردەوامیی بەرهەمی ئەدەبیدا بوون. خۆیان ئەگەنە ئەو ئاکامەی کە چ نووسەرێ جێ دەستی دیارە، یان هەر بەردەوامە، یان بێدەنگە یاخود کەلاکەوتوەو هیچی دیارنەماوە، یان وەستاو یاخود پەرەی بە بەهرەو توانای خۆی داوەو لە ساڵانی داهاتوتردا گەشترو ڕووناکترو دەست ڕەنگینتر بەرهەمی خستۆتە پێش چاو، ئەمە ئەوەندەی پەیوەندی بە پرسیارەکەتەوە هەبێ، بەلام لە شوێنی خۆیدایەتی ئەگەر بچمەوە سەر بانگەوازە ئەدەبیەکەی ڕوانگە، ئەوەی لە شوێنی تردا بیرم چوو بوو بیڵێمو لێرەدا باسی بکەم. ئەو

نووسەرانەی بانگەوازی ئەدەبیی روانگەیان دەرکردو بۆ یەکەمجار لە رۆژنامەی هاوکاریدا بڵاویان کردەوە بریتیبوون لە "حسەین عارف، جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی، کەمال رەئوف محەمەد، جەمال شارباژێری، خۆم".

ئەو سەردەمە حسەین عارف مەکۆی کارکردن و جولانەوە ئەدەبیەکە بوو، لە ئێستەش بە تواناترو، دنیادیدەتر بوو، جگە لەوەش هەر لەو سەردەمەدا یەک لەدوای یەک کۆمەڵە چیرۆکێکی خستە پێشچاو، کە بوونە هۆی بەرپاکردنی گفتوگۆیەکی زۆرو نووسینی چەندین وتاری رەخنەیی، حسەین عارف چیرۆکنووسێکی بەتواناو بەهرەدارە، ئەتوانم بڵێم رێچکە شکێنی سەردەمێکی چیرۆکەو خاوەنی شێوازێکی تایبەتە بەخۆیی و نیشانەیەکی دیارە لە رێبازی هونەری کورتەچیرۆکی سەردەمدا. ئاشکرایە تا ئێستەش بەردەوامەو لە بەخشینی خۆی نەکەوتوە.

کاکە مەم بۆتانی لە سەرەتاوە بە حەماسەتێکی ئێجگار گەرم و گوڕەوە هاتەکایەوەو چەند کورتە چیرۆکێکی جوانیشی نووسی، بەڵام ئیتر لە سەردەمێکەوە بڕیاری ئەوەی دا کە بەرهەم لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو نەکاتەوە، ئێستە بێدەنگەو تا ئەوکاتەی من ئاگام لێبوو خەریکی نووسینی رۆمانێک بوو.

جەلالی میرزا کەریم، لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە دوا بەدوای هەرەس و ئاشبەتاڵ، کوردستانی بەجێهێشت و چوو بۆ ئەوروپاو لەوێشەوە بۆ ئەمریکاو نەگەڕایەوە. جەلال شاعیرێکی بە تواناو تازەکەرەوە بوو. ئەو شیعرانەی لە سەردەمێکدا لە رۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیاندا بڵاوی ئەکردنەوە، تام و بۆنی خۆیان و درەوشانەوەیان دیارو لەبەرچاو بوو. بە گوێرەی ئەو سەردەمە نیشانەی هەنگاوی بەرەوپێشچوونی شیعری تازە بوو. من دڵنیام لەوەی ئەگەر جەلال لێرە بوایەو بەردەوام بوایە، وزەیەکی زۆرتری ئەدا بە بزووتنەوەی شیعری ئەم سەردەمەمان. بێ ئاگایشم لەوەی ئێستە ئەنووسێ یان نا؟!

جەمال شارباژێری.. لە دوای بێدەنگیەکی دووروودرێژ جارێکی تر دەنگمان بیستەوە بەڵام هەر بە هەمان ئاوازو کەرەسەو دەنگ و رەنگی جاری جارانی خۆیەوە. بینەوەی

ئەختینەیەکی تازەتری لەگەڵ خۆیدا هێنابێ. کەمال ڕەئوف محەمەد، ماوەیەک شانۆیی و ئینجا چیرۆکی ئەنووسی و لە دواییدا لە ئیزگەو تەلەفزیون کاری کردوە.. لەم ساڵانە دواییشدا خەریکی نووسینی وتاری ئەرشیفی و کەلەپووری و ڕۆشنبیرییەو لەنێو ئەو بەرهەمانەداو لەم مەیدانەدا کاری بە نرخی بە ئەنجام داوە.

ئەمەوێ لە دواییشدا بڵێم: مەسەلەی حوکمدانی کۆتاییش بەسەر هەر شاعیرو نووسەرێکدا کارێکی دژوارو مەترسیدارە! چونکە تا ئەو نووسەرە لە ژیاندا بێ، ئەشێ لە پاش بێدەنگی و گۆشەگیری بێتەوە مەیدان و ناشتوانین پێشبینی ئەوە بکەین چۆن دێتەوە! هەروەکو خۆی؟ یان بە بەرهەمی باڵاترەوە؟ هەروەکو چۆن ئەتوانین بڵێین ئەم دیاردانەش هەمووی سروشتیەو سەیرنین. بۆیە من لە لای خۆمەوە پرکێشی ئەوە ناکەم ئێستە وا بە ڕەهایی حوکم بدەم، چاکتر وایە بێدەنگ بم!.

■ نافرەت وەک هاوسەر یان بە گشتی، چ ڕۆڵێکی لە ژیانتا هەیەو کاردانەوەی بۆ سەر بەرهەمی شیعریت چییە؟

□ ئەگەر شیعر لە دنیای نافرەت دەرهاوێژرێ وەك ماسی لە ناودەرهێنراو ئەویش ئەخنکێ!. نافرەت بەردەوامی ژیان و خۆشەویستی و بەهاری ئەدەبە، بڕواناکەم ئەدیبێ بووبێ و هەبێ نافرەت هەوێنی بە لایەنی کەمەوە بەشێك لە نووسینەکانی نەبووبێ و نەبێ، سەرچاوەی ڕوونی بەهرەو داهێنانی نەبووبێ، ئینجا ئەو نافرەتە دەزگیران بووبێ.. دایك بووبێ.. یان هاوڕێ و هاوسەر. بەشێك لە شیعرەکانی "تریفەی هەڵبەست" و "کەژاوەی گریان" و "تینوێتی" و "کازیوە" بوونەتە گوڵدانی دەیان چەپکە گوڵی ئەوین و خۆشەویستی و یادگارەکانی رابوردووی تەمەنم.. هەر لە دەرگای سەوزی ئەمانیشەوە، واتە ناو باخچەو دارستانی دنیای بەرینی شیعر. منیش وەك زۆربەی شاعیرانی ئەم دنیایە خۆشەویستی و جگەرسۆزی و هاوڕێیەتی جوانی و عەشقی ڕەنگاوڕەنگی ئەوان، بوونە پەلکە ڕەنگینەی بەهرەو خەونی شەوانەی شیعرەکانم. لە خۆشەویستی دەزگیراندا، بەهاری تەمەن و لە ئەوینی دایکدا سۆزی بێکۆتایی و لە ژیانی هاوسەریشدا وەفاو ڕەنج و میهرەبانیم

بینیوە. لە قەسیدە درێژەکەی "کۆچ"ەوە ئافرەت و خاك بوونە یەك ڕووبارو تێکەڵ بە خۆشەویستی گەورەی نەتەوەکەم بوون. پرچی ئافرەت و چڵە درەختێکی کوردستان، چاوی کیژۆڵەیەکی کوردو کانییەکی بێ بنار، ڕەزێکی سووتاو و دەموچاوی پیرێژنێکی سك سوتاوی وڵاتەکەم هەر هەموویان بوون بە گۆرانی شیعرەکانم. هەڵبەتە پێشتر ئافرەتم هەر لە پەنجەرەیەکی ڕۆمانسیانەی بەر کریفەی مانگە شەوەوە ئەبینی، بەڵام تاقیکردنەوەی ژیان، ئەم سەرنجە هەرزەکارو یەکلایەنییەی گۆڕیم و تێی گەیاندم ئافرەت هێزێکی گەورەو وزەیەکی لەبن نەهاتووی ئەم ژیانەیە، هەر لەنجەی کەوو تاوس و قومری نییە، بەڵکو باڵێکی تری هەڵۆی ڕەنج و تێکۆشان و خۆبەخت کردنە، سەنگەرێکی پیرۆزی تری کوردستان و ئەم جیهانەیە. لە قەسیدە درێژەکەی "بەیان"ی کچە پێشمەرگەدا هەستم بوە بە گۆمی ئەو موعاناتەی لە دەمێکەوە لە دەروونمدا پەنگیان خواردبۆوە. ئاواتێکی تری ئەدەبیم ئەوەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا بتوام زیاتر ئەم دڵەی خۆم بکەم بە نێرگزەجاڕی خۆشەویستیی گەورەی ئافرەت و دەنگی ڕاپەڕینیان!

■ **لە واقیعی ئێستادا شیعر هەرچیەک بکا ناتوانێ لە سیاسەت دابڕێ، ئینجا هەن پێیان وایە کە شاعیر دەتوانێ لە یەک کاتدا هەم شاعیر بێ و هەمیش مومارەسەی سیاسەت بکات، هەشن پێیان چاکترە شاعیر شارەزایی لە مەسەلە فیکریو سیاسیەکاندا هەبێو وەک پیشە موماسەرەی سیاسەت نەکات.. تۆ لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆتەوە، سەرنجت چییە؟**

□ ئەو دوو حاڵەتەی تۆ دەستنیشانت کردن، دیارە نمونەیان لە ژیانی فیکرو سیاسی گەلێ لە ئەدیبانی دنیاو کوردستاندا بەدی ئەکەین، واتە ئەدیبی (مونتەمی) پەیوەندار بە - بزبێکی سیاسیەوەو لەملایشەوە ئەدیبیی نامونتەمی، بەڵام (مولتەزیم) بە فیکرێك یان مەسەلەیەکی فیکریو سیاسی پێشکەوتووخوازەوە. ئێمە نمونەی ئەدەبی ڕاستەقینەو ناڕاستەقینە "داهێنەر و ناداهێنەر" لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەبینین. واتە ئەدیب هەیە پەیوەندارە یان مونتەمی بوە بۆ حیزبێك و لەهەمان کاتیشدا ئەدیبێکی دیارو هەڵکەوتوو بوەو ئەم ئینیتما حیزبیە ڕێی لە بەهرەو گەشەکردنی نەگرتوە، بۆ وێنە وەکو "گۆران،

ئیبراهیم ئەحمەد (لە سەردەمی خۆیدا)، نازم حکمت"، لەم لای تریشەوە ئەدیبی ئامونتەمیو داهێنەر، کە ئەمانە ڕەنگە نموونەیان زۆرتر بێ، هەروەکو چۆن لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئانەدیب و ئەدیبی ئاسایی ئەبینین. لە سەرێکی تریشەوە منیش هەر بڕوام وایە کە ئەدیبی (ئاسیاسی) وجودی نییە تەنانەت ئەدیبە مۆدێرنیزمەکانی ئەورووپاش کە بانگەشەی سڕینەوەی کەسایەتی مرۆڤ ئەکەن لە بەرهەمەکانیاندا، ئەوانیش هەر سیاسین و سەر بە بیکرێکی دیاریکراون. هەرچەندە ئەزموونی هیچ ئەدیبێك ناچێتە جێی ئەزموونی ئەدیبێکی ترو وەك پەنجەمۆر هەر یەکەو نیشانەی تایبەت بەخۆی پێوەیە، بەڵام سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی تر، دیارە ژیان بەپیتتر ئەکات -وەکو پێشتریش وتم من نزیکەی (١٥) ساڵە ئینتیمای حیزبیم نەماوەو هەتا ئێستەش هەروام، ناشمەوێ حاڵەتی خۆم بەگشتی بکەم، هەر ئەوەندە ئەڵێم: من خۆم بۆ خۆم وام بە چاك زانیوە سیاسەت ئەکەم بە پیشەو لە هیچ حیزبێکدا کارنەکەم باشترە، چونکە سەربەست ترم و ئەتوانم باشتر بجووڵێم و بنووسم. ئەمە جگە لەوەی توانستی کارکردنی حیزبایەتی لە خۆمدا شك نابەم، لەبەرئەوە بڕوام وایە ئەم حاڵەتەیان بۆ من گونجاوترە.

■ هەروا بە گشتی پەیوەندی نێوان شیعرو سیاسەت چۆن ئەبینی؟

□ وا بە گشتی ڕەنگە ئەتوانم بە وردی دەست بخەمە سەر بنەچەی مەبەست، لەگەڵ سڵەمینەوەیەکی زۆریشدا! ئەگەر بشێ بڵێم: "سیاسەت" کۆمەڵێ "چەمك" و بیردۆزو بەرنامەی کارو زانستە، ئەو هونەری بەڕێوەبردن و ڕابەریکردنەیە کە هەر قۆناغ و پلەیەکی مێژوویی بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی، بە پێی بەرژەوەندیو ململانێی چینایەتی.. ئەتەوایەتی ڕوانینە گشتیو تایبەتیەکانی پێچەوانە ئەکاتەوە. ئەوا بە سڵەمینەوەیەکی زیارتریشەوە ئەڵێم: "ئەدەب"یش بریتیە لە ڕەنگدانەوەی ئیحساس و هەستی ئەو تاکە کەسانەی لە ڕێی زمانی نەتەوەییەوە بەهرەی خودهۆشیاری کۆمەڵایەتیو تاقیکردنەوەیان سەرچاوەن بۆ دەبڕینێکی بەرزی هونەری. بوونە کۆمەڵایەتیەکەش لە بنەڕەتدا دەستنیشانی سیما گشتیو تایبەتیەکانی ئەکات!. ئەگەر "سیاسەت" زمانی

زانست بێ، ئەوا "ئەدەب" زمانی "هەست و ئەستە"و پەیوەندی ئەدەبو سیاسەتیش پەیوەندییەکی دینامیکیو لەیەك دانەبڕاوە، وەك پەیوەندی دڵو مێشك وایە!

■ **ئەی لە نێوان شاعیرو سیاسیەکاندا؟ جۆری پەیوەندییان.. ناکۆکیان؟**

□ دیسانەوە ئەم پرسیارەشت هەر تووشی گێژاوی وەڵامدانەوەیەکی بە پێچ و پەناو ناتەواوم ئەکات، چونکە هەر لە یەکەم سەرنجەوە چەندین پرسیاری وەکو: کام شاعیر؟ کام سیاسی؟ گەلەیی و لە کوێ و لە چ قۆناغێکی کۆمەڵایەتیداو چ جۆرە پەیوەندییەك و زۆر شتی تریش.. وەك گلۆڵەی ئاڵۆزکاویان لێ دێت! جا ئەگەر بە تەواوی و وردی دەستنیشانی ئەو "زاراوانە" نەکەین، دیارە وەڵامەکانی منیش هەر شڵەژاو و ئاڵۆزکاو ئەبن. دوور نەڕۆین جاری وا بوە شاعیری بەهرەداری گەورەی ئەم دنیایە بە پیشەو دەسەڵاتیش "سیاسیی" بوون، یان وردتر بڵێین بەکاروباری سیاسی دەوڵەتیشەوە خەریك بوون و پلەو پایەی سیاسیشیان هەبوە "پابلو نیرودا ئەندریە مۆروا، سان جۆن بیرس، سنگور"و گەلێکی تریش کە ئێستا ناویانم بیرناکەوێتەوە، لەملاشەوە کاتێ ئەڵێین "سیاسی" بە مانا دەستنیشانکراوەکە، "ڕێگن"یش سیاسی بوو، "گۆرباچۆف"یش سیاسیەو لەهەمان کاتیشدا (مسعود بارزانی)یش سیاسیەو (جەلال تاڵەبانی)یش هەر سیاسیە! دیارە بەم پێیە شاعیرانیش هەر ناخرێتە یەك ریزەوە، وەکو شاعیری کۆنەپەرستو سەر بە ڕژێمی دیکتاتۆری هەیە، شاعیری شۆڕشگێڕو ئازادیخوازو سەر بە بەرەی گەل و پێشکەوتووخوازیش هەیە!.. هەر هەموو بە "شاعیرو سیاسی"یشەوە پێویستە: جێ و ڕێی کۆمەڵایەتیان، بیرکردنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیان، هەڵوێست و بەرهەمی شیعریان، بەرنامەی سیاسی و داهێنانیان، دەوریان لە بزووتنەوەی مێژوودا، ڕوانینیان بۆ ژیان و بنەمای فیکریان، بە وردی لە یەکتر جیابکرێنەوەو پێناسە بکرێن، ئینجا ئەتوانین قسەی "تەواویان" لەسەر بکەین.

■ **کام سیاسی؟ سیاسی پێشکەوتووخواز و ئازادیخواز، یان سیاسی دیکتاتۆرو خوێنڕێژ. سیاسی ناو ژووری لە سێدارەدانی ڕژێمە داگیرکەرەکان؟ یان سیاسی حیزبە کارتونییەکان؟ شاعیری شۆڕش؟ یان شاعیری ڕژێمی دژی شۆڕش؟**

□ بەڵێ ڕەگی "ناکۆکیو ناتەباییش" لە نێوان هونەرمەندانو سیاسییەکاندا بە گشتی لە دێر زەمانەوە هەر هەبوە. ئەم ناکۆکییەش لە جەوهەری هەرکام لەو دوو ڕوانینە -یەکگرتوە لە هەمانکاتدا دژەوە- هاتوە کە لە نێوان "عەقڵی سیاسی"و "هەست و ئەستی" -- هونەرمەندا بە گشتی- بوە. دیارە هەرچی "سیاسییەکانە بە گشتی" بەر لە هەموو شتێ لە چاوی بەرژەوەندی: چین و دەوڵەت و حیزب و سەرکردایەتی و تەکتیکەکانی خۆیانەوە تەماشای -بازاڕی شیعریان- کردوەو ویستویانە یان حەزیانکردوە، ئەم هونەرە لە خزمەت ستراتیژیەت و پلان و ڕوانینەکانی ئەواندا بێ! هەرچی شاعیرو هونەرمەندانیشە "بەگشتی" بەر لە هەموو شتێ گوێڕایەڵی هەست و ئەستی خۆیان، خودی خۆیان و سەربەستی دەربڕینی خۆیان بوون. تەنانەت لەم سەرنجە گشتییەشدا، ئەم ناکۆکیو ناتەباییە لە هەموو دەورو زەمانێکدا، لای هەموو حیزبو کۆمەڵێکی سیاسی چوونیەك نەکەوتۆتەوە، یەك ڕەوتی چوونیەکیان نەبوە. واتە وەکو چۆن گەڵجار ئەو دوو باری سەرنجە لە یەکتر جوێ بوونەتەوە، جاری وایش هەبوە خودی شاعیرەکە و ڕوانینی سیاسییە کە لە کێشەیەکی گشتی یان تایبەتیدا یەکیان گرتۆتەوە. مەبەستیشم لە یەکگرتنەوەیەکە ئازادانەو بێ هیچ فشارێك، بێ هیچ مەراییو دەستیاو و بەرژەوەندییەك دروستبووبێ، ناخی شاعیرەکە سەرچاوەی بووبێ، چونکە بێگومان تەنانەت ئەو "سیاسی"انەی لە دنیای ئەدەبیشەوە دوورن، وەك مرۆڤ هەر خاوەنی هەست و سۆزی ئینسانی گەورەن.

■ **باشە بابچینەوە سەر هونەری شیعر. قەسیدەی درێژ و تاقیکردنەوەی ئەم چەشنە شیعرە لای تۆ چۆن بوە؟**

□ قەسیدەی درێژ لە ئەدەبی عەرەبیدا بە قەسیدەی "دیوان"یش ناوئەبرێ. ئەم چەشنە شیعرانە -بە پێی هونەری هەر سەردەمێ- لە هەموو قۆناغەکاندا نووسراون، قەسیدەی

ئاسایی نین و درێژترین هەناسەی شاعیرن. لە ئەدەبی رابردوماندا نمونەی شیعری درێژ لای هەندێ شاعیر زۆرەو لای هەندێکی تر کەم یان هەر نییە. بۆ نمونە نالی و سالم بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆیان و پاش سەردەمی خۆیشیان بە چەندین ساڵ، شیعری درێژیان نووسیوە. لە شیعری تازەی جیهاندا، (ئەلیوت)و (ئەزرا پاوند) جگە لەوەی گۆرانێکی گەورەیان بەسەر شیعری هاوچەرخدا هێنا، "ئەلیوت"یان، لە نووسینی قەسیدەی درێژدا پێشڕەوە. دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی تازەی هاوچەرخی کوردیو دوای گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی، "گۆران" بە هەردوو گەشتە شیعرییەکەی "هەورامان و قەرەداغ"و "پەیامی لاوکی سوور"و چەند قەسیدەیەکی تر.. قەسیدەی درێژی بە شێوەیەکی تازەتر هێنایەوە مەیدان. لە شیعری تازەی عەرەبی عێراقدا لەم چەشنە قەسیدە درێژە درامییانە بۆ یەکەمجار (بدر شاکر السیاب)ی پێشڕەوی بزووتنەوەی شیعری نوێ لە قەسیدە درێژەکانیدا، بە تایبەتی لە "المومس العمیاء"دا، درامای شیعری نوێکردەوە. هەروەها لە لایەن شاعیران (ادونیس)و (خلیل حاوی)یەوە پەرەیان پێدرا. قەسیدە درێژەکەی (بلند الحیدری) "حوار عبر الابعاد الثلاثة" بەرهەمێکی گەورەو چڕوپڕی ئەم تاقیکردنەوەیە بوو. لە حوزەیرانی ١٩٧٥یشدا منیش لە تاقیکردنەوەی شیعری خۆمداو لە شیعری تازەی ئەو سەردەمانەدا بۆ یەکەمجار قەسیدە درێژەکەی "کۆچ"و دواتریش "برایمۆك و گۆرانی بەفرو منداڵیم"و ئینجا لە تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا قەسیدەی "داستانی هەڵۆی سوور"م نووسی، کە تا ئێستە درێژترین قەسیدەی منن.

قەسیدەی درێژی سەردەم وەك شیعری (لیریك-غنائی) هەر بە تەنها رەنگدانەوەی هەڵچوون و داچوون و خەمە تایبەتیەکانی شاعیر نین، بەڵکو بریتیە لە خودی شاعیرو کەسانی تریش، لە دەنگی تایبەتی و گشتی، لە دەنگی تاك و کۆمەڵ، لە ململانێی نێوان هەست و هۆشی شاعیرو هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی شاعیر، لە ناکۆکیە جۆربەجۆرەکانی ژیان و کۆمەڵ و کات و شوێن لە ئێستەو رابردووی نزیك و دووردا لە هاتوچۆدان. پەنابردنە بەر کەلەپوورو داستان و بەیت وەك هەوێن تێکەڵکردنیان بە گیانی قەسیدەکەو لە دواییدا

هەڵشێلانەوە، لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی ئەم قەسیدانەیە. ئەمە جگە لە موتوربەکردنی ڕستەو وشە لە شوێنی خۆیاندا. شیعری درێژ وەك سەفەری دووروودرێژ وایە، تاقیکردنەوەی زۆرترو بینینی هەمەڕەنگو ڕووداوی جیاجیا، ئەزموونەکە پەلوپۆدارو چڕتر ئەکاتەوە، ئەم قەسیدە درێژانە وەك ڕووبار لەگەڵ ڕەوتی خۆیاندا، قووڵبوونەوە، یان بواری تەنك، شەپۆلی تیژ، هێواش، دروستئەکەن. نەفەسی شاعیریش لەم شیعرانەدا چاکتر بەدەرئەکەوێ.

لە قەسیدەی "کۆچ"دا ناوەڕۆك بریتییە لە: کارەساتی ڕۆژانی هەرەسو ئەو تاقیکردنەوانەی شاعیر تیا ژیاوە، کەسانی تر تیا ژیاون، لە دەنگی خۆیی‌و دەنگی ئەوان، لە بابەتێتی ڕۆژگارەکان، چوونە ناو شۆڕش، تێکشکانو گەڕانەوە، کۆچی بەرەو ژوور، کۆچی بەرەو خوار، دواساتە تراژیدییەکانی ناشبەتاڵی ١٩٧٥، نامۆیی‌و تەنیایی‌و نائومێدی ئەو ساتانە. لە "داستانی هەڵۆی سوور"دا، کە تەواوکەری "کۆچ"ە، ژیانەوەیە. ڕاپەڕینی هەڵۆ سوورەکانەو دیسانەوە سەنگەر گرتنەوەیە. شیعرەکان داستان نامێنن‌و زمانی شیعر لە نێوان زەین‌و واقیعدا دێن‌و دەچن. بە کورتکردنەوەی زمان، گەڕانەوە بەرەو دواو دیسانەوە هاتنەوە بۆ کاتی لەدایکبوونی قەسیدەکە، ئەمانە هەمووی وەك چاوی کامێرای فلیمێکی دەربڕینخوازیی لەمسەرو لەوسەر کردندان. هەروەها لە قەسیدەی "برایمۆك و گۆرانی بەفرو منداڵیم"دا پەنام بردۆتە بەر کەلەپوورو جارێکی تر بەیتی "برایمۆك"و هەوێنی ئەو بەیتەم تێکەڵ بە ڕۆژگاری تر کردۆتەوە: منداڵیی خۆم، سەردەمی حاجی قادر، سەردەمی شاعیرێکی هاوچەرخو برایمۆك وەك مەکۆی هەموو سەردەمەکان وایە. هەوڵم داوە ئاوو هەوای شاخ‌وداخی کوردستان‌و ئەو ڕەنگانەی بە گیانی کورد ئاشنان بژێنمەوەو وێنەیان بگرم. لە "کۆچ"دا هەروەك ڕێکردنی کۆچێکی بێ بڕانەوە شکڵی شێوەکەش بێ پشووەو تا کۆتایی، حەسانەوە بە خۆیەوە نابینێ. هەر لەبەرئەوەش هیچ فاسڵێك لە نێوان شیعرەکاندا دانەنراوە. لەم شیعرە درێژانەدا زۆرجار شادێڕێ، شابەیتێ، ئەبنە تەوەری قەسیدەکەو لە دووبارەبوونەوەدا ڕووداوی تازە وەك گێژەنێ بە دەوری خۆیاندا ئەسووڕێننەوە، بەمجۆرە بزووتنەوەیەکی بەردەوام دروستئەکەن. ڕەمزو هێماکان لەنێوان کێشەی سەرەکی‌و خودی

شاعیردا تێکەڵ بە یەکتری ئەکەن. جارێك ئەبنە خاك و جارێکی تر دڵدارو جارێکی تر لەگەڵ دیاردەکانی سروشتدا تێکەڵ بە یەکتری ئەبنەوەو بەو جۆرە پەرە بە نشونماکردنی خۆیان ئەدەن.

■ یەکێ لە ئەڵقە لاوازەکانی ئەدەبی کوردی، نەبوونی ڕۆمانە، هۆی ئەم ئەڵقە لاوازە بۆچی دەگێڕیتەوە.. هەروا بۆ "ژانی گەل" و "پێشمەرگە" چۆن تەماشایان ئەکەی؟

□ بە بڕوای من نە لە هونەری ڕۆماننووسین گرانتر هەیەو نە لە جیهانی ئەدەبیشدا لەم کۆشکە بەرزتر هەیە! ئەم هونەرە لە بنەڕەتدا سەر بە شارستانیەت و لەنێو ئەو شارو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە چڕوپڕانەوە ڕسکاو پەیدابوو کە ناکۆکی و ململانێی چینایەتیان لە نێودا گەیيبوو. ئەم هونەرە گەورەو گرانە زۆر درەنگ لە ڕۆژهەڵاتدا هاتەکایەوە. هەتا ئێستەش لە زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تەواوی کامڵ نەبوەو ئەو داهێنانکاریانەی ڕۆمان گەرەکێتی هێشتا پێویستیان بە نشونمای زیاترە. لەناو وڵاتانی عەرەبیشدا بۆ یەکەمجار لە باکووری ئەفریقا و لە میسردا نووسرا. چونکە بارودۆخە کۆمەڵایەتیە شارستانیەکەی میسر لەو سەردەمانەدا بۆ هاتنەکایەی ئەم هونەرە لەبارترو گونجاوتر بوو. لەوەوبەریش لە ڕۆژگاری داگیرکردنی فەڕەنسییەوە، میسر سەری پردی پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ئەوروپادا بەستبوو. بە کورتی ڕۆمان لە کۆمەڵگای بورژوای تازەپیاکەوتووی تازە سەرکەتووی ئەورووپاوە سەری دەرهێنا. کەواتە هۆی نەبوونی ئەم چەشنە ئەدەبە بەرزە لەناو ئێمەو لە کوردستاندا بەر لە هەموو شتێ بۆ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و بابەتییانە ئەگەڕێتەوە نەك بۆ هۆی لاوەکی تر. ئەمە سۆنگەی بنەڕەتیە. ئێمە تا ئێستە بە مانای تەواوی "ڕۆمان" ڕۆمانمان نییە. "پێشمەرگە" و "ژانی گەل"ی مامۆستایان "ڕەحیمی قازی" و "ئیبراهیم ئەحمەد"، بەلای منەوە ئەچنە خانەی چیرۆکی درێژەوە نەك ڕۆمان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هەردوو کارەکە دەست پێشکەری گەورەیان بۆ دانانی بنەمای ئەم هونەرە کردوە. *"پێشمەرگە" و "ژانی گەل"*، چ وەك جیهانی دەرەوەو ناوەوەی کەسانی ناو چیرۆکەکان، لە کزی و ڕوانینی یەك لایەنی و نشونمانەکردنیاندا، چ

وەك ئەو پەیوەندیانەی نێوانیان بۆ دۆزینەوەی زمانی هاوبەش، چ وەك چەندو چ وەك چوونێ کە ڕۆمان گەرەکێتی بۆ پەل وپۆ لێبوونەوەی چڕتر، چ بە قەوارەو ژمارەی وشە، نەبوون بە ڕۆمان و دنیایان تەنگەبەرترە لە دنیای بەرفراوان و بەرینی ڕۆمان. نووسەری "ژانی گەل" ئەگەر "باك گراوندی" زۆرتری بۆ هەندێ لە کەسانی تر، جگە لە پاڵەوانی چیرۆك، دروست بکردایەو ڕەچەڵەکی کەسایەتی و دەروونی ئەو کەسانەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیانی بەربڵاوتربکردایەو درێژەی بەکارو کردەوەیان و وردکردنەوەی شتە بچوکەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بدایە، ئەیتوانی ڕۆمانێکی چاکی لێپێك بهێنێ. ئێستە پێویستە باس لە هۆیەکی گرنگی تری ئەم مەسەلەیە بکەین و بپرسین: نووسینی ئەو چیرۆکە درێژانە لە لایەن ئەو دوو مامۆستایەوە چی ئەگەیەنێ؟ بەلای منەوە وەڵامەکەی ئەوەیە: چونکە بە تەنها هەر خاوەن بەهرەی ئەدەبی نەبوون و بەس، بەڵکو ڕووناکبیرو ڕۆشنبیری دیاری سەردەمی خۆیشیان بوون، چونکە کاری ئەدەبی وا گران، بە تایبەتی چیرۆکی درێژو ڕۆمان بە کەسانێ ناکرێ، کە بە تەنها پشت بە بەهرەو سەلیقە ببەستێ و نیمچە خوێندەوار بێ، پێویستە ڕۆماننووس ڕۆشنبیرێکی کامڵیش بێ، ئاگای لە هەموو مەسەلە فەلسەفی و هزری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و زانستی و زانیارییە جۆربەجۆرەکان بێت. ئەبێ خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژی و مێشکێکی فەرهەنگ ئاسای هەبێ، بۆیە ڕۆماننووسە بەناوبانگەکان زۆر بە دەگمەن لە ناویاندا هەڵکەوتوە کە لە تەمەنی لاویدا بتوانن لەم مەیدانەدا بە ڕۆماننووس بناسرێن، چونکە بە ڕاستی ئەم هونەرە هونەری تەمەنی قاڵ بوە بە ڕووناکبیری و زانستی و تاقیکردنەوەو هەوڵی بەردەوام.

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم لە ساڵی (١٩٥٦)ەوە "ژانی گەل" نووسراوە، واتە ٢٩ ساڵ لەمەوبەر. دیارە لەماوەی ٢٩ ساڵدا چ کۆمەڵ و چ ڕووناکبیری و چ چروپڕی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، سەرەڕای باری ناهەمواری کوردستان، ئەبێ ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر لەبەرچاویش نەبێ.. بەرەوپێشتر چوو بن. ئەمە لە کاتێکدا لە ماوەی ئەم ٢٩ ساڵەدا، خوێندەواریی، هۆیەکانی پەیوەندی لەگەڵ دنیادا، کتێب، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، سینەما،..

زیادی کردوه، هۆشیاری کۆمەڵایەتیو سیاسی پەرەیسەندوه، لەوساشەوە تا ئەمڕۆ، چەند جارێك دەرفەتی چاپو بڵاوکردنەوە، جۆرە هەناسەدانو سەربەستیەك، بە تایبەتی لەدوای ئازاری ۱۹۷۰ەوە بۆ ۱۹۷٤ رەخساوە، کەچی تا ئەمڕۆش لە دنیای چیرۆکی درێژو رۆماندا لە *ژانی گەل* و پێشمەرگە زیاترمان نییە.. خۆی ئەمە نیشانەیەکی خراپ لە رەوتی چیرۆکی کوردیدا دیاری ئەکات. ئەبوایە چیرۆکنووسەکانمان بە تایبەتی ناسراوەکانیان لە دەمێکەوە بچوونایە بە پیر پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەوە. ئەگەر بە نووسینی ئەزموونگەرایش بوایە تا ئێستە چەند هەوڵێکیان بە چاپ بگەیاندایە. لەو ساڵانەی دواییشدا رۆمانە دەستنووسەکەی مامۆستا سەعید ناکام "ئاگری بن کا"م خوێندەوە، بە داخەوە دەرفەتی لەچاپدانی بۆ نەڕەخساوە. مامۆستا ناکام لە سەرەتای شەستەکاندا ئەم رۆمانەی نووسیوە. لەبەرئەوەی چاپ نەکراوە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین. لەو ساڵانەی دواییشدا چەند ئەدیبێکی ترمان پرۆژەی نووسینی رۆمانیان بەدەستەوە بوو. وا لەناو ئەم شاخ و داخانەشداو لە شۆڕشدا کاك محەمەد موکری چیرۆکنووس رۆمانەکەی کە بە ناوی (هەرەس)ەوەیە لە چاپداوەو رەنگە لە رۆژانی داهاتودا بگاتە دەستمان، ئومێدئەکەین هەنگاوی بەرەو پێشتری نابێو لەکاتی خۆیشیدا ئێمەیش بتوانین لێی بدوێین.

■ ئەی حاڵی رەخنەی کوردی چۆن دەبینیو موعاناتی خۆت لەگەڵ رەخنەدا چییە؟

□ رەخنەگرتنو شیکردنەوە بە مەبەستی ژیان بەخشین بە بەرهەمو تاووتوێ پێ کردنیانو هەڵسەنگاندنیان بە مەبەستی رابەریکردنی بابەتیانەی خوێنەرو دەسگرتنیان. بە نیازی خوێندنەوەی فرەلایەنی بەرهەمەکەو نیشاندانی تاریکیو رووناکی، دیارە کارێکی نەك هەر پێویستە، بەڵکو نیشانەی زیندووییو بە بڕشتیی ئەدەبی هەر میللەتێك ئەگەیێنێ. تا ئێستە رەخنەی ئەدەبیش لەناو ئێمەدا لەسەر بناغەیەکی دەرەکی رەنگی بۆ ئەڕێژرێ. هەڵبەتە لە زەمینەیەکی وا نادروستیشدا ئەوەی ئەچێنرێ کەمیان سەوزئەبن لای ئێمە تا ئێستە ئینتیمای حیزبیو ئایدیۆلۆژیو هاوفیکریو برادەرێتی، ئەبنە پێناسەی بەرهەمە ئەدەبیەکانو حوکمیان بۆ دەرئەکرێ. بە زۆرییش یا بە شانو باهودا هەڵدانە یاخود بە

ناخی ئەرزدا بردنە خوارەوەیە! ئێمە هەموومان -کەم و زۆر- ئەو گیانە خێڵەکییەمان تێدایە.
من هەر زوو لە چاو پێکەوتنێکی ئەدەبیدا وتبووم "تۆ پێم بڵێ کێ لەسەر کێی نووسیوە، من
پێت ئەڵێم رەخنەکە چۆنە!. ئەم دیاردەیە نیشانەی دواکەوتنی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو
رۆشنبیریمانە، نیشانەی رێ لە سەربەستی گرتنی یەکترو کوشتنی گیانی دیموکراتیانەیە.

هەموو جارێ کە مەسەلەی دەمەتەقێ لەسەر رەخنەی ئەدەبی دێتەئاراوە، ئەوەی رەخنەگرە دەم بە گلەییە لە نووسەرو ئەوەی نووسەریشە نارازییە لە رەخنەگر. من ئەوەندەی لێرەدا ئەمەوێ لە کەش و ئاووهەوای ناجۆری ئەو پەیوەندیانە بدوێم، لە هونەرو زانستی رەخنە نادوێم. بۆ وێنە: من و تۆ پەیوەندی شەخسیمان ساردە یان تێکچوە، بیروباوەڕی سیاسیشمان جیایە، تۆ شاعیریو منیش رەخنەگرم، من دێم دیوانەکەی تۆ ئەگرم بە دەستمەوەو دوای خوێندنەوەیەکی -زۆرجار سەرپێیی- قەڵەمەکەم دەرئەهێنمو جارێ پێشەکییەکی دووردرێژ ئەنووسم و بڕیار ئەدەم تۆ بکەم بە "وجودی" یان "عەبەسی" ئینجا دوای ئەوە چەند لاپەڕەیەکی تریش لەسەر عەبەسیەت ئەنووسم، دوایی لەملاو لەولا ئەکەومە چنینەوەی کۆمەڵێ "مەقولات"ی فەلسەفیو ئەدەبی، ئینجا ئەگەڕێم کام شیعر لەو دیوانەدا لاوازە یان کەلێنێکی تێدایە بۆ هێنانە ژوورەوەی رقی خۆم ئەیگرمو بەری نادەم، دوای ئەوەش ئینجا بە کۆمەڵێ زاراوەی بریقەدار کۆتایی بە نووسینەکەم دێنم. هەر ئەم دیمەنە پێچەوانە بکەرەوە بە باری پیاهەڵدانو ستایشدا، ئەوا دیمەنێکی تەواوی رەخنەت لە -نموونە زۆرەکانیدا- بەرچاوئەکەوێ. من دڵنیام لەناو ئێمەدا، کام پەیوەندی تەباو گونجاوو رێکوپێکە، بە نووسینی وتارێکی رەخنەیی، بە مەرجێ لەسەرئەنجامی گشتیدا بە قازانجی شەخسی -پیاهەڵدان، ستایش- ئەشکێتەوە، ئەوا ئەو تەباییو گونجاندنە لەماوەی شەوو رۆژێکدا زۆر بە خێرایی بەرەو تێکچوون و هەڵپژانەوە بە رووی یەکتردا ئاکامیانە. ئاوڕدانەوەیەك لە تاقیکردنەوەکانی ئەم مەیدانە دەیان رووداوی وامان بیر ئەخاتەوە. من ناڵێمو ئەم وتوەو ناشبێت کە ئەم دیوانە لە شیعری لاوازو بێ کەلێن خاڵیە. بەڵام ئەڵێم: وەکو کارە ناتەواوەکانم ئەخەیتە روو، کارە باشەکانیشم باسبکە! من وەك درکم هەیە،

گوڵیشم هەیە! لەمەش کارەسات تر ئەوەیە -زۆرجار وا لە شیعری من کراوە- لە دیوانێکی چاپکراودا، رەخنەگرێ هاتوەو بە بێ هیچ سڵەمینەوەیەك، زۆر بە رەهایی بۆ بە ئەنجامدانی مەبەستێکی خۆی لە قەسیدەیەکی درێژی دوو سەد دێڕیدا، چوار پێنج دێڕی کۆتایی کە لەشی شیعرەکەی پچڕیوە، بەم پچڕانەش هەموو ناوەڕۆکی شیعرەکەی لەبەریەك هەڵوەشاندوە، مەبەستی راستەقینەی ناوەڕووکردۆتەوە، ئینجا پوویشی کردۆتە خەڵکەکەو رتویەتی.. فەرموون ئەها فلان ئەڵێ چی؟! ئەمانە چ پاشاگەردانییەکی رەخنەیان ناو لێ ئەنرێو چ قەرەقوشێکی رەخنەی ئەدەبی لە دنیادا کردوونی؟!

زۆرچاکە با تەماشای واقیعی بەرهەمی ئەدەبیو لەملایشەوە تەماشای رەخنەی ئەدەبیمان بکەین، ئایا کارە داهێنەرەکانی رەخنەو ئەدەب شانبەشانی یەك رۆیشتوون؟ بۆ وێنە ئەو پێشکەوتنەی لە ماوەی پانزە ساڵی رابردوودا بە کورتەچیرۆکی هونەریی کوردیەوە، لە نموونە باشەکانیدا ئەبینین، بەو پێیەش لە رەخنەدا دیومانە؟ ئایا وەك ئەتوانین ناوی چەندین شاعیرو چیرۆکنووسی هەڵکەوتووی بەتوانا بێنین، ئەتوانین بەو پێیەش ناوی رەخنەگری هەڵکەوتووی بەتوانا بێنین؟.. بەڵێ ناو بەناو وتاری بەنرخ نووسراون، بەڵام هەرگیز لە ریزی کارە داهێنەرەکاندا نەبوون. ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە تا ئێستە نە (نالی)یەکی رەخنەگرو نە (مەولەوی)یەکی رەخنەگرو نە "گۆران"ێکی رەخنەگرمان نییە.. چونکە هێشتا ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیە فەرهەنگیە دروستنەبوە تا ئەوانی تێدا پێبگەن!

■ ئەی باشە بەڵای تۆوە کێن ئەو رەخنەگرانەی جێ دەستیان دیارە؟

□ یەکەمین هەوڵی جدیانە و تەقەللای زانسیانە لەم مەیدانەدا لەسەر دەستی شاعیرو رۆشنبیری گەورەی سەردەمی خۆی "شێخ نوری شێخ ساڵح"دا هاتەکایەوە. ئەتوانین بڵێین بەردی بناغەی رەخنەیەکی هاوچەرخانەی دانا. دواییش لە لایەن مامۆستای ئەدیب و روناکبیری ناسراو "رەفیق حیلمی"یەوە چینی دیوارێکی نوێی بۆ دانراو پاشانیش لەلایەن

مامۆستایان عەلائەدین سوجادی و هاوڕێکانیانەوە بەتایبەتی لە سەردەمی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا پەرەی پێدراو تا ڕادەیەك نشونمای کرد. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەوەی پەیوەندی بە دیراسات و لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو ئەدەبی فۆلکلۆریو کاری زانسیانەی ئەرشیف ناسیو ساغ کردنەوەو شەرحکردنی دیوانی شاعیرانی ڕابردووی کوردەوە هەبێ هەریەکەی لە بواری خۆیدا جێ دەستی دیاری هەبێ، بەلای منەوە، لە بەرهەمەکانی مامۆستایان: مەلا عەبدولکەریم مودەریس، مەسعود محەمەد، د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، د. مارف خەزنەدار، محەمەدی مەلاکەریم، فاتحی مەلا کەریم ، لەم لایشەوە لەچەند وتارێکی ئەدیبە لاوەکانی وەکو: کەمال میراودەلی و ڕەئوف عوسماندا ئەیانبینم.

■ یەک لە ڕەگەزەکانی ڕەسەنیتی شاعیر ئەوەیە کەوا لە شیعرەکانی بکات ببنە خۆراکی هەموان و بچنە ناو زۆرترین خەڵکەوەو دەربڕی موعاناتیان بن.. هەڵبەتە تا هاوجووتیش لە نێوان بیروباوەڕو بەرژەوەندییەکانی چینی (سائد) یان چینی گەشەکردووی شۆڕشگێڕو لە نێوان داخوازیو بەرژەوەندییە گشتیەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا هەبێ، ئەنجامدانی ئەم کارە ئاسانترە، بەڵام کە ناکۆکی چینایەتی سەرهەڵدەدەن، ئەو ناکۆکیو ناڵۆزیانەش لەناو ئەدەبەکەدا ڕەنگ ئەدەنەوە. لێرەوە کاری شعیریش قورستر دەبێ، چونکە ئەوەی دەینووسێ پتر لە خزمەتی یەک لە چینەکانی ناو کۆمەڵدا دەبێ. جا هەن تۆ بەوە دەناسن کە ئەدەبەکەت لە خزمەتی چینی وردە بورژوای کوردستاندایەو پتر دەربڕی ویست و داخوازییەکانی ئەوانە وەڵامت بۆ ئەمە چییە؟

□ من بڕواموایە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا، لە سەرانسەری کوردستاندا، ناکۆکی گەورەو سەرەکی، ئەکەوێتە نێوان گەلی کوردو داگیرکەرانی کوردستانەوە. ململانێی هەرە گەورە لە پیناوی چارەنووسی نەتەوەیەکدایە، ببین یا نەبین؟!. واتە بوونی نەتەوەیی ئێمە لەبەر مەترسییەکی گەورەدایە: زمان، خاك، مێژوو.. ئایندەی نەوەکانی داهاتوومان. ئەو نەتەوەیەی خاکەکەی لەدەست ئەچێ زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی نامێنێ. ئەو کاتەی زمانی نەتەوەیی بەرەو فەوتانو نەمان چوو، تەواوی بوونی، کەسایەتی خۆی لەدەست ئەدا.

کە مێژوویشی لەبیر کرد، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیش کز ئەبێ و ئەکوژێتەوە. لە ئێستەشدا ئەو حەقیقەتانەی ژیانی رۆژانەی گەلەکەمان، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە واقیعدا نیشانی ئەدەن، ئەوان خۆیان وەرامی راستەقینەو بابەتیانەی ئەوە ئەدەنەوە: کام ناکۆکی سەرەکیەو پێویستە لەم قۆناغەدا! کام کوورەی خەبات جۆش بدرێ! ژیان، دایکی هەموو فەلسەفەو بیروباوەڕێکە. ئەوەی لە خەیاڵدایە شتێکەو ئەوەی لە واقیعی کوردستانیشدایە شتێکی ترە. ئەوەی ئەمانەوێ جیایەو ئەوەی بۆمان ئەکرێ شتێکی ترە. ئەوەی لە دووتوێی کتێبە تیئۆریەکاندایە رەنگێک ئەنوێنێ و ئەوەی لە واقیعێکی بەرجەستەدایە رەنگێکی ترە، رەنگی راستەقینەش هەر ئەوەیە کە لە ژیان و واقیعدایە.

وەک چۆن رۆژهەڵاتن و رۆژئاوابوون لە دەست کەسدا نییەو بە ئارەزووی کەسیش ناگۆڕرێن هەڵبەتە ناکۆکی و ململانێی ناو کۆمەڵیش هەر بەو جۆرەیە. بەڵام هەر کۆمەڵگایەو باری بابەتی، کۆمەڵایەتی خۆی هەیە بۆ سەرهەڵدانیان. چونکە من پێموایە لە کوردستانی ئەمرۆدا هێشتا ئەو چینی پرۆلیتارە پیشەسازییە کامڵە دروست نەبوە تا ئێمە بینای زۆر مەسەلەی فیکری خۆمانی لەسەر بنیات بنێین، چ جای ئەوەی وەک بوویەکی بڕاو تەماشای بکەین و وا بزانین هاتۆتەدی، کەچی واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان حەقیقەتێکی ترمان نیشانبدات. من بەش بە حاڵی خۆم کە گوێم لە هەندێ دروشم و بانگەواز ئەبێ یان هەندێ نووسین ئەخوێنمەوە لە دڵی خۆمدا ئەڵێم: تۆ بڵێیی ئەمە بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان نووسرابێ یان بۆ چینی پرۆلیتاری ئەڵمانیاو بەریتانیا؟!

chalakmuhamad@gmail.com

بەلای منەوە لەم رۆژگارەدا، خەباتی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەیدا، لە پێناوی پاراستنی بوونی کوردو زەحمەتکێشانی ئەم گەلەدا، ئەکەوێتە پێش هەموو مەسەلەیەکی ترەوە. ئەوکاتەی ئەشڵێم گەلی کورد، بڕوام بەوەیە کە چینە شۆڕشگێڕەکانی، چەوساوەکانی، دەستەچیلەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گەورەیە ئەبن، چونکە چینە باڵادەست و بۆرژواو تازە پیاکەوتوەکانی کورد هەموو بەرژەوەندییەکی خۆیان بە بازاڕو سەرمایەی داگیرگەرانی

کوردستانەوە بەستۆتەوەو چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ئەوانەوە گرێداوە. ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستمان بە هەموو وزەیەکی شۆڕشگێڕانە هەیە تا لە هەموو سەنگەرە جیاجیاکانی بەرەنگاربوونەوەی ئیستعماری ئیستطانیدا بیانخەینە گەڕ.

ئێمە لە هەموو پارچەیەکی ئەم کوردستانە دابەشکراوەدا، لە یەك کاتدا بە دوو سەرەی نەتەوایەتیو چینایەتی ئەچەوسێنرێینەوە. زەحمەتکێشانی کورد جارێك وەك کورد سەرکوت ئەکرێن و ئینجا وەك چینی چەوساوەش، ئەوەندەی ستەمی نەتەوایەتی، من ئەهاڕێ، هەرگیز شاعیرێکی فارس و تورك و عەرەب وا ناهاڕێ. ئا لەم قۆناغەدا من بۆ ئەو پێشمەرگەیە ئەنووسم کە لە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی کوردستاندا دژی ستەمی نەتەوایەتیو چینایەتی ئەجەنگێت. کاتێك بۆ ئەو پێشمەرگەیە ئەنووسم، بە مانایەکی تر بۆ هەموو ئازادیخوازانی جیهان ئەنووسم. ئازادیی کوردستان ئازادیی بەشێکی ئەم جیهانەیە. من ئەمەوێ دەربڕی دڵی هەژارانی دێهاتە ڕاگوێزراو و تەعریبکراوەکان بم، بۆ ئەو ڕەنجدەرە کوردانە بنووسم کە لە شارەکانی کەرکوكو خانەقینو شەنگارو مەندەلی و زۆر شوێنی تردا.. هەڵئەکەنرێنو تەرحیل ئەکرێنو لە "مستوطنات"ی ئیستعماریدا کۆئەکرێنەوە. من ئەمەوێ لە خزمەتی هەموو شۆڕشگێڕانی گەلەکەمدا بم، هەر لە سەقزەوە تا ئەگاتە دیاربەکرو دەرسیم. من ئەمەوێ ویست و خواستی ئەو کوردە پەرەوازەو دەربەدەرانە بکەم بە شیعر، کە هەموو ڕۆژێ لە شارە گەورەکانی وەکو بەغداو ئەنقەرەو تاراندا ئیهانەی کەرامەتی نەتەوەییان ئەکرێ و بە هاونیشتمانی پلە "دە"یش لە قەڵەم نادرێن!. بۆ ئەو شەهیدانە ئەنووسم کە لە ئەبەردی بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژانەدا دژی زوڵمو زۆر بە خوێنی خۆیان ئەم خاکە ئاوئەدەن!. من ویستو خواستی ئەو خوێندکارە کوردانە وێنە ئەگرم کە چەوسانەوەی نەتەوایەتی ڕێی مافی سروشتی زۆر خوێندنیان لێ ئەگرێ! من ئەمەوێ دژی ئەو سوپا داگیرکەرانە بنووسم کە ڕۆژانە ڕەزو باخی وڵاتەکەم ئەسووتێنن. لە شەقامی شارەکانداو لەناو جەرگەی وڵاتەکەی خۆمدا، ناهێڵن هەناسە بدەم. هەڵبەتە شیعرەکانم خۆیشیان وەرامی تەواویان لەلایە کە لە خزمەتی کێدانو لەم قۆناغەدا بە ڕووی

کێـــدا ئەتەقنـــەوەو لـــە هێلانـــەی چ دڵێکـــدان و لای کـــێ خۆشەویســـتن و لە کوێش بە خوێنی سەریان تینوون!

■ شاعیر دەبێ هەمیشە شیعرەکانی بکاتە قیبلەنمای هەستو سۆزی جەماوەرو بەرەو ئەو شوێنو مەبەستانەی ئاراستەبکات کە خۆی گەرەکیەتی.. کەچی لای تۆ زۆرجار پێچەوانە کەوتونەتەوە، شیعرەکانی دوای جەماوەر کەوتوون ئەوان ئاراستەیان کردوون. رات چییە؟

□ ئەی چۆن کە شاعیر شیعرەکانی کرد بە قیبلەنمای هەستو سۆزی جەماوەر، ئیتر بەرەو ئەو شوێنەش ئاراستەیان ئەکات کە خۆی گەرەکێتی؟! چونکە -قیبلەنماکە- کە هەستو سۆزی خەڵکەکەیە، روونەکاتە ئەو شوێنانەی هەستو سۆزەکە گەرەکێتی!! هەرچۆنێك بێت جۆرە ناکۆکیەك لە پرسیارەکەدا هەیە. تۆ ئەتەوێ بڵێی فیکری شاعیر ئەبێ قیبلەنمای خەڵکەکە بێو هەمیشە ئاراستەیان بکات.. ئەمە وا نییە.. چونکە ئەم بزوتنەوەیە لە کاردانەوەی بەردەوامی دوولایەنی یەککگرتووی -بەخشینو وەرگرتن- ەوە دروست ئەبێ. هیچ شاعیرێ نییە لەم دنیایەدا با خۆی گەرەکیشی بێ، هەر خۆی ببەخشێو ئاراستەبکاو هیچ وەرنەگرێو ئاراستە نەکرێ! چونکە ئەمە دژی ژیانو دەستووری بەرەوپێشچوونو گۆڕانە. شیعر رووبارە، وەك ئاوی لەبەر ئەڕوا ئاویشی دێتە سەر. هەموو شیعرێکیش لەم دنیایەدا هەر لە ئەنجامی کارتێکردن -ئاراستەکردنێکی ترەوە لەدایك ئەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی تازەترو کاریگەرتر بە تایبەتی لە شیعردا-دیسانەوە لەبەردەوام بوونی- وەرگرتنو بەخشینەوە- درێژە بە تاقیکردنەوە ئەدات. شاعیرو جەماوەر دوو لایەنی بە یەکەوە بەستراون وەك دوو سەری پردێك یەك یەکتری تەواونەکەن، خۆ شیعر لە بۆشاییدا دروستنابێ. هەموو بەرهەمێ زادەی ژیانو واقیعو ناو جەماوەرە. هەر ئەوانیش سەرچاوەو ئاراستەکەری یەکەمن، بەڵام کاتێ مادە خامەکەی ناو واقیع، لای شاعیر ئەبێت بە کارێکی هونەریی، ئەمجارەیان کە چۆوە ناو واقیعو ژیانو ئەو جەماوەرەی کە یەکەمجار وەك تۆوێ، لێوەی هاتبوو، ئەمجارە لە شێوەی هونەرێکداو بە زمانێکی تر -کە جەماوەرەکە دەستەوەستانە لە ئاست دەربڕینیدا- دیسان هەستو ئەستی خەڵکەکە ئەخاتە ژێر کارتێکردنی تازەی خۆیەوە، ئەدیبی بلیمەتی ئەڵمانی (گۆتە) ئەڵێ: "من سروشت

*بەهرەیەکی پێ بەخشیوم، ئەوەی خەڵکی لە دڵیدایەو ناتوانن دەری ببڕن، من ئەتوانم دەریببڕم"* هەر ئەمەیشە جیاوازی شاعیرو خەڵکی تر.

گومان لەوەدا نییە هەموو شیعرێ لەم دنیایەدا دوای کارتێکردنێ دروستئەبێ، دوایی -کارتێکەرەکە- ئەکەوێ، ئەی خۆ لە خۆیەوە دروستنابێ! بۆ نموونە: من شیعری "مزگێنی"م نووسیوە، کە لە "ئەنجامی" شەڕە گەورەکەی دابان و قارەمانێتی پێشمەرگەوە لەدایکبوە. دیارە ئەگەر ئەو شەڕە نەبوایە، کارتێکردن و -ئاراستەکردنی- گیانی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگە نەبوایە، لەملایشەوە بەهرەو توانا نەبوایە، ئەو شیعرەش "نەئەبوو". من لەوێوە جوولاّم، بەلاّم ئایا کاتێ (مزگێنی) چوەوە ناو پێشمەرگە چۆن چۆوە؟ چ کارێکی کردەوە سەر هەست و ئەستیان؟ چۆنی ئاراستەکردنەوە؟ لای ئەوان چ قیبلەنمایەکی تازەی بۆ داهاتوو نیشاندان؟ ئەی باشە هەموو شیعرێ لە رێی ئەم -کارتێکەرو کارتێکراوەوە- دروستئەبوە؟

■ **لای من یاسای ئابووری "عرض، طلب" تا ئەندازەیەک بۆ شیعریش دەلوێ، واتا تا خستنەرووی شیعر زۆر بێ، داواکاری لەسەر کەم دەبێ. باشە تۆ پێت وانییە ئەو خستنەڕوە زۆرەی شیعری تۆ، داواکاری خەڵک لە سەریان کەمئەکاتەوە؟**

□ لە پێشدا وا گریمان ئەم بۆچوونەی تۆ راست بێ!. ئەوسا -بازاڕو ژمارە- قسە ئەکەن، بەش بە حاڵێ خۆم "بازاڕ"ی شیعرەکانم تا ئێستە شێواوی و کزی و مایەپووچییان بە خۆیانەوە نەدیوە! بە پێچەوانەوەوە جار لە دوای جار، بەرهەم لە دوای بەرهەم، گەرمتر بوەو تەنانەت شەش ساڵ لەمەوبەر دیوانی "دو سروودی کێویی"م بە شەش هەزار دانە زیاتر چاپکردو بلاّوکردەوە. کە بۆ ئەوکات و لەچاو بەرهەمی زۆربەی زۆری شاعیرانی هاونەوەی خۆمدا، داواکاریی لەسەر زۆرتر بوو!. خۆ لێرەش خۆت لە نزیکەوە ئاگاداری، پێشمەرگەو خەڵکی چۆن تاقیبی دەرچوون و لە چاپدانی کەشکۆڵی پێشمەرگە ئەکەن و داواکارییان چەند لەسەرە!. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە با لە دەرچوونی یەکەم دیوانەوە تا ئێستەو دوابەرهەم وەک ئەڵێن "حساب و کتابێ" بکەین!. لە ساڵی ١٩٦٨دا

یەکەم دیوانم "تریفەی هەڵبەست" بڵاوبۆتەوە کە تا ئەمڕۆ ئەکاتە (١٧) ساڵ، لە ماوەی ئەم حەڤدە ساڵەدا، بە چاپکراوەکانی ناو شۆڕشیشەوە، بە کتێبێکی وەرگێڕاوەوە، تا کەشکۆڵی ژمارە (٣)، (١٣)سیانزە چاپکراوم کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران. واتە بۆ هەر ساڵێكو چەند مانگێك، یەك چاپکراوە. ئەم تێکڕاییە ئەگەر لە خوار ئاساییەوە نەبێت، ئاساییەو ئەو (زۆرە)ی تۆ ئەیڵێی نایگرێتەوە. لە لایەکی تریشەوە لەناو شاعیرانی هەموو دنیادا، هەبوە زۆری نووسیوەو، هەبوە کەم. جەوهەری کێشەکە "چۆنیەتیو جۆری" شیعرەکانە، نەك چەندایەتی. شیعری باش بە زۆریو کەمی نییە. چونکە وەك کەسی باش هەیە، کەسی خراپیش هەیە، زۆریی خراپ هەیەو زۆریی باشیش هەیە! باخی وا هەیە ساڵی بیست چەشن گوڵی هەمەجۆر ئەگرێو جوانیشن، باخی وایش هەیە یەك چەشن گوڵی کەم ئەگرێو جوانیش نین. ڕەواج و نارەواجی شیعری هەر شاعیرێ، لەگەڵ شاعیرێکی تردا چوونیەك نییە، چۆنیەتی شیعر، ناسراوی، نەناسراویو بەردەوامبوونی شاعیر، ئەمانە هەمووی مەسەلەی داواکاریو بازاڕی شیعر دەستنیشانئەکەن. بۆ وێنە ئەگەر بە پێی قسەکەی تۆ بێ، ئەبوایە داواکاریی شیعری با بڵێین: نزار قەبانی، جەواهیری، مەحمود دەرویشو سەمیح ئەلقاسم، ئێجگار کەم بێ، چونکە ساڵ نییە ئەم شاعیرانە یان دیوانێکی تازەتر چاپ نەکەن، یان دووبارەو سێبارە هەندێ دیوانی کۆنتریان چاپ نەکەنەوە، ڕەواجیش هەر هەیەو زیاترە، چونکە بەردەوام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیانی خۆیدا، ئەوەی تازەتر، خوێندەواری زۆرترو داواکاری نوێتر، دێنە کایەوە. خۆ لەمەش زیاتر شاعیرە گەورەکان، دوای مردنی خۆیان، ڕەنگە لە ماوەی چەند ساڵێکدا یەك دوو جار "سەرجەمی بەرهەمیان" چاپبکرێتەوە، ئەمە ئەگەر بە پێی ئەو (عرض و طلب)ەی تۆ ئەیڵێی وابوایە، ئەئەبوو ڕەواجی بازاڕیان بمێنێ. لە لایەکی تریشەوە خۆ شاعیر بەردەوام یەك شت (عرض) ناکات، بەڵکو بە لایەنی کەمەوە لە چاپکردنی هەموو دیوانێکی تازەتردا، ناوەڕۆكو بابەتو شکڵی شیعرەکانی ئەگۆڕێن، (عرض)یش (تەنویع)ی تێئەکەوێ، ئەمە ئەگەر وا نەبوایە هیچ هونەرمەند، وێنەکێش، مۆسیقارو گۆرانیبێژێ، نەیانئەتوانی بەردەوام بن!

■ جاران چاکترین شیعر لای تۆ، ئەو شیعرانە بوو کە دەرەنگ خۆیان ئەدا بەدەستەوەو تێگەشتنیان جۆرە ماندوو بوون و قورسیەکی دەویست، کەچی ئێستا شیعری "سهل الممتنع"ت لا چاکترین شیعرە، هۆکانی گۆرانی ئەم تێڕوانینە بۆ شیعر، بۆچی دەگێڕیتەوە؟

□ هەڵبەتە هەموو شاعیرێ، لەهەر قۆناغێکی تەمەنی شیعری خۆیدا، چونیەك تەماشای هونەری شیعر ناکات، ئەم تێڕوانینانە پەیوەندییەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان بە کامڵبوونی ئەزموونی ئەدەبی، هۆشیاری کۆمەلایەتی، روناکبیری، بارودۆخ و سەردەمە جیاجیاکانەوە هەیە، پەیوەندییەکی بزۆزیان بە قاڵبوون و ئەزموونەوە هەیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەن و دەوڵەمەندبوونی کەرەسەی شیعری شاعیردا. چاوپێداگێڕانەوەو مشتومالّ کردن، سەرئەنجام بەباری سەرنجی نوێترەوە دائەڕێژرێنەوە، بۆ وێنە "گۆران"ی لاوو "گۆران"ی "فرمێسك‌وهونەر"، دوو دنیای جیاوازن، هەروەها "مایکۆفسکی" سەردەمی بزووتنەوەی "موستەقبەلی"و خوێنگەرمی تاڕادەی هاوارکردن بۆنەوەی هەرچی کەلەپووری رابردوو هەیە بە "پوشکین"یشەوە، تووڕ بدرێتە زەریاوە، لەگەڵ "مایکۆفسکی" سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئاسمان و ڕێسمانن.

دیارە مەبەستم ئەوە نییە بە هیچ جۆرێ کێشەی بەراورد، لەنێوان خۆم و ئەواندا دروستبکەم، تەنها مەبەستم لە باسکردنی ئەو وەرچەخاندنە فیکری و هونەریانەیە کە روونەکەنە ژیانی گەلێ هونەرمەندو شاعیری ناو ئەم دنیایە، منیش بە پێی ئەزموونە بچکۆلەکەی خۆم، دیارە لە ئێستەدا وەك جاران، تەماشای هونەری شیعرو ئەرکە کۆمەلایەتیەکانیش ناکەم! هەرچەندە ئەبوایە پرسیارەکەت بە جۆرێکی تر بکردایە، چونکە خۆ "سهل االممتنع"، هەرخۆی هاوار ئەکا کە ئەویش لەو چەشنە شیعرانەیە کە بە "سەهل"ی خۆیان نادەن بەدەستەوە، چونکە "ممتنع"یشن! بەڵێ لە ئێستەدا من پێموایە شیعرە "سادەکان" نەك ساکارەکان! گرانترین جۆری شیعرو لە هەمانکاتیشدا بەرینترین پردن بۆ گەیاندنی ناوەڕۆك و هونەری شیعر بە بەری ئەوبەری خوێنەران و خەڵکی.

هەردوو خاسیەتە هونەری کۆمەڵایەتیەکەیان تێدا کۆبۆتەوە، لە شتە جوان و سادەو لە هەمانکاتدا پڕ لە نهێنییەکانی ژیان خۆی ئەچن، ئاشناترن بە گیانی خەڵك و لە زمانی کۆمەڵانی خەڵکیشەوە نزیکترن. تۆ بڕوانە ئەو شیعرانەی کە "گۆران" بەپێودانی "سنعەتی لەفزی" شاعیرە کۆنەکانمان نووسیونی، لەهەمان کاتیشدا بڕوانە شیعرەکانی دواتری، هونەر لە هەردوو چەشنە شیعرەکاندا هەن. بەڵام شیعرە -ئاسان و گرانەکانی- دوایی، ئەو شیعرانە بوون کە بە لای منەوە "گۆران"یان کرد بەو "گۆران"ە.

■ کۆمەڵە شیعری "رازی تەنیایی"ی مامۆستا هەردی، لەنێوان چاپی یەکەم و چاپی دووەمدا، چۆن بەراورد ئەکەی؟

□ لە زۆر دەمێکەوە وەك *تینووی ئاولەچاو* خوێنەران، شیعردۆستان و شاعیران، چاوەڕوانی ئەوەبوون جارێکی تر چاو و دڵیان بەم بەرهەمە ناسکەی مامۆستا هەردی روون بێتەوە، چونکە بە بچووکیی خۆیەوە جێگەیەکی دیاری لە دنیای شیعری هاوچەرخی سەردەمێکی شیعری کوردیدا، بۆ خۆی کردۆتەوە. بە بڕوای من مامۆستا هەردی بە شیعرەکانی "رازی تەنیایی" دەنگ و رەنگ و سیماوهونەری شیعرێکی جیاوازتری لەو سەردەمانەدا هێنایە نێو شیعری ویژدانی و "غەزەل"ی کوردی تازەوە، کە لە یەکەم سەرنجدانەوە هەست بە تایبەتێتیی ئەکرێ.

دەربارەی چاپی دوەم، من لەلای خۆمەوە چەند تێبینییەکم هەبوو، ئەگەر مامۆستام گوێ لەم قوتابییەی خۆی رابگرێ، سەرنجەکانیشم پەیوەندییان هەیە بە "چۆنیەتی ئەزموون و سەرهەڵدانی هەندێ شیعرو ئەو بۆنانەی بوونەتە هۆی لەدایکبوونیان یان تەواوکردنیان"؛ پێشەکیەکەی مامۆستام تێکرا، وەك سەرئەنجام دوای خوێندنەوەی ئەو سیحرو جوانی و خەیاڵ و سەرسامبوونەی چاپی یەکەمی شیعرەکان لەو کاتەوەی لەدوای خۆیانەوە لای خوێنەر بەجێیان هێشتبوو، ئێستە بەو ڕاڤانەی کە لە پێشەکی چاپی دوەمدا کراون، لە شەوق و رەونەقی کەمکردوونەتەوە. بە کورتی "باڵای بەرزی ئەو شیعرانە لە ئاوێنەی ئەو پێشەکییەدا کورتبوونەتەوە!". شیعری زیندوو خەیاڵ و ئەزموونی زیندوو ئەیخوڵقێنێ.

بەلای منەوە لەبەرئەوەی مامۆستا هەردی لە ئێستەدا ئەو شەیدابوونو عەشقەی جارانی بۆ شیعر نەماوە، کە لە ئێستەشدا دێتە سەر باسکردنی ئەزموونەکانیش، هەر لەچاوی ئەمڕۆوە تەماشایاننەکات، نەك بە چاوی هەستو سۆزی ئەوکاتانەی شیعرەکانیان تێدا لەدایکبوون. بۆ وێنە لە شاکارە شیعرییەکەی "شیرینو فەرهاد"دا، فەرهاد بە ڕواڵەت هەر لەبەر جۆرە گرەوێك بێستوونی کونکرد، بەڵام عەشقە گەورەکەی شیرین، سووتان، ژان، پەنگخواردنەوەی خەمو گۆمی ئەو عەشقە مەزنە، ئەو موجعیزەیەیان پێئەنجام دا! نەك گرەوەکە! خۆ کەسانی تریش ئامادەبوون ئەو گرەوە بکەنو "شیرین"یان دەستبکەوێ، بەڵام کەسیان عەشقەکەی فەرهادیان لانەبوو، ئەو گرەوانەی مامۆستام وەك سەرئەنجام ئەیانکات بەهۆی تەواوکردنی ئەو شیعرە ناتەواوانە، بە بڕوای من هەرگیز هۆی بنەڕەتی نەبوون، بەڵکو تەنها دەوری -زۆر پێشخستنیان- لە تەواکردنیاندا هەبوەو هیچی تر. مامۆستا تەنها ئەو شیعرانەی تەواو کردوە کە ئەبێ لە دەمێکەوە گەراو خولیای -تەواو کردنیان- لە دڵدا خستبێو لە ئێستەدا بە جۆرێکی تر ئەو موعاناتانە سەر هەڵئەدەنەوەو زمانێکی هاوبەشی تر لەگەڵ ژیانی ئێستەی شاعیردا دووبارە دروستئەکەنەوە، ئەگینا ئەی بۆچی ئەم شیعرەیانی تەواوکردو ئەوی تریانی تەواو نەکرد؟ هەروەها ئەزموونی شیعری "ست فاتمە"یش بە تەنها لەبەر ئەوە نەبوە بەو شیعرە گەرموگوڕو پڕ لە سۆزە، چونکە ئەو چەند دێڕە شیعرە ئاساییانەی "ست"ەکانی بەغدا، ئیجا گەورەکە بوون، سۆنگە کاریگەرەکان بوون.

بە بڕوای من ئەبێ رێکەوتێ بووبن کە یارمەتی تەقینەوەی ئەو کانیی شیعرەیان دابێت، ئەگینا ئەبێ ئەزموونە زیندوەکە نەبووبن، چونکە ئەگەر وابێت، مامۆستا ئەیتوانیو ئێستەش ئەتوانێ لەباتی ئەوەی یەك شیعری وەك "ست فاتیمە"ی هەبێ، دەیانی هەبێت! بە بڕوای من شیعری وەکو "ست فاتمە"، هەر ئەبێ خۆشەویستی، عەشقو سۆزێکی گەورە سەرچاوەی بووبێ! خۆ من لەم قسانەشدا خوا نەخواستە بە مامۆستا نائێم -تۆ راست ناکەیت- بە قەدەر ئەوەندەی ئەمەوێ بڵێم لەبەر هەر هۆیەك بێت، کە رەنگە لای شاعیر، قەت ئەوترێو هەقی تایبەتی خۆیشی بێت، باسکردنی ئەو تەجروبانە، وردکردنەوەیان، بە پێویست نەزانێو بەو جۆرە دەربڕیبێ.

**■ ئەگەر ئیجازە بدەی، هەندێ پرسیاری رەخنەییم هەیە: یەک لە دیاردە هەرە نەگەتیڤو ناڵەکانی ناو بزوتنەوەی گەلەکەمان لە قۆناغی ئێستادا، شەڕی ناوخۆیە، کە بۆتە بەشێکی دیار لە کارەسات و ژیانی پڕ تراژیدیاو نائومێدی رۆژانەی خەڵک. من لای خۆمەوە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە بە شیعر بە گژ ئەو دیاردەیەدا بچیتەوە.. کەچی تا ئێستا بێ دەنگیت بۆ؟**

□ منیش وەکو زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەم، شەڕی ناوخۆو براکوژی، بەو برینە قووڵو بەسۆیە ئەزانم کە لە کولانەوەو خوێن لەبەر ڕۆیشتنی هەموو جارێکیدا، تەنها داگیرکەرانی کوردستان پێی گەشکەدار ئەبن، وەك سەرئەنجامیش هەر بە قازانجی ئەوان شکاوەتەوەو ئەشکێتەوە. تەنانەت دوژمنە گەورەکانی کوردیش ئەمەیان ئەشاردۆتەوەو باسیان کردوە! بەڵام ئایا وەك تۆ ئەیڵێیت من بەر لە کەشکۆڵی ژمارە سێ و پێشتریش لەم دیاردەیەو لەو خوێنە بێدەنگ بووم، یان تۆ حوکمێکی بە پەلەت دەرکردوەو تەماشای تەواوی بەرهەمەکانت نەکردوە؟ تەمەنی شەڕی ناوخۆ لەو ساڵانەی دوایی زۆر کۆنترە، پێش پانزە ساڵ زیاتر، لە قەسیدەی (بۆ نەورۆزی ١٩٧٠)دا، بە زمانێکی ساکار، ئیدانەی شەڕی ناوخۆو ئەو براکوژییەم کردوەو وتوومە:

دەبا ئیتر پەپووی شوومی شەڕ دەربەدەر کەین
کۆتری سپی خۆشەویستیی
سەر چاو و سەر خەین
دەبا ئیتر چاوی کینەو
ئاگۆکیی کوێر کەین
رەش و رووتی ئاوارەبووی کورد پۆشتەو تێر کەین
دەبا ئیتر گریانی چاو خۆش بکاتەوە
زەردەخەنەی هەتاوی ڕوو
شەوق باتەوە
دەبا ئیتر خوریەی دڵ و ئاخی سینەی

مەینەتی بەس بێ

دەبا ئیتر برایەتی و یەکێتی کەس بێ.. هتد

لە پەراوێزی هەمان شیعریشدا ل١٩٥، لە دیوانی "من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ"دا، ئەمە نووسراوە. ئەم بەیتەو بەیتەکانی پێشتریش پەیوەندییان بە شەڕی براکوژی ناو کورد خۆیەوە هەیەو مەبەست یەکێتیی گشت دڵسۆزانی مەسەلەی نەتەوایەتیمانە "ئەمە پێش یانزە ساڵ" خۆ لە بەشی دووەمی کەشکۆڵی پێشمەرگەدا قەسیدەی "بانگ" هەر بە ئاشکرا بانگ بۆ یەکێتی و برایەتی هەموو پێشمەرگەی کوردستان ئەدات و زۆر بە ڕەوانی لە سەرچاوەی ئەو نیازە نەتەوەییەوە هەڵقوڵاوە:

وەختێتی پێشمەرگەی کوردستان وەختێتی

ئەم خاکە ئەنجن و زامدارە

هەرسێ شت خواستێتی

یەکەمیان: یەکێتی

دووەمیان: یەکێتی

سێیەمیش: یەکێتی

پێموایە لەمە ئاشکراتر بانگ بۆ ئەو برایەتیەو یەکێتییەی نێوان هەموو پێشمەرگەی کوردستان نادرێ، گومانیش لەوەدا نییە کە بانگی ئەو یەکێتیە خۆی لە خۆیدا مانای نیدانەکردنی ئەو شەڕەو کارەساتە دڵ تەزێنەکانێ. هەروەها لە وێنەیەکی دیکەی هەمان قەسیدەدا زۆر بە ڕوونی ڕووی دەمم کردۆتە لایەنێکی سیاسی و ئەڵێم:

هاوارکە لە برای ئەزبەنی و پێی بڵێ:

من هاتووم بۆ ئەوەی

خوێن بدەم بە کەژی ڕەنگ زەردو

بە پەیژەی لاشەمدا

ئازادیی سۆران و بادینان
پێکەوە سەرکەوێ!
یان:
من هاتووم لە گۆڕی هەڵدێرو نشێودا
مۆتەکەی سەر سنگی ئاکۆکی بنێژم!
من هاتووم برینی دەربەندو
لوتکەی شاخ سارێژکەم..
یان:
براکەم! گەر چەمێک
لەمپەر بێ لێکمانکا
سەدان چەم، زێ و روبار
بانگ ئەکەن: یەکگرین!
براکەم!
گەر دەشتێک درک و داڵ لێکمانکا
سەد دەشتی گوڵجاڕی ئەم خاکە
بانگ ئەکەن یەکگرین!

تەنانەت ئەوەندە *ناوەڕۆکی سیاسی* "بانگ"م لا مەبەست بوە، ئەوەندە کێشەی بە ناسۆری ئەم شەڕە گینگڵی پێداوم، ئەگەر سەرنجبدەیت شیعرەکان کەوتوونەتە بوارێکی تەنکی هونەرییەوە، بەڵام پێداویستی "بانگ" بە لامەوە لە بەکارهێنانی هەندێ فانتازی هونەری لەو ڕۆژگارانەدا لەپێشتر بوە! ئەی ئەمانە هەمووی بە گژا چوونەوەی ئەو دیاردەیە نییە؟ هەموو شاعیرێکیش هەر یەك دوو جارو لە کاتیخۆیدا ئەمجۆرە ڕێگای دەربڕینانە ئەگرێتە بەرو، خۆ لە هەموو بۆنەیەکدا شیعری بۆ ناڵێتەوە! ڕووداوێ، کارەساتێ، شەهیدێ، هەرجارێ دووجار ئەبن بە قەسیدە، زۆر دووبارەکردنەوەی یەك بابەت و ناوەڕۆکیش ئەبنە

هۆی جوینەوەو لە ئەنجامیشدا وەك نانی بێ پێژیان لێدێت. خۆ ئەگەر سەرنجت دابێت، من هەندێجار، دەستی توندترم لە هەندێ دیاردەی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی تێکۆشانی نەتەوەیی‌و نیشتمانیمان داگرتوە، هەستی شاعیرانەی خۆم کردۆتە سەرچاوەی دەربڕینی ئەو بێزاری‌و ئیدانەکردنانە، فەرموو ئەوە "ئەسپی ئەیلول" کە بەشێکە لە شیعری "کورتە شیعری"و لە کەشکۆڵی ژمارە یەکدا ل/ ٦٠ بڵاوبۆتەوە، ئەڵێم:

چواردە نەورۆز
نەفەسی ئەسپی شۆڕشی
ئەیلوولم بوو
لە نەورۆزێکدا! خەنجەرمان
بە چاوی ڕاستیا داچەقان
نەورۆزێکی تر هاتین و
کلکمان بڕی
ئەسپی یەک چاو
لە نەورۆزی حەفتاو سێدا
حیلەی، گڤەی دەم زریان بوو
باڵی، ئاڵای سەوزو سووری
لوتکەکانی کوردستان بوو
بەڵام نەورۆزی حەفتاو پێنج
نەک هەر چاوی
نەک هەر کلکی
نەک چواریەلی
لەبەردەمی گشت دنیادا
هەر گۆشاو گۆش سەرمان بڕی!

**بە داخەوە ئێمە وەکو زوو شتمان لەبیر ئەچێتەوە، زوویش حوکم لەسەر هەندێ مەسەلە ئەدەین. من مەبەستم تۆ نییە، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەی چ لەم کێشەیەو چ لەهەر کێشەیەکی گەورەتریشدا، وریا نین، دەست ناخەنە سەر ویژدانی خۆیان، چاو بە رابردوودا ناگێڕنەوە، سۆزی وەختیی ئەیانباو دەرحاڵ حوکمیش دەرئەکەن!**

**خۆ قەسیدە درێژەکەی (بەیان)یش کە لە کەشکۆڵی ژمارە (٣)دا بڵاوبۆتەوە، بێپەردە ئیدانەی شەڕی ناوخۆو براکوژی تێدا کراوە، ئەمجارەیان راستەوخۆتر ئەم کێشەیە باسکراوە. چاکتر وایە یەك نمونەی بچووك بخەمە پێشچاوی خوێنەران و کۆتایی بەم وەڵامەش بهێنم:**

کەی بوە کەی، لەناو ماڵی شیعری خۆمدا
لەیەک زووردا
وشەو وشەی دایکو باوکێ
دوانەی نووکێ
دوانەی سکێ
لە خانەوادەی یەک ئازار
لێرەو لەوێ
لەبەرچاوی تیغی گەورەی لەسەر ملم
لەبەرچاوی شیری گەورەی
راوەستاو لەسەر سەرم
ئەم خوێنی ئەو
ئەو خوێنی ئەم
نەکەنە کاسەی ڕۆژگارو
لە پرسەدا نەیگێڕن بۆ هەموو گەلم؟!

■ **شەهیدان ئەوەندە بەرزن هەرچییەکیان بۆ بکرێ‌و بوترێ، هێشتا زۆر کەمە. تۆ لەلای خۆتەوە دریغیت نەکردوە. ڕاستیشە شەهیدانی "ی.ن.ک" لە ناو کاروانی شەهیدانی دوای (٧٥)ەو بەشی شێریان بەردەکەوێ! بەڵام ئایا ڕانەکردنەوە لەو شەهیدانەی کە لە دەرەوەی ڕێکخستنەکانی "ی.ن.ک" دان‌و شەهید بوون. جۆرێک لە فەرامۆشکردنی قارەمانیتی ئەوان‌و جۆرێک لە مەیل‌و و ئینتیمای حیزبی ناگەیەنێ؟**

□ ئەوەی ڕاستی بێ، ڕووبەڕوو ئەم پرسیارانەم پێخۆشە، بۆیە داوات لێئەکەم بەوپەڕی سەربەستیەوە، بەبێ هیچ موجامەلەیەك چیت هەیە بپرسیت، بێدەنگ نەبیت، چونکە ئەگەر هەڵەم کردبێ، با کەسانی تر ئەو هەڵەیە نەکەنەوە. ئەگەر باشم کردبێ باشتریکەن، بۆ شاعیرانی هەڵکەوتووی ئەمڕۆ سبەینێش، ئەگەر شیعرێکی جوانم نوسیبێ، با ئەوان جوانتر بنووسن!

حەزئەکەم بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، چەند ڕاستییەك هەیە بیخەمە بەرچاوی هەموان. دیارە شیعرەکانی شاعیر، بە چاك‌و خراپەوە، ئەبنە شایەتی زیندوو بە سەریەوە، چ لە ئێستەداو چ لە داهاتووشدا. هەر خوێنەرێك لاپەڕەکانی دیوانەکانم هەڵبداتەوە، بە ئاسانی تێئەگات کە لە ڕابردووشدا مەسەلەی "شەهید" جێگەیەکی گەورەی لەناو ئەو بەرهەمانەدا گرتوە، چ شەهیدانی کورد‌و چ شەهیدانی ڕێی ئازادی گەلانی تریش، چ بە قەسیدەی سەربەخۆ، چ بەناوهێنان‌و ئاماژە بۆکردنیان: شێخ سەعیدی پیران، دکتور فوئاد، سمکۆ، قازی محەمەد، جەمال عیرفان، تایەری فەرخە، سەمەدی بهرنگی، کمال جمبلاط، سەیفی قازی، موعینی، نەجۆ، سوڵتانی، مەلا ڕەسول، لەیلا قاسم، گیڤارا، کمال عدوان، غسان کنفانی.. زۆری تریشن کە وەك چرا بەسەر سەری دەیان قەسیدەمەوە هەڵکراون.

بەڵێ لە دوای ساڵی (١٩٧٥)ەوە، وەك تۆ ئەڵێی شەهیدانی "ی.ن.ك" لە شیعرەکاندا بەشی شێریان بەردەکەوێ! گومانیش لەوەدا نییە کە ئەمەیش لە سەرچاوەی هەستی - لایەنگریمەوە- دۆستایەتیمەوە بۆ شۆڕشی نوێ، لە دوای ئاشبەتاڵەوە هەڵقوڵیون. چونکە

ئەوەندەی كارەساتی ئەو نوشوستییەی (٧٥) ئێمەی نائومێد كرد، ئەوەندە زیاترو بە پێچەوانەوە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەكدارانە كە بە خوێنی ئەو شەهیدانە كڵپەیان سەندەوە، ورەو زاتی ئێمەیان بەهێزو بەرچاوی ئایندەمانیان كرد بە چراخان.. ئەی كەواتە بۆ بەشی شێریان بەر نەكەوێ؟ ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە من بوومایە لە جێی تۆ، پرسیارەكەم بە جۆرێكی تر دائەڕشت. چونكە شەهیدانی "ی.ن.ك"، شەهیدانی تاقە رێكخراوێكی سیاسی نین و بەس!.. شەهیدانی رێگەی رزگاری هەموو گەلی كوردن، قوربانیی ئەوانن، با خۆیشیان لە حیزب و رێكخراوێكی سیاسی دیاردا بن، بەڵام چ وەك رێگا، چ وەك خوێن، چ وەك سەرئەنجامیش، ئەبنە شەهیدانی هەموو نەتەوەی كورد! نەك هەر لە كوردستانی باشووردا، بەڵكو لە سەرانسەری كوردستانی گەورەدا، كۆمەڵانی خەڵكی ئەم كوردستانەش هەروا تەماشایان ئەكەن. بە چەند ساڵێك دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، لە تشرینی یەكەمی ١٩٨١دا كە "داستانی هەڵۆی سوور"م نووسی، لە تابلۆیەكدا ئەم وێنانەم كێشابوو:

هاوڕێكەم
كانییەكانی وڵاتەكەم خۆشەویستن
لە هەموویان خۆشەویستتر
ئەو كانییەی
تینوێتی زۆری شكاندووم
باخەكانی وڵاتەكەم خۆشەویستن
لە هەموویان خۆشەویستتر
ئەو باخانەی
بەری زۆریان بۆ گەیاندووم
مامۆستایانی وڵاتم خۆشەویستن
لە هەموویان خۆشەویستتر

ئەو مامۆستایەی یەکەمجار

فێری یەکەم حەرفی کردووم

هاوڕێکەم

شەهیدانی وڵاتەکەم تێکڕا هەموو خۆشەویستن!

لە هەموویان خۆشەویستر

ئەو شەهیدانەی یەکەمجار

ترسی مەرگیان

بۆ بەزاندووم

وشەکانو مەبەستەکان روونن، هەموو شەهیدانی وڵاتم جێی سەروەری شیعری منن، بەڵام لەناو شەهیدانیشدا "خۆشەویست"و "خۆشەویستر" هەیە، ئەو شەهیدانەی، بە گیانم، بە بیرم، بە هەستم، بە خولیام، نزیکترن، دیارە ئەوان جێگەی زۆرتر لە شیعرەکانمدا، بۆ خۆیان ئەکەنەوە، لە هەموو دنیایشدا هەروا بوە، بۆیە ناتوانم درۆ لەگەڵ هەستو نەستو قەناعەتی خۆمدا بکەم. من هاوارئەکەم خۆشم ئەوێن.. ئیتر کام فەرامۆشی؟

حاڵەتی نووسینو شیعردانان بۆ هەر شتێك بێ، حاڵەتی تایبەتەو زۆرجار ناتوانرێ خەتێکی ئاشکراو راستەوڕاست بۆ ئەو هەڵچوونو داچوونانە بکێشرێ کە دەروونی شاعیر ئەدەنە بەر لێشاوی خۆیان، یان شیعری بۆ ئەم وت، بۆ ئەوی نەوت! بۆ وێنە: کارەساتی ڕووخانی کۆماری مەهابادو لە سێدارەدانی پێشەواکانی لە رۆژگاری خۆیدا، تا ئێستەش هەر هەوێنی دەیان شیعرو چیرۆکن. ئەو سەرئەنجامەش کێشەیەکی تراژیدیو ناسۆرێکی گەورەی میللی بوو. دە "بێکەس"ی نیشتمانپەروەر هەر لەو سەردەمەیشدا ژیاوەو شیعریشی بۆ قازی محەمەدو سەیفی قازی نەوتوە!. هەروەها شیعریشی بۆ شێخ سەعیدی پیران، دکتور فوئادو بۆ شەهیدەکانی راپەڕینی بارزانیش نەوتوە، بەڵام شیعری بۆ زۆر شەهیدانی تری رێگای ئازادیمان وتوە.. چوار ئەفسەرەکە.. مەحمود جەودەت.. بۆ ڕاپەڕینی (٦)ی ئەیلول.. بۆ ڕاپەڕینەکانی ١٩٤٨.. بۆ جوانەمەرگ بوونی "قالەی ئایشەخان"ی

هاوڕێی.. بۆ مستەفا مەزهەر.. باشە ئەتوانین بڵێین بێکەس ئەو شەهیدانەی فەرامۆشکردوە کە شیعری بۆ نەنووسیون؟.. "نزار قەبانی" شاعیری ناسراوی عەرەب لەو دواییەدا قەسیدەیەکی بۆ شۆڕشگێڕەکانی باشوری لوبنان نووسیبوو، یان بە واتەیەکی تر بۆ ئەو جەنگاوەرە شیعانەی سەر بە ڕێکخراوی "امل" بوون کە ئازایانە بەرەنگاری هێزەکانی ئیسرائیل ببوونەوە. نزار قەبانی لەم قەسیدەیەدا، هەر زۆر بە ئاشکرا ناوی "حسەین و حەسەن و ئیمام"ی بردوە.. وەك کۆمەڵێ ڕەمزی قوربانیو شەهیدبوون.. ئایا نزار لە حیزبی "ئەمەل"دایە؟! یان وەك شاعیرێ هەڵوێستو کارەساتێکی گەورەی نیشتمانی، ئازایەتیو بوێری ژمارەیەك لە جەنگاوەرانی لوبنان، کە لە بەگژاچوونەوەی ئیسرائیلدا، لە مەسەلە گەورەکەدا، کاریان کردۆتە سەر شاعیرو وایان لێکردوە ئەو شیعرانە بنووسێ؟ ئەی بۆ شیعری بۆ ئەوان وتو بۆ ئەوانی تری نەوت؟ ئەی ئەشێ لەبەرئەوەی شاعیر ناوی حسەین، حەسەنو ئیمامی بردوە، ئیتر بیکەن بە پاشکۆی ئەمەل؟! مەسەلەی شیعر وتنو شاعیر، بە چەندین تاوەدەزووی باریك باریکی ناو دەروون، بیر، هەستو سۆزەوە بەستراوە، تەنانەت شاعیر خۆیشی هەندێ جار نازانێ لەبەرچی ئەم شەپۆلی شیعرە ئەبیاتو ئەویتریان نایبات و نایهەژێنێ! وێنەیەکی تر: لەناو شەهیدانی شۆڕشی نوێدا، شەهید "شەهاب"، نەك هەر ئەمناسی، بەڵکو لە دایکیشەوە خزممانە. لە نزیکەوە بینیومە، قسەم لەگەڵ کردوە، گەلێجار پێکەوە دانیشتووین. کەچی تا ئێستە قەسیدەیەکی سەربەخۆو تایبەتیم بۆ نەوتوە، کەچی من کە شەهید شەماڵم هەر نەبینیبوو، قەسیدەیەکی تایبەتیشم بۆ نووسی! لە ١٩٧٤ەوە شەهید جەمیل ڕەنجبەرم نەبینیوە، کەچی قەسیدەیەکی تەواوم بۆ نووسی، شەهید دوکتۆر بەختیاریش هاوڕێیەکی نزیکم بوو، ئەبوایە -ئەگەر بەو داواکردنانە بێ و تەنانەت خۆیشم بمەوێ- لە شەهیدان عەلی عەسکەریو جەمالی عەلی باپیریش زۆرترم بۆ بنووسیایە، واش نەبوو! ئەی فەرامۆشکردن بوون؟

هەروەك لە سەرەتایشدا وتم، گومان لەوەدا نییە ئەو شەهیدەی شاعیر شیعری بۆ ئەڵێ، ئەبێ جۆرە پەیوەندییەکی فیکری یان گیانی بێ، یان خۆشەویستیو هاوچارەنووسی

دروست کردبێ، ئەی ئەگینا چۆن شیعر لەدایکئەبێ؟ بەڵام لەملای تریشەوە، شیعر ئەوتن بۆ شەهیدانی قارەمانی هەر لایەنێکی سیاسی نیشتمانپەروەری تر.. مانای فەرامۆشکردن نیە.. بەڵکو لەبەر هەر هۆیەك بێت.. ئەبوون بە ئاشناو هاوڕێی هەستو ئەستم، وەك بارانێ بەسەر وەردی شیعری مندا ئەباریون. ڕووبارن، بەڵام ئاوی باخی شیعری منیان ئەداوە. کەسانی خۆشەویست زۆرن، بەڵام خۆشەویستیی کەم کەسیان ئەبن بە شیعر. چونکە ئەگەر وا ئەبوایە هەموو شاعیرێ ئەبوایە چەند دیوانێ شیعری هەر لەسەر ژنو منداڵو کەسوکاری هاوڕێی خۆی دابنایە.. کە ئەمەیش لە دنیای شیعرەوە دوورە!

■ من پێموایە، مرۆڤ تا ئەبێتە بەشێک لە مێژوو، یان بە شێوەیەکی تر تا لە ژیان دەرئەچێ، چەندیش گەورەو خاوەن هەڵوێست بێ، پیاهەڵدانی چاک نییە، چونکە لە هەر ڵادانێکی ئەو کەسەدا، یان لە هەر ڕەتەڵەک بردنێکدا، شیعرەکەش لەگەڵیا سەرەنگرێ دەبێ، تێڕوانینی خەڵکیش سەبارەت بە شاعیر لەوەدا کە دیوی ناوەوەی گۆڕانەکان دەبینێ، بە پێچەوانەوە دەشکێتەوە.. لێرەوە من شیعر "بۆ بارزانی" وا دەبینم، تۆ ئەڵێی چی؟

□ شیعری "بۆ بارزانی" بە یەکێك لە شیعرە جوانەکانی خۆم ئەزانم. وەك چۆن لەدەستو چاوی خۆم، لە ئەلبوومی وێنەکانی ڕابردووم پەشیمان نیم، ئاوایش لەو شیعرەو لە سەردەمی هەڵوێستی ئەو شیعرەم پەشیمان نیم. فیکرو هەڵوێستی سیاسیم لەگەڵ هەر لایەنێکی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمدا بووبێ هەرگیز، درۆم لەگەڵ قەناعەتی خۆمدا نەکردوە. لەو ڕۆژەوە کە شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد بەرپا بوە، واتە لە ئەیلولی ١٩٦١وە، سەنگەری ڕاستەقینەی پێشمەرگەی ئەم شاخو کێوانە لە کوێ بووبێ، شیعری منیش لەوێ بوە. ئەو خۆزگەو حەزو خۆشەویستییانەی لە دڵو دەروونی گەلەکەمدا هەبوونو ئەیانتوانیوە بیکەن بە شیعر، لای من بوون بە شیعرو چوونەتە سەر کاغەز. لە سیاسەتدا فڕوفێڵو پێچەبەدەورەم ئەزانیوە، تا ئێستەش کە شیعرێکی نیشتمانی ئەنووسم، کە هەڵوێستی خۆم، هەستو ئەستم لەو شیعرەدا ئەنوێنم، وەك شاعیرێکی دڵدار لەگەڵ شیعرەکەمدا ئەدوێمو هەڵسوکەوت ئەکەم. لە ئاستی ڕاستیو پاکیو وەفاداریو

دڵداریەکەیدا هەرگیز بە نیوەناچڵ خۆشەویستیم نەکردوە، خۆ ئەگەر وەختێکیش دڵدارەکەم پشتی تێکردبم، لە مەترسیو تەنگانەدا بەجێی هێشتبم، دەستی لێبەردابم، ئەوساش هەرگیز سڵم نەکردۆتەوە لەوەی ئەیدەمە بەر ئەشتەری شیعر. شیعری "بۆ بارزانی"یشم هەر بەو جۆرە وتوەو هەر بەو راستگۆییو پاکییەشەوە لەلای من چاوی هەڵهێناوە. هەموو شیعرێکیش لە چاوی ئەو سەردەمەوە تەماشانەکرێ کە شیعرەکەی تێدا وتراوە. دوور نەڕۆین مامۆستایان: "گۆران" و "ئیبراهیم ئەحمەد" ئەگەر بیانزانیایە (عەبدولکەریم قاسم) پاش چەند ساڵێك ئەو زۆردارەی لێدەرئەچێ، هەرگیز لە وەختی بریندارکردنیدا، ئەو شیعرانەیان بۆ ئەئەوت کە لە وەختی خۆیدا بۆیان نووسی. تەنانەت "گۆران" لە رادەبەردەر ئەو رووداوە کاری تێکردوەو ئەڵێ "رەنگی سورت کردم بە زەرد" خۆ ئاشکرایشە خواڵێخۆشبوو بارزانی وەك سەرکردەی خەباتی قۆناغێکی تێکۆشان، بە بەراورد هەرگیز لە جەواڵێکدا لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا کۆنابنەوە؟

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە تا هەرەسی ١٩٧٥، لەسەر یەك خەت لایەنگری سەرکردایەتی خواڵێخۆشبوو بارزانی بووم، تا ئەوکاتەش، بارزانی رەمزی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان بوو. خۆشەویستێکی بێ نموونەی ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. لە ساڵی ١٩٧٢دا کاتێ رژێمی بەغدا پیلانی کوشتنی سازکرد، بە چەند رۆژێك دوای ئەو پیلانە، من شیعری "بۆ بارزانی"م نووسیو بەرلەوەی بە کوردی بڵاوبێتەوە پێشتر کرا بە عەرەبیو لە رۆژنامەی (التآخی)دا لە گەرمەی ئەو بەسەرهاتەداو لە سانسۆرکردنی رۆژنامەکەداو دەست بەسەراگرتنی چەند ژمارەیەکیدا، لە تیژبوونەوەی وەزعێکی نالەباردا، بڵاوکرایەوە. بەڵێ ئەوکاتە شیعری "بۆ بارزانیم" نووسیوە. ئەوساش نە پارتی بووم نە بەیاننامەی (١١) ئازار کردبوومی بە هیچ، مووچەخۆرێکی بچوك بووم. ئەو رۆژگارەی ئەو شیعرەی تێدا وتراو بڵاوکرایەوە، رۆژگاری شلۆقیو پڕ لە مەترسی بوو، بۆیە ئەڵێم جێی شانازیمە کە لە سەردەمێکدا داگیرکەری وڵاتەکەم پیلانی بۆ کوشتنو لەناوبردنی سەرکردەی خۆشەویستی گەلەکەم، رەمزێکی گەورەی ئەو سەردەمەمان سازکردبێ، منیش

هەڵوێستی شاعیرانەم ئەوە بووبێ و بێدەنگ نەبووبم! وەکو زۆر بەناو شاعیری ئەوساو ئێستەش، نەمتوانیوە بێدەنگی هەڵبژێرم و دەست بە کڵاوی خۆمەوەو بە کڵاوی شیعرمەوە، بگرم تا با نەیبات!

بەڵام بە داخەوە دوای پیلانی جەزائیرو ڕاکردنی ئەو سەرکردایەتیە، هەموو شتێ گۆڕا، ئەو ڕەمزەش بە چۆکدا هات و لە تەنگانەترین کاتدا گەلەکەی بەجێهێشت، خۆی دەرباز کرد! کەشتیوانێ بوو کەشتییەکەی بۆ ناو گەرداوێکی تووش بەرەڵڵا کردو خۆی قوتار کرد! ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە شۆڕشی ئەیلول ڕووبەری فراوانترین خاکی ڕزگارکراوی لەژێردەستدا بوو، بە هەزاران پێشمەرگەو بە سەدان چەکی قورس و سووک بە ملیۆنان تەمەنی هەموو، بە دەیان ڕۆشنبیر، زاناو ئەدیبی لە دەور گرد ببۆوە. ئیتر کێ ئەتوانێ پاساوی ئەو هەڵاتن و بەزینە بداتەوە؟ پیاهەڵدانی من لە وەختی مەترسی ڕۆژگاری پیلانگێڕانی دوژمندا بوو بۆ لەناوبردنی ئەو ڕەمزەی لەو سەرو دەمەدا خەنجەری ناو دڵی داگیرکەر بوو. پیاهەڵدانی من نە بۆ پلەوپایەو وەزیفەو پارە بوو، نە بۆ ئەوەیش بوو لە کاروبارە سیاسی و ئیدارییەکانی پارتی و شۆڕشی ئەیلول بچمە پێش و حەز بە دەسەڵاتداری بکەم! پیاهەڵدانی من پیاهەڵدانی میللەت بوو، پیاهەڵدانی هەزاران هەزار پێشمەرگە بوو، لەو ڕۆژگارەدا ئەو شیعرە تیرێکی ژەهراوی بوو بۆ سەر دڵی دوژمن و گۆرانییەکی ڕاستگۆیانەی سەرزاری "فراوانترین جەماوەر بوو" کە تا ئەو ڕۆژەو تا ئێستەش وێنەی نەبینراوەتەوە. هەر بۆ وەفای شیعرو بۆ هەڵوێستی ئەو سەردەمانەش، بۆ جاری دوەم لە (١١) ئازاری ١٩٧٤دا چوومەوە شاخ، لە دواییدا وەك پەناهەندەیەك لەگەڵ ژن و منداڵەکانمدا چووینە "مەریوان"، بەر لە ڕۆژگاری هەرەسیش لەوپەڕی دەسەڵاتی بارزانی و پارەداری و پۆشتەیی بێ وێنەی ئەواندا، هەر لە مەریوان کاتێ هەرەس کردینی بە ژێرەوە، ناچار بووم بەتانیەکانیماڵەوە، زۆپایەك، هەندێ قاپ و قاچاخ بفرۆشم تا بە پارەکەی بتوانین بگەینەوە سلێمانی!

ئەو سەردەمەی "بارزانی" ڕەمزە گەورەکە بوو، ئەو سەردەمەی چەندین کۆمەڵی سیاسی بە چەپ و ڕاستەوە لەژێر سایەی دیوارەکەی ئەودا ئەژیان! گەلێ قەڵەمی ئەو ڕۆژگارانە بە

وتار، چیرۆک، ڕیپۆرتاژ، گۆشەی تایبەتی ناو ڕۆژنامەکان، بە تایبەتی لە "برایەتی"و "التاخی"دا، لە قارەمانێتیو خۆشەویستی ئەو دواون. لە بواری شیعریشدا ئەوەندەی من بزانم چ بە "ناوبردن"و "ئیشارەت پێدان" بووبێ، چ بە قەسیدەی تایبەتی، "بارزانی" وەك ڕەمزی سەرکردەیەکی نیشتمانی خوێنراوەتەوە، هەر لە شاعیری گەورەی عەرەب "محەمەد مەهدی جەواهیری"یەوە تا ئیشارەت بۆ کردنی لە شیعری کامەران موکری داو ئینجا لە شاعیرانی هاوتەمەنی منیشدا "عەبدوڵڵا پەشێو" کە دوای من ئەویش شیعری "برووسکە"ی هەر لەو ڕۆژگارانەدا بڵاوکردەوە.. ئەمە جگە لە نووسینی زۆر وتاری سیاسی کە برای بەڕێز مامۆستا جەلال تاڵەبانی لە ڕۆژنامەی (بێروت)دا لە سەردەمێکدا بڵاوینەکردنەوە، تا ئەگاتە وتارێکی شەهید ئارام کە لە ژمارە دووی دەنگی پێشمەرگەی ساڵی ١٩٧٤ بڵاوبۆتەوە.. وەك وتیشم هەموو شیعرو نووسینو هەڵوێستێ، پێویستە لە چاوی ئەو ڕۆژگارانەوە تەماشابکرێن کە تیایدا نووسراون، نەك لە چاوی قۆناغی دواترەوە.

دەربارەی سەرەنگریێ بوونی شیعرەکەش، من پێموایە ئەمەیان لە ئێستەشدا هەر مەسەلەیەکی ڕێژەییە، چونکە تا ئەمڕۆش ڕەنگە لە دڵی کەسانێکی تردا هەرمابێ، بژیو خۆشەویست بێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا، بەڵێ ڕاستە ئەو شیعرە فێری ئەوەی کردم کە ئیتر تا هەر کەسێك، هەر مرۆڤێك، چەندە قارەمانیش بێ، کە بەسەر بژی، شیعری بۆ نەڵێم. ئەم دەرسەش دەرسێکی گەورە بوو!

■ لە کاتی ناشتنی تەرمی "تۆفیق وەهبی"دا، پەخشانێکت خوێندەوە، ئەگەرچی تۆ لە هەموویان کەمتر ستایشت کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆرم بیستوە دەڵێن: تۆفیق وەهبی‌یەك کە وەزیری دەوڵەتی کۆنەپەرستی پاشایەتیو پیاوی ئینگلیز بووبێ، هەق نییە بەو شێوەیە ستایش بکرێ، ڕاستە ڕێزگرتن لە کارە زمانەوانییەکانی پێویستە، بەڵام تۆ پێتوانییە ئەمە هەڵوێستە نەگەتیڤەکانی ئەو بەرامبەر بە مەسەلەی گەلەکەی داناپۆشێ؟

□ نەخێر دایناپۆشێ! بەڵام کام شێوەی ستایش و ڕێزلێنانو چۆن؟ هیچ کوردێکی هۆشیارو دڵسۆز نییە ئەوە نەزانێ کە هەڵوێستی سیاسی "تۆفیق وەهبی" لە سەردەمێکدا کە وەزیری دەوڵەتو کاربەدەستێکی گەورەی ڕژێمی پاشایەتی عێراق بوو، هەڵوێستی سەر بە ئینگلیزو دەرباری شاو پشت لە گەلی کورد بوو. هەروەکو چۆن هیچ کوردێکی هۆشیارو خوێندەواریش نییە ئەوە نەزانێ کە "تۆفیق وەهبی" زانایەکی گەورەو زمانەوانێکی بەناوبانگی کورد بوە. بەڵێ ئەو دوو سیفەتە ناکۆکە لە یەك وەختدا وەك سەرئەنجام هەردووکی لەو مرۆڤەدا کۆببوونەوە. لەناو هەموو گەلێکی ئەم سەرزەمینەشدا، خۆ هەموو زاناو کەڵە ئەدیبێ، لەیەك وەختدا هەردوو سیفەتی زانایی و نیشتمانپەروەریان تێدا نەبوە. هەڵبەت مایەی شانازی هەموو گەلێکە ئەگەر ئەو دوو سیفەتە واتە هەڵوێستی سەر بەرەی گەل و شۆڕشگێڕێتی، بەهرەی زانایی و ئەدیبانە لە بەهرەوەرێکدا، پێکەوە هاوتەریب بن. بەکورتی هیچ پاساوێك بۆ هەڵوێستی سیاسی فیکری نەگەتیفی ئەم زانایە لەو سەردەمانەدا نادرێتەوە! هەروەکو چۆن کەسیش نییە بتوانێ لە ئاست زانایی و زمانەوانی و دانایی ئەودا، نکوڵیبکات. ئێستە پێویستە پرسیارێك بکەین: ئایا ئەو هەڵوێستە سیاسیە نەگەتیفە، لایەنە زانستی و زمانەوانی و زانایییەکەی تۆفیق وەهبی ئەسڕێتەوە؟ بەلای منەوەو بە لای هەموو کەسێکی هۆشیارەوە، وەڵام (نەء)ە، چونکە ئەو خزمەتە بۆتە مێژوویەکی دیار، بە ئێمە لانابرێو هەیەو حەقیقەتە، ئەمە جگەلەوەی خۆ ئەگەر بکەوینە سڕینەوەی خزمەتی ئەو زاناو ئەدیب و نووسەرانەی کە وەك "تۆفیق وەهبی" لەم دنیایەدا بوونو هەن، ئەوا مانای وایە ئەبێ نیوەی زیاتری کەلەپووری ئینسانی بسڕینەوە، کە ئەمەش نەك هەر ناکرێ، بەڵکو هەر باسکردنی مایەی گاڵتەجاڕیە، با نموونەیەکی زیندوو باسبکەینو وێنەیەکی نزیك بەم باسەی خۆمان بێنینەوە. (مینۆرسکی) ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگی ڕووسی بوو، ئەوکاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپابوو. ئەم لە ئێران بوو. مینۆرسکی نەك هەر پشتگیری شۆڕشی ئۆکتۆبەری نەکرد، بەڵکو بوو بە دوژمنێکی سەرسەختی ئەو شۆڕشە گەورەیە، لە ئێران بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی چەواشەی دژ بە شۆڕشی پرۆلیتاریا دەربڕی، بە

کـردەوەش کەوتـە بەریـەرەکانیکردنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، دواتریـش لـە (پـاریس) ئـەم دوژمنایەتیکردنەی خۆی پەرەپێدا، بەڵام کاتێکیش مینۆرسکی زاناو ڕۆژهەڵاتناس مرد، لە ڕۆژگـارێکی تـردا، گـەلانی یـەکێتی سـۆڤیەتو دەوڵـەتی ئیشـتراکی، گـەورەترین ئاهـەنگی ڕێزلێنانو تەقدیرو ستایش کردنیان بۆ گێڕا. هەڵبەتە ئەم ڕێزەش بە تەنها هەر بۆ لایەنی زانایی‌و خزمـەتگوزاری ئەو بوە لـە مـەیدانی زانسـتی ڕۆژهەڵاتناسـیدا. ئێسـتە مینۆرسـکی یەکێکە لەو زانایانەی کە گەلانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەکادیمیەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، شانازی پێوە ئەکەن‌و بە دەیان کتێبخانەو قوتابخانەو شەقامو بەشی ئەکادیمیان بـە نـاوی ئـەوەوە ناونـاوە!. تۆفیـق وەهبـی زانایـەکی گـەورەی کـورد بـوو. دەیـان کـاری زانستیانەو زمانەوانی ئەنجامداوە.

ئێمـەیش چەند نووسـەرێکی شاری سلێمانی بووین بۆ تۆفیق وەهبـی زانـاو زمانـەوان، چلـەمان بۆ کـرد، بەرلـەوەش لـە وەختـی ناشتنی تەرمەکـەیدا لـە پیرەمـەگرون مـن وتـارێکی ئەدەبیم لەسەر گۆڕەکەی خوێندەوە. هـەروەها بـەر لـە پەخشـانە ئەدەبییەکـەی مـن، لەلایـەن کۆمـەڵێ ئـەدیبو ڕوناکبیری ترەوە، وتـارو شیعری تـر خوێنرانەوە. ئەوکاتـەش بـرای بـەڕێز جەلال تاڵـەبانی هـاتبوو، دوا وتـەش ئەو دایو تـەواوی وتـارو شـیعرەکان تۆمـارکرانو لـەو ڕۆژانـەدا بـە سـەدان کاسـێتی لێ بڵاوکرایـەوە، چ مـن لـە وتارەکـەی پیرەمـەگروونـدا، چ ئـەو نووسـەرو ڕوناکبیرو زانایانـەی لـە چلەکـەیدا قسـەیان کـرد، تێکـڕا ستایشـی تۆفیـق وەهبـی زانایـان کـردو بـەس! تەنانـەت مـن لـە وتارەکـەی خۆمـدا نـەك هـەر کـەمتر ستایشـم کـرد، مـن ستایشی زانایی ئەوم زۆر کرد، بەڵام لـە هەڵوێستە نەگەتیفەکانیشی بێدەنگ نـەبووم، چاوم لەو هەڵوێستانە نەپۆشی‌و لە شوێنێکی وتارەکەمدا وتم "لە هەندێ ئاوڕدانەوەی مێژووییدا، هـەندێ هەڵوێسـت ڕوومـان گرژئـەکاو حەزمانئـەکرد تـۆی زانـاش، ئەوکاتانـە، قوڵـت لـە قوڵـی هەڵوێستی شێخی ئـەمرو جـەودەتو بێکەسـدا بوایـە.." کاسـێتەکە مـاوەو دەهـۆڵـی بـەتاڵ نایسڕێتەوە، ئەو کارەش، کە بۆ زانایی‌و لا ڕووناکەکەی تۆفیق وەهبی کردمان، بە مایەی بەختیاری خۆمانی ئەزانین.

■ **من لەوانەم کە بڕوایان بە شیعری بێلایەن، یان ناسیاسی نییە، ئەوانەش کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە شیعری بێلایەن دەنووسن، بەوە داکۆکی لە جۆرێک سیاسەت و ئایدیۆلۆژییەت دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو لەهەمانکاتدا، لای من یەک لەو شتە مەترسیدارانەی کە شاعیر تووشی دەبێ ئەوەیە؛ کە شیعری لە سێبەری هەڵوێست و سیاسەتی حیزبێک، یان ڕێکخراوێکەوە سەرچاوە بگرێ.. یان لە تێڕوانین و هەڵوێست و خەتی سیاسی ئەو حیزبەوە بڕوانێتە مەسەلە گەورەکەی، جا ئەگەرچی من ئەم حاڵەتە بەسەر هەموو شیعرەکانی تۆدا بەگشتی ناکەم، بەڵام ناشتوانم نەڵێم هەندێ شیعرت ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەیان، بەزەقی پێوە دیارنییە، بە تایبەتیش لە شیعری "داستانی هەڵۆی سور"، "دووریان"، "بانگ"..هتد کە من پێموایە ئەمە هەم تەمەنی شیعرەکە کورتدەکاتەوە، هەم سنووری بڵاوبوونەوەیشی تەسکتر دەکاتەوە،ئەڵێی چی؟**

□ حەزمکرد ئەم پرسیارەشت کرد، با تۆزێ بە دوورودرێژی لێیبدوێین، زۆرچاکە منیش هەر بڕوام وایە، شاعیری بێلایەن و ناسیاسیی نییە، چونکە تا ناکۆکی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندی جیاوازو بیرکردنەوەی جیاواز هەبن، بێلایەنی و بێتەرەفیش نابن، لەم ڕۆژگارەدا ئەدیبی بێلایەن و ناسیاسی، هەر ئەدیبە مردوەکانن! دیارە هەر بەم پێوانەیەش، هیچ ئەدیب و ڕووناکبیرێکیش نییە، لەم سەردەمەی ئێمەدا، کەم تا زۆر، بە ئاشکراو بە نهێنی، بە شێوەیەك لە شێوەکانی لایەنگرتن، بە مەیلی هەواداری بێ یان دۆستایەتی یان ئینتیمای حیزبی، هەڵوێستی سیاسیانەی خۆی لە نێوان ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا دیارینەکردبێ یان ساخ نەکردبێتەوە، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا کارئەکەن. مرۆڤ ناتوانێ لە سەیرکردنی دوو تیمی فتبۆڵدا بێلایەن بێ، چ جای ئەوەی بتوانێ لەناو کۆمەڵێ ناکۆکی سیاسی هەمەجۆردا بێلایەن و بێدەنگ بێت! هەروەها ئەڵێیت: *ئەوانەش کە ئیدعای ئەوە ئەکەن گوایە شیعری بێلایەن ئەنووسن، بەوە داکۆکی لە جۆرێك سیاسەت و ئایدۆلۆژییەت ئەکەن،* ئەمەیش هەر ڕاستە، تەنانەت ئەو ئەدیبە مۆدێرنیزمانەی ئەورووپاش کاتێ ئەیانەوێ هەرچی کەسایەتی ئینسانیش هەیە لە بەرهەمەکانیاندا بیسڕنەوە! "هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعەوە، وەك

ئەڵێن، ئەمێنی، هەر لەو کاتەدا ئەوان خۆیان بە زمانێك ئەنووسن کە بەڵگەی پەیوەنداربیە بە کۆمەڵ و واقیعەوە، هەر بەمەیش ئیدعای خۆیان بەتاڵ ئەکەنەوە. هەروەها ئەڵێیت بەڵام *لەگەڵ ئەوەشداو لەهەمانکاتدا، لای من، یەك لەو شتە خەتەرانەی کە شاعیر تووشی دەبێ ئەوەیە کە شیعری لە سێبەرو هەڵوێستو سیاسەتی حیزبێك یان ڕێکخراوێکەوە سەرچاوە بگرێ یان لە تێڕوانین و هەڵوێستو خەتی سیاسی ئەو حیزبەوە بڕوانێتە مەسەلە گەورەکەی.* زۆرچاکە تۆ پێت وانییە ئەم قسەیەت زۆر ناکۆکە لەگەڵ بەشی یەکەمی بۆچوونەکەتدا؟ من جارێ هیچ نالێم، بەڵام ڕەنگە زنجیرەیەك پرسیار هەبێ، ئایا لە رابردووداو لە ئێستەشدا گەلێ لە ئەدیبانی دنیا، ئەدیبانی ناسراو، لەهەمانکاتدا مونتەمی بەخەتی حیزبێکەوە، مەسەلەی ئایدۆلۆژی حیزبەکانی خۆیان بە بەشێك لە مەسەلە گەورەکە نەزانیوە؟ یان حیزبەکانیان بە پێشڕەوی ڕابەریکردنی ئەو مەسەلەیە لە قەڵەمنەداوە؟ بۆ وێنە: دەیان ئەدیبی مونتەمی، پەیوەندار، وەك ئاراگۆن، نازم حیکمەت، گۆران، شۆلۆخوف، مایکوفسکی و زۆری تر، مەسەلە گەورەکەیان لە فەلسەفەو بیروباوەڕو ئایدۆلۆژی حیزبی خۆیاندا نەدیوە؟ هیچ ناکۆکیەکیان لە نێوان کێشەی گەل و سۆسیالیزم و مەسەلەی چینایەتی و نەتەوایەتی و حیزبەکەی خۆیاندا بینیوە؟ بە دوو حاڵەتی دژ بە یەکیان زانیون؟ بێگومان نەء، چونکە بەلای ئەو ئەدیبە مونتەمیانەشەوە "حیزب" وەسیلەی سەرەکی بەدیهێنانی ئامانجی مەسەلە گەورەکە بوە. هەڵوێستو سیاسەتی حیزب لای ئەوان مەسەلە گەورەکە بوەو یەك یەکتریان تەواوکردوە. تەنانەت لای ئەوان دروشمی "با بڕوخێ ئەدیبە ناحیزبیەکان" لە قۆناغێکداو لە سەردەمی لینینەوە بەرزکرابۆوە! چونکە بە بڕوای ئەوان حیزب حیزبی کرێکاران و جوتیارانە، حیزبی پڕۆلیتاریای پێشڕەوە، ئەدەبیش ئەبێ لە خزمەتی ئەو چینەدا بێت، بە کورتی ئەدیبی گەورەو بەهرەوەری بلیمەتیش هەبوون کە تەماشای مەسەلەی حیزب و مەسەلەی گەورەیان وەك دوو شتی جیاواز، ناکۆك، دژبەیەك نەکردوە. ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە، کاتێ ئەوترێ "هەڵوێستو سیاسەتی حیزبێك" ئەبێ بشپرسین کام هەڵوێست؟ کام سیاسەت؟ کام حیزب؟ بەرامبەر بە چی و لەکوێ و لە کەیدا؟ بۆ وێنە: ئایا ئەگەر شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ئینقلابی ڕەشی (٨)ی شوبات لای دوو

شاعیر بوون بە سەرچاوەی دوو شیعر، (جارێ باس لەلایەنی هونەری ناکەین)، هەر بریتین لە یەك حاڵەت؟ هەر سێبەری یەك دنیان؟ سەرچاوەکە هەریەك سەرچاوەیە؟ یەك تێڕوانینە؟

دوای ئەم پرسیارانە ئەڵێم: هیچ فەلسەفەو ئایدۆلۆژییەت و حیزبێك شاعیری راستەقینە دروستناکات، چونکە "بەهرە" لە سەرووی هەموو ئەو دەسەڵاتانەوەیە کە لە حیزبێك و فەلسەفەیەکدان. بەڵام هەر لێرەدا بۆ شاعیرێکی مونتەمییش هەیە بێتە قسەو بڵێ: *راستە من حیزبەکەم، فەلسەفەکەم، دروستی نەکردووم، بەڵام بەهرەم پەروەردەم دەکا، رێی ئاقیکردنەوەی روناکترو بە پیتترم لەبەردەمدا ئەکاتەوە.* هەڵبەتە ئەم قسەیەش دروستە.

شاعیری گەورە پێشڕەوە، تەنانەت ئەگەر مونتەمییش بێ، ئەو شاعیرو ئەدیبە ڕەسەن و بەهرەدارانە کامانەن زورنازەن و دەهۆڵ کوتی سیاسەتی حیزبێ بووبن، بەڵام بەرهەمەکانیشیان کاریگەرو زیندوو بووبن؟ شیعریان بە راستی شیعر بووبێ؟ شیعری وەزیفە نەبووبن؟ شیعری داتاشراو، چۆن ئەتوانێ بچێتە ناو دڵ و دەروونی هەزاران کەسەوەو بیانجوڵێنێ و وزەی مەعنەوی و هێزی ژیانیان پێببەخشێ! شاعیری راستەقینە، ئەوانەی خۆیان خاوەنی دڵ و دەروونی خۆیان بوون و لە دوکانی هیچ بازاڕێکی سیاسیدا دەنگی خۆیان نەفرۆشتوە، بەردەوام هەر پیاوانی سیاسی و حیزبەکان ویستویانە لێیان نزیك ببنەوە -ئەگەر مەسەلە هۆ تێکەوتن و کارو سێبەری هەڵوێست بێ- ئەوان بە پیر ئەمانەوە چوون و باوەشیان بۆ کردوونەتەوە. چونکە هەموو حیزبێکی سیاسی ئەتوانێ کادێری سیاسی و کارگێڕ بۆ خۆی دروستبکات، بەڵام ئەوەی پێی دروستناکرێ شاعیری حەقیقیە. بە پێچەوانەوە گەلێجار شیعری شاعیرێکی هونەرمەند کاری کردۆتە سەر حیزبێك، ئەندامانی، لایەنگیرانی، جەماوەری، شەپۆلەکانی ئەوانی راپێچ کردوە، یان بە واتەیەکی تر، خستوویەتیە ژێر کارتێکردنی خۆیەوە، بۆ وێنە شیعرێکی ئاراگۆن لەسەردەمی فەرەنسەی داگیرکراوی جەنگی دوەمی گێتیدا لە بەیاننامەیەکی حیزبی شیوعی فەرەنسی کاری گەورەتری کردە سەر خەڵك، سەر ئەندامانی حیزب، سەر جەماوەر بە گشتی و زیاتر جووڵاندنی، ئەگەر شیعرێ لە سایەو سێبەری بڕیارێکی سیاسیدا لەدایکبێ هەر بەقەدەر -بۆ

ئاگاداری– ئاو رۆژنامەیەك ئەژی، كوا ئەوە پێی ئەوترێ شیعر! شاعیری راستەقینە، شاعیری بەتواناو هونەرمەند، داشی دامەی هیچ سیاسیەك نییە، هیچ سیاسیەكیش ناتوانێ یەك دێڕ شیعر بە شیعری ڕاستەقینە دابنێ ئەگەر ئەو شاعیرە خۆی باوەڕی پێی نەبێ، خۆی بۆ كێشەیەكی هاوبەش لەگەڵ ئەو سیاسییەدا یەكیان نەگرتبێتەوە.

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانو سەركەوتنی بەرەی سوێندخۆران بەسەر بەرەی نازیو فاشیدا، لەدوای سەركەوتنی سۆڤیەت بەسەر داگیركەرە ئەڵمانیەكاندا، داستانی قارەمانێتی شاری ستالینگراد بوو بە وێردی سەر زمانی هەموو دنیای ئازادیخواز. بە تەنهایش هەر لەبەر بانگەوازی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی نەبوو كە سەدان شاعیری دنیا، ئكلیلە گوڵی شیعری خۆیان كردە ملی ئەو شارە قارەمانە، بەڵكو مەسەلەی شەڕی ڕەواو ناڕەوا، شەڕی كرێكاران و دوژمنانی كرێكاران، شەڕی خێرو شەڕ بوو. شاعیرانیش بەوە نەبوونە پاشكۆی بڕیاری حیزبێك، ئەوان بۆ ڕەمزێكی گەورەی سەربەستیو ئازادی دنیا، گۆرانی خۆیان وتو لە تێڕوانینی خەتی ئەو حیزبەوە ئەو شیعرانە لەدایكنەبوون! لە سەرێكی تریشەوە شاعیری سەربەستو هۆشیار، شاعیرێ كە وزەی بەهرەی لای خۆیەتیو لەدەست كەسی تردا نییە، شاعیرێ كە دەستی لە هەموو بەرژەوەندیو دەسكەوتێكی تایبەتی خۆی شتبێو چووبێتە سەنگەری گەلەكەیەوە، لەناو جەرگەی بەسەرهاتو ڕووداوە سیاسیەكاندا بێ، چۆن تێڕوانینی خۆی نابێو لەبەرچی ئەبێ لە چاوی كەسانی ترەوە تەماشای مەسەلە گەورەكەی بكات؟! بەڵێ گەلێجار شیعری شاعیرانی قۆناغێكی تێكۆشان ڕەنگە لەگەڵ بانگەوازو ویستی حیزبێكیشدا، بە ڕێكەوت، یەكیان گرتبێتەوە، یان چووبێتنە ژێر كارتێكردنیەوە، بەڵام لە دواڕۆژدا بانگەوازەكە لەبیر ئەچێتەوەو شیعرەكە ئەمێنێتەوە، چونكە ئەمیان بە زمانی ڕاستەقینەی هەستو ئەستی خەڵك قسەی كردوە، یان بە واتەیەكی تر، بانگەوازێكی سیاسی ڕووت نەبوەو هونەریش بوە. هەر شاعیرێكیش كە ئیلتیزامی بە مەسەلە گەورەكەی میللەتەوە بوو، مانای سیاسییە، مانای بەرپرسیارە، لەبەرئەوەی ئاگای لە هەردوو مەترسی "مەسەلەكەو هونەریشە".

جگە لەوەش وا گریمان شاعیرێك لە تێڕوانینی حیزبێکەوە تەماشای مەسەلە گەورەکەی کرد! بەڵام ئەی نابێ بزانین کام تێڕوانین؟ ئەگەر ئەو تێڕوانینە تێڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەو ئاوێنەی هەستو ئەستو خواستی کۆمەڵانی خەڵك بێ، ببێتە مایەی شیعرێکی پرشنگداری کاریگەرو زیندوو، بۆ ئەبێ مەترسیدار بێ؟ بۆ وێنە دروشمی "زەوی بۆ ئەو کەسەیە کە بیکێڵێ" لای بریخت، ڕەنگە بۆ دەیان شاعیرو هونەرمەند بووبنە کاری هونەریو شیعری گەورە گەورە، یان ڕاپەڕینی (١٩٠٥)ی رووسیاو تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانو حیزبەکانی ئەو سەردەمە، لای نووسەرێکی گەورەی وەکو "ماکسیم گۆرگی"، ڕۆمانی "دایك"ی دروستکرد. کێشە جەوهەریەکە لەوەدایە چۆن ئەبن بە شیعر؟ چۆن ئەبن بە ڕۆمان! تۆ لە پرسیارەکەشدا دوو شتت تێکەڵ بە یەکتر کردوە، زمانی "مەسەلەی هاوبەش"و زمانی "مەسەلەی گەلو شۆڕش" کە لە نێوان هونەرمەندانو سیاسیەکانیشدا لەگەڵ "مەسەلەی شیعری وەزیفە"و "موناسەبات"دایە، بۆ وێنە: شاعیرێکی فەلەستینی ئامونتەمیو سەرکردەی سیاسی یەکێك لە ڕێکخراوە فەلەستینییەکان، لە مەسەلە گەورەکەدا، لە چارەنووسدا، هەردوولا یەکئەگرنەوە، هەردووکیشیان هەریەکەو بە وەسیلەی خۆی، بە زمانی خۆی، ڕوونەکەنە یەك ئامانج. ئەی ئەگەر ئەو شاعیرە لە ئاهەنگی با بڵێین دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەدا، کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی سەر بە گەلی فەلەستینە، شیعرێکی خوێندەوە، ئەو شیعرەی ڕوونەکاتە ئامانجە گەورەکە، جا لە هەر ڕوانگەیەکەوە بێ، ئایا ئەو شاعیرە بوو بە پاشکۆی ئەو ڕێکخراوە؟ لەو هەڵوێستەدا شاعیرەکەشو سیاسیەکەش یەك تێڕوانینی سەرەکیان هەیە بۆ مەسەلە گەورەکە. بەڵام لای شاعیرەکە بە زمانێکی تر دەربڕراوە، کە سیاسیەکە بەو زمانە توانای دەربڕینی نییە. لەوێدا خەتی سیاسی ئەو ڕێکخراوە، ناکۆکی نییە لەگەڵ تێڕوانینی شاعیرەکەدا، چونکە یەك مەسەلەی جەوهەری هەردوولا یەك ئەخات. بەڵێ خەتەر ئەوەیە زمانی شاعیرەکە ببێ بە زمانی سیاسیەکەو لە شیعرو هونەر خاڵی بێ.

لە مەسەلەی جەوهەریدا، مەسەلەی چارەنووسی میللەتاندا، کێشەکە کێشەی هاوبەشی هەموو ڕۆڵە تێکۆشەرەکان بە سیاسی و هونەرمەندو ئەدیب و ڕوناکبیرەوەیە. بەڵێ کاتێ ئەو مەترسییە دروستئەبێ کە شاعیر شیعرەکەی لە خزمەتی خەتی سیاسی حیزبێکی دژ بە ئاوات و ئامانجی گەلدا بێ، بۆ وێنە: ئەگەر ئێستە لە خوارووی ئەفریقادا شاعیرێك هەبێ بە پێچەوانەی خواست و داخوازی و ئامانجی ڕەشەکانەوە، داکۆکی لە هەڵاویردنی ڕەگەزایەتی بکات و بچێتە پاڵ سپیە ڕەگەزپەرستەکان، ئەوە مەترسیدارە، ئەوە تێڕوانین و هەڵوێستی مەترسیدارە. "جۆن شتاینبێك" نووسەری گەورەی ئەمریکی، کاتێ پشتگیریی دەوڵەتی سەرمایەداری ئەمریکای کرد، بە ئاشکرا دژی خواستی ڕزگاری گەلی ڤێتنام وەستایەوە، ئەوە مەترسیدار بوو، ئەوە "جۆن شتاینبێك"ی لەکەدارو ڕسوا کرد، بەڵام کاتێ مایکۆفسکی بۆ کرێکاران و لینینی ئەنووسی ئەوە تەعبیرکردن بوو لە خواست و حەزو ویستی کرێکاران و ئەو قۆناغە مێژووییە، ئەی مایکۆفسکی بوو بە پاشکۆی حیزب و سیاسییەکان؟ ئەی شیعرەکانی ئەژیان؟ خۆ شاعیر خۆی شۆڕش ناکا، تا خۆیشی شیعری بۆ بڵێ! دیارە هەموو ڕاپەڕینێکی گەورەی ناو ئەم دنیایە، هەموو شۆڕشێ، بۆ هەر مەسەلەیەکی گەورە بەرپا بێ، حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بەرپاینەکەن! و ئیتر ئەبێ لەوکاتەوە شیعر بوەستێت! چونکە لەدوای ئەمەوە، شەڕی گەورە، ئەبەردی قارەمانانە، سەرکەوتن، بە ڕابەری ئەو حیزبانە ئەکرێ و دوای ئەوە هەرچییەك بوترێ پاشکۆ ئەبێ! بەڵام سیاسیش و شاعیریش هەریەکەو بە چەکی خۆی، داکۆکی لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە ئەکەن. وەك سەرئەنجام لەیەك تێڕوانین و هەڵوێستدا یەکئەگرنەوە، بۆ وێنە: دوای بەرپابوونی شۆڕشی جەزائیر دەیان شیعرو چیرۆك و ڕۆمان نووسراون، شۆڕشی جەزائیریش -بەرەی ڕزگاری جەزائیر- ڕاپەڕینی ئەکرد. لە چیای (ئۆراس)دا شەڕی قارەمانانە بەرپاکرا. ئەندامان و پێشمەرگەی بەرەی ڕزگاری، ئەو شەڕانەیان ئەکرد. ئەوان شەهید ئەبوون. سەرکردەی سیاسی و عەسکەری نەخشەی بۆ ئەکێشان، ئەی ئەگەر لە دواییدا شاعیرێك هاتبێ و قارەمانێتی ئەو شەڕەی کردبێ بە قەسیدەیەك، ناوی بەرەی ڕزگاری، ناوی شەهیدانی، ناوی هێزەکانی هێنابێ، ئەو شاعیرە

پاشکۆ بوە؟ ئەگەر ئەم حاڵەتە پێچەوانە بکەیتەوە منیش لە شۆڕشدا چەندجارێك ئەو شیعرانەم نووسیوە بۆ نەبەردە خوێناویەکانی وەك دابان، دەشتی گەرمیان، ئاکۆیان و دەیان شەهیدی قارەمانی ئەم شۆڕشە کە شەهیدانی گەلی کوردو هەر هەموومانن.

ئەی چی ئەڵێی بۆ ئەو شیعرانەی ئەمڕۆ لە هەموو دنیادا ئەچنە ناو مەیدانی "پێشبڕکێ ئەدەبییەکانیشەوە" واتە حیزبێکی سیاسی، یان ڕێکخراوێکی ئەدەبی، یان دەوڵەتێك، داوا ئەکەن، با بڵێین بۆ "یەکی ئایار" یان "جەژنی رزگاری" یا "بۆ دانانی سروودی نیشتمانی" شاعیران شیعر بنووسن! ئەمە بوەو ئەشبێ و زۆرجار شاعیرانی ناسراویش چوونەتە ناو ئەم پێشبڕکێکردنانەوەو شیعری جوانیشیان نوسیوە. ئەوەی بە ڕای من لێرەدا پێویستە بیڵێین ئەوەیە: کام شاعیرو چۆن شیعرێك؟ شیعری داتاشراو یان ڕاستەقینە؟ ئەگینا جەژنی یەکی ئایاریش و جەژنی رزگاری سروودی نیشتمانیش، خواست و زمانی هاوبەشی نێوان ئەو سیاسیانەو ئەو ڕێکخراوانەو شاعیرانیشە. گرنگ ئەوەیە شاعیر سەربەست و بێ هیچ دەستتێوەردانێ، شیعری خۆی بنووسێ.

لە هەموو سەردەمێکیشدا وەك هەڵوێستی دژ هەیە، هەڵوێستی لەگەڵدابوون و پشتگیری و داکۆکیش هەیە. بە داخەوە ئێمە تا ئێستە وا ئەزانین (هەڵوێست) هەر ئەوەیە ڕەفز بکەین. لەسەر یەك خەتی ڕاستەوراست تەماشای هەموو کەسێك بکەین، یان ئازا یان ترسنۆك، یان ڕەش یان سپی، ئاخر هەر لە ئادەمیزادێکیشدا گەلێجار ئازایەتی و ترسنۆکیش کۆئەبێتەوە، جگە لە ڕەش و سپیش، ڕەنگی تریش زۆرە. خۆ ئازایەتیش هەر ئەوەیە داکۆکی لە مەسەلەیەکی ڕەوا بکەین، جا ئەو مەسەلەیە لەهەر شوێنێکەوە سەرچاوە بگرێ. لەناو ئێمەدا تا ئێستە سیفەتی خۆپەرستی و خۆویستی زاڵە بەسەر سیفەتی نەتەوەییانەو شۆڕشگێڕانەماندا. تەنانەت گەلێجار هەر لەو چاوەیشەوە تەماشای شیعرو شاعیران ئەکەین. "ئیرەیی ئەدەبی"یش بەرچاوی گەلێکمان تاریك ئەکات و بێ ویژدانانە ئەکەوینە کوتانەوەی ناهەقی سەرو پۆتەلاکی یەکتری، شتی چاکی خۆمان لا سووکەو شانازی بە شتی کەسانی ترەوە ئەکەین، لە بەردەم شیعرێکی ئاسایی با بڵێین شاعیرێکی ڤیتنامیدا سەری پەسەندکردنی بێسنوور ئەلەقێنین، کەچی لە ئاستی شیعرێکی خۆماندا ڕەنگە لچی لێ

هەڵبقورتێنین و چەندین تەفسیری نابەجێی بۆ بدۆزینەوە، ناپرسین و نامانەوێ بزانین، شیعری بەرەنگاربوونەوە لە چین و ڤیتنام و کوبا و جەزائیریشدا لە چوارچێوە گشتییەکەدا، هەر ئەمانەی ئێمە بوون و پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگەو شۆڕش و سەرکەوتن و نوشوستیەکانیانەوە هەیە، سەرچاوەیان هەر لەم ڕوداوانەوە وەرگرتوە کە لای ئێمەش، بە پێی بارودۆخەکەی خۆمان، دووبارە ئەبنەوە.

تۆ خۆت ئەیزانی و هەموو برایانی نووسەرانیش ئەزانن سەرکردایەتی سیاسی ئەم شۆڕشە ئاگادارن کە من وەک شاعیرێك لەناو شۆڕشدام و ئینتیمای سیاسیم بۆ هیچ کام لە ڕێکخراوە سیاسیەکان نییەو نە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانم، نە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، تەنها ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانم، لەگەڵ مەسەلەی ڕەوای میللەتەکەم و ئەو چارەنووسەدام کە ژیانی هەموومانی پێوە بەستراوە، دوور لە هەموو خۆهەڵکێشانێکیش و لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیمدا بۆ هەموو کەسێك و هەموو پێشمەرگەیەکی ناو ئەم شۆڕشە، نە عەسکەری فیرار بووم و هەڵاتبم، نە فشاری توندو تیژی دەوڵەتم لەسەر بوە بۆ گرتن و ڕاونان. بەوپەڕی سەربەستییەوە، لە پێناوی بەشداریکردندا، لە پێناوی هاوچارەنووسیم لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هاتوومەتە ناو شۆڕشەوە، بۆ جاری سێیەمیش ویستومە ئەوە بسەلمێنمەوە کە شیعرو کردەوەم دوانەی یەك بیرو باوەڕو هەڵوێستن، وەك قەناعەتی ویژدانی و فیکری خۆشم پێم عەیب بوە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گەلەکەم، وابزانن من لە هەرە بارودۆخێکی سیاسیی هێمن و ئارامدا شیعری پێشمەرگانە ئەنووسم و لە تەنگانەدا لەکاتی سەنگەرگرتنەوەی پێشمەرگەیشدا، دەست بە کڵاوی خۆمەوە ئەگرم با نەیبات. من ئەو هەڵوێستانەم لەو کردەوانەوە سەرچاوەیان گرتوەو هیچی تر. دوێنێش کە لە شۆڕشی ئەیلولدا بووم، پارتی نەبووم. بەڵام وەك چۆن ئەبوو بە پێوانەی مەسەلەی گەورەو چارەنووسی گەلەکەم، دۆستی "ی.ن.ك"بم دوێنێش لەو قۆناغەدا دۆستی پارتی و شۆڕش بووم. قیبلەنیگای شیعرم، هەست وسۆزو دڵ وەدەروونی گەلەکەم بوە. وەك دەیانجار وتومە

سەنگەری ڕاستەقینەی پێشمەرگە لە کوێ بووبێ، شیعری منیش لەوێ بوە. سەنگەری ڕاستەقینەش بەلای منەوە نە دوێنێ ئەو سەنگەرانە بوون کە لە هەمەدان بوون، نە ئەمڕۆیش ئەو سەنگەرانەی کەرەجن. بە هەموو ڕاشکاوییەکەوە، من بۆیە ئەمڕۆ خۆم بە دۆستی ئەو شۆڕشەی "ی.ن.ك" ئەزانم، چونکە یەکەمیان: دوای گەورەترین کارەساتی قەومی، شۆڕشی سەرلەنوێ هەلگیرساندەوە. دوەمیان: لەبەرئەوەی ئەمڕۆ لە مەیدانە ڕاستەقینەکەدا، ئەجەنگێت. وەك دوێنێ شیعری (شارەکەم) وت و دە ڕۆژ لە (بەکرەجۆ) بەندکرام! دوایی تا ئاشبەتالیش وەك شاعیرێ نەمتوانیوە لە ئاستی ڕاکردن و هەلاتن و بەزینی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بێدەنگ بم و پێ بە ویژدانی خۆمدا بنێم. لەهەردوو سەردەمە جیاجیاکەدا، دەنگی شیعرەکانی من، دەنگی ڕاستەقینەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان و هەست و ئەستی ئەوان بوە. دەنگی شاعیرێ بوە کە پاشکۆیەتی هیچ کام لەو حیزبانەی نەك هەر قبول نەکردوە، بەلکو لە پشتگیریکردن و بەگژا چوونەوەیشدا کاتی بابەتی خۆی بۆ خۆی هەلبژاردوە. من کە پاشکۆیەتی بۆ ژیانی خۆم ڕەفزبکەم، هەلبەتە هەرگیز پاشکۆیەتیش بۆ شیعرەکانم نەك بە ڕەوا نازانم، بەلکو لە ڕەگ و ڕیشەوە هەلیان ئەکیشم. ئەگەر شۆڕشی ئەیلول ئەسپێك بووبێ و لە ١٩٦٦دا چاوێکیان کوێر کردبێ ئەوا لە نەورۆزی ١٩٧٥دا نەك هەر چاوی، بەلکو هەر گوشاوگوش، سەریانبڕی! ئێستەش جگەلەوەی وەك وتم ئینتیمای سیاسیم بۆ هیچ حیزبێ نییە، دۆستایەتیشم هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە لە تەواوی بیروبۆچوونی سیاسی، فیکری، کۆمەلایەتیدا لەگەل "ی.ن.ك" یەك بگرمەوە. دیسان بە هەموو ڕاشکاوییەکەوە: ئەگەر -خوا نەکردە- سبەینێ "ی.ن.ك" لە هەر هەلوێستێکی سیاسی گەورەدا کە چارەنووسی گەلی کوردی پێوە بەسترابێ، لابدا یان دژ بە خواست و ئامانجی گەلی کورد بوەستێتەوە، منیش هەر لە ژیاندابم و شیعر بنووسم و بەردوام بم، یەکەم شاعیر ئەبم شیعری ڕوونی شیعرەکانمی لە ڕوودا بەرز ئەکەمەوە! من ئاوا تەماشای هەلوێستی شاعیر ئەکەم، جگە لەمانەش من لەلای خۆمەوە هیچ کاتێ، بالای شیعرێکی باش، چیرۆکێکی باشم ئەگەر لە بالای بڕیارێکی سیاسی بە بەرزتر نەزانیبێ، هەرگیز بە کورتترم

نەزانیوە. لە هەموو ئەو هەڵوێستە گەورانەی گەلەکەشمدا، وەك زۆر شاعیری تر، لە پاڵ بێدەنگیو دەست بەکڵاوی خۆگرتنەوە لەبەر "بێوەیی و دڵ زویر نەکردنی ئەم یان ئەو"دا خۆم نەشاردۆتەوە.

پاشکۆیەتی بێدەنگییە لە ئاستی ئەو ڕووداوە گەورانەدا کە ژیانی نەتەوەیەکیان پێوە بەستراوە، من لەلای خۆمەوە بڕوام وایە ئەو شاعیرو نووسەرانە پاشکۆو بێبارن کە ژیانی ڕۆژانەو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ حیزبە سیاسیەکاندا شتێکەو نووسینەکانیشیان شتێکی تره! ئەوەی قەناعەتم پێی بوە وتومە، جا ڕەنگەو زۆر ئاساییشە ئەو تێڕوانینو هەستو ئەستەی منیش لەگەڵ سیاسیەکی شۆڕشگێڕدا یەکیان گرتبێتەوە. من لە چارەنووسە گەورەکەدا خۆم بە هاوڕێی کادێرێکی سیاسیو هونەرمەندێكو جوتیارێك ئەزانم. شاعیرو نووسەری پاشکۆ، ئەو قەڵەمە لاوازو بستە بالآیانەن کە بەهرەی ئەدەبییان داتاشراوەو بە هاتنی حیزبێك، ڕۆیشتنی حیزبێك، وەك بەفرەکەی پار ئەچنەوەو لە بیر ئەچنەوە. من بەرلەوەی هەرەسو ئاشبەتاڵ ڕووبدات، پێش ئەوەش ی.ن.ك لەدایکببێت هەر شاعیربووم‌و خاوەنی شیعرو ڕوانینی سیاسیو فیکریو جێو ڕێی کۆمەڵایەتی خۆم بووم. نە پارتی منی کردوە بە شاعیر، نە "ی.ن.ك"، یەك شیعریشم نییە خۆم قەناعەتم پێی نەبووبێو نووسیبێتم، جا تۆ لەگەڵ شیعرەکەدا بیت یان نەبیت، ئەو شاعیرو نووسەرانەی سێبەرو پاشکۆی فلآنە حیزبو فیسارە حیزبن کە شانۆی سیاسی ئەو حیزبانە بە مەبەستی ناوو ناوبانگ دەرکردن، خۆدەرخستن، چوونەپێشەوە بۆ پلەوپایە وەرگرتن ئیستغلال بکەن، من پێویستیم پێیان نییە. بەر لە "١٩٧٤و پێش ١٩٧٦"یش من خاوەن شانۆی شیعری خۆم بووم. ئەو کاتەی شیعرە درێژەکەی "کۆچ"م لە ئاوارەیی نووسیو ئیدانەی هەڵوێستی نەگەتیفی سەرکردایەتی هەڵهاتووی پارتی ئەوسام کرد، چاوی هیوام بڕیبوە پاشەڕۆژ، پێشبینی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشو ژیانەوەم کردبوو. "ی.ن.ك"یش نەهاتبۆوە مەیدانی تێکۆشان. هیچ شەڕێکی ناوخۆو براکوژییەك لە ئارادا نەبوو. دیارە بۆیە باس لە "کۆچ" ناکەم چونکە "داستانی هەڵۆی سوور" تەواوکەری ئەوەو یەك کەشو ئاووهەواو وەرزیان هەیە، لە یەك

سەرچاوەوە هەڵقوڵاون. قەسیدەی (کۆچ) لە بەغدا، لە حوزەیرانی ١٩٧٥دا نووسراوە، وەکو پێشتریش لێی دوابووم، لەکاتی خۆیدا، لەو سەردەمەدا لە ڕێی نووسینەوەو کاسێتەوە بەناو خەڵکیدا بڵاوبۆوە. دەبا گوێ لە هەندێ پارچەی (کۆچ) بگرین، بۆنەوەی تۆش لەلای خۆتەوە بزانی کە "داستانی هەڵۆی سوور" ڕووبارێکی ئەم سەرچاوەیەیە:

لەهەر لایەک ڕەگ‌و ریشەی ئێوەم بینی
سەرم لە پاڵیا داکوتی
لە هەر شوێنێ
شەپۆلتان دا کەنارتان بووم
کەناریش بوون، شەپۆلتان بووم
ل/ ١٧

دایە! ئەبێ جارێکی تر بە سک هەڵم بگریتەوە
لەدایکبوونی ئەمجارەم
ئەبێ دوێنێت لەبار بەرێ!
ل/ ٢٠

ئەی پەریخان!
بەیانییەک کاتێ هەستام
کاتێ زانیم کاتێ ڕوانیم
لەوبەرەوە
خۆشەویستیت بۆتە شووشە
"ئابجۆ"یەکی خاڵی‌و لەسەر سەری
فەرهادەکەت بە نیشانە ئەیننێەوە
تەق
تەق

تەق

تەق

ئەینێنەوە.. ئەیشکێنن

ئەیشکێنن.. ئەینێنەوە!

ئەی پەریخان!

بەیانییەک کاتێ ڕوانیم کاتێ زانیم

خۆشەویستیت

بۆتە تەپڵەکی جگەرەو

نێرگەلەی بەردەمی ئەوان

قوڵپ

قوڵپ

قوڵپ ئەیمژنەوە!

بەیانییەک کاتێ هەستام کاتێ ڕوانیم

لەم بەرەوە

خۆشەویستیت بۆتە قاسەو فرۆشگایەک

بە کلیلی

جومگەی فەرهادێکی کوژراو

لێی نیشتوون و ئەیکەنەوە

فڕان

فڕان

فڕان

فڕان

ل/ ٤٦و ٤٧

لە دوا ساڵدا
فەرهادێکی کوژراو وتی:
لەبەرئەوەی "هەرەم"ەکە لەسەر نووک و
سەر بەرەو ژێر دانرابوو
هەرەس وابوو، زەویش
بنکەو ڕەگی ئەویست
تۆفانەکەش زەریاوانی
چەند خوایەک بوون
خۆفۆی گەورە
خۆفۆی بچووک
خۆفۆی
قڕە!

ل/ ٥٠

* * *

لە سێیەم ڕۆژی پرسەدا
لە شارێکدا کە هی خۆم بوو هی خۆم نەبوو
من مەزاتی
کفن و تاتەشۆرو
دارەمەیت و کێلەکانی خۆمم ئەکرد
وەرن بیکرن! بە چارەکەمایە بیکرن
وەرن کاکە.. وەرن بیکرن
ئەوە جاجم، لێفەو دۆشەک

کومباریکـو پریمزێ
ئەوە چوار قاپو مەنجەڵێ
ئەوە لانکە
ئەوە کڵاوو جامانە
ئەوە شیعر.. سێ دیوانی شێرکۆ بێکەس
وەرن کاکە وەرن بیکڕن
-کاکە ئەوە لەچی ئەدوێیت؟
-ئاگر، زریان
-ئەوە قۆری، ئەو کڵاوو جامانە ئەوە...
-تۆ ئەوان بەرە "شەمێران" دوایی خۆم دێم
ئەی قاسەکەت بارکردوە؟!

*   *   *

ئەی پەریخان!
وا فورات نوست
وا باران نووست
تەنانەت وا ژوورەکەم نووست
بەڵام پەری
ئەی پەریخانی وڵاتی
خۆڵەمێش و گوڵەباخم
من نەنووستم
من نەنووستم
من نەنووستم!

بەڵێ ئەوانە چەند پارچەیەکی ناو قەسیدەی "کۆچ" بوون، کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥دا، لەسەر فورات نووسراون. هەر لەو نموونانەدا بە ئاشکرا ئیدانەکردنی خۆفۆ گەورەکان و بچوکەکانی سەرکردایەتی هەڵاتوو کراوە، ئاماژەی ئاشکرا بۆ قامەو فرۆشگاو فڕان فڕان و شەمێران و ڕاکردنیان کراوە. باس لە لەدایکبوونەوەی ترو نەنووستن و هەراجکردنی کەلوپەلی ماڵەکەم و شاری مەریوان کراوە. بەڵێ کاتێ (کۆچ) و زۆر شیعری تری شاعیرانی دیکە لەدایکببوون: هێشتا بزووتنەوەی چەکدارانە دروست نەببۆوە، ئەی باشە با بزانین "داستانی هەڵۆی سوور" ئەو تا چەند پاشکۆی ڕێکخراوێکی سیاسیەو لە تێڕوانین و هەڵوێستی زەقی تاقە حیزبێکەوە سەرچاوەی گرتووە؟!! هەڵبەتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، جگە لە دەنگی شیعرەکە خۆی، پێویستمان بەوەیە بزانین کەی و لە چ سەردەمێکدا داستان نووسراوەو چ وەختێکیش بە چاپکراویی گەشتۆتە دەست خوێنەران. هەروەکو پێشتریش ئیشارەتم بۆ کردبوو، داستانم لە تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا تەواو کردوە.

لێرەدا پێویستە دوو تێبینی گرنگ بخەمە بەرچاوی هەموان: یەکەمیان: هێشتا شەڕی ناوخۆ ئەو شێوە توندو تیژەی ساڵانی ١٩٨٢/١٩٨٣ی بەخۆوە نەگرتبوو، بەو جۆرەی دواتر نەتەقیبۆوە، چاپکردنی داستان کەوتە ساڵی ١٩٨٤، بەر لەم چاپکردنە، بە دەستنووس و کاسێت بڵاوببۆوە. ئەم دواکەوتنی چاپە، بوە هۆی ئەوەی ناحەزان بە باری خراپەدا تەفسیریبکەن و وای لە قەڵەمبدەن داستان بە نیازی خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی نووسراوە!! لە کاتێکدا هەرکەس بەوردی سەرنجی شیعرەکانی ناو داستان بدات، ئەزانێت کە تەنانەت ئیدانەکردنی هەڵوێستی سەرکردایەتی هەڵاتوو لە سەردەمی ئاشبەتاڵ و ڕۆژگاری هەرەس تێپەڕ ناکات. تەنانەت دوای ئەم قەسیدەیەش لەهەر شیعرێکی تردا چووبمەوە سەر ئەم ئیدانەکردنە، هەر ئەو ڕۆژگارانەم گرتۆتەوەو مەبەستیش تەنها سەرکردایەتییەکە بوە، دوورو نزیک چ پەیوەندیەکیان بە پارتیەوە وەک حیزب نەبوە، دوەمیان: لە سەردەمی نووسینی داستاندا دوورونزیک و کەم و زۆر چ پەیوەندیەکم نە بە نامە، نە بینین، لەگەڵ "ی.ن.ک" و سەرکردەکانیدا نەبوە، تا دوای گەیشتنی دەستنووسێکی

ئەم قەسیدەیە، ئینجا پردی پەیوەندیو دۆستایەتی دروست بوە، وەکو لە پێشتریشدا وتم، ئێمە ئەو سەردەمە ناوبەناو ئەدەبیاتی دەرەوەمان پێئەگەیشت. گەرای ئەم شیعرە دەمێك بوو لە دڵما کەوتبوو. کارەساتی هەکاری بە قووڵی کاری کردبوە سەرم. بەر لەم قەسیدەیە چەند قەسیدەیەکی ترم گەیاندبوە ناو پێشمەرگە، ناوەڕۆکی سیاسی ئەم قەسیدەیە -داستانی هەڵۆی سوور- لەسەر چەند تەوەرێك ئەسوڕێنەوە: "وەکو کۆچ دیسان گەڕانەوە بۆ ڕۆژگاری ئاشبەتاڵو پێشتر، ئەمجارەیان بە زمانێکی ڕوونتر ئیدانەی هەڵاتنو بەزینی سەرکردایەتی کراوەتەوە. هەڵچوونو داچوونی دەروونی خۆم لە شاخەوە بۆ سەر فورات، هەڵیگرسانەوەی شۆڕشو هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، لە سێدارەدانی ئازادیخوازان، ڕاگوێزان، تەهجیرو تەبعیسو تەرحیل،، کارەساتی جەرگبڕی هەکاری، پیلانی هەر سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکە بۆ لێدانی شۆڕشی ساوای کورد، کوردستانی ئێرانو شەهیدانی، تەقینەوەی ئاگری شۆڕشو گەورەبوونی بنەمای شۆڕشەکە..!! تەنانەت لەم قەسیدەیەدا یەکجاریش ناوی ی.ن.ك یان کۆمەڵە بە ئاشکرا نەهاتوە. ئایا ئەو هەڵوێستو تێڕوانینو خەتە سیاسیانەی لەو کێشانەدان، لەو کارەستانەدان، لەو برینو خوێنو سێدارەو گۆرانیو سروودانەدان.. دەروونی هەموو ئازادیخوازێکی کورد سەرچاوەیان نەبوە؟ بە شاعیرو سیاسیو هونەرمەندو کاسبو قوتابیو پیرو لاوەوە! بۆ لە یەك دائەبڕرێن؟ ئەی شەهیدانی وەك شەهابو ئەنوەرو جەعفەر شەهیدانی هەموو گەلی کورد نین؟ شەهیدانی زەحمەتکێشانو ڕەنجدەرانی کوردستان نین کام زەقیو کام خەتی حیزبو کام بەڵگە؟ ئایا ئەو ڕوانینانە ڕوانینی هەموان نییە.. ڕوانینی هەموو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد نین لە دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، ئەبوایە شیعریش بە شێوەیەکی نوێ هەڵبگیرسێتەوە! داستان نموونەیەکی بوو، پانۆرامای چەندین ساڵو تاقیکردنەوەو گینگڵو ئازارو شەونخونی بوو. شیعری پاشکۆو سێبەر، شیعری موهەریجو لیبۆكو نیمچە پیاون، شێوە بەفرینەی ئەدەبن، بەیەك باران ئەتلیسێنەوە! با گوێ لە چەند پارچەیەکی ئەمیش بگرین:

کەژ کچێکی بسک سەوزی
لەش زێڕینی چواردە ساڵ بوو
بە زیندوویی
ئەیان پەستایە گۆڕەوەو
پڕ بە دەربەند ئەیزریکان!

ل/٨

*   *   *

رایان کردو ماڵیان چۆڵ کرد
رایان کردو ئاگریان بەردایە بێشکەو
بێشکە گریاو بوو بە زوخاڵ
ڕووباریان کوشت
رایان کردو ماڵیان چۆڵکرد
ئابڕوو مەلێکی سپی بوو
خستیانە ناو
قەفەزەی سنگی فەرهادیّو
هەڵیان گرتو بردیان بۆ شا
دوای قاقایەک کە "شا" سەرێکی هەڵبڕی
ملی هێنایە دەرەوەو
لەبەر قاچی شابانوودا سەری بڕی
ئەمجارەیان دانەوێوەو
بە سەرپۆشیش
پێلاوەکانی پێی سڕی!

ل/٦

*   *   *

لەم شەوەدا بەرانە کێویی، شاخی خۆی لێ بوّتە تەوق
ئەوەتا گشت پێدەشتەکان وەک ڕانەمەڕ ئەبڕنەوە
شانەی هەنگ‌و هێلانەکان
بۆ دوورگەی مەرگ ئەگێڕنەوە

ل/ ١٧

* * *

ئەمڕۆ فوراتم ڕوون بینی
تێئەپەڕیو ئەیوت: کاکە
نە ڕنۆ بەفری کوێستانان ئەچننەوەو
نە ئاوی من ئەبڕێتەوە

ل/٢٨

* * *

لە یەک کاتدا
دوو شاعیر بووم لە ناو خۆمدا
لەو ڕۆژەوە
دەستکێشێکی ئاسنینم لەدەس کردو
دەسم بەناو دڵما ڕادا
گەڕام.. گەڕام
هەتا ملی شاعیرە خۆش بڕواکەم گرت
هەڵمکێشاو دوور تووڕم دا!

ل/ ٣٠

* * *

ئەو شیرەی دەستی پەڕاندم
فێری کردم

شیعرەکانم بکەم بە شیر!

* * *

هەتا برین قووڵ بێتەوە

مەرگی چەقۆ نزیکترە

تا گیان بەخشین کەمتر بێ

ڕێگەی خۆرەتاو دوورترە

* * *

ئەوەی هەتاوی ناسیوە

وڵاتی تاریکیی دیوە

* * *

پەندی ڕێگەی

کۆچی بەرەو ژووری هەڵۆ

بۆ هەڵفڕینی سبەینێ

لە ژێر باڵدا

بوو بە پشکۆ

* * *

کە کێرد پۆلە هەڵۆی بینی

سوور ئەچنەوە

بە سەر دەمی تیژی ئەودا

بەرەو گزنگ ئەپەڕنەوە

کە کێرد زانی؛ بەچکە هەڵۆی تر

باڵ ئەگرن،

خەوی زڕا

کێردەکانی ئەملاو ئەولای کۆکردەوە

کێردی سێ لا

لەسەر هەسانێکی تازە

دەمی خۆیان تیژ کردەوە!

* * *

بەڵێ سیاسیش دەربارەی ئەم کێشانە بە (منطق)ی خۆی ئەنووسێ‌و بیرئەکاتەوە، شاعیریش دەربارەی هەمان کێشە، هەمان مەسەلەی هاوبەش. بە وێنەو شیعرو زمانی هەست‌و ئەستی ئەدوێ‌و بیرئەکاتەوە! هەردووکیان هەر سیاسین‌و زۆرجاریش یەك سەرچاوەیان هەیە، بەڵام هەریەکەو بە چەکی خۆی، زمانی خۆی، ڕێی تایبەتی خۆی، بەرگری لە مەسەلە گەورەکە ئەکەن. وەك چۆن باروددۆخی خۆیی‌و بابەتی، حیزبێك دروستئەکات، هەروەهاش بە جۆرێکی‌تر شیعرێك، ڕووداوێك، ئەهێنێتە کایەوە. سەرچاوەو خەت‌و تێڕوانینی "داستان" کوردستان‌و ژیان خۆی بوە. ئەوکاتەی من داستانم نووسیوە، ڕەنگە لەهەمانکاتدا سیاسیەك پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی سیاسی حیزبەکەی داڕشتبێ، فەرماندەیەك نەخشەی بۆ لێدانی ڕەبایەیەك دانابێ، چیرۆکنووسێ چیرۆکێکی بۆ پێشمەرگە نووسیبێ، هەموومان یەك یەکتریمان تەواوکردوە، ئێمە لق‌وپۆپ‌و گەڵاوچڵ بووین، ڕەگ‌و ڕیشەش کوردستان‌و گەلی کورد بوە، شاعیر دنیا سەرلەنوێ دروست ئەکاتەوە. خۆ فۆتۆکۆپی ڕووداوەکان ناکات، ئەگەر وابوایە هەموو کەسێ شاعیر ئەبوو، تەنانەت کاتێ لای شاعیرێکی بەهرەوەر دروشمێکی وەکو "ئەی کرێکاران‌و گەلانی بن دەستی دنیا یەکگرن" ئەبێ بە شیعر، سەرچاوەکەیشی لەگەڵدا ئەگۆڕێ‌و دەیان پەنجەرەی تێڕوانینی نوێ لەسەر ئەو وتەیە ئەکرێتەوە.

شیعری دوەم "دووڕیان"، ئەم قەسیدەیە لە بەهاری ١٩٨٤داو لە کاتێکدا نووسراوە کە هێشتا سەرکردایەتی ی.ن.ك لە گەرمەی گفتوگۆدا بوو لەگەڵ میریداو وەفدیشیان لە بەغدا

بوو. دوای ئەم قەسیدەیە بە حەوت مانگ، ئینجا سەرکردایەتی سیاسی بە ڕەسمی کۆتایی بە گفتوگۆکردن هێنا. "دووڕیان" پێشنەوەی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی "ی.ن.ك" بوو بێت، قسەی دڵو دەروونی کۆمەڵانی خەڵك بوە، مادده خامەکەی ناو جەماوەر بوە، *"یان؛ ئاشتییەك مافو سەربەستی تیابێ؛ یان؛ شەڕکردنەوە"* شیعرەکە لەو دووڕیانەداو لەسەر زمانی ئەو پێشمەرگانەوە وتراوە کە بە جوامێری‌و خوێنی خۆیان دوای چەندین ساڵی نکووڵیکردن، حکومەتی بەغداو ڕژێمی دیکتاتۆری ناچار بوو ددان بە بوونی شۆڕش‌و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بنێت، لەگەڵ سەرکردایەتیەکەیدا بکەوێتە گفتوگۆکردن، بە پێچەوانەی بۆچوونی تۆوە، ئەگەر لە باری سەرنجی حیزبایەتی‌و تاکتیکی ئەو ڕۆژانەوە تەماشای ئەو شیعرە بکەین، کاتی وتن‌و بڵاوبوونەوەی هێشتا -وەختی مابوو- چونکە ئەبوە هۆی تیژکردنەوەیەکی زیاتری ڕۆژگارەکە کە ئەو سەردەمە لە قازانجی کارە دیبلۆماسیەکان نەبوو، چونکە ناوەڕۆکی سیاسی شیعرەکە جگەلەوەی ئەو گیانی ورە بەرنەدان‌و تەسلیمنەبوونەی تەئکیدئەکردەوە کە هەموومان لەسەری یەککەوتبووین، لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگەی کوردستانی بانگئەکردەوە بۆ تەیارو ئامادەبوونەوەی تازەی ناو سەنگەرو سارد نەبوونەوە، ئینجا شەڕکردنەوە. *یا سەربەستی، یا شەڕکردنەوە*، ناوەڕۆکی سیاسی دووڕیانە. جا ئەگەر ئەمەیش پەنجەرەی تێڕوانینی کۆمەڵێکی سیاسی بووبێ بۆ ئەو ڕۆژگارانەو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ میریدا نادروستە؟ سەرچاوەیەکی لێڵە؟ ئەگەر وایش نالێی خۆ شیعرەکە بە دەنگی بەرز هاوار ئەکا، پەنجە ئەخاتە سەر کرۆکی کێشەکە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا شۆڕشە دژی واقیعێکی تاڵ، هەڵسانەوەو ڕاپەڕینەوەیە، ڕازینەبوونە بە بێدەنگی. *یا دڵنیابوونی شەهیدان یان شەڕکردنەوە*، ئەوە تێڕوانینی دووڕیانە.

هەموو تێڕوانینێکی ئازادانەو سەربەستانەش دژی پاشکۆیەتی‌و پابەندیە. کۆتری سپیش وەك باڵندەیەکی ڕەمزی ئاشتی‌و خۆشەویستی، ئەو ڕەمزەی کە لە سەردەمی ئەفسانەی کەشتیەکەی نوحەوە تا ئەوکاتەی (پیکاسۆ) کردی بە تابلۆی ئاشتی جیهان‌و چڵە زەیتونێکی کردبوو بە دەنووکیدا، لە سەرەتای ئەم قەسیدەیەوە چاوی تێبڕاوەو

هاتنیشی بە "ئەگەر"ێکەوە بەستراوە کە شەهیدان و ئازادیی دڵنیابکەن! ئەگینا (نەء)ەو سەنگەرگرتنەوەیە هەروەکو گێڕایەوە! ئەی هەموو شیعرێ لەم دنیایەدا چۆن لەدایکئەبێ.. خۆ شاعیر لە گیرفانی خۆیەوە نایانهێنێتە دەرەوە! کارەسات، تاقیکردنەوە، ڕووداو، خۆشەویستی، ڕق، ئەزموونە جۆربەجۆرەکانی ژیان.. شەڕ.. ئاشتی.. شۆڕش.. شەهید هەوێنی خوڵقاندنیانن! ژێردەستیو ئینجا ڕاپەڕین.. کۆکردنەوەی جەماوەرو ڕێکخستنی سیاسیو شۆڕشو قوربانیو ئینجا شیعرو چیرۆك، ئەی ژیان خۆی وا نییە؟ هەموو شیعرێ سەرچاوەکەی واقیعو ژیانە، لە واقیعو ژیانیشدا، بەربەرەکانی، ناکۆکی، حیزبایەتی، شەهیدبوونەو شیعریش وێنەگریانە! دروستکەرەوەی سەرلەنوێیانە.

شیعری سێهەم "بانگ"، کە پێشتر لە شوێنێکی تردا چەند وێنەیەکیم خستبۆوە پێشچاو. ناوەڕۆکی شیعرەکە بانگکردنێکە بۆ یەکێتیو برایەتیی هەموو پێشمەرگی کوردستان، بۆ دەستخستنە ناودەستی هەموو سەنگەرە نیشتمانیو نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان. لەو ڕۆژگارانەدا کە من ئەم شیعرەم تێدا نووسیوە ڕەنگە "بانگ"ی حیزبایەتیش هەبووبێ، بانگی منیش بەر لە هەموو حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسی بانگی هەموو ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلی کورد بوو. بانگی وردو درشتی گەلەکەمان بوو. سەرچاوەکە میللەت بوو، بەرلەوەی تاقە حیزبێك بێت، ئیتر کام سێبەر؟.. لە پەنجەرەی تێڕوانینێکی نەتەوەییەوە چاوم بڕیوەتە هەموو کوردستانی گەورەو لە شیعرەکەدا ((ماردین، بادینان، ئارارات، کەلار، مەمو زین، خانی، خاكوخۆڵ، نالی، وان، کۆیە، ئاڵوەتان، شەهیدان؛ حسەین بابەشێخو عەزۆ، کوڕانی کۆمەڵە، بێتواتە، گورگەکانی سەر سنوور، گورگی بۆرو ڕەشو بێکڵاو کڵاودارو ڕیشنیان، شیرینو فەرهاد، چیمەنو حەسار، شەهید سەی کەریم)) هەموو تێکەڵ بە یەکتر بوون. ئەمە تەنها سەرچاوەی تاقە حیزبێکە؟.. من ناچمە ئەو باسەوە ڕێ لە تەکتیکی حیزبی یان کاروباری ڕۆژانەی بگرم، ئەوان هەقی خۆیانە.. بەڵام هیچکاتێ حیزبێکی سیاسی وەك شاعیرێ سەربەست نییە -هەندێجار تا ڕادەی بێسنووری- لەوەدا دەست ئەخاتە سەر هەموو حەقیقەتێكو لەیەك وەختدا بیاندرکێنێ، ڕەنگە باسکردنی

"هەموو گورگەکان بە کڵاودارو بێکڵاو و ڕیشنیانەوە" لای سیاسیەك ئەوەندە حسابی وردی تێبکەوێ کە نەتوانێ هەرگیز وەك شاعیرێ بە ڕەهاییەوە بیڵێ، ئەو شیعرە وێنەو تابلۆیەکی لەبەرچاوەو چ پەردەیەکی بەسەردا نەدراوە. خۆ لە تابلۆیەکی تردا هەر بە ڕوونی هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر سێبەری پاشکۆیەتی نیشاندراوە، فەرموو گوێ بگرەوە:

من تیرەو ئەمو ئەو، تاکە کەس ناناسم
"فەرهاد"مو ئەو ڕەنجە هەر لەبەر
"شیرین"ی ڕەنجدەران ئەکێشم
من تەنها بۆ چاوی کوردستان
دێوانەم، عاشقم، دەروێشم.

من لە ژمارەی (٢٨) قەسیدەی کورتو درێژی چاپکراوی ناو شۆڕش، لە (٧) قەسیدەدا بە ئاشکراو یەکسەر شەشجار ناوی "پێشمەرگەکانی کۆمەڵە"و یەك جار ناوی "یەکێتی"م بردوە کە لە شوێنی خۆیاندا هاتوونو بە زۆر نەمخزاندوونەتە ناو شیعرەکانەوە، دوور لە هەموو دەستێوەردانو فەرز کردنێ.

*داستانی هەڵۆی سوورو دووڕیانو بانگ*و هەموو ئەو شیعرانەی بۆ پێشمەرگەی کوردستانم وتون، سەرچاوەیان -قەناعەتی- خۆم بوە! خۆ من درۆم لەگەڵ قەڵەمەکەی خۆمدا نەکردوەو بڕوام بە خۆیشم زۆرە، هێشتا داهاتووو ئایندەی تریشم هەر لەبەر دەمەوەیە، قسەش نابێ بدرێ بە دەم بای ئارەزوو کاریەوە. من ئەزانم "ئیرەیی ئەدەبیی" لەناو ئێمەدا بە تایبەتی لەناو قەڵەمە لاوازەکاندا چۆن یەقی داوەتەوە، کارەساتە گەورەکان هەموجار شایەتی هەڵوێستو تێڕوانینو سەرچاوە بوون. بۆیە بە بڕوای من ئەو شاعیرو ئەدیبانەی لە کارەساتە گەورەکانی وەك هەرەسی ١٩٧٥و ئینجا لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بێدەنگ بوون، ئەوانە شاعیرو ئەدیبی دەست بە کڵاوەوە گرتووی ڕۆژگارێ بوون، لە لایەکەوە لە سەربڕینی شۆڕشێكو خوێنی هەزاران شەهیدی ئەم گەلە چاویان پۆشی، لە

لایەکی تریشەوە لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ ڕووی خۆیان لە تیشکی خۆری حەقیقەتێکی گەورە وەرگێڕا. بەشێك لەو شاعیرو ئەدیبانە لەبەرئەوەی بێدەنگ نەبوون، کونجی قەناعەت و گۆشەگیریان هەڵنەبژارد، گوایە لەبەرئەوەی بێلایەن و ناسیاسین و یا جیاوازی فیکریان هەیە، بەڵکو ڕۆژگار باجی لێنەویستن و نەبوایە جێی گەرم و نەرمیان لێ تێکنەچێ، هەندێکی تریشیان ئینتیهازیانە نەیانویست هەموو لایەك ڕازیبکەن، نەبادا سبەینێ، دەوران دەوری لەدوایە، تاس و حەمامێکی تر بگەڕێتەوە لێی نەزانن چۆن باری بەرژەوەندی ببەستنەوە!

وتویانە *"ئەگەر خۆت باسی کارەکانی خۆت نەکەیت، ئەوانەی دوای تۆ دێن، وەك خۆیان ئەیانەوێ باسی ئەکەن، نەك وەك تۆ"*، منێکی شیعر قاچاغ لە هەموو سنوورەکانی ئەم کوردستانە داگیرکراوەدا، چ هەقم هەبوە بەسەر ئەوەوە حیزبێکی سیاسی- کە دیارە هەقی خۆی بوە- هەزارو یەك حسابی سیاسی بۆ دروشمێکی خۆی کردوە. من ئەسپی شیعری خۆم هەر تاوداوە، ئەوەتا ئەگەر زەڕەیەك سێبەری کەسانی ترو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی بوومایە، وردە حسابی دیبلۆماسیانەم بکردایە، نە ئێستە -وك زۆر برادەری تر- جێگەمان ئەم شاخ و کێوانە نەبوو، نە تیری شیعرەکانیشم لە یەك وەختدا ئەگرتە هەموو داگیرکەرانی کوردستان بە پێڵاو و کڵاودارو ڕیشنیانەوە!!

ڕق و کینەی تایبەتیم لە کەس نییە. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان، باس هاتبێتە سەر باسی برایەتی و یەکێتی ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، یا پێکهێنانی بەرەیەکی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتووی نێوان هێزە جۆر بەجۆرەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، وەك هەر ڕۆڵەیەکی ئەم میللەتە بە پەرۆش بووم، ئێستەش یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوەیە ئەو یەکگرتنە ببینم. لەناو شاعیرانی هەموو میللەتێکیشدا کاتێ شیعر بۆتە حەقیقەتێکی تاڵ و درکاندنی بوە بە پێداویستێکی نەتەوەیی، مێژوویی، شاعیری ڕاستگۆ، سڵی نەکردۆتەوە لە دەربڕینیان و کەسانی هۆشیارو خاوەن ویژدانیش لەوە زیاتر کە وەك خۆی باسیبکەن تەفسیری نابەجێیان بۆ نەکردوە. خۆ کاتێ نوشوستی حوزەیران بەسەر میللەتی عەرەبدا

هات چەندین شاعیری وەك نزار قەبانی، مەحمود دەرویش، سمیح القاسم، مظفر النواب، بە زمانی شیعرە شیمشێر ئاساکانیان، چییان نەکرد، بە تەواوی فەرمانڕەوایانی عەرەبو پیاوانی بازرگانی سیاسەتو حیزب، چ تیرو توانجو جنێویَ ما نەیدەنو نەیگرنە سەرکردە سیاسیە بەزیوەکانیانو بە داشۆڕین دایاننەشۆرن! شاعیری ڕاستەقینە شیعری گەورە بە خوێنی خۆی ئەنووسێ، منی عاشقی شیعریش *داستانی هەڵۆی سوور، کۆچ، بانگ، مزگێنی، دەیان شیعری بەرەنگاریو کەشکۆڵی پێشمەرگە*، دەماری دڵو مێشکی خۆم بۆ سووتاندوونو سۆمای چاوی خۆم لەسەر داناون. ئەو شیعرانەی بەو گینگڵشەوە ئەنووسرێن، تەنها دڵی شاعیرو حەقیقەت سەرچاوەیانن.

■ **زۆرجار ئەوەم لە سەرت بیستوە کە قەت هانی شاعیرە لاوەکانت نەداوە! بەڵام ئەوەندەی کە لە نزیک یەکترییەوە ئەژین، هەڵوێستێکی لەو بابەتەم لێت نەدیوە. نازانم خۆت ئەڵێی چی؟**

□ نازانم ئەبێ مەبەست لە هاندان چی بێ؟ چونکە دیارە هاندانی من بۆ شاعیرێکی لاو، لەوە زیاتر نییە ئەگەر شیعرێکی خۆی نیشاندابمو داوای جۆرێك لە ڕێنومایی کردبێ، یان حەزیکردبێ، باری سەرنجی خۆم دەربارەی شیعرەکانی پێبڵێمو منیش دەستمنەنابێ بە رووی شیعریەوە. باوەڕناکەم هیچکاتێ کەسیشم شکاندبێتەوە، یان بەگەرمی پێشوازیم نەکردبن.. بەڵام لەبەرئەوەی خۆیشم بە قۆناغی هەرزەکاری شیعردا ڕۆیشتووم.. گیروگرفتەکە لەوەدایە هەموو شاعیرە لاوەکان، یا با بڵێین ئەوانەی یەکەمجار دەستئەدەنە شیعرنووسین، کەم کەسیان هەیە بەتەمای ئەوە نەبێ پێی ئەوترێ *"شیعرەکانت بێ خەوشن، شاعیرێکی بە توانای"* ئەگەر ئەمەت نەوت مانای وایە تۆ هانیان نادەی! بەڵام بەڕاستی پێویستە لەگەڵ ئەو شاعیرە لاوانەدا ڕاستگۆ بین، شتێکیان پێنەڵێین کە نەك هەر خراپە، بەڵکو ڕێی گەشەکردنو پێشکەوتنیشیان لێئەگرێ. گومان لەوەدا نییە کە لەناو ئەم شاعیرە لاوانەدا بەهرەی زیندوو هەیە، بەڵام زۆریان بە زۆری زۆرداری سواری ملی شیعر بوون، هەندێکیشیان زۆرجار داوای شیعر چاککردن ئەکەن! ئێ دیارە ئەمە ناکرێ! چونکە نە شیعر قوماشە، نە شاعیریش خەیات تا شیعر چاك بکات! لەگەڵ ئەوەشدا دەیان جار تێبینیو باری سەرنجی خۆم بۆ نووسیون، هانی بەهرەدارەکانیانم داوەو ئەوەی پێمکرابێ لای خۆمەوە بۆ

ئەو هاندانە کردوومە. ڕۆژێ لە ڕۆژانیش نە خاوەن ڕۆژنامەو گۆڤار بووم، نە لە دەزگایەکی چاپەمەنی و بڵاو کردنەوەدا کارم کردوە.. چونکە ئەو شوێنانە سەنگی مەحەکن بۆ مەسەلەی هاندان و هاننەدان.

■ کە سەرنجی مێژووی ئەدەبی کوردی دەدەین، دەبینین هەندێ قۆناغ نووسەری مەزنیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، جا تۆ پێتوایە هاتنی ئەو نووسەرە مەزنانە لە هەر قۆناغێکدا، پەیوەندی بە پێویستی قۆناغەکەوە هەیە، یان جیاو سەربەخۆ لە مەرجە کۆمەڵایەتی و زمانیەکانی ئەو قۆناغە دەردەکەون؟

□ مەبەستمان لە قۆناغی ئەدەبی چییە، چەندەو کام قۆناغ؟ ئەو پرسیارانەت ئەگەر بە وردی وەلامیان نەدەینەوە، ئەگەر دەستنیشانی خاسیەتەکانیان نەکەین، دیارە ئێمەیش ناتوانین بە چاکی قسەیان لێوەبکەین. بەگشتی من پێموایە، لە هەناوی گۆڕانە کۆمەلایەتیە ئابووریە گەشە کردوەکانەوە، لە وەرچەرخاندنە مێژووییە گەورەکانەوە، ئەو ئەدیبە مەزنانەش هاتوونەتە کایەوە. لە وەختێکدا ئەو "بەهرە" زیندوانە سەریان هەڵداوەو نشونمایان کردوە کە بارودۆخە کۆمەلایەتیەکەش، روناکبیریەکەش، پێشکەوتوو دامەزراوەو زەمانیش جۆرە سەقامگیرییەکی وای تێدا بوە کە ئەو بەهرانەی تێدا نەفەوتێن، بەڵکو لە زەمینەی بۆ رەخساوی ئەو سەردەمانەدا زیاتر بگەشێنەوەو چاکتر پێبگەن. بەهرەی هەر شاعیرو ئەدیبێ لە درەخت ئەچێ، ئەگەر لە منداڵییەوە، بە ئەمامی ئەپارێزرێ، کەش و ئاو وهەوای لەبار یاریدەی ڕسکان و گەورەبوونی نەدا، لە جێی خۆیدا یان وشکئەبێ یاخود بالاکردن و بەری کەم وکورت، تێکڕا بێنموود ئەبێ، ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەدەبیماندا بگێڕین، ئەبینین لەو سەردەمانەدا، ئەو کەڵە شاعیرانە دەرکەوتوون و هاتوونەتە کایەوە، کە لە قۆناغی پێشتردا، گۆڕانکارییە بنەماییەکانی ناو کۆمەڵیش بە قووڵی کاریان کردۆتە سەر ژیان و چینە پێشکەوتوەکانی ناو کۆمەڵیان گەشەدارتر کردوە. سەردەمی ئەمارەتە نیمچە سەربەخۆکانی کوردستان، جزیرەو بۆتان، بابان، ئەردەلان، موکریان، سۆران، شاعیرانی وەك

جزیری، خانی، نالی، سالم و کوردی نموونەن. بەهرەی شاعیرو ئینجا دەورروبەری شاعیر، یان هەلومەرجی خۆیی و دەرەکی، ئەو سۆنگانەن کە لە هەموو دەم و زەمانێکدا، پێکەوە کارئەکەنە سەر ئەو دەرکەوتن و سەرهەڵدانانەو دەرحاڵ ئەو سەرئەنجامانە دروستئەکەن، ئەم کارتێکردنە زەمانی دوورو درێژی ئەوێ، چونکە شەرت نییە ئەو گۆڕانە خێرایەی لە ژیانی ئابووریدا ڕووئەدات بە هەمان خێرایی کاربکاتە سەر مەسەلە ڕۆشنبیری و مەعنەویەکانیش، کەلەپورو شیعرو دابونەریتی بە ڕەگ و ریشەی مێژووی درەنگتر، ئەو گۆڕانکاریانە ئەیانگرێتەوە. جگە لەوەش هەندێ لەو شاعیرە بلیمەتانە بە هەستوبیر زۆر لە پێش قۆناغە کۆمەڵایەتییە ڕۆشنبیرییە باوەکەی سەردەمی خۆیانەوەن، ئەتوانین بڵێین نالی بە چەندین ساڵ لەپێش زەمانی خۆیەوە بوو. یان شکسپیر یان دانتی.. چونکە شیعرو ئەدەب نیمچە سەربەخۆیی خۆی هەیە وەکو زۆر دیاردەی تری کۆمەڵایەتی پاشکۆیەکی کوتومتی واقیعە کۆمەڵایەتیەکە نییە، بەڵام وەك سەرئەنجام و لەدوای بەیەکداچوون و ئاوێتەبوونێکی درێژخایەن ئینجا ئەو مەسەلە مەعنەویانە گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا دێت، ئەمە باری سەرنجەو هیچی تر.

■ **بایەخی شیعر وەک چەکێکی بەرەنگاری لە بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلی کورددا چییە؟**

□ لاموایە پێشتریش لە چەند شوێنێکی تردا لەم کێشەیە دواوم، بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی هیچ نەتەوەیەك بە تەنها لە لوولەی چەکی شۆڕشگێڕەکانیەوە تەماشا ناکرێ. بزوتنەوەی رزگاریخوازی ڕاستەقینە، بزوتنەوەی ناو هەموو مەیدانەکانی ژیانە. چوونەوەیە بە گژ هەموو واقیعە تاڵ و ناهەموارەکانی نەتەوەدا، بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە لە هەموو ئاستێکی شۆڕشگێڕییەوە. هەر ئەم ڕاپەڕینی فرەمەیدان و ڕوانینە زۆرلایەنەشە، ئەم هاوبەشیکردنەی چەك و قەڵەم و هەموو وزەیەکی ترە کە شۆڕش لە چەتەیەتی و چەتەگەرێتی جیائەکاتەوە! تەواوی چینە شۆڕشگێڕەکان تەیارو ئامادەئەکات بۆئەوەی هاوبەشییەکی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و چارەنووسێکی مێژوویی بن. هەڵبەتە ئەم تێڕوانینەش بە

گوێرەی بارودۆخی سیاسی‌و زروفی دەرەکی هەر وڵاتێك، هەر نەتەوەیەك، بە گوێرەی دەسەڵاتی ماددی‌و رادەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە گۆڕاندان.

بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلی کوردیش، وەك بزوتنەوەی هەر نەتەوەیەکی بندەست‌و چەوساوە، ناتوانێ گەشە بکات‌و بەرەوپێش بچێ ئەگەر بە هەموو چەکێکی پێویست لە گشت سەنگەرەکانی خۆیەوە دژی داگیرکەر ئەجەنگێت‌و ڕانەپەڕێ، هەڵبەتە چەکی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەش، لە چەکە هەرە کاریگەرەکانێتی، چەکی هۆشیارکردنەوەی بەردەوامی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. چەکی هاندان‌و بەرگری‌و هێزێکی مەعنەوی جۆشخواردووی کڵپەسەندوە، تازەکەرەوەی گوڕوتین‌و ورەو زاتی شۆڕشگێڕانەیەو ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەست‌ونەست‌و دڵ‌ودەروونداد ئەدوێ. پێ بە پێی ڕەوتی بزوتنەوەکە ئەڕواو زۆرجاریش پێشنەکەوێ، وەك چرایەك بەر پێی کاروان ڕۆشن ئەکاتەوە. بایەخی شیعر لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، دەربڕینی هەست‌و سۆزو خۆشەویستیە بەرامبەر بە خاك، قوڵکردنەوەی ئەو هەستەیە، بەتینکردنی پەیوەندی نێوان گەل‌و پێشمەرگەو شۆڕشە. شیعر سروودی چەمکی شۆڕشگێڕانی بزوتنەوەی رزگایخوازیمانە، بزوتنەوەو شیعر، یەك یەکتر تەواو ئەکەن. لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا، شیعر هەمیشە مارشی ئازادیخوازانی بوە. ئەو دەستە بوە کە کوورەی گیانی پێشمەرگەو رۆڵە دلێرەکانی گەشاندۆتەوە. شۆڕشی بێ شیعر لە ئادەمیزادێ ئەچێ هەست‌و ئیحساساتی سڕبووبێ‌و نەبزوێ، جگە لەوەش شیعر بایەخێکی مێژوویی‌و بەڵگەنامەیەکی سەردەم‌و بەتەمەنە. ئێمە تا ئێستەش هەر لە ڕێگەی شیعرەوە گەلێ لە سەروەریەکانی رابوردووی خۆمان بۆ ماوەتەوە. ئەگەر شیعریش نەبوایە هەندێکیان هەر بیر ئەچوونەوە. شیعری بەرەنگاریی ڕاستەقینە، ویژدانی پێشمەرگەو بزوتنەوەی رزگاریخوازیمانە.

■ ئەو شاعیرە بیانیانەی کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردن‌و لە دواییشدا کاریان تێکردووی کێن؟

□ لە سەرەتای دەستپێکردندا، لە زمانی زگماکم زیاتر نەدەزانی، چونکە خوێندنی قوتابخانەی سەرەتاییم بە کوردی بوو، تەنیا یەك دەرسی زمانی عەرەبیمان هەبوو، ئەویش بەسنەبوو بۆئەوەی بتوانم شیعری عەرەبی وەرگێڕاوی پێبخوێنمەوە. لە پلەی خوێندنی ناوەندیدا وردەوردە کەوتمە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبییەکان. لە تەمەنی بیست ساڵی بەدواوە ئینجا خوێندنەوەم بە زمانی عەرەبی ڕووی لە باشبوون کرد. یەکەمجاریش بەرهەمەکانی "جبران خلیل جبران"م خوێندەوە، لەبەر ئەو هۆیانە من زۆر زوو نەکەوتمە ژێر کارتێکردنی هیچ شاعیرێکی بیانییەوە. بەڵکو لە سەرەتادا گۆران و هەردی، شیعریان لاخۆشەویست کردم. لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا سەرەتای حەفتاکان خوێندنەوەم زۆرتر بوو. دواتریش شیعری شاعیرانی وەك بدر شاکر السیاب، محمود درویش، أدونیس، خلیل حاوی، بیاتی لە ڕووی دارشتن و وێنەی شیعرو بیناکردنی قەسیدەوە کاریان کردەسەرم، لە هەندێ شیعری ئەو سەردەمانەدا جێ پەنجەی ئەم شاعیرانە بە هەندێ وێنەی شیعرمەوە دیارن، لەکاتی خۆیشیدا ئاماژەم بۆ کردبوون، بەڵام هەرگیز ئەو کارتێکردنانە نەگەیشتبوونە ڕادەی لاساییکردنەوە. بەردەوام هەوڵمداوە کەسایەتی و مۆرکی شیعری تایبەتی و دەنگی خۆم بپارێزم.

بۆ شاعیرە جیهانیەکانیش، ئەوەی ڕاستی بێ، لەبەرئەوەی نە نەتوانم بە زمانی ئینگلیزی بخوێنمەوەو نە زمانە ئەوروپاییە زیندووەکانی تریش ئەزانم، لەبەرئەوە هەرچییەکم خوێندۆتەوە هەر لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە بوە، تەرجومەی شیعریش وەك حەمزاتۆف ئەڵێ: *"لە دیمەنی گوڵی ئەودیوی فەرش ئەچێ"*، بەڵام شیعری وەرگێڕاو کە لە شاعیرانی وەك: لۆرکا، ئاراگۆن، مایکۆفسکی، پۆشکین، نیرودا، ئیلوار، ناظم حکمت، سەرنجیان ڕاکێشاوم و خۆشمویستوون و سوودیشم لە هونەری شیعرییان وەرگرتوە. حەزیشنەکەم ئەوە بڵێم هەر لەسەرەتاوە تا ئێستەش من خوێندنەوەی چیرۆکی کورت، ڕۆمان و دیراساتی ئەدەبیم، لە خوێندنەوەی شیعر زۆرتر بوە. تا ئێستەش سەرجەمی بەرهەمی شاعیرێکی هاوچەرخی عەرەبم بە تەواوی نەخوێندۆتەوە!

■ **باشە ئەگەر تەمەنت بۆ کۆتایی ساڵانی شەستەکان گەڕابایەوە، چ کەڵکێکت لە ئەزموونی شیعری خۆت وەرئەگرت؟**

□ دوو شتم ئەکرد کە نەمکردوون، *یەکەمیان*، پەلەنەکردن لە بڵاوکردنەوەی بەشێکی بەرهەمەکانم، بڵاونەکردنەوەی هەندێکی تریان. *دووەمیان*: بە لایەنی کەمەوە هەوڵدان بۆ فێربوونی دوو زمانی زیندووی ئەوروپی. ئەوەی ڕاستی بێ، من ئەزموونی ئەدەبی خۆم ئەوەی تێگەیاندووم کە پێویستە هەموو خاوەن بەهرەیەك لە سەرەتای دەستپێکردنیدا وریا بێ ئەسپی سەرکەشی هەرزەکاری هەڵینەگرێ، جڵەو بۆ ئارەزووی بڵاوکردنەوە شل نەکات، (ئینسان لەو تەمەنەدا وەکو گەلێ سەرچڵێتی تریش ئەڕوانێتە ئەدەب و لێدانی ئەو زەریایەی وەکو بوارێکی تەنك دێتە پێشچاو کەچی تا وردەوردە بەرەو پێشتر بچێ، لە قوڵایی و مەترسی نزیکتر ئەکەوێتەوە! مەسەلەی فێربوونی چەند زمانێکیش وەکو چەند چاو و چەند گوێ و چەند مێشکێکی زیاد وان بۆ ئەدیب و بەهرە چاکتر ئەخەملێنن و پەروەردەی ئەکەن.

■ **لە خوێندنەوەی بەرهەمی هەر ئەدیبێکدا حەزدەکەم پێشنەوەی بزانم چی نووسیوە، بزانم چۆنی نووسیوەو چ هەڵوێستێکی وەرگرتوە، ڕادەی ئیلتیزامی بە مەسەلە گەورەکەی خەڵکەوە چەندە، بەڵام لەهەمانکاتدا، ئەگەر بە من بێ، لەم وڵاتانەدا ئەدیب ئینتیمای حیزبایەتی نەبێ چاکترە، تێڕوانینی تۆ سەبارەت بە مەسەلەی ئینتیماو ئیلتیزام چۆنە؟**

□ لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی پێشووتردا، بە دووروودرێژی لە هەندێ لایەنی وابەستە بەم کێشەیەوە دوام "چی و چۆنی" هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، شێوازو ناوەرۆکی، جۆری ئوسلوب و ئامانجی نووسەر، لە یەکتری جوێناکرێنەوەو ئەو -یەکگرتنە مەوزوعی-یە پێك ئەهێنن کە ژیانی بەرهەمەکەی لەسەر وەستاوە. ئەو شیعرە چۆن نووسراوەو شاعیر چی نووسیوە؟.. واتە ڕادەی هونەریی شیعرەکە، زمانی تەعبیر کردن، داڕشتن و وێنە شیعریەکان، بزوتنەوەی ناو قەسیدەکە، مۆسیقاو ئاهەنگی، سەرەتاو کۆتایی و هەیکەلی بیناکردنی قەسیدەکە، خەیاڵ و ڕوانینی شاعیر، لەگەڵ ناوەرۆك و ئەو بابەتەدا کە بزوێنەری فۆرمن، ئاوێتەی یەکتری ئەبن و هەر هەموویان شیعرەکە ئەخولقێنن! دیارە ئەم پرسیارەشت تەنها

پەیوەندی بە شیعری نیشتمانیو بەرەنگاربوونەوەوە هەیە، چونکە هەڵوێستو مەسەلەی گەورەو خەڵکەکە زیاتر لەو شیعرانەدا ڕەنگئەدەنەوە، یان بە واتایەکی تر تۆ مەبەستت "شیعری سیاسی"یە! من پێشتریش ئەوەم وت کە خۆم ئینیتمام بە هیچ ڕێکخستنو حیزبێکەوە نییە، ئەم مەسەلەیش بەلای منەوە هەر بۆ هەڵوێستی شاعیر خۆی ئەگەڕێتەوە، ناتوانین پێوانەیەکی جێگیرو هاوبەشی بۆ دابنێین، منو تۆ وا حەزئەکەین، بەڵام ڕەنگە شاعیرێکی تر وا حەزنەکاتو بەلای ئەوەوە "لەم وڵاتانە"دا وا باشتر بێ شاعیر ئینیتمای هەبێ، ناتوانین هیچکام لەو دوو باری سەرنجەش ڕەتبکەینەوە.

لە ساکارترین تەعریفیشدا ئەو شاعیرەی پەیوەندارەو لە حیزبێکی سیاسیدا کارئەکات، واتە وەك ئەندامێکی ئەو ڕێکخستنە، بەرنامەی سیاسیو پرۆگرامو پەیڕەوی ئەو کۆمەڵە سیاسیەی پەسەندکردوەو بڕوای پێیەتیو لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی ئەو حیزبەدا کاری ڕۆژانەی پەیوەند بەکاروباری ئەو حیزبەوە، بە قسەو گوفتارو کردارەوە ئەنجامئەدات، شاعیرێکی تر سنووری حیزبێکی هەڵنەبژاردوەو تەنها ئیلتیزامی بەو مەسەلە گەورەیەوە هەیە کە مەسەلەو کێشەی هەموو خەڵکەکەیە، بە ڕای من ئەمیان تا ڕادەیەك لە شاعیرێکی مونتەمی سەربەستترە لەوەدا کە وەك تاکە کەسێکی ناپەیوەندار بۆخۆی، ئازادانەتر ئەنووسێ، بە هیچ جۆرە سنوورێکی دەستنیشانکراوەوە نەبەستراوەتەوە! ئەمە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەوەی لێرەدا خۆی وەك پرسیارێکی پێویست لەبەر دەستماندا قوتئەکاتەوە: ئایا بەپێی تاقیکردنەوەکانی مێژووی ئەدەبی زۆر وڵاتانی تر، یان ئەزموونە تایبەتیەکانی گەلێ لە شاعیرانی ئەم دنیایە، مەسەلەی -ئینتیما- ڕێگە لە بەهرەو ئیبداعی شاعیرێتی ئەگرێ، ئەبێتە کۆسپو دیوار لە نێوان شاعیرو مەسەلە گەورەکەو خەڵکیدا؟ ئەوەندەی من بزانم، بەر لە هەموو شتێ ئەوە لەسەر بەهرەی گەورەو شاعیرێتیو هونەرمەندیی ئەو ئەدیبە وەستاوە نەك حیزبو ڕێکخستنەکە! چونکە ئێمە لەدوای خوێندنەوەی هەر شیعرێ -شیعر-مان ئەوێ، بە پاساودانەوەی هیچ شتێکی تر ڕازی نابین، با شاعیرێکی مونتەمی بابەتی شیعرەکەی، ناوەرۆکی، بۆ -لەدایکبوونی حیزبە-کەیشی

نووسیبێ، بەڵام ئەگەر نەببوو بە شیعر، ئێمە ئیتر قسەی چی لەسەر بکەین! خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە شیعر بوو، با ئەوسایش ئێمە دەربارەی ئەو ناوەڕۆکە باری سەرنجی خۆمان هەبێ، بەڵام لەبەرئەوەی بوە بە شیعر، قسەمان ئەبێ!

ئینتیمای نووسەری داهێنەر، هەرگیز دەرگای لەسەر بەهرەی گەورە دانەخستوە، بۆ وێنە: یەکێك لە کارە ئەدەبیە گەورەکانی شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی "ئاراگۆن" رۆمانێکە بە ناوی "شیوعیەکان"ەوە، ئەمبیستوە ئەم ڕۆمانە کرابێ بە عەرەبی، بەڵام لە دیراسەیەکی ئەدەبیدا، ئەوەم لەسەر خوێندۆتەوە کە بە یەکێك لە شاکارە ئەدەبیەکانی ئەو لەقەڵەمئەدرێ، چ لێرەداو چ لە تێکڕای بەرهەمەکانی -ئاراگۆن-دا ئەوە ئەبینین کە ئینتیما ڕێی لە ئاراگۆن نەگرتبوو، مونتەمیش بوو لەهەمانکاتدا شاعیرێکی گەورەش بوو. وێنەیەکی تر: لە سەردەمێکدا هەرسێ شاعیری فەلەستینی محمود درویش، سمیح القاسم، توفیق زیاد، ئەندامی حیزبی (راکاح)ی ئیسرائیل بوون، هەرسێکیشیان شاعیر بوون، چ بە بڕوای منو چ ئەو رەخنەگرە عەرەبانەی لەسەر شیعری فەلەستین نووسیویانە، (توفیق زیاد) ئەگەرچی ناوەرۆکی شیعرەکانی زۆر شۆڕشگێڕانەتر بوو لە ناوەڕۆکی شیعری محمود درویشو سمیح القاسم، بەڵام وەك هونەرو وەك رەواجی ناو کۆمەڵانی خەڵکیش بڕەوی شیعری ئەو دوانەی تری نەبوو. بەهرەی ئەوان گەشاوەترو بەپیتتر بوون، لە سەرێکی تریشەوە ئەدەبی پێشمەرگەو بەرگری، هەڵوێست، مەسەلە گەورەکەو خەڵکیش، خۆ هەموو نووسەرێ ناتوانێ بۆی بنووسێو ئیبداعیان تێدا بکات، لەناو ئێمەشدا خۆ هەندێ لەوانەی ئیدعای رەفزکردنی نووسینی ئەو ئەدەبە ئەکەن، گوایە لەبەرئەوەی ئەدەبێکی کاتیە، تەمەن کورتە، ناژیو بەسەر ئەچێ.. بەبڕوای من ئەو قسانە بۆ پینەکردنی بێدەسەڵاتیی خۆیانە لەو مەیدانەدا، ئەگینا خۆ هەر لەوانە هەبوون چەند هەوڵێکیشیان داو بەڵام هیچیان بە هیچ نەکرد.. لە سەرێکی تریشەوە خۆ وەنەبێ ئەوانەی لچ لەم ئەدەبە هەڵئەقورتێنن لە بەرهەمی ئەدەبی تریاندا توانیبێتیان کارێکی ئەدەبی گەورە بکەن، یان هاوتایان ئەنجامدابێ بە نمونە پەنجەیان بۆ درێژ بکرێ، نەء، لەو بەرهەمانەیشدا وەك زۆر ئەدیبی تر ناساییو هیچ

ئیزافەیەکی دیاریان بۆ پێش خۆیان و سەردەمی خۆیان نییە، هەروەکو چۆن ئەدیبیش هەیە لەناو شۆڕشیشدا نییەو ئینتیمای نییەو ئیلتیزامێکی "نزیکی" وەك ئێمەیشی لەگەڵ مەسەلە گەورەکەشدا نییەو ڕەنگە لە ژمارەی دە بەرهەمی خۆیدا تەنها بەرهەمێکی بۆ مەسەلە گەورەکە هەبێ، بەڵام بە چۆنییەتی و هونەر، لە زۆر بەرهەمی تر گەورەترە. نە دەنگخۆشی بە هەژاری و دەوڵەمەندی و جوانی و ناشرینییە. نە بەهرەی شاعیریەتییش بە ئینتیماو بێ ئینتیماییە!

■ با لە دنیای ئەدەبەوە سەرێ بکێشینە ناو دنیای سیاسەتەوە، شوێن و ڕۆڵی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەناو بزوتنەوەی دیموکراتیی ناوچەکەدا چۆن ئەبینی؟ ئایندەو ئاسۆی گەشەکردنی، چۆن تەماشائەکەی؟

□ بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، حەزئەکەم هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکان، چ لەناو کوردستانی باشوورو چ باکووردا، بە جیاوازی بیروباوەڕی سیاسییانەوە، لە بچووکترین گرووپیانەوە تا گەورەترینیان، ئەوە بزانن من نە دوێنێ، نە ئەمڕۆ، نە سبەینێش وەك شاعیرێك ئەوەم بە کاری خۆم نەزانیوەو نایزانم کە سەنگەری "دوژمنایەتی کردن" بە کردەوە بەرامبەر بە هیچ لایەکیان لێبدەم، ئەگەر سەنگەرلێدانی من لای ئەوان بایەخێکی هەبێت! هەروەها ئەگەر دۆستایەتی و ئاشنایەتی شیعریشم لەگەڵ هێزێکی سیاسیدا بەهێزترێ لەوانیتر، دیارە ئەوە بۆ کارو کردەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو لایەو بۆ باوەڕپێبوون و هەڵوێستی بێ پێچ و پەنای خۆیشم ئەگەڕێتەوە، کە ئەمتوانیوە وەك هەندێ ئەدیبی ئینیتهازی، بە دوای ڕازیکردنی هەموو لایەکدا بگەڕێم!. هەرچیەکیشم نووسیبێ لە چاوی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیە گەورەکەوە تەماشام کردوە، لەیەك حەرفیش پەشیمان نیم، پچووکترین مافی دیموکراتی و ئینسانی خۆیشمە کە بە سەربەستی، هەست ونەستی خۆم دەربرم، تەنانەت ئەگەر ئەو هەست وسۆزە لە هەڵوێستێکدا کە من بڕوام پێی نەبووبێ و پێی نەبێ، بە زمانی توندوتیژی شیعرم دەرمبڕیبێ و دەریببڕم، ئەم دیموکراسیەش هەر بۆ خۆم بە

ڕەوا نازانمو لەو سنوورەدا کە من وەك شاعیرێ دەرمبڕیوە، بە کەسانی تریش بە ڕەوا نەزانمو هیچ کاتێکیش لە ڕەخنە نەترساوم، خۆشم بە فریشتە نەزانیوە.

من لە بیروباوەڕی سیاسی، خۆم بە کوردێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازی دیموکرات نەزانم. قازانجو بەرژەوەندی نەتەوایەتیو چینە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بەردی بناغەی بیرکردنەوەمن. بە بڕوای من "یەکگرتنی کرێکارانی دنیا" لە پێشەوە لای من لە "یەکگرتنی زەحمەتکێشانی کوردستان"ەوە دەستپێنەکات! ئەگەر ستراتیژیەتی سەرەکی هەر حیزبێکی سیاسی، لەم سەردەمەدا، لە کوردستاندا بۆ سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی کوردستان نەبێو قۆناغی رزگاری نیشتمانی، ڕێگای خەباتی نەبێ، من ئەو حیزبە بە حیزبێ نازانم دوورونزیك پەیوەندی بە واقیعی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتی کوردەوە هەبێ، لە باشترین حاڵەتدا وەك هەر حیزبێکی شۆڕشگێڕی نازادیخوازی دوور لە کوردستانو ناو ئەم دنیایە تەماشا ئەکەم! ململانێو ناکۆکی هەرە گەورەی گەلی کوردو زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندایە. تا ئەم وڵاتە داگیر کراوبێ، باسکردن لەهەر مەسەلەیەکی تری دوور لە خەباتی نەتەوەیی، بە لای منەوە خۆدابڕینو دوورکەوتنەوەیە لە ئامانجی گەورەی گەلی کوردو چینە شۆڕشگێڕەکانیو گەڕانەوەیە بەرەو دواوەو سەرلێشێواندنی نەوەی تازەی ئەمڕۆمانە، چونکە لەو ڕۆژەوەی ئیمپریالیزمو داگیرکەران کوردستانیان دابەشکرد، ڕەنگی سنوورە دەستکردەکانیان ڕشت، نەتەوەی کوردیان لەتلەتکردو هەر لەتێکیان خستە ژێر چنگی نەتەوەی باڵادەستی زاڵەوە، ئیتر لەوکاتەوە بۆ تاسەر، مسۆگەرکردنی سیاسەتی ئیستیعماری -ئیستیطانیو بنجبەستکردنی جێ پێی داگیرکەرانە، تاڵانکردنی سامانی کوردستان، سەرکوتکردن، لەناوبردنی هەموو ئازادیخوازێکی کورد کە ئاواتی نزیكودووری، سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی کوردستان بووبێ؛ بەردەوام لە هەموو سەردەمە جیاجیاکاندا، ئەوان دوو ئامانجی سەرەکییان هەبوە، *یەکەمیان*: ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەوڵی سڕکردنی هەستی نەتەوەیی، مێژوویی کوردیانداوەو چەندیشیان بۆکرابێ، گیانی نانەتەوەییان لەناو نەوەکانی کورددا

بڵاوکردۆتەوە. ئەو گیانەی کە سنووری دەستکردیان لا بکات بە دیاردەیەکی ئاسایی، وردە وردەش کەسێتی سەربەخۆی کەسی کوردیان لا نەهێڵێ، وەك سەرئەنجام خۆیان بە هاونیشتمانی نێو قەوارەی داتاشراوی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بزانن، کە کوردستانیان قوتداوە، عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا.

*دووەمیان:* بەربەرەکانێکردن و تەفروتووناکردنی هەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، هەموو شۆڕشێکی، بەناوی جیابوونەوەو جیاوازیخوازی و لەبەریەك هەڵوەشاندنی دەوڵەتی داگیرکەرو تێکدانی برایەتیە درۆزنەکەی نەتەوەی باڵادەستی زوڵمکەر لەگەڵ نەتەوەی کوردی ژێردەستی زوڵم لێکراودا، لە سەردەمە هەرە دێرینەکانی رابردووەوە، هەر لە قەعقاع و سەعدو کۆرش و قاجاریەکان و سوڵتانەکانەوە، تا حوکمە عەسکەرتارو رەگەزپەرستەکانی ئەمڕۆ، ئەوەندە داگیرکەران لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد تۆقیون، لە شۆڕشی چەکدارانەی زارەترەك بوون، لە گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی سڵەمیونەتەوە، هەرگیز بە بزوتنەوە نانەتەوەییە ناکوردستانییەکان ئەوەندە تەنگەتاو و سەغڵەت نەبوون.

چونکە هەر بە حوکمی بەرژەوەندی خۆیان، لە مەسەلەی: نەتەوایەتی کورددا، ئەوانیان هەرگیز بە خەتەری گەورە نەزانیوە بۆ سەر خۆیان و دامودەزگاو کورسی فەرمانڕەواییان، حسابی سەر بە بزوتنەوەی کوردایەتی و سەر بە ئامانجی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیان بۆ نەکردبوون، تەنانەت بزوتنەوە نانەتەوەییەکان ئەگەر لە هەندێ قۆناغ و سەردەمی مێژووییدا لە ناو میللەت و خاکی نەتەوە گەورەکەدا، خەتەریان بۆ سەر حوکم و سوڵتەی داگیرکەر دروستکردبێ، ئەوا هەر ئەو بزوتنەوانە لەناو کوردستاندا گەلێجار ڕاستەوخۆو هەندێ جاریش ناراستەوخۆ وەك سەرئەنجامی (خۆبەستنەوە بە قەوارەی دەوڵەت و سنوورە دەستکردەکانەوە) پێیان زانیبێ یان نەیانزانیبێ، لە خزمەتی بنجبەستکردنی بەرژەوەندیەکانی داگیرکەراندا بوون. قەوانی سواوی دوژمنایەتیکردنی برایەتیە درۆزنەکەی کوردو عەرەب و فارس و تورك و بڵاوەی جیاوازیخوازی لە ئەسڵا

قـەوان و بـالۆرەی داگیرکـەرانی کوردسـتان و لـە کارگـەکانی ئەوانـەوە دەرچـوون و بڵاوبوونەتـەوە! برایـەتیی راستەقینەش تەنها ئەوکاتە دێتـەدی، کـە نەتـەوەی کوردیـش لـە خـاکی خۆیـدا سەربەسـت بـژی، خـاوەنی قـەوارەی سیاسـی سـەربەخۆی خـۆی بێـت و چارەنووسی خۆی لەدەست خۆیدا بێت.

بزوتنـەوەی چەکدارانـەو شۆڕشـگێڕانەی کـورد، لـە هـەموو سـەردەمێکداو تـا ئێسـتەش یەکـەمین هەڕەشـەکەری حـەقیقی بـوە لـە داگیرکـەران و دەسـت و پێوەنـدەکـانی، هـەر ئـەو بزوتنەوانەش فروانترین جەماوەری کوردستانیان لە دەور کۆبۆتەوەو هێزی لـەبن نـەهاتووی بـوون. داگیرکـەران هـەرگیز لـە بیروبـاوەڕێ ئەسـڵەمیونەتەوە کـە نـەیتوانیوە بەسـەرهات دروستبکات و بە جیدی بەرژەوەندی داگیرکەرانەی ئەوان لە کوردستاندا بخاتـە مەترسیەوە. چاوگێڕانێك بە مێژووی نەتەوایەتیماندا و لە چەندین قۆناغی جیاجیادا ئەم حەقیقەتـە وەك رۆژی ڕووناك ئەسەلمێنێ. لێگەڕان لەم واقیعی تاڵی پارچەپارچە بوونە، لە ناوچەگەریتی، لە گیانی قەڵەمڕەوی ئیقلیمیەت، لە خۆبەستنەوە بە سنووری هەر پارچەیەکەوە بەجیا، یەکێکە لەو ئەرکە نەتەوەییە شۆڕشگێڕانەیەی کە پێویستە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە ئێستەوە هەنگاو بۆ ڕامالینیان بنێـت، چونکە هـەتا ئـەو کۆسـپانە لـە بـەردەم بزوتنـەوەی رزگاریخوازیماندا بمێنن، ناتوانین بە کردەوە، بوونی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لـە هـەموو کوردستاندا بسەلمێنین. بزووتنەوەی رزگاریخوازیش لـە جەوهەردا، ڕەفزکردنـی واقیعـی بـە زۆر سـەپاوە بەسـەر گـەلی کـورددا، ڕەفزکردنـی سـنووری دەسـتکردە، چ لـە بیرکردنـەوەی بەرنامەی سیاسی، چ لـە مەیدانی کاردا. هێنانەکایەی ستراتیژی هاوبەشە لە سەرانسـەری کوردسـتاندا بەبڕوای من، ئـەویش پێکنایـەت هـەتا تێکڕای بزوتنـەوە کوردسـتانییەکان لـە ئێستەوە چاونەبڕنە ئەو ئایندەیەی کە بەکردەوە هـەوڵی شۆڕشگێڕانەی خۆیـان دەخاتـە کـار لە پێناوی پێکهێنانی یەك حیزبی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ بۆ هەموو کوردستان. ڕەنگـە هـەندێ کەس ئەم ڕایەم بە خەیاڵ و بە جۆرێك لە مەحاڵ بزانن، بەڵام ئەمە تەنها ڕێگەیەکە کە ڕۆژێ لـە ڕۆژان پێویسـتە خـەباتی ڕزگـاریخوازی گـەلی کـورد بیگرێتـەبـەر. تـا ئـەوکارەش ئـەنجام

نەدرێت، وزەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان هەروا پەرت و پەرش و بڵاو و ناجێگیر نەبێ. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەو چەکدارانەی کوردیش، لە سنووری تەنگەبەری خۆی دەربازنابێ و شۆڕشەکانیشی نابنە شۆڕشێکی جەماوەری وا فراوان کە هەموو لایەکی ژیانی کوردو تەواوی وڵاتەکەی بگرنەوە. تا کێشەی کورد بە جیاجیا لەناو چوارچێوەی هەر دەوڵەتێکی داگیرکەردا چەق ببەستێ، کێشەکەش پارچەپارچەو بە نیوەناچڵ نەمێنێتەوە. بە بڕوای من ئەگەر لەم ڕۆژگارانەدا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئاوا کەرتکەرت و لەیەک دابڕاو نەبوایە، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری هەبوایە، ئێستە باشترین دەرفەت و هەلی مێژوویی بوو بۆنەوەی نەتەوەکەمان سوود لە ناکۆکی قوڵی ناوچەکە وەرگرێ، لە کاتێکدا داگیرکەرانی کوردستان خەریکی سەربڕینی یەکترن، ئێمە ئەو هەلەمان ئاوا لەدەست دەرنەچوو!

هەموو تاقیکردنەوە تاڵەکانی مێژووی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییمان. هەموو نوشوستیەکان، ئەوەیان سەلماندوە، کە پێویستە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بەر لە هەموو شتێ، پشت بە وزەو بە فیداکاری ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆی ببەستێ. ئێمە هەر بە خوێنی خۆمان نەتوانین تەرازووی هێزەکان لە ناوچەکەدا بگۆڕین، بەڵام هەتا کێشەی کورد لە ناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا بەمجۆرەی ئێستەو لە سنووری ئەم بەرنامە سیاسیانەی ئەمڕۆدا بمێننەوە، هەتا شۆڕش نەبێتە شۆڕشی هەموو گەلی کورد، هەموو چینە شۆڕشگێڕەکانی، هیچ وەرچەرخاندن و گۆڕانێکی تازە بەسەر مەسەلەی کوردو خەباتی ڕزگاریخوازیماندا نایەت!

من پێموایە لە ڕێگەی کوردایەتییەوە مرۆڤایەتی ئەدۆزینەوە. ئەو جیهانەی ١٥-٢٠ ملیۆن ئینسانی کوردی تێدا خاک داگیرکراو و ژێردەستە بێ، ئەگەر هەموویشی بگاتە دوا پلەی بەختیاری و یەکسانی و پێشکەوتن، هەر جیهانێکی نوقسان و ناتەواوە، مادام نەتەوەیەکی تێدا مابێ پارچەپارچەو کۆیلەو بندەست بێ! بەلای منەوە ئەو کوردە شۆڕشگێڕەی قەومیی نەبێ ئینسانیش نییە؟! ئەو ئازادیخوازەی هەستی نەتەوایەتی زیندوو نەبێ، ئاگای لە بزوتنەوەی مێژووی خۆی نەبێ، هەستی چینایەتی و کۆمەڵایەتیشی

لەرزۆکو بێ بناوانە. ئەزموونی جۆربەجۆری ڕابردوو چەندین جار ئەو حەقیقەتەیان سەلماندۆتەوە کە پێویستە بەر لە هەموو شتێ، پشت بە وزەو توانای گەلەکەمان ببەستین، متمانە تەنها بە چینە شۆڕشگێڕەکانی بکەین. پێویستە زەحمەتکێشانی کورد، کوردستانیانە بیربکەنەوەو ڕەفتار بکەن، کوردستانیانە نەخشە بۆ پاشەڕۆژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیمان بکێشن، بە توندیش بچنەوە بەگژ هەموو ئەو بیروباوەڕە نانەتەوەییانەدا کە سنووری دەستکردو قەوارەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بنجبەست ئەکەنو لەهەمانکاتیشدا بە توندی بەربەرەکانی هەموو لێکدانەوەیەکی ناینزاییو ئیقلیمیو ناوچەگەری بکەن. (سەرەطان)ی هەموو بیروباوەڕو بزوتنەوەیەکی سیاسیش بە چەپو ڕاستەوە، لە هەموو سەردەمێکدا تیژڕەویو (تطرف) بوە، بۆیە پێویستە بەربەستی هەموو توندڕەوییەکی فیکری نەتەوایەتیو چینایەتی بکەین، نەهێڵین گەرای خۆیان لەناو نەوەی نوێی کورددا بخەن. لە سەرەتای ئەم سەدەیەداو لە کوردستانی باشووردا کۆمەڵە سنەوبەرێ هەبوون تورکچی بوون، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناویان لێ نابوون "جلخوار"، ئەم کوردە تورکچیانە کەسانی کورد پەروەرو ئازادیخوازە شۆڕشگێڕەکانیان بە پیاوکوژ و بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردیان بە بزوتنەوەی بێهودە، بە دەستکردی ئینگلیز لەقەڵەمنەدا، گەلی کوردیان لە پشتگیریکردنی شۆڕشی چەکدارانە ساردئەکردەوە. بە بڕوای من لەم سەردەمەیشدا جلخوارە تازەکان لە جەوهەردا هەر جلخوارە کۆنەکانن و تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوەیە ئەمان هەندێ زاراوەی سیاسی سەردەم بەکارئەهێننو هیچی تر. هەروەکو چۆن لەو سەردەمانەو لە ئێستەیشدا کەسانی وا هەن کە بە تیژڕەوو دەمارگیری نەتەوەیی، ڕێگەیان لە بەردەم گەشەکردنی بیروڕاوەڕی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازدا ئەگرتو گرتوە، دوور لە واقیعی مەوزوعی ڕەفتاریان کردوەو ئەکەن، کوردایەتیان وەك بەندیخانەیەکی تاریكو تەریكو دوور لە گیانی سەدەی پێشکەوتووخواز نیشانداوەو ئەیدەن. ئەی کارەسات نییە لەناو نەتەوەیەکی ئەنجن ئەنجن کراوی وەك کورددا، لە کوردستانێکی دابەشکراودا، کوردی وا هەبن بە ئاشکرا لاقرتێو گاڵتە بە "نەتەوایەتی" بکەن، وەك ناتۆرەیەکی ناشیرین

بەکاریبێنن؟! بۆ ئەمە خۆی لە خۆیدا گاڵتەکردنیش نییە بە وجودو کەرامەتو ڕەگو ڕیشەی خۆشیان؟ بۆ شەرەف لەوە گەورەتر هەیە کوردێک نەتەوەییەکی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕ بێ؟ ئەی لەولایشەوە کارەسات نییە کوردی وا هەبن ڕەگەزپەرستانە بیربکەنەوەو ئاریاچێتی بکەن، دوژمنایەتیکردنی نەتەوەکانی تر بە کوردایەتی لەقەڵەمبدەن! بەڵێ تەواوی تاقیکردنەوەکانی دوورو نزیکی مێژووی گەلی کورد، دوێنێو ئەمڕۆش، بەردەوام ئەو حەقیقەتە دووپاتئەکەنەوە، چ نانەتەوەییەکان، چ نەتەوەییە توندڕەوەکان ناتوانن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا پێشڕەوی ڕۆژگار بن، زمانحاڵی نەتەوەکەمان بن. بەلای منەوە تەنها بیروباوەڕی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازی پشت بەستوو بە زەحمەتکێشانی گەلی کورد، بزوتنەوەی دیموکراتیکی نەتەوەیی، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن، بزوتنەوەی کوردستانی سەرانسەری، ئەتوانێ ئەو ڕێگا ڕووناکە لە بەردەمی پاشەڕۆژی سەربەخۆییو یەکگرتنی نەتەوەکەماندا بکاتەوە.

■ با ڕووبکەینەوە دنیایەکی دیکەی هونەر، ئەگەر مۆسیقای ناو وشەکان ڕەگەزێکی سەرەکی شیعر بن، پەیوەندی شیعرو مۆسیقا چۆن دەبینی؟ لە لایەکی تریشەوە بزوتنەوەی مۆسیقاو گۆرانی کوردی لە چ ئاستێکدان بە تایبەتی لەم سەردەمەدا؟

□ گەلێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، لەو بڕوایەدان ئەگەر مۆسیقاو ئاهەنگی رستەو وشەو بڕگەو هەنگاوەکان لە شیعر دەربێنین. وەك سەرئەنجام شیعرەکە لە "شیعرێتی" ئەکەوێ، لە شتێکی ڕەقو تەق بەولاوە هیچی تری نامێنێتەوە! ئەوەی ڕاستی بێت مۆسیقای شیعر گیانی شیعرە، شیعری بێ مۆسیقا، لە باڵندەیەکی مۆمیاکراو ئەچێ، لەبەرئەوە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مۆسیقاو شیعردایە پەیوەندیەکی هەمیشەییو لێکدانەبڕاوە. وەك مرۆڤو هەناسەدان. مۆسیقا باڵی خەیاڵو وێنەی شیعرە. هەر ئەم مۆسیقاو ئاهەنگەشە کە لە پلەی یەکەمدا شیعر لە پەخشانو وتاری ئەدەبی جیائەکاتەوە. تەنانەت ئەوانەی پەخشانو پەخشانە شیعریش ئەنووسن، ناتوانن بەهەر شێوەیەك بێ دەستبەرداری مۆسیقای وشەو رستەو بڕگەکان بن. ئەو کێشەی ئێستە باوەو لە شیعری سەردەمدا

بەکاردێت، لە بنەڕەتدا کێشی ئاهەنگی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە. لەبەرئەوە ڕەگ‌وڕیشەی ئەم پەیوەندییە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنی کۆمەڵگای کوردەواری ئەگەڕێتەوە. هەردووکیان دوانەی یەك دنیان‌و پێکەوە لەیەك سەرچاوەوە هەڵقوڵیون.

باسکردنیش لە مۆسیقاو گۆرانی کوردی لەم سەردەمەدا، ڕەنگە لێدوانێکی دوورودرێژی بوێ‌و لەم دەرفەتەدا نەتوانین هەقی خۆی بدەینێ. چونکە بزوتنەوەکە لە ئێستەدا بەرفراوان‌و پەلوپۆداره. بەلای منەوە لەگەڵ گەشەکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی‌و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵیشدا ئەم هونەرەش لە گەشەکردندا ئەبێ‌و بەپێی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکە ئەویش لە گۆڕان‌و نشونماکردندایە. گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی سەردەم، وەك زانست‌و هونەر، تەمەنی زۆر نییە، واتە لەو ڕۆژەوە کە مۆسیقای کوردی ویستویێتی بنەمایەکی زانستیانە بۆ خۆی دابرێژێ، تێکەڵ بە ڕوانینی هاوچەرخانەی ببێ، ئالەتی نوێ بەکاربێنێ، بە پێی نۆتەی بەرنامەدار بەرهەمی خۆی بگەێنێتە خەڵکەکە، تیپی تایبەت بۆ خۆی دروستبکا، بە پێی نەخشەیەکی زانستیانە چالاکیە هونەرییەکانی تۆمار بکات، ئەم تەمەنە کەمەو تێکڕاش ئەم نشونماکردنە بە بارودۆخە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانی کوردەوە بەستراوە. کارگێڕی هونەرمەندی کورد لە کوردستانی عێراقدا هەر ٣٠-٣٥ ساڵێك ئەبێت یەکەم تیپی مۆسیقای بۆ خۆی پێکهێناوە. ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی، بە حوکمی بارودۆخە سیاسیەکەی کوردو پارچەپارچەبوونی کوردستان، دیارە کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی گۆرانی‌و مۆسیقای نەتەوە باڵادەستەکانەوەو تایبەتمەندی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لەدەستداوە، گیانی گۆرانی‌و مۆسیقای هەر نەتەوەیەکیش خاسیەتە میللییەکانێتی، ئەو سیماو فۆرم‌و ڕەنگ‌و ڕوەیە کە بە کەلەپووری دێرینەوە بەستراون‌و لەو سەرچاوانەوە هەڵئەقوڵێن. کە ئەو سەرچاوانەش لێڵبوون یان کوێربوونەوە، دنیای گۆرانیش شێواوو بێنەژاد ئەمێنێتەوە. نکووڵی لەوە ناکرێت کە لەو ٢٠-٣٠ ساڵەی دواییداو تا ئەمڕۆ هەوڵێکی زۆر دراوە بۆئەوەی ئەو سەرچاوانە پاکبکرێنەوەو گۆرانی کوردی فۆرم‌و سیمای کوردانەی خۆی لەسەر بناغەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان‌و مەقام‌و بەستە کوردیە ڕەسەنەکان دابڕێژرێنەوەو لەهەمانکاتیشدا تێن‌و گوڕێکی تازەتر بە پێی سەردەم‌و گیانی زانستیانە

بکاتەوە بە بەر مۆسیقاو گۆرانی کوردیدا. ئێمە ناتوانین باس لە مێژووی هیچ میللەتێك بکەین ئەگەر باس لە گۆرانیو مۆسیقای ئەو میللەتە نەکەین، تەنانەت هەندێ لە هونەرمەندە گەورەکان ڕایان وایە -لە ڕێی گۆرانیو مۆسیقاوە ئەتوانین نەتەوە جۆربەجۆرەکان بناسینو ڕادەی پێشکەوتنو دواکەوتنی کۆمەڵایەتیان لە یەکتر جیابکەینەوە.. گومان لەوەیشدا نییە کە گۆرانیو مۆسیقای میللەتێکی ژێردەستەو لەتلەتکراو ئەویش لەتلەتو بەشخوراوو پەرشوبڵاوو بزرو بێپارێزگارە.

پەیوەندی گۆرانیو مۆسیقا لەگەڵ خەڵکیدا وێنەی هیچ هونەرێکی تر نییە، بە تایبەتیش لەدوای داهێنانە نوێیەکانی ژیانی شارستانی نیزگە، سینەما، تەلەفزیۆن، ڕیکۆردو کاسێتو ڤیدیۆ وەك خۆراکی ڕۆژانەی نادەمیزادیان لێهاتوە، سەر بە هەموو ماڵێکدا ئەکەن، لەناو هەموو خێزانو کۆڕو کۆمەڵێکدان، هەرچەندە قسەکردن لە چۆنییەتی پێشکەوتنو گەشەکردنی ئەم هونەرە گەورەیە، وەك وتمان سەرجەم بە بارودۆخە گشتیەکەی کوردەوە بەستراون، بەڵام ناتوانین لەم سەردەمەداو لەم ڕۆژگارەدا، چاو لەو کۆششە زۆرانە بپۆشین کە تیپە مۆسیقیەکانی کوردستان لە پێناوی پێشکەوتنو گەشەپێدانی گۆرانیو مۆسیقای کوردیدا کردوویانە، لەم بوارەدا هەوڵەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی، دهۆك، هەولێر، ڕەواندزو گەلێ تیپی تر شایانی ڕێزو ستایشی هەموو لایەکن، بە تایبەتیش کە ئەو کوششانە گەلێجار هەر بە ڕەنجی یەکلایی خۆیان ئەنجامدراون، لەناو شۆڕشیشدا تیپی شەهیدکارزان جێدەستی دیارە، ئەگەرچی چاوەڕوانی بەخشینی زۆرتریان لێئەکەین. بە گشتیش دەربارەی گۆرانیو مۆسیقای کوردی ئەمڕۆمان، تێبینییەکەم هەیە کە ئەویش بریتیە لەوەی: چۆن بتوانین سوود لە سەرچاوە فۆلکلۆرییەکان وەربگرین بەبێئەوەی بیانکەین بە بەندیخانەی خۆمان، کاری تازەکردنەوە لە بواری هەموو هونەرێکدا هەر لە پێناوی تازەکردنەوە خۆیدا نییە، گەڕانەوەو ئاوڕدانەوەیش لە گۆرانییە فۆلکلۆریو میللییەکان، نابێ بە تەنها هەر لەبەر ژیاندنەوەیان بێو بەس، بەڵکو چۆن ئەتوانین لەتەك ئەو ژیانەوەیەدا گیانی ئەم سەردەمەشیان بەبەردا بکەین، ڕابردووو ئێستە چۆن ئاوێتەی یەکتر بکەینو ڕۆحە ڕەسەنەکە بپارێزینو ئینجا بە هونەرو زانستی مۆسیقای ئەمڕۆش موتوربەیان بکەین. بەڕاستی یەکێك

لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی گۆرانی هەر نەتەوەیەك *ناسینەوەیەتی*، هەرچەندە ئەم خاسیەتە گرنگە لەناو زۆربەی زۆری گۆرانییەکانماندا بزرەو هەستیان پێناکرێ. بە واتەیەکی تر مۆرکی، یان رۆحی گۆرانی عەرەبی، تورکیو فارسیان بەسەردا زاڵە، کە دیارە ئەمەیش بۆ ئەو هۆیانە ئەگەڕێنەوە کە پێشتر باسمان کردن، بەڵام هەڵبژاردەیەك گۆرانی کوردیش ناوبەناو هاتوونەتە کایەوە کە بە گیانی کورد ئاشنابنو لە هەمانکاتیشدا تازەو هاوچەرخانە بن.

■ **بزوتنەوەی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا چۆن ئەبینی؟ تا ئێستا ژمارەیەك بەرهەمی بیانی کراونەتە کوردی، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەمیان ئەبێ ئەوانی تر لە بیری خەڵکدا نین، تۆ هۆی ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

❑ وەرگێڕانی کارە ئەدەبییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، ئەو پردانەن، کە رۆشنبیری ئەدەبی گەلانی سەرزەمین بە یەکتر ئەگەیەنن، پەیوەندی نێوانیان بەهێز ئەکەن، مەیدانی وەرگرتنو بەخشین، بەرفراوانو بەرین ئەکەن. بە بڕوای من ئەم بزوتنەوەیە لەناو ئەدەبی کوردیدا، لە سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژەوە پەرەیسەندو بایەخی زۆرتری پێدرا. لە دوای بەیاننامەی (١١) ئازار ١٩٧٠ەوە وەرگێڕاوە ئەدەبییەکان زۆربوون، دەیان کتێبی وەرگێڕاوی بەنرخ، چوونە ناو کتێبخانەی کوردیەوە. ئەو رۆشنبیرو ئەدیبە کوردانەی بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرز چووبوونە دەرەوە، دوای گەڕانەوەیان، دەورێکی باشیان هەبوو لە بەهێزکردنی ئەم بزوتنەوەیەدا.

هونەری وەرگێڕان کارێکی ئەدەبی گرانە، ئەمیش سەلیقەو لێزانینی خۆی ئەوێ، جگە لە زمانی زگماك، شارەزابوون لەو زمانەی ئیشە ئەدەبییەکەی لێوە وەرئەگێڕێ، لە مەرجە بنەڕەتیەکانی ئەم هونەرەن، بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو خوێندەوارێکی زمانزان ئەتوانێ تەرجەمە بکات! بەڵکو پێویستە ئەو کەسە خۆشی ئەدیبو بەهرەوەر بێت، جگە لەمانەش هەڵبژاردنی کام کارو بۆ لە چ سەردەمێکدا بایەخی هونەریو مێژوویی خۆیان

هەیە، پێویستە بە وردی ڕەچاو بکرێن. وەرگێڕان لە زمانی دوەم‌و سێهەمەوە واتە لە زمانێکەوە کە زمانی نووسەرە ئەسڵیەکە نەبێ، کێشەی وەرگێڕان تووشی گەلێ مەترسی ئەکەن، ڕەنگە هەندێ جاریش ببنە هۆی کوشتنی گیانی زیندووی ئەسڵی کارەکەو شێواندنی بەرهەمەکە. ژیانی ئەدەبی‌و روناکبیریمان هەتا دەرگای زۆرتر لەسەر ئەم بزوتنەیە بکاتەوە کەمە. لەم ساڵانەی دواییدا دیارترین کاری ئەدەبی وەرگێڕراو نیشە گەورەکانی مامۆستا "شوکور مستەفا"یە، کە ئەویش بە کوردیکردنی شاکارەکانی ئەدیبی بەناوبانگ "یەشار کەمال"ە. هەروەها مامۆستایان "عەزیز گەردی‌و جەلال تەقی"یش جێدەستیان دیارو کۆششیان لەبەرچاوە.

دەربارەی بەشی دوەمی پرسیارەکەشت، من پێموایە: ئەسڵی کارەکە واتە ئەو بابەتەی هەڵبژێرراوە بۆ وەرگێڕان چیەو تا چەند لەگەڵ بیرو هەست‌و زەوقی خوێنەرو خەڵکدا گونجاوە یان نەگونجاوە! دوای ئەوەیش چۆنییەتی زمانی وەرگێڕراوەکە تا چەند بێ گرێ‌و گۆڵ‌و ڕەوانە! خەڵکی بە ئاسانی تێی ئەگەن! ئەمانە هەمووی ئەو هۆیانەن کە ئەو سەرئەنجامانە دروستئەکەن.

■ دوابەدوای بەرپابوونی بزوتنەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێراندا، شاعیرانی کوردستانی عیراق گەلێ شیعریان دەربارەی ئەو ڕاپەڕینە نووسی، پێموابێ تۆیش یەکێک بووی لەوانەی کە لەو سەردەمەدا چەند شیعرێکت بڵاوکردەوە. ئینجا شەڕی ئێران -عێراق بەرپابوو، ئایا دوای ئەوە هەڵوێستی شیعریت هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هات؟

□ بە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری "شا"ی ئێران، گۆڕان‌و وەرچەخاندنێکی سیاسی گەورە لە ناوچەکەدا دروستبوو، گەلی کوردیش لە کوردستانی داگیرکراوی ئێراندا، بە تەمای ئەوەبوو لەو بارودۆخە تازەیەدا بە مافە سەرەتایی‌و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بگات، بەڵام ڕژێمی ئاخوندەکان ئەو مافانەیان نەسەلماند، دواجار ڕاپەڕینی چەکدارانەی کورد بەرپابوو، بەشێکی زۆری نووسەرانی پێشکەوتووخوازیش لای ئێمە پشتگیریکردنی ڕاپەڕینی

چەکدارانەی ئەودیویان بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەرشانی خۆیان زانی، منیش یەکێك بووم لەو شاعیرانە لەو سەردەمەدا، چەند قەسیدەیەکم نووسی، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکرانەوە، بەڵام دوای ئەوەی شەڕی ناعادیلانەی عێراق و ئێران بەرپابوو، باردۆخی سیاسیو ئەدەبیش گۆڕانیان بەسەرداهات.

ئەو ئەدیبە پێشکەوتووخوازانەی تا ئەوکاتە ئەو بەرهەمانەیان بڵاوئەکردەوە، ئیتر وەستان، ئەویش لەبەر هۆیەکی گرنگ، چونکە ڕژێمی ڕەگەز پەرستی عێراق بۆ مەرامی شەڕی ناعادیلانەی خۆی ئەیانقۆزێتەوە، یان بە واتایەکی تر بمانویستایەو نەمانویستایە دەزگای ڕاگەیاندنی دەوڵەت، ئەیخستە خانەی ئەو شیعرو بەرهەمانەوە کە بۆ قادسیە ئەنووسران و بڵاوئەکرانەوە، بەڵام دوای گەرمبوونی شەڕی ئێران و عێراق، قەڵەمی خۆفرۆش کەوتە کۆکردنەوەی هەندێ شیعر کە وەختی خۆی نوسرابوون و کردیانن بە عەرەبی و لە ڕۆژنامەی (الثورة)دا بڵاوکرانەوە، بێئەوەی دەستنیشانی تاریخی نووسین و دانان و بڵاوبوونەوەی یەکەمجاریان بکەن. لەناو ئەم شیعرانەیشدا چەند پارچە شیعرێکی منیشی تێدا بوو کە لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی چەکدارانەی کوردستانی ئەودیودا نووسیبوومن. هەرچەندە خوێنەران ئەیانزانی فرۆفێڵ و تەڵەکەبازیەکە چیەو چۆنە، بەڵام وەك ڕوونکردنەوەیەك ئاگاداریەکم لە ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوکردەوە کە تیایدا تەنها دەستنیشانی ڕۆژو وەختی دانانی ئەو شیعرانەم کردبوو. بۆئەوەی بە هەڵە بەسەر خوێنەراندا تێنەپەڕێ.

■ **باشە هەندێ شیعر هەن بۆ بۆنەیەک یان ڕووداو و بەسەرهاتێک ئەنووسرێن، تۆ لەو بڕوایەدا نیت بە بەسەرچوونی ئەو بۆنەو ڕووداوانە، یا هەر گۆڕانێکی گەورە کە بەسەر هەلومەرجی ئەو حاڵەتانەدا بێن.. شیعرەکانیش بەسەر بچن؟**

□ لە هەندێ حاڵەتدا وایەو لە هەندێکی تریشدا وا نییە. بۆ وێنە ئەگەر شاعیرێک شیعرێک بۆ بۆنەیەکی حیزبی بنووسێت، ڕەنگە بە ئەمانی ئەو حیزبە، شیعرەکەش بەسەر بچێت و بیربچێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا (بۆنەکە) بەهۆی بوونی حیزبەکەوە دروستبووە. بەڵام بۆنەیش هەیە، بۆنەی میللین، یادو بیرەوەریی سەروەری کۆمەڵانی خەڵکن، بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و چینایەتین، بەردەوام تازە ئەبنەوە. نەورۆز، یەکی ئایار، نۆی حوزەیران، شەشی ئەیلول، بوردومانی قەڵادزێ.. هتد. با حاڵەتێکی تایبەتیش بگرین، من "داستانی هەڵۆی سوور"م نووسیوە، داستان وەک قەسیدەیەکی درێژ، لە بری یەک حاڵەت، یا ڕووداوێک، یا هەڵوێستێک، چەندین حاڵەتی جیاجیاو کارەسات و ڕووداوو هەڵوێستی هەمەجۆری گرتۆتە خۆ: ڕۆژگاری ئاشبەتاڵ، هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، کارەساتی هەکاری، لە سێدارەدانی ئازادیخوازان، ڕاگوێزانی زۆرەملێ، ئاوارەیی، دوورکەوتنەوە، ئاوڕدانەوە لە کارەساتە مێژووییەکانی دوورو نزیک، مەهاباد، هتد.. با پرسیارەکە وابکەین: *ئایا ئەگەر سبەینێ پارتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێککەوتن و پێکهاتن، "داستانی هەڵۆی سوور"یش بەسەرئەچێ؟* لەبەرئەوەی چەند تابلۆیەکی ڕۆژگاری ئاشبەتاڵی تێدایەو بە توندی ئیدانەی هەڵاتنی قیادەی ئەوسای پارتی تێدا کراوە؟ بێگومان نەء، چونکە بەر لە هەموو شتێ لەبەرئەوەی کارەساتی ئاشبەتاڵ لە ئەنجامی بەیەکدادان و شەڕی نێوان ئەو دوو حیزبەوە دروست نەبوە، تا بە پێکهاتنەوەی ئەوان شیعرەکانیش نەمێنێ! هەرەس و ئاشبەتاڵ، کارەساتێکی مێژووییە، ڕوویداوەو بە ئارەزووی هیچ کەسێک و هیچ لایەک ناسڕێتەوە! بوە بە تراژیدیای میللەتێک، بوە بە بەشێک لە مێژووی کۆتایی نوشوستی شۆڕشی ئەیلول و چارەنووسی هەزاران، نەک حیزب و تاقم و دەستەیەک. ئەگەر ئەم وێنەیە بە جۆرێکی تر تەماشابکەین، ئایا ئەمڕۆ بە ڕێکەوتنی "ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی" و "ڕژێمی مەلیک حسەین" کارەساتی ئەیلولی ڕەش، لای گەلی فەلەستین، ئەسڕێتەوە، ئەو شیعرانەی بۆ ئەو کارەساتەو شەهیدانی وتراون، بەسەر ئەچن؟ لەبەرئەوەی عەرەفات و حسەین دەستیان خستە ناو دەستی یەکترەوە؟ دیارە نەء، چونکە ئەیلولی ڕەش بوە بە

بەشێك لە مێژووی شۆڕشی فەلەستین، لە مێژووی قوربانییەکانی، لە مێژووی شیعریو بە بڕیارو ڕێککەوتنو بەستنی هیچ پەیمانێك بیرناچنەوە! چونکە جارێکی تر نە قوربانییەکانی ئەو کارەساتە زیندوونەبنەوە، نە مێژووش بۆ دواوە ئەگەڕێتەوە! بەڵی ئەگەر لە حاڵەتێکدا گریمان کارەساتێکی گەورەی وەك ئاشبەتاڵ، سەرئەنجام بە تەنها پێوەندی بە نوشوستی، با بڵێین هەڵوێستێکی "پارتی"یەوە وەك حیزبێك ببوایە نەك چارەنووسی "میللەتێك"، ئەوسا ڕێی تێئەچوو شیعرەکەیش لەکاتی پێکهاتنەوەی هەردوو حیزبەکەدا تیابچێت! یان ڕاستە ئەگەر شاعیرێ لە شیعرێکی ناوخۆدا شیعرێ بۆ تەرەفێکی سیاسی دژی تەرەفێکی تر بنووسێ -بە نیازی پەردە هەڵماڵین لەسەر هەڵوێستی سیاسیو فیکریو شەڕی ئەو دوو تەرەفە- ڕەنگە لە وەختی پێکهاتنەوەدا شیعرەکەیش ئیتر نەژی! بەڵام ئەو شیعرانەی، شیعری مەسەلەی گەورەی نەتەوەن، شیعری چارەنووسن، شیعری شەهیدانن، شیعری کارەساتە نەتەوەییەکانن، بوونو نەبوونیان، لەسەروو ئارەزووی تاقە حیزبو ئەمو ئەوەوەیە. ئەو شیعرانە بوون بە مێژووی گەل، ئەو مێژوەش ناسڕێتەوە!

■ **باشە دەربارەی بارودۆخی ڕۆشنبیریو ئەدەبی لە کوردستاندا بە گشتیو دەربارەی ئەو یەکێتیی نوسەرانەی لەژێر سایەی ڕژێمدا کاردەکات بە تایبەتی، ڕاو باری سەرنجتان چیەو چۆنە؟**

□ باردۆخی ژیانیو ڕۆشنبیریو ئەدەبی لە کوردستاندا، لە بارودۆخە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکە جیاناکرێتەوە. ڕەنگە لەم وەڵامەدا، باس لە لایەنێکی گرنگی ئەمڕۆی ئەو بارودۆخە بکەم کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سوڵتەی ڕەگەزپەرستەوە هەیە، ڕژێمی داگیرکەر بە درێژایی حەڤدە ساڵی رابردوو، هەموو جارێ، بە پێی بەهێزیو بێهێزی، گەشەسەندنو کزیو لاوازیی بزوتنەوەی شۆرشگێڕانەی کورد، تەماشای مەسەلە ڕۆشنبیریو ئەدەبیەکانی کردوە، واتە هەرکاتێ جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان، گیانی بەرەنگاربوونەوە، لە پەرەسەندنو بەخۆدا هاتنەوەو نشونما کردندا بوویێ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕووی لە گەشەکردن کردبێو دەستی بە زەبری وەشاندبێو جەماوەرو کۆمەلانی خەڵك زیاتر لە دەوری ئەو هێزە کۆبووبنەوە، ئەوکاتە ڕژێم لەملای

ترەوە، لە مەیدانە ئەدەبیو ڕۆشنبیریەکەدا بە ڕواڵەت پیلانی سیاسەتی خاوکردنەوەو نەرمو نیانیو پشێپشێکردنی بۆ ئەدیبانو ڕووناکبیران نەخشە کێشاوەو ویستوویەتی لە ڕێگەی دەزگا ئیعلامییەکانی خۆیەوە، بەم سیاسەتە دێوجامە ئاسایە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گوایە وا تەفرەبدات کە خەریکە مافی ڕۆشنبیریو ئەدەبی کورد دابینئەکات!! لە لایەکەوە بە گەرمی سیاسەتی بە سوتماککردنی خاکی کوردستان ئەنجامئەداو لە لایەکی تریشەوە -بۆ چاوبەست- لە بواری ئەدەبیو ڕۆشنبیریدا خۆی ئەکاتەوە! هەرچەندە هەر لەم کاتانەیشدا ڕژێم جارجارە بۆ تۆقاندنو چاو ترساندنی ئەدیبە ئازادیخوازەکان لەوە نەسڵەمیوەتەوە، کە دەستی تاوان بگەیەنێتە هەندێکیانو شەهیدیان بکات، هەروەك بە ئاشکراو بە ڕۆژی ڕووناك لەناو جەرگەی شاری هەولێردا هەردوو روناکبیر مامۆستایان "عبدالخالق معروف"و "یوسف دەرگەڵەیی"ی شەهید کرد!..

لەلایەکی تریشەوە هەرکاتێ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیمان تووشی نوشوستی، یان کزیو لاوازیو خامۆشیی هاتبێ، ئەوا ڕژێمی ڕەگەزپەرست، دەمامکی درۆزنەی کەوتۆتە خواریو پێستی مەڕی لەبەر خۆی داماڵیوەتەوەو دیسانەوە کەڵبەکانی جیڕ کردۆتەوە! دەستی ناوەتەوە بینی بچوکترین مافی ڕۆشنبیریو ئەدەبی، ئاوڕدانەوەیەك لە ڕۆژگارەکانی دوای هەرەسو ئاشبەتاڵی ١٩٧٥، ئەو سەردەمانەی کە بە چرای ڕۆنگەرچەکەوە بە شوێن وشەو حەرفدا ئەگەڕان، خەریکی بەعەرەبکردنی کەلەپوورمان بوون، ئەو بەسەر زاری ناوهێنانەی "کوردستان"، کە لە هەندێ سەردەمدا بەسەر دەمی گەورەو بچوکیانەوە بوو، لە پڕێکدا ئەویش کەوتە بەر لێشاوی ڕاماڵینی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکانو زمانی ئەو قەڵەمەشیان ئەبڕی ئەگەر بهاتایەو ناوی کوردستانی بهێنایە! ئەمانە هەمووی بەڵگەی ڕاستی ئەو بۆچوونەن کە ڕژێم لەو پەنجەرەی سیاسەتە دوژمنکاریو ڕەگەزپەرستیەوە ئەڕوانێتە مەسەلەی ڕۆشنبیریو ئەدەبیمان. ئەوەتا لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا، کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیمان، بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو دەستوەشاندی بەزەبری، هەموو لایەکی کوردستانی گرتۆتەوە، داگیرکەر لەلایەکەوە سیاسەتی ئیستعماری -ئیستیطان-ی خۆی

پەرەپێنەداو تەڕو وشك ئەسووتێنێ، ژن و منداڵو پیر ئەگرێو ئەیکوژێو دەربەدەرینەکا، لە لایەکی تریشەوە -بۆ چاوبەست- گوایە مافی ئەدەبی رۆشنبیری دابینئەکات! رێ بۆ گەشەکردنی هونەر خۆشئەکات! ئەمانکوژێت و لە پرسەشماندا دائەنیشێ! هەمووی بە مەبەستی لەخشتە بردن و پیلانی ئەخشە بۆ کێشراوی خۆی هەنگاو هەڵئەگرێ.

کێشەی سەربەستی ئەدەب و هونەری کوردی، بەندە بە کێشەی سەربەستی گەلی کوردەوە، مەسەلەی ئەدەبی و رۆشنبیری و هونەری، یەك رووی مەسەلە گەورەکەن، بۆیە پێویستە هەموو رۆشنبیرو هونەرمەندو ئەدیبێکی کوردی ئازادیخواز، رۆژانە ئەوە بخاتە بیری خۆی، ئەوەی لەبەرچاو بێ، کە سیاسەتی خاوکردنەوەو شلکردنەوەی ئەو پەتی سیاسەتە: یەکەم: لەبەر هێزی پەرەسەندووی پێشمەرگەی کوردستانە، دوەمیش: بۆ ئەوەی بە ئیسفنجی ئەم سیاسەتە تەفرەدەرە، زۆرترین رق و داخی بێزاری رۆشنبیران و ئەدیبان بمژن و لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەیان دووریان بخەنەوە. پێویستە هەموو خاوەن قەڵەمێکی هۆشیارو ئازادیخواز، هەموو هونەرمەندو نووسەرێکی بەشەرەفی ئەم میللەتە، چاك لەوە بگات کە ئەم سیاسەتەی رژێم: گەمەکاریە، یاریەکی وەختیە، تەکتیکێکی رۆژانەی سوڵتەیە، فرۆفێڵ و پێکەنینێکی ژەهراویە، جۆرە سەربەستیەکی شکڵیە، بۆئەوەی بەو دێوجامەیە ئەگەر بۆیان کرا، راوی هەندێ قەڵەمی لاواز، ئەفس نزم، چاوچنۆك و خۆپەرست بکەن!. ئەمانە هەمووی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بە وردی سەرنجی دەزگا رۆشنبیری و ئیعلامی و چاپ و بڵاوکردنەوەکانی رژێم و کۆمەڵە ئەدەبی و رۆشنبیریەکانی بدەین، بوونەتە بازاڕی بازرگانیکردن بەسەر رۆشنبیری و ئەدەبی کوردیەوە! پیاوی ئەخوێندەوارو ئانەدیب و ناخۆشەویست، ئەوانەی دوورو نزیك فریان بەسەر رۆشنبیری و ئەدەبی کوردییەوە نییە، ئەوانە کاربەدەست و بەڕێوەبەرو هەڵسوڕێنەرو کارگێڕی ئەو دەزگایانەن، ئەمانەیش لەناو یەکداو لە پێناوی خۆ بردنەپێشەوەی زیاتر لە سوڵتەو بۆ پاوپووتی زۆرترو گیرفان پڕکردن و ساتوسەوداکردن بە وشەی کوردیەوە، بوونەتە دەڵاڵی رۆژانەی رژێم و جارجاریش لەناو خۆیاندا بەرنەبنە یەك، راپۆرت لە یەکتر نووسین و

داونانەوە بۆ یەکتری، لە پاڵ ئەمانەشدا لافی نیشتمانپەروەریو دڵسۆزیش لێئەدەن! بە درێژایی ساڵانی رابردوو، بە جیاوازی بیروباوەڕی سیاسیشەوە زۆربەی زۆری ئەدیبانو رۆشنبیران هەر لەگەڵ سەنگەری میللەتەکەی خۆیاندا بوون، هەتا ئێستەش ئەم هەڵوێستە، هەڵوێستی زاڵی زۆرینەیە، مەگەر لەم چەند ساڵەی دواییدا "چەند" جاشقەڵەمێکی خۆفرۆش بەئاشکرا بانگی نۆکەرێتی خۆیاندابێ بە گوێدا، ئەوانەیش لای هەموان ناسراون، چەمێکی وا گەورەش بێ چەقەڵ نابێ، ئەشبوایە ئەو قەڵەمە لاوازانە رۆژێ لە رۆژان، پەردەی تەواویان لەسەر خۆیان هەڵبماڵیایە! وەك هەڵیانماڵی!

بارودۆخی رۆشنبیریو ئەدەبی کوردی، کاتێ ئازادە کە گەلی کوردیش ئازاد بێ، ئەوکاتە گەشەئەکاتو پێشئەکەوێ کە رۆڵە دڵسۆزەکانی کارگێڕو مشوورخۆری بن، ئەو بووکەسەماکەرو دەڵاڵانەش کە ئەمڕۆ بوونەتە زوڕنای رژێم! ئەوانە بە تەنها هەر نوێنەری نمونەی وەك خۆیانن، کەمو زۆر دەربڕی لە خواستی ڕووناکبیرانو ئەدیبانی بەشەرەفی گەلەکەمان ناکەن. ئەوانەی ئەمڕۆ لە یەکێتیی نووسەرانو ئەدیبانی عیراق/ لقی کوردی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدان! چ وەك چەند، چ وەك چوون، بەشێکی کەمی ئەندامانی ڕاستەقینەی یەکێتیی نووسەرانی کوردی جاران پێکئەهێنن. لەناو ئەمانەیشدا ئەوانەی پێیان بوترێ ئەدیب، بە پەنجەی دەست ئەژمێررێن، ئیتر ئەوەی ئەمێنێتەوە، بریتین لە کەسانی خاوەن نیمچە بەهرەو تا ئەوانەی ناتوانن نامەیەکی ڕێكو پێك بە زمانی کوردی بنووسن! هەردوو بەناو کۆنگرەکەو کۆبوونەوەکەی هەولێرو سلێمانی، دوو مەهزەلەی ئەم یەکێتییە داتاشراوە بوون، کۆنگرەکەی هەولێر لەگەڵ هەموو تەپڵ لێدانێکی رژێمو هەڕەشەو گوڕەشەو دەمچەورکردنێکدا ئینجا توانی لە ژمارەی زیاد لە (١٠٠) نووسەری کورد، تەنها (٣٠) کەسێ، کە نیوەیان زیاتر نیمچە ئەدیبیش نین، کۆبکاتەوە، خۆ کۆبوونەوەکەی سلێمانی، بۆ هەڵبژاردنی گوایە لقی ئەوێ، هەر جێگەی گاڵتەجاڕیو مایەی نوکتەو پێکەنینی کۆمەڵانی خەڵكو ئەدیبان بوو، ئەوەی بە سەرپێیش تەماشای ئەو ناوانە بکات کە ئەمڕۆ لە دەستەی بەڕێوەبەری لقە داتاشراوەکانی ئەم یەکێتیەدان، بە چاکی لەوە ئەگات، کە بەشێکیان هەر لە

جێی نەبوانن. ئەگەر ئەم ڕۆژگارە ناڵەبارە نەبێ، ئەوان ئەم تلیلیلییەشیان نابێ، ڕەنگە بۆ بوون بە ئەندامیش لە "یەکێتیی نووسەران"ی ڕاستەقینەدا، چاو پێداگێڕانەوەی سەرلەنوێیان بوێت! من هەر ئەوەندە ئەڵێم: کۆنگرەکەی هەولێرو سلێمانی، چۆنییەتی سازدان و بەستنیان، ناشەرعیەتیان، خۆیان لە خۆیاندا بەڵگەی ئەوە بوون کە نووسەرانی کورد ئەو یەکێتییەیان ناوێ و بە نوێنەری خۆیانی نازانن! چونکە زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد دوای ئەوەی زانییان کە ڕژێم نایەوێ داواکانیان جێبەجێ بکات، داخوازی تەعدیل کردنەکان بێنێتە دی و بە ڕەسمی بڵاویان بکاتەوە، ڕەفزی بەشداربوون و هاوکاریان کرد! تا ئەوکاتەش، یەکێک لەو تەقلیدە دیموکراتیانەیەی کە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانەوە هەبوە، مەسەلەی "بەکۆمەڵ و پێکەوە کارکردن" بوە، تەنها ئەمجارەیان کەمایەتییەك لە نووسەران پەیمانیان شکاندو بە بانگەوازی دەوڵەت قایلبوون و لە ڕیزی زۆربەی زۆری ئەدیبان چوونەدەرەوە!

من لەلای خۆمەوە بەرامبەر هیچ نووسەرێك ڕق و کینەی تایبەتی و شەخسیم نییە، هەمیشە لەگەڵ بڕیاری زۆربەی زۆردا بووم، بەڵام ئەم لە ڕیزدەرچوونەی ئەوان -بە تایبەتی کۆمەڵێ ئەندامی کۆن و بە توانایان- جێگەی سەرزەنشت و ناخۆشحاڵیە! ئێمە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو هەرچیەکمان کردبێ، هەر پێکەوە کردبوومان و نەئەبوو -چەند پوازێك- ببنە هۆی ئەم قڵیشاندنە گەورەیە! لەلایەکی تریشەوە حەزنەکەم ئەوە بڵێم، من هەمیشە دەستم خستۆتە سەر ویژدانی خۆم و بە ناڕەوا کەسم نەکردوەو نایکەم بە پیاوی ڕژێم و جاسوس و خائین، دڵنیاشم جگە لە "چەند قەڵەمێکی" خۆفرۆش کە وردو درشت ئەیانناسن، تا ئێستەش پەریزی زۆربەی نووسەران هەر پاکەو ئەگەر لە هەڵوێستێکدا من لە گەڵیاندا نەبم و ئیدانەی لە ڕیزدەرچوون و بێجورئەتییان بکەم!. ئەوا هەرگیز بە خۆمی ڕەوا نابینم سەرجەم حوکمی کوێرانەی خیانەت و ناپاکییان بەسەردا بدەم. خەتی چەپ و ڕاستیان بەسەردا بهێنم، لەلای خۆیشمەوە هیچ "عەنتەریات"و فس فس پاڵەوانێتیەکی سیاسی بە کەس نافرۆشم، بە چوار ڕۆژی پێشمەرگایەتی ناوشاخیش هۆش و گۆش لەدەستنادەم و ناکەومە موزایەدەکردنی نیشتمانپەروەری بەسەر کەسانێکەوە کە من دڵنیا نەبم لە ناپاکی و

خیانەتیان، بە پێچەوانەوە من ئەم شاخ وداخ و ژیانی پێشمەرگایەتیە، فێری ئەوەی کردووم سادەو بە ئارام و سنگ فراوانتر بم، ڕەوشتی سیاسیشم دوور لە دووڕوویی و لەخۆباییبوون و خۆپەرستی بێ!.

■ هەڵوێست و شوێنی نووسەرانی کورد لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا چۆن ئەبینی؟

□ وەکو پێشتریش و لە چەند شوێنێکدا ئیشارەتم بۆ کردبوو، بە گشتی هەڵوێستی نووسەران و ئەدیبانی کورد، لە دوێنێ و ئەمڕۆشدا، هەڵوێستی پشتگیریکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و دیموکراتی گەلەکەیان بوە. جا هەر نووسەرەو لە سەنگەری بیروباوەڕی سیاسی خۆیەوە، لەو مەیدانەدا کە خۆی هەڵی بژاردوە، ئەم چۆنییەتی پشتگیریکردنەی دەربڕیوە. هەموو تاقیکردنەوەی ڕابردوو، هەر لە دروستبوونی یەکێتی نووسەرانی کوردەوە، تا ئەمڕۆ لە چەندین کۆنگرەو کۆبوونەوەی گشتی و کۆڕدا، ڕاستی ئەم قسەیە ئەسەلمێنن. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایەدا هەڵوێستی نووسەر بۆ پشتگیریکردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکەی بە یەکگرتنی بەرهەم و کردەوە دەستنیشانئەکرێ. دیارە ئەم هەڵوێستانەش لە ئەدیبێکەوە بۆ ئەدیبێکی تر ئەگۆڕێ. نووسەرمان هەیە بەدرێژایی چەندین ساڵ وشەیەکی نەنووسیوە زیان بە بەرژەوەندی شەخسی بگەیەنێ و ڕۆژێ لە ڕۆژان تووشی گێرمەو کێشەیەکی بکات. نووسەریشمان هەیە لە چەندین بواری جیاجیادا، بە قەڵەم، بە کردەوە، بە هاوبەشیکردنی مەیدانی، ئەو پشتگیریکردنەی خۆی دەرخستوە. بەلای منیشەوە کە ئەڵێین "نووسەرانی کورد" ئەبێ ئەوە بزانن هەر کەسێك هات و قەڵەمی بەدەستەوە گرت و نووسی، مانای وا نییە ئەدیب و نووسەرە! چۆن چەکهەڵگرتنی هەموو کەسێ نیشانەی پێشمەرگایەتی نییە، قەڵەمیش هەر وایە. من ئەتوانم لە بری ناوی سی چل کەس، ناوی سەد کەس بنووسم کە ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا، بەرهەمی بازرگانی و نووسینی پڕوپووچی حکومەتیان بۆ قادسیە ئەنووسن و بەشداری پێشبڕکێیەکانی ئەکەن، هەندێکیان خەڵاتی

ڕژێمیش لەسەر ئەو نووسینانە وەرئەگرن، بەڵام ئایا بە ڕاستی ئەوانە ئەدیبن؟ ئەوانە جێدەستیان دیارەو ناسراون، هیچ کارێکی ئیبداعیان ئەنجامداوە؟ بەشێکی زۆریشیان لە خۆیان زیاتر تەنانەت کێ نووسینەکانیان ئەخوێنێتەوە؟!

بەڵێ چەند جاشقەڵەمێکیش هەن کە بە ڕاستی جاشقەڵەمن و بوونەتە پاشکۆو دەهۆڵژەنی ڕژێم و لێبووکی سوڵتە! وەك هەر پۆلیسێکی ئەمنیش ڕاپۆرت ئەنووسن و بە ئاشکرا زوڕناکە لێئەدەن، ڕووی دزێوی خۆیان نەشاردۆتەوە! هەشن جارێ ماویانە پەردە لە ڕووی خۆیان هەڵماڵن و هێشتا هەر لافیان پێماوە! خۆ نووسەریشمان هەبوە تا دوێنێی نزیك، هەر لەناو ئەم شاخ و داخانەدا بوون و هەر لێرەش بە پەلە کەوتنە دەرکردنی کۆمەڵە شیعرو نامیلکەو وتارو چیرۆك و بڵاوکردنەوەو ئەرە ئەرپان دنیای ئەلەرزاندەوە! نووسینەکانیان ئاگری سووریان لێئەباری و تەنانەت یەك دوانێکیان لە مەیدانی ئیدعای شۆڕشگێڕێتی و پێشکەوتنخوازیدا هیچیان نەهێشتبۆوە، کەچی بەزین و تەسلیمیش بوونەوە! هەروەکو چۆن نووسەریشمان هەیە، بە لافی دەم، بە قسەی زل زل، بە موزایەدەکردنی بەردەوام، بە نیشاندانی دروشمی بریقەدار، بە جورئەتەوە زاراوەی فەلسەفی و گەمەکردن بە وشەی کرێکارو زەحمەتکێشان، لەملایشەوە، بە ناوی بیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتیەوە، شەوو ڕۆژ تەپڵ لێئەدەن، بەڵام کورد وتەنی "وەستای قسان و بیکاری دەستان"ن و بەکردەوە دوێنێ و ئەمڕۆیش هەیانە تا ئێستە نانی نیوەڕۆیەکی لە کیس ئەچوەو معاشی ڕۆژێکی نەفەوتاوە، کەچی هێشتا ئەوان پێشمەرگەی کوردستان و هێزی شۆڕشگێڕی مەیدانەکە قەرزاربار ئەکەنەوە بەردەوامیش دوور -لە ئاگرە سوورەکە- وەستاون و پێشبینی و چاوەڕوانی دامرکاندنەوەی وڵاتەکەیان ئەکەن! هەر بۆنەوەی بڵێن "ئەمانوت!!"

ئەم هەڵوێستانەش هەمووی "تەنظیر"ی سیاسیان بۆ ئەکرێ و ئەخرێنە قاڵبی "ناکۆکی گەورەی بیروباوەڕ"ەوەو بە هەڵوێستی چینایەتی و نەتەوایەتیش لە قەڵەمئەدەن! جا ئیتر خوای ئەکرد کلۆکۆی کوردستان دائەمردەوە. چی لەوانەو خۆدەمیش هیچی لێ کەم نییە..

دیارە من لێرەدا بە هیچ کلۆجێك داوای ئەوەم نەکردوە ئەبێ کە هەموو نووسەرێ لەو شوێنە بێ کە منی لێم و ئەگەر ئەمەی منیش بە هەڵوێست لەقەڵەمبدرێ چ منەتێکی تێدانییە، ئەو هاوبەشیکردنەشم وەك دووجاری تری شۆڕشی ئەیلول، بە ئەرکێکی پێویستی سەرشانی خۆم زانیوە، لێرەیش پێشمەرگەی ئەو سەنگەرانەی ڕووبەڕووی داگیرکەران ئەجەنگن، بالآی فیدارکاری و ئازایەتی ئەوان، بەش بە حاڵی خۆم، لە بالآی قەڵەمەکەی خۆم زۆر بە بەرزترو گەورەتر ئەزانم. تەنها ئەوەندە هەیە، ئەوەی ئیدعای گەورە گەورە ئەکات، مەیدان زۆرەو ئەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکات خەڵکی و جەماوەر داوای کارو کردەوەی لێبکەن و بێدەنگ نەبن. هەڵوێستی هەموو نووسەرێکی کوردی بە شەرەف و ئازادیخواز، ئەبێ لەگەڵ هەڵوێستی گەلەکەی، هەژارانی گەلەکەی و چارەنووسی ئەم قۆناغەدا بێ، جا هەر قەڵەم و هەر کەسەی، ئەو هەڵوێستەی خۆی دیارینەکات کە باوەڕی پێیەتی و بۆ ئەو باوەڕەی تریش گفتارو کرداری ئەخاتەگەڕو بۆی ئەجووڵێ!

■ چ پەیوەندیەک لە نێوان شیعرو هونەری شێوەکاریدا دەبینی، هەروا بزوتنەوەی هونەری شێوەکاری کورد لە چ ئاستێکدا دەبینی؟

□ هەروەکو چۆن هونەرمەندێکی شێوەکاری، هەست و سۆزو ئیحساسات و ڕوانین و فیکرو خولیای دەروونی خۆیی و دەرەوەی خۆی، بەهۆی: ڕەنگەوە، هێڵەوە، ڕووناکی و سێبەر، بۆشایی ڕووبەڕو ئاوێتەکردنی هەر هەموویانەوە دەرئەبڕێ، لە دواییدا ئەو هەموو ئەندێشەو خولیاو خەیاڵانە، ئەبنە تابلۆیەك و چوارچێوەیەکی بچووك یان گەورەو ئەو وێنەیە ئەگرنەخۆ، لای شاعیرێکیش هەر ئەو خولیاو خەیاڵانە بنەمان و لە ڕێگەی (زمان)ەوە، بەهۆی یەکگرتنی هونەری حەرف و وشەو ڕستەوە، ئەچنە سەر کاغەزو ئەبن بە شیعر، ئەویان: بە ڕەش وسپی بێ یان ڕەنگاوڕەنگ، وێنەکانی ئەکێشێ، شاعیریش بە وشە. ئەتوانین بڵێین، لای هونەرمەندێکی شێوەکاری هەر تابلۆیەك قەسیدەیەکەو هەر پێشانگایەکیش دیوانێکە! شیعر بە نووسین و دوانیش لە ڕێگەی چاوو گوێوە ڕاستەوخۆ ئەگەنە خوێنەرو گوێگر، بەڵام وێنە هەر ئەبێ لە ڕێی چاوەوە بقۆزرێتەوە، ئینجا بەرەو ناخ شۆڕبێتەوە. لە دنیای هونەری ئەمڕۆداو لە نێوان هەموو کارە ئیبداعیەکاندا، ئاڵ وگۆڕی بەخشین و وەرگرتن بوە بە

سیمایەکی دیاری هونەری سەردەم، دیواری نێوان نەماوە، قەسیدەیەك ئەبێتە تابلۆی وێنەکێشێك‌و تابلۆیەکیش ئەبێتە قەسیدەی شاعیرێك، یەك کار دەکەنە سەر یەکتر، تەنانەت لەم رۆژگارەدا کەم کۆمەڵە شیعر هەیە، وێنەی هونەرمەندە شێوەکارییەکان نەبوونە سەرتابلۆیان. پەیوەندی نێوان شیعرو هونەری شێوەکاری بەهەموو لقەکانییەوە تا ئەگاتە سەر (خۆشنووس)یش، پەیوەندیەکی لێکدانەبڕاوە.

لەگەڵ بەرەو پێشچوونی هەر لایەکیشیاندا، ئاڵ‌وگۆڕی بەخشین‌و وەرگرتنەکەش بەرفراوانترو بەپیتتر ئەبێ. هونەری شێوەکاری، شیعریشی بردە ناو پێشانگاکانی خۆیەوە، بەمەش دەرگایەکی تازەتری لەسەر بڵاوبوونەوەی کردەوەو وێنەی شیعری نووسراوی کرد بە وێنەی کێشراوی نێو لەوحەو تابلۆکانی، بزوتنەوەی هونەری شێوەکاری کوردی لەم رۆژگارەی ئەمڕۆماندا بە بەراورد لەگەڵ پانزە ساڵ لەمەوبەردا هەر تەواو پەرەیسەندوەو بزوتنەوەکەش چ وەك چەندو چ وەك چوون، گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتوە. دیارە وەك لە دنیای شیعردا گەلێ شێوازی رێبازو قوتابخانەی هەمەجۆر هەن، لە جیهانی هونەری شێوەکارییدا دەیان رێبازو قوتابخانەی هەمەچەشنە سەرچاوەن، هەر رێبازەیش لە زۆری‌و بۆری خاڵی نییە. کارێکی گرنیشە لە وەڵامێکی وا کورتدا بتوانم دەست بخەمە سەر هەموو لایەنەکانی ئەم بزوتنەوەیە، لە ساڵانی (١٩٧٠) بەدواوە چەند هونەرمەندێکی شێوەکاری ئەم بزوتنەوەیەیان بەرەو پێشتر برد، سنووری کارە داهێنراوەکانی خۆیان گەیاندە دنیای دوورتر، توانییان لەناو دەیان هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی عەرەب‌و دنیادا جێ‌ورێی تایبەت بۆ هونەری خۆیان بکەنەوە، لە چەند وێنەکێشێکی کەمیش بەولاوە کە هەوڵی ئاوێتەکردنی ڕوانینی هاوچەرخانەو کەلەپوورو سیمای نەتەوەیی ئەدەن‌و ئەیانەوێ کارەکانیان سیماو ڕەنگ‌ورووی کوردانەو جیهانیش لەناو خۆیاندا کۆبکەنەوە، بە دوو چاو بڕواننە ژیان، ئەگینا ئیتر زۆربەی زۆر لە گێژاوی چاولێکەریدا ئەسووڕێنەوە، کارەکانیان بێ بناغەن، بەتایبەتی بەشێکی زۆر لەو هونەرمەندە تازە پێگەیشتوانەی کە پەلەی زوو دەرکەوتنیانەو هێشتا تاقیکردنەوە هونەرییەکانیان نەمەییون‌و کاڵ‌وکرچن. ئەمڕۆ

بزوتنەوەی هونەری شێوەکاری بە هەنگاوی خێراوە بەرەو پێش ئەچێ و بێگومان پاشەڕۆژیشی ڕووناکترە!

■ **چوونە دەرەوەی ئەدیبانی کورد، بەرەو وڵاتانی دەرەوە، خەریکە وەک دیاردەیەکی لێدێ، تۆ کاریگەری ئەو دیاردەیە لەسەر بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان چۆن دەبینی؟**

□ بەلای منەوە هێشتا نەبوە بە دیاردەیەك، ئەگەر نەبێت، چونکە تا ئەمڕۆش زۆربەی زۆری ئەدیبانی کورد، نووسەرە ناسراوەکان؛ هەر لە کوردستاندا ئەژین. ئەتوانین بڵێین دیاردەکە بە گشتی لاوانی کوردی گرتۆتەوە، ئەوانەی لە ترسی دۆزەخی شەڕی ئێران و عێراق هەڵاتوون، پێشتریش دوای کارەساتی ئاشبەتاڵ ئەو ڕەوکردنە بەرەو وڵاتانی دەرەوەو ئەورووپا دەستیپێکرد، هەڵبەتە ئەم شەپۆلە گەورانەش لەگەڵ خۆیاندا ئەدیب و نووسەریش وەك هەر هاوڵاتیەکی تر، ڕاپێچنەکەن. ئەگەرچی لە هەموو بارودۆخێکی وا ئالەبارداو لە گشت وڵاتانی دنیادا ئەمجۆرە کۆچکردنانە بوون و ئەبن، بەڵام تێکڕا، بوونی دیاردەکە خۆی و پەرەسەندنی بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، مایەی دڵتەنگی و جۆرە بێزاری و دەربڕینێکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەو جێگەی تیرو توانجی هەموانە. چونکە هەڵاتنی لاوی کورد بەو ژمارە زۆرە، ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەو لاوازکردن و کزبوونی وزەو توانای گەلەکەمان، ئەمە جگەلەوەی دیاردەکە وەك سەرئەنجام جۆرە ڕاکردنێکە لە بەردەم واقیعی تاڵی ئەمڕۆی کوردستان و خۆدزینەوەیە لە بەجێهێنانی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و مەیدان چۆڵکردنە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمە لە هەموو ڕۆژێکی تر زیاتر پێویستمان بەو وزەو توانایانە هەیە، بۆئەوەی لەخزمەتی خەڵکی کوردستاندا بن و بەهەدەر نەڕۆن! ئەو ئەدیبانەی ئێستە لە ئەورووپاو ئەمریکا ئەژین، سەردەمی ڕۆیشتنی هەندێکیان بۆ زووتر ئەگەڕێتەوە، هەندێکی تریشیان هەر بە مەبەستی خوێندن ڕەویانکردە ئەو وڵاتانەو ماونەتەوە. ئێمە لەبەرئەوەی دوورین لەوانەوەو بەردەوام هەواڵیان نازانین، یان ئەگەر بیشزانین پچڕپچڕو ناتەواون، لەبەرئەوەی ئاگاداری ئەوەش نین بۆ مەسەلە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان چییان کردوە؟ تا چەند توانیویانەو هەوڵیانداوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردی بە خەڵکی

ئەو وڵاتانە بناسێنن! چونکە من پێموایە هەندێ لەو ئەدیبانە تا لە کوردستاندا بوون، بەرهەمیان زۆرترو بە بڕشتتر بوو. خۆ ڕەنگە ژیانی گرانی ئەو وڵاتانەو کۆششی خوێندنیش کۆسپی گەورە بن لە بەردەم بەخشینی ئەدەبیاندا، لە لایەکی تریشەوە ئەبێ ئەوە بزانین، هەموو چوونێک بۆ ئەو وڵاتانە، ڕاکردن‌و هەڵهاتن نییەو پێویستە هەل‌ومەرجی ئەو ڕۆیشتنانەش لە یەکتر جیابکەینەوە، چونکە لە چوونەدەرەوەو خوێندنی هەندێ لەو ئەدیبانەی پێشتر ڕوویانکردبوە ئەو وڵاتانە، ئەک هەر قازانجیان کرد، بەڵکو بزوتنەوەی ئەدەبی کوردییان بەرەو پێشتر برد. بەڵام دیاردەی ڕەوکردنی بە کۆمەڵی لاوانی کورد لەم قۆناغە سەختەی تێکۆشانی گەلەکەماندا، دیاردەیەکی سلبی‌و ناهەموارەو پێویستە دەزگا ئیعلامی‌و ڕۆشنبیرییەکانی شۆڕش بە وردی لێی بکۆڵنەوە، ئەوانەی بە ئەوان ئەکرێ لە بەربەستکردندا بیکەن، یەکەم هەنگاویش دیارە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و دەست خستنەسەر هۆیەکانی ئەم ڕەوکردنەو ڕوونکردنەوەی سەرئەنجامی خراپی دیاردەکەیە.

■ دیارە زۆر ئەدیب هەن کە دەهێنێ قسەیان لەسەر بکرێ، یان رای خۆتیان بە ڕاشکاوی لەسەر بڵێی، بەڵام قسەکردن لەسەر هەموویان نابێ‌و زۆری ئەوێ، بۆیە من بەبێ هیچ مەبەستێک، ئەم ناوانەم بەبیردا هات، تا تۆیش بە کورتی، رای ڕاشکاوی خۆتیان وەک (ئەدیب) لەسەر دەربڕی: د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، برایم ئەحمەد، هێمن، ڕەئوف بێگەرد، محەمەد فەریق حەسەن، کەمال میراودەلی، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر قادر، شێرزاد حەسەن، عەبدوڵڵا پەشێو، محەمەد موکری، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، حسێن عارف. هەڵبەتە پاش‌و پێشخستنی ناوەکانیش پەیوەندی بە جۆرێتی ئەدەبییەوە نییەو بێ مەبەستەو چۆنم بە بیردا هاتبوون، هەروام ڕیزکردن.. ئەڵێی چی؟

□ بە لای منەوە ئەم پرسیارە لە هەموو پرسیارەکانی تر گرانترە!، چونکە جگەلەوەی کە هەڵسەنگاندنی ئەدیبێک بە چەند دێڕێک لە هەموو حاڵەتێکدا درێغیکردنە لە کارەکانی ئەو ئەدیبەو ناتوانرێ هەقی تەواویان بدرێتێ، لە سەرێکی تریشەوە من خۆم بەو ئەدیبە

نازانم کاری ئەدەبی گەورەی هەندێك هەڵبسەنگێنم، بەڵام پرسیارەو کردووتە، ئەبێ وەڵامی بدەمەوە. هەوڵیش ئەدەم جگە لەو ڕاشکاوییەی باستکردوە، بێگوێدانە بیروباوەڕی سیاسیو پەیوەندی کەسی، بە کورتیو پوختی، باری سەرنجی خۆم، دەربارەی بەرهەمی ئەدەبییان و بەس، دەربڕم.

**د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

وزەیەکی گەورەو قەڵەمێکی بەتوانای مەیدانی ئەدەبیمانە. ئەگەر بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەم ئەدیبە لە کتێبخانەی کورد دەرهاوێژین، من پێموایە کەلەبەرێکی گەورەی تێئەکەوێ. بیری تیژو بە بڕشتە. جگە لە تەواوکردنی خوێندنی باڵاش، بە زیرەکیو بەهرەی خۆی توانیویێتی بەردەوام بێو هەمیشە حازربوونو ئامادەبوونی لەو کۆڕو دیدارو دانیشتنە ئەدەبییانەدا هەبێ کە خۆیشی لێی دوورە، ئەمیش نیشانەیەکی زیندووی بیر نەچوونەوەی ئەدیبو کارە داهێنانەکانیێتی. لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی بە گشتی لەسەر بناغەی تیۆرانینێکی زانستیانە ئەنووسێ، گەڵێ دیراساتی تازەبابەتو لەوەوبەر کەمتر بایەخ پێدراوی بەبەرهەم هێناوە، بەڵام هەندێجار لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا قەڵەمەکەی ئەکەوێتە ژێر کاریگەری سۆزییانەی ناسیاویو خزمایەتیو ئیعتباراتی سیاسی! خۆزیا ئەو هەندە جارەیشی نەمایە. من بە ماموستای خۆمو نەوەیەکی تازە پێگەیشتووی ئەمڕۆمانی ئەزانم.

**برایم ئەحمەد:**

ئەگەر بەرهەیوانی ئەدەبی هاوچەرخو تازەی کورد، چەند کۆڵەکەیەك ڕایانگرتبێ، یەکێك لەو کۆڵەکانە ئەدەبی ماموستا برایم ئەحمەدە، ئەگەر ئەدەبی کوردیش لە قۆناغی تازەی پێشڕەوی کردندا بەر لە شەڕی دوەمی گێتی دواتریش بە تایبەتی لە سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژدا بە پردێك بچوێنین، ئەوا بەلای منەوە سەرێکی ئەو پردە ئەدەبییە پەخشانو چیرۆکی ئەم ماموستا پێشڕەوەیەو سەرەکەی دیکەیشی شیعری "گۆران"ە.

**هێمن:**

من ئەدەبی نووسین و وەرگێڕانی ئەم مامۆستایەم لە شیعرەکانی پێ خۆشترو چاکتریشە. کەوی دەنگخۆشی شیعریی زۆرن، بەڵام ئەو کەوانە بەندی قەفەزە تەقلیدیەکانی هونەری شیعرن. شیعر ئەمڕۆ هەڵفڕینی بەرزتری ئەوێ. ئەزموونی ژیان و ئامۆیی و دەربەدەری و هەناسەساردی تەمەنی، لە شیعرەکانی گەورەترن. کارە ئەدەبیە بەنرخەکانی، وەک توحفەی موزەفەریەو وەرگێڕاوەکانی تری و پەخشانی، چەندین پەنجەرەی رۆشنتریان بۆ ئەدەبی کورد زیادکرد. سەرچاوەیەکی ڕوونی زمانی کوردییە.

**رەئوف بێگەرد:**

لە چیرۆکنووسە دیارەکانی ئەمڕۆمانە، تا ئێستە دوو کۆمەڵە چیرۆکی چاپکراوی هەیە، (بوار)و (هەوار)، جگە لە کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕاوی "چیخۆف"یش. بە گشتی ئەوەندەی زمانی ئەدەبی تەڕو پاراوو پوختە، ئەوەندە بابەتەکانی بەهێز نین. وەک چیرۆکی زۆرباشی هەیە، هەر لە پاڵیدا چیرۆکی لاوازی وای هەیە کە پێت سەیرە چۆن هەر هەمان چیرۆکنووس نووسیوێتی! وێنەگرێکی وردی سروشتی کوردستانە، بایەخی تایبەتی بە دیوی ناوەوەی کەسانی چیرۆکەکانی ئەدات. لە هونەری کورتەچیرۆکدا شارەزایەو بە هۆشیارییەوە تەکنیکە تازەکانی بەکاردێنێت. لەسەرخۆ بەرەو پێش ئەڕوات. کۆمەڵە چیرۆکێکی زۆر کورتی نووسی، بەشێکیان جێی سەرنج راکێشان و تازەبوون، خۆزیا زیاتر پەرەی بەم لایەنە بدایە. "داستانی ڕێی هات و نەهات"و "هەڵۆ"و "لە گەڕانەوەیەکدا" بەلای منەوە لە چیرۆکە جوانەکانی ئەمڕۆمانن.

**محەمەد فەریق حەسەن:**

یەکێکە لە چیرۆکنووسە باشەکانی ئەمڕۆمان، ئەوەی لە یەکەم پەرەگرافی بەرهەمی ئەم چیرۆکنووسەوە سەرنجت رائەکێشێ، بێ گرێ و گۆڵی زمانە، رستەی کورت و پڕو دوورکەوتنەوەیە لە درێژ دادڕی. ئەمیش لە نێوان نووسینی چیرۆکی بەهێزو لاوازدا دێت و ئەچێ، لە وەسفی دەوروبەرو دیمەنە جۆربەجۆرەکاندا چاوێکی کامێرایی پێوەیە، ئەگەرچی کۆمەڵە چیرۆکی "رستی زەنگیانەی ناوی" دوای "ئەسپەشێ" نووسراون، بەڵام بە لای

منەوە لە "ئەسپەشێ"دا سوارێکی لێهاتووترە. هەندێجار کە ئەیەوێ تەکنیکی تازە لە چیرۆکێکدا بەکاربێنێ، بەتایبەتی هونەری سینەمایی، ئەوسا زیاد لە پێویست بایەخ بە مەسەلە شکڵییەکان ئەداو سەرەنجام ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ئەئاڵۆزکێنێ. بە هەنگاوی گەورەوە بەرەو پێش ئەچێت. هەندێ چیرۆکی ئەم چیرۆکنووسە لە چیرۆکە هەرە جوانەکانی ئەم سەردەمەمانن:

**کەمال میراودەلی:**

ئەگەر ئەم ڕەخنەگرەمان، دوای چوونەدەرەوەی بۆ خوێندن، سارد نەبووبێتەوەو لە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دانەبڕابێ، من پێموایە ئەتوانێ گەلێ بۆشایی مەیدانی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەمان بۆ پڕ بکاتەوە. بەتایبەتی چونکە خۆی یەکێکە لەو نووسەرانەی لەگەڵ بزوتنەوەی تازەی سەردەمدا هاتوەو لە نزیکەوە ئاگای لە سەرهەڵدان و نشونماکردنی بوە. هەندێ وتاری بە نرخی لەسەر کورتەچیرۆك و شیعر نووسیوە. بە لای منەوە هەردوو وتارە ڕەخنەییەکەی کە لەسەر شیعری "بۆ هیوا"ی گۆران و چیرۆکێکی شێرزاد حەسەن نووسیبوونی، لە هەڵسەنگاندنە بابەتییە هەرە جوانەکانی ئەم سەردەمەمانن، بەڵام بە داخەوە هەندێجاریش بە نووسینی هەندێ پێشەکی ناپێویست، ڕای بە پەلەو کاڵ وکرچی داوە!

**ڕەفیق سابیر:**

لە دەمێکەوە شیعری تازەی کاك "ڕەفیق"م نەدیوە. شاعیرێکی بەهرەدارەو لەسەرخۆو هێمنانە هەنگاودەنێ، زمانی شیعرو دارشتنی دوورن لە لاساییکردنەوەوە. وێنەگرتنی سروشت و ڕوانینی واقیعیانەی دەوروبەری خۆی و ئەو تاقیکردنەوانەی لە نزیکەوە ئەیانبینێ، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕوانینی سیاسیانەیەوە هەیەو لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی شیعرەکانین، بەشێك لە شیعرەکانی بەلای منەوە ئەچنە خانەی پەخشانەشیعرەوە نەك شیعر، بەڵام ڕەوتی ئاهەنگی ناو زۆربەی ئەو شیعرانەی من دیومن، ناتوانن لەگەڵ بزوتنەوەی ناوەڕۆکدا بگونجێن، هەروەکو قاچیان تێکەڵ و پێکەڵ ببێ وایە!

**لەتیف هەڵمەت:**

بەلای منەوە کەم شاعیر هەیە ئەوەندەی لەتیف بەهرەی شیعری خۆڕسکی و سروشتی بە قوڵپ بێ، وەکو کانیی بەهارە، تەقینەوەی بە هاژەیە. نەفەسی درێژو زمانی سادەیە. هەندێ پارچە شیعری لە نمونە هەرە جوانەکانی شیعری ئەم سەردەمەن، بەڵام ئەم شاعیرەمان ئەو بەهرە بەپیتەی خۆی، ئەو هەڵقوڵینە بە لرفەو گەرموگوڕەی، هەندێجار بەدەستی خۆی ساردئەکاتەوە. بژاری شیعر زۆرکەم یان هەر نایکات، چۆن هات و چەند هات ئەم لە ناستیاندا دەستەوەستانە. ئەو لەبەر ڕۆیشتنی بەهرەیە لە وزەی داهێنانی شاعیر کەمئەکاتەوە. من هەموو جارێ وتومە دنیای شیعری هەڵمەت لە دوورەوە ئەوەندە جوانە حەزئەکەیت زوو بیگەیتێ، بەڵام کاتێ ئەچیتە ناوی بەهۆی ئەو بژارنەکردنەوە ئەبێ هەر بە پێوە بوەستیت و زۆر نەمێنیتەوە! وێنەی شیعری زیندوەو بێ تەکەلوفەو ئەچنە دڵەوە.

**ئەنوەر قادر:**

کاک ئەنوەر هەر بە یەکەم دیوانی "زریان" شاعیریتی خۆی پێناساندین، چەند قەسیدەیەکی ئەم دیوانە جگە لە بەهرە، مرۆڤێکی زیرەک و ڕۆشنبیریشی لە پشتەوە ئەبینین. خەیاڵی شاعیرانەی بە پیتی لایە. قوڵبوونەوەی وێنە درامییەکانی و هەندێجار ڕوانینی "تصوف"انەی کە شوێنەواری خەڵوەتە شیعرییەکانی "مەولەوی"یان پێوەدیارە، دەنگی هێمن و خەماوی، مۆرکێکی جافەتی و شارەزووری، ڕەنگ و ڕووو سیمایەکی تایبەتی ئەدەن بە شیعرەکانی. کاک ئەنوەر لەدوای "زریان"ەوە دیوانی تری چاپنەکردوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەرێکەوت چەند قەسیدەیەکی تازەیم بینی، زۆر بێنموودو لاواز هاتنە بەرچاوم، سێبەرێکی کاڵی زریان بوون، پێشکەوتنی تازەم تێدا نەبینین.

**شێرزاد حەسەن:**

بە بڕوای من، لەناو چیرۆکنووسە لاوەکاندا، لە هەموویان بە تواناترو شارەزاترو لە پێشترە، کۆمەڵە چیرۆکی "تەنیایی" شایەتێکی زیندووی ئەم بەهرە لاوەیە. زمانی

چیرۆکەکانی لەسەرخۆو بێ قڕەو شیعر ئامێزە. چاوی تێبینی وردو تیژە، حاڵەتی تەواو بۆ بابەتی چیرۆکەکانی هەڵئەبژێرێ، بەڵام خەوشی دیاری ئەوەیە: ئەو وێنانەی ئەیکێشێ، ڕەنگە بە پەرەگرافێك تەواو بێ، بەڵام ئەم زۆریان ئەداتە دەم. هەندێجاری تریش پەخشان و پەخشانەشیعر بەسەر زمانی چیرۆکدا زاڵ ئەبن، بە کورتی، لەو بارە قورستر لە کورتەچیرۆك ئەنێ کە پێویستە لێی بنرێ!

**عەبدوڵڵا پەشێو:**

بەلای منەوە بەهرەی شیعری لای پەشێو لە دیوانی "شەونامەی شاعیرێکی تینوو"ەوە کەوتە شەوقدانەوە، لە دیوانی "شەو نییە خەوتان پێوە ئەبینم"ەوە زمانی دەربڕینی کۆکترو پوختتر بوو، شیعرەکانی پەشێو ناسکن، تەجروبەی شیعرە ڕۆمانسیەکانی گەشتر ئەنوێنن. وێنەی بەرجەستەی جوانی هەیە، بەڵام لای پەشێو دنیای شیعر زۆر سنوردارەو تەنها لە یەك دوو بازنەدا ئەخولێتەوە، وەك باڵی شیعرەکانی کردبێ وایە. ئەفەسی کورتەو کانەکانی زمان ناتەقێنێتەوە. چەند قەسیدەیەکی نموونەی شیعری جوانی ئەم سەردەمانن. لەدوای ئەو هەموو ساڵە من لەلای خۆمەوە چاوەڕوانی بەرهەمی گەورەترم لێئەکرد، بە ئەنجامدانی وەرگێڕانی شیعرەکانی "پوشکین" کە هەندێکیانم بینیوە، مایەی دڵخۆشیو دیارییەکی ڕەنگینو بەنرخن بۆ کتێبخانەی کوردیو بزووتنەوەی ئەدەبیمان بەگشتی.

**محەمەد موکری:**

لەگەڵ حسێن عارفدا خاوەنی درێژترین ئەفەسی چیرۆکن لەناو هەموو چیرۆکنووسانی ئەم سەردەمەدا، لێرەشدا مەبەستم لە ئەفەسی درێژ، وردکردنەوەی شتە بچووکەکانو بەردەوامبوونە لەسەر نووسین بەبێ خۆ دووبارەکردنەوەو بە بێنەوەی هەست بە ماندووبوونی بکەیت، هەر ئەم سیفەتەش بۆتە بنەمایەك بۆئەوەی ڕووبکاتە دنیای چیرۆکی درێژو ڕۆمان. لە نێوان چیرۆکێكو چیرۆکێکی تردا، هەر لەیەك ماوەی زەمەنیدا هەڵچوونو داچوونی هونەریی هەیە. ئەو بەرهەمانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کێشەی دەروونیو خودی چیرۆکنووس خۆیەوە هەیە، پێگەیشتووترن. موکری سوودێکی باشی لە

خوێندنــەوەی خــۆی وەرگرتــوە، لــە ســەرەتادا بــە پــەرش وبلاوی دەســتیپێکرد. هــەندێ نووسینی، ئارەزووکاریی وەختییان پێوە دیارەو یەکێتی بابەتیان کەمتر تێدایە. شارەزای ڕێگاکانی هونەری چیرۆکەو تێیدا بزر نابێ. بە بڕوای من ئەگەر موکری بە جیدی تەرکیز بکاتە سەر ئەو بابەتەی هەڵینەبژێرێ، وزەی تەواوی خۆی بداتێ، شەپۆلی زەینیو تەجریدی، ئەوەندە ڕاپێچی ئەکەن بۆئەوەی لە جەوهەری مەبەستی دووربخەنەوە، ئەوە ئەتوانێ کاری گەورەی ئەدەبی ئەنجامبدات.

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:**

چیرۆکنووسێکی واقیعیی دوور لە تەجریدە، چیرۆکەکانی ئەو ساڵانەی دوایی گەرمیی گەرمیانیان تێدایەو بۆنی ژیانی خەڵکی ئەو مەڵبەندەی کوردستانیان لێدێت، ئازارو ئاواتی مرۆڤی دەوروبەری چیرۆکنووس لە خەمەکانی نووسەر خۆی لە پێشترن. کۆمەڵە چیرۆکی "ئەسپ" هەنگاوێکی بەرەوپێشی ئەم چیرۆکنووسە بوو، دوورە لە درێژدادڕی، بەڵام هەناسەی کەموکورتە، ئەمەیش بۆتە هۆی ئەوەی بە نیوە ناچڵ هەندێ بزوتنەوەی دیمەنو ڕووداو بەجێ بێڵێ. زوو ماندوو ئەبێ. زمانی زۆر سفتو ڕەوان نییە. بەڵام جار لەدوای جار هەستنەکەیت تاقیکردنەوەکانی کامڵتر ئەبن.

**حسێن عارف:**

لە بزوتنەوەی هونەری چیرۆکی کورتی سەردەمێکی تردا، پێشڕەوێکی ترە، لە ساڵی حەفتاوەو بەرەو ژوور ئەتوانم بڵێم لەسەردەستی ئەودا بۆ یەکەمجار هەندێ تەکتیکی تازەی ئەم هونەرە، کەمو زۆر، هاتە ناو چیرۆکی کوردییەوە، یان ڕەنگی بۆ ڕشتن. لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکنووسەکانی تر، زیاتر شارەزای لایەنە جۆربەجۆرەکانی هونەری کورتەچیرۆکە. تاقیکردنەوەکانی ناو ئەم مەیدانەی فرەچەشنن. لە هەندێکیاندا لە سنووری تاقیکردنەوە تێنەپەڕیون. زۆر ئەنووسێ لەبەرئەوە تەنکەبواریشی هەیە. زمانی نووسینی سادەو خۆماڵیو قووڵە. لە سەرەتادا هەندێ چیرۆکی وەك کوڵانی دەرنەچوو وابوون، خوێنەریان گیر ئەدا. هەناسەی درێژو خەیاڵی بە برشتە. ئەتوانێ بە چاکی بابەتی چیرۆکەکان بخاتە ژێر

ڕکێفی قەڵەمەکەیەوە. خاوەنی چەند چیرۆکێکی درێژە. من وام چاوەڕواننەکرد لە چەند ساڵێ لەمەوبەرەوە، هەوڵی ڕۆمان نووسینیش بدات، بەڵام تا ئێستە لەم ڕوەوە هیچی دیار نییە.

■ **باشە، ئەمەوێ بە هەندێ وردە پرسیار کۆتایی بەم چاوپێکەوتنە دوورو درێژە بهێنم..پەیوەندیت لەگەڵ مۆسیقادا؟**

□ پەیوەندیەکی گیانییە.

**..ئەی ڕەسم؟**

□ وەك پەیوەندی چاوو سروشت.

**..گۆرانی؟**

□ حەز بە غەمگینەکانیان ئەکەم.

**..سینەما؟**

□ تا ئەو وەختەی بۆم لوابێ کەم فیلمی چاکم لە کیس خۆم داوە.

**..تەلەفزیۆن؟**

□ حەزی لێناکەم.

**..شانۆ؟**

□ خۆشمئەوێ.

**..وەرزش؟**

□ کەم.

**..لە کوردستاندا کێت بە دڵە وەك مۆسیقار؟**

□ ئەنوەر قەرەداغی، دڵشاد.

**..ئەی لە هونەری شێوەکاریدا؟**

□ ئیسماعیل خەیات، دارا حەمە سەعید، لالە.

**..گۆرانی بێژ؟**

□ حەمەی ماملێ، مەزهەری خالیقی.

**..دەرهێنەری شانۆیی؟**

□ جیهاد دڵپاك، عوسمان چێوار، ئەحمەد سالار.

..ئەی ئەکتەر؟

□ کامەران رەئوف، ئازاد جەلال، شەماڵ عەبدوڵڵا..

■ **ئەی ئەمانە بەلای تۆوە چی ئەگەیەنن**

..سیاسەت؟

□ هونەرو زانستو هێزە.

..شۆڕش؟

□ دەنگی ئازادیە.

..سۆسیالیزم؟

□ کۆمەڵگای بەختەوەرو پێشکەوتوە.

..ئیمپریالیزم؟

□ بەڵای گەلانە.

..گەل؟

□ دروستکەری مێژوە.

..ئەدیب؟

□ ئەندازیاری هەستو ئەستی مرۆڤە.

..پێشمەرگە؟

□ خوێنی شۆڕشە.

سەرچاوە

ڕووبەروو لە سێبەری چیادا. سازدانی؛ هەڤاڵ کوێستانی. چاپی یەکەم دیسەمبەری ١٩٨٥، لە چاپکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان. چاپخانەی "شەهید عەبدولخالق مەعروف".

□ سا : بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع

chalakmuhamad@gmail.com

# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"دا

(١٩٩٢)

ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمە، لە دانیشتنێکی سێ قۆڵی کاک "شێرکۆ بێکەس" و کاک "بەختیار عەلی" و کاک "مەریوان وریا قانع"دا، سازکرا.. کاک "شێرکۆ" ڕاستەوخۆو لەسەر کاسێت وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە. ئەمەش بۆ شێوەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، کاریگەرە، ئەم چاوپێکەوتنەش سەرەتای پرۆژەیەکی جدیە بۆ قسەکردن لەسەر تاقیکردنەوەی گرنگی ئەم شاعیرە گەورەیەمان.

■ **ڕۆژئاوا چی پێ بەخشیت و چی لێ سەندیتەوە.. یەکەمین هەنگاو ڕووبەڕووی چی کردیتەوەو هەستت بەچی کرد؟**

□ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوی پێش ئەم سەفەرە یاخود پێش ئەو ئەزموونە تازەیە، هەڵبەتە کە من لە شاخ بووم ئەوەی بیرم لێنەکردبێتەوە ئەوە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان بچمە ئەوروپا، هەموو خەیاڵێکم ئەوە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێمەوە بۆ کوردستان بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی، هەڵبەت لە دواییدا، ئەوانەی دەوروبەرم وایان بە باش زانی کە کوردستان بەجێ بهێڵم، مەسەلەی پێشنیارەکە لای خۆمەوە نەبوو لای ئەوانەوە بوو، چونکە یەکێك لە نەریتەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخ ئەوەیە کە ئەو کەسانە خۆیان داوای هەندێك شت هەیە نایکەن، چونکە ئەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا وەکو خەوشێك وایە، لەبەرئەوە ئەوان ئەو دەرفەتەیان خوڵقاندو منیش چوومە دەرەوە، بێگومان یەکەمجار وەك بەشەوارەکەوتنێك وابوو.

ئێمە کە بۆ یەکەمجار لە کوردستانەوە ئەچینە وڵاتێکی ئەورووپییەوە دیاردەکان ئەبینین، هەر لە ڕواڵەتی شتەکانی دەوروپشتەوە، تا دەگاتە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، دواتر تا دەگاتە سەر قوڵبوونەوە بۆ ژیانی فیکری و ڕۆشنبیریی ئەوان، بە چەند قۆناغێکی بچووکدا تێپەڕدەبین، ئەوەی ڕاستەوخۆ لە شوێنێکی وەکو ئەورووپادا سەرنجڕادەکێشێت، مەسەلەی ئەو سەربەستییەیە کە بە پێی باری کۆمەڵایەتیی خۆیان بۆ مرۆڤ ڕەخساوە، ئەوە سەربەستییەکە ئێمە نەماندیوە، چونکە ئێمە بەردەوام لەژێر سانسۆرێکی گشتیدا ژیاوین. سانسۆرەکە چ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی بێت، لە خێزانێکەوە تا دەگاتە سیستمی کۆمەڵایەتی، چ ئەو سانسۆرە بێت کە بەسەر وشەو داهێناندا سەپێنراوە. هەموو ژیان لەوێ بۆ ئێمە جێگای جۆرێك لە سەرسامبوون و تێڕامانە.. ئەو سەربەستییە یەکەم شت بوو کە من هەستم پێکرد، بۆ نموونە: یەکەمجار لە خەیاڵدا بوو کە ئێمە دەبێت شتەکانی خۆمان بدەین بە ڕەقابەو ڕەقابە بیبینێت، کەچی لەوێ دوای چوار ڕۆژ بۆ منیان هێنایەوەو چاپیش کرابوو.. بێگومان ئەمە هەناسەدانێکی تازەیە، لە شوێنێکی تازەدا، لە بینینی تازەدا، لە

تاقیکردنەوەی تازەدا، ئەمانە خۆیان بەسەر یەکەوە ئەزموونێکی تازە بۆ مەسەلەی داهێنان دروستدەکەن، جا لای مرۆڤێك بێت، یان لای ئەدیبێك بەتایبەتی، بۆ یەکێکیش کە دڵ‌و دەروونی پەنگی خواردبێتەوە. من وام هەستدەکرد ئەو گۆمە خەریکی بەربوونەو ئەو دەرفەتەی دۆزیوەتەوە بۆئەوەی بڕژێتە شوێنێ ترەوە.. لە ڕاستیشدا لە ماوەیەکی کەمدا بەبێ پچڕان نووسینەکانمان لە زیادبووندا بوون، بە تایبەتی نووسینی شیعر.

دیارە بەشێك لە پرسیارەکەتان پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی تێگەیشتن لە ژیانی فیکری‌و ئەدەبی ئەوتۆ، من پێموایە سەبارەت بەمەیان بۆ من تا ڕادەیەك زیادەڕەوی تیا دەبێت، چونکە مەسەلەکە لەوەدایە تاوەکو لە زمانی نەتەوەیەك تێنەگەیت‌و باش فێری نەبیت، ناتوانیت لە ژیانی فیکری بگەیت، زمانی سلاڤی ئەوێ تەنها لە سوێدو کەمێك لە نەرویج دەڕوات، بەڵام بۆ خۆیان شتی گەورەیان کردوە. کلتوری گەورەیان هەیە، کتێبخانەیەکی گەورەیان هەیە، بۆ نموونە پێشنەوەی من بگەڕێمەوە یادی (٥٠٠) ساڵەی چاپکردنی یەکەم کتێب بوو. دیارە فێربوونی زمانی ئەدەبی، فێربوونی زمانی ناو بازاڕو هەندێك پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نییە. من نەگەیشتومەتە ئەوە، جگە لەوەی کە من لە سەفەرێکی بەردەوامدا بووم.

■ ئێمە زیاتر مەبەستمان لەو فڕینە ڕۆحییەی خۆتە، لە ڕۆژئاوا..

□ بێگومان کە ئاوڕ لە دەوروبەری خۆت دەدەیتەوەو هیچ سانسۆرێك نابینیت، ئەمە حاڵەتێکی نوێیە.. لەوێ بێگومان بارودۆخێکی تایبەتی بۆ من ڕەخسا.. جارێ لە ڕووی مەسەلەی ژیانەوە، لە دەوڵەتە ئەسکەندیناڤیەکاندا بە دڵنیاییەوە دەتژێنن، لەبەر ئەوە سەبارەت بەو فڕینە کە تۆ لێی دەدوێیت، هەستدەکەیت پەنجەکانت دەکرێتەوە، وەکو ئەوەی لەوەو پێش پەنجەکان شتێکیان تێناڵابێت، تۆ تەنانەت لە شاخیش هەست بەو سانسۆرانە دەکەیت، ئەو سانسۆرە لە هەموو شوێنێکی وڵاتی ئێمەدا هەیە، سانسۆرێکە لە فیکردا هەیە. کاتێك دەکەویت بەسەر ئاسمان‌و ئاسۆیەکی زۆر فراواندا، کە فڕین تیا موتڵەقە بە

تایبەتی بۆ شیعر، هەست بە لەدایکبوونێکی تر دەکەیت بۆ نووسین و بەرهەمهێنانی بەرهەمی تازە.

■ کاک شێرکۆ.. بە بۆچوونی تۆ، ڕۆژئاوا سەربەستیەکی موتڵەق بوو؟ لە کاتێکدا ڕۆژئاوا قابیلە بۆ دابەشبوون.. بۆ نموونە دەتوانین ڕۆژئاوای تەکنیک لە ڕۆژئاوای شیعر جیابکەینەوە، ئەگەر بە زاراوەکانی "ئەدۆنیس" قسەبکەین.. واتە لە ڕۆژئاواشدا زیاتر لە ئاستێکمان هەیە، ڕۆژئاوای "تاتشەر" و ڕۆژئاوای "ڕامبۆ"، دوو جۆری جیاوازن لە ڕۆژئاوا، وەک چۆن بەم دیویشدا، ئێمە ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆرەکانمان هەیەو ڕۆژهەڵاتی حافظ و سەعدی و شاملۆو (ئەدۆنیس)یشمان هەیە..؟

□ لە ڕاستیدا من لە وەڵامەکەدا نەمویست بچمە قوڵاییەکانەوە، هێندەی باسی تاقیکردنەوەی خۆمم بۆ کردن.. ئەگەر بێینە سەر ئەوەی هێما بۆ ئەو سەربەستیە بکەین، ڕەنگە مرۆڤ ئەو سەربەستیە بکات بە چەند سەربەستیەک.

■ کاک شێرکۆ ئەو ئازادییە لە ڕەفتاری تایبەتی خۆتدا ڕەنگی دایەوە؟

□ تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی هەبوو، بەڵام دیسانەوە توێیەکی لێ'رەوە ڕۆیشتوو، کە یادەوەرییەک و مێژوویەکی ترت لەگەڵ خۆتدا بردوە بۆ ئەوێ، مەسەلەی ئەوەی یەکەمجار بتوانیت وەکو مرۆڤی ئەوێ باڵبگریت ئەمەیان کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەردەوام دەستێک هەیە بەرەو دوا دەتگێڕێتەوە.. کە دەستی مێژوە. هەروەها هۆشیاریی سیاسی یەکێکە لەو مەسەلانەی کە ئێمەی بەندکردوە. ئێمە وەکو پیاوێکی وەهاین کە لە تاریکیەوە دەیخەنە بەر ڕووناکی، لە سەرەتادا چاوی نابینێت هەموو شتێک ببینێ، بەڵام دیارە من زیاتر مەبەسم لە ئازادبوونی ڕۆحیە.. مەبەستم لەو ئازادیەیە کە نووسەر بە دەستی دەهێنێت، کاتێک هیچ سانسۆرێک لە دەوری خۆی نابینێت.. جا چ کاتێک بۆ خۆت دەنووسیت یاخود بۆ خەڵک کە دەبینیت تارمایی ڕەقابەیەک بە بەرچاوتا هاتوچۆ ناکات، ئەوکات هەست دەکەیت دەنووسیت، وەکو چۆن مەلێک بێ بیرکردنەوە دەفڕێت.

من مەبەستم نییە، ڕۆژئاوا جیابکەمەوە بۆ ئاستەکانی، چونکە ئەوە بابەتێکی گەورەیە، ئەشێت تۆ هەمان پرسیار لە یەکێك بکەیت لە تاقیکردنەوەی مندا نەبووبێت لەگەڵ خەڵکی ڕۆژئاوا، دەشێ گەلێك وەڵامی ناکۆك‌و سەیر سەیرت دەست بکەوێت.

■ واتە بۆ یەکێکی ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژئاوا یەکەمین لووت تەقاندنەوەیە بە جۆرێك لە ئازادی زەوتکراودا کە لەوێ بەدەستی دەهێنیتەوە؟

□ ئەوەیە مەبەستی من.

■ ئایا ئاسینی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاواوە ئاسانترە، ئایا دۆزینەوەی ئێرە، دوای کۆچکردن بۆ ئەوێ، ئاسانترە؟ بە مانایەکی ئاشکراتر ئاسینی ڕۆژهەڵات وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی فیکری فەلسەفی لە ڕۆژئاواوە، کاتێک دەگەڕێتەوە شوێنێک سانسۆرەکان کزدەبێت‌و ڕەقابەکان دەشکێن، ئایا ئاسینی ئێرە، دۆزینەوەی لەو گۆشە تایبەتیەی دونیاوە ئاسانترە؟ ئاخۆ ئەم دۆزینەوەیە خۆی جۆرە ستاتیکایەکی تایبەتی‌و جوانییەکی تایبەتی دەبەخشێتە قەسیدەی تۆ؟

□ بێگومان مرۆڤ لە سەربەستیدا دەتوانێت باشتر شت بدۆزێتەوەو باشتر سەرنجبدات.. لەوێوە سەرنجدانە ڕۆژهەلات، هۆشیارییەکی تازەترت بۆ دروستدەکات، لە ڕێگای ئەو هوشیارییە فیکرییەوە باشتر دەتوانێ دەلاقەکان، بۆشاییەکان، ئاڵوگۆڕەکانی نێو ژیانی ڕۆژهەلات ببینێ‌و بیاندۆزیتەوە.. لە ڕێگای سەربەستی ئەوانەوە ژێردەستیی خۆت باشتر دەبینیت، لە ڕێگای ڕووناکی ئەوانەوە تاریکی خۆت چاکتر هەست پێدەکەیت، ئێمە نابێت ئەوەمان لەیادبچێت مەسەلەی ئەو دەرکپێکردنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نییە کە بتوانێت لە ماوەی دوو ساڵ یان سێ ساڵدا بەسەر هەموو ژیان‌و ڕۆشنبیریماندا بچێنەوە.. بەڵکو بە بۆچوونی من پێموایە وەکو لە سەرەتاوە باسمکرد، مەسەلەی دیموکراتیەت‌و مەسەلەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە شێوە هەرە سەربەستەکەیدا، وات لێ دەکات باشتر لە ڕابردووی خۆت بکۆڵیتەوەو زیاتر دەلاقەو بۆشاییەکانی خۆت ببینیت.

■ **باشە کاک شێرکۆ کۆی هەموو ئەم کێشانە تەرزێکی نیستاتیکی تایبەت نادات بە شیعری تۆ؟ دواتر ئەو ئەزمونە بۆ خۆی، دەشێت ببێتە تەرزێکی نیستاتیکی نوێ؟**

□ بە بڕوای من بینینی تازە، نیستاتیکای تازە ئەدات بە مرۆڤ و بە شاعیر، واتە هەموو بینینێکی نوێ، سەفەرێکی نوێ، ئەزمونێکی نوێ و ستاتیکایەکی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. مەسەلەکە پێشنەوەی ستاتیکا بێت، مەسەلەی گۆڕانێکە بەسەر فکردا دێت بەرەو پاشەڕۆژ هەموو، ڕووکردنە پاشەڕۆژێك دەبێت تەرزێکی نوێ لە نیستاتیکا لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، چونکە تا ئاسۆ فراوانتربێت مرۆڤ ڕەنگی زیاتر دەبینێت، تەنیا لە گوێ دەریا دەتوانێت ڕەنگە ڕاستەقینەکانی دەریا ببینێت، ئەوەش شتێکی حەتمیە کە مەسەلەی وێناکردنی شیعری یان خەیاڵی شیعری ئەبێت شتێکی نیستاتیکی تازەش لەگەڵ خۆیدا بهێنێت (چ کەم یان زۆر)، من پێشم وایە ئەم مەسەلە لە ئەدیبێکەوە تا ئەدیبێکی ترو لە شاعیرێکەوە تا شاعیرێکی تر ئەگۆڕێت و هەتا لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تریش لە گۆڕاندایە. ئێمە ناتوانین شتێکی نەگۆڕ بۆ ئەمە دابنێین، چونکە مەسەلەیەکی هەمەلایەنە.

■ **بەڵێ.. بەڵام کاک شێرکۆ، لەسەر ڕۆشنایی پرسیاری پێشوومان، پرسیارێکی نوێ سەبارەت بە ڕۆژئاوا دێتە پێش، ئەگەر ڕۆژئاوا وەکو باست کرد سەربەستی بێت، یان با بڵێین ئەو ڕوە سەربەستە بێت کە ڕۆژهەڵاتیەک بە شەوارە دەخات، ئەی نامۆبوون لە کوێوە دێت؟**

□ نامۆبوونەکە لای کەسانی ڕۆژئاوا خۆیان، وەڵامێکی جیاوازتر وەردەگرێت، کە بەردەوام لە سێبەری ژیانێکی میکانیکی‌دا دەژین.. بەلای منەوە ڕەنگە مرۆڤ لە "سوید"دا لەهەر شوێنێکی تری دونیا بەختیارتر بژی، بەڵام تەماشادەکەیت ئاستی خۆکوشتن لە "سوید" لە هەموو شوێنێکی تری دونیا باڵاترە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە خۆشیش وەڕزدەبێت، مرۆڤ بەردەوام نامۆیە بەو شتانەی کە دووبارەدەبنەوە، بەڵام ئێمە کە ئەو سەربەستیە دەبینین، هێندە لە لامان تازەیە کە شتێکی تر نییە لەوەو پێشتر لە ژیانماندا جێگای بگرێتەوە.. ئێوە کاتێك پرسیارەکەتان لە من کرد زیاتر من باسم لەوە کرد کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتەوە، لەناو کۆمەڵێك تەلبەندەوە ئەچینە ئەوێ، لەوێ هەست بە تەلبەندەکان ناکەین،

من لێرە هەموو ژیانم تەلبەندە، ئەرۆمە ئەوێ هیچ تەلبەندێك نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕۆژئاواییەکیش بە هەمان شێوە سەیری مەسەلەکان دەکات، یان مانای ئەوە نییە کە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ئەدیبێکی ئەوێ یەکسان بێت بە هۆشیاریو عەقڵی سیاسیانەی من.

■ نامۆبوونی تۆ لە کوێی ڕۆژهەڵات و لە کوێی ڕۆژئاوادایە؟

□ من لە وڵاتی خۆمدا نامۆبووم، نامۆییەکەشم لە نامۆیی مێژووەوە هاتوە، لە نامۆیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیەوە هاتوە، مرۆڤێکیش لە وڵاتی خۆیدا، لە خانەی خۆیدا، لە ماڵی خۆیدا ئازادنەبێت، هەمیشە بەرامبەر شتەکانی دەوروپشتی نامۆیە.

■ کاک شێرکۆ پرسیارێکمان هەیە، سەبارەت بە پەیوەندی شیعرو شارستانیەت، لای ئێمە بۆچوونێک هەیە، وەختە بڵێم بۆچوونێکی بەربڵاوو فراوانیشە، کە شیعر لە ڕۆژئاوا بەرەو مردن دەڕوات، یان خەریکە دەچێتە پەراوێزەوە، ڕەنگە خۆمان ئەو بۆچوونە بە ڕاست نەزانین، یاخود پێمان وابێت کێشەکە لە هەندێک ناوەندی تایبەت، بۆ هەندێک مەبەست گەورە کراوە.. پرسیارەکەمان ئەوەیە، ئایا ئەو کزبوونەی شیعر لە ڕۆژئاوا، ونبوونی شیعریەتە لە ژیانی ڕۆژئاوادا؟ ونبوونی شێوەیەکە لە شیعر یاخود ونبوونی شێوەیەکە لە خوێنەری بەرخۆر؟ ئاخۆ هیچ پرۆژەیەکی شارستانی لەگەڵیشیدا، پرۆژەی شارستانییەکی ڕۆژئاوا خۆی، دەتوانێت بێ شیعر بژی؟.. شارستانیەتێک هەیە بێ شیعر؟ دواتر ئێوە پەیوەندیی شیعرو شارستانییەت چۆن دەبینن؟

□ پێموایە ئەو بۆچوونە، کە دەڵێت شیعر لە شارستانیەتی ئەمڕۆی ڕۆژئاوادا جێگای پێ لێژ بوە، زیادەڕەوی تیایە، چونکە تا هەستی مرۆڤ بمێنێت، تا دیوی ناوەوەی مرۆڤ لە لێداندا بێت، شیعریش بەردەوام دەبێت، تاکە جیاوازییەك لە نێوان ئێمەو ئەوێدا ئەوەیە لێرە ئێمە دەمانەوێت شیعر بکەینە قاڵبێك کە هەرچی شتەکانی ترە تیا کۆبکەینەوە، لە مێژووەوە تا ئەقڵ و تا مەعریفە، بەڵام هاوکێشەکە لە ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی پێچەوانەیە، هەموو گۆشەیەکی ژیان لەوێ، هەموو سوچێك، هەموو باخێك، کەسانی تایبەتی خۆی هەیە ڕۆژئاوا گۆڕەپانێك نییە یەك شت پڕی کردبێتەوە، بەڵام هەر جوانییەو جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە. ئەوان ڕۆژانە ئاماری تایبەت دەدەن، بۆ نموونە لە ئەوروپا شیعر هەرگیز لە خانەی

یەکەمدا نایەت، چ بۆ مەسەلەی چاپکردن و چ بۆ مەسەلەی خوێندنەوەش. کەچی سەیر لەوەدایە، ئێمە لێرەوە وا هەستدەکەین کە دەشێت لەبەر جەنجاڵی شارستانیەتی ئەوێ خەڵك فریای شتی درێژ نەکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، لەوێ ڕۆمان گەورەترین ژمارەی خوێنەران بۆ خۆی دەبات..

بە کورتی من پێموانییە شارستانیەت و شیعر دوژمنی یەکتر بن و هەستیش ناکەم لەوێ شیعر مردبێت، هێندە هەیە کە ڕۆژئاوا تووشی پەتای شیعر نەبوە، مەعریفە لەوێ بەسەر مەیدانەکانی خۆیدا دابەشبوەو هەر مەیدانەو جەماوەری خۆی هەیە. لە ئەورووپا ڕەنگە شاعیرە هەرە چاکەکەیان خەون بەوەوە ببینێت هەزار کەس کۆبکاتەوە تا شیعریان بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا شیعر جەماوەرێکی گەورەی هەیە، بۆچی؟ من پێموایە لەبەرئەوەی بەشێك لە ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەخرێتە ئەستۆی شیعر، وەکو ئەوەی شیعر بەدیلێك بێت یان چارەسەرییەك بێت بۆ کێشەکان. بێگومان ئەم بۆچوونە دروست نییە، شیعر چارەسەر نییەو ئەدەب ڕەچەتەیەك نییە بینووسیت، بەڵام لەهەمانکاتدا بتەوێت و نەتەوێت لێرە بەشێکە لەو ئەرکە کۆمەڵایەتی و هۆشیارییە گشتییەو لێی جیانابێتەوە.

لە ئەورووپا مەسەلە خۆییەکانی مرۆڤ و شاعیر خۆی ڕووبەرێکی گەورە داگیردەکەن.. ژیانی ڕۆژانە.. سەرنجدانە پاشەڕۆژ. شارستانیەت.. زانست، هەموو چەند لایەنێکی تایبەتن کە شیعر بایەخیان پێدەدات، شیعری زانستی جۆرێکە لەو شیعرانەی کە دەنووسرێت. دواجار بەراوردەکە لە نێوان ئێرەو ئەوێدا زۆر زۆر جیاوازە، چونکە دوو عەقلیەتی زۆر جیاواز، دوو بینینی زۆر جیاواز، دوو شارستانیەتی زۆر جیاوازە. خۆ ڕۆژئاواش بێبەری نییە لە شیعر، بەڵام ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییەی لێرە لە دەوری شیعر دروستدەبێت لەوێ نییە. لەوێ زیاتر گۆرانی و گۆرانیبێژ جەماوەر گەمارۆی دەدات. لە ئەدەبیشدا ڕۆمان خەڵکی لێی کۆدەبێتەوەو دەیخوێنێتەوە، دواتریش یاداشت، ئینجا بیرەوەری، ڕەنگە لەدوای ئەمانە هەمووی، ئەوسا شیعر بێت.

■ ئەگەر پاشەکشێی شیعر لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەم شێوەیە بێت، دەشێت پرسیاری شیعر لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا خۆی چۆن کەوتبێتەوە؟ ئەگەر تەماشای سەدەی نۆزدەهەم بکەین هەستدەکەیت پرسیاری ڕامبو لەم شارستانیەتە، لە پرسیاری یەکێکی وەکو (داروین) گرنگترە، چونکە پرسیاری ڕامبو لە دوا جاردا بریتیە لە تاوانبارکردن و لێپرسینەوەی سەرجەم ئەو ئەقڵەی کە مێژووی ڕۆژئاوای لە یۆنانەوە تا ساتەوەختی ڕامبو جڵەوکردوە، واتە پرسیاری شیعر پرسیار بوە لە سەرجەمی پرۆژەکە.. کاک شێرکۆ بە بۆچوونی تێوە ئاخۆ ئەو پرسیارە شوێنی خۆی دۆڕاندوە، بۆتە پرسیارێک کە زانست لە زانستی بکات.. یان سیاسەت لە لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی بکات، یان دەتوانین بڵێین پرسیارەکە هەر ئەدەب لە دونیای دەکات، بەڵام چۆتە ناو ڕۆمانەوەو شیعر پاشەکشێی کردوە؟

□ شیعر هەمیشە خۆی پرسیارە، ئەگەر لە پرسیار دەرچوو و بوە وەلام شیعر نابێت، پرسیارە گەورەکە لە سەرەدەمی ڕامبۆوە تا ئێستا هەر بەردەوامە، ئەوەی کە زیاتر شاعیر بۆی دەمێنێتەوە ئەوەیە پرسیاربکات و لە سۆزاخدا بێت.

■ لە ڕۆژاواداو لە یەک ساتەوەختدا، مارکس و ڕامبۆ بەیەکەوە یەک پرسیاردەکەن و یەک گومان دروستدەکەن، وە قورسایی هەردوو پرسیارەکە لە زۆر بەرەنجامدا وەکو یەکە، مارکس دەیگوت: "گۆڕینی دونیا"، ڕامبو دەڵێت: "گۆڕینی ژیان"، واتە شیعر توانای ئەوەی هەبوو پرسیاری زۆر جەوهەری لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا بکات، بەڵام لە ئێستای ڕۆژئاوادا، ئەو پرسیارەی شیعر کەوتۆتە کوێوە؟ هێندە ئاگادار بین ئێستا فەیلەسوفەکان و زاناکان ئەو پرسیارە دەکەن؟.

□ لە ڕاستیدا دەشێت ئەو پرسیارە پەڕیبێتەوە بۆ بوارەکانی تری ئەدەبیش، ئێستا ڕۆمان زۆر لەو پرسیارانە دەکات. ئەم سەدەیە تێنوە بە پرسیار، لە ئەفسانە هەرە کۆنەکانەوە، وەك مەسەلەی خەیاڵ و تەخەیول و ئەو شتە نادیارەی مرۆڤ هەمیشە بە دوایدا ئەگەڕێت، بەڵام جاری وا هەیە ئەو پرسیارە لە شیعردا بە پێی مەجازیەتی زمان جیادەبێتەوە لە ڕۆمان. ئەگینا بەردەوام هەر پرسیارە، بۆ نموونە پێشتر باسی مارکیزمان کرد، ئەگەر

سەرنجبدەن مارکیز بەردەوام لە پرسیاردایەو پرسیارەکانی پرسیاری ئەفسانەیی ئەم سەردەمەن.. پرسیارەکانی لە ڕێگای ئەفسانەکانەوەیە، بەڵام دیسانەوە هەر تینوە، واتە بەردوام تینوە، ئێمە چۆن دەتوانین بەردەوام تینووبین و بەردەوام پرسیاریش بکەین، ئەمە هەوێنی ئەو مەسەلەیەیە.

■ بەڵام (مارکیز) سەر بەو شارستانیەتە نییە، (مارکیز) لە ئەمریکای لاتینییەوە هاتوە، ڕەنگە پرسیاری لە شوێنێکی ترەوە هەڵگرتبێت و فڕێی دابێتە ناو شارستانیەتی ڕۆژئاواوە.

□ من مەبەستم لە شارستانیەتەکە نییە، دیارە هەندێك پرسیار هەیە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام ڕەنگە هەموو جارێك پرسیارەکان، سۆراخەکان و جۆرەکانیان لەگۆڕاندابێت.

■ منداڵی ئەو لەعنەتەیە کە لە شاعیر جیانابێتەوە، شاعیر ئەو منداڵەیە کە گەورە نابێت، کام پانتایی منداڵی ئێستا لە ڕۆحتدا دەژی؟ ئایا قۆناغەکانی تەمەنی شیعری تۆ لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنتدا ڕوو لە گەورەبوونە، یان گەڕانەوەیە بۆ منداڵی یان تێکەڵەیەکی سیحریە لە منداڵی و پیری؟.. شیعری تۆ لەگەڵ گەورەبوونتا زیاتر هەستکردن بە پیری تیا دروستدەبێت، یاخود منداڵی، یان تێکەڵەیەکە لە منداڵی و پیری؟

□ پێموایە منداڵی سەرچاوەیە یان ئەو خەوەیە کە مرۆڤ بەردەوام لە گەورەبوونیشدا هەر بۆی دەگەڕێتەوە، منداڵی من منداڵیەکی پڕ لە بێبەشی و ئێش و ئەشکەنجە بوو. لە تەمەنێکی کەمدا بووم کاتێکم زانی سەقفێکی گەورە، کە باوکم بوو، نامێنێت.. دوای ئەوەش دایکم، یەکەم شت کە لە ژیانی منداڵیمدا هەستم پێکردو بە قوڵی کاری تێکردم، وەك ئەوەی هەموو گیانم لە گەڵیدا ڕاچڵەکێت، مەسەلەی شووکردنەوەی دایکم بوو. ئەوە کاریگەرییەکی گەورەی تیا بەجێهێشتم.

دوای ئەوە هەر لە سەرەتای منداڵیەوە مەسەلەی ئەفسانە یاخود داستان کاریگەری خۆیان هەبوو لە ڕێگای شاخەکانی کوردستانەوە، بەتایبەت چیاکانی ناوچەی سورداش ئەو شێوە بەردینیانەی کە دروست ببوون لەسەر چیاکان، گەلێك چیرۆکی لەسەر بوو، گوایە ئەوە

خێزانیکەو هاتوون بە ڕیزدا، ئەوە بووکەو ئەوە خەسوەو ئەمە منداڵەو لە پڕێکا خوا کردوونی بە بەرد، من هەمیشە خەیاڵم لای ئەوە بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیانبینمەوە دەڕۆن و لە وەستانی خۆیان ئەکەون و ئەکەونەوە جووڵە. هەر ڕۆژێك تەماشای ئەو چیایانەم بکردایە بە تەمای بزووتنەوەی تازەی ئەوان بووم. ئەگەرچی خەیاڵیشم خەیاڵێکی بچکۆلە بوو، بەلام دەمپرسی بۆچی بوونەتە بەرد، بۆچی ناجووڵێنەوە.. لەڕاستیدا سروشتی کوردستان تێکڕا، بە شاخیەوە، بە بەردیەوە، بە داریەوە، بە دارستانیەوە لەگەڵ حیکایەتە فۆلکلۆرییەکانی دایکمدا کاریکی گەورەی هەبوو لەسەرم. منداڵی هەمیشە لەگەڵ شیعری مندا هاتوە کەم و زۆر بە هێماکردن گەڕاوەتەوە بۆی، پێموایە منداڵیش هەر یادگارەکانی منداڵی نییە، ئەوەندەی کە منداڵی سەرەتای دروستبوونە، سەرەتای دروستبوونێکە بۆ کۆتاییەك کە ناتوانێت لە سەرەتاکە جیاببێتەوە، خۆتان دەزانن کە (دەروونناسی ئەدەبی) بایەخێکی زۆر دەدات بە منداڵی شاعیر، کە چەند کاریگەری لەسەر بەرهەم بەجێ دەهێڵێت لە گەورەییدا. منداڵی پەیوەندیی بە تەمەنەوە نییە وەکو ساڵ، پێموایە زۆر جار شاعیر دەبێت دڵی منداڵی جاران بێت و مێشکیشی هی ساڵانی گەورەبوونی بێت، بە گەورەبوونی مێشك و بە منداڵی دڵ، شیعر دروست دەبێت.

■ واتە شاعیر دەبێت بەردەوام منداڵی خۆی کێشبکاتە ناو قۆناغەکانی تری ژیانیەوە.

□ بەڵێ منیش تەواو مەبەستم ئەوە بوو.. بێگومان وایە.

■ کاك شێرکۆ، لە شیعری تۆدا ڕووبەرێکی فراوان بۆ پاڵەوانە مێژووییەکانی ئێمە تەرخانکراوە، کەم شەهیدی گەورەمان هەیە تۆ شیعرت بۆ نەنووسیبێت، بەڵام لێرەدا بەرامبەر چەند تراژیدیایەک دەوەستینەوە، تراژیدیای یەکەم، تراژیدیای خەونی ئەو شەهیدانەیە کە دەمرن و خەونەکانیان نایەتە دی، تراژیدیای دووەم، تراژیدیای ئەو مێژوەیە کە ئەو شەهیدانە ویستویانە بیگۆڕن، بەڵام ئەو مێژوە نایەوێت یا خۆت ناتوانیت بگۆڕێیت لە نێوان جەبریەتی ئەو مێژوەدا کە سوورە لەسەر نەگۆڕان یان مەحکومە بە نەگۆڕان لەلایەک، وە لە ڕۆمانسیەتی

**خەونی شەهیدەکاندا بۆ گۆڕان، دەشێ بڵێین تراژیدیای شیعری تۆ لەنێو هەموو ئەوانەدا لەدایکبوە..**

▫ من پێموایە تراژیدیای شیعری من لەناو ئەوانەدا لە دایك بوە، ئەو تراژیدیایە هەندێکجار تێکەڵ بە ڕۆمانسیەتێك: ڕۆمانسیەتێکی فیکری، هەندێك جاریش تێکەڵە بە واقیع، کە ڕەنگە لە ڕووی هونەریشەوە زیانبەخش بێت بە شکڵی شیعری، یان بە هونەری شیعر بە تێکڕا، بەڵام بە گشتی ئەمە ئەو چارەنووسەیە کە شاعیری ئێمە خۆی تیا دەبینێتەوە.. قەدەرێکە کە هونەری ئەدەبی و هونەری شیعریش ناتوانێت خۆی لێ لا بدات، هەتا ئەگەر هەندێکجار لایەنە شیعرییەکەش ببێتە قوربانی ئەو تراژیدیایەی ئێمە باسی دەکەین.. لەبەرئەوە هەندێجار لەو قەسیدانەدا باوەشپیاکردن هەیە، سەروخوارکردن هەیە، هەندێکجار دەبینین دەنگەکان زۆر بە هاوارو بەرزن، هەندێکجار ڕاستەوخۆ گەرمی هاوارکردنیان بەقەدەر هاواری تراژیدیانەی واقعەکە خۆی بوە، لەو حاڵەتانەدا لەوە دەچێت شاعیر لە سەرەمەرگدا بێت و دواوەسێتی خۆی بکات، کۆمەڵێك لەو قەسیدانە وەك وەسێتێك دەکرێت، شاعیر هەر ماویشە، بەڵام هەر دەبێت بیکات، من خۆم پێشکەوتووم و پێشدەکەوم و دەڵێم: لە بەشێك لەو شیعرانەدا واقعەکە وەکو خۆی زاڵترە بەسەر خەیاڵی شیعردا، شیعرەکان گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی واقعێکی تاڵن بۆ ناو زمان، هەندێکجار ئەگەر پشتیان نەکەوتبێتە ئەرز، لە ڕێی کۆمەڵێك وێنەی شیعرییەوە بوو، کە من هەر بۆ خۆم وەك عەرەبەکان دەڵێن (مولع)م بە وێنەی شیعرییەوە، بەڵام تێکڕا لای من ئەزموونێکەو ناتوانین ئەزموونێك کێشبکەینە سەر ئەزموونەکانی تر، نازانم من ڕەنگە جارێکی تر نەچمەوە سەر ئەو ئەزموونە، بەڵام خۆی بۆ خۆی ئەزموونێکەو با ببێت لە پاڵ ئەزموونەکانی تردا.

■ **پرسیارەکەی ئێمە بەشێکی تریشی هەیە، چونکە ئەو ئەزمونەی ئێوە کەشەیەکی سەرەتانی کردوە لە جەستەی شیعری کوردیدا، شیعری تۆ بە حوکمی ئەو هاوکێشە تراژیدیایەی لە خۆیدا هەڵیگرتوە، بۆتە ئایدیال و موتڵەقیەکی وەرگرتوە کە هەموو شاعیرە لاوەکانی ئەمڕۆ لاساییبکەنەوە. هەر لەم ماوەیەدا، دەتوانین ناوی چەندەها دیوانت بۆ بژمێرین**

**کە لەسەر هەمان ئیقاع دەرچوون، ڕاستە مامەڵەکردنی تۆ لەگەڵ ئەو حاڵەتە تراژدیایەدا ساتەوەختێکی مێژوویی تایبەت خوڵقاندویەتیو ئەزموویەکی تایبەتیشی بەخشیوەتە شیعری کوردی بە گشتی، بەڵام کە ئەو ئەزمونە دەبێتە ئایدیالێکی داخراوو دەرچوون لێی دەبێتە پرۆسەیەکی نائاسایی.. پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئاخۆ ئەم لاساییکردنەوەیەی شیعری تۆ جەبرێکی مێژوویی دەیسەپێنێ، یاخود ئیفلیجیەکی داهێنانە؟**

□ نەخێر ئێمە پێویستە ژیان تەنها لە تراژیدیای ئەو شتانەدا نەبینین، ژیان لە ئەزموونێك گەورەترە، گەورەترە لە داهێنانی شاعیرێك، لە دەنگی شاعیرێك، لە گۆرانی گوتنێك بە تەنها. پێویستە ژیان جێگای زۆر شتی تیا ببێتەوە. لاساییکردنەوە یەکێکە لەو هۆیانەی ڕوحی تازەکردنەوەو ڕوانینی تازە دەکوژێت، من لە ئەزموونی خۆمدا چەندە لایەنی ڕوناك دەبینم، هێندەش لایەنی تاریك دەبینم، ئەو لایەنە تاریکانەی من دەیبینم ئەوەیە، کە شیعر بەر لە هەر شتێكو بۆ هەر شتێکی بڵێیت دەبێت شیعر بێت. هەندێکجار دەبینیت شیعرەکان بە باڵای کارەساتەکە نییە، لەوە پچوکترە، لەوە خوارترە، لەبەر ئەوە زمانی داهێنانی شیعرەکەشی کورتدەهێنێتو ناتوانێت تەقینەوەی تازەو ڕوئیای تازە دروستبکات.

ڕەنگە کۆمەڵێك لەو قەسیدانە یەك قەسیدە بنو دووبارە بووبنەوە، من خۆم هەستم بەو دووبارەبوونەوەیە کردوە. ناڵێم هەموو ئەو جۆرە ئەزموونانەم وشکن، بەڵام هەندێکجار ئەو گەرمو گوڕیەی زمانو داهێنانی زمانو دەربڕینی نوێو وێنەی نوێی کەمتر تیایە، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا تراژیدیاکە دنیایەکی سنووردارەو وەکو سنوورێکی بۆ کێشرابێت ئاوایە. چاکتر وایە ئەگەر ئێمە ئەزموونەکانی یەکتریش دووبارەبکەینەوە، بە شێوەیەك بێت شتێکی نوێ زیادبکەین، چونکە ئەگەر شتێك نەخەینە سەر شتێك ناتوانین کولتوورێكو کەلەپوورێکمان هەبێت.. من حەزدەکەم ئەزموونەکان جیاجیابن، کەسمان لە کەسمان نەچین. نووسین مەودای هێندە فراوانە کە کاتێكو شوێنێکی نییە تیا بگرسێینەوە.. تەنها بە شێوازی جیا دەتوانین داهێنانی نوێ دروستبکەین، لەناو یەك تراژیدیاشدا دەتوانین گۆشەی جیاجیا بۆ سەیرکردن بدۆزینەوە.

■ گرفتەکەی ئێمە ئەوەیە کە زۆربەی شاعیران لە ئیستاتیکای تۆو لە ئەزموونی تۆوە سەیری مێژوو دەکەن، ئەمە کارێکی کردوە کە نە تاقیکردنەوەکانی خۆیان قوڵ ببێت، دواتریش بنەما سەرەکیەکانی ئەزموونی شێرکۆیی لە پێش دەم هەرەشەو شێواندندا بێت.

□ من ئێستا چاو بە ئەزموونی خۆمدا دەگێڕمەوە، مەسەلەکە لە ڕاستید! گێڕانەوەی مێژوو نییە وەکو خۆی، من هەندێك شتم کردوە کە هەندێك جار گێڕانەوەیە، بەڵام تێکەڵ بە هەندێ ڕوئیای تایبەتی خۆم. هەستدەکەم لە تێکەڵکردنی ڕوئیای خۆمدا بە مەسەلە مێژووییەکان، هەندێکجار وەکو پێویست نەمتوانیوە ئاسۆی زۆر فراوانتر لەبەردەمی خۆمدا بکەمەوە. پێویستە ڕابردوو وەك خۆی ڕامان نەکێشێتەوە، بەڵکو دەبێت ڕابردوو بەرەو پاشەڕۆژمان ببات.. شیعر دەبێت ڕوو بکاتە داهاتوو، ئێمە زۆرجار هەر ئاوڕ دەدەینەوە، لە ڕاستیدا پێویستە زیاتر سەیری پێشەوە بکەین.

■ هیچ شتێکی دیاریکراوی گەنجەکان سەرنجی ڕاکێشاویت؟ هەست ناکەیت ئەوەی ئەمڕۆمان لە قەیرانێکی داهێنانی ئێجگار گەورەدایە؟

□ هەندێك بەهرە بە ڕێگاوەن لە ڕەوە بروسکەیەك دەچن خۆیان بەرەو تاریکییەکان دەکوتن کە هێشتا ڕووناکیان نەدیوە، ئەم بەهرانە سۆراخی بەردەوامن، گەڕان و پشکنین، ئەم بەهرە گەورانە بە ژمارە کەمن، بەڵام ئەوەی دەیگۆڕن زۆردەبێت. زەویەکی بەرفراوانی تینوو چاوەڕێی ئەم ڕووبارى پاشەڕۆژانە ئەکات، لە وەرچەرخانێکی تردا زمانی کوردی دەهەژێننەوە، مەبەستم لە هەژێنێکە لە قوڵاییەوە، لرفەبکات و بتەقێتەوە بەرەو پاشەڕۆژ.

■ شیعرو سیاسەت لە کوێدا یەکدەگرنەوەو لە کوێدا لە یەك دادەبڕێن؟ ئایا پرسیاری سیاسەت لە دونیا، دەشێت بخرێتە جێگای پرسیاری شیعر، دواجار کێ دونیا ڕزگار دەکات شاعیر یاخود سیاسی؟ واتە جیهانبینیەکی شیعری یان جیهانبینیەکی سیاسی، یاخود تێکەڵەیەك لە هەردووکیان، کە دەشێت هەم جەلادو هەم پێغەمبەری لێ دروست بێت؟

□ جیاوازیی نێوان سیاسەت و شیعر، جیاوازیی نێوان دوو زمان و دوو ڕوانینی جیایە، لە یەکەمدا هەموو شتەکان ئەچنە ناو چوارچێوەیەکی بۆ داتاشراوەوە، بەڵام لە دووهەمدا

ناسۆیەو سنووربەزاندن. لەویاندا "زمان" خۆبەستنەوەیە بە چەندین مێخی داکوتراوەوە، بەڵام لای شاعیر بەردەوام خۆهەڵکەندن و فڕین و دۆزینەوەی دنیای تازەترە. هەڵبەت من لێرەدا مەبەستم لە سیاسەت، بەرنامە حیزبی و ئایدیۆلۆژیاکانە کە ڕەنگیان بۆ ڕێژراوە، نەک سیاسەت وەک مەسەلەی خاک و عیشقی ئازادی، ئەوکاتەی "سیاسەت" دەبێتە بەرژەوەندی و چاوچنۆکی، داپلۆسین، هێزی زەبربەدەست و دیکتاتۆریەت.. واتە دەبێتە ڕوویەکی دزێوی ژیان، بەڵام ئەوکاتەی هەر "سیاسەت" خۆی دەبێتە پاکی و خۆبەختکردن و عەشقێکی مەزن بۆ ئازادیی ئینسان، ئەمەیان ڕوە جوان و پرشنگدارەکەی ژیانە، پێویستە پرسیارەکە وردتر بکەینەوەو بڵێین، کام سیاسەت و چۆن؟! لە ژێر ئەم بنمیچەدا گەڵێ ناکۆکی کۆدەبێتەوەو دزیش و دەست پاکیش، عاشق و بازرگانیش.. لە بیرتان نەچێت لەناو شاعیرانیشدا یارمەتیدەری جەلادەکان هەبوون و هەن، کە وتمان کام شاعیر؟ پرسیاری دوای ئەمە ئەوەیە ئەی کام سیاسی؟

■ **شیعری ئێوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مێژووەوە هەیە، تۆ دەتەوێت شیعر لە مێژوو هەڵکۆڵیت.. یان مێژوو بگوازیتە سەر شیعر؟**

□ سەردەمی ژیان و ڕوانین و بوونی من، ئێستایە. مەسەلەی ئازادی ڕەگی شیعرەکانمەو ئاوێنەیش دەوروبەرمە، من ئەمەوێ بە زمانی شیعر تراژیدیای گەلەکەم، ئاواتی، خەوبینینی دەربڕم و بە قوڵایی ڕۆژگار لەم بەرەنگاربوونەوەیەی نێوان تاریکی و ڕووناکیدا شۆڕببمەوە. من ناتوانم بچمە ناو هەست و نەستی نەوەی سەد ساڵی داهاتووەوە، ئەو شاعیرەی لەمڕۆدا نەژی هەرگیز لە داهاتوویشدا ناژی. من شپرزەیی و دڵەڕاوکێی خۆم لە وجودی ئێستای میللەتەکەمدا دەبینم، خودی خۆم و ئەوان ئاوێتە بوون. من هەستدەکەم ئەوانم، تەنها جیاوازیمان ئەوەیە ڕەنگە ئەوەی ئەوان لە گیانیاندا پەنگدەخواتەوە، نەتوانن دەری بڕن و من دەری ئەبڕم. بۆ تراژیدیای ئەم نەتەوەیە، کە زۆر لە شیعری ئێمەومانان گەورەترەو مەزنترە.. بە سوێترە.. بە سۆزترە.. هەموویانی لە خۆیدا نوقم نەکردوە؟! ئەم دوکەڵە بەردەوام زۆر ڕووخساری تری شاردۆتەوە.. ئەو خوێنەی لەبەر برینی مێژووم دەڕوات،

هەموو ڕووبارەکانی سوورکردوە. من ناتوانم لە ئاستی ئەم تراژیدیایەدا چاوبنوقێنم و یان خەڵوەتێکی گۆشەگیر بۆ خۆم و شیعرم دروست بکەم.

■ **کاک شێرکۆ کامیانت پێ جوانە. شیعر یان منداڵی؟**

□ بۆچی شیعرو منداڵی لە یەکتر جوێ دەکرێنەوە؟

■ **سیاسیەکانی کوردت زیاتر خۆش دەوێت، یان شاعیرەکانی؟**

□ هەر کوردێ وەک سروودی ئازادی پاک و گەرم، وەکو گوڵ جوان و وەک ئاو وابێ بۆ ژیان.

■ **گەورەترین ڕەخنەیەک بشێت لە شیعری تۆ بگیرێت، ئەوەیە کە دواجار یەک جیهانبینی سیاسی زاڵە بەسەر سەرجەمی بابەتە شیعرییەکانی تۆدا، هەموو بابەتەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداوەو دواجار سۆزە سیاسییەکان دەیانگێڕێتەوە بۆ ناو شیعر، سروشت، خۆشەویستی، غەریبی، تەنهایی، هەموویان لە تەوەری سیاسەتدا دەسوڕێنەوە. بۆ نموونە: دۆزەخی تۆ دۆزەخێکی سیاسیە، واتە سیاسەت دروستیکردوە، کەچی لای ڕامبۆ، یان هوڵدرلن یان ڕیلکە، دۆزەخ هەڵقوڵاوی کەینونەی ناوەکی و دڵەڕاوکێی وجودیانەی مرۆڤە.. بەرامبەر بەمە چی دەڵێیت؟**

□ من شیعرم بۆ شاخ، دەشت، ڕووبار، شەهیدو داستانی قارەمانانەی وڵاتەکەم نووسیوە. ئەم شیعرانە، شیعری مەسەلەیەکی گەورەن، مەسەلەی بوون و نەبوون، نەوەک سیاسەتێکی دوورنەبین و سنووردار، یان شیعری ناو قەفەزێکی قفڵدراو. لە ئەزموونی دوورودرێژی شیعری مندا، هەموو ڕەنگەکان بەدی دەکرێن، لەم ڕەوتەدا خواروژوور کردنم هەیەو لەم باخەدا داری زڕیشم هەن. من شیعرم بۆ ژیان نووسیوە، نەوەک دروشمی سیاسی بۆ مرۆڤی داستانەکانی ئەمڕۆ، نەوەک بۆ سیاسییە بازرگانەکان. ئێمە خۆمان و شیعرمان بەشێک بووین لەو واقیعە تاڵ و تاریکەی نەتەوەکەمانی تیا ژیاوە، بۆکڕووزی شیعرەکانم، بۆکڕوزی جەرگی وڵاتەکەمە، کە شیعر هەمووی بوە فەنتازیا، ڕۆحی تیادا نامێنێت و نەبێتە پەیکەرێکی جوان و بەس، من جوانیم بۆ جوانی ناوێت، بەڵکو بۆ حەقیقەت و ئەو ژیانەی کە هەمیشە ڕوویکردۆتە ئاسۆکانی پاشەڕۆژ.

■ شیعری سیاسییەکان، وەکو شیعرەکانی ماو و سیاسەتی شاعیرەکان، وەکو سیاسەتکردنەکەی بایرۆن، هەردووکیان هەڵەن.. تۆ دەڵێیت چی؟

□ شیعر، شیعرە. من پێموایە بابەت بڕیار لەسەر دەقە داهێنەرەکان نادات. گەلێجار ئازادی، نیشتمان، شەهید بە هەموو پیرۆزیی خۆیانەوە شیعرێك جوان ناکەن، ئەگەر شاعیر خۆی داهێنەر نەبێت و شۆڕشگێڕی خۆی لە زماندا نەسەلمێنێ. بەلای منەوە نە شیعر بۆ شیعرەو نە بۆ دەستەیەك، نە ناوەرۆکیش بۆ ناوەرۆکە یان بۆ ئەوەیە ببێتە ئەو شۆڕبایەی "ماو" باسیدەکات. دواجار شیعر نە مەتەڵەو نە قسەی ڕێکخراو. نە دیوار دروستکەریشە لە نێوان خۆیی و خۆشەویستی خەڵکیدا.

■ ئەم پرسیارەمان زیاتر پەیوەندیی بە ئەوروپاوە هەیە. لە کاتێکدا کە تۆ چوویتە ئەوروپا کاتی ڕمانی دیوارەکانی بوو، دیواری "بەرلین" ڕما، دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات بەلاداهاتن، تیۆرو ئایدیۆلۆژیا قەبەکان کەوتن، مرۆڤایەتی پرسیاری تازەی لە خۆی نەکرد، ئایا تۆ وەک شاعیرێک، دوای ئەو ڕووداوانە، بە ئومێدتری یان نائومێدتر؟؟

□ بێگومان زۆر بە ئومێدترم، چونکە ئەوە بۆ هەموومان، بە تایبەتی بۆ من کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕمانی ئەو دیوارانە بووم.. ڕمانی دیکتاتۆریەت خۆی جۆرێکە لە شیعرییەت، بە تایبەتی بۆ شاعیر کە بەردەوام لەگەڵ فڕینی تازەو کردنەوەی ئاسۆی تازەیە، لەگەڵ دیموکراسیەتێکی تەواوو بەرفراواندایە، شاعیر وەختێ وا دیوارێکی ئاقۆڵا دەڕمێ و بەشێکی دیکە شوێنەکەی ئەگرێتەوە، وا هەستدەکات هاوبەشە لەو پرۆسێسی ڕماندنەدا، وەك ئەوەی بەشێك بێت لە نیشانەکەی. بە باوەڕی من لەهەر شوێنێکی دنیادا، گوڵێك بکوژرێت، شاعیرەکان بەرپرسیارن بەرامبەر بەو پرۆسێسی کوشتنە، شاعیر بەشێکە لەوەی کە نەهێڵێ ئەو ڕووداوە نائیسنانیانە ڕووبدات، ئەگینا بە شێوەیەك لە شێوەکان هاریکارە تیایاندا، ئەو ڕمانە یەك لە دوای یەکانە، کردنەوەی کۆمەڵێ پەنجەرەی تازە بوون لە ئەوروپادا. ڕەنگە من نەتوانم لێرەدا کاریگەری و گەورەیی ئەو تاقیکردنەوەیەتان بۆ باسبکەم. بەڵام لە نزیکەوە ئەمبینی لە واقیعی ڕۆژانەی ئینسان خۆیدا، هەستئەکەیت

گۆڕانێکی خێرا، هێجگار خێرا، بەقەد خێرایی ئێستای ژیانی ئەورووپی خۆی لە ئارادایە، بە شێوەیەک کە نەک تەنها کاری کردبێتە سەر ئەو کەسانەی لەگەڵ سیاسەتدا خەریکن، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو ئینسانەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. تۆ هەستئەکەیت بەم شێوەیەی ئێرە نین، وەک ڕۆژهەڵات بە خاوو خلیچکی ناڕۆن. لەوێ هەستدەکەیت کە هەموو ڕۆژێ شتێکی تازە دروستئەبێت. ئەوەی ئێوە لە بارەیەوە پرسیتان، ئەوەندە خێراو کاریگەر بوون تەنانەت ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنە گەورەکانیش فریای نەئەکەوتن. لەهەمانکاتدا ئەو گۆڕانانە لەوێ زۆر بە قوڵتر سەیردەکرێت، مەودا فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی هێجگار فراوانە.. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتییەکەی وەک منیش، هەموو ئەو شتانە وەک کۆمەڵێک مژدە وا بوون بۆ من. هەستم ئەکرد ئینسان لەهەر شوێنێکدا بێت، کە تاریکی دڕداو کۆت و زنجیرەکانی شکاند، وەک ئەوە وایە بەشێک لە ئازارەکانی منی کەم کردبێتەوە.

■ لە ڕاستیدا دارمانی ئەو دیکتاتۆرانە، بمانەوێ و نەمانەوێ، لە بنەڕەتدا هەرەسهێنانی پرۆژەی سۆسیالیستی بوو، ئەی ئەمەیان چۆن کاری تێکردیت؟

□ نامەوێ زۆر لەم مەسەلەیە بدوێم، بەڵام تەنها ئەوەندە هەیە کە ئەتوانم بڵێم ئەمە سەردەمێکی تازەترە لە ژیانی ئینساندا، هەروەها سەردەمێکی تازەشە لە ژیانی فیکری و تیۆردا، ئەمەش بەو مانایەیە کە تیۆرێکی تایبەت بە دەوڵەتە سۆسیالیستەکان، لە مەیدانی ژیان خۆیدا، ژێرکەوت و نەیتوانی بژی.. بەختیاری ئینسان لە مێژە هەموو فیکری ئینسانی خۆی پێوە خەریک ئەکات. زۆرن ئەو فەیلەسووف و شاعیرو پێغەمبەرانەی پرسیویانە چۆن ئەتوانرێ ئینسان بەختیاربێت؟ من پێموایە هەر فیکرەیەک هەتا ئەگەر لە کتێبیشدا مەنتیقی و زانستیانە بێت.. جێگەی ئومێد نابێت.. ئەگەر نەتوانی لە مەیدانی ژیاندا، لەنێو پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ و دنیادا، سەربکەوێت، تەنها جێگای ئومێد ئەو فیکرەیە کە وەختێک لە مەیدانی کاردا شتەکان بە دروستی پراکتیکدەکات. من سەبارەت بەم پرسیارەتان هەر ئەوەندە ئەتوانم بڵێم.

■ کە "دەربەندی پەپوولە"تان خوێندەوە هەستمان کرد گۆڕانکاری‌و بەرەو پێشچوونێک هەیە، ئەمەش وامان لێدەکات پرسیارێک بکەین، سەرەتا ئێمە وا هەست ئەکەین تۆ یەکەم کەسێت کە چوویتە ڕۆژئاواو بە کۆمەڵێ داهێنانەوە گەڕابێتەوە، ڕۆژئاوا چەندەها شاعیرو ڕۆشنبیری ئێمەی کوشتوە. "رەفیق سابیر، عبداللە پەشێو، ئەنوەر قادر، ئەنوەر شاکەلی هتد"، بە مانایەکی دیکە ڕۆژئاوا بۆتە گۆڕستانی شاعیران‌و ڕۆشنبیرانی ئێمە.. ئێمە دەپرسین.. ئایا ئەم قەسابخانە شیعری‌و مەعریفیە بۆ؟

□ من نامەوێ بچمە وردەکارییەکانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتانەوە، چونکە ئەو وردەکاریانە کەم تا زۆر ڕەنگە تووشی کێشەو گیروگرفتم بکات.. بەڵام لەهەمانکاتیشدا نازانم ئەو ناوانەی کە هێناتان خۆیان چەند بەو دۆخە ڕازین.. چونکە بەلای منەوە یەکێکی وەکو "ڕەفیق"، بە تایبەتی من ناوی ئەو ئەهێنم، ئەبێ وردتر بڕوانینە بەرهەمەکانی، چونکە بەرهەمەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی "ڕەفیق" بەشێکی زۆری لە "مەنفا"دا نووسراوە، من خۆم هەست ئەکەم کە لە کەسانی تر جیاترە، بە تایبەتی لە "لاوکی هەڵەبجە"و لە "وەرزی سەهۆڵ بەندان"دا، سەبارەت بە تاقیکردنەوە کۆنەکانی، هەنگاوی گەورەتر ئەبێت.. دەربارەی خۆشم من لە دەرەوە کۆمەڵێک شیعرم وتوە، هەر "دەربەندی پەپوولە" نەبوە، ئەگەرچی هەندێکیان هەر درێژکراوەی ئەو شتانە بوە کە لە شاخ ئەموت، بەڵام تاقیکردنەوەی دەربەندی پەپوولە تاقیکردنەوەیەکی تازە تر بوو.. دەرگایەکی تری لەسەر شیعری من کردەوە، من دەمەوێ هەڵسەنگاندنی ئەو تاقیکردنەوەیە بۆ ئێوە بەجێبهێڵم.. ئەگەر لە دەرفەتێکا توانیتان خۆتان باس لەو تاقیکردنەوەیە بکەن.

■ باشە کاک شێرکۆ، ڕۆژئاوا ئەنکوچەلەمەیەکی ئاوا کوشندە بۆ هونەرمەندێ یان ڕۆشنبیرێ کە دەچێتە ئەوێ، دروستئەکات؟!

□ بەڵێ.. من پێموایە ئەوەی ئاگای لە خۆی نەبێ، ڕۆژئاوا قووتینەدات. ژیان لەوێ هێجگار گرانە، ژیانێ داهێنانی تیا پێشکەش بکەیت زۆر دەگمەنە، بۆ نموونە ئەگەر

ڕۆشنبیرێك بە جدی خەریكی خۆیو ئاستی ڕۆشنبیری خۆی نەبێت، ژیانی هەڵی ئەلووشێت، چونكە من ئاگام لێیە گەلێك لەو برادەرانە، مەبەستم لەو ئاوانە نییە، ژیانی ئەویٰ بردوونی، ژیانی ڕۆژانە هەموو تەمەنی داگیركردوون، داگیركردنیٰ لە داهێنان دووری خستونەتەوە، من تا ڕادەیەك خۆم لەو ژیانە دوور لە داهێنانە ڕزگاركردوەو هەر كاتیٰ بزانم كە ژیانی ئەوروپا وام لێئەكات داهێنانم تێك بشكێنێت ئەگەر بە تەنیا هاتوومەتەوە، ئەگەڕێمەوە، چونكە من شیعرو داهێنان بۆتە بەشێك لە فیكرم، لە ژیانم، لە بوونم..

■ كاك شێركۆ، هەندیٰ لە "چەپەكانی ئێرە" پێت ئەڵێن، شاعیری بورژوای كورد، یان شاعیری بورژوازییەت، تۆ ئەڵێی چی؟ ئەگەرچی ئێمە پێمانوایە هەموو بورژوازیەتی دنیا شاعیرێكی ڕاستەقینەی نییەو هەموو بورژوازییەتی دنیا شاعیرێكی ڕاستەقینەی پیٰ دروستناكرێت.. وەك وتمان تۆ بەرامبەر بەم هەڵسەنگاندنە تایبەتەی "چەپ" بۆ شیعری تۆو بۆ سەرجەم تاقیكردنەوەی فیكری ئیستاتیكیت دەڵێی چی؟؟

□ ئەمە تێڕوانینێكی زۆر سەختە، تێڕوانینێك نییە بۆ تێگەیشتن لە شیعر، وەك پرۆسیسێكی داهێنەرانەو شاعیریش وەك داهێنەرێك، ئەمە جۆرە لە قاڵبدانێكە، كۆمەڵێك زاراوەو چەمكە، لە دەرەوەی شیعرو ئیستاتیكای شیعریدا دروستبوە، من پێموایە ئەو زاراوانە زیاتر كۆمەڵیٰ زاراوەی سیاسینو لە گۆشەیەكی دیاریكراویشدایە، نازانم ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە چ جۆرە ئیزافەیەك دەكات، ئەوەندەی پەیوەندیی بە منەوە هەبیٰ، پێموایە هەڵسەنگاندنێكی نادروستەو بە هیچ جۆرێك گوێی لیٰ ناگرمو دواجار ئەگەر بەر گوێشم بكەوێت كارم تیٰ ناكات.. چونكە پێموایە ئەم هەڵسەنگاندنە هەڵسەنگاندنێكی ئەدەبیو ئیستاتیكی نین.

■ جۆرێكە لە نوكتەی ڕەخنەیی.

□ بەڵام لە هەمان كاتدا چ چەپ، چ ڕاست، چ ناوەند، هەموویان سەربەستن چی ئەڵێن، من پێموایە وەك دوا دەرەنجام، تەنها بەرهەم قسەئەكات.. تەنها داهێنان دەمێنێتەوە.. تەنها ڕەخنەی جدی دەتوانیٰ قسە بكات..

■ کاک شێرکۆ دوو پرسیارمان لەسەر ئافرەت هەیە:

ئێمە پێمانوایە ئافرەت لە شیعری تۆدا ئامادەبوونێکی بەرجەستەو بەرچاوی نییە، چ وەک جەستەیەکو چ وەک ناوێک، ڕەنگە تەنها دیوانی یەکەمت ئەم ڕایەی بەسەردا نەچەسپێ، کە ئەویش بەری تاقیکردنەوەی گەنجیی تۆیە، دواتر شیعری تۆ کەمتر ئامادەیی ئافرەتی لەخۆی گرتوە، ئایا لە سەر ئاستی ژیانی تایبەتی خۆت، هەمان ڕوحانیەت هەیە، یان ئەم ئامادەنەبوونە هەڵوێستێکی شیعریەو ئامادەیی شیعر، ئەو ونبوونەی ئافرەتی سەپاندوە؟

وە پرسیاری دووەمیش، ئایا ڕۆژئاوا ئەتوانێت چەند پانتایی ڕۆژهەڵاتیانەت لە بەرامبەر ئافرەتدا بسڕێتەوە، چ وەک ئەزموونی خۆتو چ وەک ئەزموونی هەندێک لەوانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن؟

□ ئافرەت لە ژیانی مندا، لە پێش هەموویانەوە، دایکم بوە، مەبەستم شیعر نییە، مەبەستم تاقیکردنەوە شیعرییەکان نییە، مەبەستم ژیانی تایبەتی خۆمە. دایکم یەکەمین ئافرەتە بە ئازارو پێکەنینەوە دیومەو مامەڵەم لە تەکدا کردوە، بە قووڵی لەناو گیانمدا بوە. بێگومان ئافرەتیش وەك خۆشەویست، ئافرەت وەك هاوڕێ، ئەمانە لە ژیانی منداو لە ژیانی ڕوحیمدا، شتێك نییە لێی بەدووربوومو بتوانم لە دووریانەوە بژیم، بەڵام من خۆشم ئەپرسم بۆچی ئەم شتانە لە شیعری مندا ڕەنگی نەداوەتەوە؟ بۆچی لە دەرگای شیعریان نەداوم؟ من پێموایە ناتوانم وەڵامێکی قەناعەت پێکەر بدەمەوە، بەڵام وا هەستئەکەم کە هەمیشە مەسەلەیەکی گەورەترم لە بەردەمدا بوە، ئەو مەسەلەیەش مەسەلەی ئافرەتو مەسەلەی پیاوی، وەك دوو ڕەگەز، تیا وندەبێت، ئەویش مەسەلەی ئینسانە، کە ئەمیش دواجار ئەبێتە مەسەلەی ئینسانی کوردو ئەوان بوون بە بەشێك لەم مەسەلە گشتیە فراوانترو بەربڵاوترە، لە کاتێکدا تراژیدیا گەورەکە زاڵە، هەڵبەتە زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا، بەسەر ئافرتیشدا وەك ئافرەت، چ لە دەرەوەو چ لەناو دەقە شیعریو تاقیکردنەوە شیعریەکانیشدا. من ئێستا تەنها ئەم وەڵامە شك ئەبەمو ئەتوانم ئەوەندە وەڵام بدەمەوە. پێشموایە ڕۆحی شاعیر بێ ئافرەت ڕۆحێکی گوشراوە، ڕۆحێك تاریکە، نازانم ئەو ڕوحەی کە لە ئافرەتیش دوور نەبوە، بۆ ئەو ئامادەییە شیعرییە گەورەیەی نەبوە، من خۆشم نازانم بۆچی؟؟

■ ئەی ڕۆژئاوا چی بۆ کردویتو لەم ڕووەوە بۆ کوێی بردویت؟؟

□ ئەو بەستنەوەیەی لە سەرەتادا باسمانکرد، ئەو کۆتو زنجیرەی لەگەڵ خۆماندا ئەیبەن بۆ هەموو شوێنێ، ئەوە بۆ هەر جێیەك بڕۆیت دەستو پێت ئەبەستێت، بەڵام ناتوانێ ڕۆح ببەستێت.. من شیعرێکی بڵاونەکراوەم هەیە بەناوی "لەناو قەفەزێکەوە"، ئەوە یەکێکە لەو تاقیکردنەوانەی ئێوە باسینەکەن، لەوێدا ئافرەت ئامادەگیەکی تایبەتی هەیە، جیا لە شیعرەکانی ترم، با بڵێین لە ڕێگای کچێکەوە کە لە مەیخانەیەکا بەرامبەرم دانیشتوەو من خۆشمئەوێ، دەڵێم بەهۆی ئەوەوە ئافرەتێکی ترم بیرئەکەوێتەوە کە لە نیشتمانی خۆمدا دیومە، هەردووکیان تێکەڵ ئەبنەوە بە یەکتریو جۆرە ئاخاوتنێکی ڕوحی دروستئەبێت، دەبنە پردێك بۆ بەستنەوەی شتەکان بە یەکترەوە، ئەگەرچی دیسانەوە لەوێشدا، لەو ساتە شیعرەدا، تراژیدیا گەورەکە دێتەوە ناوەوە، بەڵام ئەمجارەیان تراژیدیایەك بە ئامادەگی ئافرەت، تراژیدیایەك بە ئامادەگی خۆشەویستیەوە، تراژیدیایەك بە ئامادەگی ئەو وەکو دایك، وەکو خۆشەویست، وەکو هەموو شتێك.

■ واتە تراژیدیایەك، ئەمجارە ڕەنگە لە دەرەوە ڕا، لە پانتاییەکی سەربەستەوە، تەماشای دەکەی؟

□ بەڵێ.. ڕاستە.. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە لە شیعری تازەدا شتەکان تەنها بەیەك مەودایی نامێننەوە، ئەشێ درەخت لە شوێنێکدا "خۆشەویست" بێت، ئەشێ بشبێتە "دایك".. ڕەنگە تۆ لە ڕووبارێکدا ئافرەت ببینیت، ڕەنگە شەیتان، ڕەنگە هەموو دنیا، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی شیعری تازە. لە کۆندا، واتە لە شیعری کۆندا، ئەو شتانە یەك مەودایان هەبوە، بۆ نموونە لای گۆران ئافرەت یەك مەودای هەیە، واتە ئافرەت هەر ئەو ئافرەتەیە کە بینیویەتی وەك لاشەو بەژنو باڵاو.. هتد..، ئەمەیە یەك مەودایی، بەڵام وەك سەرنجەدەن، لە شیعری تازەدا هەموو شتەکان زیاد لە یەك مەودایان هەیە..

■ ئەمە ڕاستە دەشێ ئافرەت یان هەر شتێکی دیکە، لە ساتێکی شیعریدا فریشتە بێت لەو کاتەدا کە شەیتانە، یان بە پێچەوانەوە، یان تێکەڵێکی شیعری بێ لە هەردووکیان؟

□ بەڵێ.. وایە.. هەر لە درێژی ئەو جیاوازیەدا کە لە پرسیاری پێشووتردا باسم کرد، دەتوانم بڵێم، تەنانەت لە هەندێ شیعری ڕۆمانسیانەی "گۆران"دا، بۆ نموونە لە گەشتەکانیدا لە کاتێکدا کە کامێرای چاوی "گۆران" بە قەرەداغو بە هەوراماندا ئەگەڕێت تەنها شتە جوانەکان دەبینێت، بەڵام لەناو ئەو جوانیەدا تراژیدیای ژیانی ئینسان نابینێت، ناتوانین لە ڕێگای ئەو بینینانەی (گۆران)وە، هەست بە ژیانی جوتیارێکی ناو ئەو دیمەنانەی "گۆران" بکەین، پیرێژنێ لەوێ چۆنە؟ شوانێك چۆنە؟ پیاوکوژێك چۆن بوە لەوێ؟ ئێمە لە ڕێگای چاوی "گۆران"ەوە ژیانێك ئەبینین جوانو بێ خەوشو ئایدیایی، ژیانێك بە ڕادەی ڕۆمانسیەتی شیعرەکانی خۆی، دیوی ناوەوەی شتەکان نابینین، دیوی ناوەوەی ئینسانەکان نابینین، ئازارەکان نابینین، بەڵام لە شیعری تازەدا، لای ئێمە لە دوای "گۆران"ەوەو لە شیعری جیهانیدا لە دوای "ڕامبۆ"وە، ئەم فرە مەودایییە جێی بەیەك مەودایی لێژ کردوە..

■ ئێستا با بێینە سەر مەسەلەی تازەگەریی‌و هەندێ گرفت‌و کێشەی ڕۆشنبیریی‌و ئەدەبیی نێو ڕۆشنبیریی کوردی، ئێمە هەستئەکەین لە "داهاتووخوازەکانەوە" تا "سارتەر" تێڕوانینێکی تایبەت هەیە بەرامبەر بە تازەکردنەوە، کە پێیوایە تازەکردنەوە لە "شیعر"دا لە بنەڕەتدا تازەکردنەوەیە لە "زمان"دا، وە پرۆسێسی تازەکردنەوە گێڕانەوەی پاکیزەییە بۆ زمان، پاککردنەوەی زمانە لەو مانایانەی کە لە دەرەوەیدا بە سەریدا سەپێنراوە، خودی ئەم بۆچوونەش وای لە "سارتەر" کردوە کە بڵێ پێویست ناکات ئیلتیزام لە شیعردا هەبێت.. ئەم تێڕوانینە، کەم تازۆر، لەم ساڵانەی دواییدا بۆ ناو شیعری کوردیش پەڕیوەتەوە، بەتایبەتی لای کۆمەڵێ شاعیر لە "هەولێر".. پرۆسێسی تازەکردنەوە کورتبۆتەوە بۆ تێکدانی زمان، لابردنی حەرفی عەتفو هەندێ مەسەلەی دیکەی لەم بابەتە، با بڵێین، دەرکردنی مانا لە شیعرو جیاکردنەوەی شیعر لە مانا، وەک ئەوەی مانا پانتاییەک بێت لە دەرەوەی پرۆسێسە شیعرەکاندا. لە بەرامبەر ئەمەشدا جۆرێکی دیکە لە تازەگەریی هەیە کە تازەکردنەوەیە لەناو مانادا، یان دۆزینەوەی مانای تازە یان تێڕوانینی تازەیە بۆ دنیاو شتەکانی.. تۆ لەم

**دووڕیانەدا، کە بە ڕاستی خۆی دووڕیانێکە لە ئەدەبی جیهانیدا، لە کوێدا وەستاویت و دەتەوێ بەکام ڕێیاندا بڕۆیت؟؟**

□ من لەگەڵ ڕێگای دووهەمدا، دەبێ هەمیشە بە تازەکردنەوەوە، بە بینینی تازەوە، بە ئەزموونی تازەوە بێینە پێشەوە، ئێمە ناتوانین ئەو شتانە لە یەکتری جیابکەینەوە، هەموو پێناسەیەکی ئێستا بۆ تازەگەرێتی دوای چەند ساتێکی دیکە کۆن بوو، لەبەرئەوە باشتروایە کە باسی شیعر ئەکەین، تازەگەرێتی وەکو ئاسۆیەك باس بکەین، وەك ئەودیوی ئاسۆیەك باسی بکەین.. وەك دووریەك کە قەت نایگەینێ، ئێمە هەموومان لەبەردەم داهێناندا سەرسامین.. مەسەلەکە یاریکردن نییە بە وشە، مەسەلە ئەوە نییە تۆ چی لا ئەبەیت و چی لا نابەیت، گرنگ ئەوەیە ئەو شتانە چۆن ئەبن بە شیعر. یاریکردن بە وشە بە ئامانجی کوشتنی ماناکانی، لە ئەزمونی شیعریدا تازە نییە.

■ **لە مالامێ‌وە، دەستی پێکردوە.**

□ مالامێ پێغەمبەری ئەو سێوە شیعرانەیە، جا بە باوەڕی من پێش هەموو یاریکردنێکی فۆرمی، ئەبێ ڕەتکردنێك هەبێت، تەنها بە ڕەتکردنە مرۆڤ ئەتوانێ شت بکات.. بێگومان مەسەلەی (مانا) گەڕانەوەی بۆ مانا فەرهەنگییەکانی وشە نییە، چونکە وشە بوونەوەرێکی زیندوە، یا ژیانێکی تایبەتی هەیە، مەسەلە ئەوەیە تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ژیانە تایبەتەدا دەکەیت، لێرەدا مەسەلە مەسەلەی (شێواز)ە وەك مالامێ ئەڵێ: پیاو بریتیە لە شێوازەکەی، بابەتەکانی هێجگار زۆرن، گرنگ ئەوەیە چۆن دەیانکەیتە شیعر، چی لەگەڵدا دەکەیت بۆ ئەوەی بیبێتە "ئەدەب"، چی لە بابەت ئەکەیت ئەگەر نەزانی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت. من پێموایە بە ئاگایی و بێئاگایی خەون و خەیاڵ، واقع و ئەودیوی واقع، هەموویان تێکەڵ بە یەکدی دەبنەوە، سنوورێك نامێنێتەوە، هەموو سنوورکێشانێك ئەبێتە هۆی کوشتنی خەیاڵ، ئەبێ خەیاڵی شاعیر بەرەڵا بێت، بەرز بڕوات، قووڵ بیبێتەوە ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا، کامەیە ئەو شیعرەی لە یەك کاتدا لە تەڵ مێشك و دڵیش ئەدات. شیعر بۆ ئەوەی سەرسامت بکات، ئەبێ لە هەموو ڕەگەزەکانیدا شیعر بێت، وەك زمان، وەك بابەت،

وەك خەیاڵ. بێگومان یەکێك لەو گرفتانەی ئێستا کە بیستوومە، مەسەلەی مامەڵەکردنە لەگەڵ "زمان"دا، من پێموانییە ئەوەی کە باش نەتوانێ زمانەکەی خۆی بەکاربێنێ، بتوانێ شتی گەورە دروستبکات مەسەلەکە ئەوە نییە هەندێ شت لابەری و لای نەبەیت، لابردن نییە بە قەدەر ئەوەی کە تۆ نەتوانی شتێکی تازە دروستبکەیت، ڕەنگە ئەمە لە داهێنەرێکەوە بۆ داهێنەرێکی دیکە بگۆڕێت.. بۆ نموونە، ئەوی کە ئەدۆنیس کردوویەتی بەقەدەر ئەوەیە کە مەحمود دەروێش کردوویەتی، دوو دنیای زۆر جیاوازن، "مەحمود دەروێش"ێك کە زیاتر نووساوە بە واقعو خاكو مەسەلەی فەلەستینو ئینسانی فەلەستینەوە، جیاوازە لە ئەدۆنیس کە ئەو موفرەداتانەی لا نادۆزیتەوە.. ڕاستە بەشێکی گرنگی تاقیکردنەوەی شیعری ئەدۆنیس، مامەڵەیە لەگەڵ "زمان"دا، بەڵام نەکەوتۆتە نێو یاریکردنێکی بێ مانایانەوە بە وشە، یان مەتەڵ دروستکردنو تەمومژی دروستکراو، لای ئەدۆنیس ڕوانینی قووڵ هەیە، دەبێ ڕوانینی قووڵ جیابکرێتەوە لە مەسەلەی تەمومژی بە زۆر دروستکراو، نەك هەر ئەوە.. لە ڕووی ستراتیژیشەوە ئێمە میللەتێکین بێتاقەت نەبووین لە مانا، ڕەنگە ڕۆژئاوا بێتاقەت بووبێ لە مانا، بەڵام ئێمە میللەتێکین بەدوای مانادا دەگەڕێین، لێرەوە ڕاکردن لە مانا، لە ڕووی ستراتیژیەوە، دەستوەشاندنێکی کوشندەیە لە پرۆسێسی داهێنان..

■ کاک شێرکۆ، ئەوەندەی ئاگاداربین، تۆ بە دڵڕەقی سەیری ئەزموونی شیعری خۆت ئەکەیتو بە دڵڕەقی ئەزموونی شیعری خۆت هەڵئەسەنگێنیت. ئایا هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆت بۆ شیعرەکانت هەڵسەنگاندنێکی سیاسیانەیە یان هەڵسەنگاندنێکی هونەری ڕووتە. ئایا پەشیمانبوونەوەیە لە هەندێک هەڵوێستی سیاسی، یان لە هەندێک هەڵوێستی هونەری، یان هەردووکیان. تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی جیدیمان لەسەر تۆ نییە، ئەگەر خۆت ڕەخنە لە خۆت بکریت ئەڵێی چی؟؟

□ بۆ دڵڕەق نەبم لەگەڵ بەرهەمەکانی خۆمدا، من پێموایە دڵڕەقی لەو حاڵەتانەدا بەشێکە لە خۆشەویستی، بۆ زیاتر چاو پیاگێڕانەوە، بۆ ئاگالێبوون لە ئەزموونی تازە، بۆ

ئەوەی ترسێکە، ترسی خۆشەویستی و ئەدەبی، بۆ زیاتر پاکژکردنەوە، بۆ زیاتر بەخۆداچوونەوە، بێگومان بەرانبەر بە بەرهەمەکانی خۆم، بە تایبەتی بەرهەمەکانی سەرەتا، زیاتر دڵڕەقم، چونکە زیاتر پەلەکردنیان پێوە دیارە، هەرچەندە نابێ لە چاو و دیدی ئێستاوە لە بەرهەمی ئەوکات ڕامێنین، بەڵام لەهەمانکاتدا لە بری ئەوەی کە من سێ دیوانم لە ماوەی ٥ تا ٦ ساڵدا دەرکردوە، ئەگەر تەنها یەك دیوانم هەبایە، چڕو پڕ تر، پێموایە ئێستا کەمتر پەشیمان ئەبوومەوە. مانای وایە پەشیمانی من پەشیمانی نییە لە کاملبوونی هونەری، پەشیمانبوونەوەیە لە ناکاملبوونی هونەری، پەشیمانبوونەوەیە لە زمانێکی دەربڕین لاواز، ئەو هەڵسەنگاندنە ئەوەندەی هەڵسەنگاندنێکی هونەریە ئەوەندە سیاسی نییە، من لە هەڵوێستەکانی خۆم پەشیمان نیم، لەبەرئەوەی هەموویان هەڵوێستێك بوون، کە هەڵوێستی سەرجەمی قۆناغەکە بوە، چ لە کۆتایی ١٩٨٤و سەرەتای چوونە دەرەوەم، چ لەوەو پێشتریش، چونکە من لە ژیانی سیاسیدا لە دەمێکەوە ژیانی -التزام- بە حیزبێکەوەم واز لێهێناوە، ڕەنگە بڵێم بۆ ٣٠ ساڵێك دەچێت، ئیلتیزامم هەبوو بە مەسەلە گەورەکەوە، مەسەلەیەك کە گەورەتربوە لە شتە بچووکەکان، لەبەرئەوە نەبێ پەشیمانبوونەوەم لە هەڵوێست چی بێت.. لە کاتێکدا.. ئەوەی هەڵوێستی خەڵك بوە هەڵوێستی منیش بوە، هەڵوێستی هەموو یەکێك بوو کە لەو سەردەمەدا بەیەکەوە تاڵی و سوێری و خۆشی و ناخۆشی ئەو ڕۆژگارەمان چەشتبێت. من لە پاڵ هیچ هەڵوێستێکی سیاسیدا دەسکەوتێکم نەبوە، دەسکەوتێکی تاکەکەسی کە لە پاڵیدا ژیابم، لەبەرئەوە بەلای منەوە هەڵسەنگاندنەکە زیاتر هەڵسەنگاندنی هونەرییە، کە مەسەلەکانی زمانی شیعر مەسەلەی تێڕوانینی شیعری و مەسەلەی بەرکەماڵ نەبوونی تاقیکردنەوە شیعرییەکان، مەبەستی سەرەکیم بوون.. خۆ ئەگەر جۆگەیەکی لێڵیش لە هەڵوێستی سیاسیمدا هەبووبێ، هەر لە ڕووبارە فراوانەکەوە وەرگیراوە کە لە کوردستان خۆیدا بوە.

■ **پرسیارێکمان هەیە کە کەم تا زۆر پەیوەندیی بەو پرسیارەوە هەیە کە لەسەر "گۆران" کردمان، لای (گۆران) سرووشت بوونێکی قەشەنگە لە دەرەوەی مرۆڤ یان شاعیردا،**

واتە بۆشاییەک هەیە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا، بەڵام لە شیعری تۆدا بەرەو پێشچوونێک هەیە لەو هاوکێشەیەدا، سروشت لای تۆ بەشێکی ئۆرگانی جەستەی مرۆڤی کوردە، سروشت لای تۆ زیندووەو درێژکراوەی بایۆلۆژیای مرۆڤە، کە مرۆڤ ئازار ئەکێشێت لەوێوە سروشت ڕائەچڵەکێت، یان بە پێچەوانەوە کە سروشت ئازار ئەکێشێت لێرەوە خودی ئینسانی کورد ڕادەچڵەکێت. ئایا دەکرێ بڵێین ئەمە شێوەیەکە لە ڕۆمانسیەت؟ یان لە ڕاستیدا ئەمە تراژیدیایەکی سیاسیە، کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی نێوان سروشت و نەتەوەیە، نەک سروشت و تاکەکەس، کەوابێت هەست ناکەیت شتێک نییە لە ئەدەبی هاوچەرخی ئێمەدا ناوی ڕۆمانسیەت بێت؟ بەو پێیەی ڕۆمانسیەت لەدایکبووی پەیوەندیی تاکەکەسە بە سروشتەوە، نەک نەتەوە بە سروشتەوە؟

□ پێشتریش بە کورتی باسی ئەوەمان کرد.. بۆ نموونە لای "گۆران" سروشت یەک سروشتە، ئەویش سروشتی دەرەکی، نەك سروشتێك تێکەڵ بە دنیای ناوەوەی مرۆڤ و بە ئازادی مرۆڤ. لە شیعری "گۆرن"دا نەتوانیت بە تەواوی سروشت لە شتەکانی دیکە جیابکەیتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە لێرەدا درەخت زیاتر هەر درەخت و جوانی درەختە، بەڵام لە تاقیکردنەوەی ئێمەدا ڕەنگە درەخت ئادەمیزاد بێت، ڕەنگە بیر بێت، ڕەنگە خەونی میللەتێك بێت. ئەو مەسەلە تراژیدیانە لای ئێمە یەك مەودای نەبوە، ڕۆمانسیەت لای ئێمە گەورە نەبێتەوە، پەلوپۆ نەهاوێت، پەلوپۆهاویشتنەکەشی لە مەودایەکی تەسکدا نامێنێتەوە، بگرە باوەش ئەکات بە هەموو ژیاندا، بە هەموو پارچەیەکی ئەو ژیانەوە، ناتوانیت ئەم دۆخە ناو بنێیت ئەو ڕۆمانسیەتە کە لای گۆران هەبوە..

■ یان لە شیعری ئەورووپیدا هەبوە، لای ئێمە مەسەلە مەسەلەی تراژیدیایەکی سیاسیە، کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی نێوان نەتەوەو سروشتە نەک "تاکەکەس"و سروشت.

□ ئەبێ ئەمە زیاتر وا بکات ئەو شیعرانە درامی بن، چونکە شیعرێك نین یەك مەودایان هەبێ، شیعری درامیش شیعرێکە پەلوپۆی زۆرتر ئەهاوێت، حاڵەتێك نییە بە تەنها، بەڵکو کۆمەڵێك حاڵەتە بەیەکەوە ئەبێت ئەو حاڵەتانە تێکەڵبوونی زیاتری شاعیر بێت بە شتە

گشتیەکانەوە، چونکە ئەم مەسەلەیە ڕۆمانسیەتێك نییە بە تەنها، یەك مەودای هەبێ و لە یەك گۆشەدا گیر بخوات.

■ **کەواتە ئایا دەکرێ بڵێین هەمیشە پاشینەی ئەو شیعرانە پاشینەیەکی سیاسی بوە، کە هەڵقوڵاوی مەسەلەی میللەتی کورد خۆی بوە، نەك پەیوەندیی تایبەتی تاکەکەسێك بە سروشتەوە؟**

□ ئەتوانین بڵێین پاشینەی ئەو شیعرانە پاشینەی "مەسەلەیەك)"بوە، ئەو مەسەلەیەش تەنها مەسەلەیەکی سیاسی نەبوە، بەڵکو مەسەلەی ئینسانی کورد بوە، مەسەلەی زمانی کوردی، شیعری کوردی، سەرجەم بیرکردنەوەی ئینسانی کورد بوە، دیارە ئەوەندەی ئێمە دەرەقەتی هاتبین.

■ **ئەم پرسیارەمان لەوانەیە کەم تا زۆر پرسیارێکی شەخسی و تایبەت بێت، ئێمە سێ شێرکۆ بێکەسمان هەیە، شێرکۆ بێکەسی مووچەخۆرو هاوڕێی چاپخانەو یانەکانی سلێمانی، شێرکۆ بێکەسی پێشمەرگەو ماندوو بەدەست هەورازی سیاسییەکان و سیاسەتەوە، شێرکۆ بێکەسی گیرۆدە بەدەست تەنیایی و غەریبی ئەوروپای دیسکۆو پەتای سەماو مانگرتنەوە، ئایا کام یەکێك لەم شێرکۆیانە، وەك خۆت ئەڵێی، ئازارەکەی باڵابەرز ترە؟**

□ من، هەرسێکیانم، ناتوانم چاپخانەکانم لە پێشمەرگایەتیم جیابکەنەوە، پێشمەرگایەتیشم لە غەریبیم بۆ جیاناکرێتەوە. من پێشموایە شاعیر بریتییە لە تاقیکردنەوەکانی، بریتییە لە کۆی ئەزموونەکانی، جیاکردنەوەی ئەزموونەکان بەتایبەتی لە مەسەلەی داهێناندا، ئەبێتە هۆی پارچەپارچەکردنی بەرهەمەکانی، یانی ئەمانە بەسەریەکەوە ئەگەر شیعرێکیان دروستکردبێت ئەوا پەیوەندیان هەیە بە هەموو تاقیکردنەوەکانەوە، باڵای بەرزتر یان کورتتر، پێموابێ لە بەرهەمەکاندایە، ئەوە بەرهەمەکانە کە قسەدەکەن و ڕادەگەیەنن کامیان باڵای بەرزو کامیان باڵای کورتترە.

■ **کاك شێرکۆ، مەبەستمان لەو پرسیارە ئەوە بوو، ئایا تۆ ساتێکی شەخسی خۆت هەیە لەو سێ قۆناغەدا تێیدا ئازارت لە هەموویان زیاتر دیبێت؟؟!!**

□ بێگومان، یەکێك لە گەورەترین ئازارەکان، ئازارە بە مانا شەخسیەکەی نا، واتە ئازارێك کە هی خەڵك‌و هی خۆشم بوە، من زۆرتر لە هەندێ لە شیعرەکانی دوای هەرەسی ١٩٧٥دا دەیبینم، ئەوە یەکێکە لەو تاقیکردنەوانەی بە قووڵی کاری کردۆتە سەر شیعری من، بە تایبەتی ئەوە زیاتر لە شیعری "کۆچ"دا ئەیبینمەوە ڕەنگە "کۆچ"یش جۆرێك لە وەرچەرخان بێت، وەرچەرخانەکە بۆ ئەوانە بەجێدەهێڵم کە لە شیعرەکان ئەکۆڵنەوە، لەبەرئەوە ئەو برینە برینێکی قووڵە، برینداربیەکەی ساڵی ١٩٧٥ قووڵە، بەقەدەر قووڵیەکەیشی خوێنی لەبەر چۆڕاوە، تاقیکردنەوەکانی دواتریش خوێناوین.. بەڵام بە ڕادەی خوێنی لەبەر ڕۆیشتووی هەرەسی ٧٥ نییە. تا دێتەوە سەر هەڵەبجەو دوای هەڵەبجەش. ئەو ماوەیەی کە لە نێوان هەڵەبجەو نێوان هەرەسدایە گەورەترین برینە کە زۆر دەمی کردۆتەوە، زۆر هاوار ئەکات، ڕەنگە دیاردەیەکی تایبەتیش بێت لە شیعردا. ئەگەرچی ئەو تاقیکردنەوەیە هێجگار گەورەیە کەچی شتێکی کەمی لە نێو ئەدەبی کوردیدا بەجێهێشتوە، چ لەناو شیعرداو چ لەناو چیرۆکدا، مەبەستم لەوەیە کە تراژیدیای (٧٥) لە تراژیدییەکانی دیکە گەورەترە، بەڵام ژیانی شاعیریش بریتییە لە کۆمەڵێ ئەڵقەی بەیەکەوە بەستراو، بە بچووك‌و بە گەورە، یەك ئەوی تر تەواو ئەکات.

■ **مانای وایە ئەو ڕووداوە، لە هەموو ڕووداوە شەخسیەکانی تریش گەورە ترە؟!**

□ من پێموایە لە هەمووشیان زیاتر ئازاریان داوم، هەتا گەشتۆتەوە سەر هەڵەبجە. ئینجا دواتر ئەوەی کە بوە لە غەریبیدا بوە. "غەریبی" لە شیعری مندا تەنها لەم شیعرەی دواییدا دەربەندی پەپوولەدا ئەبینرێتەوە. لەوانی تردا سێبەری زۆر بچووکی غەریبی لە ئارادایە، سێبەرەکان بچوکن، کەمن، بەڵام لە دەربەندی پەپوولەدا بە گەورەیی دیارە. من پێموایە ئەوە پەیوەندیی هەیە بە هەڵەبجەو دوای هەڵەبجەشەوە، چونکە هەموو ئازارەکانی ئێرە هەر ئەوە بوو من لەوێ چەشتوومەتەوە، غەریبی زیاتر غەریبی بوە بۆ نیشتمان.

سەرچاوە

**گۆڤاری ئازادی، ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢**

□ سا : کەریم دەشتی

chalakmuhamad@gmail.com

# پرس و ئەزموون لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"دا

(١٩٩٣)

*شیعریش میحراب و ئیشراقی خۆی هەیە
*ئەو وێنە دژانەی ئێستا لە گەلێ قەسیدەی ئەمڕۆماندا ئەیانبینم من لە (ئاوی تینووی) (١٩٧٢)ەوە بەکارم هێناون.
*خۆشەویستی مرۆڤیان بۆ مرۆڤ وەك تلیاك قەدەغە کردوە.
*شیعر زامەی خەیاڵ و خەونە زمانی نهێنیەکانی گەردوونە.
*لە کۆمەڵێکدا کە بەها ئینسانیەکانی نەبوون، ئینسانیشی نابێت.
*دەربەندی پەپوولە جەستەی کوردە لە بەژنی صەلیب.
*تا ئەمڕۆش شیعر هەر پرسیارە گەورەکەی گلگامیشە دەربارەی ئەنکیدۆ.

ئەزموونی شاعیرانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی شاعیرانی دونیا، غەدرێکی زۆری لێکراوەو غەدریشی لێدەکرێ بەوەی کە شاعیرانی دونیا هەر هێندەی بوونە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیان، ئیدی بایەخێکی هێجگار زۆریان پێدەدرێ و لە هەموو بوارێکی ژیانی شیعری خۆیاندا دەکەونە بەر لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ، بە ڕادەیەك کە ئەو شاعیرانە لەبەر زۆری ئەو کەناڵانەی کە بە لێدوان ئەزموونەکانیان دەردەبڕن و بە خەڵکی دەناسێن، دەتوانن هێندەی چەند کتێبێك ئەزموونەکانی خۆیان بە چاپ بگەیەنن و هەرچییەك ئارەزوویانە لەمەڕ شیعرەکانی خۆیان و لە هەمبەر ئەزموونی شیعر، بە خەڵکی بگەیەنن، بەڵام لای ئێمە شاعیری خاوەن دەنگ و ڕەنگی تایبەتی، بواری ئەوەی نییە بتوانی هەرچیەك مەبەستی بێ، لەم ڕووەوە بۆ خوێنەرانی خۆی بدرکێنێ، ئەگەر بواری ئەوەشی بۆ ڕەخسابێ، ئەوە لەو ئاستەدا نەبوە کە لە ڕێگەی ئەو

گفتوگۆیەی کە لە گەڵیا دەکرێت یاخود ئەو پرسـیارانەی کـە ڕووبەڕووی دەبنەوە، چونکـە هەم گفتوگۆو هەم پرسیارەکان، لە ئاستێکی تەقلیدی دوور لـە ڕوحانیـەتی ئـەو حاڵەتانـەدا بـوون کـە خودی شاعیر تیایدا دەژیو مەبەستیەتی ڕووبەڕووی بکرێتەوەو بۆیەش هەندێجار شـاعیران خۆیـان دەکەونە ناو یەکتریو دەوری ڕەخنە دەبینن و بە ناچاری دەکەونە نێو وت‌ووێژی شیعریو یـەکدی دەدوێنن، چونکە دیارە شاعیران زێتر لە ئاسۆی بیری یەکدی دەکەن و دەزانـن لـە چ تەقسێکی جوگرافی نێو شیعری شاعیران بیرۆکە دەدۆزنەوەو باسی لێوە دەکەن.

ئەو پرسیارانەی کە تا ئێستا دراون بە شێرکۆ بێکەس بۆ وەڵامدانەوە، پێموایە نەیانتوانوە وا لە شاعیر بکەن شت بڵێت، تەنها پرسیاری تـەقلیدی دوور لـە شیعریەت بـوون، بۆیـە هـەندێجار شاعیر لـە دەوروبـەری خـۆی ناچاردەبێت دەوری ڕەخنـە بینـێ و خـۆی بجووڵـێ، ئـەم چاوپێکەوتنـەش ڕادەی ئەم لێکدانەوەیەیە.

ئەم وەڵامانەی شێرکۆ بێکەسی شاعیر، دەکرێ بە کورتە گوتاری ڕەخنەییو گوتاری ئەزموونی چەندین ساڵەی لەقەڵەم بدرێ، چونکە لە لایەك، لـە دەرەوەی دەقـە شیعریەکانی خـۆیو لـەنێو کایەیەکی مەعریفیدا جووڵەدەکات و گوتارەکانی خۆی گرێدەدا، لە لایـەکی دیکـەدا، حەقیقـەتی خۆی ئاشکرادەکاو دڵی خۆی دەکاتەوە، بـەمجۆرە شـێرکۆ بێکـەس دوو دونیـا بەرمـەلا دەکـات؛ دونیایەك ڕەتکردنەوەو بنیاتنانی شیکردنەوەیە، دونیایەکیش دونیای ساتەوەختی شیعرییە کـە کـار لەیەکتر دەکەن.

لەم چاوپێکەوتنەدا شێرکۆ بێکەسی شاعیر، ڕادەکێشرێتە نێو چەند باسێك کە کەمتر لە پێشوودا بڵاوبۆتـەوە، بۆیـە بـەهای ئـەم چاوپێکەوتنـە، گەورەیـەو ڕەنگـە هـۆی دروستکردنی سـەرلەنوێی گوتاری شیعری بێ.

کەریم دەشتی

■ **تۆ لەنێو زەمەنی جەستەدا دەژێیت یا لە زەمەنی شیعریی، بە واتا، لەحزەی شیعری گەورەتدەکا یا یاسای زەمەنی کەونی؟**

□ جەستە -تەمەن بە واتا ژیان.. ساتەوەختەکانی شیعریش، ئەو تیشکانەیش هەر تێکەڵ بە ڕووباری ژیان و تەمەن خۆی ئەبنەوە. ئەم جوێکردنەوەیە، دابڕان لە نێوان جەستەو شیعردا نییەو، تەنانەت خەونی شیعریش هەر لە سەرچاوەکانی عومرەوە هەڵئەقوڵێن، زیندوێتی زمانیش لە زیندوێتی جەستەدایە، ساتی درەوشاوەی شیعریش، جۆرێکە لە پرشنگدانەوەی هێزو هەست و ئەستی خوڵقێنەر -شاعیر- ئەو ساتی تەقینەوەی بەهرانە بۆ -ئەفراندن- بۆ هەمیشە باوەشکردن بە داهاتوودا و جەستەش گەورەترو بەتەمەنترو بە بڕوێنتر ئەکات- گەورەیی شیعر بە گەورەیی دەربڕینەوە بەندە، بە دۆزینەوەو بەرایی هەمیشە بە نواڵەی خەونەوە، ئەو خەونانەی لە جەستەو عومرەوە وەك پۆلە ئەستێرەیەك هەڵئەفڕن بۆ ئەودیوی زەمەنێکی بێکۆتایی، بەڵام وەك دەرئەنجام لەم هات‌وچۆیەدا لای مرۆڤ، لای زمان کە گەورەترین سەرمایەی ئەوەو هێڵی جیاکەرەوەیشێتی لەگەڵ تەواوی زیندەوارانی تردا.. ئەو ساتەوەختانەی شیعر لە گەوەکانی ناخەوە، لە توونا و توونی دەروونەوە، لە قوڵاییە نادیارەکانەوە، ڕێگەی هاتنە دەرەوەی ئەگرنتە بەر، ئەو ساتانەی ساتەوەختی بوومەلەرزە دەگمەنەکانی ئەفراندنن، هەموو جارێکیش بە یەك تین و تاوو گڕو کڵپەوە لەدایکئابن.. یاسای زەمەنی ڕووتی بێ تەقاندنەوە، بێ خوێن و ژان و گینگڵ، بێ بەرهەمی گەشاوە لە ژیاندا، لە دۆڵێکی کپ ئەچێ، هەڵبەت ساتەوەختی ئەفراندنی عومریش -عومری شاعیر- بەرەو پاشەڕۆژی درێژ ئەکاتەوە کە لە مێژەوە خەونی هەموو خوڵقێنەران بوە.

■ **لە نێوان ڕابردووی پڕ لە کارەسات و بێ منداڵێتی خۆت و داهاتووی شاراوەو پڕ لە موفاجەئات، ئایندە چۆن پارسەنگی نوسینی شیعر دەکەیت، بە واتا لە نێوان هزر وەك چۆن هەبوەو هزر وەك چۆن پێشوازی لێدەکرێ، چۆن دەنووسی؟**

□ شیعری زیندوو، شیعری سۆراخ و پرسیارە، پرسیاریش هەمیشە ڕوویکردۆتە ئایندە. ئێمە بە بەرهەمەکانی خۆیشمەوە، بە زۆربەی زۆری شیعرەکانمەوە، وەرامدانەوە بوون، بۆ یەکەمجار توانیومانە لە ڕۆحی شیعر نزیکبینەوە، کە ڕۆحی سۆراخ و تینوێتیەکی بەردەوامە، من شیعرەکانم مێژوون، مێژوو لە حاڵەتی بەردەوام بزووتنەوەدا، تەنانەت ئەم سیحرەی عیشقی مێژوو، هەر گەڕانە بە شوێن ڕاستی پەروەریدا، من خۆم پێموایە، ڕابردوو –منداڵێتی– ئەو گیانە پەپوولەییەیە، پاکترین خەونی تەمەن، دیسانەوە هاتنەوەی لە شێوەی فریشتەییدان بۆ شیعرباران، خۆشەویستیە، قووڵکردنەوەی ئەزموونە لە ئێستەداو لەهەمانکاتیشدا ڕاوکردنی پاشەڕۆژی نادیارە، هەرچییەك بڵێین، قسە بخەینە هەر چوارچێوەیەکی ڕازاوەوە، ناتوانین دابڕینی هەمیشەیی لەنێوان ئێستەو ڕابردوو و پاشەڕۆژدا دروستبکەین، ئەمە وەك بڵێی یاسای ژیانە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە لەوەدایە بە چ ڕوانینێك؟! چۆن؟! سیحری شیعر، بەشێکی ڕووناکی لە چۆنیەتی پێشبینی کەوندایە، خوێندنەوەی نهێنی، واتە پەنهانەکانی داهاتوو.. وەك وتراوە دیدی پەیامبەران و شاعیران، دوور دوور ئەبینێ.. بەڵام لەهەمانکاتدا خوێندنەوەی بۆ نموونە، هزرو هەست و ئەستی مرۆڤی سەد ساڵی تر، یا لە ئێستەدا خوێندنەوەی عەقڵی مرۆڤی کوردی دووسەد ساڵی تر گران و ئاستەمە، ئەویش لەبەرئەوەی بەردەوام دینامیکیەتی بنەماو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان دەستنیشانی هەموو تخوبەکانی هۆشیاری، ڕۆشنبیری، عەقڵی مرۆڤ ئەکەن، هەر لێرەیشەوە ئەتوانین جۆرو چۆنیەتی بزۆزی عەقل لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر هەڵبسەنگێنین، پارسەنگدانەوەیەکی گرانە. داهاتووی شاراوەی نێو قوڕگی غەیب هەندێجار پرشنگی شیعر ئەیگاتێ، وەك ئەو پرشنگانەی لە ئەستێرە دوورەکانەوە ئەمانگەنێ، ژیانی شیعر بە پرسیارەوە بەندەو ئەهێشتنی چاوگی پرسیارە.

■ **هەستدەکەم هەندێجار وەک شیعر بۆ مەرگی خۆت قوربانی دەدەیت –بە شیعر خۆت دەکوژی– بۆ زیندووبوونەوە شت مەرگ دەخەینە پێشەوە– مەرگ لە پێناو زیندوو بوونەوە– لە هەردوو حاڵەتدا مەرگ هاوتای بابەتی شیعرەکانتە واتە تۆ بەو مەرگە پارسەنگی نێوان ویژدان و حەقیقەتی دەرەوە دەکەیت.**

□ وەك ئەدۆنیس ئەڵێت *"شیعر جۆرێکە لە دەست لەملانێی مەرگ"* ئەمە ڕاستە، **شیعر** بۆ من، لەیەك کاتدا ژیانەو مەرگیشە -کە مەرگ خۆی بەشێکە لە ژیان- قەقنەس ئەسووتێ و لە خۆڵەمێشی مەرگی خۆیشیەوە دیسانەوە دروستئەبێتەوە، شیعر ماچکردنی بەردەوامی ئاگری نێو ئەو داستانانەیە کە کۆتاییان بۆ نییە، شیعر لای من قوربانیەو سووتان، ئەبێ شاعیر بە ئێڵەنێڵی ئاگری گیانی خۆی ڕووناکی ئەفراندن بخولقێنێ، ئەبێ شاعیر هەمیشە عاشق بێ، کە ئەو عیشقە ئەما شیعریش نامێنێ، بەهرە کوێر ئەبێتەوە، ئەو عیشقەش، تا چەند گڕ لە خۆی بەردات، ئەوەندە زیندووترە، ئەو مەرگە تێکەڵکردن بە ژیان، بە شیعر، بڵێسەکە بەرزترئەکاتەوە.

■ **دەکرێ بڵێم لە دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ) زیاتر ئینسانیەت بە بەراورد لەگەڵ دەربەندی پەپولە کە زیاتر سووتانی نەتەوەییت، واتا تۆ لە نێوان ئینسانیەت و نەتەوەگەرایی جیاوازییەك دەبینی؟**

□ هەرگیز جیاوازی نابینم، کوردپەروەریی، مرۆڤپەروەریی و مرۆڤایەتی‌یە، خۆشەویستی زۆر بۆ مرۆڤە هەرە مەزڵوومەکان، هەرە چەوساوەکان، هەرە برینداره‌کان، هەرە پێشێلکراوەکان، کە گەلی کوردیش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو قوربانیانەیە، دەلالەتی گەورەترو دیارتری ئەو مرۆڤایەتیە ئەسەلمێنێ، بەڵام خۆ ئەم لێکدانەوەیش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێ، ئەوەی پەیوەندی بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتەوە هەیە، ئەبێ ووردتر لە سەری ڕابوەستین.. دیوانی "من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ" هەوڵدانێکی تر بوو بۆ پەڕینەوە لە ئاستێکی ئەفراندنەوە بۆ ئاستێکی بەرزتری، هەندێ قەسیدەی ئەم دیوانە "گینگڵ، تۆ هەوریت و ئەتبارێنم، سووتان.. هتد" زەنگەکانی خودی خۆمیان، زیاتر تیا ئەزرنگێتەوە، واتە خەمە تایبەتیەکان لەو قەسیدانەدا، کەمتر تێکەڵ بە خەمە گشتییەکانی کۆمەڵ بوون، خۆ خواردنەوە، هەژێنی نهێنیەکانی ژیانی خۆم، گریان و پێکەنینی خۆمن، یان بریتین لەو قەسیدانەی جیهان بینینیان، ڕوانینیان، بێسنوورە، گەردوونین، جوگرافیایەکی شیعری دیاریان نییە. "دەربەندی پەپوولە" ناخێکی دووروودرێژی نێوان دوورە وڵات و وڵاتە،

بەیەکگەیشتنی بەهەشت و دۆزەخە لە خەونی شاعیرێکی بێشوێن و بێمان و دەربەدەردا، کە ئاوارەبوونی وەک هەزار کوردی تر، لەو سەردەمەدا، لە ئەنجامی قەهری نەتەوەییەوە بوە، کە لەهەمانکاتدا، قەهرێکی ئینسانیشە.. ئازاردانی هەموو مرۆڤایەتی لە ئازرردانی منیشەوە، تۆیشەوە، ئەویشەوە، دێتە کایەوە.. بیست و پێنج ملیۆن ئادەمیزادی کورد کە ڕووبەڕووی فەوتان دەبنەوە، مرۆڤایەتی دەکەوێتە مەترسیەوە.. من لە پێشدا لەناو زامەکانی خۆمدا خوێناوی ئەبم، بەڵام ئەمە هەرگیز لای من نەبۆتە گۆشەگیری و چاو نوقاندن لە هەموو زامەکانی ئەم سەرزەمینە تۆ نەبوو بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەت دیوانی "کازیوە"ت باسبکردایە ١٩٧٨، چونکە ئەوەی ڕاستی بێ، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ئەم دیوانە، کە دیارە کورتە شیعرن، سەرچاوەیان لە ئازارەکانی هەموو دنیاوە گرتوە، وەک ئەوەی شاعیر بەرپرسیار بێ لە کوشتنی هەر گوڵێ لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا، شاعیر بێ یان هونەرمەند، ئەوەی لە گیانی کولتوورو دڵی گەلەکەی خۆیدا ئەژی، لە دەروونی میللەتانی تردا هەرگیز ناژی!

■ ئەدکۆژی لەگەڵ بڕیاردان، یاسای شیعرەکانی ئەم دواییەتن، هەست بەوە ناکەیت تۆ لە حاڵەتێکدای کە دەتکوژن، یاخود ئەمری واقیعە؟

□ ئەمە تۆ وا ئەڵێی! قسەی تۆیش ناگاتە یاساو تێگەیشتن، چێژی تۆیش لە شیعر، ڕوانینت بۆ شیعر، نابێتە جێگری ڕوانین و چێژ لێوەرگرتنی هەزاران دڵداری شیعر، من "ئەمری زاتم" لەپێش "ئەمری واقیع"ەوەیە، ئەو تۆوەی بە دەستی موعانات، خەم، باوەڕ، هزرو هەست ونەستی خۆم تۆو نەکرێ، هەرگیز لە گیانی مندا سەوزنابێ.. من لە پێشدا بۆ خۆم و ئینجا بۆ ئەوەیش ئەنووسم کە خۆشەویستی خوێنەرو خەڵك دامپۆشێ، بەڵێ "خۆشەویستی" ئەو کێوەی کە بە هەموو فەرهادێ کون ناکرێ.. ئەو ئەنجامەی کە لە دێرزەمانەوە هەموو شاعیرێ خەونی پێوە بینیوە، خەون بەوەوە لە ڕوانگەی ئەفراندن و شیعرەوە خۆشەویست بێ، بچێتە ناو گلێنەو دڵانەوە، من بۆ خۆم بیست و پێنج ساڵە وا هەستنەکەم، بەرەوژوور، بەرەو سەری کێوەکە هەنگاو ئەنێم، قەت هەستم نەکردوە،

هەنگاوێکم بۆ پێشەوە نابێ و دوان بۆ دواوە، بیست و پێنج ساڵیشە لای هەندێ، چاوەڕوانی ئەوە کراوە لە نشێوو دۆڵەکانی خوارەوەدا، لەگەڵ خۆیاندا بمبیننەوە! *شیعرەکانی ئەم دوایییە کامانەن؟!* لەو شیعرانەی دوایی مەبەستت بۆ نموونە لە "ئافات"و؟! لە "پەریزادو گوڵەکەی دوژمنی"یتی؟! ئەو دوو قەسیدەیەش، قەسیدەی دیاری ئەم دواییەن.. لە سەرەتای حەفتاکاندا، هەندێ ڕەخنەگرۆکە وتیان وشکهەڵاتووی تەواو، لە ١٩٧٥دا "کۆچ"م نووسی، ئینجا هاتمە نێو ئەزموونی کورتەشیعرەوە، ئینجا چیرۆکەشیعر، بەرلەوەی لە ئەورووپایش بگەڕێمەوە، دوای ئەزموونی شاخ، ئەمجارەیان بە دەنگی بەرز ئەوترا، *کۆتایی شاعیرێ*، بەڵام کە هاتمەوە "دەربەندی پەپوولە"م هێنایەوە، من هەموو جارێ، چەند ساڵ جارێ، بە بولەرەی ئەفراندنێ، لە ئەزموونی خۆیشمدا بووبێ، گۆمێکم شڵەقاندوە، بەهرە گچکەکان هەمیشە پاشقولگر بوون! ئەو بەهرە بچووکانە لەهەموو دەورو زەمانێکدا وەکو ئێستەیش هەر لەسەر پاشماوەی خوانی بەهرە گەورەکان ژیاون، شیعرەکانیان کەفە ژیلکەن و زوو ئەتوێنەوەو لەبیر ئەچنەوە. تەنانەت ئەبنە پاشکۆی عەقڵی ئەو دوا کتێبەی ئەیخوێننەوە، هەر شەپۆلێک بێت ئەیانبات، دوای نیشتنەوەی هەر شەپۆلێکیش ئەبنە لاشەیەکی فڕێدراوی ئەودیو ئیبداع و پاشەڕۆژ، هەر خۆیشیان لەناو خۆیاندا خوێنەرو ڕەخنەگرو جەماوری یەکن و یاسای بڕانەوەو کۆتایی هاتن، یان تێپەڕاندن و نوێخوازی و گەورەیی و بلیمەتی، بۆ خەڵکی ترو خۆیان دەرئەکەن.. ئەمە کارەساتی لە خۆبایی بوونێکە کە هیچ دەسەڵاتێکی عەقڵ و ئەفراندنێکی لەگەڵدا نییە. لە پرسیارەکەی پێشووتدا وتبووت *"مەرگ هاوتای بابەتی شیعرەکانتە، مەرگ لە پێناو زیندوو بوونەوە"* هەڵبەت گومان لەوەدا نییە، ئەم قسەیە بۆ حاڵەتی تێپەڕاندن و ئەفراندن و نوێکردنەوەی بەردەوام ئەوترێ، تۆ باس لە خاچی ژیانەوە ئەکەیت! کەچی سەیر ئەوەیە لەم پرسیارەتدا وا نیشانئەدەیت، من بە دەستی خۆم خۆم ئەکوژم، چونکە ئەمە یاسای شیعرەکانی دواییمە، واتە ئەو شیعرانەی ئەکەونە دەرەوەی مەملەکەتی ئیبداع و داهێنان، ئەو شیعرانەی ژیانی تێدا نییە دەقی مردوون! تۆ پێتوانییە لەم حاڵەتەداو لەیەک وەختدا دوو بۆچوونی زۆر پێچەوانەت دەربڕیوە! "ئەمری واقیع"

لێرەدا واتە بە ناچاری خۆبەدەستەودان، یاخی نەبوون و ڕەفزنەکردنی واقیعی سەپاو باو، کە ئەمەیش لە جەوهەردا، مەرگی داهێنانە، "مەرگی شاعیریش" شاعیری بەردەوام گونجاو لەگەڵ دەوروبەردا شاعیری بێخەون و پاشەڕۆژە، بتە شاعیرە، من لێرەدا پێویست ناکات ببمە پارێزەری خۆم، چونکە نیشانە دیارەکان لە ئاگری سەر لوتکە دیارترن، دیسانەوە ئەوە ئەڵێمەوە کە شیعرەکانی دواییم بریتین لە هەردوو قەسیدەی "ئافات" و "پەریزادو گوڵەکەی دوژمنی" لەگەڵ چەند پۆستەرە شیعرێکی تازەو هیچی تر"، بڕوایش ناکەم تۆ لای خۆتەوە، ئەو وتارە ئەدەبیانەی ناوبەناو بڵاوئەبنەوە، خستبێتنە خانەی "قەسیدەو شیعر"ەوە. چونکە من بۆ خۆم ناوی شیعرم لەو بەرهەمانە نەناوەو ڕەنگە لە باشترین حاڵەتدا پەخشانێکی ئەدەبی بن و هیچی تر. ئەم ئەزموونانە ڕیزە چیان و لە نێوان بەرزایی و بەرزاییدا نشێو و دۆڵ و کەندەلانیشیان تێئەکەوێ. ئەمە ئاساییەو لە خەریتەی هەموو شاعیرێکی ئەم دینیایەشدا ئەبینرێن و لەبەرچاون، وەك سەرئەنجامیش یا هەموومان ئەو پرسیارە گرنگە لە خۆمان بکەین -دوای تەمەن و ئەزموونێکی شیعری چیمانکردوە؟! خستنەسەروو پەرەپێدانمان چین؟! هەڵبەت بەرلەوەی وەڵامدانەوەی خۆمان بکەینە شایەت، ئەبێ گوێ بۆ دەرەوەی خۆمان ڕابگرین و ڕێگە بدەین کەسانی تر بدوێن، دوای هەموانیش ئینجا خۆمان قسەی خۆمان بکەین!

■ دەگەڕێینەوە سەر کاریگەریتی دەوروپشت، زەمانێک کە وانەی ئەزموونی دەوروپشت بوویت،واتا تیشکت دەهاویشت، ئەوانەی دیکە دەیانقۆزتەوە، ئێستا من وای دەبینم- اقتناصی هەندێ تیشک دەکەیت، جیاوازە لە دونیای شیعری تۆ، دەکرێ ئەم لێکدانەوەیە جێی خۆی بگرێ؟

□ من ئەگەر ناوبەناو کاژ فڕێنەدەم و کاژی نوێ نەپۆشم ئەمرم، من بەو کاژفڕێدان و کاژ گۆڕین و نوێبوونەوەو هەمەڕەنگیە ماوم، بە شپرزەیی و ئارام نەگرتن لە هیچ بەندەرێکی ژیانداو تاسەر، من ناتوانم بژیم، ئەگەر یەك ئەزموون چەندە گەورەیش بێ لەناو خۆیدا گیرم بدات، بە کورتی من ئەو باڵندەیەم ناتوانم گۆرانی بۆ تاقە درەختێ بڵێم، هەرگیز یەك

باخچەیش نیشتمانی شیعرم نەبوە، سوورانەوەو گەڕان و تاقیکردنەوەی هەمەجۆر، من لە سەفەرێکی شیعریدام و کۆتایی بۆ نییە، هەر لەبەرئەوەیشە دنیای جیاجیای شیعر، گیانم تازەئەکاتەوە، زمانی دەربڕین و دنیای "من تینویێتیم بە گڕ ئەشکێ" جیاوازەو زۆریش جیاوازە لە دنیای "کازیوە"، هەروەها شارەکانی دیوانی "دوو سروودی کێوی" لەگەڵ "رووبار"، یا زمان و وێنە لە "کۆچ"داو ئینجا زمانی "کەشکۆڵی پێشمەرگە"، من پێموایە ئا لێرەوە جیاوازیی "دەنگ" و "دەنگدانەوە"و "رەنگ"و "رەنگدانەوە" لەنێوان بەهرەی پرشنگدارو بەهرە بچوکەکاندا بەدەرئەکەوێ. تۆ بڕوانە زمانی "پۆستە شیعرەکان" و لەهەمانکاتدا زمانی "چیرۆکە شیعرەکان" کە جاری وابوە هەر لەیەك ساتەوەختیشدا نووسیومن. ئەگەر یەکێ شوێن پێی شیعرەکانی هەڵگرتبێ، هەر لەسەرەتاوە، تا ئەمڕۆ بە ئاشکرا کۆمەڵە ڕێچکە شێوازێ بەدیئەکات کە وەك کۆمەڵێ تان و پۆ، ئەزموونی منیان چنیوە. هەندێجاریش تەقینەوەی کارێزە شیعرێکی ئەمڕۆم، ڕەنگە بۆ سەرچاوەیەکی دوورتر لە ئەزموونی خۆمدا بگەڕێتەوە، بۆ نمونە، هەردوو قەسیدەی ئەم دواییەم "ئافات" و "پەریزادو گوڵەگەی دوژمنی" وەك دوو ڕووبار، سەرچاوەکانیان وان لە شیعرەکانی "گینگڵ" و "تۆ هەوریت و ئەتبارێنم" و "قەقنەس" و هەندی قەسیدەی تری دیوانی "من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ"دا، ڕەگەکان ئەوانن، هەڵبەتە لە ئێستەدا بە تێن وتاوێك و ئیزافەی ترەوە، بە نوێبوونەوەی ڕوانینەوە، بە مشت ومال کردن و بژارکردن و داڕشتنەوەو بیناکردنەوەی تازەترەوە، چونکە ئەفراندنی ئەمڕۆم، زمانی تازەو دنیای جیاوازتری ئەوێ، لە سەرێکی تریشەوە هەر لەو بەکارهێنانی ئەمانی جیاو دنیا هەمە ڕەنگانەوە، دەسەڵاتی شاعیری بەهرەدار دەرئەکەون. من بۆ خۆم خاوەنی چاوگی ڕووناکیم، لەبەر ئەوە (اقتناص)ی هیچ تیشکێکم نەکردوە، بە تایبەتی لە ئەزموونی شاعیری کوردەوە، چونکە ئەگەر وابێ ئەتوانین ناوی ئەم (اقتناص)ە بە جۆرێکی تر لە هەموو کارێکی ئیبداعی شاعیرانی تریش بنێین، یان هەر لە ئەسڵدا ئەو ئەزموونانە بە هی کوردو ڕۆژهەڵات ئەزانین بڵێین "ئیستراد" کراون! ئەو وێنە دژانەی ئێستە لەگەڵ قەسیدەی ئەمڕۆماندا ئەیانبینم من لە "ناوی

تینووی"ی ۱۹۷۲ەوە بەکارم هێناون، ئەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە، ئاساییشە من ئەگەر ئەزموونێکی خۆم لە شیعردا تەواو نەکردبێ و ئەمڕۆ بچمەوە سەریان و جارێکی تر بەپێی دەسەڵاتێکی هونەری تر، بیانهێنمەوە ناو تاقیکردنەوەی ئەمڕۆم، سەرلەنوێ ئەزموونەکە هەڵبشێلمەوە. تۆ بڕوانە قەسیدەی "دەربەندی پەپوولە"و دنیاکەی، ئەم کارە هەر دوابەدوای یا لەیەک وەختدا لەگەڵ هەندێ شیعری ناو تاقیکردنەوەی "کەشکۆڵی پێشمەرگە"دا نووسراوە، بەڵام دنیاکان چەند لەیەک دوورن، یان بە واتایەکی تر سەبکەکان لە نێوان هەردوو زمانەکەدا چەند لە یەکتر جیاوازن. بە کورتی کە ئەزموونەکان جیابوون، دنیاکانیش جیائەبن، ئەمە جگە لەوەی بابەتی شیعر، جۆری جیهانبینی، بزوتنەوەکانی ناو بابەت و بیرۆکەکانیان، ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر ئەوەی (دنیاکان) لەیەک جوێببنەوە، بۆ نمونە ئەگەر بابەتێ، هێمایەک، وێنەیەک، لە جیهانی سۆفیگەرییەوە هەڵقوڵێن، ئەوا دیارە زمانی دەربڕینیش، جیهانەکەی، دەلالەتەکان، وێنەو کەش و ئاووهەوای قەسیدەکانیش تێکەڵ بە وەجدی سۆفیگەریی ئەبنەوەو ڕەنگی ئەو ئەگرن، هەربۆیە "دنیای ئافات" دنیای "داستانی مامەیارە" نییەو دنیای "پەریزادو گوڵەکەی دوژمنی" جیهانی "داستانی بەردەقارەمان" نییەو، گۆڤارەکان یەک کاڵا ناپۆشن.

■ لە نێوان دەسەڵاتی سەرچاوەدارداو دەسەڵاتی تێڕامان، زۆرجار شیعر بە مانا ویژدانییەکە نامێنێ و پابەندی ئەقڵانییەت دەبێ بە دەسەڵاتی یەکەم، بەڵام هی دووەم مولکی خەیاڵە، چۆن پارسەنگی نێوان کتێب و خەیاڵ دەکەیت، باوەڕت هەیە بەوەی کە شیعر جێگەی دونیای مەعریفەی تیا ببێتەوە، یاخود جیاوازی نێوان عەوالیمی شیعری و عەوالیمی مەعریفی چۆن دەبینی؟

□ دیارە ئەزانین کە "زمانی شیعر" بەر لە هەموو شت "زمانی هەست و ئەستە" بە هەموو فراوانی و ئاڵۆزی و چڕو پڕی و هەڵچوون و داچوونێکەوە، زمانی هەژێن و موعاناتە، زمانی چاوو دڵ و گوێ و دەروون و ئاخە، نە خەریتەیەکی دیاریکراوی هەیەو نە قاموسی هەڵگری یەک تەفسیر، ئەشێ تاقە وشەیەک، یان وێنەیەک، ئاوس بێ بە چەندین مەدلول، بە چەندین ماناو بە چەندین ڕەنگ و سێبەرو پەلوپۆی تر، بە تایبەتی لە شیعری نوێ و

بزوتنەوەی تازەگەریدا تا دێت زمان بەرینترو قوڵتر ئەبێتەوە، بۆتە گەردوون، لەم زمانە سیحراوییەدا وەك مەنتیقی عەقڵی ئەو دەرئەنجامە جێگیریانە نییە وەك لە دنیای زانستدا ئەیانبینین، لە شیعردا عەقڵ باڵادەست نییە، شەپۆلەکانی هەستو ئەستو ئاسۆی خەیاڵو زمانی (مەجاز) شیعر ئەرسکێنن، "دڵم مانگێکی غەمگینە" یان "ئەستێرەکان هەموو شەوێ خۆیان ئەکەن بە هۆبەی گیانما" ئەم وێنانە، ئەم جۆرە زمانە، جێگەیان لە جیهانی زانستو مەعریفە زانیاریەکاندا نابێتەوە، نامۆن بەو قامووسانە، کە بۆ زاراوەیەك یان وشەیەك، مانایەکی سنووورداری بڕاوە جێگیر دەکرێ، کەواتە یەکەمین جیاوازی لە چۆنیەتی دەربرینەوەیە، شیعر زادەی خەیاڵو خەونە، زمانی نهێنیەکانی گەردوونە، ڕەنگە لە دوا دارشتنەوەدا، لەدواجاردا (عەقڵ) لە جۆرە "ڕێکخستنەوەیەکدا" ئامادەیی هەبێت، ئەشێ ئەم لێکدانەوەیش دەربارەی هەردوو ئەو دەسەلاتەی تۆ باست لێوە کردوون، کەموزۆر بیانگرێتەوە، لە ساتەوەختی هەژێنو خۆخواردنەوەو نێرینەی شیعر نووسیندا، لەو ساتانەدا کە ئیتر "شاعیریش" خۆیداوە بە دەم ڕووبارەکانی دەروونەوە، ڕکێفی لە دەست خۆشیدا نەماوە، لەو ساتانەدا، زمانێکی نهێنی ئەفسووناوی دروستئەبێ، کە لە بازنەی زمانە باوەکەی گفتوگۆکردنی ڕۆژانە دەربازئەبن، وەك ئەوەی بەرەو هەرە شوێنە نادیارەکان باڵبگرن، تەنانەت لەو "ساتانە"دا شاعیر لە جەستەی خۆیشی دائەبڕێو ئەبێ بە "یەکێکی تر"، ئەم حاڵەتانە زۆر لە حاڵەتی "حاڵ لێهاتن" و "خەڵوەتی سۆفیگەرانەوە" نزیکە، وەك بە دەم بوورانەوەیەکەوە بنووسێ، وەك ڕۆیشتن بە دەم خەوەوە، نازانم. ڕاڤەکردنی گرانە هێندەی گرانی وردبوونەوە لەمەرگو لە لەدایکبوون.

■ هەندێجار شاعیر وا هەستدەکات دەوروبەر لە کیانەڵادایە، تۆ خۆت هەستێکی وات لا کەڵاڵە بوە؟

□ شاعیر بە شپرزەییەوە شاعیرە، بەو دڵەڕاوکێیانەوە کە بەردەوام ژیانی وەك کەشتیە سەرخۆشەکەی "رامبۆ" لە گەرداوی مەترسیدایە، تەنانەت لە کاتی ئەوپەڕی "دڵنیابوونیشدا" ئەو هەر دڵێکی لە لای گومانو ترسە، وەك ئەوەی هەموو سات چاوەڕێی

کارەساتێ بکات،.. یان بە تەمای زەنگ لێدانێك بێت بەو جۆرەی کە دڵی خەبەری داوەتێ. ئارامیو شاعیر ئاتەبان، یاخود زۆر بە گومانەوە لە یەکتر وردنەبنەوە.. ئەم خەیاڵو خەونەی خۆی، پێش هەموو شتە مەنتقیەکانی تر ئەخات، هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو حاڵەتەی کە تۆ باستکردوە لای شاعیر زۆرجار لە شێوەی ترسو دوودڵی چاوەڕوانکردنێکی مەترسیداردا خۆی ئەنوێنێ، هەروەکو بەردەوام لەسەر ژێلەمۆیەك دانیشتبێ وایە، یان پشکۆیەك لەناو گیانیا بێو هەمووکات پیایدا بچزێ، ئەم شپرزەییو ترسو گومانە بۆ لای هەموو سەرئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوت ئەبات، پرس ئەکاتو پرس ئەیوروژێنێ، لێرەوە دروستبوونی ئەو حاڵەتانە بۆ خۆیو بۆ دەوروبەر، بە تایبەتی ڕەنگە لە ساتە هەرە "هێمنەکاندا" سەرهەڵبدەن.. پێچەوانەکەیشی هەیە، ڕەنگە لە حاڵەتە هەرە ناخۆشەکانداو لە واقیعێکی زۆرتاندا.. ئەو هەستی بووژانەوەو سەرکەوتنەی لەلا دروستبێ..

■ ئافرەت بۆ ئینسانی خۆرهەڵاتی غەیبە، لە ئاسۆی میتافیزیک نزیکدەبێتەوە وەك لێکدانەوە، هەوڵدان بۆ -امتلاک- کردنی، هەوڵێکە بۆ گۆڕانی میتافیزیکی ئافرەت بۆ مادەگەرایی جەستە، ئەمەیان چۆن دەخەیتە فەرمۆلێك، ئایا شیعر هیچ هەوڵێکی لەم بوارەدا هەیە لە ڕێی دیدی گەورەوە ئەم واقیعە ڕاو بکات.

□ ئەو مێژوەی عەقڵی سەلەفیو بەردینی لەخۆرهەڵاتدا دروستیکردوە، مێژووی چەوسانەوەی بەردەوام بوە، ئەم بەرداشەیش لە هەموان زیاتر ژنانی هاڕیوە. ژن وەك ئادەمی، وەك مێینە، وەك جەستەیەکی زەلیلو گیانێکی دەرزی ئاژن کراو، دەسەڵاتی سەپاو بە دەمی شیرو شمشێرو خەنجەر، دەسەڵاتە غەیبیەکانیشی لەگەڵدا بوە، بۆ ئەم سەرکوتکردنە گەواهی دەسەڵاتە میتافیزیکەکەشیان مسۆگەر کردوە، بۆئەوەی ئەو مێژوە - کارگێڕانی ئەو مێژوە چیان ویست، بێ دوودڵی بیکەن، هەڵبەت واقیعی ئەم نابەرامبەریو زوڵمە بەردەوامە، لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو خۆرهەڵات خۆیەوە سەری هەڵداوە، ژن کە ئامادەیی کۆمەڵایەتیو ئینسانیو مافی کەسایەتی خۆی نەبوو، ئەبێتە جۆرە غەیبێ، واتە وەك نەبێ وایە، چونکە دەوری مرۆڤانەی سڕاوەتەوە، هەڵگێراوە،

هەڵپەسێرراوە کاری پێناکرێ. وزەیەکەو دیل کراوە.. ژن لەم جۆرە کۆمەڵانەدا، ئەبێتە شمەك و ئیمتیلاککردنیشی هەر وەهایە، چونکە بەها ئینسانیەکانی نەبوون، ئینسانیشی نابێت، لە کۆمەڵێکدا کە بەها ئینسانیەکانی نەبوون، ئینسانیشی نابێت، لە کۆمەڵێکدا کە بە تەنها پیاو پاوانی هەموو شتێ بکات، پیاو دروستکەری یاسا، پیاوی ڕژێم، پیاوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، پیاوی بازاڕ، پیاوی حیزب، پیاوی گەڕەك و هەموو شتێ، دیارە نیتر چۆن ژن دەکاتە بەرامبەری مرۆڤ، یان بە واتایەکی تر چ "مرۆڤایەتی"یەکی بۆ هێڵراوەتەوە، هەر لەبەر ئەوەیش لەم خۆرهەلاتەدا، مێژووی ئێمە تا ئێستە مێژوویەکی نوقستانە، مێژوویەکی نیوە پەککەوتەیە.. مێژوویەکە یەك چاو، یەك دەست و یەك قاچی هەیە..

■ کەوانە پەیوەندی شاعیر - خۆشەویستی شاعیر بۆ ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتدا سروتێکی میتافیزیکە- تەنها شیعرە- غەیبە لە جەستەیەکی هەبوودا، ئەوکاتە حاڵەتەکە گەورەتر دەبێت کە -امتلاك- کردن هۆیەك نەبێ بۆ پەیوەندی.

□ بنەماو پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە باڵادەستەکان، هەر ئەوانیش لەم کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتەو لە کوردستانیشدا دەستنیشانی جۆری "هۆشیاریی" و پەیوەندییەکانی نێو چینەکانی کۆمەل دەکەن، بە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ژن و پیاویشەوە، "حیرمانی خۆشەویستی" و پەیوەندی نائاسایی نێوان پیاو و ژن، واتە دابڕانیان لە یەکتر، لە سەرچاوەی حیرمانە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هاتوون، ئەم نامۆییەی نێوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو، دەسەڵاتی عەقڵی کۆنەپەرستانە، دواکەوتوانەو غەیبیانە بە وجودیان هێناوەو ئەو دیواری لێك جیاکردنەوەو نابەرامبەری و نایەکسانیانە، ئەوان هەڵیان چنیوە، یاسا باوەکان و دەسەڵاتی سەرکەوتکەرانەی ئەوان پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ژن و پیاویان -وەك شاعیرو وەك مرۆڤیش- کردوە بە پەیوەندیەکی نادروست و نەگونجاو لەگەڵ یەکتردا، یان بە واتایەکی تر حیرمانیان- کردوە بە شمشێری نێوانیان و بەمجۆرە، دابڕان و لێك ترازانێکیان لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا

دروستکردوە، کە دەرفەتیان لە بەردەمی هەموو خۆشەویستی و لێك نزیك بوونەوەیەکدا بەستوە، چ پیاو بۆ ژن، چ ژن بۆ پیاو، بەکورتی خۆشەویستیان "خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤیان" وەکو تلیاك قەدەغەکردوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی، کە ئەوان بۆ خەڵکی تر خستویانەتە خانەی تاوان و ناشەرعی و ناقانونییەوە - بە دەسەڵاتەکەی عەقڵی خۆیان- بە قانونی خۆیان، بۆ خۆیانیان حەڵاڵ کردوە! لە کۆمەڵگای نایەکسانیدا، خۆشەویستی -ژن بۆ پیاو و پیاو بۆ ژن- لەسەر بنەمای حیرمانێکی گەورە بنیاتنراوە- زیندانی کراوە- بە هەزارو یەك زنجیر کۆت و پێوەند کراوە، لەم کۆمەڵگایانەدا "خۆشەویستی" قوربانییەکی بەردەوامەو هەموو ڕۆژێ خوێنی ئەم خۆشەویستییە بە جەستەی مێژوومان‌دا دێتە خوارەوە، لای ئێمە ئەم خۆشەویستیە هەر لە تاریکیدا ئەژی و پەل ئەکوتێ -ماوەی ئەوەی نەدراوە ئازادانە بجوڵێ و ژیان جوانتر بکات، هەر لەبەر ئەوەیشە نێرو مێ یەکتر ناناسن، تەنانەت ئەوکاتەی ئەشبنە هاوسەری یەکتری، هەر نامۆن بەیەك و جاری وا هەیە تا مردنیش لە یەکتر ناگەن! بە کورتی، ڕەگەزی نێرو مێ لە خۆرهەڵاتدا، دیوارێکی ئەستووریان لە نێواندایە، ئەم دیوارە لە دەروونەوە، بە حوکمی یاساکانی عەقڵی سەلەفی هەڵچنراوە، دیوارەکەیش دیواری هەزاران ساڵەیە، هەر پیاویش دروستکەری ئەم دیوارەیەو پاسەوانیشێتی، ئەوەی لەم دیوارەیش هەڵگەڕێتەوە -لە چینی دیوارەکان ئەنرێ- و سەرئەنجامیش کۆتایی بە "جەستە" ئەهێنرێ و ڕەجمیش ئەکرێ.

■ دەکرێ بێژم قەت تووشی "وەجد" بوویت بە واتای سۆفیکەرێتی؟ ئەو پەیوەندییە چ مەقامێکی بۆ تۆ هەبوە؟ ئەمەش سێیەری پرسیاری پێشووم بوو.

□ بەلای منەوە "وەجد" ئەو حاڵەتەی کە خۆشەویستی ئەگاتە ئەوپەڕی پلەی سووتان و توانەوە -ئەو ساتەی جەستەیش لە مەداری سروشتی خۆی دەرئەچێ و باوەش بە مەرگدا ئەکات. ئەو ساتانە، تەنها هەر تایبەت نین بە ژیانی سۆفییەك و خەڵوەتی تێرامان و شەوقی ئەوان، بەڵکو ئەم وەجدە -توانەوەی زاتێك لە خۆشەویستی زاتێکی گەورەتردا- لای شاعیران و هونەرمەندانیش خەڵوەت و ئاگری خۆی هەیە. خەڵوەتی عەشقی وشەو ڕەنگ و

پەیوەندیگرتن لەگەڵ خەون و ئەو پاشەڕۆژەدا کە هێشتا لە پشتی غەیبدایە، هەموو کارێکی داهێنان، سووتانەو تێڕمانان و توانەوە، جۆرێکە لە وەجدی عاشقانەو لە خەڵوەتی خەیاڵ و ئەندێشەو خەڵقکردنەوە، شیعریش میحراب و ئیشراقی خۆی هەیە، من بۆ خۆم لەو حاڵەتە شیعریانەدا کە ئیتر ئاگام لە زەمەن نامێنێ، نازانم لە کوێم و لە شوێنێکیشم، ژوورەکەم و مێزەکەم و دەوروبەر، پەیوەندیم لە گەڵیاندا ئەپسێ، هەر هەموویان و جەستەیشم ئاوێتەی ڕووبارە نهێنییەکانی زمان ئەبن و -خەیاڵ داگیر ئەکات- ئەو ساتانەی ساتی "وەجدی شیعریین" ساتی تێڕامان و نوقمبوون لەناو ئیشراقی شیعردا، ئەم حاڵەتانە ئەفراندن لەگەڵ خۆیاندا ئەهێنن و لە قوڵاییدا ناخی وشەو زمان تێکڕا ئەهەژێنن و نهێنییەکان لەو قوڵاییەوە بەرەو ژوور ئەبنەوەو جارێکی تر "خوڵقاندنەوە"ی نوێیان تێدا زاووزێ ئەکات، نووری شیعر لە ئازارە گەورەکاندا هەڵدێ و بە ئاوا بوونیشیان، ئەمیش ئاوا ئەبێ. باوەڕ ناکەم شاعیرێ یان هونەرمەندێ هەبێ بەوجۆرە تووشی ئەو (وەجدە) نەبووبێ، وەجدی شاعیر توانەوەیەتی لەناو زماندا و هەوڵدانێتی بۆ گەیشتن بەو گەردوونی نهێنیانەی کە هەر تەنها خەیاڵ و ڕوانینی شاعیرانە ئەیگاتێ.

■ **بەمجۆرە عیرفانی سۆفیگەریتی لە مەودای ئەو هەموو ساڵەی ڕابردوو لە شیعرەکانی دەربەندی پەپولەو لە زمانی (سەفەرکردن) یا لە زمانی -گەڵاڵەبوونی سوارانی دەربەندی پەپولە، زیتر لە مژدەی هاتنی "مەسیحێ" لە وێنەی ئەسپەشێدا دێت، خۆت دەتوانی تروسکەیەک لەمە وەدەرخەی.**

□ بوون و نەبوونی جەستە، ئەتەوەو مێژوو، ئەو تەوەرو جومگە دیارانەن کە شیعرەکانی منیان بە دەوردا ئەسووڕێنەوە، ئەشێ بڵێم شیعر لای من: هاواری خاکی کوردستانە، زریکەی جەستەیەکی کوتکوتکراوە، یان تەنینەوەی چیمەنی ئازارە بە ئەخشەیەکی سووردا، لەهەمانکاتدا چاوەڕوانی عاشقێکی تینووی ئاو لە چاوە، ئەگەر سروشت و ئەو جەستەو هاوارە لە شیعرەکانم دەربهێنن، هیچم بۆ نامێنێتەوە! "یەکێک لەو وێنانەی لە مێردمنداڵیدا بۆ یەکەمجار دیم و ڕایچڵەکانم، یان تووشی سەرسام بوونێکی پڕ لە

ترس و لەرزی کردمو یەکەمین پرسیار دەربارەی مرۆڤی کوردو وجودی نەتەوەیی، لا دروستکردم وێنەی پێشەوا "قازی محەمەد" بوو بە پەتی سێدارەوە، لەو "وێنەیەوە" تا ئەمڕۆ، بەردەوام دوو بروسکە لە گیانما چەخماخە ئەدەنەوە، برووسکەی مەرگ و برووسکەی ژیان.. برووسکەی خۆشەویستی ئازادیو برووسکەی ڕقێکی دۆزەخین بەرامبەر جەللادەکانم! "دەربەندی پەپوولە" سەفەرێکی دوورو درێژی شیعری منە، ڕەنگە شاعیرێك بە درێژایی تەمەنی شیعری خۆی هەرچەند جارێك سەفەرێکی وا دوورو درێژ بکات بۆ کیشوەرەکانی دۆزینەوەی نهێنیو ناو وڵاتی خەونو مێژوویەکی هەمیشە برینداروو ماندوو. من بۆ خۆم نامەوێ سۆفیگەرێتی بکەم بە تەوەرو فەزای گشتی ئەم قەسیدەیە، یان بە جۆرێکی تر ڕەوانەی خولگەیەکی بکەم کە خۆم لێی بە گومان بم -واتە ڕاڤەی زیاد لە قەوارەی خۆی بۆ بکەم، بێگومان "دەربەندی پەپوولە" سەفەرەو پرسیاری ڕێگایەك کە ئەوسەری دیار نییە.. دەربەندی پەپوولە پرسیاری نادیارە، "پرسیاری ئازارە" پرسیاری نامۆییو خۆشەویستیە، لەو ساتەوەختانەدا کە شاعیر بەتەواوی هەست بە بزربوونی وجودی خۆی ئەکاتو لە جیهانێکی کەپوڵاڵدا وێڵنەبێو چارەنووسی بە وێنەی شووشە بادەیەکی شکاوی لێدێ.

ئا لێرەوە تیشکێکی سۆفیگەرێتی لە کڵاوڕۆژنەی ئازارەکانی ئەو سەفەرەوە خۆی ئەکات بە دەروونی تووناو تووني قەسیدەکەدا، بە تایبەتیش لەو مەنزڵانەدا کە دیالۆگی غوربەت لەگەڵ سەرانی گەورەی نامۆیی ئەدەبی ئێمەدا، مەولانە خالید، حاجی قادر، نالی تێکەڵ بە بوونو نەبوونی مێژوومان دەبن. مێژووی ئێمە، لە ناوەوەو لە دەرەوەیش هەر مێژووی نامۆیی بوە، مێژووی عەشقێکی ناکام بوە، ئامادەبوونی تازەی نالی، حاجی قادر، مەولانە خالیدو شەریف پاشا لە دەربەندی پەپوولەدا، بە واتای ئامادەبوونی ساڵەهای ساڵی ژێردەستیو تێکشکانو نوشوستیو هەڵدێران دێت. تێکەڵبوونەوەی هەردوو مێژووی دوای هەڵەبجەو سەردەمی شێخی بەردەقارەمان لە دەربەندی پەپوولەدا، دووبارەبوونەوەی هەمان چیرۆکی تراژیدی بوونو نەبوونمان ئەگەیێنێ، ترس، دڵەڕاوکێ، هەستکردن بە مەرگی

خۆت و دەوروبەرت و ئەنفالەکان و سڕینەوەی بوونت، ئەمە لە کاتێکدا کە شاعیر بە جەستەیش لە وڵات دوورەو نازانێ چ چارەنووسێك چاوەڕوانی خۆی و منداڵەکانیشی ئەکات! نازانێ وەك تەرم ئەگەڕێتەوە یان بە زیندوویی.

"من لە سەرەتای ١٩٩١دا قەسیدەی دەربەندی پەپوولەم تەواوکرد، ڕەنگە ئەگەر بکەوتایەتە ڕۆژانی ڕاپەڕین نەمتوانیایە بینووسم، یان شتێکی ترم ئەنووسی، چونکە ساتەکانی نووسینی دەربەندی پەپوولە، تروسکاییەك نەبوو، لە دووکەڵ بەولاوە هیچی تر نەبوو" ئەو ساتانەیش ساتی دابڕان بوو، ساتی خەڵوەت، ساتێ کە کەلاوەو بایەقوش بریتیبوون لە وڵات، لە وجوودو لە واقیع. لێرەدا شاعیر پەنا ئەباتەوە بەر ڕابردوو بۆئەوەی بیکا بە ئێستەی شیعرو بە مۆمی داهاتوو- لەبەرئەوەی تەنها زەمانێکە کە یادگارو خەون و شیعری تیا پارێزراو بن، ئێستە کاتی نووسینی قەسیدەکە، نەبوونەو داهاتویش نادیارە، یان نقومی دووکەڵە، یان مردنە! مردنی هەموو شت، کەواتە ڕابردوو ئیتر ئەبێ بەتاقە پەناگەو شاعیر لە پاشخانی بیرەوەریدا ئەگەڕێتەوە لای و سەرلەنوێ پێیدا ئەچێتەوە، زەمان لە دەربەندی پەپوولەدا ئێستەیەو ڕابردوەو داهاتوویشە، ناوبەناو تێکەڵیش ئەبن، چاوەڕوانی نالی و بەیەکگەیشتنی شاعیری "ئێستە" و "نالی" ڕابردووو داهاتویشە.. کە دیارە نالی هەر نایەت و ئەوەی ڕوو ئەدات هەر لە خەیاڵی شاعیر خۆیدایەتی، ئەم جیهانانە: سووتان و چاوەڕوانی، گۆشەگیریی و دابڕان لە دنیا، شۆڕبوونەوە بە ناخدا تا سەر ڕەگ ڕابردوە، گریانی گیان، تەنیایی و خۆخواردنەوە، نامۆیی خۆت و دەوروبەر، ئەم دنیایانە لە دنیای سۆفیگەرییەوە، دوور نین و چەندین جەمسەر بەیەکیانەوە ئەبەسێتەوە. لە دەربەندی پەپوولەدا، نالی مەسیحێکی ترە، هاتنەوەی شێخ مەحمود، گەڕانەوەی هیوایەکە، بەڵام بەردەوام تان و پۆیان هەر ئازارو تێکشکانە، دووبارەبوونەوەو هەزاربارە بوونەوەیەك سەرئەنجامن کە ئەویش نوشوستی بوە، ئەم نوشوستیە وەك خوێنی قەسیدەکە وایەو لە سووڕانەوەدایە، ڕێبوارانی سەر ئەو ڕێگا دوورو درێژەش کەسانی وەك حاجی قادرو نالی و مەولانا، شاعیرن، دەربەدەرەکانن، بێ شوناسنامەکانن، بێ نیشتمانەکانن. دەربەندی پەپوولە

قەسیدەی صەلیبەو خۆڵەمێشی جەستەی کوردە لە بەژنی صەلیب و خۆڵەمێشدا، هەزارانی وەك حەللاج و مەسیح و نالی، ئەم سەردەمە، بێ ناوو ناودار، ئەم مێژوە سەرسوڕهێنەرەیان خولقاندوە.

■ عیرفان لێرەدا مەبەستم- سووتان بەدوای مەبەستەو گەڕان بەدوای ڕاوکردنی ناسەواری فڕینی مەلێك، ئەمە ئەوپەڕی سۆفیگەریتیە، کەواتە تۆ ناسەوار بەسەردەکەیتەوە، کەواتە تۆ پابەندی ڕابردووی.

□ هەرگیز وجودی بێ ڕابردوو نییە، ئێمە ناتوانین بە حەزی خۆمان -با نکوڵیشی لێ بکەین- ئەو ڕابردوە لابەرین و بیسڕینەوە. عیبرەت لەوەدایە چۆن لە ڕابردوو بدوێین -نەك ناوڕی لێنەدەینەوە. بەلای منەوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بە ژیانەوەی نییە -یان دووبارە کردنەوەی-، یان ڕوانین لە چاوی ڕابردوەوە بۆ ئێستەو بۆ داهاتوو، یان تەقدیسکردنەوەی گوتارەکانی، نەء - بەڵکو هەڵشێلانەوەیەتی، بە واتایەکی تر باسکردنەوەیەتی بۆئەوەی ڕێگای پاشەڕۆژ چاکتر بناسین، بۆئەوەی لە ڕووکردنە داهاتوومان پشت ئەستوورتر بین، ئەم کێشەیە لە ئەدەبداو بە تایبەتی لە شیعردا، بۆتە هۆی مشتومڕێکی زۆر.. یەکێك لە سەرچاوەکانی شیعرو شیعرە تازەکانی داستانەکانە، کانی ئەفسانەکانە، یان گەڕانەوەیە بۆ "منداڵێتی گەردوون" سەرەتاکانی بەرائەتی ژیان و کانی سیحرەکان و طقوسی بە کۆمەڵی مرۆڤ لەناو جەرگەی سروشتداو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ زمانی کردگاردا لەگەڵ زمانی دارستان و بەردو ئاگرو نهێنیەکاندا.. گەڕانەوە بەرەو لای نهێنی مردن و دنیای خوارەوەو مەسەلەی نەمری و مانەوەی تاهەتاهەتا" تا ئەمڕۆیش شیعر هەر پرسیارە گەورەکەی (گلگامش)ە دەربارەی مردنی ئەنکیدۆ؟! سۆراخەکانی "مەردوخ"ەو سەرسوڕمانەکانی زەردەشتە؟! چی لە مردن کۆنترەو چی لەویش تازەتر، ئەمە پشتکردنە داهاتوو نییە، یان پەرستنی عەقڵی کۆنینە، بەڵکو شاعیر هەمیشە ئەو منداڵەیە کەوا ئەزانێ بۆ یەکەمجارە شتەکان ئەبینێ و ئەپەرستی، هەموو جارێ وا ئەزانێ یەکەمجارە درەخت ئەبینێ، شاخ ئەبینێ، لە مردن ڕائەمێنێ، گوێ لە یەك شنەبا ئەگرێ و هەموو جارێکیش وا

ئەزانی یەکەمجارە شیعر ئەنووسێ: پابەندی ڕابردوو و ئێستەو داهاتووی بۆ ناهەژێنرێ، ئاینده نەبینە، بێخەونە، دیلی یەك زەمانەو لە ڕووناکی ئەترسێ، ڕووناکی ئەوەی نەهاتوە، تیشکی ئەو خۆرانەی که هێشتا هەڵنەهاتوون و ئەبێ هەڵبێن. ئاسەوار بەسەرکردنەوە لای کۆنەپەرستان هەر بە کۆیلەیەتی ژیان و بە کۆیلەیەتی بیرکردنەوەیە، یان کۆیلەیەتی ئەقڵە، بەلام لای شاعیر زۆرجار بەسەرکردنەوەی سەرزەنشتکەرانەیە، زۆرجاری تریش بۆ ڕووخانیانەو بۆ بنیاتنانەوەی تازەیە لە جێگەیان، هەندێجاری تریش بۆ "مەسح"ی تێرامان و تێگەیشتنە لەو ڕابردوانە، ئەم بەسەرکردنەوانە بۆ خەیاڵی شاعیر، هۆی گەشانەوەی زمانە، یان بە واتایەکی تر، ئەو ئاسەوارو یادگارو بیرەوەریانە، لە بەسەرکردنەوەی لێوردبوونەوەدا، داهاتوو خۆشەویستتر ئەکات. تاریکی بینین، بەهای ڕووناکی گەورەترو بەنرختر ئەکات، لە ساتەکانی نوشوستیدا ئاسەوارەکانی ڕابردوو، ئەو شوێنەوارو کەلاوانەی لە زەمانێکدا، مێژووی سەروەریەك بوون، خۆیان لە خۆیاندا هاندانێکی ڕۆحین بۆ خۆشیەکانی ئاینده. ڕابردوو دووکەڵێکی بەبا چوەو داهاتوویش خەونەو نادیار، زیندووترین کات "ئێستەیە"، ڕابردوو پەندە بۆ ئەوانەی لەدایکئەبن.. شیعریش پێوانەیەك ناگرێتە خۆ، زەمانێك ناگرێتە خۆ، ئەوەتا ئێمە لە ئێستەدا ڕەنگە عاشقی شیعرێك بین کە بەر لە سەدان ساڵ نووسراوە. خۆشەویستی خۆشەویستیەو شیعریش شیعرە.

من بۆ خۆم مەلێکی شپرزەی شیعرم  
هەر بۆیەیش هەرگیز هیچ قەناعەتێکم  
نەکردوە بە هێلانەی سەرو مری خۆم  
ئەی نابینن هەموو جار لە ئاگرێکی تازەدا  
ئەسووتێم!

---

**سەرچاوە**

**بەفرو ئاڵەکۆك، پرس و ئەزموون لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، کەریم دەشتی، کتێبی کاروان، هەولێر١٩٩٣**

▫ سا : عەبدوڵلا تاهر بەرزنجی

chalakmuhamad@gmail.com

# شیعرو مەنفاو نوێگەرێتی

(١٩٩٣)

■ **شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە هیچ پێویستیەکی بەتاریفکردن نییە.. دیوانە زۆرەکانی، رۆڵی وەکو پێشڕەوێک، چالاکی جۆراوجۆر دەبینن، شێرکۆ دەنگێکی گەورەیە خۆی خۆی پێشکەشدەکات، بەڵام ئێمە بە پەرۆشین بزانین لە مەنفا چی کردوە؟**

□ کە سەرچاوەم بەجێهێشت، ئیتر بووم بە ڕووبارێکی سەرهەڵگری ژانگرتوو، "بە ڕێگەیەکی درێژی لەوەبەر نەدیوەوە".. لە کەنارە جوگرافی و نەفسیەکانی خۆم ترازام.. لە لانکە دوورکەوتمەوە.. ئەم هەڵبژاردنە لە نەخشەدانانی دەست خۆمدا نەبوو.. بارودۆخی دژواری کوردستان، چارەنووسێکی دیکەی بۆ هەڵبژاردم.. من خۆم قەت بیرم لەوە نەکردبۆوە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە شاعیرێکی نێو مەنفای دوور لە سەرچاوەو بەوجۆرەی لە دواییدا بینیم، تەنیاییەکی دەم تیژ بمهاڕێ.. من یەکسەر لە شاخەوە.. لەنێو دووکەڵی بۆردومان و تەقینەوەی بۆمباوە.. لە خۆڵەمێشی کوردستانەوە، بەرەو ئەوروپا کۆچم کرد.. ڕووبارەکە نەیئەزانی چۆن ڕێگە ئەبڕێ و ڕوو لە کوێ ئەکات، کۆچێکی بێوادەو سەفەرێکی بێناونیشان و مەنزڵی ونبوو.. وەك ئەوەی "ڕێکەوت" خۆی چیکرد بیکات، هەروایش بوو، ئەم پەڵە هەورە لەسەر کوێ دائەکات؟! ئەم کەشتییە وێڵە لەکام بەندەری غوربەتدا ئەگیرسێتەوە؟ ئێران، سوریا، لەوێشەوە بەرەو ئیتاڵیاو دواتر بەرەو سویدو لەوێ گیرسامەوە.. تەمەنی مەنفای من درێژ نەبوو، وەك ساڵ هەر چەند ساڵێك بوو، بەڵام وەك تەمەنی "موعانات" لە سەدەیەك زیاتر بوو.. ئەزموونەکە نوێ بوو.. دەوروبەر، ژیانی کۆمەڵایەتی.. پەیوەندی مرۆڤ و مرۆڤ.. هەر هەمووی بۆ من تازە بوون.. لە سەرەتادا شیعرم تووشی سەرەگێژە ببوو.. وەك ئەوەی تەندوورییەکی ناو خولم بدات.. باڵندەیەك بموو بە شەوارەی شەوقێکی تیژ کەوتبم. باڵندەیەکی ماندوو بووم، ئەمویست هەر لە یەکەم گەیشتنەوە هەموو ئاسمانی تازە، تەیبکەم، بەڵام نەئەکرا.. من لەوێ تووشی نوشوستی دەروونی بووم، چونکە زمانێکی زیندووی ئەم جیهانەم نەئەزانی. بە پەیکەر ئەچووم.. تارمایی ئافرەت هەموو ژیانی داگیرکردبووم.. بەڵام کلیلی زمان، کلیلی پەیوەندیم پێنەبوو. ئیتر بە ناچاری لەخۆخواردنەوەدا بووم، لەوێش دەنگدانەوەی شاخ و دووکەڵ و سەنگەرو

شەهیدو هاوڕێکانم بووم، بۆیە بەشی زۆری ئەو شیعرانەیش کە لەوێ لە غوربەتدا لەدایکبوون، هەر ئاوڕدانەوەی پڕ لە سۆزی خۆم بوون بۆ لانکەو سەرچاوەو درێژەپێدانی هەمان ئەزموونی وڵات، بەڵام تێکەڵ بە جۆرە کرووزانەوەیەکی غەریبی.. لە ئاوارەییدا "تەنیایی" بۆ نیمەومانان سەرچاوەی داهێنانە، تەنیاییەك کە بە هەموو لایەکدا پەلنەهاوێ. نامۆیی بە لەش، بە زمان، بەخاك، بە هاوڕێ، تەنانەت بە جیاوازیی سروشت.. مێژوو فڕێتێدەداتە دەرەوەی خۆی.. مێژووی تەمەنت.. ئەمە مێژوویەکی ترە، کات و شوێنێکی جیاوازتر. لەدوای ماندووبوون، هەر ماندووبوون دێت.. "چی ئەکەیت؟!" شاعیر ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی، شاعیر پەناگەی هەمیشەیی خۆی هەیە کە "زمان"ە، کە نوسینە، ئەمەیش تەنها سەنەدی ژیانێتی.. شیعر تاقە هاوڕێی بەوەفای من بوو، لە ڕێگەی ئەوەوە ئەچوومە ناو گەردەلوول و زریانەکانەوە.. هەر لە دوای کاتێکی کەم، هەستمکرد شیعر پردێکی گەورەیە، ئەتوانێ بمگەیەنێتە هەموو دنیا، بەڵام تەنیایی ڕۆحم هەر تەنیایی بوو. شیعرەکان بوون بە سویدی، هەستمکرد لەوپەڕی دنیاوە باوەشم پێدائەکرێ، باوەش بە داهێناندا.. وتم: داهێنان لە هەموو دنیادا یەك ماڵی هەیە.. لە مەهجەردا زۆرم نووسی.. بەڵام لە سەرەتادا کەمیان زاوزێکەر بوون، دواتر تەنیایی بردمیەوە بۆ لای سەرانی غوربەتی ئەدەبی کوردی. "نالی، حاجی" لێرەوە بیرۆکەی نووسینی قەسیدە درێژەکەی /دەربەندی پەپوولە/ لەدایکبوو، لێرەوە ئەزموونێکی تازەتری شیعرم دەستپێکرد، جیا لە ئەزموونی شاخ، ئەم کاژێکی تری زمان بوو.. من پێموایە لە مەنفادا، /دەربەندی پەپوولە/م نووسی..

**■ شێرکۆ شاعیرێکە ئەزموونگەر، تاقیکردنەوەی بەردەوامو هەمەچەشنی هەیە، تێکۆشەرێکیشەساڵانێکی تەمەنی لە شاخ بەسەربردوە، دەزانیت ئەدەب لە کوێوە دەستپێدەکات و سنووری سیاسەتیش لە کوێدا کۆتایی دێت. لێرەوە دەپرسین شێرکۆ چۆن دەڕوانێتە سیاسەت و ئەدەب؟**

□ ئەمە زۆر ڕاستە! مەسەلە عەشق و دۆزینەوەی زمانە، بۆ دەربڕین لە دارێکی ڕەق وتەق ناسکترین گوڵ سەردەردێنێ. ئەوکاتەی سیاسەت وەك قاڵب، وەك

ئایدۆلۆجیایەکی لۆژیکی کە تەنها سەرئەنجامێکی لۆژیکیشی ئەبێ، وەك بەرنامەو پرۆگرامی خەت بۆ کێشراو، ئەچێتە شیعرەوە..، ئیتر شیعر ئەمەێ و گیانی حسی خۆی لەدەستئەدات. ئەدەب لە دڵ و هەست و ئەستەوە دەستپێدەکات و هەر لەوێشدا کۆتاییدێت.. بە مانای گەیشتن.. هەڵبەت سیاسەت و ئەدەب دابڕاو نین لە یەکتر، بەڵام لە یەکتریش جیادەبنەوە. چۆنیەتی تەعبیری ئەدەبی، زمانی دەروون، لەگەڵ زمانی زانستدا ئەو سنوورە جیاوازانە ئەکێشن. دیارە جیهانبینی و ڕوانین و خەیاڵ.. وێنەی مەجازی.. ئەو وێنانەی جێگەیان لە مەنتقی عیلمیدا نابێتەوە، ئەو سەربەخۆییە بەئەدەب ئەدەن.. "باڵەخانەی دڵ!" ئەمە لە زمانی سیاسەت و مەنتقی سیاسیدا چی ئەگەیەنێ؟! بەڵام بە دەردی ئەلیوت وتەنی: ئەمە هاوکێشەیەکی بابەتی ترە بۆ زمانی ئەدەب و شیعر.. "کوردستانێکی ژێردەست" ئەمە بۆ ناونیشانی وتارێکی سیاسی ڕاستەوخۆ قسەکەر، زۆر لەبارە.. بەڵام لای من ئەبێ بە "ئاوی تینوو".. ئەمەیە جیاوازی نێوان ئەو دوو زمانە.. من قوڕی سیاسەت هەڵدەشێلمەوە.. ئەوەی لێ دروستدەکەم کە جوانی و خەیاڵ و وێنەی حسی و مەجازی، هێزێکی ئەفسوناویی تریان پێدەبەخشێ، خوڵقاندنەوەیەکی تر، ڕسکانێکی نوێ.. سیاسەت دوو دەمە، کە نەتزانی چۆنی بەکاردەهێنی، ئەشێ بکوژی شیعر بێ. من ؟"شیعری سیاسی" ژێرکەوتووم کەم نییە.. ئەمە ئەزموونێکی گرانە.. وەختێ دەروونی خۆت بەجێدەهێڵیت و ئەچیتە دەروونەکانی ترەوە، شیعری درامی گرانترین جۆری دەربڕینە، هەر لەبەر ئەوەیشە "شیعرە سیاسیە" باشەکان هەمیشە کەمن، ئەبێ بۆ ئەو دەشتە بێئاوانە باران ببارێنێ..

هەمیشە "بابەت" لەبەر دەستدایە، بەڵام ئەوەی دوورەدەستە چۆنییەتی هونەری دەربڕینە، ئا لێرەوە جیاوازییەکە سەرهەڵدەدات. دەبێ لەگەڵ "سیاسەت"یشدا هەر دڵداری بکەی ئینجا دەتوانی بۆ شیعر ڕامی بکەیت. ئەم ئەسپە سەرکەشە سواری ئەوێت.. من لەگەڵ شیعری خۆم ناڕازیم، چونکە "زمانی شیعریان لەبار بردوە".. نابێ شیعر سواڵی زمان لە سیاسەت بکات، ئەگەر وایکرد دەکەوێت.. دەبێ خۆی دابڕی بۆئەوەی نەکەوێتە تەڵەکانی ئەوەوە، سیاسەت سوڵتەیە.. وەڕامی ئامادەیە، بەڵام شیعر بەردەوام پرسیارە.

■ تا چ ڕادەیەک غوربەت کاری کردۆتە سەر شیعری شێرکۆ بێکەس؟ غوربەت ترسناکە، لە هەمان کاتیشدا قاڵبی باوو چەسپاو دروستدەکات. ئایا حاڵەتی باوی غوربەت کاری خراپی نەکردۆتە سەر ئەدەبی مەنفا؟

□ وەك وتم، تەمەنی شیعری مەنفای من کورت بوو.. لەبەرئەوە ئەزمونەکەیش گەورە نەبوو، زوو دەرباز بووم، بەرلەوەی قووتم بدات، بەڵام هەستم بە مەترسیەکانی کرد، تیا ژیام.. نامۆیی، یان بەرهەمی ئەمر دروستدەکات یان خاوەنەکەی دەخنکێنێ و وشك و برنگی دەکاتەوە. ناوەند کەمە، زۆر نمونەی ئەدەبی گەورە لە نامۆییدا سەریان هەڵداوەو زۆر ئەدیبی گەورەیش هەبوون لە نامۆییدا وشك و ڕەق هەڵاتوون.

■ ژیانت لە ڕۆژئاوا وای لێنەکردووی باسی شارستانیتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو جەدەلیەتی نێوانیان بکەیت، وەک چۆن "ئەدۆنیس" بۆ نموونە لە دیوانی /شهوة تقدم في خرائط المادة/[1]دا دەیکات؟

□ وەك تاقیکردنەوەیەکی کامڵ نەء، بەڵام هەندێ هێڵی ئەم دیالۆگە لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا هەستی پێدەکرێ. چونکە خۆی لە خۆیدا هەر نامۆبوونە کە بەشێکە لەو جەدەلیەتەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کەوتنە ناو گێژاوەکە پرس بەدوای پرسدا دەهێنێ.. لەو پرسیارانەدا ئیتر ئەو حیوارە شارستانیانە دەستپێدەکات.

■ ئێمە وا دەبینین ئاستی ئەدەبی مەهجەری کوردی دابەزیوە، نازانین تۆ دەڵێی چی؟

□ ئەی لە کەیدا بەرزبوە؟! نازانم.. بەڵام ئەگەر مەبەستتان ئەم ساڵانەی دوایی بێت، ئەوا کۆچی گەورەی کوردو ئەدیبانیش بۆ ساڵانی ١٩٧٥ و بەرەو ژوور ئەگەڕێتەوە.. ئاڵۆزییەکە هەر لە ئاڵۆزیی مەسەلەی کورد خۆیدایەتی، تەنانەت مەهجەری ئێمە لە مەهجەری کەسی تر نەچوە.. ڕەنگە لای ئەو کۆمەڵە ئەدیبەی کۆچیان کرد، لەو بارودۆخە دژوارانەدا، لەدوای نوشوستی سیاسیی کۆمەڵایەتی، تارمایی گەورەی نائومێدی دەوری هەبووبێ.. واتە

---

[1] ناوی ئەم دیوانەی ئەدۆنیس وەك خۆی دانراوەتەوە.

پرسیارەکە وا کەوتبێتەوە: شیعر چی دەکات؟!. ئەمە جگە لەوەی کە ژیانی سەختی ڕۆژانەی مەهجەر زۆر بەهرە ئەفەوتێنێ، زۆر گوڵ سیسدەکات، ڕەنگە "خوێندن"یش بە مانای ئەکادیمی بوار بۆ شیعرو ئەدەب نەهێڵێتەوە، هەرچۆنێ بێ بەلای منەوە هێشتا ئەدەبێ دروستنەبوە.. لای کورد.. کە پێی بوترێ ئەدەبی مەهجەر بەمانای فراوانی.

■ **خەڵاتی توخولسکی ناوبانگی لە دەرەوە زیاد کردوویت، زۆرمان پێخۆشە، ئێمە بە خەڵاتکردنی (شیعری کوردی بەگشتی)، دایدەنێین. ئەم خەڵاتە چی بۆ تۆ دەکات، کێ تۆی بۆ وەرگرتنی پاڵاوات؟ ئایا پێش تۆ شاعیرێکی عەرەب یا ڕۆژهەڵات ئەم خەڵاتەیان وەرگرتوە؟**

□ یانەی قەڵەمی سویدی کە گەورەترین ڕێکخراو یان یەکێتیی ئەدەبییە لە سویددا، پێموایە بۆ دە ساڵ دەچێت، هەموو ساڵێ خەڵاتێکی ئەدەبیی هەیە بەناوی تۆخولسکییەوە.. کە شاعیرێکی ئەڵمانی بوە لە مەنفای سویددا خۆی کوشت لە سەردەمی نازیەکاندا.. ئەم خەڵاتە هەموو ساڵێك ئەدرێ بە ئەدیبێکی بیانی کە لە مەنفادا بژی.. بنەمای پاڵاوتنەکان لەسەر داوای ڕێکخراوێکی ئەدەبی، شەخسیاتی ئەدەبییەوە دێن.. بۆ من چەند ئەدیبێکی کوردی تورکیا داخوازییان کردبوو، دواتر یانەی قەڵەمی سویدی ئەکەوێتە تاقیب و پشکنین. بۆ بەرهەمیش کەمتازۆر لەنێو ڕۆژهەڵاتناسەکاندا پسپۆڕی خۆیان هەیە، ئەمە جگە لەوەی دەنگدانەوەی مەسەلەی کورد خۆی بۆ خۆی دەوری گەورەی هەبوو. هاتنی منیش هۆیەکی تر بوو. چاکەی ئەم خەڵاتە ئەوە بوو دەرگای لەسەر کردمەوە، بواری ڕاگەیاندنی پێناساندم.. ڕۆژنامە.. ئێزگە.. تەلەفزیۆن.. لێرەوە شیعرەکانیش باشتر خۆیان "بەوان" ناساند.. بەر لە من تا ئەوکاتە ١٩٨٧-١٩٨٨ شاعیرێکی پۆڵەندی و ڕۆماننووسێکی ئەفریقاو نووسەرێکی تری جوولەکە وەریانگرتبوو. ئەمساڵیش ١٩٩٢-١٩٩٣ نووسەری ناسراو سەلمان ڕوشدی هەمان خەڵاتی وەرگرت.

■ **تۆ لە پاڵ شیعردا چیرۆکت دەنووسی، چیرۆک چ شتێکی بۆ ڕەسیدی تۆ زیاد کردوە؟**

❑ ئەوە تاقیکردنەوەیەکی کەمخایەن بوو، میزاجی سەردەمێ بوو، نەبوو بە پیشەو بە خولیای هەمیشەم، سەفەرێکی کورت بوو نەگەڕامەوە سەری. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بووبێ کە من ناتوانم لە چنینی ئەدەبی لۆژیکی (مەنتیقی)دا سەرکەوتووبم. من کە ئەنووسم شیعر دەبێتە تانو پۆی هەموو ڕستەکانم، ئەمەیش بۆ چیرۆك بەو شێوە مەجازییە دەستنادات. من لەم بوارەدا خۆم بەخاوەن (ڕەسید) نازانم..

■ چیتان لە گۆران وەرگرتوە؟ ئەی چۆن چۆنی سنووری ئەوتان بەجێهێشتوە؟

❑ ئەوەی لە "گۆران"ەوە وەرمانگرت ڕۆحێکی تازە بوو، ڕوانینێکی تازە بوو.. دیارترینیان دەربازبوون بوو لە قاموسی زمانی تەقلیدی. گەڕانەوە بوو بۆ لای سروشتی ڕۆمانتیکیانە.. بایەخدان بوو بە وێنە.. گەڕانەوە بوو بۆ ئەسڵی ئیقاعی مۆسیقای کوردی.. پوختکردنەوەی زمان بوو، بەتایبەتی لە وشەی سواوی عەرەبی.. نزیککەوتنەوە بوو لە خەڵك.. لە بازاڕو شەقامو ناخاوتنی ڕۆژانەو تێکەڵکردنیان بە جەستەی شیعری تازە. بەم کامێرایە وێنەی باشترو جوانترمان دەگرت، بە ڕۆحی ئێمە ناشناتر بوو وەك لە شاعیرانی کۆنتر. ئەوکاتەیش تەجاوزی ئێمە دەستپێیکرد، کە ڕوانینی تازەمان بۆ ژیان لا پەیدا بوو.. ئیتر لێرە بەدواوە وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ کەسانی تر جێدەهڵێم.

■ ڕات چییە دەربارەی ئەو ئەدیبانەی بەیانی ڕوانگەیان لەتەکتا ئیمزا کردوە؟ ئایا توانیوتانە نیەتو ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بکەن بە کردار؟

❑ کارو هەڵسوکەوت.. کارو کردەوەی ئەدیب، بەر لە هەموو شت لەناو "زمان"ەوە دەستپێدەکات، واتە شۆڕشگێڕیی ئەدیبو شاعیر لەوەوە دێ تا چەند لەناو ئەم زمانەدا.. ڕاپەڕینی ئەدەبی بەرپادەکات. ئەفراندنی نوێ ئەنجامدەدات. لە سەرەتادا "ڕوانگە" بەرلەوەی /دەق/ بێت /هاوار/ بوو.. بەرلەوەی تێپەڕاندن بێ /طموح/ بوو، بەڵام گەراکان لە بنی دەروونـدا بوون.. بەهرەکان دیار بوونو ئەدرەوشانەوە. دواتر ڕوانگەی بەرهەمو

ئەفراندن و داهێنان دروستبوو.. خولقاو ئەوسایش گۆمە مەنگەکەی شڵەقاند. ئەو سەردەمەی ئێمە تیا هاتینە کایەوە، لە سەردەمەکانی پێش خۆمان زۆر جیاوازتر بوو، دژوارتر بوو، بە ژانتر بوو، بەسەرهاتەکانی خێراترو خوێناویتر بوون.. ئێمە لە سەرەتای پشکوتندا بووین کە زریانی شۆڕشی ئەیلول هەڵیکرد. بە یەکدادان لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا توندوتیژ بۆوە، مرۆڤی پێشمەرگە هاتەکایەوە، ژیان تەقیەوە.. چەك، چەکی بەرگری لە وجود، بوو بە پیرۆزترین دیاردەی ژیانمان.. دۆڵە خامۆشەکەی دوێنێ کەوتە ناو گەردەلوولێکی ئێجگار ترسناکەوە، هەموو شت ڕوو لە وەرچەرخانێکی تر بوو، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێلایەن نەما، دوو سەنگەرو بەس، دوو ڕەنگ و بەس، بارزانی بوو بە ڕەمزێکی ئوسطوری.. شیعریش لە کەژاوەی ڕۆمانسیەتەوە هاتە دەرێ و چوە ناو دووکەڵ و بارووتەوە، گرمەو ناڵەی فڕۆکەو ناپاڵم بوون بە دەنگە زاڵەکانی ژیانی ڕۆژانە، سەردەمی ئارامی گەشتی قەرەداغ و هەورامان، دڵداریی بەر مانگەشەو بەسەرچوون.. دەبوو زمانی شیعرو ئەدەبیش وەرچەرخانی بەسەردا بێت. لە شەستەکاندا ئەو بارودۆخە بۆ ماوەیەکی درێژ لەپێشدا ئەدیبانی کاس کردبوو. گۆڕانەکە پێبەپێ نەبوو لەگەڵ بەسەرهاتەکاندا، ناو ئەدەبەکە هێشتا هەر خامۆش بوو، ئەتوانم بڵێم: "ڕوانگە" لە منداڵدانی شەستەکاندا خولقاو بەڵام لە سەرەتای حەفتاکاندا لەدایکبوو، ئینجا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێی گرت و هاتە ناو خەڵکەوە. کاکەی فەلاح و کامەران و دیلان لە شاعیرانی دیاری شەستەکان بوون بەڵام وەك نوستبن وابوو. کاوەخۆیی ئەوان و بەسەرهاتەکان مەسافەیەکی زۆریان لە بەیندا بوو. بەرهەمەکانیان تارماییەکی بچووکی کارەسات و بەسەرهاتەکان بوون. دەبوو گوتارە ئەدەبی و شیعریەکە لە خودی خۆی، لە خودی زمان، لە خودی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی یاخی بێ.. ڕوانگە یاخیبوون و لە هەمانکاتدا گوتاری بەرگری و مانەوە بوو. ئەبوو دەریاچە بەستوەکەی شەستەکان بشکێنرێ. ئەبوو زمانیش گڕ بگرێ. ئێمە ئەو کاتە خاوەنی دیوانی چاپکراویش بووین، بەڵام فەرهەنگی زمانەکە تا ڕادەیەکی زۆر هەر فەرهەنگی زمانی پێش خۆمان بوو. هەر لەو بازنانەی تردا ئەسوڕاینەوە. هەڵبەت ئازادی بوە بە سیحری کردنەوەی

دەرگای ترو هۆی تەقاندنەوەی ڕوانینی ڕوانگە.. کە ئازادی نەبوو زۆرجار شیعر کڕ نەکەوێ. ئازادی فەزای ئەدەبە. لەنێو ئیمزاکەرانی بەیاننامەی ڕوانگەدا چیرۆکنووس "حسێن عارف" لە هەموان بە بڕشتتر بوو، لە هەموان زیاتر خوێنەری چیرۆکی سەرسامکرد.. حسێن عارف ئەو سەردەمە بونیادی چیرۆکی کوردیی بە زمانێکی تر، لەنێو بزوتنەوەیەکی فیکریش بوو بۆ بەرەو پێشەوەبردنی مرۆڤی کورد. لە باری وەستانەوە بەرەو گۆڕان.. لە چەق بەستنەوە بەرەو وەرچەرخان.. شەڕی ئێمەو کۆنەپەرستان، بەرەنگاربوونەوەی جەهالەت.. بانگدان بۆ یەکسانیو چوونیەکی ژنو پیاو.. ڕەجم کردنمان لەلایەن عەقڵی بەردینەوە.. ناو هەڵواسینمان بە دیواری مردنەوە. ئەمانە هەمووی مێژووی ڕوانگە پێکدەهێنن.. ڕوانگە لە سەرەتادا هەر تۆو بوو، بەڵام ئێمە باسی پاشەڕۆژی گوڵە گەنممان دەکرد. دڵۆپێ ئاو بوو، بەڵام ئێمە باسی ڕووبارێکمان دەکرد. ڕاستە ئێمە تووشی زۆر کۆڵانی دەرنەچوویش بووین. لە سەرەتادا نووسینەکانمان لەبەرهەمەکانمان ڕوانگەییتر بوون، بەڵام تۆوەکە وەرزی ئەویست تا ببێ بە سەمەڵو دەغڵو خەرمان، من بۆ خۆم پێموایە لە هاوینی ١٩٧٥دا کاتێ قەسیدە درێژەکەی "کۆچ"م نووسیو ئینجا ئەزموونی نووسینی کورتە شیعرم پێگەیشت، ئەوسا ڕوانگەم لە بەرهەمی ئەفراندنو داهێناندا بینییەو.. ئەمە سەیر نییە.. جاری وا هەیە ئەم تەخەمورکردنانە زەمانی ئەوێ.. ڕوانگە بزووتنەوەیەکی ڕەخنەییشی خوڵقاند. هەرایەکی ئەدەبیی نایەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەیشدا کە واقعی کۆمەڵایەتیو سیاسی بنەمای بزووتنەوەکەی ڕوانگە بووین، بەڵام یاخیبوونمان لە زمانو کۆمەڵو یاسا باوەکان، لە چوارچێوە تەقلیدیەکان، بوە هۆی ئەوەی کە لە لایەن دۆگماکانی فیکرەوە، بەتایبەتی لەلایەن جدانۆفیەکانەوە ئابڵووقە بدرێین، ناوو ناتۆرەی سەیرو سەمەرەی وەك عەباسیو ئەهلیستیو وجودیمان لێ بنرێ.. بەڵام لە هەموو سەردەمێکدا.. ئەوەی ئەمێنێتەوە هونەرە هونەر، هونەری شیعر، تەجاوزی شۆڕشگێڕانەی زمان.

■ **شێرکۆ بێکەس شیعری پەخشانی نەنووسیوە، بەڵام نووسینی پەخشانی زۆرە شیعریەتێکی زۆریان تیا بەدی دەکرێت، تۆ بۆچی شیعری پەخشان نانووسیت، ئێستا شیعری**

**پەخشان بوە بەدیاردەیەک، یا با بڵێم سەرتاسەری شیعری ئێستامانی گرتۆتەوە، تۆ چۆن سەیری ئەم جۆرە شیعرە دەکەیت؟**

□ نەخێر بەو شێوەیەی تۆ مەبەستتە من قەسیدەی پەخشانم نەنووسیوە، ئەمە امتناع کردن نییە ئەوەندەی پەیوەندی بە میزاجی ئەدەبیمەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر لە سەرەتای حەفتاکاندا هەندێ پەخشانە شیعرم بڵاوکردەوەو کە عەفەویەت سەرچاوەیان بوون.. من پێموایە چ دیوارێك لە نێوان هونەرەکاندا نەماوە. لە ئەدەبی کوردیشدا قەسیدەی پەخشان هەر هەبوە، بەڵام بە فۆرمی جیاوازتر لەوەی ئەمڕۆ.. بەشێك لەو بەرهەمانە لە پەخشانە شیعرەکانی "رەشید نەجیب، ئیبراهیم احمد، ڕفیق چالاك، ع. چالاك"و هەندێکی تردا لە گەلاوێژدا ئەبینین، قەسیدە پەخشان، ئاسۆی فراوانتری لە بەردەم شاعیردا کردەوە.. ڕووبەری داهێنانی بەرینتر کرد.. باڵی بزووتنەوەی ئازادتر کرد.. دەرفەتێکی تازەی لە بەردەم ئیقاعی ناوەوەی شیعرو دەرەوەدا ڕەخساند.. پلانێکی جێگیری بۆ بەهرە دانەنا.. وەزنێکی دیاری ناونووس نەکرد، وەك ئەوەی هەموو ژیان ئیقاعی بێت. لە هەندێ بەرهەمی ئەم دواییەدا پەلم بۆ ئەم چەشنە داهێنانەیش هاویشتوە.. ئێمە پێویستە باڵندەی یەك باخچە نەبینین. هەر لە یەك کانی، ئاو نەخۆینەوە.. هەر لەبەرئەوەیش پێویستە ئەزموونی نووسینی قەسیدەی پەخشان بایەخ پێبدەین.. لەنێو نووسەرانی عەرەبدا "ماغوط" لەم بوارەدا لەبەرچاوە، بەڵام بۆ نووسینی ئەم چەشنە هونەرە، ئەبێ ئەوەندە سیحراوی بێ، ئەوەت لەبیر بەرێتەوە، ئەم شۆخە چی لەبەردایە.. ئەبێ نوقمی خۆیت بکا و فریای ئەوە نەکەویت خۆت دەرباز بکەیت!..

■ **ڕات چۆنە دەربارەی شیعری گەنجەکان، ئەتوانیت چەند ناوێکی چاک دەستنیشان بکەیت؟**

□ من بۆ خۆم تا سەرەتای هەشتاکانیش دەنگی جیاوازتر لە خۆمانم نەئەبیست و نەئەبینی.. درێژەی حەفتاکان هەر یەك گوتاری شیعری بوو.. بەڵام کاتێ لە ئەوروپا گەڕامەوە، دیارە ئەو دەنگانە بەر لە چەند ساڵێکەوە ڕسکابوون، هەستمکرد، بینیم، ڕەوە

بروسکەو ڕەنگێکی تر بەڕێوەیە، لە ئێمە ناچن، یان بە واتایەکی تر سێبەری ئێمە نین، هەر لە بنەڕەتەوە گوتارەکانو مەغزای گوتارەکان لەیەک ناچن، بۆ نموونە گوتاری شیعری من خۆی لە /وجودی نەتەوەییو مێژوویی کورد/دا ئەبینێتەوە. ئێمە هی بەرگری بووین.. شەپۆلی بونیادگەریی ئەورووپی ئەمانی زۆرتر خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لە دنیای میسۆلۆجیو بەیتو داستاندا ئێمە ڕەمزەکانمان هەر ڕەمزی خۆماڵیو کوردی بوو. هی ئەوان زیاتر گریگیو ئەورووپی.. ناسنامەی شیعری ئێمە دیارترە.. هی ئەوان بزرترە. داهێنان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێ، بەلای منەوە گرنگ ئەوە نییە وەکو یەک بنووسینو داهێنان بکەین، کە ئەمەیش جائزە، گرنگ ئەوەیە وەکو یەک ئەنووسینو داهێنان بکەین.. لە هەموو حاڵەتێکدا سەرئەنجام ئەوەی بۆ هەموومان ئەمێنێتەوە، بە جیاوازی جیلو سەردەمەوە، کۆنو نوێوە، بابەتی نووسینەکان نین، بەڵکو چۆنیەتی داهێنانە.. جا لەهەر سەرچاوەیەکەوە بێتو لەهەر وڵاتێکی داهێنانەوە، نالیو مەولەوی، چەند لە ئێمەوە دوورن وەك زەمەنو ڕابردوو، بەڵام چەند لە ئێمەوە نزیکن وەك داهێنان.. ئەمە گرنگە! ئەی چەند هەن وەك زەمان لە ئێمەوە نزیکن، بەڵام چەند دوورن لە ئێمەوە وەك داهێنان.. شیعر هەیە لەدایکبووی چەند سەدە لەمەوبەرە، بەڵام تا ئێستا لەگەڵماندا ئەژی.. هەمیشە هەر ئەمڕۆ لەدایکئەبێو هەر ئەمڕۆیش ئەمرێ.. ئەبێ شیعری وەك سروشت ئەمر بێ.. بەختیار عەلی، بەهرەیەکی گەورەیە. لە شاعیرانی تریشدا ناوی وەکو قوبادی جەلی زادە، کەریم دەشتی، دڵشاد عەبدوڵڵا، ئەوزاد ڕەفعەت، هەرچەندە ئەمیان لە جیلی پێشترە، کەژاڵ ئەحمەد، فەرهاد پیرباڵ، لەوانەن کە بە شێوازی جیاجیاوە شیعری کوردییان جوانتر کردوە.

■ ئێستا پاش تێپەڕبوونی ٣١ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی گۆران، چی دەربارەی گۆران دەڵێیت؟

□ شیعری گۆران وەك بەشێك وایە لە سروشتی کوردستان هەر زیندوە. گۆران جەمسەری پردێکی گەورەی نوێکردنەوەیە لە سەردەمی خۆیدا.. یەکێکە لە پێشەنگەکان.. دەنگێکی ڕەسەن بوو بە مانای وشە، ئەو وەرچەرخانی لە زمانو شیعرو ئیقاعی شیعردا

دروستکرد، هیچ شاعیرێ نییە لەم دنیایەدا سەد دەرسەد نوێنەری هەست و نەستی هەموو جیلێك بێ، چونکە هەر سەردەمەو مۆرکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانیی خۆی هەیە. ئەمە یاسای ژیان خۆیەتی، جوانییش لە گۆڕاندایە هەروەکو زمان خۆی، بەڵام گۆران، ئەوسایش و ئێستایش "گۆران"ی سروشت و جوانی و شتە حسیەکان بوو، نەك "گۆران"ی شیعری سیاسی. من پێموایە، بەشێك لەو شیعرانەی "گۆران" بەر لە "گۆران" خۆی مردن، جیاوازی نێوان داهێنان و شیعری وەزیفیی گۆران، زاتی گۆران سەرئەنجامی بڕاندوونەتەوە. شیعری "بۆ هیوا"ی کوڕی و شیعری "پەیامی بۆخارست" چەندیان فەرقە وەك زمان.. وەك ئاسمان.. وەك موعانات.. وەك وێنەو هەژاندن.. وەکو زۆر شاعیر، گۆران چەند "گۆران"ێ بوو. ئێمە "گۆران"ی هونەرمەندمان لێرەدا مەبەستە.. ئەو "گۆران"ەی کە وەك سەرئەنجام "وەك هەموو شاعیرێ" هەر هەڵبژاردەیەکی بۆ بمێنێتەوە.. تا ئەمرێ!

■ **بەو سیفەتەی تۆ وەزیری ڕۆشنبیریت، دەپرسم: ئیشوکاری وەزارەت کاتت ناکوژێت؟ ئایا لە مەملەکەتی شیعر دوورت ناخاتەوە؟ چۆن گونجان لە نێوان کاروباری وەزارەت و ئەدەبدا دەرەخسێنیت؟**

□ من ئێستە دوو کەسم: یەکێکیان ئەو شێرکۆیە کە خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە دەنگ و خۆشەویستی خۆی پێبەخشیوەو بڕوای خۆی داوەتێ و گەیاندیە پەرلەمان و کورسی وەزارەت.. دیارە لە بنچینەدا ئەم بڕوایەیش هەر بۆ پیرۆزی شیعر دەگەڕێتەوە، بەڵام من لێرەدا مەبەستم لە شێرکۆی وەزیفەیە.. بۆ ئەمەیان ئەرکەو کەوتۆتە ئەستۆم و وەکو هەر فەرمانبەرێکی تر کارنەکەم و لە پشت مێزێکەوە دانیشتووم و ئەو کارانە ڕانەپەڕێنم کە پەیوەندییان بە بواری ڕۆشنبیری و هونەرییەوە هەیە، کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا لە خولیاکەمەوە دوور نییە.. ئەم ژیانەیان ژیانی بەرنامەکراوە.. ژیانی بە پلان و نەخشەکێشانە.. بەڵام شێرکۆی دوەم شێرکۆی دابڕاوە لەو کورسییە، لەو وەزیفەیە، لەو پلان و نەخشەکێشانە کە شێرکۆی شیعرەو دوورە لە هەموو ڕەنگرێژییەك.. ئەگەر ئەویان قەفەزێ جێگەی بێ.. ئەمی تریان هەموو ئاسمان جێگەیەتی.. لەگەڵ هەموو ئەرکێکی زۆرو

بە جەنجاڵی ئەم ئیشەدا.. لەگەڵ ئەوەیشدا وەرامی من، ئەو ساڵە دەستنیشانی ئەکات کە چۆن توانیومە لە نێوان وەزارەتو ئەدەبدا دابڕینەکە دروستبکەم.. بەرهەمەکان خۆیان ئەدوێن.. من لە گەرمەی ئەم بەرپرسیارییەدا هەردوو چامەی "ئافات"و "پەریزادو گوڵەکەی دوژمن"م نووسی.. جگە لە دەیان پارچە شیعری بچووک.. نهێنییەکە لەوەدایە وەزارەتو کورسی وەزارەت، نە خولیام بوەو نە هەرگیز ئامانجێکیش بوە، چاوم تێبڕیبێ. وەزیفە ئەرکێکە کە ئەم سەردەمە خستوویەتیە ئەستۆمو ئەمەوێ بەجێیبهێڵم.. بەڵام شیعرو ئەدەب خولیاو عەشقمەو شێوازەو ئامانجیشمە.. خۆ لە ئەزموونی ئەدیبانی دنیایشدا لەم جۆرە نموونانە زۆرنو پێویست ناکات دەستنیشانیان بکەین. وەزارەت ئاوێنەیەک نییە وجودو ماهیەتی خۆمی تیا ببینم، بەڵام شیعر ئێستەو داهاتوو و دوای مردنی خۆیشمی تیا ئەبینم.

■ **کامیان بەلاتەوە باشترە؟ ئیشوکاری وەزارەت یا شیعر؟**

□ پرسیارێکی سەیرە! ئەمە لە شاعیرێک ئەکرێت وەزارەت کردبێتی بە شاعیری سوڵتەو تەمەنی ئەدەبیی لەگەڵ وەزارەتەکەدا بێ.. لەگەڵ قۆناغە سیاسیەکەدا بێ.. بەڵام من بەرلەوەی وەزیر بم.. یان دۆستی رێکخراوێکی سیاسی بم.. تەنانەت بەر لە دروستبوونی ئەو رێکخراوەیش هەر شاعیر بووم، بەڵکو من لە بنەڕەتدا پەیژەی شیعر خۆی گەیاندوومیەتە ئێرە.. لە ڕێگەی دامەزراندنەوە ، لە ڕێگەی خۆشەویستی خەڵکەوە، لە ڕێگەی دەنگدانی ئازادانەی ئەوانەوە.. من لە دووکەڵی ناو بۆردومانی شاخو شیعری نهێنی شارو ئازاری دەربەدەربوونی مەنفاوە گەیشتوومەتە ئەم شوێنەی کە بە شوێنی هەڵبژێرراوو پەسەندکراوی هەموو میللەتی ئەزانم.. وەک هەموو شاعیرێکی ناو ئەم دنیایە، منیش ناحەزم هەن.. ئەمە سەیر نییە، چونکە ئەگەر وانەبێ من ئەبێ بەر لە هەموان شک لە "مصداقیەتی" هەڵوێستی خۆم بکەم.. ئەمەوێ لێرەدا چەند شتێک باسبکەم.. ئەو شاعیرۆکەو ناحەزانەی ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئەم شوێنەوە، پەرلەمانو وەزارەتەوە، هەڵبژاردنەوە، تیرو توانجم تێئەگرن، دوێنێش کە لە شار بوومو کە لە شاخ بوومو کە لە مەنفا بووم، بەهەر بیانوویەک بووبێ، لە

ڕێگەی هەر بوختانێکەوە بووبێ، قسەیان هەر پێ وتووم.. من بەردەوام بەردی سەردڵی ئەوان بووم، جێگەی ئیرەیی پێبردنی ئەوان بووم. سەرمایەی گەورەی من شیعرو خۆشەویستی گەلەکەمە، سەرمایەی ئەوانیش جنێودانە.. بڕوانە جیاوازی ئەو دوو سەرمایەیە!.. ڕۆژانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، کاتێ گەڕامەوە بۆ کوردستان، کاتێ کۆڕە شیعریەکانم ئەبەست، زۆرجار خەریك بوو لەناو هوروژمو شەپۆلی شیعر دۆستانو خۆشەویستاندا بخنکێم! من ئەو خۆشەویستییە بە هیچ شتێ ناگۆڕمەوە لەم دنیایەدا.. تەنانەت ئەو ناحەزانە ناتوانن لە ئاستی بەرهەمە جوانەکاندا، کە هی شێرکۆی ناخۆشەویستی ئەوانە، ددان بەو حەقیقەتەدا نەنێن.. ئەمەیش خۆی بۆ خۆی هەر ڕووخانی دیوارێکی ترە بەسەریاندا، هیچ سنورێ ناتوانێ شیعری من لەناو خۆیدا بەندبکات. ناحەزانم سێ ساڵە گرەو لە سەرکەوتنی شیعرو هەڵوێستی سیاسیم ئەکەن، بەڵام وەك سەرئەنجام هەر ئەوان مایە پووچ بوون. هەموو جارێ ئەو بەردانەی ئەیهاوێن بۆ سەرو گوێلاکی خۆیان ئەگەڕێتەوە. خۆ هەموانیش ئەزانن ئەگەر هەڵبژاردنیش فەردیی بوایەو پەیوەندی بە لیستەوە نەبوایە، پشتئەستوور بە خۆشەویستی گەلەکەم، هەر دەرئەچووم! کاتێکیش من لیستی سەوزم هەڵبژارد، ئەوە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی خۆم بوو، هەڵوێستی سیاسیم بوو کە بنەماکەی بۆ ساڵانی زۆر زووتر ئەگەڕێتەوە.. ئەویش هەقێکی ڕەوای خۆمە.. جا تۆی لەگەڵدا بێ یان نەبێ.. ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە. بابێینەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکەو بڵێم:

کاری وەزارەت پەراوێزی ژیانە،<br>
بەڵام شیعر گیانێتی!

■ چۆن دەڕوانیتە ئەو جۆرە نوێگەریتییەی کە ڕۆڵی خوێنەر ناهێڵێت. ئەو نوێگەریتیەی کە دەبێت بە نهێنی شاراوەو لەو بازنەیەدا دەسوڕێتەوە؟

□ من تازەگەریو نوێخوازیو خوێنەر، هەمیشە بەکاردانەوەیەکی دینامیکی تێئەگەم.. بەدوو جەمسەری یەك پردیان ئەزانم. ئەگەر خوێنەر نەبوو تازەگەری بۆ کێیە؟! بۆ عەدەمە؟

بۆ بۆشاییە؟ تەنانەت ئەسرارو ئەلفازیش خوێنەری خۆی هەر هەیە! یان بۆ هەر لە ئەسڵدا بنووسین؟.. لەم حاڵەتەدا نووسین و نەنووسین یەک شتە!. ئەمە نوێخوازی نییە بەڵکو جۆرێکە لە گاڵتەجاڕی پێکردن بە نوێخوازی ئەمە مانای پەککەوتن و هەرەسهێنانی داهێنانە لای ئەوانەی دەوری خوێنەر ئەسڕنەوە.. {بدعە} و {مۆدەیەکی} تەمەن کورتن و بەسەرنەچن.. ئەمرن و کەس هەر پێشیان نازانێ چی بوون!. نوێخوازی دۆزینەوەی بینینی تازەیە، کەشفەو ڕووکردنە دواڕۆژە، خوێنەریش تەواوکەری ئەو کەشفانەیە.

■ **شاعیری عێراقی سەعدی یوسف دەڵێت: "شیعر لکاوە بەدراماو غینائیەت[٢]ەوە" واتە لە یەک کاتدا بە هەردووکیانەوە هەوڵی زۆر هەیە بۆ لەناوبردنی غنائیەت لە شیعردا، شێرکۆ دەربارەی ئەم بابەتە چی دەڵێت؟**

□ قسەیەکی جوانە، ئەگەر منیش بشێ بڵێم: باڵندەی گیان و گۆرانییە.. باڵندەی بێ گەروو لەگەڵ باڵندەی مۆمیاکراودا چییان فەرقە؟.. ڕۆحی شیعر مۆسیقایەو "ئیقاع" ئەو زیندوێتییە ئەبەخشێ بە شیعر، کە زۆرجار ئێمە سەرسامئەکات.. جا ئەو ئیقاعە بەهاوتەریبی هی ناوەوەو دەرەوە بێ، یا هەر هی ناوەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو گیانە هەر لە بزووتنەوەدا بێ. هەوڵ بۆ زۆر شت دراوەو هەموو هەوڵێکیش مانای سەرکەوتن ناگەیەنێ. هەوڵی ژێرکەوتوویش لە ژمارە نایەن.. ئەوەی ڕاستی بێ، کە دراماو غنائیەت لە یەکتر جوێ بوونەوە "بە مانای دەستبەرداریی تەواو" ئەوە وشک‌وبرنگی بەرهەمەکەی لە دوایە. ئەگەر دراما شاخێک بێ یان ئەپارتمانێک بێ، "غنائیەت" گوڵ و شووشە ڕەنگاو ڕەنگەکانێتی. غنائیەت ئەگەر بەشێوەی "هەوێن" دەور لە گیانی درامادا ببینێ، دراماکە گەرمترو بزۆزتر ئەبێ. درامای بێ غنائیەت لە قارەمانێکی مێژوویی بێ دڵ ئەچێت. با واز لە هەموو چوارچێوەو قوتابخانەو ڕێبازو شەپۆلێکی دیاریکراو بهێنین.. شیعر ناتوانێ یەک پێناسەی هەبێت، یان بەیەک چاو تەماشا بکا، یان لەسەر یەک قاچ ڕابوەستێ، شیعر شیعرە. من نازانم

---

[٢] لیریکییەت

وەختێ شیعرێکی جوان ئەمهەژێنێ، گیانم ئەکات بە پوورە هەنگی پرسیار، قەت ناپرسم ئەم شیعرە جوانە هی کامە ڕێبازە ئەوە بەسە کە ئەو شیعرە جوانە خەڵکی "وڵاتی داهێنان" بێ، جا ئیتر ئەو وڵاتە کەوتبێتە هەر شوێنێکەوە..

ئەگەر دراما جەستە بێت، غنائیەت دڵێتی..

■ چیتان لە وەزارەتی ڕۆشنبیریدا کردوە؟ پرۆژەتان چیە؟ سەرنجتان دەربارەی ڕاگەیاندنی کوردی؟

□ لە تەموزی ١٩٩٣دا یەك ساڵ لەم کاربەدەستبوونی وەزارەتەدا پڕ ئەکەینەوە. تەنگو چەڵەمەو گیروگرفتەکان زۆرن و لە ژمارە نایەن. ئابلووقە ئابوریەکان ئابلوقەی ڕۆشنبیریشیان دروستکردوە. بەرنامەی کارو قانونی وەزارەت و ئەوەی لە پلاندایە هەمووی لەبەردەستدایە.. بەڵام ئەوەی لە گیرفاندایە کە ئەمەیان گرنگەو ئەمەیان داینەمۆی کار ئەنجامدانە، ئەمەیان کەمەو لە جێگەی ئەبوانە. هەڵبەت چەندین دەزگاو پرۆژە ئەبێ سەرلەنوێ و بۆ یەکەمجار دروستبکرێن کە لەوەوبەر نەبوون. ڕاگەیاندن.. ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ئاژانسی دەنگوباس و هتد.. هەنگاوەکانمان بەپێی وزەی دەرامەتەکە چەندە، وا بەرەو پێشەوە ئەچن، بەخاوی، کە مانای کەم دەرامەتی ئەگەیەنێ، ئەگەر گورجیش بووین ئەوە مانای وایە تەندروستی گیرفانمان باشە! ئەوەی لەو ماوەیەدا کردوومانە دەرکردنەوەی گۆڤاری کاروان (خولی ڕاپەڕین) ڕۆژنامەی هەرێمی هەفتانە، گۆڤاری "هەنگ"ی منداڵان، گۆڤاری "القافلة" بە زمانی عەرەبی.. بۆ یەکەمجاریش لە مانگی چواردا سیمینارێکی فیکری، ئەدەبی لە هەولێر ئەبەستین.. ئەوەی پرۆژە بێ، زۆرە، بەڵام ئەگەر لەمساڵدا ئێمە بتوانین و بۆمان بلوێ ئەوا پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری {بەشی} تەلەفزیۆن و ئیزگەی خۆی هەبێت، ئاژانسی دەنگوباسیش چاکتر بکەوێتە گەڕ. ئەگەر بارودۆخی سیاسییش لەبار بێ، هیچ ئەبێ بەلایەنی کەمەوە سەرە پردێکی ڕۆشنبیری لەگەڵ سوریادا ببەستین بۆئەوەی شتێك لەو گوشارە ڕۆشنبیرییەی لەسەرمانە، کەمبکەینەوە، چونکە وەك ئەزانن بۆشاییەکی ڕۆشنبیریی: ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب هەیە، کە ئەمەیش کارێکی سەلبی ئەکاتە سەر ڕەوتی

ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئازاددا، ئێستە ڕاگەیاندنی کوردی لە کوردستانی فیدراڵی ئازاددا هێشتا لە سەرەتای ڕێگەیەدا. جۆرێك لە پاشاگەردانی و جەنجاڵی و تێکەڵ و پێکەڵی ئەبینین و هەستپێئەکەین، بەرنامەی کارکردنی زانستیانە نییە. تەنسیق و هاریکاریکردن لە نێوان کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندندا زۆر کزە. ڕاگەیاندنی حکومەت لە پەراوێزدایە. من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم.. هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە دواڕۆژدا بدرێنە دەست حکومەت، من لەگەڵ هەمەڕەنگیی دیموکراتی ڕاگەیاندندام، بەڵام "ضوابطی" قانونیان بۆ دروستبکرێ، ئەویش بۆ تەنسیقکردن. پێویستە ئەم دیموکراتیەتە بە کردە (عەمەلیەت)ی ڕەخنەی بیناکەرەوە، ببەسترێتەوە.. واتە هەر پیاهەڵدان نەبن.. دیموکراتیەت لەلایەن نە حکومەت و نە هیچ حیزبێکەوە پاوان نەکرێت. پێویستە ئەو قانونانەی بۆ چاپەمەنی ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵە ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریەکان هەیە.. هیچ لەمپەرێك لە بەردەمیاندا دانەنرێ و ئێمەش هەر وامان کردوە.. بەو جۆرەیش مسۆدەکانمان پێشکەشکردوە. ڕاگەیاندن پێویستە دەسەڵاتی عەقڵ و زانست و دیموکراتی ڕێنومایی بکات ئەگینا تووشی ئیفلیجی دێت.

سەرچاوە

گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١) مایسی ١٩٩٧ ، دەقی عەرەبی ئەم هەڤپەیڤینە لە ژمارە (هەژدە) ی گۆڤاری ( نزوی)دا بڵاوکراوەتەوە، کە خودی سازدەری چاوپێکەوتنەکە وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی.

□ سا: ئیبراهیم یوسف

chalakmuhamad@gmail.com

# دیدارێك لەگەڵ "شێركۆ بێكەس"دا

(١٩٩٣)

لە نەخشەی شیعری کوردیدا، ناوی شێرکۆ بێکەس، بە توندی و سەرنجکێشکەرانە، وەکو یەکێ لە ناوە داهێنەرە هاوچەرخەکان، دەردەکەوێت. ئەم گرنگییەی لەوەوە نەهاتوە کە ئێستا لە پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری کوردستانی عێراقدا کاردەکات، بەڵکو لەبەرئەوەیە بالای داهێنانی شاعیر زۆر بڵندەو، شاعیر لە پاڵ ناوە شیعریە هاوچەرخەکانی وەکو: قەدری جان، عەبدوڵڵا گۆران، ڕۆجن بارناس، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر، کە نیشانەیەکی جیاکەرەوە لە ژیانی شیعری کوردیدا پێکدەهێنن، بە هۆی کاریگەری گوتارە ئەدەبییەکەی و توانای ڕاستەقینەی بۆ بەبەرداکردنی گیانێکی نوێ بەبەری شیعرداو بەهۆی ڕوونی و دیاری شوێنپەنجە تایبەتەکانییەوە و.. وەرگێڕانی ناوەڕۆکی بەیانی ڕوانگەی نوێگەر کە لەدایکبووی هەست و بەدەربەستییەکی گەورە بوو بۆ سەر ئایندەی شیعری کوردی بەگشتی، سەرنج و بایەخ پێدانێکی لەرادەبەدەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت.
شێرکۆ بێکەس کوڕی (سلێمانی)یەو، گەواهە بەسەر تراژیدیاکانی گەلەکەیەوە، ئەو گەلەی کە بە ڕاستی لە دۆخێکی بێئومێدی ئێستسنائی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەژی، ئەو هەر تەنها بۆ مناڵانی هەڵەبجە نەگریاوە کە ڕژێمی ملهوڕیی بە قێزەونترین شێواز لە مێژووی مرۆڤایەتی دروێنەی کردوون، بەڵکو ئەو لەگەڵ زامی هەموو میللەت و گەلاندا دەگری، کە ئەمەش سیمایەکی تایبەتی بەرهەمی داهێنەرانی کوردە لەسەرجەم بەشەکانی کوردستاندا، ئەوان چەندە لەمەڕ کێشەو برین و زام و ئێش و ئازارەکانی خۆیان دەدوێن، هێندە لەمەڕ ئێش و ئازارو تراژیدیاو قەسابخانەکانی میللەتانی تریش دەدوێن.. کە ئەمەش یەکێکە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ و ئەدەبی کوردی، پێدەچێت شێرکۆ بێکەس لەسەر ئاستی جیهانیشدا شاعیرێکی گرنگ بێت وەك چۆن لەسەر ئاستی کوردستاندا زۆر گرنگە. وەرگرتنی خەڵاتێکی وەکو خەڵاتی "تۆخولسکی"یش ڕاستی ئەم قسانەمان دەسەلمێنن.. بگرە من پێموایە شێرکۆ بێکەس و سەلیم بەرەکات دوو پاڵێوراوی جیهانی زۆر شایستەن بۆ خەڵاتێکی جیهانی وەکو نۆبڵ.

دوان بۆ پێشکەشکردنی شاعیرێکی گەورەی وەکو شێرکۆ بێکەس زۆر خرۆشەدەخاتەوە، ناساندنێکی ئاواش مافی خۆی ناداتێ، بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی لێی دەگەڕێین وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە کە ئاراستەمان کردوە، لەبەر پێداویستی ئاگاداربوونی خوێنەری عەرەبی لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخ و ئاسۆکانی و بایەخەکەی، بە تایبەتی گەر وازمان لە تایبەتمەندی ئەو پەیوەندیە مێژوویە پتەوەی نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەب هێنا.

شاعیرمان ساڵی ١٩٤٠ لە دایك بوە، کوڕی شاعیری نەمری کوردی "بێکەس"ە، تەمەنی ١٦ ساڵ بوە کە بەهرەی شیعری پشکوتوە. پاشان داویەتیە پاڵ دەستەو گروپەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق. لە ئێستگەکەیدا کاریکردوە، ساڵی ١٩٦٨ دیوانی یەکەمی بە ناوی "تریفەی هەڵبەست"ەوە بڵاوکردۆتەوە. پاشان چەندین دیوانی تری بە شوێندا هاتوە وەکو کەژاوەی گریان (١٩٦٩)، ڕوبار (١٩٨٠)و من تینوێتیم بەگر دەشکێت (١٩٧٣)، ئەمە سەرباری چەند شانۆنامەیەکی شیعری وەکو ئاسك و کازیوە (١٩٧٠).

ئیبراهیم یوسف کە ڕۆژنامەگەرو شاعیرێکی سوریەو تا ئێستا سێ کۆمەڵە شیعری بەناوی "للعشق، التغیرات، المسافه" (١٩٨٦)و "هكذا تصل القصیده" (١٩٨٤)و "عویل رسول الممالك" (١٩٩٢) بڵاوکردۆتەوە. ئەم وتووێژەی سازداوە.

## شیعر بۆچی؟

■ منداڵی، خوێندنەوەکانی بەرایی، کەلەپوورو یادگاریە سەرەتاییەکان لەگەڵ شیعر.. خۆزگە لە بارەی هەموویانەوە بدوایتایە.

□ ئەتەوێ لە بارەی چییەوە بۆت بدوێم؟ لە بارەی منالیمەوە کە پێکەنینی بە خۆوە نەدیوە، ئەو منالییەی کە بەهۆی مردنی باوکمەوە، ڕەنگی ڕەش تەنیبووی، پاشانیش ژیانی پڕ مەینەتی لە سای دایکێکی ڕەشپۆشدا کە هێشتا لاو بوو، بەڵێ لە کێڵگەی ڕەنگەکاندا جگە لە ڕەنگی ڕەش کە ڕەنگی کراسە ئاودامانەکەی دایکم بوو، لەگەڵ ڕەنگی سپی کە ڕەنگی بەفری بە وروژمی زستانی نیشتمانەکەم "کوردستان" بوو، هیچی تریانم بیر نەماوە کە نەبوونی فیترەتی شیعریی تیا بێدار کردمەوە. ئەوکات جگە لە زمان هیچ شتێ نەبوو خۆمی لە پالًدا بپارێزم، لە ڕێی بەسەرهاتو سەرگوزشتە میللییەکانەوەو ئەو ئەفسانانەی بۆ یەکەمجار تامو چێژی پێکەنینیان فێر کردم، هەروەکو منداڵە ئاساییەکان لە ڕێی خەون بینینەکانی شەوەوە سروشتم خۆش ویست، لوتکە سیحریەکان و کێوە زەبەلاحە بەرزەکان و ئەو دارستانانەی لە شەودا بە دەنگی بەرز دەدوێن، کاتێ باکان لەگەڵ هەورە بریقەدارەکاندا گەشتیاندەکرد، خۆشم دەویستن. هیچ شتێ لە سروشت گەورەتر نییە، ئەو ئاگرە خۆشکراوەی ژوورە بچوکەکەمان، دایکمو خوشکەکانمو چیرۆکی "هەبوو نەبوو زەمانی زوو پاشایەك هەبوو لەوپەڕی دنیا دەژیا.. هتد".. گوێم لە درەختە کێوییەکان دەگرت کە لەگەڵ ئەشکەوتەکان دەدوان و هەورەکان لەگەڵ ئاسماندا، باران لە دەرەوە بە شەستە دەباریو دایکشیم تا کۆتایی شەو بەردەوام دەبوو لەسەر هەقایەتەکانی، تا دەنووستم تەنانەت لە خەونەکانیشمدا لەگەڵ لاس *Las* دا بەنێو دەربەندە شاخاویەکاندا دەڕۆیشتم، بەسەر دار بەڕوودا هەڵدەزنام، پێدەکەنیم، لەگەڵ کەروێشکە کێوییەکاندا وازیم دەکرد، بەئاوی تاڤگە زیوینەکان خۆم دەشوشت، پەلەپەلم دەکرد تا بە (خەزاڵ) (*Xazal*) بگەمو لە سێبەری درەختێکی "سندیان"دا دەمی ماچ بکەم.. چەپکێ گوڵاڵە سورەی پێشکەش بکەم.. و بەم

شێوەیە، کە هەڵیشدەستام لە جیهانی سیحری شیعردا دەژیام، ڕزگاربوون لە سیحرێك کە شەوو ڕۆژ هەڵکوتێتە سەرت مەحاڵە، زمانی شیعر نزیکترین زمانە لە ترپەی دڵی سروشتەوە، زمانی ئاوە لە ڕۆشتنیدا، زمانی مانگ، زمانی هەژاری، هەروەها مەجاز، مەجازی ئەو زمانە شیعرییەی کە ڕاستەوخۆ ئاگات تەنها لە ڕێی ئامرازگەلێکی ترەوە نەبێ، وێنە لە نێو وێنەدا! هەر لە یەکەم دیدارماندا من ئەم زمانەم خۆش ویست، زمان هەروا بە سانایی نهێنییەکانی خۆی ئاشکراناکات، ئەو وەکو خۆشەویستی وایە، لە دیداری یەکەمدا خۆی نادات بە دەستەوە، بەڵی زمان خۆشەویستیەکی قورس و سەختە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم قورسیو سەختیە خۆشیشە، ئازارێکە گەر لێت دووربکەوێتەوە بیریدەکەیت. بە هیوایت بێتەوە بۆ لاتو لەسەرەتادا وەك هونەرێکی شیعری تەنها لە ڕێی پشت بەستن بە فیترەتەوە، بێ کەرەسەیەکی هونەری، نووسین لەناوەوەو بەبێ هەڵقوڵین بۆ دەرەوە، نووسین بە گوڵاوی خەیاڵ پاشان گۆشەگیری دڵتەنگانە، هەروەها چاوەڕوانی بەردەوام بۆ هاتنی شتێك کە نەمدەناسیو نەمدەزانی کەی دێت، چاوەڕوانی زمانێك کە لە توێی پەیوەندیەکانمدا لەگەڵ خەڵکیدا نەمدەبینین، نە زمانی بازاڕ بوو نە زمانی قوتابخانە.. بەڵکو زمانی ئەو ئەفسانانە بوو کە دایکم دەیگێڕانەوە، بەڵام بە بەرگێکی ترەوە، بە شێوەیەکی ترو بە کێشکردنێکەوە کە تەنها لە خەونەکانمدا دەمبینی. چەند تامەزرۆ بووم وەکو بەفر لەسەر درەخت یان وەکو باران لەگەڵ زەویدا، بمنووسیایە. وەکو بای شەوانی زستانیش بناخاوتمایە..!!

## تەسەوف و شیعر

■ لە کەلەپووری تەسەوفی کلاسیکی نێو دنیای شیعرەوە تا دانانی یەکەمین خشتی پرۆژەی نووسینی قەسیدەیەکی کوردی نوێ، خۆزگە ئەوەتان بۆ ڕوون بکردینایەتەوە کە هەموو ئەمانە چۆن کران؟

□ داهێنانی شیعری یەك جیهانی هەیە، ئەگەرچی ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەری زۆرن، ئێمە لە ڕێی ئەزمی شیعرییەوە کە تەحەدای زەمەن دەکات، بەدوای ناوەرۆکدا

دەگەڕێن، چەندان مەلی شیعری جوانمان بە ئاسمانی کەلەپوورەوە لە ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە هەیە. کە هێشتا بە ڕەشیقی هەروەکو ئەوەی ئێستا دەستیان بە فڕین کردبێت، بەسەرماندا لە شەقەی باڵ ئەدەن، داهێنان داهێنانە، ئەوەی دوێنێ شایستە بوو، ئێستاش شایستەیەو، بۆ سبەینێش دەستدەدات. داهێنەران پێش هەر شتێ لە ناوەوەی زماندا شۆڕشدەکەن، شۆڕشگێڕێتی تەسەوفییەکان، شۆڕشگێڕێتی ڕیالیستەکان، شۆڕشگێڕێتی سریالییەکان و.. هتد. لە وشەیەکی داهێنەرانەی چڕوپڕی ڕوولەئایندەوە دەستپێدەکات. هەر سەردەمە شاعیرو پێغەمبەری خۆی هەیە. "نالی" لەکاتی خۆیدا دەنگێکی نوێگەرانە بوو، کە لە نێوەوەی زماندا شۆڕشی بەسەر سەنەمیەتی زماندا کرد، شاعیری داهێنەر لە گۆڕاندایەو زمانی وەستاوو پۆنگخواردوو تێدەپەڕێنێ، پێویستە ئەو داهێنەرەی کە بۆ خۆی درێژکراوەی ڕوباری ئەزەلی داهێنان پێکدەهێنێت، پەی بەو ڕەوتە بەردەوامەی زمان ببات، ئەو ڕووبارەی وشکدەکات، پاشماوەیەك لە بێدەنگی، ناوەکەی ون دەکات، "گۆران" سەر قافڵەی نوێگەری شیعری کوردی بوو، ئەو تێگەیشتنی خەڵکی بۆ شیعر گۆڕی، بە زمانێکی سادە نووسی، سادەیی جوانی کوردستان‌و ڕیتمی شیعری کوردی گۆڕی.

ریتم خۆی وەکو باران وایە بۆ گیانی شیعر، باران‌و ڕەهێڵە جیانابنەوە، پاش گۆڕانیش شێوازەکانی شیعرمان بوون بە چەند لق‌و پۆپێکەوە، بەڵام هەموو ئەمانە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوەو لە ڕێگەی تورکیاوە کە ئەوکاتە ڕاپەڕیبوو، وەکو دڵی بەیەکگەیشتنی نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا وابوو، هاتن. کە هەرزوو کاریگەرییەکەی لەسەر بزوتنەوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستە بوو و دیاریدا. هەروەها ئامادەیی دەستەیەك لە ئەدیبانی کورد -بە حوکمی ئەوەی کە لەوێ بوون- کاریگەری ڕاستەوخۆی لە نوێبوونەوەی بۆچوونەکانیاندا هەبوو، دەکرێت لێرەدا ناوی "پیرەمێرد" و "شێخ نوری شێخ سالح" و غەیری ئەوان کە کارتێکراو بوون بە نوێخوازی ئەدەبی بەگشتی‌و نوێخوازی شیعر بەتایبەتی، بهێنین. بەمشێوەیە ئەمە کاری ئەو کلتوورانەیە کە عادەتەن پێکدەگەن، تا سەرئەنجام چەم‌و جۆگەی داهێنانی لێ دروستبێت.

■ **قەسیدەی کوردی لە ڕێی نووسینەکانی تۆو عەبدوڵڵا پەشێوو ئەوانی ترەوە سەلماندی کە توانای ئەوەی هەیە خەمەکانی سەردەمو کێشە وردو هەستیارەکان، بە زمانی خودی ئەو سەردەمە دەربڕێ، ئایا شتێکتان هەیە کە لێرەدا ئیزافەی بکەن؟**

□ لە ڕاستیدا، نەخشەی شیعری نوێی ئێستامان، واتە لە کوردستانی عێراقدا، نەخشەیەکە ئاڵوگۆڕئامێزە، یان لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دواییدا گۆڕاوە، بەڵێ داهێنانەکانی عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەتو ئەوانی تریش، ڕووبەرێکی ڕووناکو ئیزافەیەکی گرنگن، بەڵام ئێستا خەریکە چەندان دەنگی جوانی تر دەردەکەون کە پێشتر نەناسرابوون. ئەمە یاسای ژیانە کە هەمیشە شتی تازەمان بۆ دەهێنێت. سەرەتای ئێمە بەرایی هەفتاکان بوو، کە لەرینەوەیەکی توند بوو، بەیاننامەی "ڕوانگە"مان دەرکرد کە بەیاننامەیەکی ئەدەبی بوو، واتە پێش ٢٢ ساڵ -بێگومان لەژێر کاریگەری بەیانی شیعری ٦٩ی عێراق و بزاڤە نوێگەرەکانی جیهانی عەرەبیو بەیاننامەی "گالێری ٦٨"ی میسردا بووین- با بڵێین ڕوانگە هاوارێکی نوێخوازانە بوو، یا ڕوانگەیەکی نوێبوو بۆ بزواندنی "گۆمە مەنگەکە". ئەوانە ئێستا هەندێکیان لە داهێنان چوونەتەوە، هەندێکیشیان هەر لەو کاتەوەو بۆ دواجار بێدەنگ بوون. لە بەرامبەر بەردەوامیتی ئەوانی تریشدا هەرچەندە هەندێکیان تا ئێستاش بەهەمان ڕەوتی داهێنانەوە ڕێ دەبڕن، هەندێکیشیان خاو بوونەوە.

لە دەرەوە بووم، لە غوربەتدا نووسیم، دواین شتێکیش کە نووسیومە داستانە شیعرێکی درێژە "دەربەندی پەپولە" ساڵی ١٩٩١، کە ٢٣٥ لاپەڕەی جۆری مامناوەنجییە. تا ئێستاش هەر بەردەوامم، لە پاش گەڕانەوەیشم گەواڵە هەوری شیعری جوانم لە کوردستان بینی، گوێم لە خوڕەی تاڤگەی شیعری جوان لە جیهانی ئەوەی نوێی تازەگەر گرت، بۆنمونە "بەختیار عەلی" کە دەنگێکی جیاو تایبەتەو خاوەنی بەهرەیەکی شیعری زۆر بە توانایە، ئەو ئێستا لە هەڵکشاندایە، لە پاڵ چەندان دەنگی جوانی تری وەکو قوبادی جەلی زادە -کەریم دەشتی- ئەوزاد ڕەفعەت- وە کچە شاعیری بەهرەمەند "کەژاڵ ئەحمەد" ئەمانە هەسارە گەلێکی جوانن لە ئاسمانی شیعری نوێی کوردیدا.

■ ئایا جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەوانەی کە دەشێت بە کلاسیکە کوردەکان‌و ئەوانەی بە پێشەنگانی نوێگەری ناودەبرێن؟ یان پرۆسەکە تەواوکاری‌و بەردەوامیتی‌و بەردەوامبوونە؟

□ کلاسیکییەکانمان‌و نوێگەرەکانمان لە دوادەرئەنجامدا باخێکی هەمەجۆرو تەواو ڕازاوە پێکدەهێنن، حەزدەکەم ئەو قسەیەش بڵێم کە کلاسیکیزم لە ئەدەبی ئێمەدا بە تەواوی ڕاوەستاوە. جیابوونەوە ئاشکراو ڕۆشن بوەو ئایندەش بۆ قەسیدەی نوێیە، نووسینی شیعر سەرتاپای لە ڕیتمەوە ئاودەخواتەوە کە (گۆران) دەستیپێکردو دوای خۆی زۆر کەسی تر قووڵی کردەوە. گۆران وازی لە نووسین لە سەرکێشی عەروزی عەرەبی هێناو گەڕایەوە بۆ کێشە کوردیە پەتیەکان کە پێشتر شاعیرانی ناوچەی هەورامان پێیان دەنووسی. وێڕای ئەوەی گۆران هەندێ ڕیتم‌و سەرواى هێنایە ئاراوە کە لە داهێنانی خۆی بوون.

■ ئایا ناکرێ بە مرۆکردنی بێگیانەکان لە قەسیدەکانتدا وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بەو بە شت "بەبێگیان کردن"ەی ڕووبەڕووی مرۆڤی کوردیمان دەبێتەوە دابنێین؟

□ ڕەنگە وا بێت، بەڵام پێش هەموو شتێ ئەوە دەچێتە ناو پرۆژەی تاقیکردنەوەو هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی کرۆکی شیعرو خۆ ڕزگارکردن لەو زیادانەی کە قەسیدە ئەشێوێنن، من مەبەستم لەو قەسیدەیەیە کە بە وریایی‌و وردبینییەوە لە هەرێمی دڵی شیعر نزیک دەبێتەوە، وێنەی چڕو پڕ، حاڵەتی شیعری زۆر خێرا، ئەوە گواستنەوەیە لە تایبەتەوە بۆ گشتی، لە شتگەلێکی گەلێ بچوك، جیهانێکی گەورە دروستدەکەین. لە تەنها وشەیەکەوە کە لە دەم دەردەچێت، بۆ دەریاگەلێك لە قاموس، بۆئەوەی گوڵێکی تەنها لە جیاتی جیهانێکی دڵتەنگ بدوێت، یان شوشەیەکی مەرەکەب لە جیاتی شۆڕشەکانی جیهان قسەبکات، بەم شێوەیە لە بچوکترین شت‌و پەراوێزترین شتدا کرۆکی بوون (وجود) دەبینین!!

■ ئایا گرفتی شێوە زمانەکانی زمانی کوردی، وەک ڕێگرێک لە بەردەم پەرەسەندنی قەسیدەی کوردیو پێشکەوتنی ڕاناوەستێ! ئایا هیچ گەشبینییەک بۆ دانانی سنورێک بۆ ئەم جۆرە گرفتانە لە ئایندەدا لە ئارادایە؟

□ بەڵێ فرەیی شێوە زمانەکان نەخشەی داهێنانی شیعریی بەرتەسک دەکاتەوە، چ وەك بڕو چ وەك چەشنیش، ئەوە کێشەیەکی گەورەیە لە زمانەکەماندا، فرەیی شێوە زمانەکان تەقریبەن بە مانای فرەیی هەستەکانە، بۆ نمونە: قەسیدە بڵاوکراوەکانی لای ئێمە کە بە پیتی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە خوێنەرێکی کوردستانی تورکیا ناتوانێت بیخوێنێتەوە، چونکە ئەو خوێنەرە بە لاتینی دەنووسێ و دەخوێنێتەوە هەروەها ئەوەیشی کە بە لاتینی دەخوێنرێتەوەو دەنووسرێ لە بەردەم سێ شێوە زمانی کوردی سەرەکی و سێ ڕێگەی جیاواز لە نووسیندایە، ئەم نووسینانە دەبێت لە نێو یەك زماندا وەربگێڕرێن، ئەمەش بۆخۆی مەسەلەیەکی کارەساتئامێزە بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە واقعی دابەشکراوی گەلی کوردە ئەم جەستەیەی بەم شێوەیە دابەشکردوە. واتە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاربوورییەکە لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

ئەم گرفتە -وەکو ئێوە دەڵێن- گرفتی واقعی نەتەوەیی گەلی کوردە، کە گرفتی پارچەپارچەکردنە. سەرباری بوونی چەندان چارەسەری لێرەو لەوێ کە چارەسەرگەلێکی کاتین، چارەسەری بنەڕەتی لە یەکبوونی نەتەوەییدایەو.. هتد.

■ ئایا بەنیاز نین فەرهەنگێک بۆ شاعیرانی کورد چاپبکەن، بۆ ئەوانەی کە لە نێو هێڵەکانی ئەو نەخشانەی لە کوردستاندا لە "ئەناوب"دان بە ڕاستی لەبەردەم ونبووندان؟

□ زۆر کارمان لە نییەتدا هەیە، بەڵام وەکو دەڵێن: "دەستی کورت" ناگاتە ئەو درەختە جوانەی کە دەیبینین. معجەمێ بۆ شاعیرانی کوردو پێگەیشتن لەگەڵ شاعیرانی سەرجەمی کوردستاندا، سازکردنی کۆڕو کۆبوونەوەی شیعریو ئاڵوگۆڕی ئێرراوو کۆنگرەکانو ...هتدو زۆر. بە گشتی، لێرە، یەکێتی ئەدیبانی کورد لە کوردستانی عێراق خەونو هیواو ڕێگایەکی ئاوای هەیە.

## زمانێکی تایبەت بە شیعر

■ ئایا زمانێکی تایبەت بە شیعر هەیە؟

□ ئەگەر شیعر زمانێکی تایبەت بە خۆی نەبێت، مانای وایە کە خۆشەویستیش زمانێکی تایبەت بەخۆی نییە. زمانی شیعر زمانی ژیانە، خۆی لەگەڵ خۆیدا، زمانێکی سیحریە کاتێ لەنێو دەروونی مرۆڤایەتیدا دەدرەوشێتەوەو ڕەها لەخۆ دەگرێت و هەموو ئەو سنوورانە چ سنوری شوێنیو چ سنووری کاتی بن تێیپەڕاندوون.

■ لە تاراوگەوە بۆ نیشتمان، بۆ ڕۆژە خۆشەکانی کامەرانیو چاوەڕوانی.. وهتد. شێرکۆ بێکەسی شاعیرمان چۆن ئەوە دەبینێت؟

□ من باڵندەیەکم خۆم بە شیعر ڕەنگدەکەم، جا لە تاراوگە بم یا لە نیشتمان، یا لە خۆشیو چاوەڕوانیدا بژیم. دڵەڕاوکێیەکی جوانە، تونێتی هەمیشەییە، قەناعەتنەکردنی بەردەوامە. کاتێ لە شاخ بووم لەگەڵ دەستە شۆڕشگێڕەکاندا، خۆم بە خوێنی شەهیدان ڕەنگدەکرد، تا قەسیدەکەم وەکو گیانی ئەوان بەرز بفڕێت، کاتێکیش لە تاراوگە بووم بە غوربەت خۆم ڕەنگدەکرد کە حەزو ئارەزوو بۆ زەوی نیشتمان دەستپێدەکات، ئابەم شێوەیە کۆتاییەك نییە بۆ ئەم تاسەو ئەشکەنجەو دڵخۆشیو تەنیاییەو بارانو نووسینیش مەگەر بە مردنی جەستە ئەگینا کۆتاییان بۆ نییە، من بە سیی شیعر هەناسە دەدەم. لێرە لە کۆڕێکی ئەدەبیدا گوتم کە من ئێستا شاعیرێکی وەزیرم نەك وەزیرێکی شاعیر، سبەی تەنها شیعر دەمێنێتەوە، وا نییە؟

من وەك ئەرکێکی نیشتمانی دەڕوانمە وەزارەتو پایە وەزیرییەکەم لەم قۆناغە گرنگەی مێژووی گەلەکەماندا، کاتێکیش لە ئێستادا دەنووسم، ناتوانم بەو شێوەیە بنووسم کە خۆم حەزم لێیەتی تا بە تەواوی لەم کورسیە دوور نەکەومەوە! جگە لە ئاسمانی خۆشەویستیو شیعر، هیچ ئاسمانێکی تر فڕینو دان لە شەقەی باڵی تیا نییە.

■ ئایا دەرکردنی گۆڤارێک کە گرنگی بە داهێنانی کوردی -کوردستانی بدات. چۆتە تویێی بایەخەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانی عێراقەوە؟

□ بەڵێ، ئێستا هەموو گرنگیەکمان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستاندا بە ئاراستەی ڕۆشنبیرییەکی کوردی هەمەچەشن و ڕاگەیاندنێکی دیموکراتیانەی کوردیدا دارشتوەو بە کردەوە دەستمان کردۆتە کارەکە: گۆڤاری "کاروان"ی مانگانەو ڕۆژنامەی هەرێمی هەفتانە دەردەکەین. بەم زوانەش ژمارەیەکی کاروان بە عەرەبی دەردەچێت. هەروەها گۆڤاری -هەنگ-ی منداڵانیش دەردەچێت. هەروەها کۆڕو کۆبوونەوە شیعری و ئەدەبیەکان لە سەرتاسەری کوردستاندا بەردەوامن وێڕای کردنەوەی چەندان پێشانگای هونەر و.. هتد.

- سەرچاوە

گۆڤاری (العربی) کوەیتی،ژمارەی مانگی سێپتەمبەری ۱۹۹۳

□ سا: ڕەئوف بێگەرد و دڵسۆز حەمە

chalakmuhamad@gmail.com

# شێرکۆ بێکەس و
# شیعرو کەلتوورو چارەنووس

(١٩٩٦)

لە ناوەندی ئەدەبی و فەرهەنگی ئەمڕۆی ئێمەدا گەلێك پرسیار بەرەو ڕووی وتاری ڕووناکبیریمان دەبێتەوە. پرسیارەکانی هێند ئاسان نین، کە بە هێوری ڕوو لە پۆزەتیڤە وەڵامێك بنەوە، دوور لە گەلێك مەسەلەی دی دابڕبکرێن و خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەرجەستە بن، بە تایبەتی بۆ ئێمە گەلێك کە بەردەوام لەبەر پرسیاری مانەوەماندا بنەمای شارستانی، فەرهەنگی و سیاسیمان ڕوو لە نەمان و ونبوون بوە.

شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی وابەستە بە مەسەلەی ڕووناکبیری و فیکریمانەوە شایانی بەرجەستە بوونە بۆ وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە، چ وەك شاعیرێکی عاشق و چ وەك ڕووناکبیرێکی بە دەسەڵاتی بوارەکە، بۆیە بە ئەرکی خۆمان زانی کە لەسەر شیعر و کەلتوور و مەسەلە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا سازبکەین، تا پێکەوە سەرەتای وتارێکی چارەنووساز کەڵاڵە بکەین و ڕێگای تەواوکردنیشی بۆ خوێنەر خۆش بکەین.

■ **ڕەئوف بێگەرد: کاک شێرکۆ چەند ساڵێکە لە هەندەرانەو چاودێرێکی وردی نێوەندی ئەدەبیە. هەندێک لە نووسەرانی کوردی ئەوی وای بۆ دەچن کە ئەدەبی تاراوگە (مەنفا) لە سەرهەڵداندایە، ئاخۆ ئەمە بۆتە دیاردەو نموونەی بەرجەستەی هەیە؟**

□ بە ڕاستی تا ئێستا نازانم، مەبەست لە ئەدەبی تاراوگە چیە؟ دەزانم ئەوە بریتیە لە ئەدەبێك کە ئەدەبی غوربەتە، یان دیاردەیەکە لەو دیاردانەی کە لە زۆر ئەدەبیاتی دنیادا هەیە، غوربەتیش تەنها مەسەلەی غوربەتی جوگرافی نیە، بەڵکو ئەو غوربەتەیە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە لە ڕۆح و ڕوانیندا تووشی دەبێ، زۆرجار ڕۆمانێك دەخوێنیتەوە کە کابرایەکی ئەڵەمانی نووسیویەتی و لە ئەڵەمانیاش دەژی بەڵام هەست دەکەی کە غوربەتێکی گەورەی تێدایە، دەشێ شاعیرێك یان نووسەرێك لە کوردستانیش لە هەندێك لە نووسینەکانیدا هەست بەو غوربەت و تەنهایی و دابڕانەی بکەین لە کۆمەڵ چ وەك یاخی بوون چ وەك هەوڵدان بۆ گۆڕان و شۆڕش کردن بۆ دۆزینەوەی ڕوئیایەکی تازەتر بەرانبەر مرۆڤ و ئینسان و خودی ئەدەب خۆی. ئەوەی ڕاستی بێ ئەدەبی تاراوگەی کوردی لە دەرەوە دیارە تەمەنێکی دوورو درێژی نیە. هەروەها ئەو ئەدیبە کوردانەی لە دەرەوەن بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن من زۆربەی زۆری ئەو ئەدەبە بە هی خۆشمەوە زیاتر بریتییە لە جۆرێك لە حەنین و بیرکردن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات بۆ خەونەکانی ڕابوردووو بۆ یادگارەکان و سەرچاوەی منداڵی، بەڵام بە مانا فکری و فەلسەفییەکەی ئەدەبی تاراوگە، تا ئێستاکە پێموانییە لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدابێ، ئەدیبانی خوارووی کوردستان کە درەنگ وەخت ڕێیان کەوتۆتە ئەوروپا، ڕەنگە تا ئێستا زۆر مەسەلە لەلایان نەخەملێبێ وەکو ئەو غوربەتەی نیشتمان و ئەو غوربەتە مرۆڤایەتییە گەورەیە تێکەڵ یەکتری بووبێت هەتا کوردەکانی تر بە تایبەتی کوردەکانی سەرووی کوردستان ئەدیب و قەڵەم بەدەستیان لە ئەوروپان، بەڵام تێکڕا ئەگەر غوربەت بریتی بێ لە جیابوونەوەی مرۆڤ لەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی و هەوڵدانە بۆ گۆڕانی ئەوا کەمتریش دەتوانین لە ئەدەبیاتی کوردەکانی سەروودا ببینین. دیارە هەر تێکڕا داهێنان لە

ئەدەبی کوردی کرمانجی ژووروودا کەمە چ وەك شیعر چ وەك پەخشان چ وەك نووسینی تر، سەیریش ئەوەیە ئەگەرچی بەرهەمی عەرەبی هەیە لە لایەن کوردەکانی سوریاوە چ وەك شاعیر چ وەك ڕۆماننووس بۆ نموونە "سەلیم بەرکات" وەك ڕۆماننووسێکی گەورەو بەشێك لە شاعیرە گەنجەکانیان کە ئێستا کەوتوونەتە ئەورووپاوە، من ئەدەبی غوربەت لە ئەدەبەی ئەواندا زیاتر دەبینم، لێرەدا مەسەلەی فکرو داهێنانی ئەدەبی دەوری گرنگی هەیە، بۆ نموونە کە ڕۆمانێکی سەلیم بەرەکات دەخوێنیتەوە، کەش و هەواکەی کوردانەیە، هەمانکات هەست بە نامۆبوونی مرۆڤی کوردی دەکەیت. هەست دەکەی سەلیم بەرەکات توانیویەتی نامۆبوونی مرۆڤی کوردی لە کارەکانیدا بەرجەستە بکات ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قووڵی فکری ئەدیبەکە خۆی بۆ تێگەیشتنی ئەو لە بزوتنەوەی مێژوو و بزووتنەوەی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی. من بۆ خۆم تێبینی دەکەم کە بەرهەمی نووسەرەکانمان لەوێ درێژبوونەوەی بەرهەمەکانی ئێرە بێت چ وەك شیعر چ وەك چیرۆك، شتێك نابینم کە دەستنیشانی بکەین و بڵێین ئەوە ئەدەبی تاراوگەی کوردییە، ڕەنگە شتی پچڕ پچڕ هەبێت وەك هێمایەك، قەسیدەیەك، بەڵام دیسانەوە لە بەرانبەر ئەو پرسیارەدا دەوەستینەوە کە مەبەست لە ئەدەبی کوردی تاراوگە چییە، هەر تەنها بیرکردنی رابردوە کە زۆرجار مرۆڤ بەرانبەر داهاتوو هەست بە غوربەت دەکات؟ بە کوردی ئەدەبێکی وامان نیە بەو مانا قووڵ و فەلسەفیەی غوربەت کە لە ئەدەبی میللەتانی تردا هەیە، جگە لە هەندێك هەوڵی بچووك بچووك، تەنانەت من لە کارە گەورەکانی خۆشمدا وا هەست دەکەم ڕەنگە هەندێك لەو وێنانەی تێدا بێ، بەڵام ئەگەیشتۆتە ئەو غوربەتەی کە ئێمە مەبەستمانە.

■ **دڵسۆز حەمە: کەواتە ئەو پانتاییەی نامۆبوون لە دەربەندی پەپوولەدا داگیری کردوە، زیاتر تەنها مرۆڤی کوردە بەرانبەر مێژووی خۆی، بەرانبەر تێکشکانەکان نەك نامۆبوونە جوگرافییەکە یان نامۆبوون بە دنیای بەشەری؟**

□ بەڵێ وەك قەسیدە لە دەربەندی پەپوولەدا ئەوە دەبینی، بەڵام نامۆبوونە گشتگیرییەکە نییە، وەکو مرۆڤێك بەرانبەر هەموو شتەکان بەڵکو نامۆبوونی مرۆڤی کوردە،

بەڵام ئەوەی من مەبەستمە نامۆبوونی مرۆڤە بەرانبەر مرۆڤایەتی بە گشتی، بەرانبەر پاشەڕۆژو ئەو هەموو گێژاوە.

■ **ڕەئوف بێگەرد: پێموایە لە ئەدەبی کوردیدا بنەمایەک هەیە بۆ ئەدەبی نامۆبوون یان ئەدەبی مەنفا، قەسیدەکەی نالی کە لە شامەوە ناردوویەتی یەکێکە لە قەسیدە زیندووەکان کە ئەوەی نوێش دەیخوێنێتەوە، هەست بەو نامۆبوونە دەکات، عەرەبەکان لە خوێندنەوەی (جبران خەلیل جبران)دا هەست بەو غوربەتە دەکەن کە هەموو خۆشەویستیو بیرکردنی تێدایە بۆ مرۆڤی عەرەبی وڵاتی عەرەبو شارستانیێتی عەرەب، لەو ڕوانگەیەوە تەماشای ئەدەبی مەنفا دەکەین کە ئایا چەند ئەوە ڕەنگی داوەتەوە؟**

□ ئەوانە ڕاستن، بەڵام ئەوە چەمکێکە لە غوربەت، غوربەتی مرۆڤ بەرانبەر نیشتمانەکەی، بەشێکە لەوە، بەڵام ئەگەر تەماشای هەندێك نموونەی ئەدەبی ئەڵمانی بکەیت کە لە غوربەتدا نووسراون، هەست بە جیهانێکی گەورەی مەنفا دەکەیت نەك تەنها بەرانبەر گەلو ئەتەوەی ئەڵمان خۆی بەڵکو ئەوان توانیویانە ئەو غوربەتە تێکەڵ بە جیهانبینیەکی گەورە بکەن کە من زیاتر ئەوەم لا مەبەستە ئەگینا لە قەسیدەکەی نالیو هەندێکی حاجی قادری کۆییو تەنانەت سەردەمی تازە گەلێك قەسیدەی تازە دەتوانین دەستنیشان بکەین بەڵام هێشتا تەمەنی ئەو غوربەتە ئەیکردۆتە ئەوەی سیمای ئەو ئەدەبی غوربەتە پێکبهێنێ کە ئێستا ئێمە مەبەستمانە، پێموایە درێژەدان بە غوربەتی جەستەو فیکر وای لێدێ ئەو ئەدەبەش پێکبهێنێ کە پێی دەڵێن ئەدەبی غوربەت کە بە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتیو ئەو شارستانیە چڕو پڕە دروستیدەکات، هێشتا ئێمە شتەکانمان ئەپچڕاوە لە شتەکانی ئێرە هەر درێژبوونەوەی هەناسەکانی ئێرەیە بە بیرکردنو تاسەی زیاترەوە. لەناو هەموو میللەتاندا نموونەی نالیو حاجی قادری کۆیی هەیە، بەڵام غوربەتێك کە ڕوئیای کوردانەی غوربەت تێکەڵ بە ڕوئیای غوربەتی دنیا بکات بۆ مرۆڤ خۆی.

■ **دڵسۆز حەمە: پێت وا نیە ئەوە بۆ خۆی پەیوەندی بە جیاوازی شارستانیەتەکانەوە هەیە کە لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی نووسەرێکی ئەم جیهانەی شارستانی تیا فەقیرە لە بەرانبەر**

**شارستانیەتێکی تازەدا کەوا دەکات لەو پانتاییە فراوانەی جیاوازیدا خوێندنەوەکانی کامڵ نەبن؟**

□ پێموایە لەبەر ئەوەی ئەدەب کارێکی دەستەجەمعی نیە بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێ، بەڵکو خود دروستیدەکات، خودێکی داهێنەر کە دەکەوێتە ئەوروپاوە با خەڵکی خوارووی ئەفریقا بێت بە داهێنانی خۆی و تێکەڵاوبوون بە شارستانێتی ئەوێ دەتوانێ ئەو رونیایانە دروست بکات بەرانبەر بە غوربەت یان بەرانبەر هەر دیاردەیەکی تر کە لە ئەوروپادا هەیە، بۆ نموونە ئەدەبی ئەمەریکای لاتین کە تا رادەیەکی زۆر ئەدەبی ڕۆمانیان زاڵە بەسەر بازاڕەکانی چاپەمەنی ئەوروپادا ئەوە بۆ ئەوە نیە کە ئەوان زۆر خوێندەوارتر بن لە ئەدیبەکانی تری ئەوروپا، بەڵکو بۆ کۆمەڵێك هۆکاری تر دەگەڕێتەوە چ وەکو ئەوەی مرۆڤ هەمیشە لە شتی غەریبدا غوربەت زیاتر دەبینێتەوە لە شتی نەبیستراو و نەبینراودا، هەربۆیە تێکەڵاوکردنی ئەو کەلەپورەی ئەمەریکای لاتین لەگەڵ رونیای تازە بۆ دروستکردنی فۆرمێکی ڕۆمانی تازە هەتا ئەگەر گێڕانەوە "سرد"یش بێت ئەوە زیاتر قەبوڵ دەکرێ لەلای خوێندەوارانی ئەوروپا، بەڵام لە ئێستادا ئێمە کۆمەڵێك ئەدیبی پەرش و بڵاومان هەیە، کە بە پەنجەی دەست دەژمێررێت هەندێکیان تەمەنی غوربەتیان هێشتا کەمە، ڕەنگە بۆئەوەی بە تەواوەتی ئەدەبی غوربەت دروست بێ، پێویستە زمانەکانیش بە تەواوەتی وەربگرن. زمان چ وەکو فکر چ وەکو ئەو نهێنیانەی لە زمانی هەموو میللەتێکدا هەن، تێکەڵاوبوون و شارستانیەت.

■ **ڕەنوف بێگەرد: هەر لە ئەدەبی هەندەرانەوە، هەندێک لەو بەرهەمانەی لەوێ بڵاو بوونەتەوە بە تایبەتی شیعر بەشێکن لە فکری ڕووت، هەندێک لەو برادەرانە داوای ئەوە دەکەن کە شیعر دوور کەوێتەوە لە ئیحساسات و سۆزو زیاتر ببێتە فکر، واتە شیعر بتوانێ ئەو کێشە ئالۆزانەی ئێستا لە دنیادا هەن، لە خۆیدا بەرجەستە بکات، تا بوون بە فکرێکی ڕووت، تۆ خۆت ئەوە چۆن دەبینی؟**

□ من لە پێش هەموو شتێکدا پێموایە کە شیعر لە ناوچەکانی سۆزو هەست چوە دەرەوە لە شیعرێتی دەکەوێ، یەکێك لەو دیاردانەی کە شیعر جیا دەکاتەوە لە ئەدەبی پەخشان ئەو مەسەلەیەیە کە ئەوەش لە هەستو سۆزدا جۆرێك لە مۆسیقا بۆ شیعر دروستدەکات، کە ئەوە لە ناوچەی عەقڵدا بۆ شیعر دروستنابێ، کە ئەوەت لێ دابڕی نابێتە شیعر بەلای منەوە، دوەم، ئەوەی شیعر دەبەستێتەوە بە خەڵکەوە مەسەلەی ئیحساساتو روانینێکی ناسکانەیە یان جۆرێك لە خەیاڵ کە ئەمرۆکە لە ئەدەبی چیرۆكو ڕۆمانیشدا نووسەرەکان ناتوانن خۆیانی لێ دوور بخەنەوە، بەشێك لە ڕۆمانی ئێستا شیعرە، یان بڵێم کەشو هەوایەکی شیعری بە سەریدا زاڵە، لەبەرئەوەی ئەوان دەیانەوێ ئەو جۆرە ناسکیو گەرمو گوڕیە تێکەڵ بە ڕۆمان بکەن. ئەمە مانای ئەوەیە هەمیشە پەنابردن بۆ ناوچەکانی هەستو سۆزی مرۆڤ تەنانەت لای ڕۆمان نووسێك کە زیاتر ئەو ڕەنگە کاری عەقڵو فەلسەفیو فکری لە ڕۆمانێکدا زۆرتر بێت بەو پێیەی کە پانتایی عەقڵ لە ڕۆماندا فراوانترە وەك لە شیعردا. هەمانکات لە شیعریشدا پەنا دەبرێتە بەر هەموو هونەرەکان هەموو بەشەکانی تری ئەدەب. ئێستا لە شیعردا کاریگەری ڕۆمان زۆرە بە سەریەوە بە تایبەتی لە قەسیدەی درێژدا. بە کورتی لە نێوان هونەرەکاندا ئێستا ئەو دیوارانە لە رمانی تەواودان، هەستدەکەیت ئەوانە ئەڕوخێنرێنو ئەم روئیایانە شیعر بن یان چیرۆك یان هونەری تەشکیلی تێکەڵ یەکتری دەبن، هەر لەمەشەوە ئێستا مەسەلەی دەقی کراوە کە ئەمڕۆ یەکێکە لەو دەقانەی لە دنیادا باوەو لە دەقە گرانەکان بەدەردەکەوێ، کە ناتوانی بڵێی شیعرە یان ڕۆمانە یان چیرۆکی کورتە. بەڵام دەقێکە، لە زۆر شوێندا هەست دەکەیت ڕۆمانە، لە هەندێ شوێنی تردا شیعرە، لە زۆر شوێنی تردا هەست بە لێدانی چیرۆکی کورت دەکەیت، لە شوێنی تردا هەست بە ڕەنگەکانی هونەری تەشکیلی دەکەیت کە لە ڕێگای وشەوە دروستیدەکات، ئیتر من پێموایە کە شیعر ئیحساساتو سۆزت لێ دابڕی شیعر نیە، ئەمەش تازە نیە لە مێژووی شیعردا زۆر شاعیر هەبوون لە مەسەلەی فەلسەفیدا شیعریان نووسیوە کە هەتا ئەوانیش کە ئەمەیان کردوە ئاگایان لە شیعر بوە. ئاگایان لە مەسەلەی

هەست و نەستی شیعر بوە، شیعر بەرلەوەی ڕووبکاتە عەقڵ، ڕوودەکاتە دڵ و هەست و سۆزی مرۆڤ هەر لەبەر ئەوەشە پەیوەندی نێوان شیعرو خوێنەر بە تایبەتی لەم وڵاتانەی ئێمەدا بەهێزە، ئێستا لە ئەوروپا شیعر جەماوەری نەماوە کە من پێموایە یەکێك لە مەسەلەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعر خۆی لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی دزیوەتەوە.

■ **دڵسۆز حەمە: بەڵام بە پێچەوانەی ڕایەکەی بەڕێزت ڕایەکەی تر دەڵێ هۆی ئەو کاڵبوونەوەیەی ڕۆڵی شیعر لە ئەوروپادا دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی دەسەڵاتی عەقڵ و گەشەکردنی ئالیەتی شارستانی کە ئیتر موخاتەبەکردنی عەقڵ ئاسانترەو ڕاستەوخۆترە لە ڕووکردنە ئیحساسات و هەوڵی وروژان و جوڵاندنی، بەڵام لای میللەتی بێ شارستانی و خاوەن کەسیتی ئەڕسکاوی وەکو ئێمە کە تواناى وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان بۆ دەستەبەر نەبوە ڕوو دەکەینە خوڵاواندنەوەو ڕووکردنە وروژاندنی ئیحساسات. هەر بۆیە ژمارەی شاعیرمان زۆرە..**

□ نەخێر. تا ئێستا لە لیستەی بازاڕی کتێبدا ڕۆمان لە سەرەوەی ئەو لیستەوە دێ، دوای ئەوە یاداشتی ئەدەبی، پاشان چیرۆك بە هەموو لقەکانیەوە پاش ئەوە ئینجا شیعر دێ، بەڵام بۆچی ئەو ڕۆمانانەی کە خۆشمان لە ڕێگای وەرگێڕانەوە هەندێکیانمان خوێندۆتەوە خاڵیە لە کەش و هەوای شیعر؟؟ پێموایە یەکێك لە هۆی سەرکەوتنی مارکیز گەڕانەوەیەتی بۆ دنیای داستان و ئەفسانەو دنیای سیحراوی ئەدەب کە خۆی سیحر بەشێکە لە شیعر، ئەگەر ئەو شتانە نەبوونایە لە ئەدەبی مارکیزدا، ئەو دەنگدانەوە گەورەیەی نەدەبوو لە دنیادا، زۆر ڕەخنەگریش ڕای وەهایە، بەڵام من دەڵێم شیعر بۆیە لە ئەوروپادا لە جۆرێك لە پاشەکشەدایە چونکە شاعیر ناوچەی هەست و سۆزی لە دەست داوە لە شیعرەکانیدا، بەشێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆداخستنەی کە تێکڕا تووشی شیعری تازە هاتوە لە زۆر شوێنی دنیادا، خەڵك ئامادە نیە بۆ کردنەوەی قفڵی شیعرێك دوو سێ شەوان خەریك بێت، ئەوانە دەڵێن خوێنەری زیرەکمان دەوێ، بەڵام خوێنەری زیرەك کەمە، جاران شیعر دیوانی عەرەب بوو بەڵام ئێستا دیوانی عەرەب نیە، هەمان شێوە لە شیعری کوردیدا پەتایەکی سپی لەو جۆرە هەیە، کە ڕەنگە لە ڕێگەی زمانی عەرەبیەوە هاتبێتە ناو

شیعری کوردیەوە، کە ڕەنگە ئەوانیش لە شەپۆلە تازەکانی ئەورووپاوە وەریان گرتبێ، کارێکی کردوە کە جەماوەر لە شیعر دوور دەکەوێتەوە، مەبەستیشم لە جەماوەر ئەو جەماوەرە نیە کە بە شیعرێکی زۆر ساکارو بازاڕی قەناعەت دەهێنێ کە ئەمە وا بکات لەو پێناوەدا هونەری شیعری ون بکەیت، هەمیشە گرانترین شیعر ئەو شیعرانە بوە کە هونەریشەو هەمان کاتیش دەگات، دەبێ پردێك دروست کەین سەرێکی لەناو گیانی شاعیرەکەداو سەرەکەی تری بەستراوە بە خەڵکیەوە، نووسەرێکی ئەوروپا بەوە خۆشحاڵ دەبێ کە ژمارەیەکی ئەوەندە لە کتێبەکەی فرۆشراوە، ئەمەش جێگای شانازییە بۆ ئێمە کە دوو سێ هەزار کەس دێ گوێ لە ئێمە دەگرێ، من بۆ خۆم هەندێك تاقیکردنەوەم هەیە بۆ نموونە کە چوومە فەرەنسا یان ئیتالیا یان نەرویج ئەو کەسانەی کە گوێیان لە شیعرەکان گرتوە دوای ئەوەی کە بە کوردی خوێنراوەتەوە ئیتر بە فەرەنسی یان نەرویجی یان ئیتالی خوێنراوەتە بەشێك لەوانەی دانیشتوون نەرویجی یان فەرەنسی یان ئیتالیی بوون، هەڵبەت ئەوانەش ئامادەبوون کە عاشقی شیعرن، بۆیە هاتوونەتە ئەو کۆبوونەوەیەوە، هەڵبەتە ئینتیباعی ئەوانە شایانی ئەوەیە کە بە جدی لەبەر چاو بگیرێ، من زۆرجار دوای خوێندنەوەی شیعرەکان ئەوانە هاتوونەتە لام داوایان لێکردووم شیعرەکان بەو زمانە چاپ بکەمو شیعرەکانیان زۆر پێ خۆش بوە کە هەڵبەتە ئەوانە هەمان ئەو فەرەنسیو نەرویجیو ئیتالیانە بوون کە ئێمە لێرە دەیان کەین بە نموونە بۆ خوێنەری زیرەك.

بە کورتیو پوختی شیعر لە پانتایی سۆزو هەست دوورکەوێتەوە، شیعر نیە. ڕەنگە شتێکی تر بێ، بە بڕوای من چ فەلسەفە چ زانست چ فکر دەتوانێ وەکو هەوێن بچێتە ناو شیعرەوەو دەوری خۆی ببینێ بەڵام لەوە زیادی کرد لە گەرمو گوڕیو هەستو سۆزو کەسێتی شیعر کەم دەکاتەوەو دەبێتە مایەی پاشەکشە کردنی.

■ **ڕەئوف بێگەرد: بەڵام کاک شێرکۆ هەستو سۆزی مرۆڤیش وەکو دڵسۆزیش گوتی وابەستەی دەوروبەرو تەکنۆلۆژیاو شارستانی ئەو ناوچەیەیە کە تیای دەژی، تۆ خۆت گوتت، لە ئەورووپادا هێندەی فرۆشتنی ڕۆمان هەیە، شیعر هێندەی نیە، کەچی لای ئێمە بە پێچەوانەیە**

کەواتە هەست و سۆزیش هەر لەو دەوروبەرە هۆشیارو مەعریفیەوە سەرچاوە دەگرێ کە تاک تیایدا گەمارۆیە.

□ دەزانم ئەوە وایە، ئەوەش مانای ئەوە نیە من بڵێم شیعر گەورەترە لە ڕۆمان، پێموایە هەرشتێك جەماوەری خۆی هەیە تەنانەت لە ئەوروپادا، هیچ ڕەگەزێك ئەوی تر ناسڕێتەوە.

■ ڕەنوف بێگەرد: ئێمە باسی جەماوەر دەکەین، شیعر لە ناو میللەتانی ڕۆژهەڵات یان کەم شارستانیدا شیعر لەناو خەڵکدا زاڵترە..

□ چونکە پێموایە لەبەرئەوەیە کە لەم کۆمەڵگایانەدا خۆشەویستی و سۆز دەوری گەورەی ماوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، خۆ ئەوە مانای ئەوە نیە کە دەوری سۆزو خۆشەویستی کەم بێتەوە ئیتر شتێکی باشە، چونکە یەکێك لەو شتانەی لە کۆمەڵگای ئەوروپادا مرۆڤ زۆر ڕقی لێی دەبێتەوە ئەوەیە کە خۆشەویستی و سۆز لە کەمبوونەوەدایە کە وا دەکات نرخی مرۆڤایەتی دەهێنێتە خوارێ، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئاڵۆزو گرژتر کردوە، خۆیان بە دەیان کتێب و مەقالەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسیوەو کۆڕی بۆ دەگرن، ئەم شتەی ئێمەیان پێ چاکە، بەڵام ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتەو قۆناغی گۆڕانی کۆمەڵ سەپاندوویەتی لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر.

■ دڵسۆز حەمە: کاک شێرکۆ ئەگەر تێبینی سەرەتای سەرهەڵدانی تێکست بکەین لە تێکستە ئەفسانەییەکان و داستانەکان و تێکستە ئاینیەکان کە زۆربەی بە زمانی شیعر نووسراوە، بەڵام گەشەکردنی کۆمەڵگاو زمان لە قۆناغە جیاوازەکاندا تا ئەمڕۆ پێدەچێ شیعر ڕوو لە پاشەکشە بکات و ڕۆمان و هونەری تازەی دەربڕین جێی بگرێتەوە بەو دەلیلەی ڕۆمان هاوشانی پەیدابوونی شارستانی و ژیانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە گەشەکردوەکانی سەنعەت و شاری گەورەیە.

□ ڕاستە یەکەمجار لە وڵاتی سۆمەرەوە کە دەتوانم بڵێم لەوە کۆنتر نەدۆزراوەتەوەو یەکەمین دەقیش ژن نووسیویەتی واتە یەکەم شاعیر لە دنیادا ژن بوە، بەڵام ئێمە ئەگەر وا لێك بدەینەوە کە شیعر لە لەناوچووندایە ئەوە ئەو کاتە دەبێ کە هەست و سۆزی

مرۆڤایەتی و خۆشەویستی لە لەناوچووندا بێت، چونکە تا خۆشەویستی بمێنێ شیعریش دەمێنێ.

■ دڵسۆز حەمە: بەڵام هەست و سۆزیش لەگەڵ پێکهاتەی شارستانی کۆمەڵگاکاندا جیاوازی هەیەو کەشە دەکات لەگەڵ کەشەکردنی هەمەلایەنەی بوونیادەکانی تری کۆمەڵایەتیدا، هەر بۆ نموونە هەست و سۆزو خوێندنەوەی ژن و پیاو بۆ یەکتری لە ئەوروپا جیاوازترە لە خوێندنەوەیان بۆ یەکتر لەلای خۆمان، سۆزو هەست زۆرجار لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ زیاتر لە ئازادبوون و گۆڕانی مرۆڤەکەدایە..

□ من پێت دەڵێم ئەدەب و شیعر لە ئەوروپا بۆیە لە هاتنە خوارەوەدایە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لەوێ مەسەلەی هەست و سۆزو وشە عاتیفەکان لەوێ باوی نەماوە، ئێستا ئەوان لە پانتایی عەقڵیدا دەژین لە پانتایی شارستانیەتدا بە مانا گەورەکەی. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوانە سکاڵایان لە دەست ئەمە نیە. لەبەرئەوە ئەوەی کە لە لای ئێمە زۆرە بە ماناکەی تری نەک مانا شارستانیەکەی. بۆ ئێمە خاڵێکی ئیجابیە لە مەسەلەی خۆشەویستی و هەست و سۆزی مرۆڤایەتی و لەیەکتر نزیک کەوتنەوە. تەنانەت لە ئەدەبی ڕۆماندا وەکو گوتم یەکێک لەو خاڵە ئیجابیانەی دەدرێتە پاڵ ڕۆماننووسێک ئەوەیە کە ئەتمۆسفێرێکی شیعری و وێنەی شیعری ئامادەبوونی چاکی هەیە، بەڵام ئەدەبی چاک چ شیعر چ ڕۆمان پەیوەندی بە زەمەنێکەوە نیە، زیاتر پەیوەندی بە داهێنانەوە هەیە، ئەدیبێک چەند داهێنانی کردبێ هێندە ئەمری و زیندوێتی بۆ بەرهەمەکەی مسۆگەر دەکات.

■ دڵسۆز حەمە: دەقی کراوە، نزیکبوونەوەی شیعر نیە لە ڕۆمان.

□ نەخێر، بەڵکو نزیکبوونەوەی هەموو هونەرەکانە لە یەکتری، هەندێک ڕۆماننووس هەیە ڕەنگە کە چیرۆکێک یان ڕۆمانێکی دەخوێنیتەوە لە سەمفۆنیایەک دەچێ یان چیرۆکێک لە تابلۆیەکی تەشکیلی دەچێ هێندە هەیە بە وشە نووسراوە، تەنانەت وەکو شێوەو وەکو ناواخن ڕەنگە چیرۆکنووسێک چەندین لاپەڕە لەسەر ڕەنگێک بوەستێ.

■ ڕەنوف بێگەرد: من هەندێک نموونەم لا هەیە، وەختێ "ئەلیوت" "وێرانە خاک" دەنووسێ کە قەسیدەیەکی قورس و گرانە تەنانەت بۆ ئەو ماوەیەی ئەورووپاش. هەر هەمانکات شانۆگەریەک دەنووسێ بە زمانی شیعر شانۆگەری "تاوانی کوشتنێ لە کاتدرائیەدا" بە زمانێکی شیعری جوان. "جۆرج شحاتە" کاتێ شانۆگەری "کۆچەرێکی برسبانی" بە زمانی شیعر دەنوسێ و بانگەشەی ئەوە دەکات کە شیعر دەبێ تێکەڵ بێ لەگەڵ شتەکانی تردا ئەگینا دروستکراوێک دەبێ لە نێوان زەمین و ئاسماندا بە هەڵواسراوی. کەواتە شیعر دەبێ تێکەڵ ڕەگەزەکانی تر بێتەوە.

□ چ داستانە شیعر. چیرۆکە شیعر وە چ شانۆ لە منداڵدانی شیعردا لەدایکبوون، یەکێك لەو خولیایانەی من ئەراقم ئەوەیە کە بە ڕوئیایەیەکی تر جارێکی تر ئەو شتانە بۆ شوێنی خۆی بگەڕێنمەوە، ڕەنگە ئەمە ڕوئیای شاعیرێکی کورد نەبێ بە تەنها. بەڵکو لەوە فراوانترە بە مانای چۆن دیسانەوە جارێکی تر نرخی میثۆلۆجیای داستانەکان زیندوو دەکەینەوە لە ڕوئیای تازەدا، بەڵام بە شیعر ئەو هەوڵدانە دراوە، بەڵام هەوڵدانەوە بۆ نووسینی شانۆ بە شیعر زۆر کەمیان سەرکەوتوو بوون تەنانەت لای عەرەبەکان کە دەتوانین دەستنیشانی یەکێکی وەکو "صلاح عبد الصبور" بکەین کە ئەویش لەو سێ چوار شانۆیەی نووسیویەتی تەنها لەوەی "حەللاج"دا توانیویەتی شتێ بکات بە شتێك یەکێك لە خەمەکانی من ئەوەیە وەکو ئەوەی دنیا هەمووی چاوەڕوانی هەوڵی چەند کەسێك بێ هەتا شیعر بەهاکەی جارانی وەربگرێتەوە، بەڵام بەو ڕوئیاو هەستەی کە ئەمڕۆ ئینسان کاری پێدەکاتە سەر کۆمەڵ بەو شێوەیەی ئێستا ڕووی پێ دەکەینە پاشەڕۆژ. ئەو هەوڵانە بۆ شاعیرێك کە بیەوێ تاقیکردنەوەکانی هەمەجۆر بن نابێ لە وێستگەیەکی دیار کراودا بوەستێ، یەکێك لەو تێبینیانەی من بەرانبەر شیعری کوردی هەمە ئەوەیە کە شاعیر لەلای ئێمە تەنها وا دەزانێ قەسیدەیەکی ئاساییە ئیتر شیعر هەر ئەوەیە، دنیای شیعر گەورەیە، دەتوانی داستانی پێ بنووسی. دەتوانی ڕۆمانی قەسیدەی پێ بنووسی، یان قەسیدەی ڕۆمانی پێ بنووسی، دەتوانی شانۆگەری شیعری پێ بنووسی، جگە لەوەش دەتوانم بڵێم شاعیری ڕووت ئەماوە

لە ئەورووپا کە تەنها شیعر بنووسێ بەڵکو دەست دەداتە شتەکانی تری وەکو ڕۆمان و چیرۆك یان هونەری تەشکیلی واتە لە چەند بوارێکی جیاوازدا پەلی داهێنان دەهاون، هەندێکجار پێچەوانەی ئەمەش باسدەکرێ و دەڵێن تایبەتمەندی هەیە، بەڵام شیعر بە تەنها ئەمڕۆ وەك قەسیدەیەکی ئاسایی لە قەدەرەی ئەم سەردەمە نایەت چ بۆ غوربەت چ بۆ داهێنان چ بۆ تێپەڕاندن، دەبێ شتی گەورەتر بکرێ، هەوڵ بدرێ مەودای داهێنانی خۆت فراوانتر بکەیت هەتا ئەگەر لە بواری شیعریشدا بێ، چونکە جیهانی شیعر جیهانێکی ڕەنگینی گەورەیە، ئێمە ئەوەمان خراپە کە بە تەنها ڕەنگێکەوە دەنوسێین و پەل ناهاوین بۆ لق و پۆپەکانی تر، ڕەنگە بەشێك لە کارەکانی من هەوڵێکی بچووك بێت، بۆ نموونە ئاواتی من ئەوەیە ڕۆمانێك بنووسم، بەڵام ڕەنگە لەبەرئەوەی دەسەڵاتم بەسەر ئەوەدا ناشکێ هەوڵ دەدەم لە شیعردا کۆمەڵێك شت تەحقیق بکەم کە ڕەنگە لە ڕۆماندا بە تەواوی بۆم نەکرێ، ئەوەشیان خۆی بۆ خۆی چاکە، چونکە ڕەنگە بتوانم جۆرێك لە ئیزافە بخەمە سەر تاقیکردنەوە شیعریەکانی خۆم وەك ئەوەی لە چەقێکدا بوەستم.

■ **ڕەئوف بێگەرد: بەرهەمی ٩١ "دەربەندی پەپولە" و ٩٣ ئافات بوو، پێش ئەویش قەسیدەی درێژت هەیە، دەربەندی پەپولە گەڕانەوەیە بۆ مێژوویەك تێکەڵ بە مێژووی خەڵك، ئەم بەرهەمە تازەیەت وا بزانم گەڕانەوەیە بۆ مێژووی خۆت..**

□ دیارە لای من ڕەگێك هەبوە بۆ نووسینی شیعری درێژ تەنانەت هەوڵەکانی دیوانی یەکەم و دووەمیش هەناسەی لەو جۆرەی تێدایە کە نیشانە دەدات بە هەناسەی درێژ، "کۆچ" یەکەم هەوڵە بۆ نوسینی شیعری درێژ، دوای ئەوە داستانە شیعریەکانم نووسیوە بۆ نموونە مامەیارە، بەردەقارەمان، هەڵۆی سوور، ئەمانە وەك ئەوە وان ڕێگا لە بەردەم شتێکی گەورەتردا بکەنەوە، کە دیارە ئەمەیان بە نووسینی "دەربەندی پەپولە" کۆتایی هات گەر لە غوربەتدا نەبوومایەو لە دەرەوەدا نەبوومایە کە ئەو غوربەتە تووشی تەنهایی و تێڕامانم بکات و لێوردبوونەوەم قوڵ بکاتەوە بۆ شیعرو بۆ دنیا، ڕەنگە ئەگەر لێرە بوومایە بە جۆرێکی تر شتێکی ترم بنووسیایە، بەڵام دەربەندی پەپوولە نەبوایە، یەکێك لە هۆیە

گەورەکانی نووسینی دەربەندی پەپوولە دوور کەوتنەوەم بوو کە دابڕانێکی نزیکەی چوار ساڵ بوو کە ڕێکەوت هەندێک لەو کارەساتە گرنگانە لەوکاتەو لە دەرەوەی مندا روویدا بۆ نموونە ژەهربارانی هەڵەبجەو کارەساتی ئەنفال، ئەوانە ئەو کاتانە بوون ئیتر ئەوانیش چوونە ناو "دەربەندی پەپوولە"وە. بەڵام "دەربەندی پەپوولە" زیاتر کۆبوونەوەی سەرانی غوربەتە. سەرانی غوربەتی ئەدەب و مێژووی کوردی کە لە ئێستادا منم و لە رابردوودا نالی و حاجی قادری کۆیی و ژەنەراڵ شەرەف پاشایە، کە جارێکی تر وەک زەمەن کۆیانبکاتەوە لە ئێستادا، جارێکی تر دێتەوە، نالی دێتەوە، حاجی قادر دێتەوە، ئەو هەوڵەی بەشی چوارەمی قەسیدەکە لەسەر گۆمێکە کە بە خەیاڵ جارێکی تر وەک زیندوو دێنەوە سەرەڕای جیاوازی زەمەنی لەوێدا ئیلغاء کراوەتەوە، دیسانەوە جارێکی تر ئێمە بە یەکتری دەگەینەوە، "دەربەندی پەپوولە" کۆبوونەوەی سەرانی غوربەتە لە کۆمەڵێک تابلۆی جیاوازدا..

■ **ڕەئوف بێگەرد: کاک شێرکۆ کەواتە گەر لە هەندەران نەبوویتایە "دەربەندی پەپوولە"و ئەم بەرهەمە تازەیەت کە ئەویش هێندەی "دەربەندی پەپوولە" درێژە، نەتدەتوانی بیاننووسی؟**

□ باوەڕ ناکەم، چونکە یەکێک لەو هۆکارانە کە لای خەڵک لای سەیر بێت تەنهایی و کاتە، چونکە لەوێ ئەوەندە کات خاو دەڕوات بە تایبەتی ئەگەر یەکێک شوێنی و ژیانی مسۆگەر بووبێ، چونکە ئەگەر ژیان مسۆگەر نەبێت، لە هەر شوێنێک بیت ناتوانی هیچ بکەیت، کە زانیت ماڵ و شوێنت مسۆگەرەو جێگیرەو کاری گەورەو تاقەت پڕوکێنی وات بەسەر شانەوە نەبێت کە لە بەیانیەوە تا ئێوارە ماندووت بکات کە دوایی هیچت پێ نەکرێ، ئەوەی کە بۆ من هەڵکەوتوە. زیاتر وەکو بێ کارێک وام و ماڵیشم هەیەو بە یارمەتیەکی یەکێتی نووسەرانی سوید دەژیم کە مانگانە ئەمدەنێ و کار ناکەم، ئەمە بۆ ئەدیبێک کە بیەوێ ئەم کات و تەنهاییە زۆرە سوود لێ ببینێ دەتوانێ بنووسێ، هاوکات ئەو تەنهاییە دەتخاتە شوێنێکەوە کە ئیتر جارێکی تر دیسانەوە نوقمی رابردووی خۆتت دەکاتەوە، چاوت گەلێک تیژتر دەبێتەوە، شتە ناشرینەکانی ئێرە، شتە جوانەکان، یادگاری منداڵی و

کوڵان و گەڕەك و پەنجەرەو تەنانەت ئەو پشیلانەی لە ماڵەکەتاندا هەبوە جارێکی دەبینیتەوە، پێموایە ئەگەر تەنهایی وا نەبێت شتەکانی خۆت بەو جۆرە نابینی، وەکو ئەوەی وەختێ بە شاخێکدا هەڵدەگەڕێی کە پێوەی نووساوی هەمووی نابینی، بەڵام کە وەختێ دوور دەکەویتەوە هەمووی باشتر دەبینی، جگە لەوە ئەوەی کە عاشقی کارەکەی خۆی بێت چ شیعر بێت یان چیرۆك، ئەو گڕی عەشقە گەر بەردەوام لە گیانیدا بسوتێ ئەوە هانیدەدات بەردەوام چاوبگێڕێتەوە بە کارەکانی خۆیدا، من تا ئێستا ئەم حەماسەت و گڕو کڵپەیە لە گیانمدا ماوە وەك ئەوەی زۆرجار وا هەستدەکەم بۆ یەکەمجار شیعر دەنووسم، بۆ یەکەمجار چاوم بە شتێکی تازە دەکەوێ، چاوی منداڵی دێتەوە چاوم، بیستنی منداڵی دێتەوە گوێچکەکانم بۆ بیستنی شتی تازە، ئەو تەنهاییە سەرەڕای ئازارەکانی وەك جەستە وەك بیرکردنەوە مرۆڤ پەرت دەکاتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆتدەکاتەوە. تۆ پەرتیت، بەڵام بە جۆرێك کۆتدەکاتەوە لە چاوت لە خەیاڵت لە گەڕانەوەدا بۆ رابردوو، دیسانەوە چاوخشاندنەوە بۆ ژیان بۆ مێژوو دیارە شیعر ناتوانرێ باس بکرێت بەڵکو دەبێ بخوێنرێتەوەو گوێی لێ بگیرێ، دەتوانی باسی ڕۆمانێك بکەیت، بەڵام بۆ شیعر ناکرێ بەڵام وەك داهێنانی ئەدەبی تەنهایی وەك ئەو شێوەیەی من باسمکرد کاری بۆ کردووم، هاوکات ڕەنگە زۆر داهێنەرمان لە ئەوروپا هەبێت، بەڵام فریای ئەوە نەکەوێت کە لە مانگێکدا کتێبێك بخوێنێتەوە، ڕەنگە ژیانی سەختی ئەوروپا وای لێ کردبێ، بێگومان وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێ بۆ نموونە دەوڵەتە ئەسکەندنافیەکان جۆرێك لە زەمانەتی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، کە ڕەنگە ئەو زەمانەتە لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا یان ئیتالیا نەبێت، هەر لەبەرئەوەشە بەشێك لەوانەی دەکەونە ئەورووپاوە ئەو ژیانە پەرتیان دەکات و ماندوویان دەکات، ئەوەندە لە شوێنی کار ماندوو دەبێ وەختێ دێتەوە شوێنەکەی خۆی لە پەل وپۆ دەکەوێ، ڕەنگە تەنها سەعاتێك توانای تەماشاکردنی تەلەفزیۆنی هەبێت پاشان بنوێ و بەیانی هەمان شت دەست پێبکاتەوە بۆ کار، لە حاڵەتی وادا ناتوانی کاری گەورە بکەیت. تەنانەت بەردەوامبوونی من و نەپچڕاندنم تەنانەت ئەگەر قەسیدەیەکی بچووکیش بووبێ یان

کارێکی درێژبووبێ، قوربانیدان بوە بە شتی تر، تەنانەت بە نسبەت منیشەوە، یەکێکم لەوانەی لە فێربوونی زمانی سویدی بە شێوەیەکی چاك دواکەوتووم، هەرچەندە فێربوونی زمان لە گەورەییدا کارێکی گرانە، بەلام من لە سەرەتاوە ئەوەم لێکدایەوە بە لایەنی کەمەوە فێربوونی زمانێك دوو سێ ساڵ خۆ تەرخانکردنی دەوێ بە تایبەتی لەم تەمەنەدا تا بتوانی بە باشی پێی بخوێنیتەوەو پێی بنووسی، کاتی زۆری دەوێ، بەلام پرسیارەکە لای من وای لێهات ئایا فێری زمانی سویدی بم کە زمانێکی زۆر چەپەکە لە زمانەکانی دنیا یا لە کارەکانی خۆم دانەبڕێم؟ من ئەمەی دواییانم هەڵبژارد.

■ **دڵسۆز حەمە: ئێستا خوێندنەوەی تازەو لێکدانەوەی تازە کراوە بەرانبەر کارەکانی تۆ لە لایەن ئەم جیلە خوێندەوارە تازانەوە، خۆت ئەو خوێندنەوانەت لا چۆنە؟**

□ یەکێك لەو شتە دڵخۆشکەرانە ئەوەیە کە وەکو ئێوە پێی دەڵێن خوێندنەوەی تازەو ناوی خوێندنەوەی تازەی لێ دەنێن، ئەوەیە کە خاڵی گەورەی سەرەکی لای ئەمان پێش ئەوەی سەیری هیچ شتێ بکەن سەیری دەقی ئەدەبی خۆی دەکەن، یەکێك لەو شتانەی ئێمە ماوەیەکی زۆر پێی سووتاین، ئەوە بوو کە هەمیشە دەقی ئەدەبی بەرانبەر ناسنامەی سیاسی تەماشا دەکرا لە جیهانی فکری سیاسی و ئایدیۆلۆژیاوە تەماشای ئەدەب دەکرا، بەلام ئەو کوڕە گەنجانە، ئەم تاقمە تازەیە کە تەماشای ئەدەب ناکەن وەکو ئەوەی تۆ لە مێژوودا چیت کردوە وەکو شێرکۆ، کوڕی کێ بوویت و لە کام فکرو ڕێبازو حزبەوە نزیکیت و سیاسەتت چیە؟، ئەوان تەماشای دەقەکە دەکەن، ئەگەر تەنانەت دەقێکی سیاسیش بێت ئەوان هەقیان بەسەر دەقەکەوە هەیە نەك بەسەر خاوەنەکەی، یەکێك لەو دەقانەی ئەوان هەڵیانسەنگاند "قیبلەنوما"یە کە قەسیدەکە لە شاخ نووسیومە بەلام باس لە پەرتپەرتبوونی کورد دەکات، ئەوان شیکردنەوەیەکی تایبەتیان بۆ کردوە، پەرتپەرتبوونی جەستەی کورد لە مێژوودا کە ئەمە شتێکی چاکەو یەکێکە لەو پێوانە هەرە تازانەی ڕەخنەی جیهانی بۆ خوێندنەوەی دەق، ئێستا بەلای ڕەخنەگرەوە گرنگ نیە مێژووی ئەو کەسە بزانێ یان نەیزانێ کە جاران ئەوە زۆر گرنگ بوو لە ڕەخنەدا دەبوو ژیان و کارو کردەوەکانی بزانرایە

ئینجا تەماشای شتەکانی دەکرا، دیارە ئەوە ڕوانینێکی تەقلیدیانە بوە کە ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی زیاتر دروستی کردبوو، بەڵام لای ئەمان بۆ یەکەمجار هەستمکرد یەکێك کە تەماشای کاری من دەکات لە شتەکانی تری دادەبڕێ و تەماشای ئەو داهێنانە دەکات کە کراوە یان نەکراوە، ئایا هەموو ڕوانینەکانیان چۆن بوە؟ لە ڕاستیدا من هەندێك جار موبالەغە دەبینم لە ڕوانینەکانیاندا کە ڕەنگە پەیوەندی هەبێ بە زاڵبوونی ئەو شتانەی کە وەریدەگرن، بۆ نموونە ڕەنگە زۆر شت هەیە کە ڕەنگە نەکرێ بخرێتە خانەی ئەوەوە کە لە ڕوئیای بونیادگەریەوە تەماشای بکەی، بەڵام ئەمان دەیخەن.

هەروەها یەکێك لە شتە باشەکانی تریان ئەوەیە کە دەیانەوێ لە مێژووی خۆیان بکۆڵنەوە، واتە مێژووی کورد یان مێژووی فکری کوردی مێژووی سیاسەت و ئەدەبی کوردی تێکەڵ بەو ڕوئیایەی کە تیایدا قاڵ بوون، بەڵام مەترسیەك لێرەدا هەست پێدەکرێ ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ هەندێکجار تەنانەت لە مەقالە ئەدەبی و فکریەکانیاندا هەستدەکات دەقێکی وەرگێڕراو دەخوێنێتەوە نەك لە ئەنجامی تێگەیشتنی بزووتنەوەی مێژووی کوردیەوە دروست بووبێ بەڵکو زۆرجار مرۆڤ وا هەستدەکات ئەوە لە ئەنجامی خوێندنەوەی خۆیانەوە بۆ مێژووی تر یان بۆ فکری تر یان بۆ ئەدەبی تر دروست بوە، بەڵام دەیهێنن و پێچەوانەی دەکەنەوە، ئەمە هەمووی ناگرێتەوە، بەڵکو ئەمە ڕەنگە لە چەند شوێنێکدا بێ کە دەتوانم دەستنیشانی بکەم، ئیتر ئەمەش وای کردوە کە لە نموونەی ئەدەبی و شیعریاندا مرۆڤ هەست بە ڕۆحی کوردەواری و بۆن و بەرامەی خاك نەکات، مرۆڤ هەست بە شوێنەکانی ناکات، وەك ئەوەی بیبەیتە لای ڕەخنەگرێك نازانێ ئەو دەقە فەرەنسیە، یان کوردیە، ڕەنگە پێشکەوتنی ئەوان لەوەدا بووبێ کە ئەوان جاران دەقەکەیان دەناسرایەوە کە دەقێکی ڕۆژهەڵاتیە یان نەء هەرچەندە نەیان دەزانی فارسیە یان کوردی یان عەرەبی یان تورکیە، بەڵام ئێستا هەنگاوەکە وا ڕۆشتوە ئایا فەرەنسیە یان کوردیە؟ ئینگلیزیە یان فارسیە، بەڵام لای من شتەکە پێچەوانەیە، ئەو شاعیرەی نەتوانێ لە دڵی میللەتەکەی خۆیدا بژی لە دڵی میللەتانی تردا ناژی، ئەوەی مێژووی خۆی تێنەگا ناتوانێ مێژووی دنیا تێبگا،

بەلام کردنەوەی هەموو پەنجەرەیەکی فکری تازە لە رەخنەی ئەدەبی یان هەر جۆرە بوارێکی ئەدەبیدا بێت بۆ ئێمە بە خاڵێکی ئیجابی دەگەڕێتەوە، بەلام هەموو ئەدەبێکی زیندوو لە خودی مرۆڤ خۆیەوە دەست پێدەکات، ئەدەبی ئەمەریکای لاتین و باشووری ئەفەریقا لە خۆیانەوە دەست پێدەکەن.

■ **دڵسۆز حەمە: لە دوا چاوپێکەوتنێ کە لەگەڵ مارکیز کراوە، هۆی بڵاوبوونەوەو بە جیهانی بوونەوەی ئەدەبەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکایەتی و نووسانی ئەو ئەدەبە بە ژیان و کەلتوورو میللەتەکەی خۆیەوە، ئەو جەختی کردۆتە سەر ئامادەیی نووسەر لەناو مەسەلەکان و ویژدانی میللەتەکەی خۆیدا تا ببێتە نووسەرێکی جیهانی لەناو میللەتانی تردا.**

□ ئەمە لە بوارەکانی تریشدا وایە، تەنانەت بۆ نموونە ڕەنگە ئێستا کۆمەڵێک هونەرمەندی شێوەکاریی کورد هەبن لە ئەوروپادا، ڕەنگە هەندێکیان خەریکی هونەری ئەبستراکت بن، بەلام هەرچەندە خەریک بن ناتوانن نە داهێنانی جیهانی ئەبستراکتی هونەرمەندە ئەوروپییەکان خۆیان بکەن و نە دەتوانن سەرنجی جەماوەرێکی فەرەنسی نە کەسێکی تر رابکێشن بۆ خۆیان، بەلام ئەو هونەرمەندە داهێنەرەی بتوانێ جۆرێک لە رونیای هونەری تەشکیلی جیهانی تێکەڵ بە رونیای خۆی بکات، بە کەلتوورو کەلەپوری خۆی بکات، ئەوانە لە هەموو کەس زیاتر جەماوەریان دەبێت، تەنانەت لە شیعردا جەماوەری فەرەنسی کۆمەڵە شیعرێك ناگرێ یان پێی خۆش بێ، وەك ئەوەی شیعرێکی پێ خۆش دەبێ کە هەستدەکات هونەری شیعرە، بەلام ئەو جیهانە جیهانێکی غەریب بێ و ئەو وێنەو کەش و هەوایە نامۆیە بە گوێچکەو دیتنی ئەو، یەکێك لە نووسەرە عەرەبەکان کە ناوەکەیم لەیاد نیە لەچاو پێکەوتنێکدا دەڵێ *ئێستا پاش پازدە ساڵ هەست دەکەم دەبێ بگەرێمەوە سەر کەلەپوری خۆم و لەوێوە دەست پێبکەم*، بەو مانایەی دەوڵەمەندبوونی ئەدەبیم بە دەوڵەمەندبوونی کەلەپوری خۆمەوە بەستراوە، ئێمە زۆرجار وا دەزانین دەوڵەمەندبوون ئەوەیە لە دەرەوە دەست پێبکەیت بەو مانایەی تۆ ئەگەر پێیەکت لەسەر کەلەپوری

ڕۆشنبیری کوردیی و پێیەکی ترت لەسەر کەلەپوری ڕۆشنبیری جیهانی بێت، ئەوکاتە دەتوانی باش ڕاوەستی، وەستان لەسەر تاکە قاچێك لەم دوانە حاڵەتێکی ناتەواوە.

■ ڕەئوف بێگەرد: وا بزانم چووینە ناو ڕەخنەوە با بڵێم من رام وایە ئێمە بنەمایەکی ڕەخنەگرانەمان هەیە ڕەخنەی تەفسیری بە تایبەتی بۆ شیعری کوردی، جۆرە ئەدەبییەکانی تر کەمتر ئەو تیشکەیان بەرکەوتوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەندێک ڕەخنە لەسەر چیرۆکو شانۆ دروست بوە، ئەم ئەوە تازەیە کە خەریکی ڕەخنەن منیش هەستدەکەم کە ئەوان ئەدەبی کوردی وا دادەنێن کە ئەدەبێکی پێشکەوتوو نییە، وەکو مێژوەکەی ئەدەبێکی شکست خواردوە، ئەمان لێرەوە دەست پێدەکەن، بەڵام تەتبیق کردنیان لە دەرەوەی کوردەوە هاتوە بۆ نموونە پەنا دەبەنە بەر "ڕۆڵان بارت" وەکو گوتت لە دەقەوە دەست پێکردن و مردنی دانەرەکەی، ئەو دەقانەی کە خۆیان پێی دەڵێن دەقی شکست خواردوو نەیتوانیوە سنووری مێژووی میللەتەکە ببڕن و نایندەبین بن، نەیانتوانیوە ئەوانە دەست نیشان بکەن جگە لەوەی کە تەتبیقاتەکانیان لەسەر شتی خەڵک بۆ نموونە لەسەر ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبی لەوێوە هێناویانەتە سەر ئەدەبی کوردی وەکو هاوردن "استیراد" منیش قەناعەتم بە هاوردنی ئەقڵ نیە. لەبەرئەوە ئەو ڕەخنانەی بەرچاو دەکەون بەو گۆڤارانەی کە لەوێ هەیە کە دەیخوێنیتەوە هەستدەکەی ئەم ڕەخنەیە لەسەر شیعرێکی کوردی نیە، هەرچەندە دەڵێ ئەم شیعرە هی نالی‌یە یان هی شێرکۆ بێکەس یان هی مەحوی یە بەڵکو لەسەر شتی ترە..

□ تۆ بڕوانە "عومەر خەیام"ێك کە تا ئەمڕۆکەش ڕەخنەگرانی ئەوروپا پێوەی سەرقاڵن. بۆچی ئەوە ئەدەبێکی شکست خواردوە وەکو مێژووی فارس خۆی؟ نەخێر بە پێچەوانەوە. لەبەرئەوەی داهێنانی ئەدەبی بە رای من زۆر پەیوەندی بە خودەوە هەیە، بە خودی پێشکەوتنی ناو کۆمەڵەوە هەیە، ئێستا ئەو قسانەی ئەوان دەیکەن تازەیە. ئەی ئەو قسانە لە کوێوە هاتوون، ئەی ئەوانیش کورد نین؟! خۆ دەبوایە ئەم قسەیەو ئەم بیرکردنەوەیەش نەبوایە لای ئەوان، بەڵام ئەوان لە ئەنجامی خوێندنەوەو خیتابی تازەو گوێگرتن و خۆ ماندووکردنەوە گەیشتوونەتە ئەوە ئەگینا خۆ هەر کوردن، دەتوانین بڵێین

خیتابەکەی ئەوانیش خیتابێکی شکست خواردوە لەبەرئەوەی لەناو جەرگەی کۆمەڵێکی شکست خواردووەوە هاتوون؟!، نەخێر، بۆ نموونە من دەڵێم "عومەر خەیام" یان "حافز" یان "فیردەوسی"، تۆ یەکسەر دەڵێی "خانی" یان "نالی" گرنگ ئەوەیە ئێمە چۆن دەڕوانینە ئەمانە، یەکێك لە مەسەلەکانی خیتابی کوردی ئەوەیە کە تا ئێستا خوێندنەوەی ئێمە خوێندنەوەیەکی پاشکۆ بوە، واتە خەڵك ئێمەی خوێندۆتەوە ئێمەش چووین ئەو خوێندنەوەیەی خەڵکمان خوێندۆتەوەو خوێندنەوەی خۆمان نەبوە بۆیە پێویستە خوێندنەوەیەکی تازەی خۆمان هەبێت و سەرلەنوێ بە مێژووی خۆماندا بچینەوەو بینینی تازەمان هەبێت، ئەمەیان جیاوازە لەوەی شکستی مێژوەکە بشکێنینەوە بەسەر داهێنانە ئەدەبیەکەدا چونکە لای ئەدیب، ئەدەب جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە تێکڕای کۆمەڵگاکەی کە ئەمە ڕەنگە لە شتی تردا نەبێت. ئەمە دەربارەی دیاردەی رۆشنبیری بە گشتی، بەلام دەربارەی ئەوانەی لە ئەدەبی میللەتێکدا شتێك دروست دەکەن، دەبێ لەسەری بوەستێ، خۆ ئەگەر وا بێ چۆن دەبێ "نالی" هی ئەم کۆمەڵگایە بێت، کۆمەڵگای سەردەمی بابان و سەدەی نۆزدە کە لە ئێستادا هەر لەو نەوە خوێندەوارە خۆیان کە تەماشای نالی دەکەن شتی نوێی تیا دەدۆزنەوە. بۆ نموونە لە ئەوروپادا چەند نامیلکەیەك دەرچوە کە خوێندنەوەی تازەیە بۆ نالی، ئەوەم پێ چاکە ئەم ئەوەیە جۆرە پێداگرتنێکی هەیە بۆ خوێندنەوەیەکی تازە، بۆ پرسیارکردن کە پرسیار یەکێکە لەو شتانەی زۆر کەم کراوە لای ئێمە، ئێمە هەمیشە وەڵامەمان داوەتەوە. خودی ئەدەب و شیعر جۆرێکە لە پرسیار و وەڵام نییە، ئەم بەردەوام پرسیارکردن و بەردەوامبوونەی ئەوان و قوڵبوونەوەیان بۆ خوێندنەوەی تازە پێموایە ئەنجامێکی تازە ئەدات بە دەستەوە بۆ خوێندنەوەی مێژوو. خوێندنەوەیەکی تازەتری ئەدەب، بۆ جیاکردنەوەی داهێنەر و نادامێنەر.

■ **ڕەنوف بێگەرد: تۆ لەو شاعیرانەی کە لە هەندەران لە زۆربەی تری ئەدەبیەکانی ئەوێ بەرهەمی چاپکراوی زیاترو لە هەموویان زیاتر بەرهەمی وەرگێڕاوت هەیە، ئەو بەرهەمانەی کە**

**وەرگێڕراون حەزدەکەین باسی بکەیت بۆ چەند زمان وەرگێڕراوەو دەنگدانەوەیان لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە. لە ڕووی ئەدەبییەوە چۆن بوە؟**

▫ بێ لەو چوار ساڵەی کە من لێرە بووم. نزیکەی حەوت هەشت ساڵ من لە ئەوروپا بووم، یەکەم هەوڵدانێك کە کرا لە سوید بوو، یەکەمین کۆمەڵەو شیعرێکم کە لەوێ وەرگێڕرا بە ناوی "ئاوێنە بچکۆلەکان"ەوە بوو کە لەگەڵ کاك "عومەر شێخ موس" کە کوردێکی خەڵکی سوریایەو کوردییەکەی باشە، بەڵام زمانە سویدیەکەی یەکجار باشە، جگە لەو بە یارمەتی چەند ڕۆژنامەنووسێكو پیاچوونەوەی "هندرشون" ئەو شاعیرەی کە کاتی خۆشی پێشەکییەکی لەسەر شیعرەکانی "گۆران" نووسیوە کە "فەرهاد شاکەلی"و "بەختیار" کۆیان کردبۆوەو بەشێکیان لێ وەرگێڕابوو، هەر هەمان ئەو شاعیرە پێشەکی بۆ منیش نووسی، بێگومان وەرگێڕانی شیعر کارێکی زەحمەتە، هەربۆیە دیوانەکە خاڵی نیە لە کەمو کورتی. ئەوە یەکەمین کتێبم بوو کە وەربگێڕرێ. لە چەند شوێنێکی کۆڕو کۆبوونەوەی یەکێتی نووسەرانی سوید خۆشم چەند بڕگەیەکم لێ خوێندۆتەوە کە بە سویدیش خوێنراوەتەوە گەلێك پێشوازی باشی هەبوو، لە یەکێك لە کۆنگرەکانیاندا شیعرێکم خوێندەوە. پێشوازی باشی لێکرا، کتێبەکەش خۆی دوای بڵاوبوونەوەی لە لایەن شاعیرێکی سویدییەوە لە "داگزنی هێتەر"دا کە گەورەترین ڕۆژنامەی سویدە مەقالەی لەسەر نووسی بە ناوی "لە هەڵەبجەوە بۆ سفیە ڤیگن" کە "سفیە ڤیگن" ئەو شەقامەیە کە "پاڵمە"ی لەسەر کوژرا، جگە لەوەش هەمان ڕۆژنامە هات بۆماڵەوەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردم جگە لە ڕۆژنامەکانی تری نێواران کە لە نێوان دوو سێ جاردا چ وەك چاوپێکەوتن چ وەکو نووسین لەسەری کرا، چ وەکو مەقالەو دەرهێنانی بڕگەی شیعری کە بڵاویان کردبۆوە لە گەڵیدا. لە گۆڤارێکی گەورەشدا یەکێك لە شیعرەکانم وەرگێڕرابووو بڵاوکرابۆوە. تاقیکردنەوەی دوەم هەر بە زمانی سویدی وەرگێڕانی قەسیدەی "کۆچ"ە کە شاعیر "خەبات عارف" وەری گێڕاوە، خەبات زۆر زاڵە بەسەر زمانی سویدیداو خۆشی دوو کتێبی لە سویدیەوە وەرگێڕاوە. "سۆن ئەکسل سۆن" کە ژنە ڕۆماننووس و شاعیرو ڕەخنەگرو وەرگێڕێکی سویدیەو یەکێکە

لەوانەی بەشێك لە شیعرەکانی نیرۆداو ئاراگۆن و لۆرکای وەرگێڕاوە بۆ زمانی سویدی، هەرچەندە من نایناسم، بەڵام لە ڕێگای رۆژنامە نووسێکەوە، "کۆچ" یان بۆ بردبوو دوای خوێندنەوەی جگە لە چەند تێبینیی و دووبارەبوونەوەی هەندێك وشە بەولاوە دەربارەی وەرگێڕانەکەی "خەبات عارف" هیچ تێبینی تری نەبوو، هەر ئەو خانمە پێشەکی بۆ "کۆچ" نووسیوە کە ڕەنگە ئەم پاییزە چاپ بکرێ، جگە لەمانە شیعرەکانم بۆ زمانی ئیتالی وەرگێڕراوەو لە رۆژنامەکانی ئیتالیا لەسەری نووسراوە، هەروەها بۆ زمانی فەرەنسی کە "دار لارمەتان"ی فەرەنسی چاپی کردوەو هەروەها بۆ زمانی ئەڵەمانی کە دەزگایەکی چاپەمەنی لە "زوریخ" چاپی کرد.

لەوێ کە دەزگایەکی چاپ کتێبێت بۆ چاپ بکات زۆر گران دەوەستێ، چونکە لەوێ ئەو دەزگایە بە سەدان دیوانە شیعرو ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکیان بۆ دەچێ، بەو مانایە هەڵبژاردنی کتێبێکی من، دوو جار لەو دەزگایانەدا خۆی بۆ خۆی نیشانەیەکی باشە، ئەوان زیاتر چاویان لە بازاڕە نەك داهێنانەکە، دیارە دەبێ ناوبانگی ئەدیبێکی کورد لە ئەوروپادا چی بێ بۆ ئەوان، دیارە کەمە. تەنانەت بە نسبەت جیهانیشەوە بۆ نموونە تا "یەشار کەمال" یان "عەزیز نەسین" وەستابن نایەن هی شێرکۆ بێکەس چاپ بکەن، بەڵام هەر ئەو دەزگای بڵاوکردنەوەیە زۆربەی زۆری نووسینەکانی "یەشار کەمال"ی بە ئەڵەمانی چاپ کردوە. دەزگای تر هەیە کە بەرهەمەکەیان بۆ دەنێری بۆت دەنێرنەوە، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێن کە ئەوە دەقێکی داهێنەرانەیە، بەڵام دەڵێن بۆ ئێمە دەست نادات، هەروەها بە عەرەبی تا ئێستا سێ کارم بۆ کراوەو لەبەرئەوەش بە نیسبەت عەرەبەوە ناوەندەکە جۆرێکی ترە نووسینەکانیش لەسەری زۆرتر بوە، لە رۆژنامەی "حیاة"و "الشرق الاوسط"و لە هەندێك لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوێت دەربارەی شتەکان نووسراوە، کە دواهەمیان "مضیق الفراشات"ە، کە کاك "ئازاد بەرزنجی" وەری گێڕاوە، لە دوای دەرچوونی ئەو کتێبە بە دوو هەفتە لە رۆژنامەی "الحیاة" خاتوو "فاطمە محسن" کە ئەوە دووەمین جارە لەسەر شتەکانی من دەنووسێ مەقالێکی لەسەر "مضیق الفراشات" نووسی، بە کورتی وەرگێڕان دەرگایەکی

چاکترت لەسەر دەکاتەوە، بەڵام دیسانەوە ئەمە ئەو شتە گەورەیە نیە کە ئێمە کردوومانە، چونکە مەسەلەکە تەنیا "شێرکۆ" نیە بە قەدەر ئەوەی مەسەلەی زمان و داهێنان و ئەدەبی کوردیە، من بۆ خۆم وا حەز دەکەم کە بەرهەمی نەوەی تازە ئەگەر بتوانرێ وەربگێڕرێ و بڵاوبکرێتەوە.

دەزگای "لارمەتان" تا ئێستا سێ چوار کاری کردوە هەرچەندە هیچ جۆرە وەرگرتنی پاداشت و بەرامبەری تێدا نیە، بۆ نموونە "ژانی گەل"ی ئیبراهیم ئەحمەد، وەرگێڕانی هەندێك لە شیعرەکانی "ئەحمەدی مەلا" کە هەر لە فەرەنساش دەژی، ئەمە جگە لەو دیوانەی من. پرۆژەی داهاتووم وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەیە کە هەر "شیروان میرزا" و ژنەکەی کردوویانە، ئەوەی کە ئەڵمانیەکەیان بۆ کردبووم وە نیشانی پرۆفیسۆرێکی ئەدەبی ئینگلیزی دراوە کە مامۆستای ژنەکەی "شیروان میرزا"یە، ئێستا بە دوای دەزگایەکدا دەگەڕێین کە چاپی بکات، تێکڕا وەرگێڕان لە زمانی کوردیەوە بۆ زمانەکانی تر زۆر زۆر کەمە، کە ناتوانرێ بەراورد بکرێ بە زمانەکانی تری وەکو عەرەبی، ئەوە فارسی هەر زۆر زیاتر لە عەرەبی.

■ ڕەئوف بێگەرد: ئێستا کۆمەڵێك ڕووناکبیری کورد هەن، بە تایبەتی لە ئینگلتەرە کە زمانی ئینگلیزی زۆر باش دەزانن، ئەوانە زۆر کەمتەرخەمن لەوەی کەوا ئەدەبی کوردی وەرگێڕن بۆ زمانی ئینگلیزی جگە لە شیعر. تۆ ئەوەت پێ کەمتەرخەمی نییە؟

□ ڕەنگە هەست بە کەمتەخەرمیەك بکرێت، بەڵام مەسەلەی وەرگێڕان؛ وەخت و دەسەڵاتی مادیە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی مادی و چاپکردن فەرامۆش بکەین، بەڵام وەرگێڕان واتە کات، ئەوانە هەندێکیان کاریان زۆرە ڕەنگە ئەو کارەش زیاد لە پێویست بێت، ڕەنگە بەو حەماسەتەی ئێمەش ئەم کارە وەرنەگرن، بەڵام مەسەلەی کات زۆر گرنگە، ڕەنگە هەندێك لێرەوە بەو حەماسەتەوە دەچێتە ئەوێ، بەڵام کە دەکەوێت بەسەر کارو مەراقی تردا کە ڕەنگە بەسەر هەندێکیاندا زاڵ بێت هەندێکی تریش نا، ڕەنگە ئەوە وا بکات کە ئەدەبەکە بکاتە مەسەلەیەکی لاوەکی.

■ **دڵسۆز حەمە: ناساندنی ئەدیب و بڵاوبوونەوەی بە دنیادا زیاتر پەیوەندی بە رسکانی دەسەڵات و قەوارەی نەتەوایەتیەوە نییە؟**

□ بێگومان وایە.. چونکە ئەم کارانە کاری دەوڵەتن کاری دامەزراوەکانن، تازەترین کتێب لە ئەوروپادا پاش مانگێك یان دوو مانگ دەکرێت بە فارسی، چونکە دامەزراوی دەوڵەتییان هەیە کە وەرگێڕ کاری تێدا دەکات و ژیانی لەسەر ئەوەیە، بەڵام ئەوانەی لای ئێمە هەوڵی تاکە کەسین و بە پەیوەندی تایبەتی بەڕێوە دەچن، هاوکات عەرەبەکان دامەزراوی تایبەتیان هەیە، کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبی یەکێکە لەو دامەزراوانە.. تۆ کە دەوڵەتت هەبوو ئەدەبی تۆش دەچێتە ناو دەوڵەتان و میللەتانی دنیاوە. بەشێك لە کاری باڵیۆزخانەکانی دنیا ئەو کارە رۆشنبیریانەیە.

■ **رەئوف بێگەرد: دوا پرسیارمان پرسیارێکی سیاسیە، لەبەرئەوەی کە سیاسەتی ئێستای جیهان بە نسبەت کوردەوە، سیاسەتی ناوخۆی خۆشمان پەیوەندی بە چارەنووسی خۆمانەوە هەیە، بەم وەزعەی ئێستا لە کوردستاندا هەیەو، بەڕێزت ساڵ و نیوێک زیاترە لێرەوە دووریت و باری کوردستان دەزانیت لە دەرەوە، بە تایبەتی ئەو درزە گەورەیەی کە بۆتە کۆمەڵگای کوردستان لە نێوان بادینان و سۆراندا، تۆ وەکو شاعیرێکی گەورە کە زیاتر بە لایەنێک لەو دوو لایەنە ناشنایت و هاوسۆزیت بەرانبەری هەیە، بەڵام وەکو خۆت هەستت چۆنە بەرانبەر ئەم بارودۆخەی ئێستا؟**

□ ئازاری ئەم دوو ساڵەی دوایی، بە تایبەتی کە من لە شەڕی یەکەمدا لێرە بووم، ئەوانی تر لە دەرەوە بووم، ئازارێکە کە زمان بێ تواناترە لەوەی بتوانێ گوزارشتی لێبکات، بێگومان ئێمە کە کەوتینە ئازادییەوە دەرمان خست کە ناتوانین بە چاکی پارێزگاری لێ بکەین، ئێمە "٥٢" هەزار مەتر چوار گۆشە خاکی ئازادمان لەبەردەستا بوو، باشترین هەل و مەرجی نێودەوڵەتی و سیاسیمان بۆ خولقابوو، متمانەی زۆری دنیامان بۆ خۆمان وەرگرتبوو، کە بە داخەوە ئەوانە لە دەست دران. ئەوان عەقڵیەتە سیاسیەکانی ئێرە لە یەکتری جیا ناکەنەوە، من دەزانم لێرە دوو یان سێ یان چوار عەقڵیەتی سیاسی جیاواز

هەیە، ئەمەیان پێشکەوتوە، ئەوەیان دواکەوتوە، لەوێ هەقیان لەمە نیە، ئەوان وەکو کورد تەماشای مەسەلەکەو تەماشای فەشەل هێنانی مەسەلەکە دەکەن، تەنانەت لە سەرەتای ئازادیو هەڵبژاردنو پەرلەماندا ئەو ماوەیەی کە جۆرێک لە ئاشتیو تەبایی هەبوو لە کوردستاندا، ئەوان ئێمەیان دەکرد بە نموونە بۆ شوێنەکانی تر، تەنانەت لە شوێنێکدا خوێندمەوە کە یەکێك لە سیاسەتمەدارانی ئەوروپا بە سۆماڵیەکان دەڵێ: "*بڕۆن چاو لە کوردەکان بکەن، ئاوا وەکو ئەوان ڕێك بن*"، ئێمە ئەو بڕوایەمان لە دەستداوە، بەپیرەوە هاتن ساردبۆتەوە، پێموایە هیچ چارێك نیە غەیری ئاشتیو پێکەوە دانیشتنو چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانە کە زیاتر دەکەوێتە لای خۆمان، پێشنەوەی چاری ئەم مەسەلەیە لەهەر شوێنێك بێت لای خۆمانە، ئێمە ئەگەر خۆمان نەتوانین بە ئەنجامێك بگەین کەسانی تر ناتوانن بە ئەنجامێکمان بگەیەنن.

برینەکە زۆر قوڵەو ئازارەکە هێندە گەورەیە، پیاو نازانێ چی بڵێ، بۆتە مایەی ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ بە ڕوونی تەماشای پاشەڕۆژیش بکات، ئەوەی زۆر لەسەر کورد کەوتوە مەسەلەی مافی مرۆڤە لەم وڵاتەدا چ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، چ ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کە تا ئێستا بە بەڵگەوەو لەڕێگای تەلەفزیۆنەوەو لەڕێگای ئەو نامیلکانەی کە دەریان کردوە، ئێمەیان شەرمەزار کردوە مەبەستم تەنها لایەنێك نیە هەر هەمووی تیایدا بەشدارە، من زۆرم پێ خۆشە لەم چەند مانگەی دواییدا باشتر دەست داگیراوە لەسەر مەسەلەی مافی مرۆڤو مەسەلەی ئاشتی، وە مەسەلەی لە سێدارەدانی بێ موحاکەمەو مەسەلەی ون کردن زۆر لەسەرمان کەوتوە لە ئەوروپا، من لە قەسیدەکەی دواییدا باسی ئەو درز تێبوونەم کردوە، ئێمە زۆر شەرمەزارین، مرۆڤ هەستدەکات ئەو کەسێتیە کۆمەڵایەتیو سیاسیەی جارانی نیە، ئێمە دەتوانین لێرە عەقلیەتەکان جیاکەینەوە، بەڵام ئەوان ئەوە ناکەن، جاران خۆیان دەهاتن بۆ لات، بەڵام ئێستا خۆشت دەچیتە لایان کەچی بەو جۆرە دەرگات لێ ناکەنەوە.

■ **دڵسۆز حەمە: بەڵام پێموایە، ئەوان زۆر قووڵتر لە سیاسەتی ئێرە تێگەیشتوون و شارەزای برینەکان و مێژووی درێژی داگیرکاریان لە ناوچەکەدا هەیە، ئەوە عەدل نیە کە بڵێین ئەوە شەڕی کوردە بەدەر لە توانای ئێمە، زۆربەی هۆکارەکانی دیکە وایان کردوە ئەوان بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لەم ناوچانەدا بەڕێوەبەرن، بێدەنگبوونیانە لە ئابڵوقەی ڕژێم بۆ سەر کوردستان و دابەشکردنی ناوچەکەو ئابڵوقەی نێودەوڵەتی کە وای کردوە لایەنەکان زەمینەیان بۆ خۆش بێ بتوانن بە ئاسانی هێز کۆکەنەوەو باری سیاسی ناوچەکە نائارام و هەڵواسراو بێ کە زۆر بە ئاسانی زەمینە بۆ هەموو کەش و هەواو بڕیارێک لەبار بێت.**

□ بەڵێ ئەوە وایە، مانای ئەوە نیە کە ئەوان دەوریان نیە، ئەوان وەکو مەسەلەکەی کورد تەماشای دەکەن، لەگەڵ هەر لایەکدا قسەدەکەن هەر هەمان قسەدەکەن، کە لاکانی تریش دەیڵێن هەر لایەك دەبینن و دەڵێن ئێمەش ئاشتی و دیموکراتی و ئازادی و تێرو تەسەلی و ژیانی پۆشتەمان بۆ خەڵك دەوێ لەبەرئەوە ئەوان دەڵێن کورد خۆیەتی. من ئەگەر لە چاوی خۆمەوە تەماشا بکەم، حەتمەن ئەقلیەتی سیاسی پێشکەوتووی کورد لە ئەقلیەتی سیاسی پاشکەوتووی کورد جیا دەکەمەوە چونکە ڕۆژانە دەبینم کە داواکردنی ئاشتی و بە پیرەوە چوونی ئاشتی بۆ ڕێکەوتنی سیاسی لە کوێوە گەرمترە، کێ دەست پێشکەری زۆرتری هەیە زوو دیارەو خەڵکیش دەیزانێ، بەڵام ئەوان هەرگیز لە نووسینە سیاسیەکانی خۆیاندا نانووسن پارتی و یەکێتی و شتی تر، ئەوان دەنووسن کورد، پارتی وایکرد یەکێتی وایکرد وەکو کورد، ڕاستە مەسەلەی کورد بە زۆر گۆڕانی باری ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەوە بەستراوەتەوە، بەڵام هەموویان دەزانن کە بە درێژایی مێژووو مەسەلەی بنەڕەتی میللەتی کورد خۆی بوە، لە سەردەمی بابانەکان کە نزیکترین سەردەمە، میرێك دەچوو لە تارانەوە لەشکری دەهێنا، یەکێکی تر دەچوو لە بەغداوە دەیهێنا، ئێمە دەبێ دیموکراتیانەو شارستانیانەو پێشکەوتوانە تەماشای پاشەڕۆژی میللەتەکەمان بکەین، ئەوەی باجی هەرە گەورەی دابێ میللەتەکەمانە، ئازاری گەورەو خوێن بەربوون هەر لای ئەوان بوە، ئەوان ڕەنگە باسی کارە باشەکان بکەن. ئەگەر هی لایەکیش بێت، بەڵام کارە خراپەکانیش دەردەخەن،

زۆر دەستیان لەسەر مەسەلەی مافی مرۆڤ داگرتوە کە لە کوردستان، مەسەلەی ناکۆکی سیاسیی و فکری شتێکی ئاساییە ئەگەر نەگاتە خوێن و چەک و شەڕ کە هەمیشە لە شتە سەرەکیەکانمان دوور دەخاتەوە، بۆ نموونە من ئەم دەست پێشکەریەی دوایی یەکێتی نیشتمانیم پێ خۆش بوو، کە چوون بۆ "صلاح الدین" و لە ئەورووپاشدا دەنگی دایەوە، چونکە ئەوە بە کردەوە سەلماندنی دەستپێشخەرییە، موزایەداتی سەر ڕۆژنامەکان و قسەکردن زۆرە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە کردەوە کارێکی وا بکەین بۆ حاڵی خۆمان کە دوژمن جارێکی تر نەکەوێتەوە کوردستان.

**سەرچاوە**

**کوردستانی نوێ، ژ١٣٣٧، پێنج شەممە ١٨/٧/١٩٩٦**

□ سا: سەید عەلی ساڵحی

chalakmuhamad@gmail.com

# دیدار لە دەربەندی پەپولەکاندا

(١٩٩٦)

**بەرد بە بەردو گشت تووله ڕێیەکانی خۆرهەڵات بە ڕێچکەی خوێناویو شوێن پێی ئێوەدا، دەگرمەبەر: تاراوگەی گۆرانبێژان، ئاوارە بێ ئاسمان و بێ ئیسراحەتەکان، ئازیزانی مەینەت دیوی ئێمە، کوردستان، هەڵەبجە، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك.. ئەرێ ماڵ و حاڵ و لانەت لە کوێیە ئەی مەلی بەجێماو لە پۆلی بەهەشت، پۆلی ئازادی.**

**شوێنی گۆرانیە خەماویەکان و شین و گریانی ئێوە، کۆڵانبەکۆڵان و کێوبەکێو دەناسین: لە مانگ دابەزیوە بێ خاك و وڵاتەکان، تەنهاترین بەتاك کەوتوە بێ گەڕانەوەکان، لانك بە کۆڵە بێوێنەکان، باران دیتوە دەریا نەژادەکان، کورد، کوردستان، هەڵەبجە، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك..، باشە کۆتایی ڕێگەکەت کوێیە ئەی ڕێبواری هەزارە تاریکەکان؟**

**شوێن پێی خەونە بێ سەرئەنجامەکانتان ماڵبەماڵ و خەوبەخەو دەناسین: لە کۆچدا لەدایکبوانێکی تاریکی شکێن، کۆچکردوانی جلوبەرگ ڕەنگینی سیروان، وڵاتپارێزانی لەدار دراو، ئاوێنە سیفەتانی ئارامی، ئێستا پێبەپێی ئێوە بە دەربەندی پەپولەدا تێپەڕ دەبین، لە پاش چرینی جوانترین گۆرانیەکانی شێرکۆ بێکەس کە هەموو ئێمە، گوڕانی ڕەنج و ئازادیی، لە گۆرانیو ئاواز دوا ناکەوین، لە چوون بۆ نێو خەونەکان جێ نامێنین.**

لە نێو هەموو کتێبخانەی شەودا
من یەک کتێبم هەڵبژارد:
ئەویش یاداشتی تەنیایی
ئەستێرەیەکی غەریب بوو!.
لەنێو هەموو گۆرانییەکانی چیادا
من یەک گۆرانیم هەڵبژارد
ئەویش گۆرانی: ئازادیی

دار بەڕوویەکی شەهید بوو.
لەنێو هەموو خەونەکانی یادگاردا
من یەک خەونیانم هەڵبژارد
ئەویش خەونی زەردو سووری
منداڵیی بوو.
بەڵام من خۆم
نە ئەوینی خاکو خۆڵی
کوردستانم هەڵبژاردو
نە ئەوینی چاوی دایکم
کەچی هەردوو، لە گشت ئەوینێکی دیکەی
دنیای گیانم
ڕووناکترو
گەرمترو
گەورەتر بوون!

"دەربەندی پەپولە" تازەترین قەسیدەی شێرکۆ بێکەس، لەدایکبووی دواین ساڵەکانی مەینەتیە دووبارەکانە بۆ شیعر، بۆ شاعیر، بۆ کوردو بۆ کوردستان. شێرکۆ بێکەس بەناوبانگترین ناوو شاعیری جیهانیی میللەتی کوردە، کە لە ڕاژەی شاعیرانێکی وەکو لورکا، ناظم حیکمەت، یانیس ڕیتسوس، پابلۆ نیرۆدا، ئەدۆنیسو مەحمود دەروێش دادەنرێ، بەڵام بۆ من سەفیری ئەستێرە شەهیدەکانو غەمسەرای ژیانی ئەشکەنجە دیتوی کوردستانە.

دە ساڵ پێش ئێستا، بۆ یەکەمین جار ناوی ئەوم لە زمانی شاعیرانو ئەدیبانی کورد "بەرۆژ ئاکرەیی" و "ناسر سینا"وە بیست. وەک چۆن ناوی لەتیف هەڵمەتو عەبدوڵڵا پەشێوو، ڕەفیق سابیرو گۆران لەپێش ئەویشدا هێمنو هەژارو فایەقم دەناسی.

پاشان وەکو منداڵێکی دایك گومکردوو لە قەرابالَغییەکی بێکۆتاییدا، سەرلەنوێ پەیجۆی دۆزینەوەی دنیای شیعری کوردی بووم، شیعری کوردستان، بە تایبەتی کوردستانی ناسراو بە کوردستانی عێراق، هەمان هاوزای شیعری فەلەستین و ئەمریکای لاتینە کە بەداخەوە بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی لە لای ئێمە نەناسێنراوە. بەڵام من بە شیعرو لێکۆڵینەوەی شیعریی چوار سیمای گەورەی شاعیرانی هاوچەرخی کوردی خەریکبووم، بەتایبەتی جەغتم لە شیعری شێرکۆ بێکەس کردەوە پاشتریش چەندجارێك لە وێنەو ڕوخساری غەمگینی ئەو وردبوومەوە تا تێبگەم: لە پشت ئەم نێو چەوانە شووخال تێوەوە، چۆن چۆنی وشەکان، ئاوا دەکەونە جموجووڵەوە، ئەو لەگەڵ برینداترین دیاردە ڕووتەکاندا ژیاوە، برای ئەزەلی ئێمەیە.

بێکەس لە بێگەردترین ساتی لەدایکبوون و تەقینەوەی شیعردا زەرورەت و سۆزی قووڵی مرۆیی لە پشت پەردەی وشەکانەوە پەخشدەکاتەوە. ئەو یەکێکە لە بەکارترین و بەتواناترین شاعیرانی هاوچەرخی جیهانی ئێمە، کوڕی فایەق بێکەسە، کە فایەق بۆ خۆی لەپاڵ عەبدوڵڵا گۆراندا بە یەکێ لە بنیاتنەرە سەرەتاییەکانی شیعری تازە لە کوردستانی عێراقدا دەژمێررێت. شێرکۆ، لە دوازدەهەمی ئوردیبەهەشتی ساڵی ١٣١٩ای هەتاوی بەرامبەر دووهەمی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٠ز، لە یەکێ لە گەڕەکەکانی سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. خاوەنی خەڵاتی جیهانی تۆخولسکیەو بەدەستهێنەری هاوڵاتی شانازی فلۆرانسایە. بەرهەمەکانی ئەو بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی کۆمەڵی مرۆیی وەرگێڕراون، لە ماوەی سێ دەیەدا بە بەشداری لە کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکانی سەرتاسەری جیهانا بەرگری لە خەڵك و مافی میللەتی خۆیکردوە. دیدارەکەی ئێمەش شەوی ٢٨ی شەهریوەر، لە تاران بەڕێوەچوو، ئەوی ماندوو، بەڵام هێشتا بەرهەڵستیکەر، لەمەڕ چارەنووسی میللەتیکەوە قسەی کرد، وەك بڵێی *دەربەندی پەپولە*، شوێنی کوشتنی بەکۆمەڵی ئەوان بووبێ. *دەربەندی پەپولە* ناونیشانی تازەترین کۆمەڵە شیعری ئەوە کە بەم زوانە لە سوید بڵاوەکرێتەوە، هەروەها شیعری درێژی "خاچ و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێك" کە قەسیدەیەکی نامۆو نۆستالۆژیای گیانی برینداری خەڵکی کوردە.

هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات کە سەردەمێك، لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە ترسخواردوەدا، دیدارێك بڕەخسێت تا چاوم پێبکەوێت، نەخوازە ئاوا نزیك، هەمان شارو هەمان ماڵ، لە پاش ماچ و موچ و حاڵ و ئەحواڵ، جگەرەیەکی تەقدیم کرد، کۆکەی وشك و یەك لە دوای یەك، بە ڕوخسارێکی تێکشکاوو خۆر بردوەوە، بالاّ مام ناوەندیو قسەخۆش، تەنیا گوێم لە مۆسیقای قسەکانی ئەو دەگرت، مۆسیقای ڕوونی زمانی کوردی، بۆنی تێپەڕینی تۆفان لە گەردنەکان و گابەردە بە بەفر داپۆشراوەکان و تامی بەڕووو بابونە دەدات. دابارینی پیتی (پ)و (ژ)و (ك) وەکو پێشەنگی سەرجەمی پیتەکانی تری ئەلفبای کوردی، دەزوویەکی زێڕینی سینەی بچوکی قسەکان بوون، شێرکۆ چەندێ لە فارسی تێدەگەیشت منیش هەر هێندە لە کوردی تێدەگەیشتم، بەڵام ئەم پەیوەندیە وەڵامەکانی تەواو نەدەکرد (کفایەت نەبوو)، دۆستی هاوبەشمان -مارف ئاغایی، شاعیرو وەرگێڕ- بوە پەیوەندی ڕوونی هەست و ئارەزووو قسەکردن و وەرگێڕ، تا من ڕونتر لە گۆرانیەکانی شێرکۆ تێبگەم.

لە ڕوخسارو جوڵانەوەو حاڵەتی ئەو ورد دەبمەوە، وشەو ڕیتمی شێلگیری بەردەوامی دەنگی، دەنگوت کێوێك دەبڕێتەوە. تا کاروانی ئەو مانایانەی جێگەی مەبەستن، ڕێگەیەك بۆ پەڕینەوەو ڕزگاربوون بەدەست بێنن: مەینەتیە بەردەوامەکانی نەتەوەی کورد، ناسازگاری سەرانی پارت و تایفەکان، یاریە بێئاکامەکانی سیاسەتە جیهانیەکان، چەتوونی و چەقاوەسوویی حاکمان و هێتلەرەکانی ناوچە.

لە پاش کاتژمێرێ لە وت ووێژ هەستمدەکرد گیانێکی پاك و منداڵانە، ئارام ئارام لە دەروونی شێرکۆوە باڵی گرتۆتەوەو تەواوی بوونی دەتەنێتەوە، بریندار، بە ئارامی و پڕ لە بۆچیەکانی مرۆڤی ڕۆژگاری ئێمە. چ ئەو منداڵانەی کە دەتوانن لە سبەینێکی ڕۆشن و سەربەخۆدا ببنە جێگری شاعیرێکی ئاوها ئازادیخواز، کە لە جیاتی غەم و گریان و ڕەنج لە نەخۆشیانا دەستبکەن بە گۆرانی، چ ئەو منداڵانەی کە لە ژوورێکی گازی بە ئەندازەی هەرێمی هەڵەبجەدا، پەنجەی بەرتەسکی هەناسەیان بە دووپشکی گازی خەردەل و خوێن، شەتەك درا، کە سەریان نابوو بە

سنگی خامۆشی دایکیانەوەو باوەشی مردووی باوکیانەوەو تەواو..! چ ئەو منالانەی بە ژانایترین شێوەی زنجاوی مەرگی نەشیاویان بە سەرو ڕووخساری ناحەزی ژەنراڵە دواکەوتوە دەسەلاتدارەکاندا تف کردەوە.

ئەوان نەهاتبوونە دنیاوە تا بجەنگن و نەفرەت بکەن، ئەوان هەقیان بوو کە لەم جیهانەدا، بەشداریەکی بچوکیان هەبێت: یەك پێناسنامە، یەك ناو، یەك میللەت. ئەوان زۆر لەوە بچوکتر بوون کە مانای مەرگ تێبگەن. ئەوان هێشتا خوێندنیان نەدەزانی، نەیاندەتوانی بنووسن، تەنیا سەر پەنایەکیان دەویست لە باوەشی ئارامی ئەم ژیانە. ئەوان دەیانویست کە گەورەکان پێشەوەی بڕیار بدەن، گوێیەك لە قسەکانی ئەمان بگرن، بەلام کەسێك نەبوو فریادڕەسێك نەبوو، جگە لە شیوەنی بێکۆتایی دایکانی ترس لێنیشتووو خەمو خەفەتی باوکانی پەڕەوازەو دڵ و دەست بێئۆقرەی شاعیرانێ کە بێچەك بەسەر لاشەی بێدەنگی زەمینیترین ئەستێرە شەهیدەکاندا دایان لە قوڵپی گریان و شیوەنیان کردو شیعریان هۆنیەوە، هەروەکو شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

کە گەڵایەک مرد.. حەرفێکم مرد.
کە کانیەک مرد.. وشەیەکم مرد.
کە باخچەیەک مرد. ڕستەیەکم مرد
بەڵام ئەی کیژی
تەمەن دە ساڵەی
گوندی هەڵەدن
وەختێ تۆ کوژرای
دە شیعرم مردن...

دەڵێم: شێرکۆی ئازیز، بۆ وڵاتی دووهەمی خۆت، بۆ ئێرانی مەزنی ئێمە بەخێر بێیت، ئێمەش بەشداری خەمی ئێوەو کوردانی ئازیزی خۆمانین، ئێمە تۆو میللەتی خۆمان -نەتەوەی کورد-مان زۆر خۆش دەوێت. ئێستاش کە هاتووی زیاتر بمێنەرەوە!

شێرکۆ بێکەس خەندەیەکی شیرین و دڵنیشینی هەیە، ئاشکراو ئەوپەڕی میهرەبان، جمکی ئارەزووو هاودڵی و متمانە. پاشان ئاماژە بە مەینەتی ڕێگەو غەمەکانی خۆی و ئـازارو ئەشکەنجەی میللەتەکەی دەکات. دەبێت بگەڕێتەوە، بە زوویی! بە زوویی دەکەوێتە ڕێ بۆ سوید تـا سەرلەنوێ دەفتەری بێکۆتایی تاراوگە بۆ شیعرگوتن ئامادەبکات.

ڕێچکەی شوێن پێی خوێناوی، ڕێچکەی ئاوازە غەمگینەکانی کچانی کـورد، ڕێچکـەی خەونـە نامۆکانی ئاوارەیی. دەڵێت لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ کۆچی ناسی، مـن لـەکۆچدام. لـەو ڕۆژەوەی ئاوو کانیاوەکان وەڕێ کەوتوون من کەڵکەڵەی ڕۆشتنم لە مێشـکدایە، لـەو ڕۆژەوەی کـە سێدارە هەڵواسراوە، منیان کردوە بە دارا دەمبەدەم و ساتبەسات. نامەوێ برینەکانم بکوڵێنمەوە، برینـەکان ڕۆژێ هـەر سارێژ دەبـن، ئەمـە خـەونی منداڵـی کـوردە، پاشـان لەگـەڵ شـێرکۆ لەمـەڕ شیعر قسە دەکەین:

■ ئێوەش ئەگـەرچی هـەروەکو مـەحمود دەروێش، جیـهان و ئامانج و ڕەنـج و کیـانێکی هاوبەشتان لـە شیعردا هەیـە، بـەڵام لـە ڕووی بێئـارامی، گـەڕان و پشـکنین، دۆزینـەوەی تـازە، ئاشکراکردن و شۆڕشی بەردەوام لە زمانی شیعردا، لەگەڵ ئەدۆنیس هاوشـان هاتوونـە پێشـەوەو هـەندێجار باشتریش... ئێستا لـە پـاش دوو سـێ سـاڵ گـەڕانـەوە بـۆ زێـدی خـۆت و لـەدوای دەستپێکردنی قۆناغێکی تر، لە تاراوگە لەگەڵ شیعردا چی دەکەن؟

□ بە نیازم لە ساڵانی ئایندەدا، ئەگەر بوارم هـەبێت، خۆم لـەم مەینەتییانە ڕزگاربکەم، کاتی ئەوە هاتوە جارێکی‌تر بێژەنگی لێبگرم بـە دەسـتەوەو خـەرمانی کوتـراوی وشـەکان ببێژمـەوە، ڕێگەیـەکی تـازەتر، زمـانێکی تـازەترو هـەنگاو گـەلێکی نـوێ کـە تـا ئێسـتا تاقینەکراوەتەوە بگرمەبەر.

■ **ئێوە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کوردستانی سەربەخۆدا پێویستی ئەم گۆڕانەتان هەستپێکردوە؟ وە ئایا ئەم ڕێگە نوێیە لە کارەکانتاندا دەستپێکردوە یان تەنها دوور وەستانێکە بۆ گەیشتن بە ئاسودەییەکی تازەتر؟**

□ باش بۆی چوویت، من لە ماوەی نیوەی ئەم دەیەی دواییدا بەو باوەڕە گەیشتووم کە دەبێت دووبارە لەم قۆناغی تێربوونە لە شیعر تێبپەڕین، وە من بەرەو زمانێکی تازەتر جووڵاوم، ئاسۆیەکی نوێ لە زماندا کە سادەو قووڵ، بەڵام حاڵیبوون دیارترین خەسڵەتەکانی ئەوە، نمونەی ئەوە کۆمەڵە شیعری "دەربەندی پەپولە"یە کە ئامادەی چاپەو قەسیدەی نوێو هۆنراوەی "خاچ و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێك" کە بۆ خۆی لێك پێچراوێکە لە وێنەی ڕۆمان و گیانی شیعر لە ٥٦٢٠ دێڕدا، کە هەردوو بەرهەمەکە بە زوویی لە سوید بڵاودەکرێتەوە.

■ **هەروەکو لە ناونیشانی ئەم قەسیدە نوێیەدا واتە "خاچ و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێك" دەردەکەوێت، دەبێت تێکەڵێک بێت لە ئەفسانەو هەقیقەت. ئایا پێتانخۆشە لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدەن؟**

□ ئەم هۆنراوەیە ساڵانێك لە منداو لەگەڵ من بوە، چارەنووسێکی هەیە هاوتاڕاستەو هاوڕێی من، لە سەرەتای لەدایکبوونەوە تا ئەمڕۆ، کاتێ کە لەیەکێ لە گەڕەکەکانی سلێمانی هاتمە دنیاوە، دایکم تەنها بوەو تەنها ژنە مەسیحییەك هاتبووە یاری دایکم، وە هەر ئەوبوو کە بە خەڵوزێك -لەسەر ڕێو ڕەسمی خۆیان- وێنەی خاچێکی لە ناوچەوانمدا کێشا، خاچێك کە سیمبولی ڕەنج و ئازارە، خاچێك وەك بڵێی تا دوایی تەمەنم لەگەڵمە. لە بەرهەمی ناوبراودا سوودم لەم سیمبولە سەیرە وەرگرتوە.

■ **"مار" بۆ؟.. مار لە کلتوری مەسیحیەتدا، سیمبولی زیرەکی و بیرتیژیە، بەڵام لە کلتوری دێرنی ئێمەی ئێرانی ئەژادو ئایین ئاریاییدا، سیمبولی ترس و دڵەڕاوکێو بێئارامیەو پاسەوانی گەنجینەی (ڕەنج)ە؟!**

□ کتومت، منیش ئاگاداریم لە مانای ئێرانیو ئاینی کۆنی ناوچەکەی خۆمان هەبوە. ترس و دڵەڕاوکێو بێئارامی، بۆتە بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ئێمە، جارێك ئێمە وەها پێی

ڕادێین، کە چیدی لە مەسەلەی ترس ناترسین، پەرێشانی نابینین، خۆمان بە نارەحەتی‌و پەرێشانی ناسپێرین، من بە هەمان شێوەی خاچ کە لە بارەیەوە دوام، لەمەڕ ماریش یادەوەریم هەیە، چیرۆکەکە بەو شێوەیەیە کە لە سەردەمی منداڵیما بۆ ماوەیەکی درێژ بووبوومە هاوڕێی مارێك، بەڵام هەر ئەوەندە گەورەکان دەهاتن مارەکە هەڵدەهات. باوکم لە سلێمانی مامۆستاو وانەبێژ بوو، دایکم کەیبانوی منداڵ، هەر ئەوەندە دایك ئەکەوتە ڕێ بەرەو کانی، مارەکە دەهات‌و بەسەر شان‌و سنگما دەخزاو پەپکەی دەخوارد، ڕۆژێ خەریکی نان‌و ماست خواردن بووم، یەك لەسەریەك کەللەی مارەکەم ئەهێنا بەناو ژێرپیاڵە ماستەکەدا بە حسابی خۆم مارەکەم کردبوە شەریك خوانم، هەر لەو کاتەدا دایکم گەیشتەوە ماڵەوە، مارە هەڵهات، بەڵام دایکم لە ترس‌و تۆقیندا بورایەوە.. ڕوانگەی بوونم لەگەڵ خاچ‌و ماردا ئاوا دەستی پێکردو، لە سەردەمانی لاوێتیشمدا بۆم دەرکەوت کە ئازاری خاچ‌و ترسی مار، بەشێکی بنەڕەتی ژیان‌و کلتورو مێژووی میللەتەکەمە: لە ئازاردا ژیان‌و لە ترسا مردن.

ئەم قەسیدە نوێیە، لە ڕووی بەردەوامی ڕووداوکان‌و بەسەرهاتەکان، بە شێوەیەك لە شێوەکانی ڕۆمان دەژمێررێت، ئەمە لە دیدی زمان‌و ناوەڕۆکی قسەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەوێنی شیعری هەیە. خۆمم لە ئاوێنەکەی خۆمدا دیوە، جۆرێك بینینەوە، لە خودو لە فەردییەت بە مێژوو، لە ئەفسانەوە بۆ واقعیەت‌و، لە خەیاڵەوە بۆ هەقیقەتێ کە ژیانی ئێمەیە. "خاچ‌و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێك" ڕووبارێکە کە سەرچاوەکەی لە سەرەتای لەدایکبوونی منەوە دەستی پێکردوەو هێشتا بەردەوامە.

■ **لەم هۆنراوەیەشدا بە ئاقاری ڕابردوو، دیسانەوە دەبێت "سروشت" بەشداریەکی تایبەتی هەبێت، ئایا ئارەزوو بۆ خودی سروشت نەدگارێکی گشتی هەموو شاعیرانی کوند نشینە؟**

□ ئەگەر سروشت لە شیعرەکانی من دەربێنن، ئیدی جگە لە مشتێ وشە شتێکی دی نامێنێتەوە. بەڵام کۆششی من بزوتنەوەیە بەرەو پێناسەیەکی تازەتر بۆ سروشت. لەم قەسیدە نوێیەدا، سروشت ڕۆح‌و خوێن‌و گیانی قسەیە، بەبێ ئامادەیی سروشت، شیعری من دەمرێت. ئەمە هەقیقەتە: تەواوی ئەو شاعیرانەی کە لە سروشتی دەست لێنەدراوو

کۆمەڵگەیەکی کراوەی لادێییدا لەدایکبوون و لانی کەم سەردەمانی مێرمنداڵیان لەو پانتاییەدا تەی کردوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ سروشت ناتوانن داهێنان بکەن. سازگاری و هاودڵی و یەکبوون، ڕاپەڕین، تایبەتمەندی خەمڵیو گەورەکراوانی داوێنی دایکێکن کە ناوی سروشتە.

■ **شێرکۆی هێژا، ئێوە وەکو یەکێ لە شاعیرە هەڵکەوتوەکانی ئاسیا، هۆنەرەوەی کورتترین شیعری کوردی و هەروەها درێژترین هۆنراوەیشن. ئاماژەکەم بۆ هەمان قەسیدەیە کە جێگەی مەبەستی لێکۆڵینەوەکەمانە دەمویست کە بفەرموون بۆچی بەرەو هۆنینەوەی قەسیدەی درێژ ڕۆشتوون و ئارەزووتان پیشانداوە؟ ئایا شیعری کورت توانای دەربڕین و وێنەکردنی ڕەنج و ئازارە بێکەنارەکانی نەتەوەی کورد نەبووەو نییە؟**

□ ئەوەی ئێوە دەیڵێن بە تەواوی ڕاستە، کارەسات و ڕووداوی وا گەورەو قووڵ و پان و بەرینن کە وشە توانای دووبارە نواندنی ئەو ڕووداوانەی نییە، من هەستمکرد کە دەبێت ڕووداوێکی تازە لە شیعری کوردیدا ڕووبدات. ئێمە پێویستمان بەوە بوو کە لە قۆناغی دووبارەبوونەوە تێپەڕین. من بەو ئاکامە گەیشتم کە دەبێت دەست بکەینە ئاڵوگۆڕ لە شێوەو مانای شیعری کوردیدا. یەک داهێنانی تازە: جۆرێك چیرۆکی توندوتۆڵ کە ڕەگێکی لە شیعردا هەیە، سەردەمی ئێمە، بەتایبەتی ژیانی ئێمە، پێداویستی لەدایکبوونی ڕێگەیەکی نوێی لە شیعردا پێویست کردوە: شیعرو چیرۆك دەڕۆن تا بە تێکەڵبوونی کۆتایی بگەن. هەوڵی من ئەوەیە کە لە شیعردا کارێك بکەم، شیعرێکی تازە کە باڵای هێندەی ڕەنج و ئازارو ئەشکەنجەکانی میللەتی کورد بەرز بێت. لە یەك قسەدا، وای بۆ ئەچم کە هونەرەکان ڕۆژبەڕۆژ لە یەکتر نزیکتر دەبنەوەو دیوارو سنوورو بۆشایی نێوان هونەرەکان لە حاڵەتی فڕێدان و نەمانی تەواودان.

■ **تا ئەو جێیەی من ئاگام لێبێت، لێکۆڵینەوەی قەیرانی شیعرو، دووری خەڵکی لە شیعری ئەمڕۆ، هەر تەنیا لە کۆمەڵی ئێمە یان تەنانەت لە کۆمەڵی کوردی و عەرەبیدا**

**گفتوگۆیەکی باوو بڵاو نییە، بەڵکو بۆشاییو قەیرانی شیعری ئەوروپاو ئەمریکاشی گرتۆتەوە، ئێوە ئەم ڕەوتە ڕووڵەخوارە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

□ یەکێ لە بنچینەییترین هۆکارەکانی ئەم دابەزینە "ڕەوتی ڕوولەخوارە"و دووریو جیایی شاعیرانە لە ئازارو ئاواتو ئامانجەکانی خەڵك، بێجگە لە یەك دوو شاعیر لە ئێرانو فەلەستینو چەند شاعیرێ لە کوردستان یان ئەمریکای لاتینو ئەفریقا کە هەوڵدەدەن پردی پەیوەندی نێوان شیعرو خەڵکی بنو شیعر بەرەو خودی ژیان، ڕێنوێنی بکەن، بە شێوەیەکی جیهانی، شیعر لە ڕووداوەکانو ژیانی مرۆڤ دوورکەوتۆتەوە، جۆرێك دەسەڵاتی زەین زەینیەتێکی پوچو بێئازارو ئاڕوونو فاخر لە شیعردا دەبینرێت.

خەڵکیش چیدی حەوسەڵەو تاقەتی ڕەمڵێدانی شیعرو وشەو ئەم شەڕە وشانەیان نییە. وێنەکردنی گشتیو گشت گۆییە زەینیەکان پەیوەندیەکیان بە ژیانی واقعیەوە نییە. بیرمان نەچێت شیعر ماکی هەقیقەتەو، دەربڕینی هەقیقەت کارێکی سادە نییە. تەواوی هەوڵەکانی منیش هەر ئەمەیە کە شیعرو ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە ئاشتیەکی پایەدار نزیك بکەمەوە.

■ **ئەم ڕۆژانە، بە تایبەتی لەم دە ساڵەی دواییدا لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا شیعر بەرەو جۆرێك لە سادەیی لە تێگەیشتنو ڕوونی ئاراستەکراوە کە ئێمە ناونیشانی "بزوتنەوەی شیعربێژی"مان پێداوە، ئایا مەبەستی ئێوە لەم شەقافیەتەو ئازادی وشە لە شیعردا هەر هەمان بزاوتە بەرەو لەگەڵ یەك ڕوودان؟**

□ لە بنچینەدا مەبەستی شیعری ئەمڕۆ ئەمەیە، هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوەو لە سەردەمانێکی دوورەوە کە خەڵکی لە قسەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، لە ئیلهامی شیعر کۆمەکیان وەرگرتو شیعر لەلایان جۆرە پێویستیەکی قسەکردن بوو، مەبەستی قسەش هونەرمەند بوو، مەبەستی منیش لەگەڵ ئێوە ڕووی هاوبەشو لێکجیانەبووی هەیە: بەڵام پاش ئەم دووسێ دەیەیەی دوایی، هێواش هێواش شیعر لە وتنی هەقیقەتو هەقیقەتی وتن جیابۆوە،و خەڵکی لەبەرئەوەی بەشێوەی یەك کۆمەڵە دەدرێن، خوازیاری هەقیقەتن نەك

دژی. ئاماژە بەوە دەدەم کە مەبەستی من "دەربڕینی سادە"یە نەك ئەو پێنج و پەناکردنە بێمانایەی لەدایکبوونی بێتواناییو کورتهێنانیو تەمەڵی قسەکردنن، سادە هەروەکو ئاوی سازگاری ڕوونی کانی، قووڵ بە چەشنی ئۆقیانووس. ژیان پڕە لە شتگەلێك کە خودی شیعرە، لە فڕینی یەك پەپولەو گەیشتنە ئاسمانیەوە تا دڵۆپێك شەونمو پەیبردن بە دەریا.

■ **لە بارەی شیعری کوردییەوە بدوێ. شیعرێ کە بە هۆی ئێوەو، لەتیف هەڵمەتو، عەبدوڵڵا پەشێوو، ڕەفیق سابیر،و نەوە گەنج ترەکانەوە گۆڕاوەو گەییوەتە لوتکەو تروپکی جیهانی. لەم نێوەدا ئایا مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانو گرفتو نەهامەتیەکانی میللەتی کورد لە ناسینی شیعری کوردی بە جیهاندا تا چ ڕادەیەك کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوە؟**

□ بێگومان ئەم نەهامەتیانە، سەرەتا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خودی شیعری کوردی هەبوە، دەمی چەقۆی ڕووداوەکان یەکەمجار ڕووی لە شیعرەو شیعریش ئاوێنەیەکە بۆ سەرلەنوێ عەکسکردنەوەی ئەم ترسو خۆفو ڕەنجو ئارەزوانە. شیعری کوردی ئەزموونێکی دوورو درێژە، ئەم شیعرە، ڕێك وەك جەستەی میللەتی کورد، برینداره، ئاڵای خویناویو بەرزو شەکاوەترە لە باقی ئاڵاکانی تر، بەناچاری لەهەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەوە بڕوانیتە خۆرهەڵاتی زەوی ئەم ئاڵا خویناویە دەبینیت. شیعری کوردی وەکو چارەنووسەکەی، ئاوێنەیەکە بۆ پەرچکردنەوەی ئەمە لە سەرتاسەری جیهاندا، بەڵام بەم حاڵەیشەوە ئەم نەهامەتیانە، جارجارە پێویست بوە تاوەکو فاکتەرێکی ڕێگرو لەمپەر کاربکات، نەهێڵێت میللەتی کورد تواناو ئامادەییەکانی خۆی بخاتە شوێنی داوەری لێکردنەوە.

■ **تا چ ئەندازەیەك ئاشنایەتیتان لەگەڵ مێژووو شیعری فارسیدا هەیە؟ لە دیرۆکەوە تا ئێستا؟..**

□ جارجارە بەهۆی دژواری زمانەوە، من لە خەڵوەتی خۆمداو تەنهایی خۆمدا، تەنانەت بۆ تێگەیشتنی شیعری فارسی، سوود لە فەرهەنگی زمانی فارسی وەردەگرم، سەرچاوەی سەرەکی من -لە بەرامبەر پەیوەندی لەگەڵ شیعری فارسیدا- وەرگێڕراوگەلێکن بە زمانی

عەرەبی، بەڵام ڕاستیەکەی ئەمەیە کە: من لەو باوەڕەدام کە ئەدەبیاتی مەزنی فارسی، یەکێکە لە لقە گرنگ و گەورەکانی فەرهەنگ و زمانی میللەتانی جیهان.

ئێرانی گەورە شاعیرانێکی هەبوە کە مەسەلەی "زمان" یان پشت سەرناوەو تێیان پەڕاندوە: حافز، فردەوسی، مەولەوی، و.. لوتکەکانی شیعری ئەمڕۆ: نیما، فروغ، شاملۆ،.. بەڵام بەداخەوە پێویستە هەر نا لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم، کە لە شیعرو ڕۆمانی ئەمڕۆی ئێراندا، هەروەکو دووچاری ئەدەبیاتی کوردیش بوە، جۆری ڤایرۆسی کلتوری کە لاساییکردنەوەی وێنەو ڕێبازەکانی خۆرئاواییە، دامێنی قسەکردنی گرتۆتەوە، ئەمە ئافاتێکی ترسناکە کە پێویستە مەترسییەکەی بە جیدی وەربگیرێت. کاتێ کە من شیعرێك دەخوێنمەوە، لانی کەم دەبێت لە مەترو پێودانگەکاندا پارێزگاری خەسڵەتێکی شاعیرانەی کردبێت، ئەگەر مۆسیقای نەبێت لانی کەم بیرو ئەندێشەی هەبێت، خۆگەر لە بیر خاڵییە ئەوا دەسەڵات و نوێگەری زمان پیشانبدات، گەر زمانی نییە، من چی بخوێنمەوە؟. وە ئەمە هەمووی لاوازی و سستی و لەخۆ نامۆبوونە، دوورییە لە زەخیرەی پاشکەوتی کلتوری میللی و ئارەزوە بەرەو هەمان ئافات کە بە ڕووکەش تازە دێتە پێشچاو، بەڵام حەربەو پەچەیەکە بۆ شاردنەوەی بێتواناییەکانی شاعیر.

■ لە دۆستان و برادەرانم بیستوە کە ژیل فیک کە یەکێکە لە مەزنترین شاعیرەکانی خۆرئاوا، ئەو پێشەکیەکی شایستەی بۆ ئامیلکە شیعرییەکەی ئێوە نووسیوە، ئەم ئامیلکەیە لە کوێ چاپدەکرێت و بە چ زمانێکیش؟ (ئینگلیزی یان فەرەنسی..؟

□ دوو هەڵبژاردە (ئامیلکە)ی شیعریە، کۆمەڵێکیان لە سی ساڵ کاری شیعر، یەکێ لە ئەڵمانیاو بە زمانی ئەڵمانی و ئەوی تریان لە فەرەنساو بە زمانی فەرەنسی، لەگەڵ پێشەکیەکەی "ژیل فیك"دا لە ماوەی یەك دوو مانگی ئایندەدا بڵاودەبێتەوە.

■ یەک دوو سەعات بەسەر بەیاندا تێپەڕیوە، ئێوەش ماندوون و لەسەر سەفەرن. دوایین پرسیار: دەزانم ئازم حیکمەت و نیرۆدا ت زۆر خۆشدەوێت. دەمویست بۆچوونتان لە بارەی ئەدۆنیس و مەحمود دەرویشیشەوە بزانم و تێبیگەم.

□ ئێوە ناوی مەزنترین شاعیری عەرەبتان بردوە، هەردوکیان بۆ من، لوتکەو دوندی شیعری عەرەبین. ئەوان بنچینەی قۆناغێکی تازەیان لە شیعری عەرەبیدا دارشتوە، ئەدۆنیس قوولْ لە دەروونیو فەلسەفیدا، مەحمود دەرویش دەرەوەگەراو واقیع بینو دەردناسە. لەیەك قسەدا شیعری عەرەبی هەروەکو شیعری فارسی لە پێشینەیەکی درەوشاوە، بەهرەمەندە، وەك چۆن ئێوە خۆری ئەمریتان هەیە، لە بزاڤی شیعری عەرەبیشدا چراوگو منارەگەلێکی بێشومار دەبینرێت.

■ مەحمود دەرویشو ئەدۆنیس، دوو ڕێی تەواو ناهاوڕێک دەبڕن، لە پەیوەند بەم دوو شاعیرەوە، ئێوە چ ڕوویەکی هاوبەشتان تیا دیون؟

□ خودی شیعر. گرنگ شیعرەو، با بشڵێین ئاماژە بەم دوو شاعیرە بەو مانایە نییە کە تەنها ئەم دوانە شاعیری عەرەب بن، بەڵام یەکێ لە تایبەتمەندییەکانیشیعری ئەدۆنیس، ئەمەیە کە لە ئاڵوگۆڕی زمانو زمانی ئاڵوگۆڕدا، دەست بە داهێنان دەکات، لەهەر سەردەمێکدا، ڕێگەیەکی تازە ئەکاتەوەو، لە تاقیکردنەوە ناترسێت، پێشتریش جارێك لە چاوپێکەتنێکدا لەگەڵ چاپەمەنیەکانی ئەوروپادا گوتومە کە ئەدۆنیس خەونەکانی زۆر گەورەن، تا ئەو جێگەیەی کە خەونەکانی بەسەر مێزدا بەرێدا دەرۆن، بەڵام عەشقی من بۆ مەحمود دەرویش، بە هاوبەشی ژیانو دوو دنیای وەك یەکمانەوەیە، ئەو لەمەڕ ئازاری میللەتی فەلەستینەوە دەدوێتو منیش لە چارەڕەشی میللەتی کورد، دوو جیهانی لێکچوو، ستەمدیدەو پڕئازار، فەزای شیعرەکانی دەرویش لەگەڵ گیانو جیهانی ئێمەدا یەکێکە، من سەوداسەرانە شێوەو بینینی ئەوم خۆشدەوێت.

■ بژی بێکەس.

□ سوپاس.

## هەندێ تێبینی

١-وەرگێڕی گفتوگۆکە بۆ فارسی: شاعیری هاوچەرخی کورد مارف ئاغایی (وەرگێڕی نێوان شێرکۆو سەید عەلی سالحی)بوە.

٢-شێرکۆ بێکەس پێشتر تەنها یەك شەو میوانی ئێران بوە، ئەمجارەیان ماوەیەکی درێژ تر مایەوە. لە سوید دەژی. لەم سالانەی دواییدا هاتبۆوە بۆ کوردستانی عێراق.

٣-خەلاتی تۆخولسکی- یەکێکە لە خەلاتە گەورە جیهانیەکان کە هەموو سالێك لەلایەن "پێن کلوپ"ەوە بە یەکێ لە زاناو ئەدیبانی ئازادیخواز لە تاراوگە دەبەخشرێت. تۆخولسکی بەناوبانگترین نووسەرو ئەدیبی ئەلمانی هاوچەرخی برتولد برێخت بوو کە لە سەردەمی حکومەتی دژی مرۆیی نازییەکاندا لە ئەلمانیا هەلاتو چوو بۆ سوید. سویدیەکان سەرەتا ئەویان نەناسی، بەلام لە پاش مەرگی نووسەر، دووبارە دۆزییانەوەو بۆ قەرەبووکردنەوە، ئەم خەلاتە لەلایەن "پێن کلۆپ" لە سوید، بەناوی ئەوەوە دەستنیشانی کرد.

٤-بەخشینی لەقەبی "هاولاتی شانازی فلورانسە" بە شێرکۆ بێکەس لە لایەن کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ئیتالیاوە ئەنجام درا (١٩٨٧ی زاینی)

٥-هەلبژاردەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لە فەرەنسا لە لایەن موعتەبەرترین دەزگای بلاوکردنەوەی ئەورووپاوە (لامارتان پاریس) چاپو بلاوکرایەوە.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری "دنیای سخن" ژمارە (٧٠) مهرو آبان ١٣٧٥، ئاب و ئەیلولی ١٩٩٦.**

□ سا : فەرەج سەرکوهی*

chalakmuhamad@gmail.com

# شیعر پرسیارێکی بێسنووره

( ١٩٩٦ )

شێرکۆ بێکەس، شاعیری هەڵکەوتوی کورد ساڵی ١٩٤٠ لە سلێمانی (کوردستانی عیراق) لەدایکبووە. باوکی یەکێك بوو لە شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد، یەکەمین کۆمەڵە شیعری شێرکۆ بێکەس ساڵی ١٩٦٨ بەناوی "تریفەی هەڵبەست"ەوە بەچاپ گەیشتو تا ئێستەش ١١ کۆمەڵە شیعرو دوو شانۆنامەی شیعریو دەقی وەرگێڕراوی ڕۆمانی "پیرەمێردو زەریا"ی شاکاری ئێرنست هەمەنگوایو "ئاهەنگی خوێن"ی فدریکۆ گارسیا لۆرکای بە زمانی کوردی بەچاپ گەیشتوە. شیعری شێرکۆ بێکەس هەر تەنها لە نێو کورد زمانانندا نەناسراوە، بەڵکو لە جیهانیشدا ناوبانگێکی زۆری هەیە، چەند کۆمەڵە شیعرێکی بۆ زمانی فەرەنسی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئیتالی وەرگێڕراون و بڵاوکراونەتەوە. دەقی وەرگێڕدراوی دواین بەرهەمی شێرکۆ لەلایەن بڵاوکارێکی بەناوبانگی فەرەنسیەوە بەچاپ گەیشتوە. دەزگای نەتەوەیی سوید خەڵاتی ئەدەبی تۆخولسکی ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ پێ بەخشی. شێرکۆ بێکەس لە ساڵی ١٩٧٠ داو لەگەڵ چەند شاعیرێکی تری کوردا بەیەکەوە بەیاننامەیەکیان بەناوی "ڕوانگە" کە لە بارەی پێداویستی گۆڕانکاری لە شیعری کوردیدا بوو، بڵاوکردەوە. ئەم بەیاننامەیە بوە زەمینە خۆشکەرێك بۆ گۆڕانکاری گرنگ لە ئەدەبیاتی کوردیدا. دواین بەرهەمی چاپکراوی شێرکۆ بێکەس "دەربەندی پەپولە"ی ناوە، دواین بەرهەمی درێژیشی "خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێك"ە کە لە سەروبەندی چاپ کردندایە. شێرکۆ بێکەس لە سوید دەژیو لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستانی عێراقدا ماوەیەکی لە ئێراندا بەسەر برد. لەگەڵ سوپاسی زۆر بۆ بەڕێزان قطبالدین صادقیو شاعیری کورد مارف ئاغایی کە پرسیارو وەڵامەکانیان وەرگێڕا، لەم ژمارەیەدا وتووێژی فەرەج سەرکوهی لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا دەخوێننەوە.

■ **ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری وتووێژە ڕۆشنبیرییەکان لە فاکتەرەکانی گەشەو پێشکەوتنی ڕۆشنبیریین، بە ڕای ئێوە لەم ڕووەوە شیعرو ئەدەبی هاوچەرخی فارسی، تا چ ڕادەیەک کاریگەریان لەسەر شیعری هاوچەرخی کوردی داناوە.**

□ لە دنیایەکدا کە ڕۆژبەڕۆژ لە گوندێکی جیهانی نزیکتر دەبێتەوە، ڕۆژبەڕۆژ سنورەکان کوێتو بەندەکانی ڕابردووی کەمڕەنگو کاڵتر دەبێتەوە، ڕۆشنبیری گرنگترین پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. ڕاستە تەکنەلۆژیای پەیوەندیەکان ئەم گوندە جیهانییەی هێناوەتە ئاراوە بەڵام فاکتەری بنەڕەتی نزیکی مرۆڤەکان وتووێژی کلتورەکانەو لەم زەمینەیەدا زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیەو مرۆڤەکانیش زۆرتر دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کلتورەوە کە ئاشنایەتیان لەگەڵ زمانەکەیدا هەیە.

کوردی دانیشتووی کوردستانی عێراق ئاشنایەتیەکی زیاترو قوڵتریان لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەیە، بەڵام لەم دواییانەدا لە ڕێگەی وەرگێڕانی دەقگەلێکی هاوچەرخی فارسیو چەند هۆیەکی ترەوە، لەلای کوردەکانی دانیشتووی عێراق ئاشنایەتییەکی زۆرتر لەگەڵ زمانی شیعرو ئەدەبی هاوچەرخی فارسیدا هاتۆتە ئاراوە. فێربوونی زمانی فارسی بۆ خەڵکی کوردزمان زۆر ئاسانترە لە فێربوونی زمانەکانی تر، چونکە پێکهاتەو ڕێساکانی ئەم دوو زمانە تەقریبەن یەکێکن لەبەرئەوە وەرگێڕان لە فارسیەوە بۆ کوردی لە کوردیەوە بۆ فارسی ساناو ئاسانە. لە شاعیرانی کوردستانی عێراقدا کەسانێك بۆ ئێران هاتوونو فارسی فێربوون. ئەم هەلە بۆ من هەڵنەکەوتووە، بەڵام کاتێ دەقێکی فارسی دەخوێنمەوەو نزیك بە لەسەدا شەستی بابەتەکە تێدەگەم. وتووێژی کلتوری نێوان شیعرو ئەدەبی هاوچەرخی فارسیو کوردی ڕووەو بەرفراوانبوونە. لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کورددا کە لەگەڵ زمانی فارسیدا ئاشنایەتیان هەیە، کاریگەری شاعیرگەلێکی هاوچەرخی ئێرانی دەبینرێت. هەڵبەتە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، کاریگەرییەکی زۆری لە ئەدەبی کلاسیکی فارسی وەرگرتوە، ئەم کاریگەرییە، بە تایبەتی لە ڕێبازی تەسەوفداو لای شاعیرانێکی وەکو

مەحوی زۆر دەبینرێت، بەڵام هاوچەرخان زۆرتر لە کەسانێکی وەکو نیماو شاملوو فەروغ فەرەخزاد کاریگەرییان وەرگرتوەو بەشی فەروغ لەم نێوەدا زیاترە.

من هەستدەکەم ئەو غەمو ئازارەی باڵی بەسەر شیعرەکانی فەروغدا کێشاوە لەگەڵ گیانی شیعری کوردیدا هاوخوانییەکی زیاتری هەیە، ڕەنگە لەبەر ئەو هۆیە بێت کە ژیانی خەڵکی ئێمە زنجیرەیەکە لە غەمو ئازارو ڕەنج.

■ چەند ساڵێ پێش ئێستا، ڕاگەیاندراوێک بەناوی "ڕوانگە"وە بە ئیمزای ئێوەو چەند شاعیرێکی تری کورد، بڵاوبۆوە کە تیایدا وەکو یەکێ لەسەر وەرزەکانی گۆڕانکاری لە شیعری کوردیدا ناوتان برد، لەم ڕاگەیەندراوەدا چ پێشنیارگەلێک خرابووە ڕوو؟

□ بەڕای من ڕاگەیاندراوی ڕوانگە تەکانێکی گەورەبوو لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەستمدەکرد ئەدەبیاتی کوردی تا ڕادەیەك ئارامو وەستاوەو گیرۆدەی داوی ڕێوڕەسمو شتی باو بوەو پێویستی بە تەکانێك هەیە. لەم ڕاگەیاندنەدا ڕازیبوونو قەناعەتکردنمان بە ئەدەبی شیعریو شێوازە باوەکانو وێنەکانمان تێکشکاند. هەوڵمان دا بۆچوونی پارادۆکسو دژ بەیەك بهێنینە ناو شیعری کوردیەوەو بە دیدگای نوێو هەمەجۆرەوە بڕوانینە میراتی کلتوریمان. ئێمە بۆ فڕین بە ئاسۆیەکی کراوەترو نوێتردا پێویستمان بە باڵی تر هەبوو. شیعر لە هیچ ئاسۆیەکدا سنوردار نابێتەوەو ئێمە دەبوو هەوڵمان بدایە تا شیعری کوردستان لە کۆتو بەندی قوتابخانەکان ئازاد بکەین. سەرهەڵدانی شیعری درێژی ڕۆمانی بە تێگەیشتنێکی تازە لە شیعری کوردیدا ئاکامی ئەم تەکانە بوو. ئێمە تێڕوانینی تاك ڕەهەندانەو تەماشاکردنی یەك دیدگاییو یەك تێڕوانینمان لە شیعری کوردیدا ڕەتکردەوە. ئێمە لە چەند ڕەهەندێکەوە ڕوانیمانە شتەکانو مرۆڤو سروشتو جیهانمان لە چەندین ڕوانگەوە بینی، بۆ نمونە بینیمان کە لە سروشتی جوانی ڕۆمانسیەکاندا، هەژاریەکی پانو پۆڕو چەندان ناشرینیش هەیە. ئێمە شیعرمان بەرەو خەڵك، بەرەو مرۆڤ، بۆ ڕووداوەکانو مێژووو جیهان بانگهێشت کرد.

**■ ناتوانرێت شیعر لە نێو چەند پێناسەیەکدا قەتیس بکرێت، بەڵام ڕەنگە بتوانرێت وێنەی دیمەنێک بە دەستەوە بدرێت کە لێیەوە دەڕوانینە شیعر، بە سەرنجدان لە فرەچەشنی بۆچوون و بینین و پێناسەکان، ئایا ئێوە لە چ تێڕوانینێکەوە دەڕواننە شیعر؟**

□ بە تێڕوانینی من ماوەیەکی زۆرە کە شیعر لە قۆناغی دەربڕینی ساتێك یان حاڵەتێك یان یاریکردن بە زمان تێپەڕیوە، شیعر دەبێت ئازارەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەربڕێت. لە زەمین و وڵاتێکدا کە گیرەوە بوە تاکە دەلاقەیەك کە هێشتا دەتوانرێت هەناسەیەکی پاکی لێوە هەڵبمژرێت هەر دەلاقەی شیعرە. لەم جیهانە پلیشاوەیەدا لەگەڕان بەدوای پاکیدا، دەبێت دڵ وگیان بە ڕووباری شیعر بسپێررێت. یەکێ لە لاوازیەکانی شیعر لە سەردەمی ئێمەدا جیایی شیعرە لە خەڵك، شیعر لە بابەت دوورکەوتەوەو بوە شتێکی زۆر زەینی، زەینگەرایی لە ڕادەبەدەر شیعری لە خەڵکی جیاکردەوەو شیعری دووچاری گۆشەگیری کرد. ئامادەیی هەنوکەیی و ڕووداوە هەنوکەییەکانی جیهان ئامادەیی مرۆڤ و ئامادەیی پڕ ترپەی مەسەلە مرۆییەکان لە شیعردا بایەخێکی زۆری هەیە. یەکێ لەو هۆکارانەی کە خەڵکی لەم سەردەمەی ئێمەدا حەزیان لە ڕۆمانە ئەو ڕووداو و پێشهاتە هەنوکەیی و مرۆیانەیە کە لە ڕۆماندا ئامادەییان هەیە. لەپاش ئەزمونگەلێکی هەمەجۆر بەو ئەنجامە گەیشتم کە دەبێت جارێکی‌تر شیعر لەگەڵ ڕووداو و کارەساتە هەنووکەییەکانی جیهان لێك هەڵپێکرێت و تەنها ئەم جۆرە شیعرەیە کە ڕێی خۆی بۆ نێو خەڵك دەکاتەوەو دەمێنێتەوە، ئەو شیعرانەیشی کە ئاوها نین بە شیرینی دەمێننەوە بەڵام کاتێ ساتی چێژ دێتە پێشێ، تام و یادەوەرییان لەنێو دەچێت. ناڵێم شیعر لە جوانکاری، لە ناوەرۆکی شیعری، لە ئیماو ئاماژەو وێنەو نواندن و زمان و..تد خاڵی بکەینەوە. نا، ئەمانە پێداویستی شیعرن، بەڵام پنچینەی کار لە داهێنانی هونەریدا شوێنێکە کە مرۆڤ و هەنوکەیی و جیهان و ئازار و ڕەنج و ئارەزوە پاکە مرۆییەکان، شیعریەت بەدەست دەهێنن و شیعر لە زەینگەرایی فەردیەوە بۆ جیهان لە شەقەی باڵ ئەدات.

لە دواین بەرهەمی مندا "خاچ و مار و ڕۆژ ژمێری شاعیرێك"دا خاچێ هاتوە کە لە منداڵیدا لەگەڵم بووە، خاچی خەمەکانی خۆم، خەمەکانی خەڵك، خەون و ڕەنج و ئازار و

ئارەزووەکانی خۆم و خەڵک. "خاچ و مار" دەتوانرێت بە جۆرێک لە ژیاننامەی شیعری ناو بریت، ژیان بە زمانی شیعر، شیعرێک کە دەیەوێت بە پاراستنی پێودانگەکانی خۆی بڕواتە ناو خەڵکییەوە، شیعرێک کە تیایدا سەرلەنوێ مێژوو وەکو هەویرێک شێوە دەگرێتەوە. شیعرێک کە لەگەڵ واقعیەتدا تێکەڵ بەیەک دەبن و مێژوو جیهان و ڕووداوەکانی سەردەمی ئێمە بە ڕووداوەکان و خەیاڵی شاعیرەوە دەبەستێتەوە.. من ئەم دوو شیعرەم چەندجارێک بۆ خەڵکی خوێندۆتەوە و کاردانەوەکانی ئەوانم بینیوە. دواین بەرهەمم لە کوردستانی عێراقدا بۆ خەڵکم خوێندەوە و خەڵکی سێ سەعات و نیو دانیشتن و گوێیان بە شیعر سپارد. تەنانەت یەک کەسیش هۆڵەکەی جێنەهێشت، چونکە خەڵکی بە شیعردا، من و خۆیان، خۆیان و جیهانی خۆیان دەبینن.

لە تێڕوانینی مندا، شیعر پرسیارێکە کە سنوور ناناسێت. ڕووبارێکە کە هەمیشە بەردەوام لە جووڵەدایە. لە شیعری درێژی "خاچ و مار.."دا مار سیمبولی ئازارو پەرێشانی و مەینەتیە کە لە ژیانی مندا بە دەوری خاچی تەمەنی مندا پێچی خواردوە و ٥٦ ساڵ تەمەنی من و تەمەنی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە. لەم شیعرەدا، شوێن و پێگەی جوگرافی و کەسایەتییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە. باوکم و بەتایبەتی دایکم لەم شیعرەدا پانتاییەکی فراوانیان بۆ خۆیان داگیر کردوە. دایکم لەم شیعرەدا، دایکی من، دایکی چەشنی و دایکی هەموومانە. باوکیشم، باوکی من و خاکی ئێمەیە. لەم شیعرەدا ڕووداوەکانی ئەم ٥٦ ساڵەی دوایی لە ڕوانگەی شاعیرەوە سەرلەنوێ بەرهەم هێنراونەتەوە، ڕووداوگەلێک کە زۆرتر ماکێکی کارەساتبارو ئازاراویان هەیە، بۆنموونە کارەساتی هەڵەبجە. کارەساتگەلێک کە وەک ئەوەی مرۆڤ لە خستنەڕوویان تێر نەبێت. وتووێژی شاعیرو دیجلە بەشێکی گرنگی ئەم شیعرەیە. من ئەم هەموو شتەم گوت تا ئەوە بڵێم کە لە چەند تێڕوانینێکەوە دەڕوانمە شیعرو شیعری من لە کوێی جیهاندا ڕاوەستاوە.

■ **زەینگەرایی، ڕەنگە یەکێک بێت لە هۆکارەکانی جیایی خەڵک لە شیعر بەڵام قەسیدەو شیعری درێژی ڕۆمانەشیعر، لانی کەم لە شیعری کلاسیکی ئێراندا ڕابردوویەکی**

دیربنی هەیەو لە شیعری هاوچەرخی فارسیشدا چەندان شاعیری بە توانا لەم زەمینەیەدا کۆششگەلێکی سەرکەوتوویان هەبوە، بەڵام ئەمڕۆ ڕەوتێک دەبینین کە هەوڵدەدات شیعر لە گێرانەوەو تەنانەت لە تەوژمە توندڕەوەکان لەهەر جۆرە دواخستنێکی دەرەکی ئازادبکاتو تەنها زمان بابەتی شیعر دەزانێتو هەندێک شیعر بە دروستبووی ساتە پاکە شیعرییەکان لە زماندا پێناسە دەکەن. بە ڕاو بۆچوونی ئێوە ئەم جۆرە ڕەوتانە چۆن چۆنی داوەری دەکرێن (هەڵدەسنگێترێن)؟

□ ئامادەیی چیرۆك لە شیعرداو شیعری درێژ لە ئەدەبیاتدا، بێگومان تازەو نوێ نییە، بەڵام من لە شیعرەکانمدا چیرۆکی هاوچەرخ بە شیعر دەگێڕمەوە، چیرۆکێ کە لە گەوهەری خۆیدا لەگەڵ چیرۆکە کۆنەکان جیاوازی قووڵی هەیە. لە ڕۆمانەشیعرو لە حەکایەتخوانی پێشینانداا، چیرۆك لە دەرەوەی زەینی شاعیرانەی شاعیردا ڕوودەداتو نیسبەت بە شاعیرو شیعر، کارێکی دەرەکیو ڕووکەشانە بوو، بەڵام لەو شیعرەیا کە من دەیڵێم، چیرۆك لەناخو ناوەوەی شاعیر، لە خودی شاعیرەوەیە نەك حەکایەتخوانو چیرۆکنووس، هەڵدەقوڵێت.

گریانەکانی من، غەمەکانی من، دایکی من، خاکی منو ئەوەی لە شیعری مندایە، تایبەتیو شاعیرانەیە. بەڵام بۆ نمونە بە ناسینی شاهنامە ناتوانرێت جیهانە ناوەکیەکەی فردەوسی بناسرێت. هەوڵی من بۆ ئەوەیە کە شیعر لە هەڵچوونو بێزاریو دوورە پەرێزیو جیایی لە خەڵك، ئازادبکرێت. لە شیعرە درێژەکانی مندا پیشەسازی شیعری، لە وێنەگرتنەوە تا خوازە، بە زەرورەی شیعر بوونیان هەیە، بەڵام ئازادی مرۆڤ، بۆتە ئازارێکی تایبەتیو کۆیش ئامادەیی هەیە. شاعیری ئەمڕۆ لەنێو ئازارەکاندا دەژیو هۆنراوەکانی من دراماکانی شاعیرو دراماکانی مێژوون، ئەگینا کەس نایەوێت خەونو خەیاڵ لە شیعر جیابکاتەوە، من لە شیعردا جەخت لە وێنەگرتن دەکەمەوەو هۆنراوە درێژەکانیشم تاڤگەیەکن لە وێنە.

■ بەشیکردنەوەی شانامەی فیردەوسی یان بەرهەمی هەر داهێنەرێکیتر، دەتوانرێت ڕێگەی چوونە ناو ڕوانگەو ڕوانینو ڕۆحیاتی دەروونی بدۆزرێتەوە. بەڵام واوەتر لەمە لێکۆڵینەوەی

دووره‌په‌ریزی یان جیایی خه‌ڵک له شیعردا واقعیه‌تێکه که له که‌می تیراژی کۆمه‌له شیعرییه‌کاندا خۆی پیشانده‌دات. هه‌ندێک هۆکاری ئه‌م وه‌زعیه‌ته نه له شیعردا که له‌م واقعیه‌ته‌دایه ده‌بینین که له سه‌رده‌مانی ئێمه‌دا هیوا گه‌وره‌کان تا راده‌یه‌ک ره‌نگیان دۆڕاندووه‌و کاڵ بوونه‌ته‌وه، یان له حاڵی سه‌رله‌نوێ دروستکردنه‌وه‌دان. دنیای ئاره‌زوو په‌رتکه‌ر دنیایه‌کی خه‌یاڵ په‌رتکه‌ره، ئه‌وکاته‌ی که کلتور له ئاره‌زوو ئه‌فیکردنه‌وه‌و ئاره‌زایه‌تی‌و خه‌یاڵی سه‌رکه‌ش، خاڵیده‌بێته‌وه، پێویست به شیعر ناکات. که‌واته له دنیایه‌کی له‌م شێوه‌یه‌دا چۆن چۆنی ده‌توانرێت دووباره شیعر ببرێته‌وه بۆ ناو خه‌ڵک‌و دوره‌په‌ریزی‌و دووری ئه‌و له خه‌ڵک چاره‌سه‌ر بکرێت؟

□ دووره‌په‌رێزی‌و جیایی شیعر له خه‌ڵك ڕێژه‌ییه، ئه‌م جیاییه له ئه‌ورووپادا زیاتره تا کۆمه‌ڵگه ئاساییه‌کان. ره‌نگه هۆکاری دووره‌په‌رێزی شیعر مه‌سائیلێکی وه‌کو پێشکه‌وتنی شارستانی‌و ته‌کنه‌لۆژی‌و دواکه‌وتنی هه‌ست‌وسۆز بێت، به‌ڵام له ئه‌ورووپادا خوێنه‌رانی ڕۆمان زۆرن، ئه‌ورووپییه‌کان زۆر ئاره‌زوویان له ئاشکراکردنی تازه‌کان ڕووداوه‌کان‌و جیهانه جۆراوجۆره‌کان هه‌یه، بۆنموونه ئه‌ده‌بیاتی ئه‌مریکای لاتین هه‌ر له‌به‌ر هه‌مان هۆیه پێی ئاره‌زوومه‌ندن. به‌ڵام به‌ڕای من مه‌سه‌له سه‌ره‌کییه‌که که شیعر پێویسته کێشه مرۆییه‌کان وه‌ك پرسیارێکی به‌رده‌وام‌و بێسنوور بخاته‌ڕوو.

■ **جه‌ختکردنه‌وه له‌سه‌ر خستنه‌ڕووی کێشه مرۆییه‌کان له شیعردا، ده‌توانێت به‌و ئه‌نجامه نادروسته‌ش بکێشرێت که شیعر تا ڕاده‌ی دروشم بهێنرێته خواره‌وه، به بۆچوونی ئێوه په‌یوه‌ندی نێوان شیعرو سیاسه‌ت چۆن چۆنیه؟**

□ ده‌توانرێت شیعر به دوو جۆر ببینرێت؛ یه‌کێکیان له ڕووکه‌ش‌و قوڵاییه‌کی که‌مدا، ئه‌وی تریان له قوڵاییه‌کی زیاتردا. به تێڕوانینی من شیعر له‌هه‌ر شێوازێکدا بێ، ده‌بێت به‌ره‌و قووڵایی بجووڵێت. باوه‌ڕم به‌وه هه‌یه که شیعر ده‌بێت له‌گه‌ڵ مرۆڤه‌کاندا په‌یوه‌ندییه‌کی نزیك‌و شاعیرانه‌ی هه‌بێت، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یشدام که ده‌بێت شیعر له دروشم

جیابكرێتەوە. شیعر لە بەشەكانەوە بۆ گشتەكان دەڕواتو لە تێڕوانینێكی ئاڵۆزو ئاوێتەوە دەڕوانێتە جیهان. شیعرەكورتەكانی من، زۆرتر ڕەنگدانەوەی سەرلەنوێی حاڵەتەكانە، هەوڵێكە بۆ ئاشكراكردنی گەوهەری شیعرو دەركێشانی توخمە زیادەكانە لە شیعردا، سیاسەتیش دەتوانێت بێتە ناو شیعرەوە. بە ڕای من هەموو شتەكانی دنیا لە شیعردا شوێنیان هەیە گرنگ ئەوەیە ببنە شیعر. هەندێك شیعری ئەڤینداری تایبەتیم دیوە شیعر نین‌و هەندێك شیعری دیكەش وەك دەڵێن سیاسی شیعری نەتەوەیی پایەدارو نەمرن. ئەمە هەمووی پەیوەستە بە تواناییەكانی شاعیرەوە.

■ ئێستا كە دەڕوانیتە ڕابردووی شیعری خۆت هەڵوێستت لە كارەكانی خۆت چیە؟

□ لە دیوانی یەكەم‌و دووهەمدا ئینسجامێك كە دەبوو هەبوایە، نییە، بەڵام هەر لە هەمان سەرەتای شیعری مندا مێژوو ڕاپەڕین‌و ئازاری مرۆڤەكان ئامادەییەكی تەواویان هەبوەو ناوەڕۆكی بنەڕەتی شیعرەكانی من ئازادی بوە. پاشان سروشتیش لە شیعری مندا لەگەڵ مرۆڤ‌و ئازادیدا تێكەڵ بوە، هەڵبەتە میراتی كلتوری كوردیش پاڵپشتێكی گرنگە لە كارەكانمدا، ئاسۆی زمان لە شیعری مندا پلەبەپلە فراوانتر بوەو مامەڵەی من لەگەڵ كێشیشدا پلەبەپلە گۆڕا، كۆشاوم كە ئەفسانەی كلتوری میللی كورد لەگەڵ جیهانی هاوچەرخ بگونجێنم. من هەمەڕەنگیم لە شیعردا خۆشدەوێت بۆیە ئەگەر لەو سێ هەزار لاپەڕە شیعرییەی كە تا ئێستا چاپمكردوە دوو لاپەڕەم پێ ببەخشنەوە خۆشحاڵم. شیعرە نەمرەكان ژمارەیان كەمە.

■ دوو شانۆنامەی شیعری بەناوی "كاوەی ئاسنگەر"و "ئاسك" بە قەڵەمی ئێوە بەچاپ گەیشتوون. تایبەتمەندیەكانی ئەم شانۆنامانە چین؟

□ كاوەی ئاسنگەر ئەفسانەیەكی كوردییە كە ململانێی نێوان ڕووناكی‌و تاریكی پیشاندەدات. لەم شانۆنامەیەدا چوارچێوە تەنها فۆلكلۆریكە، بەڵام من بە ئەزموونێكی تەواو سەركەوتووی نازانم، ئەم بەرهەمە بەرئەنجامی یەكەمین هەوڵەكانی من بوو لە زەمینەی دروستكردنی شانۆنامەی شیعری كوردیدا. لەم بەرهەمەدا جوڵانەوەكان‌و بزوتنەوەكانی

ناوەوەی شانۆنامەکە شیعری پێشەنگ دەکوژێت و ئەمەش لاوازییەکە کە لە کاری دووەممدا کەمڕەنگتر بۆتەوە. ئاسك کارێکی سەرکەوتووترە، لەم شانۆنامەیەدا، ئاسك، خودی خۆمە، ئاسکێك لە گابەردی کێوێکدا گرفتار دەبێت. بەڵام "ئاسك"ەکە بۆ ئەو گوندنشینانەی کە لەو گوندەی دامێنی کێوەکەدا دەژین، پیرۆزەو ئەگەر بمرێت خەڵکی دووچاری کارەساتێ دەبن، پاشان هەوڵ دەدەن ئاسکەکە ڕزگاربکەن و تەوەری شانۆنامەکە هەر ئەم هەوڵەیە، یەکێ لە گوندنیشنەکان بۆ ڕزگارکردنی ئاسکەکە خۆی بەکوشت دەدات بەڵام ئاسکەکە ڕزگار نابێت و هەوڵی بەردەوامە، شانۆنامەکە کۆتاییەکی یەکجارەکی نییە.

■ دەرکیری لەگەڵ کێشە مرۆییەکاندا بە تایبەتی لەم وڵاتانەی خۆماندا، بەرەو سیاسەت ملدەنێت. هەر ئالێرەوەیە کە لە نێوان پێناسی سەربەخۆیی شاعیرو سیاسەتدا دژایەتی سەرهەڵدەدات و لەبەر ئەم هۆیە پەسەندکردنی لایەنە سیاسیەکان بە شتێکی نەگونجاوو نەشیاو بۆ شاعیر دەزانن. ئێوە ماوەیەک نوێنەر (ئەندام)ی پەرلەمان بوون و ماوەیەکیش وەزیری ڕۆشنبیری کوردستان بوون، لەمەڕ ئەم دژایەتییەوە چ هەڵوێستێکتان هەیە.

□ من نوێنەرایەتی پەرلەمان و وەزارەتی ڕۆشنبیریم لە کاتێکی تایبەت و مێژوویی لە کوردستانی عێراقداو لە ساڵی ١٩٩١دا قبووڵکرد. مەوقعیەتێ کە لە مێژووی کوردستاندا بێوێنە بوە. لەو سەردەمەدا، بە دوای ڕووداوەکانی جەنگی کەنداوی فارس و داگیرکردنی کوەیت و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، لە کوردستانی عێراقدا بزوتنەوەیەکی فراوان و پان و پۆڕی قووڵ و خۆڕسکی جەماوەری گەیشتە لوتکەو بەشێکی گرنگی وڵاتەکەمان لە دەسەڵاتی سەدام ئازادبوو. ئەم بزوتنەوەیە خۆڕسك و جەماوەری بوو تەنانەت پارتە کوردیەکان ڕۆڵێکی وایان نەبوو. ناوچەی ئارام بۆ کوردستانی عێراق ڕاگەیەنرا. لەم کاتەدا بوو کە بۆ یەکەمینجار لە مێژووی کوردستاندا هەڵبژاردنی ئازاد بە مانای تەواوو جەماوەری بەڕێوەچوو. لەم هەڵبژاردنەدا بوو کە من خۆم پاڵاوت و خەڵکی دەنگیان داو منیان بۆ نوێنەرایەتی پەرلەمان هەڵبژاردو لە پەرلەمانیشدا وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانی عێراقیان

بە من سپارد. من وەزیری ڕاپەڕینی جەماوەری بووم نەك وەزیری دەسەڵاتی سیاسی. لە وەزارەتدا نوقمی کار بووم، بەڵام کاری وەزارەت تەنانەت لەو هەلومەرجەیشدا پلەبەپلە واقعیەتگەلێکی پیشاندام، پیشانیدام کە بزاوتی ڕۆشنبیریو کلتوری پێویستی بە پاڵپشتی ماڵی هەیەو باری ئابوری ئێمەش زۆر دژوار بوو. ناکۆکی سیاسیو خۆییش پلەبەپلە لە پەرلەمانو دەوڵەتدا باڵای کردو منیش وردە وردە ساردبوومەوە، سەرئەنجام دەستم لەکار کێشایەوەو لە تەلەفزیۆندا هۆکارەکانی دەست لەکارکێشانەوەی خۆم ڕاگەیاند. دەست لە کارکێشانەوەکەی من دوو هۆی هەبوو؛ یەکەم ئەوەی کە لە بەرامبەر پێشێلکردنی بنەڕەتە دیموکراسیەکانو ڕێگری بۆ ئازادی بەرامبەرەکان ناڕەزایەتیم هەبوو، دەوڵەت ڕۆژنامەیەکی بە شێوەیەکی نایاسایی لەکار خست، من لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیەدا هاوبیرییەکم نەبوو، بەڵام باوەڕم وابوو کە لەگەڵ ڕۆژنامە ناکۆکیەکانیشدا مامەڵەی یاسایی بکرێتو ئازادییان بپارێزرێت. هۆی دووەمیش ناڕازی بووم بە گەشتی دەستەیەکی وەرزشی کورد بۆ بەغداد. من دژی هەر جۆرە پەیوەندیەك بووم لەگەڵ سەدامدا. بەهەرحاڵ هێواش هێواش هەستمکرد کە من بۆ کاری سیاسی دروستنەبووم. هەڵبەتە تەنانەت لەو ماوە کورتەی وەزارەتیشدا لە شیعر جیا نەبووم. تەنها لەو چەند سەعاتەی ئیدارەدا ڕەگەزێکی ئیداری بووم، هەندێ لە جوانترین شیعرەکانم لە هەمان قۆناغدا داناوە. بەڵام من لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، شاعیر هیچ کارو پەیوەندیەکی بە لایەنو پایەی سیاسیەوە نییە. دەرگیری لەگەڵ کێشە مرۆییەکاندا لە شیعردا شتێکەو قبوڵکردنی لایەنی سیاسی شتێکی ترە. شاعیر لە پلەو پایەی سیاسیدا لانەکەی خۆی وندەکات. لە باڵندەیەکی ئازادەوە دادەبەزێتو دەبێتە باڵندەیەکی نێو قەفەس.

■ لە دنیایەکی ئاوادا کە دەسەڵاتو هێز، قسەی یەکەمو دوایی دەکات، بۆ مرۆڤیش جگە لە ئازارو ڕەنج، هیچ شتێکی تر نییە، لە دنیایەکدا کە تەنانەت لە هەلومەرجێکی ئاواشدا کە باستان لێکرد، شاعیر جگە لە دەست لەکار کێشانەوە هیچی تری پێ ناکرێت لە دنیای هەڵاتن لە ئامانجو خەیاڵ، لە شیعرو شاعیر چی پێکدێت؟

□ گوتم شیعر پرسیارێکی بێسنوره. پرسیارێك كه كەسانێك تورە دەکات. شیعر نەریيەو شیعرێك كه به نەرێ بگات به وەستانو مردن دەگات. بەلام ئەوەی كه له جیهاندا ڕوودەدات، هەروەکو له قسەکانی ئێوەدا گوتران. یەك ناوەڕۆکی ڕەشی نییه، لایەنی ئەرێنشی هەیه. شاعیری ئەمڕۆ دەبێت ڕەتبکاتەوە، هەر له ڕێی ئەو ڕەتکردنەوەو سەرکەشیانەیه شیعر لەدایکدەبێتو جوانی له نێوان مرۆڤەکاندا فراوان دەبێتەوە. شاعیران، برەوپێدەرانی جوانیو مرۆڤایەتییەکی لەیاد چوون. کاری شاعیر ڕەواج پێدانی جوانیو مرۆڤایەتیەو شاعیران هێشتا کارگەلێکی گەورەیان له بەردەمدایه.

■ دوابین گەشتی ئێوە بۆ ئێران هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی سەدام بۆ سەر كوردستانی عێراقو شەڕی ناوخۆیی لەم ناوچەیەدا. بارودۆخی كوردستان چۆن چۆنی هەڵدەسەنگێنیو بۆ ئایندەی كوردستانی عێراق پێشبینی چ ئاسۆیەك دەكەیت؟

□ مێژووی میللەتی من به گشتی، مێژووی هەوڵو تێکۆشانەکانه. ئێمه هەمیشه له کارەساتدا ژیاوین، له کارەساتگەلێکدا كه کەسانی تر بەسەریانا هێناوین. ئێمه بەردەوام له کۆچی یەکبەدوای یەکدا ژیاوین. شەڕی ناوخۆیی ئەم دواییەی كوردستانی عێراق کارەساتێکی تره. ناکۆکییەکانی نێوان دوو حزب، ناکۆکیگەلێك كه چارەسەریان بەهۆی ڕێکەوتنو ئاشتییەوە چارێکی شیاو بوو، بوە مایەی شەڕی ناوخۆ بەداخەوە یەکێ له دوولایەنه شەڕکەرەکه کاری ناشایستەی کردو لەگەڵ یەکێ له دوژمنه سەرسەختو گەورەکانی کورددا یەکی گرتو دەستی سەدامی گرت. دەستی کەسێکی گرت كه چەندانجار كوردستانی عێراقی بۆمباباران کردوە، دەستی کەسێکی گرت كه بومبی کیمیایی بەسەردا ڕشتنو کارەساتی هەڵەبجەی خوڵقاند. دەستی کەسێك كه سەدان هەزار خەڵکی قەتڵو عام کردوە. ٥٠٠ تانكو و ٤٠ هەزار سەربازی گاردی سەرۆکایەتی کۆماری سەدام بەهانایەوە هاتنو هێزی بەرامبەر توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی نەبووو شکا. لەم ڕووداوەی دوایی كوردستاندا کەمتەرخەمی سەرەکی ئەمریکایە. ئەوان هێڵی پانی ٣٦ یان بۆ كوردەکان

ڕاگەیاندبووو بڕیار بوو کە لەشکری سەدام لەو هێڵە تێپەڕ نەکات. سەدام ناوچەی ئارامی شکاندو ئەمریکییەکان ئێمەیان کردە قوربانی بەرژەوەندیو قازانجەکانیان لە باشوری عێراقدا. بە ڕای من ڕێگەچارەی دروستی ئێمە لە عێراقدا ئەوەیە کە لە وڵاتێکی دیموکراتیكو ئازاددا بژین. لە وڵاتێکدا کە مافی هەموان پارێزراو بێتو هەموان لە ئازادی بەهرەمەند بن.

لەم ڕووداوانەی دوایدا زۆرێك لە ئاوارە کوردەکان بۆ ئێران هاتوونو لە هێڵەکانی سنوردا لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا ژیان دەگوزەرێننو تەنها ئێرانییەکان کۆمەکیان دەکەن، کە جێگەی سوپاسە. مێژووی ئێمە هەزار کارەساتی لەخۆیدا هەڵگرتووەو کارەساتەکان هەر جارەی بە شێوەیەك دووبارە بوونەتەوە، چارەنووسی ئێمە لە چارەنووسی سیزیف دەچێت کە مەحکوم بوو بەوەی تا دنیا دنیایە هەموو ڕۆژێ بەردێکی گەورە بباتە سەر لوتکەی کێوێكو بەردەکە هەمیشە لە نزیکی دوندی کێوەکەدا دەکەوتە خوارەوەو دەبوایە سیزیف سەرلەنوێ دەستی بەکارەکەی بکردایەتەوە.

■ لە ئەفسانە یۆنانیەکاندا سیزیف تا کۆتایی دنیا ئاوا دەکات، بەڵام من پێموایە ئەلبێرکامۆ بوو کە نووسیبووی دواجار سیزیف ڕۆژێ لە دژی چارەنووسی خۆی ڕادەپەڕێتو بەردەکە ئەکوتێ بەسەری خۆیدا.

□ ئێمە هێشتا کامۆمان نییە. ئێوەو باقی شاعیرانو نووسەرانی تری ئێرانی گوڵباران دەکەم.

---

* "فەرەج سرکوهی" نوسەرو ڕوناکبیری بوێرو بە هەڵوێستی ئێرانی، خاوەنی چەندان کتێبو لێکۆڵینەوەو وتاری هەمەچەشنی ڕەخنەیە، ماوەیەکی زۆر سەرنوسەری گۆڤاری "آدینە" بووە، ئێستاش لە ئەوروپا دەژی.

سەرچاوە:

گۆڤاری "آدینە" ژمارە "١١٣"ی "آبان- ١٣٧٥ھ.ش، ئەیلولو تشرینی - ١٩٩٦"

□ سا : ئەنوەر سوڵتان

chalakmuhamad@gmail.com

# گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس

(١٩٩٧)

شیعر بۆ نەتەوەیەکی دابەشکراوی وەك نەتەوەی کورد دەبێ شیعری سەر بە ڕێبازی خزمەتگوزاری گشتی میللەت بێ، شیعری واهایش، ڕاستییە بۆ هوشیاری، ڕێبازە بۆ تێکەیشتن، هەوڵە بۆ پێکەیشتن و سامانە بۆ ئایندەی ڕۆژانی بێتاری..

ساڵانێك دەمانگوت ئێستاش دەڵێین: "شیعری گەلێك کە ئەمڕۆکە بە چەپۆکە خوێناوییەکان، بە هەموو شێوازێك هەوڵی گۆڕکردن و قەلاچۆکردنی دەدەن، دەبێ شیعری بەرەنگاری بێ". ماك و هەوێنی شیعری بەرەنگاریش، هەڵوێستی دلێرانەیە بۆ جمانی سەنگەر، بانگە، بانگی زیندوو کردنەوەی قوژبنە خامۆشەکانی دڵ و دەروونی وڵات. قوربانییە، قوربانی بۆ پاراستنی نەتەوە. کردەوەیە، کردەوەی سڕینەوەی هەموو سنوورێکی دەستکردی داگیرکەران.

هەر لەو بۆچوونەوە دەڵێن: شیعر، شیعری ڕۆڵەی بێکەسی ئەو خاکە بێکەس و بەخوێن ئاودراوە بێ.. شیعر، شیعری پێشەنگ و جڵەوگری کاروانی شیعری بەرەنگاری بێ.. شیعر، شیعری میراتگری خانی نەمر، حاجی و گۆرانی زیندوو بێ.. شیعر، شیعری مامۆستا شێرکۆ بێ... ئەوا کوڵکە زێرینەیەو لە دیمەنی بووك و زەماوەندا، لە فەزای پاش بارانی بەهاریدا ڕەنگ دەداتەوە. هێرشی وشەیە، لە ڕوانینی پێشمەرگەو هەڵمەت برەندا، لە شەهید بوون و سەرکەوتندا.. خۆی دەنوێنێ. ئومێدی پەمەییە، لە چاوەڕوانی و بەرەو پیرییا، لە غوربەت و یەکانگیریا، لە سووتان و چەکەرە کردنا، بانگی مژدە هەڵدەدا.

شیعری شێرکۆ، ڕەنگ و ڕووی هەزاران ڕووداوی تاڵ، مژدەی ژیان و هیوای هەڵسانەوەیان پیشاندەدات.

شیعری شێرکۆ، لەگەڵ کەسایەتی ڕۆشنبیری دوێنێی نزیك و ئەمڕۆماندا یەکگرتنەوەن. لە دنیای ژان و ئازارماندا چەکەرەی هوشیارین. لەقووڵایی مێژووی خوێن گرتووماندا.. گڕی هەڵسانەوەن.

بـۆ تایەتیـە کۆمەڵایەتیـەکانمان.. ناسـینن. بـۆ پـاراوەیی زمانمـان.. چێـژی وشـەو خۆشەویستی ڕستەی کوردەوارین.

"شێرکۆ بێکەس" لەوەتەی دەستی بە شیعر نووسین کردوە، هەر بەرەو هەڵکشان و بەرزیە پێشەی. شێرکۆ، لە کۆیژەی "تریفەی هەڵبەست"ەوە هەڵکشا، لەگەڵ هاوڕێیانی وەك "پەشێو"و "هەڵمەت" بەرەو بەمۆی "ڕوانگە" هەنگاوی نا، لەوێشەوە لە شەقەی باڵیداو هەڵفڕییە سەر هەندرێنی شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر، بەوەشەوە نەوەستاوە هەورازی کێوەڕەشی من تینوویەتیم بەگرِ ئەشکێ ی گرتەبەر. شیعری شێرکۆ، هەمیشە وەك گۆرانییەکانی "سەید عەلی ئەسغەر، عەلی مەردان و حەسەن زیرەك" گوێیان نەداوە بە سنوور، بۆیە شێرکۆ لەگەڵ قەڵەمبازی "ئاسك"ەکەیدا دەنگی شانۆی شیعری گەیاندۆتە "ئەربەبا"ی دێرین. بەسەر لوتکەی "قەندیل"ەوە بە "ئاوێنە بچکۆلەکان"یەوە تیشکی خۆری ئەوینی بەرەو گۆمی ورمێ و وان و ڕەواندز پەخشی کردوە.

شیعری شێرکۆ لەگەڵ "ئیحسان پاشا"دا لەسەر پۆپەی ئاگری داخ بوو، بۆیە "تۆخۆلیسکی" لە "ستۆکهۆلم"دا بوە هاوڕێی. لە دوورەوە لە حەسرەتی "کورد داغی"ی عەفرینی دڵ بوو، بۆیە وەکو پەپوولەی ئاوارە، شێت و شەیدا، پڕ سەودا بۆ گوڵە کێوییەکانی دەربەندیکی وڵاتی کوردەواری هەڵفڕ هەڵفڕ دەگەڕاو دەگەڕێ. بە کورتی شیعر لای "شێرکۆ بێکەس" هەموو شتێکە، ژیانە، سیاسەتە، ژانە، درەخت، چیاو ڕووبارە. لەناو شیعرەکانی شێرکۆدا: "ئەگەر گوڵ دەرهاوێژن، لە چوار وەرز وەرزێکی ئەمرێ. ئەگەر یاری لێ تووڕ دەن، دوو وەرزی دەمرێ. ئەگەر نانی لێدەربێنن، سێ وەرزی دەمرێ. ئەگەر ئازادی لێ فڕێدەن، شێرکۆ ساڵی ئەمرێ و خۆشی ئەمرێ"، لەبەر ئەو هەموو دێرانەی سەرەوە فەرموون با کاك شێرکۆی لوتکە، خۆی لەم گفتوگۆیەماندا بۆ ئێوەی خوێنەرانی بەڕێز بدوێت:

■ **کاک شێرکۆ "شیعر" چییە؟**

□ **بچوکترین و سادەترین پرسیارە.. بەڵام وەڵامدانەوەی گران و دژوارە.. لەوەتی شیعر ئەجریوێنێ و لەو رۆژەوە ئەم عەشقە باڵی گرتوە، بوە بە خولیا، بوە بە لاولاوی زمان و هونەرو لە سەرو ملی شاعیر ئاڵاوە، ئەم پرسیارەش هەر کراوە.. بەڵام هیچ وەڵامێکیش نەیتوانیوە چوارچێوە بێ و سنوور بێ و لە شوێنێکدا، لە روونکردنەوەیەکدا، لە تابلۆیەکدا، لە بیردۆزێکدا، یان لە قوتابخانەیەکدا دوا وەڵامی دڵنیاکەر بێ و تینوێتی ئەم پرسیارە بشکێنێ. لە رێگەی عەقڵ و ئەزموونەوە گەڵجار، زانست، وەڵامی دڵنیاکەرو جێگیریی خۆی لەلایە. سنووری تاقیگەو جەمسەری بیرۆکەکانی هزرو پەیوەندییەکانی پێکەوە ئەبەستێتەوەو دیارییان ئەکات. بەڵام شیعر لە مەملەکەتی نادیار ئەچێ، نە سنوورەکانی بە چاوی ئاسایی ئەبینرێن و نە وێنەکانی لە جیهانی ئەقڵدا جێگەیان ئەبێتەوە. چونکە وڵاتەکەی وڵاتی ئەفسوون و خەونە. وڵاتی ئەفسوون و خەونیش لە گەردوونێکی بێ کۆتایی و رەهادایە. ئەوەی لە قاموسی ژێر دەسەڵاتی ئەقڵدا رێی تێنەچێ، ئەشێ و بڕوای پێنەکرێ، لە شیعرداو لە گەردوونی خەیاڵ و روانین و زمانی مەجازدا، لە توناوتوونی هەست و ئەستدا، جێگایان ئەبێتەوە.**

**شیعر زمانە، لە ئان و ساتی حاڵ لێهاتن، فڕینی رۆحە لە وەختی شپرزەیی و دڵەڕاوکێ و گومانی بەردەوامدا. شیعر چڕترین زمانەدارستانی ناو هەموو ئەدەبێکە، پرسیارە لەناو پرسیاردا. شیعر ناگیرێ و لە سێبەری مرۆڤ خۆی ئەچێ. سەمای ڕستەیە، سەرسامبوون و گریانە لە چاوی وشەدا، پێکەنینە لە شەونمەکانی خەیاڵدا، لە نهێنی گەورەو بچووکدا ئەو نهێنییانەی ئەمانخەنە ناو گێژاوی خۆیانەوەو سەرمان ئەکەن بە گەمیەی خول خواردووی دانەسەکناوی نزیک لە شێت و وێتی و شەیدایی عەشقەوە، ئاخر من چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە خۆشەویستی دایک چییە؟! ئەوینی نیشتیمان چی ئەگەیەنێ؟! مردن چییە؟!.. شیعر بارانی خەیاڵیشە لە وەختی ناوەختا، لە وەرزی بەیەکدا چوونی ژانەکانی دەروونی شاعیردا. من پێموایە ئەگەر وەڵامێکی دیار بۆ ئەم پرسیارە هەبوایە شیعریش**

کۆتایی پێ نەهات! یان لە جێگەی خۆیدا ئەچەقی و نەبوو بە پەیکەری ناو زەمان، یان وردە وردە ئەپوکایەوە.

شیعرو وەڵام دژە یەکن، شیعر پرسیارەو وەڵام یەقینە، هەر لەبەر ئەوەشە نوختەیەکی لە دواوە دانانرێ و بوەستێ، هەمیشە ئەو سەر لە پاشەڕۆژەوە دەردێنێ. کەس ناتوانێ بزانێ خۆشەویستی و مردن چۆن و کەی دێن و پەیدا ئەبن؛ هەروەها شیعریش، ئەم پرسیارە شارەگومانە ئەورووژێنێ، بۆیە نە یەك ئاوێنەی هەیە، نە یەك شانۆ، نە یەك خواوەندو نە یەك مەملەکەت، بەڵکو خولیایەکە لە شێوەی گێژەڵوکەیەکی هەڵکردوودا، خەونێکە گێڕانەوەی دوایی بۆ نیە.

■ پەیوەندیتی شاعیر لەگەڵ شیعر چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

□ شاعیرو شیعر وەك ڕەگ و خاك، وەك گەروو و گۆرانی، یەك یەکتری تەواو ئەکەن. ئەم پەیوەندییە لە پەیوەندی خەڵوەت و سۆفی، لە پەیوەندی سەنگەرو شۆڕشگێڕ، لە پەیوەندی عەشق و عاشق دەچن. شاعیر سەرچاوەیە بۆ رووباری شیعر. ئەتوانین بڵێین: شاعیر درەختەو شیعر باڵندەکەی، بەڵام ئەو پەیوەندییە، پەیوەندییەکی میکانیزمی نییە، پەیوەندییەکی رۆحیە، بە هەزار داوی باریکی لە تیشك چوو پێکەوە پەیوەست بوون. شیعر باخەکانی هەست و نەستی شاعیرن. مێژووی بزوتنەوەی گیانێتی، گینگڵەکانی رۆژگاری و مەوجدانەوەی حەزو ئارەزووەکانی. (نالی) شیعر بە جگەرگۆشەی خۆی ئەزانێ. بە پارچەیەك لە گۆشت و ئێسقانی خۆی. بەڵام شیعر بۆ من ژنە دڵدارو هاوسەرو ماشقەی تێئاڵاومە، شیعر ڕوانگەی بینینەکانی شاعیرە، لەو چاوەوە تەماشای دەوروبەرو ژیان ئەکات. شیعر ئامرازەو ئامانجیشە. شیعر کێڵگەی گەنم و جۆی ئەو وشانەیە کە لەبەر وەیشوومەی ئازارو هەتاوی ئومێدو لەبەر رێژنەی خەیاڵی شاعیردا باڵا ئەکەن. شیعر بۆ شاعیر ڕێگایەو پەیامیشە شاعیریش بۆ شیعر یەزدانە. واتای دڵداری بۆ دڵدار چی ئەگەیێنێ، واتای شیعر بۆ من بەم جۆرەیە. رووبار هاژەی هەیە، با گڤەو منیش شیعر، شیعر بۆ من ئەو

خۆشەویستەیە کە ڕۆژانە لە باڵا ئاوێنەی خەیاڵمدا لە هاتوچۆدایەو لەبیر ناکرێ. بوە بە سیمام، بە دەنگم، بە دەستو پەنجەم. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تا ئەم هاوبەشیکردنە لە بزووتنەوەی مێژوودا، جۆرێکە لە بەرپرسیاریو هەڵوێست بەرانبەر ڕووداوو کارەساتەکان، بەرانبەر هەر ئازارو قوربانیو مافێك کە سەرچاوە لە هەقو جوانیو مرۆڤایەتیەوە ئەگرن. هەر لەبەر ئەوەیشە، شیعر لە ئاکارەکانی شاعیر جوێنابێتەوە.

پەیوەنداری هەر یەکێکیان بەوی ترەوە، کار ئەکەنە سەر بەهاو نرخی کۆمەڵایەتی یەکتری. شاعیر شیعری هەر بۆ جوانیو ڕازاندنەوە ناوێ، بەڵکو بۆ ڕاستیو هەڵوێستو لەسەر کردنەوەی هەموو ئازارێکی پێشێل کراویش. شیعر چراوگی شاعیرە بۆ ڕووناککردنەوەی بەرپێی ژیانو دژی داوە بە تاریکی. شیعر لە پەیوەندی سەروو لەشو گیان ئەچێت. واتاکەشی بۆ من: هونەرە لە هەڵوێستدا، کوردستانە لە زمانی ئەفراندندا، جیهانو گەردوونیشە لە عەشقێکی ئەبەدیدا. من وا هەست ئەکەم بەبێ شیعر ناتوانم ببینم، ببیستمو بۆن بکەم! لە گلێنەی چاومدا تیشکە، لە گوێمدا زرنگانەوەی وێنەیە، لە کەپووشما بۆنو بەرامەی هەموو ئەو گوڵانەیە کە تەمەنم بە وجوودی هێناون. هەموو دڵدارێك، خۆشەویستییەك، تینو تاو بە گیانی ئەبەخشێ بۆنەوەی بەردەوام بێو ئەو کڵپەی عەشقەی تێدا ئەکوژێتەوە، کە لە سووتانیدا هەمیشە ژیانەوەو لەدایکبوونەوەی تازەی خۆی تیا ئەبینێ، بۆ منیش شیعر بەو چەشنەیە. واتای شیعر لای من لە هونەرەوە هەڵئەقوڵێ، بەرەو ڕێگاو پەیام مل ئەنێو ئاکامیش هەر ئەڕژێتە زەریای ژیانەوە. شیعر بۆ من هەناسەدانە، گەشتی بینینەو ئەزموونی ئاوێتە بووی جەستەو ڕۆح. بەرزیی شیعر لە بەرزی باڵای شاعیر زیاد ئەکاو پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. شیعر دەنگدانەوەی هەستو ئەستی شاعیرە. هەر لەبەر ئەوەیشە ناتوانێ شیعر لە ڕوانینو هەڵوێستو دیرۆکی ژیاننامەی شاعیر خۆی جوێ بکەینەوە، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، شتێك نیە لەو ژیانەدا بە پەنهانی بمێنێتەوە!.

■ **هەر نووسەر یا شاعیرێک بەرهەمەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەک؛ سەرچاوە وەکو "زێد"، "شار"، "ئازار"، "ئەوین"،... سەرچاوەی شیعری ئێوە چینو لە کوێن؟**

□ لە خەونەکانی منداڵییەوە شیعر بوە بە کارێزو سەرچاوە. من یەکەمجار لەناو گەوەو دەراڵ، ماهی و کێوەکانی چەرماوەند لە (سورداش)ی نزیك شاری سلێمانی فامم کردەوە. ئەو سەردەمەی کە "بێکەس"ی باوك لەوێ مامۆستا بوو سامداری و هەیبەتی شاخ و کێو، کلووی بەفرو وژە وژی دارستان، ناڵەی هەورە بروسکەو چەخماخەی لە ناکاو، ئینجا ئەو حیکایەتانەی کە دایکم لە شەوانی زستانی بە تۆفان و تووشدا بۆی ئەگێڕامەوە، شیرینی زمانی کوردی، یەکەمین گەرا خۆشەویستی شیعرییان لە گیاندا خستم. عاشقانی ڕێی هات و نەهات. وە پاڵەوانانی ناو ئەو حیکایەتانە، دێوی سپی، دێوی ڕەش، گۆڕنەتەڵەی زیت، دەشتی دەرزی، لاس و غەزال، شیرین و فەرهاد، پەندی پێشینان و سروودەکانی (بێکەس)یش فڕێیان دامە ناو دونیای سیحراوی زمانەوەو چاوی خەیاڵ و روانینیان تیژکردمەوە. بەهرەی شاعیرێتی لە ڕەگێك ئەچێ، قووڵ ڕۆچووبێ. من ئەو ڕەگەم ئەچێتەوە سەر ئەو زنجیرە شاخانەی چەرماوەند، ناو ئەو سروشت و ناو ئەو داستان و بەیت و حیکایەتانە. من لەوێوە هاتووم لەو بەردانەدا ڕسکاوم. من یەکەم کلوە بەفری بەرەم لەسەر ئەو لووتکانە باریوە. مەرگی زووی باوکیشم، یەکەم پرسیاری گەورەی شیعری لا دروست کردم.

ئەو پرسیارەی کە یەکەم هێلانەی ئازاری گلاراو ئۆقرە نەگرتووی بۆ باڵندەی بەهرەم لە زریاندا دانا. لە مردنی ئەوەوە، لە بێوەژن کۆشی دایکمەوە، ئینجا دواتر دابڕانیش لە خۆشەویستیە گەورەکەی ئەوو پەرەوازە بوون، هەست بە نامۆیی کردن لە شارو وڵاتی خۆتدا، ژیانی سەخت، ئەزموونی تاڵ، تەنیایی، بێماڵی، بێکەسی و ئینجا سروودەکانی ئازادی، حیلەی ئەسپەکەی بازیان، وێنەی سەر سێدارەی قازی و ریشە خوێناوییەکەی پیران، ئەمانە هەموو دەروونیان بۆ تۆوی شیعر کێڵام. لەگەڵ پێڕوەکەکردنی شیعرو هەستانە سەر پێ و باڵاکردندا، لەگەڵ یەکەم چاوبڕکێی ناو چیغی سەر سەربان و کچە دراوسێدا.. شیعرەکانم بزۆزتر بوون و عەشقیش ئاگرەکەی خۆش کرد. بەڵام ڕاچڵەکینی گەورە لە هەستکردنی تەواو بە ژێردەستی، لە خۆشەویستی ئازادییەوە هاتە ناو ژیانمەوە.

لەوکاتەوە، ئازادی، خاك، سروشت، ژن، زمانی کوردیو خەونەکانی خۆم تێکەڵ بە یەکتر بوونو بوون بە یەك زەریاچەی قووڵو منیان لە خۆیاندا نقووم کرد.

■ **با بێینە سەر باسی مێژووی نەتەوە. لە نێوان شیعری ئێوەو مێژوودا کامیان "دەریا"نو کامیان ماسی؟**

□ هەڵبەت هیچ شتێ نیە لە دەرەوەی مێژوودا بژی. شیعری منو مێژوو لە ئەسپسوارو کارەساتەکان ئەچن، ئەسپسوارێ کە بەناو دووکەڵو تەم تومانو خوێندا ئەتاژوێو تا ئەمڕۆیش نامۆیە بە خۆیو بەو سەرزەمینەی کە تیایدا زاوە. مێژوو لای من مێژووی قوربانیو پانۆرامای ئەو بەسەرهاتو رووداوانەیە کە زۆرجار زایەڵەی تراژیدیای لە دووبارە بوونەوەدایە. من مێژوو بەردەوام لە گێژنەکانی خۆیدا گێژم ئەدا. ئەم قەدەرو چارەنووسە هەروەکو یەك، لە تەوێڵی شاخەکانمو لە تەوێڵی شیعرەکانم نووسراوە. لە جوگرافیای شیعری مندا، کوردستان وڵاتی مەرگو قەقنەسە. وڵاتی شەهیدانو قوربانیەکانە. هی ئەو پاڵەوانانەیە کە لە نەوەی سیزیفو کاوەن. ئەم مێژوە، هەر مێژووی ئازار، گریان، نوشوستی، خۆکوژی، کۆچکردن، خۆخۆریو پارچەپارچەبوون بوە، من مێژوویش هەر بە مێژووی ڕابردوو نازانم، مەبەستم لە مێژوویەکیشە کە شیعر سەرلەنوێ پاشەڕۆژێ تێدا بخولقێنێ. من لە قۆناغی هەرزەکاری شیعرەوە، باڵندەیەك بووم هەر زوو بەر شەوارەی خوێنی قوربانیەکانی مێژوو کەوتم، بەردەوام تا ئەمڕۆ ئەو قوربانیانەی کە لە شاخداو هەر لە پاڵ خۆمەوە.. لە زیندانەکانی "ئەبو غرێبو موسڵ"دا ئەیانویست خەونێکی مەحاڵ بهێننە دی، هەتاو بکەن بە پەیژەو پیایدا سەرکەون. هەر لەبەر ئەوەیشە شیعرەکانم بە وەفان بۆ ئەو خوێنانەی لەو شەوانەدا داگیرسانو چراکانی ئازادییان بە دیواری شیعرەکانما هەڵدەواسی. مێژووی نەتەوەیەکی وەك کورد، بەردەوام مێژووی نشوستیو، کارەساتو هەڵدێر بوە. مێژوویەکی سووتاو لە سەرزەمینێکی تینوودا. مێژوویەك، کە هەر برین زاووزێی تێدا کردوە. شاعیر کە لە ناو مێژوویەکی وادا چاوی هەڵهێنا، ئیتر ئەبێ بە بەشێك لە دووکەڵو کۆسپو خورپەو شپرزەیی ئەو مێژوە. کە ئەم مێژوەش زەریا بوو، ئەوسایش هەر ئەو

دایکی هەژین و بوومەلەرزە ئەبێ، ئەو نێرینەی شەپۆلەکانی بەیەکدا چوون، هەڵچوون هەڵپرژان و خورەو هاژە ئەبێ، شیعریش ماسییەکی سەرسامی ناو ئەو ئەبێ!.

■ **جاری وا هەیە کە لایەنی بەهێزی شیعری شێرکۆ بێکەس، وەک پێشڕەوی شیعری ئەمڕۆی کوردی زۆر بێ. بەڵام بێگومان سێ خاڵی سەرەکییان تێدا بەرچاوە: نیماژ (واتە تەسویری شاعیرانە)ی شاز، گەنجینەی دەوڵەمەندی وشە (فوکابیولەری)و بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی. خۆتان ئەم سێ خاڵەو هەر لایەنێکی بەهێزی دیکەی شیعرەکانتان چۆن سەیر دەکەن؟**

□ ئەزموونە شیعری هەر شاعیرێ، تاقیکردنەوەکانی قۆناغی جیا جیای ئەفراندن، رووبارێکەو درێژ ئەبێتەوە، رووبارێ کە لە سەرچاوەوە.. لە سەرەتاوە.. لە هەڵقوڵینی یەکەمەوە ئیتر لە رێکردنیدا بواری بەهێزو بێهێزو خوڕو مەنگ، تەنکاو و قووڵ بە خۆیەوە ئەبینێ. چەندین بەرزی و نزمی، هەڵچوون و داچوون بە خۆیەوە ئەبینێ. روونی و لێڵی، ناوەڕۆی ناو بەردەڵان و دارستان، دەربەندو پێدەشت، دۆڵ و کەندەڵان لە رێپێوانی خۆیدا ئەبینێ. هەر بەم خاسیەتە ناکۆکانەیشەوە رووبارە. بە بڕوای من بەهێزیی هەر شیعرێ، لە بەهێزیی زمانی دەربڕین و چڕوپڕی خەیاڵ و روانینی قووڵ و سادەییەکی گرانەوەیە، لە روانینی بێ سنوورەوەیە، لە بەهێزی یەکێتیی بابەت و شکڵی دەوڵەمەندانەوەیە. رەنگە ئەم بەهێزییەیش لە نێوان چۆنیەتی تێگەیشتن، چێژ وەرگرتن، حەزی من و تۆو یەکێکی تردا مەسەلەیەکی رێژەیی بێ. ئەو خاسیەتانەی تۆ دەستنیشانت کردوون، هەر یەکەیان چەندین پەل وپۆی لێ ئەبێتەوە، شیعری بەهێز لە یەکگرتنی هەموو وزەکانەوە، وزەی بیر، وزەی خەیاڵ، وزەی زمان، هی ئەزموون و رووناکبیرییەوە، دروست ئەبێ. بە شێوەیەکی گشتی شیعری من، شیعری پێشانگەی تابلۆو وێنەیە، وێنەکێشانە بە وشەو فیلم، بەرداریکردنە بە رەنگی خەیاڵ و بە مۆسیقای هەست و نەست. هەوڵدانە بۆنەوەی ئەو مەودایانە ببینم، کە یەکێکی تر نایانبینێ. شۆڕ بوونەوەیە بە قوڵایی شتەکاندا، دەربازبوونە لە تابلۆقەی رواڵەتی دیاردەکان. هەوڵدانە بۆ نزیک بوونەوە لە هەوێنی شیعرو دۆزینەوەی گێژاوی سەرسام بوون -بە تایبەتی لە تاقیکردنەوەی کورتە شیعرەکاندا. ئەفراندن لە رێگای

ئاماژەوە شیعر لە هەست و ئەستی خەڵك باشتر نزیك ئەخاتەوە. رستەکان ئەبنە شریتی سینەمایی و دڵ و دەروون، بیری گوێگرو خوێنەر رائەکێشن، ناهێڵێن تووشی وەنەوزو پەرتپەرتبوون بێن. جگە لەوەش سەرچاوەیەکی تری ئەزموونی شیعری من کەلەپوورە. بەیت و داستان، ئەفسانەو حیکایەتە کۆنەکان، میتۆلۆجیاو خەونی بەردەوامی مرۆڤ بە نهێنییەکانی ژیان و بوون و مردن و ئەم گەردوونەوە، بەمەیش مۆرکی شیعری کوردانەو لەهەمانکاتدا جیهان بینییانە، بەدەرئەکەوێ دوای ئەوەی خەونە خامەکانی ئەو کەلەپوورە سەرلەنوێ ئەشێلرێتەوە، بۆئەوەی بە کاڵاو جەوهەرێکی تازەوە بکەونەوە بەرچاو. بە پۆشاکی نوێوە بکەونەوە هاتوچۆ. سروشت بە هەموو رەنگ و دەنگ و بەرفراوانی خۆیەوە لە شیعری مندا سیفەتێکی زاڵە، ئامادەبوونێکی بەردەوام و دەرکەوتووی هەیە. وەك ئەزانن، من بەشی زۆری ژیانم هەر لە شارەکەی خۆم سلێمانیدا بردۆتەسەر، لەبەرئەوە زمانیشم ئاخاوتنی سلێمانی بەسەردا زاڵە، ئەو شێوە زاراوەیەی کە لە شیعرەکانی نالی، سالم و مستەفا بەگی کوردییەوە بوون بە چاوگی نووسین، تا ئەمڕۆ هاتوون. بەڵام دیارە ئەوەندەی توانیبێتم شیعرەکانم بە وشەی زاراوەکانی تر، بە تایبەتی شێوە زاراوەی پوخت و رەوانی (موکریان) موتوربە کردوە. زەخیرەی وشە لە زەخیرەی ئەزموونەوە، لە گەڕان، بینین، خوێندنەوە، پرسیارو تێکەڵاوبوونەوەوە خەرمانی خۆی هەڵئەچنێ.

بۆ نوختەی سێیەم (بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی) کە بەلای منەوە چاکتر وایە بڵێین (بە ئازادی و خاکەوە) بە چارەنووسی نەتەوەوە، کە لەم حاڵەتەشدا شیعر ئەبێتە شەپۆلێك لە بزوتنەوەی زەریاکەی، یان ئەبێتە جۆرێك لە سەنگەرەکانی بەرگری کردن لە جوانی و هەق و راستی. هەڵبەت مەبەستم شیعری بانگەشە، دروشم و مەزادخانەی سیاسی نییە. شیعری من لەم بوارەدا لە هەڵچوون و داچووندا بوە، دەمێ گەش بوە، دەمێکی تر کز. هەندێجار لەژێر باری ئەو -بەرپرسیارێتی-یەدا هەناسەسوار بوە. لە ئەرکی هونەری خۆی زیاتری لە ئەستۆ گرتوە. تراژیدیای کارەساتەکانی بواری ئەوەی نەداوە بە کاوخۆ وردبێتەوە. لەگەڵ بازرەقە بەستنی خوێندا ئەمیش وەکو ئەو هەڵپژاوەتەوە. چونکە بەلای منەوە قەت مەرج نیە،

پیرۆزی هەر مەسەلەیەك لە شیعردا وا بکەوێتەوە کە هەر ئەبێ شیعرەکەیش جوان و شیعر بێ. ئەو شیعرانەمان دیوە کە (نیشتمان)یان لەناو هونەرێکی پەرپوتدا ناشیرین کردوە. خوێنی شەهیدانیان ساردکردۆتەوە، رەنجدەران و زەحمەتکێشانیان لەبەرچاو خستوە. شۆڕشیان لە شیعری بێ شۆڕشدا مراندوە. هەروەها شیعریش رەچەتە نییە بنووسرێ، یان رێگەی چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە. یان خۆی بە ئەڵتەرناتیڤی سیاسەت بزانێت. رەنگە لێرەدا جیاوازییەکان جیاوازی نەبن لە هەڵوێستی گشتیدا، چونکە ئەشێ من و پیاوێکی پەیوەندیدار بە رێبازێکی سیاسییەوە یەك ئامانجی نیشتمانی و مرۆڤایەتی کۆمان بکاتەوە. بەڵام دوو رێگای جیاوازمان هەیە، کە جیاوازی (زمان)ی دەربڕین لە یەکترمان جوێ ئەکاتەوە. جیاوازی هونەرو سیاسەت. جیاوازی مەنتیقی هەست و نەست، جیاوازی مەنتیقی ئەقڵی سیاسی. من بەو زمانەو ئەویش بە زمانی خۆی. زمانی شیعرو زمانی سەروتاری رۆژنامەیەك!

■ لایەنی لاوازی شیعرتان چیە؟ دەتانویست چۆن بوایە؟

□ هەمیشە خەڵکی تر، لە دوورترەوە ئەو نوختەی لاوازی و بەهێزییانە باشتر ئەبینێ، چونکە ئێمە خۆمان ئەوەندە نووساوین بە شیعرەکانی خۆمانەوە، ناتوانین هەموو روویەك و هەموو لایەکی دیمەنە بەرفراوانەکانی ببینین. لەگەڵ ئەوەیشدا شیعرو ئەزموونی هەر شاعیرێك لە داچوون، نزمبوونەوە، لاوازی و پرتەپرت پێکەوتنی هەندێ چرای شیعر، بەدەر نیە. لایەنی لاواز لە هەندێك قەسیدەی مندا بە تایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتادا "پەلەکردن" بوە، بە واتایەکی تر نەمهێشتوە، ئەو هێشوانە پێبگەن و کردوومنەتەوە. هەروەها هەستمکردوە هەندێجار تووشی دووبارەکردنەوە بووم. دووبارەکردنەوەی بیرۆکەیەك، خەیاڵێ، وێنەیەك، تووشی غەفڵەت بووم و لە ڕاست و چەپ لێتێکچوونێکدا کەوتوومەتە ناو چاڵێکەوە، کە ئەبوو تێی نەکەوم. لە ئەزموونی ناو شاخ و داخیشدا، هەندێ شیعرم لە باری هونەریەوە کردوە بە قوربانی ئەبەردێك، خۆ رەنگە ئەو رۆژانە ئەوەیان خواستبێ، بەڵام

شیعر نابێ لە هونەری خۆی دەست هەڵگرێ، ئەگەر هەموو دنیاشی بەسەردا برِوخێ، بە کورتی هەندێجار زۆرم وتووەو کەمم بۆ شیعر هێشتۆتەوە. ئەگەر لە ئێستەدا قسەبکەم ئەڵێم: من ئەمویست بەشی زۆری شیعرەکانم وەك دار سنۆبەر هەمیشە سەوزبن. بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو دار سنەوبەرانە کەمترن لە گوڵ و گژوگیا و داروبارانەی زۆر نەژیاون! من بۆ خۆم لەو بڕوایەدام، هیچ شاعیرێ نیە هەموو شیعرێکی چوونیەك لە ئاستێکی هونەری بەرزدابن، هەروەکو چۆن زنجیرە شاخیش بێ نشێو کەندەڵان و خەرەندو هەڵدێر نابن.

■ بۆچی شیعرتان هەڵبژارد؟ ئایا هەڵبژاردنێکی دیکەتان هەبوو؟

□ من تەمەنم (١٦) ساڵ بوو، ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار تووشی ئەشقی زمانی کوردی بووم. من یەکەمجار ویستم چیرۆك بنووسم، لەو دنیایەوە بێمە ناو ئەدەبی کوردییەوە. نووسیم، بەڵام لە هەموو شتێ ئەچوو لە چیرۆك نەبێ. هەر زوویش دڵ و هەست و ئەستم خەبەریان دامێ، کە ئەوە بواری تۆ نییە. شیعرەکانی گۆران و هەردی، سیحری راکێشانیان بۆ من کەمەندگیری بوو. سرودەکانی بێکەس، زرەی زنجیری دەست و پێی، زەنگی شیعریان بۆ لێدام، خۆشەویستی ئەوان، منیان بردە ناو هەوارو هۆبەی شیعرەوە. شیعر لە گۆرانی و پەخشان لە قسەو گێڕانەوە ئەچێت. ئاهەنگی ناو شیعر، مۆسیقای ڕستەکان، باڵی خەیاڵ و ڕوانین، خێراتر ئەیانبزواندم، لە گوێمدا دەنگدانەوەی ئەفسوونیان هەبوو. پێڕەوکە بوونی شیعرم زۆری خایاند -لەو منداڵانە بووم کە درەنگ پێم گرت. من بۆ خۆم پێموایە لە ئەزموونی شاخ و داخ و ناو شۆڕشی ئەیلوولدا واتە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا یەکەم شیعری کامڵ و پێگەییوی خۆم نووسیبێ. واتە شەش حەوت ساڵێ، ئەوەی من کردبووم لە جۆرە پرۆڤەیەك ئەچوو. لەو ڕۆژگارانەیشدا سەرچاوە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان، لە شارێکی وەك سلێمانیدا بە تایبەتی بۆ ئێمە تا ئەو کاتەیش زمانی عەرەبیمان نەئەزانی، ئێجگار دەگمەن و کەم بوون. لەو وەختانەدا هەفتەنامەی "ژین" و ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ، ناوبەناو ئەگەر هەندێ کتێبی تازەی کوردی دەرچوونایە.. ئەوانە هەموو زادێکی

ڕووناکبیری و مەعریفی ئێمە بوون.. وەك ئەزانن شیعریش هەر بەهرەو سەلیقەی نییە، بەڵکو گەنجینەی مەعریفی، ڕووناکبیری و ئەزموونیشە.

■ لەم دوور وڵاتییەدا، ئایا خەزێنەی بیرەوەریتان بایی ئەوەیە لە شیعری خۆتان ڕازی بن؟

□ من قەت بە تەواوی لە شیعری خۆم ڕازی نەبووم، ڕازیش نایم! بە واتایەکی تر من بۆ خۆم دژی ڕازی بوونێکم کە قەناعەتی هونەریم لا جێگیر بکات. ڕەنگە ئەم خاسیەتە یارمەتی منی زۆر دابێت بۆئەوەی بەردەوام بم. من تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت دوا شیعری خۆم لا باشەو ئیتر نەکەومەوە سەرزەنشتی خۆم و هەوڵ ئەدەم ئاسۆیەکی تازە بۆ فڕینێکی تر بدۆزمەوە. ئەم ڕازی‌نەبوونە لەوەوە نەهاتوە، من تا ئێستا ئاسنی ساردی شیعرم کوتابێ، نا بەڵکو هەمیشە زەوییەك بووم تینوێتیم نەشکاوەو چاوم لە لوتکە نەگواستۆتەوە، لە خەو بینین نەکەوتووم، لە پەنگخواردنەوە خاڵی نەبووم، لە چاو بە خۆداگێڕانەوە نەکەوتووم، لەو کاتەوە کە شاعیر لە خۆی ڕازی ئەبێ، بەم تراویلکەیە قەناعەت ئەکات، لەو کاتەیشەوە گیڤ بوونەوەی لەخۆبایی‌بوون دەست پێدەکات، کە ئەمەیش بۆ شاعیرو هونەرمەند نیشانەیەکی ترسناکی بەرەو وشك بوونەوەو چەق بەستنە. هەمیشە وا ئەزانم کە هەر لە هەوڵدانەدام نەك لە گەیشتن بە ئەنجامدا. بەڵێ ئەزانم شتێکم کردوە، بەڵام ئەو شتە بە کەم و ناتەواو ئەزانم. من لە ساتەوەختی نووسینی هەر شیعرێکی تازەدا وا هەست ئەکەم یەکەمجارە ئەنووسم، یەکەمجارە لە سپێتی کاغەزەوە ئەکەومە ڕێ. خوێندنەوەی زۆریش ئەوەی فێرکردووم، خوێندنەوەی شاکاری گەورە، کە هەرگیز بە چەند شیعرێکی جوان تەفرە نەخۆم و تێبگەم ئێمەو مانان لەم زەریایەدا لە ماسییەکی زۆر بچووك ئەچین. دووروڵاتی و ئاوارە بوون، سووتانی شاعیرەو هەڵقرچانی بەردەوامی. ئەگەر شیعر لەم دۆزەخەدا بڕوێ، جوان ئەڕوێ، ئەو شیعرەی کە ئازاری ژان و هەژێنی ئاسۆر کێڵای کێڵگەیەکی بە پیت و سەمەڵ چڕو پڕی نەبێ. بیرەوەری بۆ هەر شاعیرو هونەرمەندێ، ئەو خەونانەن کە بۆ دواڕۆژ ئەیاننوسێتەوە، جارێکی تر پەنا ئەباتەوە بەر هەتاو سێبەریان، بەر پێکەنین و گریانیان، بەر کارەسات و ڕووداویان و سەرلەنوێ ئەیانخوڵقێنێتەوە. بیرەوەری لە ئەدەب دەربێنی، چۆڵ و هۆڵ ئەبێت.

گەنجینەی ئەم بیرەوەرییانە هێشتا لای ئێمە دەست بۆ زۆر توحفەی نەبراوە. لە شیعرو ئەدەبدا نەبوون بە ئەفراندن، بە تایبەتی لە ئەدەبی پەخشان و دنیای ڕۆماندا، کە مەملەکەتی راستەقینەی ئەو بیرەوەرییانەن. بە تەنیا کارەسات و بەسەرهاتی ئەو چەند ساڵەی رابردوو، لەهەر بەشێکی کوردستاندا بگری بە سەدان رۆمان، چیرۆکەشیعرو شانۆیان لە هەناوی خۆیان هەڵگرتوە.. تەنانەت ئەوەی لە واقیعدا روویداوە لە خەیاڵدا روونەداوە! شاعیر، هونەرمەندو نووسەری بەتوانا ئەتوانن لە هۆیەک موویەک بکەنەوە. لەناو دڵۆپە ئاوێکدا زەریایەک ببینن و لە لەتە ئاوێنەیەکی یادگاردا، باڵا ئاوێنەی مێژوویەک دەربهێنن.

■ ئایا دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشە (ڤۆکابیولەری) شیعرەکانتان خۆرستییە، یاخود خوێندنەوەی کتێب و نزیکبوونەوە لە کۆمەڵانی خەڵک یارمەتی داون بکەنە لوتکەیەک کە هیچ شاعیرێکی کورد لەم بوارەدا نەیگەیشتوتێ؟

□ هەروەکو پێشتریش وتم چەند هۆکارێک هەبوو کە تا ڕادەیەک ئەو گەنجینانەیان لای من نیمچە دەوڵەمەند کردوە، من تەمەنم ٢٤ ساڵ بوو کە بۆ یەکەمجار شارم جێ هێشت و چوومە پاڵ شۆڕشی چەکدارانەی کوردو لە ناوچەی باڵەکایەتی لە رادیۆی پێشمەرگەدا کارم کرد، تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەو گوێ گرتنم لە ئاخاوتنی سادەو کوردانەی ئەوان لەو قۆناغەدا بۆ من، کەوتن بوو بەسەر گەنجینەیەکی گەورەدا، ئەمە یەکەم هەواری ئەم ئەزموونە. دواتریش لە ڕێگەی خوێندنەوەوە، بە تایبەتی خوێندنەوەی داستان، بەیت، حیکایەتی میللی و فۆلکلۆرییەکانەوە گەشەکردنی زمانەکەم لەبەرچاوتر بوو. من ڕووی زەخیرەی وشە، دەستەواژەو چۆنیەتی داڕشتنی ڕستەی کوردانەوە، سوودێکی زۆرم لە نووسینی شیعرەکانی هێمن و هەژار وەرگرتوە، بۆ نموونە: توحفەی موزەفەرییە، یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە ناو بەناو ئەگەڕێمەوە بۆ لای و چەندبارە خوێندنەوەی تازە ئەکەمەوە. من بۆ خۆم پێموانیە لەو ڕووەیشەوە ئەو لووتکەیە بم، کە تۆ باسی ئەکەیت. بەڵێ هەوڵم داوەو ویستوومە گەنجینەو پشتیوانییەکی لە بارەی زمانەوە کۆک و پۆشتەو تێرو تەسەلم هەبێ.

ئەگینا بەڕاستی ئێمە قەرزاری قەڵەمە بە بڕشتەکانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد، گۆران، هێمن، هەژار، ئەبەزو شوکور مستەفاو چەندین ڕێبەری تری ئەم ڕێگا ڕووناکەین.

■ **لە باروذۆخی ئێستای باشووری کوردستاندا، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە سیاسەت بوە، ئەویش زۆرجار لە کاری ڕێکخراوەییدا واتای کراوەتەوە. ئێوە ئەم دیوارەی نێوان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی سیاسیو حزبیە، چۆن دەبینن؟ شاعیر دەتوانێ ئەم دیوارانە لابەرێ؟ لەم سیانە بڕواتان بە کامیان زیاترە؟**

□ ئەمە بە تەنیا هەر لە بارودۆخی باشووری کوردستاندا وا نییە، بەڵکو لەو دیاردانەن کە لە جیهانی بە سێیەم ناوبراوداو لە زۆر شوێنی دونیادا ڕۆژانە بەدی ئەکرێن. لە لایەکی تریشەوە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیو سیاسەتو حزبایەتی، ڕەنگە لە هەندێ جومگەدا کەمو زۆر لە یەکتر جیاببنەوە، بەڵام تێکڕاو بە گشتی گەڵێ جەمسەری پەیوەندی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هەر سیاسەتە، بەڵام لە فەزایەکی گەورەتردا، ڕەنگە لە سنووری ئایدیۆلۆژیایەک یان کاری ڕێکخراوەیی حزبێک بەدەربێ و پەیوەنداری خۆی ڕەنگڕێژ کردبێ. تەنانەت ئەو کەسەی کە ئایدیۆلۆژیای حزبێک، دەستوورو ڕێبازێتی، ئەویش خۆی بە بەرپرسێکی کۆمەڵایەتی ئەزانێت، چونکە ئەویش حزبەکەی بە هۆکارێکی گەیشتن بە ئامانجەکانی بەرپرسیی کۆمەڵایەتیدا ئەبینێتەوە، کە لە قازانجی حزبەکەی خۆیو سومعەی سیاسی دواڕۆژیدا ئەبینێ. سیاسەتو بەرپرسێتی کۆمەڵایەتی، سیاسەتو نیشتمانپەروەری، دیموکراتیخوازی، سیاسەتو مافی مرۆڤو یەکسانی، ئەمانە هەموویان هەر ئەڕژێنەوە زەریا گەورەکەی سیاسەت. جا ڕەنگە لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە پێی بگەنەوە.

هونەرمەندێکی کوردو سیاسییەکی کورد لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا، وەک دوڕیانی جیابوونەوەیان هەیە، دوڕیانی بەیەک گەیشتنەوەشیان هەیە، دوڕیانی جیابونەوەیان لەوەدایە هونەرمەند فەزای بینینی سیاسیو زمانی سیاسی لە ئاسۆیەکی بەرفراواندا

ئەبینێ و لەناو گۆشەیەکی تەنگەبەردا ناتوانێ بژی، زمانی ئەویان زمانی ئایدیۆلۆژیاو بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانە، زمانی هونەر، هەست، ئەست، خەیاڵ، یاخیبوون و هەموو رەنگەکانە. ژیانی سیاسییەك دانوستانی بەردەوامە. بەڵام لای هونەرمەندێك كە سەربەخۆیی خۆی لە سەرووكاری رێكخراوەییەوە ئەبینێ لە سنورێكدا گیر ناخوات. نوختەی بەیەكگەیشتنەوەش لەوەدایە: هونەرمەندیش لە فەزا گەورەكەی خۆیدا چارەنووسە سیاسییە گەورەكەی لێ جیانابێتەوە. هەموو بەها نیشتمانی، دیموكراتی و مرۆڤایەتییەكان بە ئامانج و كێشەی مەزنی خۆی ئەزانێ، پێشمەرگەیەكی سیاسی و هونەرمەندێكی نیشتمانپەروەر لە بارودۆخی ئێستەی كوردستاندا، وەكو یەك خۆیان لە چەوساندنەوەو چارەنووسە گەورەكەی كورددا ئەبیننەوە.

بەم مانایەش هیچ شاعیرو هونەرمەندێ نییە لە فەزای سیاسی بەدووربێ، چونكە خۆ سیاسەت هەر ئەوە نییە تۆ لەناو چوارچێوەی حزبێكدا كار بكەیت و بەس، زۆربەی زۆری شاعیران، ئەدیبان و هونەرمەندانی كورد، خۆیان قوربانیی ئەو بارودۆخەی كوردستان بوون. بە درێژایی چەندین ساڵ لە بەربەرەكانیی دوژمناندا بوون. جا رەنگە شێوەی ئەو تێكۆشان و بەربەرەكانییەی ئەوان لە شێوەی تێكۆشانی سیاسییەك نەچووبێت. لای هونەرمەندێ بوە بە تابلۆیەك، بوبێ بە شانۆ نامەیەك، بوبن بە چیرۆك و شیعر، بەڵام وەك سەرەنجام، لەگەڵ ئازادیدا بوون، بەم پێیەش هەر لەناو سیاسەتدا بوون. سیاسەت ژیانەو بزووتنەوەی مێژوەو هەموومانی تێداین. مادام بیرو بۆچوونی سیاسی، كۆمەڵایەتی، نیشتمانی و مرۆڤایەتی خۆمان هەیە، كەواتە بە شێوەیەك لەو شێوانە خۆمان هەڵبژاردوەو سیاسەت ئەكەین. هەڵوێستمان هەیە، تەنانەت ئەوانە رەفزی هەموو ئایدیۆلۆژیاو بەرنامەیەكی سیاسی و حزبایەتی كاری رێكخراوەی ئەكەن، لە هەمان كاتدا هەر سیاسەت ئەكەن، چونكە باس لە نموونەیەكی ترو بەهایەكی فیكری تر ئەكەن، كە لە بیری خۆیاندا هەیە، ئەیانەوێ ژیان و كۆمەڵ و فەرهەنگ و دنیا، بەوجۆرە بێ كە ئەوان بیری لێئەكەنەوەو ئاواتیانە، بەلای منەوە شاعیرو هونەرمەند لە باڵندە ئەچن هەر لەبەرئەوەش ناتوانن لە قەفەزی حیزبایەتیدا

هەڵکەن و ئەیانەوێ هەموو ئاسمان جێگەی فڕینی ئەوان بێت. من بۆ خۆم ئەوەم لا پەسەندە، کە شاعیرو هونەرمەند ئازاد بن، نەبنە رۆبۆتی هیچ ئایدیۆلۆژیایەك، هەر خۆیان خاوەنی سەرو دڵو هەستو ئەستی خۆیان بن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ من خۆم بڕوام بە چ ڕێبازێکی سیاسییە، کام بەرنامەی سیاسیم لا پەسەندە، یان کێم خۆشئەوێ، یان چی ڕەت ئەکەمەوە. چونکە منیش وەك هەر کوردێك ئازادم لە هەڵبژاردنی رێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆم. ئەوەی لێرەدا من بە نوختەی جەوهەری دەزانم ئەوەیە: شاعیرو هونەرمەند، بۆ خۆیان ئازادن لە هەر شوێنێکدا ئەبن، ئەمە مافێکی سروشتی خۆیانە، چونکە بیرئەکەنەوە، بیروباوەڕی سیاسییان چیە با ببێ، بەڵام نابێ سەربەخۆیی هونەری خۆیانو شیعریان لەدەست بدەن. هەرچییەك ئەنووسن، بینووسن، بەڵام دڵ‌و دەروونی خۆیان سەرچاوەی بێ، نەك بە فەرمانی حزبو بەسەرداسەپاندن، چونکە ئەوکاتە، شاعیر ئەبێ بە شاعیری وەزیفەو شاعیری داتاشراو. شاعیری ڕاستەقینە بە هیچ حزبێك دروستناکرێ، خۆ نمونەی ئەو کەڵە شاعیرو ئەدیبانەیش زۆرن، کە سیاسەتیان کردوەو تەنانەت لە ریزی حزبی جیا جیاشدا بوون. بەڵام هونەری شیعرو سەری خۆیان، دڵی خۆیان نەداوەتە دەست هیچ کەسێك. لە هەمان کاتیشدا خاوەنی فکری سیاسیو ڕێبازی سیاسی خۆیان بوون‌و ئەو جۆرە ئیلتیزامەیش هیچ رێگەیەکی لە ئیبداعی ئەوان نەگرتوە. جا لەسەر کورسی وەزارەت بووبن، لە زینداندا بووبن، یان لە مەنفاو دوور وڵاتیدا ژیابن، بە دەیان‌و سەدان ناوی وەك (مایکۆفسکی، ئاراگۆن، نیرۆدا، ئیلوار، گۆرکی، ئەندریە مارلۆ، نازم حیکمەت، گوڵسرخی، سەعدی سوڵتان پور، محمود درویش‌و سمیح القاسم) هەبوون‌و هەن. من بۆ خۆشم لەو بڕوایەوە لایەنگری ڕێبازێکی سیاسیم، دیارە ئەمەم نەشاردۆتەوە. بڕوایشم وایە کە بێلایەن هەر دارو بەردو مردوەکانن، بەڵام من چەند تێکەڵ‌و نزیکی ڕێبازێکی سیاسیش بم، لە خەتاو هەڵەو گوناهیان بێدەنگ نەبووم، خاوەنی هەستو دڵ‌و دەروونی خۆم بووم. هەرچییەکم نوسیبێ لە ویژدان‌و بیری خۆمەوە هەڵقوڵاون، لەدوا هەڵوێستیشدا، وەك شاعیرێ وەزیر بووم، بەڵام کاتێ زانیم ئازادی بیرورا پێشێل ئەکرێ، بە کردەوە، لەسەر دیموکراتیم کردەوەو

وازم لێ هێنا..! نە سیاسەت بەو مانایەی تۆ باسی ئەکەیت، ئەلتەرناتیفی ئەدەبەو نە ئەدەبیش هی سیاسەت، ئەوەی لەو هەموو گێرمەو کێشەیەدا بۆ شاعیری راستەقینە بمێنێتەوە، شیعری جوانە، هەڵوێستی بە گفتارو کرداری چوونیەك.!

■ **هەندێ کەس رەخنەی ئەوەیان هەیە کە لەناو شیعرەکانتدا تەنیا ناوی شەهیدانی سەر بە لایەنێکی تایبەتی سیاسی هەیەو بەس؟**

□ قوربانیەکانی ئازادی، شەهیدانی کوردایەتی و دیموکراتی، لەناو گەلێ شیعری مندا بوون بە زنەو کانی، بوون بە هاوار، بە چراوگی وشە، بە زەنگی دەستو بەردو رێگەو بان. لە شیعری مندا (ناو)و (جێگە)، دوو دیاردەن کە لە زوەوە نیشانەی خۆیان بۆ بیرەوەری و بیرخستنەوەو نیشاندانی جوگرافیای وڵاتی شیعر داناوە، بە تایبەتی ئەو ناوانەی کە کارتێکردنی خۆیان لە بیرو هۆشمدا چاندوە. لە ناوەراستی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا چەند ناوی وەك: "د. فوئاد، شێخ سەعید، چوار ئەفسەرەکە، مەلا رەسول، لەیلا قاسم و نەریمان" جریوەیان دێ، لەم ساڵانەی دواییشدا دیسانەوە چەندین ناوی وەك: "قاسملۆ، شەرەفکەندی، د. جەعفەری شەفیعی، فوئادی سوڵتانی، بەیان، موعینی، زەبیحی، حسێن مروە، ساڵح یوسفی و موسا عەنتەر" و چەندینی تر ناویان هاتوە، ئایا ئەمانە سەر بەو لایەنە تایبەتەن؟! بەڵێ من لە ساڵانی دوای هەرەسەوە، بە تایبەتی لەو رۆژگارانەدا کە موقاوەمەتی تازەی تیا دروست بوو، بە حوکمی نزیکی، خۆشەویستی، هاورێیەتی و تێکەڵیم لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو یەکێتیدا، دواتریش بەشداریکردنی خۆم لە شاخ و لە گەڵیاندا، کە هەندێ لەو شەهیدانە کە هەر هاورێی خۆم بوون، یان خزمی نزیکم بوون، شیعرم بۆ وتوون، یان ناوم بردوون. هەڵبەتە خۆشەویستی یەك سەنگەری، یەك بڕواییش خۆی بۆ خۆی هۆیەکی ئەو نووسینانە بوون، هەموو ئەو قوربانییانەی ناوم بردوون یان نەبردوون، لەسەر هەر رێبازێکی سیاسی بن، لای من گەورەو پیرۆزن. لە لایەکی تریشەوە ئەوەی پێویستە بیڵێم ئەوەیە: رەنگە ئەو شەهیدانە تا زیندوو بوون، موڵکی لایەك بووبن، بەڵام لەو کاتەوە کە شەهیدبوون، ئەبنە شەهیدی گەل و هەر هەموو نیشتمان، وەك

شاخ و گردو دەشت و ڕووبارەکان، ئەبنە موڵکی کوردستان و نەتەوەی کوردو مێژووی قوربانییەکانی هەر هەموومان.

■ ئایا لە بواری فەزای تەڵخی براکوژیدا باڵندەی شیعری ئێوە چۆن هەڵدەفڕێت؟

□ لە شەڕی براکوژیدا ڕق جێگەی خۆشەویستی ئەگرێتەوە، بێبڕوایی جێگەی بڕوا، وێرانیی جێگەی ئاوەدانی و خوێنڕشتن، جێگەی ئاشتی ئەگرێتەوە. هەموو شتێک ڕەش هەڵئەگەڕێت. هەموو شتێک تاریک ئەبێت لە فەزایکی وا شوومیشدا شیعریش کۆترێکی بریندارو کز هەڵنیشتوە. شەڕی کورد کوژی، شەڕی عەقڵی تۆڵەیە، جەژنی چەقۆکانی ناو برینمانەو هەڵوەرینی ژیانە، وەک ئەزانن من لە هەردوو بەرهەمی درێژی خۆمدا (دەربەندی پەپوولە) و (خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ) بە شیعر وێنەی زۆری ئەو دیمەنە تراژیدییانەم گرتوە..

■ سەردەمی وەزارەتی خۆتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ شیعرو بە گشتی هونەری کوردی لە ماوەی وەزارەتی ئێوەدا چەند بەرەو پێش چوو؟ ئەگەر نەچوو بۆچی؟ وەزارەت چ شوێنێکی لەسەر شیعری خۆتان دانا؟ بە گشتی شیعرو وەزارەت پێکەوە دەگونجێ؟

□ من دوو ساڵ کەمتر لە وەزارەتدا مامەوە. لە باروودۆخێکی ئابلۆقە لەسەر دانراوی بێدەرامەتدا، بە دەستی بەتاڵەوە لە ماوەی دوو ساڵدا، ئەتوانرێ چی بکرێ؟ لەو ماوەیەدا ئێمە خەریکی ڕێکخستنی کاروبارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بووین. ئەم خۆکۆکردنەوەو کەوتنە سەر پێیە وەختێکی زۆری بردین. هەندێ هەنگاوی لەبەرچاومان نا، هەندێ بەردی بناغەییشمان بۆ کارەکانی ڕۆشنبیری دانا، لەوانە: دەرکردنی گۆڤاری مانگانە، هەفتەنامەی ڕۆژنامەی هەرێم و دامەزراندنی یەکەمین ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان -ئادك-، دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان، جگە لە گرتن و سازدانی چەندین سیمینارو فیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی و شانۆیی، کە دیارترینیان ئەو پێشانگەی تابلۆیانە بوو کە بۆ (٨) هونەرمەندی ناسراوی کورد لە پاریسدا ڕێکخراو سەرۆک "میتران" خۆی کردییەوە.

هەروەها تەرخانکردنی سەعاتە وەختێ لە کەناڵی تەلەفزیۆندا بۆ وەزارەتی رۆشنبیری! هەرچەندە ئەو کاتە شەڕی ناوخۆ رووی نەدابوو، بەڵام ململانێی حزبایەتی عەقڵی ناشارستانی ناو بزووتنەوەی کورد، ئەوەندەی پڕچەککردنی میلیشیاکانی خۆیان بەلاوە گرنگ بوو، ئەوەندە ئاوڕیان لە کاروباری روناکبیریو هونەری نەئەدایەوە، بەلایانەوە مەبەست نەبوو! بۆ نموونە: چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی حزبی هەبوو، رۆژانە بۆ چەندین سەعات بەرنامەکانی خۆیان بڵاوئەکردەوە، کەچی حکومەتەکە خۆی تەلەفزیۆنی نەبوو، نەبوو سواڵی سەعاتە وەختێ لەوان بکات! بەکورتی، هەر ئەوەندەمان پێکرا کە کردمانو دواتریش لە شەڕی ناوخۆدا، ئەوەی کرابوویش لەبەریەك هەڵوەشایەوە.

من هەر ئەوکاتە وەزیر بووم، کە رۆژانە دەوامم ئەکرد، لەسەر کورسیو مێزەکەم بووم. ئیتر دوای ئەوە لە هەمان کەشو ئاوو هەوای شیعری خۆمدا ئەژیام. لەگەڵ هاوڕێیەکانی خۆمدا دەبووم، ئەچوومە ئەو یانەو چایخانانەی کە ئەدیبو هونەرمەندانی لێ دائەنیشتن. کارەکەم لە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانی دانەبڕیبووم. کۆڕگرتنی شیعرم لە شارۆچکەکاندا بەردەوام بوو، دیوانی (ئافات)و چەندین شیعریشم هەر لەو سەردەمەدا نووسی. من ئەو کاتەی وەزیر بووم، لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەیەکی تورکیدا لە ئەنقەرە وتم: *کورسی شیعر بەلای منەوە لە کورسی وەزارەت گەورەترە!* ئێمە لەکاتی خۆیدا لە هەڵبژاردنێکی میللی ئازاددا لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرراین ئێمە راپەڕین کردینی بە پەرلەمانتار کاتێکیش بینیم دیموکراتی ئازادی بیرو رادەربڕینو رۆژنامە سەر ئەبڕێ، کشامەوەو وازم هێنا.

■ ئاستی شیعری کوردی لە شیعری جیهانیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

□ جیهانبینی لە کوردستانبینییەوە دەرئەکەوێ، ئەو شیعرەی یان ئەو هونەرەی لە دڵی هونەرو زمانەکەی خۆیدا لە گیانی خەڵکەکەی خۆیدا ئەژی، لە دڵو زمانو هونەرو گیانی گەلێکی تریشدا ئاژی، هەر لێرەیشەوە بەلای منەوە باس لە شیعری جیهانیی ئەکرێ. بۆ نموونە: ئەگەر ئەحمەدی شاملو یان مەحمود دەرویش لە پێشدا دوو شاعیری گەورەو

هاوچەرخی ناو زمانی فارسی و عەرەبی نەبن، لە دواییشدا نابن بە دوو شاعیری جیهانی. شیعری تازەی کوردی، لە نموونە جوانەکانیدا هیچیان لە شیعری جوانی دنیا کەمتر نییە. ئەمە لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەدا: کە زمانی کوردی وەك زمانی نەتەوەیەکی ژێردەست و بێ قەوارە، باڵی کراوە، بەهرە گەورەکانی، شاکارەکانی، ناتوانن بگەنە دنیا.

ئەم جۆرە پەرپینەوەنانە، هەر لەسەر پردی کیانی سەربەخۆو دەوڵەتەوە بەدی دێن، لە ڕێگەی دام و دەزگای تەرجەمەو پەخشەوە بە ئەنجام ئەدرێن. شیعری هاوچەرخی کوردی، بە تایبەتی لە خوارووی کوردستاندا ئێستا لە ئاستێکی هونەری بەرزدایە، بەهرەی گەورەو شاعیری بە توانامان لەو بوارەدا سەریان هەڵداوە، شارای ئەفراندنی تازەیان خستۆتە سەر خەرمانە گەورەکەی شیعری کوردی. ئەگەر بارودۆخی لەبارو دەرفەت بڕەخسێ، بۆنەوەی نموونەی جوانی ئەو بەرهەمانە تەرجومەی زمانەکانی دنیا بکرێن، من پێموایە، بە هەق ئاماژەی ئەوەیان بۆ ئەکرێ لە ڕیزی شیعرە هەرە باشەکانی دنیادا دابنرێن!

■ تکایە ناوی دوو شاعیری کلاسیک و نوێخوازی کورد بێنن کە زیاد لە هەموو شاعیرێکی دیکەی کورد، خۆشتان دەوێ:

□ نالی و گۆران!

■ ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ نوێخوازی کورد، خۆشە وەك شاعیر یا وەك وەزیر پێشوازیتان لێ بکرێت؟

□ ئەم پرسیارە سەرو دڵم دەگرێ! یەك قەسیدەی جوان، بە هیچ کورسی وەزارەتێ ناگۆڕمەوە، من خۆم لە وەزیری ڕامکردوەو وازم هێناوە. خۆ ئەگەر بمویستایە، ڕەنگبوو تا ئێستاش هەر لە جێگەی خۆم بوومایە، هەر وەختێکیش بگەڕێمەوە بۆ کوردستان هەروەکو شاعیر ئەگەڕێمەوەو هەروەکو شاعیریش ئەژیم و ئەمرم!

■ تکایە ئەو کۆمەڵە شیعرانەی تا ئێستا بڵاوتان کردوونەتەوە ناوبەرن.

١-تریفەی هەڵبەست.

٢-کەژاوەی گریان

٣-کاوەی ئاسنگەر

٤-من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ.

٥-ئاسک (شانۆنامەی شیعریی)

٦-کازیوە.

٧-دوو سروودی کێویی.

٨-داستانی هەڵۆی سوور.

٩-ئاوێنە بچکۆلەکان.

١٠-تەمتوومان.

١١-دەربەندی پەپوولە.

١٢-ئافات.

١٣-مێرگی زام.. مێرگی هەتاو.

١٤-رۆمانی (پیرەمێردو زەریا)ی هەمەنگوای، وەرگێڕراوە لە عەرەبییەوە..

ئێستەش رۆمانە شیعری (خاچ و مارو رۆژژمێری شاعیری) ئامادەی چاپکردنە.

■ **شیعری شێرکۆ بێکەس زیاد لە هەموو شاعیرێکی دیکەی کورد، وەرگێڕراوەتەوە سەر زمانە بێگانەکان تکایە باسی ئەو وەرگێڕراوانەمان بۆ بکەن.**

□ هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانم، بە تایبەتی کورتە شیعرەکان، کە نووسینیان بۆ ساڵی جیا جیا ئەگەڕێتەوە، بۆ ئەم زمانانە وەرگێڕراون و وەک کتێب بڵاوبوونەتەوە: سویدی (دوو بەرهەم)، ئیتالی، ئەڵمانی، فەرەنسی، عەرەبی (سێ بەرهەم)، دانیمارکی، تورکی.. ئەم ساڵیش بە زمانی ئینگلیزی هەڵبژاردەیەک لە ئوسترالیا چاپ ئەکرێت و بڵاو ئەبێتەوە، چۆنیەتی وەرگێڕانی شیعرەکانیش و ئەو رێوشوێنەی بۆ بە ئەنجامدانیان گیراوە، بەمجۆرە بوو: وەرگێڕانی سەرەتایی و یەکەم دەستپێک لەلایەن ئەدیبێ یان شارەزایەکی هەردوو زمانەوە کراوە، خۆشم لەکاتی پێویستدا بۆ لێکدانەوەی وشەیەک یان مانایەک، یان

ڕوونکردنەوەی لایەنێك، یارمەتیم داون. دوای ئەم هەنگاوە، ئینجا هەوڵدراوە ئەدیبێ، یا شارەزاییەکی ئاسراوی ئەو زمانە کە شیعرەکانی بۆ وەرگێڕراوە بدۆزرێتەوە، لە ڕووی زمانو داڕشتنەوە پێیداچۆتەوە، ئەگەر ویستبێتی ئەوا پێشەکیەکی کورتیشی بۆ هەڵبژاردەکە نووسیوە وەك "گیلنك" شاعیری گەورەی فەرەنسی کە پێشەکییەکی بۆ دیوانە فەرەنسیەکە نووسیو هەروەها "سۆن ئەکلسلسۆن" سویدی کە بۆ دوەم بەرهەمی وەرگێڕراو پێشەکیەکەی نووسی، دیارە بەخۆشتان دەزانن ئەوکاتەی شیعر وەردەگێڕرێ، وەك میوەی گوشراوی لێ دێت، ڕۆحی شیعر شەوقدانەوەی لە زمانە ئەسڵیەکەی خۆیدایەتی، لە وەرگێڕاندا ڕەنگەکان ئەچنەوە ڕەنگی وشەو دەنگی وێنەو بۆنو بەرامەی ئەو زەمینەی کە تێیدا ڕسکاوەو ئەو پەیوەندیانەی کە وشەکان لەگەڵ یەکدا بەستوویانە، ئەمانە هەمووی، لە وەرگێڕاندا کز ئەبنو کاڵ ئەبنەوەو پەرت پەرت ئەبن. من وتوومە شیعری وەرگێڕراو لە "ماچی ئەودیو شووشە ئەچێت"، بەڵام ڕێگەی تریش نیە، هەر ئەوەندەیە وەرگێڕانی جوانو باش هەیەو وەرگێڕانی خراپیش کە ڕەنگە خاوەنەکەی هەر نەیناسێتەوە!

■ **با بچینە سەر باسی چیرۆکەشیعری خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێک، ئەم شیعرە تازەیە کەی هۆنراوەتەوەو بەرهەمی کام بارودۆخی دەروونیو دەرەوەییتیە؟ کەی چاپ دەکرێت؟**

□ لەو ساڵانەی دواییدا، یەکێك لە خولیا ئەدەبیەکانم ئەوەبوو کە بە تەنزێکی تازە هەوڵی نووسینی داستانە شیعری گەورە یان ڕۆمانە شیعر بدەم. چونکە من پێموایە گەردوونی شیعر ئەوەندە بەرفراوانو بێسنوورە، کە جێگەی هەموو ئەفراندنێکی تازەی تێدانەبێتەوە. ئەمە جگە لەوەی قەوارەی کارەساتو ڕووداوەکان، قەوارەی خەمەکانی شاعیرو ئەزموونەکانی، لە ڕۆژگارێکی وەك ئێستەدا، ئەوەندە گەورەو بە ژرواو ژەنگ بوون، کە ڕەنگە تینوێتیان بە شیعری بچووکی نەشکێ. لە ساڵی ۱۹۹۱دا "دەربەندی پەپوولە"م نووسی کە ئەمیش هەر ئەچێتە ڕەفەی قەسیدەی ڕۆمانەوە، یان داستانە شیعرەوە، دوای دەربەندی پەپوولە شیعرێکی ئاساییم نووسی، بەڵام چەند ساڵێك بوو هەر لە خولیای نوسینی کارێکی ئەدەبیی گەورەتردا بووم. ماوەیەکی دوورو درێژ لە پەنگخواردنەوەدا بووم،

بە خەیاڵ لەگەڵ ئەو مەراقەدا ئەژیام. سەرەتا لەیەک دێڕ زیاتر هیچ شتێکی ترم لەلا نەبوو، بەڵام بۆ من کلیل بوو ئیتر لە تەنیایی و ئاوارەبوون و باری دەروونیی ئاڵۆز، لە سەروو هەمووشیانەوە بارودۆخی تاریک و نووتەکی نێو شەڕی کوردکوژی لە کوردستانداو پەنابردنە بەر یادگارو گەڕانەوە بۆ ناو خەونەکانی منداڵی و هەرزەکاری و کون و قوژبنی شارەکەم، ئەزموونەکانی شاخ و مێژووی پەنجا ساڵەی ڕابردوو. ئەمانە هەموویان، بەسەریەکەوە، ئەو هۆکارانە بوون کە بەری پەنگخوراوەی ئەو گومانەیان بەردا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ەوە دەستم کردەوە بە نووسین. نزیکەی حەوت هەشت مانگێ، ڕۆژانە خەریکی نووسین بووم، لە مانگی نیسانی ١٩٩٦دا کارەکەم تەواو کردو کەوتمە پێداچوونەوەی. بەشی زۆری ئەم بەرهەمە لە چاپخانەکانی ستۆکهۆڵم دا نووسراوە. ئایا ڕۆمانە شیعرە؟! داستانە شیعرە؟! قەسیدەی ڕۆمانە؟! ڕەنگە بیرو بۆچوونی جیاجیا لەم بارەیەوە هەبن. هەر چۆنێک بێ، خۆم بە یەکێک لە هەوڵە تازەکانی خۆمی ئەزانم. هەر هەمان بەرهەمیش لە لایەن ئەدیب "ئازاد بەرزنجی"یەوە تەرجومەی زمانی عەرەبی کراو لە ساڵی ١٩٩٦دا "دار الرازي" لە بەیروت چاپی کردو بڵاوی کردەوە هەردوو ڕەخنەگری ناسراوی عەرەبیش "فاطمة المحسن"و "یاسین النصیر" لە ڕۆژنامەی "الحیاة"دا لەسەریان نووسی... ئەم کارە وەک ژیاننامەیەکی شیعر وایە، پانۆرامایەکی ئاوێنە ڕێژ کراوی ژیانمە. ئاوێتەبوونی هەردوو زیانی شیعرو پەخشان لەناو یەکتردا، بە فیلمێکی درێژ ئەچێ کە هەموو قۆناغەکانی تەمەنم و مێژووی پەنجا ساڵەی خوارووی کوردستانی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە. دیرۆکە، بەشیعر گێڕانەوەی خەونەکانمە، پێشانگەو وێنەو چاوی کامێرایە. وێستگە گرنگەکانی ڕابردوە. خاچی ئازارێکەو لە منالییەوە لەو کاتەوە کە لەسەر ناوچەوانم کێشرا، ئیتر لە گەڵمدا هاتوە، لە تەکما گەورە ئەبێ، لە تەکیشما ڕێ ئەکات. خاچی نەتەوەیشە خاچی قوربانییەکانی. ماریش ماری گێنگڵ و مەراق و شپرزەییەو لە جەستەمەوە، لە مێژوومەوە ئاڵاوەو لێی نابێتەوە. میثۆلۆجیایەو لەهەمانکاتدا واقیعە تاڵەکانی ئەمڕۆمانە.

هەر هەموو بەرهەمەکەیش کە ٥٦١٢ دێڕ شیعری کورتو درێژە، ئاهەنگی شیعریی خۆی هەیە، بە جێگۆڕکێ کردنی جیاجیاوە. هەڵبەت لە کارێکی وا تووڵانیو درێژدا هەندێجار تووشی داچوونیش ئەبێ، هەندێجاری تریش تووشی دووبارە کردنەوەی وشەو ناوبەناو وێنە ئەبێ. هەروەکو وتوومە: رووبارێکەو لە ناوەڕۆی خۆیدا وەك بنی قووڵی تێدایە. تەنکاویشی تێدایە.. دەربەندی هەیەو دەشتو لە هەندێ شوێندا خوڕو لە هەندێ شوێنی تردا مەنگو بەم جۆرە.. ئەم ڕووبارە شیعرە لە سەرچاوەی مناڵیمەوە، درێژ ئەبێتەوە تا ئەگاتە ئەم رۆژگارەی ئەمڕۆمانو ناو کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆو لەوێدا کۆتایی دێت. بەڵام ئەو پرسیارەی دوای ئەم قسانە دێتە پێشەوە ئەوەیە، *ئایا تا چەند داستانێك شیعرو ئەم سەردەمە پێکەوە ئەگونجێن*؟! ئەگەر داستانە شیعری ئەمڕۆ، هەر لەو تەوەرانەدا بسوڕێتەوە کە لە مەلحەمەی کۆندا پێی نوسراوە، ئەگەر هەر بەو زمانە بنووسرێ کە کەسایەتی شاعیرو ژیانی تایبەتی تێدا بزربێ، ئەوا بێگومان ئەو گونجاندنە گرانە. بەڵام ئێمە باس لە داستانی شیعری ئەمڕۆ ئەکەین.. لە داستانێ کە تێکەڵ بە هونەری رۆمانو نووسینی ئەو سەردەمە ببێ. لە روانگەی شیعری هاوچەرخو نوێوە بڕوانێ، لە زمانو تێگەیشتنو چێژلێوەرگرتنی خەڵکی ئەم سەردەمەوە نزیك بێ، ئەگەر وا بێ، بۆ نەء! هەڵبەتە مەسەلەی درێژیش لەم بوارەدا نابێتە لەمپەر، چونکە ئەوەتا "رۆمان"ی سەدان لاپەڕە ئەنووسرێ، فیلمو شانۆی چەندین سەعاتیش نیشان ئەدرێ! بە هەر حاڵ هەوڵێکەو ئەچێتە پاڵ هەوڵەکانی ترم. بە هیوای ئەوەشم هەر لەمساڵدا ١٩٩٧ چاپ بکرێو بکەوێتە بەر دەستی خوێنەران.

■ **کۆڕی شیعریی ١٩٩٧/٣/٢٩ لە هۆڵی کوردستان (لەندەن) چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟ رەنگی شادیو رەزامەندی لە سەر ڕووخساری ئامادەبوان نیشتبوو، بۆ ئێوە چۆن بوو؟**

□ ئەوەی راستیی بێ هەموو ئەدیبو شاعیرێ، لەم دنیایەدا، حەز بەوە دەکەن کە زۆرترین ژمارەی کتێبەکانیان بفرۆشێ، زۆرترین ژمارەی خەڵك لە کۆڕەکانیاندا ئامادە بنو گوێیان لێبگرنو بە گەرمی پێشوازیان لێ بکەن. من یەکێك لە هۆیەکانی بەردەوامبوونی

نووسینم، بەخۆشەویستی خەڵکەوە ئەبەستمەوە. من بۆ خۆشەویستی خەڵك ئەنووسم، بە سەرچاوەیەکی پیرۆزی خۆمی ئەزانم. کۆڕەکەی رۆژی ۱۹۹۷/۳/۲۹ی هۆڵی کوردستان لە لەندەن یەکێك بوو، لەو کۆڕانەی دڵی خۆشکردمو بیرم ناچێتەوە. چونکە جگە لەو ژمارە زۆرەی ئامادەبوان، لە دواییشدا لەو پێشوازییە کە ئێجگار زۆر بوون، گوێگرتنو بێدەنگی ئەوان بوو، کە بە درێژایی سەعاتو نیو زیاتر عاشقانە لەگەڵ شیعرەکانمدا ژیان، هەر ئەمەیش بارێکی دەروونی دڵنیایی وای لا دروستکردم، کە چۆنییەتی ئیلقاو خوێندنەوەکەشم لە ئاستێکی باشدا بێت تووشی دابڕانو شڵەژان نەبم، یادگاری ئەم کۆڕە لە داهاتوویشدا، ئەبێ بە یەکێك لە خەونە شینەکان.

■ **وەک بەشێک لە قەوارەی دەوڵەتی کورد لە باشووری کوردستاندا، بارودۆخی سیاسی ئێستاو داهاتووو مەسەلەی کورد چۆن دەبینن؟ ئەو هۆیانەی نەیانهێشت کورد سەربکەوێت چ بوون؟**

□ با لەوێوە دەستپێبکەم بڵێم.. بەلای منەوە ئەقڵی زاڵو باڵ لەناو کورددا، بە گشتیی خۆی لەناو خۆیدا، بەرامبەر بە خۆی: عەقڵی تۆڵەو تۆڵەسەندنەوە، لێنەبووردنی زۆردارێکی کوتەك بەدەستو کەڵبەجیری بێشەلان ئاسایە، کەچی هەر هەمان عەقڵ لەبەردەم دوژمندا ئەقڵی زەلیلیو چۆك دادانو پاڕانەوەیە. تۆ بڕوانە مێژووی نزیكو دوورمانو لێی وردبەوە، چۆن هەندێ سەرکردەی کورد، ئەو وەختەی کە دەسەڵاتی خێڵەکەیاتی، یان سیاسیان لەناو کورد خۆیدا هەبووبێ، چەند دڕندانەو زۆردارانە کەوتوونەتە گیانی نەیارەکانی خۆیانو لەتو پەتیان کردوون. کەچی هەر هەمان سەرکردە، لەکاتی لێقەوماندا چۆن لەبەردەم شاو سوڵتانەکاندا بوە بە جرجێکی بچکۆلەو کەوتۆتە دەستوپل لستنەوەیان. تراژیدیای کورد لەو ئەقڵەوە دەستپێدەکات، ئێمەش تا خاوەنی ئەو ئەقڵە بین ئیتر چۆن دیموکراتی، شارستانی، ئازادی بیروڕا دەربڕینو حکومەتی قانونو ئیزام دروستئەکەین؟ ئەی ئەبێ ئێستەو چەند سەد ساڵ لەمەوبەر، جیاوازیان لەچیدا بێ، وەختێ کە لە قەڵەمڕەوی میرنشینێکدا برای میر، یان مامو برازاو قەومو قیلەی خۆی، گەلەکۆمەکیان لێئەکرد،

ئەچوون لەشکری خوێنەخوێی خۆیان لە ئێران و تورانەوە ئەهێنایەوە سەر تەخت و تاراجیان تێك ئەدا، نازانم ئەبێ ئەمڕۆ جیاوازییەکە چی بێ، مەگەر هەر ناوەکان گۆڕابێ، ئەگینا وەکی تر، من هەر هەمان تراژیدیای بەردەوام ئەبینم. بەڵێ ئێمە دوای شەڕی کەنداو، دوای راپەڕین، بۆمان ڕەخساو دەوڵەت یا نیمچە دەوڵەتی خۆمان هەبوو، پەرلەمانمان هەبوو، حکومەتمان هەبوو پۆلیس و ئیدارەی خۆمان هەبوو، لە ڕووبەری پەنجاو دوو هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەدا، کە لە ڕووبەری هۆڵەندا گەورەترە، خۆمان حوکمی خۆمان دەکرد، یەك سەربازی داگیرکەریش لەناوماندا نەمابوو، ئەی ئیتر ئازادی و دەوڵەت چییە؟! بەڵام دیسانەوە هەر خۆشمان، هەر ئەقڵی تۆڵەو خێڵەکایەتی، ئەقڵی تاڵان و پارەو پوول تێکیدایەوە، چونکە دیموکراتی، ئاشتی، شارستانی و حکومەتی قانوون و نیزام جێگیر بوون و دامەزران، ئەوسا هیچ شتێ بۆ عەقڵی تۆڵە نامێنێتەوە پاشەکشە، یان وردە وردە پوکانەوە نەبێ، چونکە ئەو جۆرە ڤایرۆسە سیاسیانە لەو کەش وناو و هەوایەدا ناتوانن بژین و ئەشونما بکەن. من پێموایە لە شەڕی ناوخۆدا، لەم کارەساتە گەورەیەدا ئەبوو ئێمەو مانان، ڕووناکبیران، ئەدیبان، هونەرمەندان، پیاوانی قانوونناس، زانایان و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان، هەر هەموو دەوری لە بەرچاوترو بەهێزترو کاریگەرترمان هەبوایە. ئەبوو دەوری دادگاو دادگایی کردن ببینین، بە تایبەت لە دوای (٣١)ی ئابی ١٩٩٦دا، ئەبوو لە ڕاستی وتن نەسڵەمینەوە، دەستنیشان کردنی خەتابار، بخەینە پێش هەموو شتێکی ترەوە، نەك وەك ناوبژیکردنێکی شەرمنۆکانە. گوێمان لێنەگیرێ یان گوێمان لێناگیرێ، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە. ئەوەی گرنگە تۆمارکردنی دەنگ و هەڵوێستە بۆ ئێستاو بۆ دواڕۆژ.

ئاخر خۆ کە دوو کەسیش شەڕیان ئەبێ، ئەویتریان خەتابارتر دەبێ. ئەبوو هەر لە سەرەتاوە دەوری دادگایەکی دادپەروەرو بە ویژدانمان بۆ هەر ڕووداوێ لەو ڕووداوانەو حوکمی خۆمان و پاك و پیسمان هەروا بە هەڕەمەکی تێکەڵ نەکردایە. لەوە ئاسانتر نیە سەرزەنشت و جنێو بەسەر هەموو لایەکدا ببەخشینەوە، لەوە ئاسانتر نیە کە بە ناوی بێلایەنی و هەقم نیە بە سەرەوە هیچ نەڵێین و لێی دەرچین. ئاخر چۆن هەڵە، خیانەت، تاوان و

گوناه لە خورجێکدا کۆنەکرێنەوە؟! من ناتوانم ئەوەی پەنجەرەی ماڵێك ئەشکێنێ، لە ڕیزی کەسێکدا دایبنێم کە ماڵەکە ئەسووتێنێ! ئەوەی سەری یەکێك ئەشکێنێ وەك ئەو کەسە تەماشای بکەم کە سەری ئەبڕێ!

مێژووی (٣٠ ئابو ٣١ی ئابی ١٩٩٦) دوو مێژووی جیاوازن، دوو قۆناغو یەك ڕۆژیشیان لە بەیندایە. با کۆنگرەی دادگای ئاسایی ڕووناکبیرانی کورد بۆ ئەوە ببەسترایە، یەکە یەکە لەسەر هەموو ڕووداوەکان قسەمان بکردایە، بەڵگەنامەو ڕاستیەکانمان بکردایە بە شایەت. با بچووینایەتە بنج‌وبناوانی ئەوەی کێ‌و چ لایەك ئەوەی هەڵگیرساند!؟ چۆن درێژەی پێدرا؟! ڕۆژانە پێنج سەد هەزار دۆلار چی لێ دێت؟! ئەچێ بۆ کوێ؟! ڕێکەوتننامەی پاریس بۆچی کوژراو کێ بەرپرسیارە؟! ئەو تیرۆرانەی لە دهۆك‌و سلێمانی‌و شوێنەکانی تری کوردستان کران، کام تاوانبارانەیان لە پشتەوەیەو کێن؟! کێ ئاشتی ئەوێ‌و کێ ڕەتی ئەکاتەوە؟! بۆ تاقە کەسێك ئەبێ خۆی لە پەرلەمان بە زیاتر بزانێت! چۆن هەولێر گیراو چی تیا کرا؟! محەمەدی حەللاق‌و هاوڕێکانی بۆ کوژران تاوانباران کێن؟! چۆن ڕێگە درا بە لەشکرکێشی ئێران بۆ هێرش بردنە سەر بارەگاکانی دیموکرات، داگیرکردنی هەولێر لەلایەن حەرەس جمهوری‌و کوشتنی دەیان ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەمەیان چۆن؟ چی ناوبنێین؟! هەڵە!؟ ئاخر خۆ ناکرێ چوونیەك تەماشای ئەو ڕووداوانەو دەیان ڕووداوو کارەساتی تر، وەکو یەك بکەین‌و بڵێین: ئینجا جیاوازیان چیە؟ یان: ئینجا خۆ هەموو هەر وەکو یەکن! داهاتووی ڕوونی مەسەلەی کورد بەر لە هەموو شت بەندە بە عەقڵی یەکگرتنەوە.. بە ئەقڵی دیموکراتی‌و شارستانیەوە.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ شاعیر سازداوەو لە ژمارەکانی (٨٢و ٨٣)دا بڵاوکردونەتەوە، دواتریش هەر هەمان چاوپێکەوتن لە ژمارەکانی ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦ بە چوار بەش لە ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە.**

□ سا: جەوهەر کرمانج

chalakmuhamad@gmail.com

# ئاخاوتنێکی گەرم.. نزیکی سەهۆڵبەندانی قوتبی ژوورو لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس" ی شاعیردا

(١٩٩٧)

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا، چۆن هێنانە قسەی سیاسەتمەدارە ناودارەکان گرنگێتی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بەم پێودانگەش ئاخاوتن لەگەڵ ئەو ئەدیبو نووسەرانەی کە خاوەن ئەزموونێکی دوورودرێژو بە برشتن، بۆتە پێداویستیەکی هونەریو مێژوویی گرنگ.. (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیریش یەکێکە لەوانەی ئەگەر بە زۆریش بێ، دەبێ ناچاری بکەین بدویٚو شارە پرسیاری لیٚ بووروژێنین و ئابلۆقەی بدەین..!! بۆئەوەی زیاتر بە قوڵایی ناخیدا شۆڕبینەوەو پتر شارەزای کونو قوژبنە نادیارەکانی بین.

ئەم دیدارو دیمانە چڕو خەستەشمان هەوڵێکی دیکەیە بۆ کێڵانی ئاقارە بەیارەکانی ئەزموونی شیعری ئەو..! بۆ هێنانە گۆی یادگارە کپەکانی، تا هێندەی دەگرێو لە توانادایە درەفەتو بواری ئەوە ئەدرێ پردی نێوان پێشەنگەکانی ئەدەبو نەوەکانی ئەمڕۆ برووخێو تووشی لێکدابڕانو هەڵاواردن ببن.. دیارە لە غەریبیشدا قسەکردن لەمەڕ ئەدەبی کوردی، شیعر، سیاسەتو بیرەوەرییە تاڵو شیرینەکان، تامو بۆی تایبەتی خۆیان هەیە، لەوانەشە ئاوێتەبێ بەتامو بۆی حەسرەت، شیرینی شیعرو تفتو تاڵی ئاوارەیی.. بۆیە وامان بە باش زانی ئەم ئاخاوتنە.. ئەم هێنانە (گۆ)یەی شێرکۆ بێکەس سادەوڕەوان بێ.. هەمەڕەنگ بێ.. بریتی بێ لە گێڕانەوەو ڕوونکردنەوە، یادگارو بیروڕا دەربڕین دەربارەی هەموو بوارەکانی ژیان، بە ئەدەب، سیاسەتو هونەرەوە.. بێئەوەی خۆمان لەنێو هیچ بازنەو چوارچێوەیەکی شکڵیو ڕەسمیدا بجەڕێنین.. بۆیە هەر پرسیارێکم بە مێشکو خەیاڵدا هاتبێ لێم کردووەو وەك دەزانن ئەویش لە پەنای چرەدوکەڵی بەردەوامی جگەرەکێشانیەوە وەڵامی داومەتەوە.

ستۆکهۆڵم- سوید

■ **با لە ڕوانگەوە دەست پێبکەین.. ڕوانگە لە ئەنجامی چییەوە سەریهەڵدا..؟**

□ لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، گەلێ بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری و شەپۆلی نوێخوازی دنیایان گرتەوە، فەرەنسا بوو بە ناوەندێکی دیاری ڕاپەڕین و هەستانی خوێندکاران و ڕووناکبیران و هونەرمەندان، ئەمریکای لاتینیش بوو بە قارەی چەندین دەمە بورکانی شۆڕش و یاخیبوون، شۆڕشی چەکداری کورد لە کوردستانی خواروودا لە گەرمەی تەقینەوەی خۆیدا بوو. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا جوڵانەوەی نوێخوازی لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەردا بە تەوژمی تازەوە هاتبوونە گۆڕێ، نوێخوازانی "گەلەری ٦٨" لە میسرو پێشتریش دەوری گۆڤاری "شیعر" لە لوبنان و ئینجا گۆڤاری (٦٩)ی شیعری عێراق، ئەمانە هەموویان لەو سات و وەختانەدا بوون، کە ئێمەی نوێخوازی کوردیش بە شاعیر، چیرۆکنووس، ئەکتەرو وێنەکێشی شێوەکارییەوە ئەمانویست جۆرە تازەکردنەوەیەکی هاوچەرخانە بێنینە ناو ئەدەب و هونەری کوردییەوە، هەردوو شاری سلێمانی و کەرکوک بوون بە دوو ناوەندی گرنگی ئەم بزووتنەوە نوێخوازیانە، لە کەرکوکدا جگە لە ئەدیب و هونەرمەندە کۆنەکان، پێشتر چەند ئەدیب و هونەرمەندی عەرەبی نوێخوازی وەك "فاضل العزاوي، جليل القيسي، مؤيد الراوي" و کەسانی تر هەبوون، کە ڕۆڵی لەبەرچاویان بۆ ئەم تازەکردنەوەیە گێڕابوو، کاریشیان کردبووە سەر ئەو شاعیرو نووسەرە لاوانەی لە شەستەکاندا لە کەرکوک ئەژیان، لە کوردستانی خواروودا ئەدەب و هونەری کوردی بە گشتی تووشی جۆرە سڕبوون و سستییەك ببوو، بەشی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانەی بڵاوئەبوونەوە هەر لە بازنەی زمان و ڕوانینە تەقلیدییەکاندا ئەسووڕانەوە، ئێمە هەستمان کردبوو بەوەی کە پێویستمان بە خوێنێکی گەرم و تازەترە، بە زمانی دەربڕینی نوێ ترە، بەوەیە کاژە کۆنەکانی زمان فڕێبدەین و بە شێوەیەکی نوێ مامەڵە لەگەڵ کەلەپوردا بکەینەوە. سەرلەنوێ خەریکی شێلانەوەی بین، ئەفراندنێکی دیکەی ناو زمان و جوانکاریی هەمەچەشن بخوڵقێنین، لەو سەردەمەدا هاوکات لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێمەدا بۆ "وشەی نوێ، بیری نوێ و کرداری نوێ" لە کەرکوکو کفری و شوێنەکانی دیکەی کوردستانیشدا، کۆمەڵە لاوێکی

تریش، کە لە سەرەتای سەرهەڵدان و نووسیندا بوون، هەمان خولیاو هەمان عەشقی تازەکردنەوەیان لابوو.. دواتریش لە پەرەسەندندا بوو.

ئەوانە لە گەشەپێکردن و دەوڵەمەندکردنی بزووتنەوەی نوێخوازیدا جێ دەستیان دیارو دەوریان لەبەرچاوبوو. لەناو ئەو کۆمەڵە نوێخوازییەی ئێمەدا، کە دواتر بە (ڕوانگە) ناسرا، واتە (حسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم و کاکە مەم و من)، حسێن عارف لە هەموومان چالاکترو ناسراوتر بوو؛ بەرهەمی چڕوپڕترو یاخیبوونیشی بۆ شکاندنی قاڵبە تەقلیدییەکانی چیرۆکی کوردی دیارتر بوو. ئێمە ویستمان بەرلەوەی بەیاننامەی ڕوانگە دەرکەین ئەو کۆڕە فروانتربکەین، هەر بەو مەبەستە دوو سێ جار سەردانی کەرکوکمان کردو لەو سەفەرانەدا "لەتیف حامید، صدرالدین عارف و لەتیف هەڵمەت"مان بینی، بەڵام نەگەیشتینە یەک و ئیتر ئێمە دواتر خۆمان بەیاننامەی نوێخوازی ڕوانگەمان بڵاوکردەوە..

■ **تۆ یەکێک بوویت لە ئەستوندەکانی ڕوانگە.. پێتوایە ڕوانگە کارێکی ئەوتۆی کردبێتە سەر ئەدەبی کوردی؟**

□ ڕوانگە تا ڕادەیەک گۆمەکەی شڵەقاند. جموجوڵێکی تازە کەوتە ناو ئەدیبان و شاعیرانەوە، جۆرە دیالۆگێکی ڕەخنەو ڕەخنەکاری هێنایەناوەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری بوو بە گۆڕەپانێک بۆ جێگەی ململانێی بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی ئەدەبی تازەو مانای تازەکردنەوە.

لە وەڵامی هەندێ وتاردا، کە ئەدیبە مارکسیەکان نووسیبوویان، بزووتنەوەی ڕوانگەیان بە ئەدەبی عەبەسی و ئەهلستی و ڕوانینی وردە بۆرژوازی لە قەڵەم دەداو هەر ئەوە بوو ئەیانکردبووین بە بەچکەی ئیمپریالیزم، زنجیرە وتارێکم لە ڕۆژنامەی هاوکاری بە ناونیشانی "ڕوانگەو کوێرەڕەخنە بڵاوکردەوە، کە دیسانەوە دواتر بوە مایەی دەمەتەقێ و مشتومڕێکی زۆر لە نێوان ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەدا. "ڕوانگە" زرنگانەوەیەکی نوێ بوو لە گوێی شیعرو چیرۆکی کوردیدا، تەوژمێکی تازە بوو لە نێو دەمارەکانی ئەو ساڵانەدا.

■ قسەیەکی ئەوسای (لەتیف هەڵمەت)م وەبیرهاتەوە کە گوتبووی ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو، هەڵینەهێنا..! تۆ دەڵێی چی؟

□ بە پێچەوانەی قسەکەی لەتیف هەڵمەت، "ڕوانگە" ئەو هێلکە پاکانەی هەڵهێنا، کە چیرۆکەکانی حسێن عارف و کاکە مەم و شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم و من، هەر لەو سەردەمەدا بیوون بە کولانەو ژوورو ماڵی ڕووناکی ئەوان.

ئیتر وردە وردە بزوتنەوەی نوێخوازی هەموو بوارەکانی ئەدەب، شانۆ، هونەری شێوەکاری و مۆسیقای گرتەوە. چەندین بەهرەو توانای تازە هاتنەکایەوە. چالاکیە ئەدەبی و هونەرییەکان لە پەلکەڕەنگینەی کوردستان ئەچوون، بارودۆخی ئاشتی و ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە ماوەی چوار ساڵداو لە کەش و ئاوهەوایەکی -تارادەیەک- ئازادانەدا گوڕو تینێکی باشی دا بە بزووتنەوەی ڕووناکبیری و نوێخوازی لە کوردستانداو بەمجۆرە تا مانگی مارتی ١٩٧٤ ئەدەب و هونەری کوردی بە گشتی لە هەڵقوڵین و بەخشین و تازەبوونەوەدا بوون.

■ شیعر لای تۆ چییەو کەی دەبێ بە شیعر؟

□ شیعر کە ئەبوو بە ژێی دەروون و گیان و لە ناخدا وردیلە تەزووی ئەکرد بە گەرای بەردەوام و جەستەمانی ئەکرد بە جۆلانەی خۆی، ئابێ بە شیعر، بە ڕاچەنینی شیعر، بە سەمای شیعرو ئاشبێ بە ئەفراندن، شیعر ئاسمانە، نەک ژوورێکی کلۆمدراو..! شیعر مەلێکی ئازادە نەک مەلێکی ناو قەفەز، شیعر ئادەمیزادە نەک پەیکەر.. شیعر ئەبێ پرشنگ بێ با هەموویشمان وەکو یەک لە پرشنگ نەگەین، شیعر ئەبێ یاخیبوون بێ با هەموویشمان وەکو یەک یاخی نەبین. لە گاتاکانی زەردەشتەوە تا ئەمڕۆ کوردو شیعر وەک گوڵەگەنم و خاک تێکەڵ یەکترن. لە مێژووی ئێمەدا شیعر ئەسپ بوە، مانگ بوە، هاوارو زریکە بوەو نێڵەنێڵی ئاگرو باڵای ئازادی و باڵای یارو قوڵایی خەڵوەت بوە، ئەگەر شیعر لەم مێژوە دەربێنین، وەک ئەوە وایە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا چراکان بکوژێنتەوە..! وەک لە هەموو هەورێکیش

باران نابارێ، لە هەموو بەهرەیەکیش شیعر نابارێ، خۆ با ناویشت فەرهاد بێ، مانای وانییە (بێستوون)ت کونکردوە..!

شیعر چڕوپڕترین ناوچەی ناو هەموو زمانێکی دنیایە، هەوێنی هەستو نەستەو بێوێنەیی شەپۆلەکانی ڕوانینەو ناسکترین تاوە دەزوولەی گیانەو خەیاڵێکی ڕەهایە. ئەو دەمەش ئەبێ بە شیعر کە ئەبێ بە ژێلەمۆی پرسیار.

■ لای تۆ.. ساتەکانی لەدایکبوونی شیعر کامانەن..؟

□ نازانم.. هەر کاتێ بێو لە هەر شوێنێکدا بێ، کە بارانی شیعرم باری، ئەبارێ.. شەو بێ.. ڕۆژ بێ، لەماڵەوە بێت یان لە چاخانەیەک.. ڕێککەوتوە لە خۆشترین جێگەدا بوومو تەنیاش بووم، بەڵام نەمتوانیوە هیچ بنووسم، کەچی جاری وا بوە لە شوێنێکی زۆر نالەبارو ناو ژاوەژاودا بوومو نووسیومە.. ئەوەندە هەیە من بەرلەوەی دەستبدەمە قەڵەمو بنووسم.. ئەبێ لەوەوبەر (لەناو خۆمدا) لەگەڵ شیعرەکەدا ژیابم.. یان بە جۆرێکی تر لە زەینی خۆمدا یەکەم کلیلی دەست پێکردنم، بۆ کردنەوەی دەرگاکانی کاغەز-دۆزیبێتەوە!..- بۆ نموونە شیعری درێژی "کۆچ" لە پێشدا تەنها یەک وێنە بوو "چاوی خۆمەو ئەبێ بڵێم چاوم نییە".

دێتەوە بیرم چەند مانگێك زیاتر ئەم بەرەژانەی شیعر لەناو دەروونما لە هاتوچۆدا بوو تا نەفی کرام بۆ خوارووی عێراقو لەوێ لەناو قوڵلەکانی مەخفەرێکدا، کە جێی کارو ژیانم بوو، لەناو قرەقرو غەڵبەغەڵبی پۆلیسەکاندا، کە تەنها یەك دیوارمان بەین بوو، دەستم کرد بە نووسینی "کۆچ"و بیست شەوێکی خایاند تا تەواوم کرد..! هەروەها ڕێککەوتوە زۆرجاریش دووبارەبۆتەوە کە لە ماوەی چەند مانگێکدا یەك دڵۆپ شیعر نەباریوە. بە پێچەوانەیشەوە کە دابارییوە خۆشی نەکردۆتەوە.

■ زۆری و بۆریی لە شیعردا چی دەکەیەنێ؟

□ ئەوەی زۆر بنووسێ بۆریش ئەبێ..! من یەکێکم لەوانە، لە ئێستەیشدا کە ئاوڕ لە سەرجەمی بەرهەمەکانی خۆم ئەدەمەوە دڵم بە کەمیان خۆشە، بەڵام بە هەموشیان تەمەنی

ئەدەبیی منیان پێکهێناوە، لە سەرەتادا بژارم کەم بوە، لەبەرئەوە گیاکەڵەی شیعرم زۆر بوە، پەلەم کردوە بۆیە سەرسوڕانم زۆر بوە.

■ من زۆر شیعری ئێستای کوردی دەخوێنمەوەو تێیان ناگەم.. ئەی تۆ؟

□ لە هەر ڕۆژگارێکدا، کە دەمامکە سیمای ساختە زۆربوون، خۆشەویستی کۆپیکراو زۆربوون، شیعرو ناشیعریش زۆر دەبن، ئەو شیعرانەی لە ئاگردانی ساردەوەبوو ئەچن، لە باڵندەی پەروباڵ کراو ئەچن، ئەو شیعرانەی خوێنەرو گوێلێگریان نە لەدایکبوون و نە لەدایکیشئەبن، ئەو شیعرانەی وشەیان کوێرەو ڕستەیان کەڕەو نەئەبەخشن و نە وەردەگرن، ئەم شیعرانەی لە کوولەکەدا بانگئەدەن و لە چەکمەجەدا هەناسەئەدەن و لەبەر باخەڵێکی تەنگەبەریشدا ئەمرن، ئەمەوێ بڵێم: با شیعر لە گۆمێکی پاك بچێ. ڕوون بێ و قووڵیش بێ، با وەك خوێنی شەهید گەرم بێ و وەك گوڵە کێویلەیش سادە بێ، کتومت وەك سادەیی ئەوینی دایك و لە هەمانکاتیشدا گەورەیی ئەو، یان کتومت وەك سادەیی بەفرو هێمای سەرسامبوونی ئەو.

من شیعری لوت بەرزو بەفیزم خۆش ناوێ، ناتوانم لەگەڵ شیعرێکدا پەیوەندیم هەبێ، کە لە ناخاوتنی نەگەم، کە نەمبزوێنێ و نەملەرزێنێ.. ناتوانم بڵێم شیعرە. ئەگەر بەردەوام زەنگ لێنەداو نەزرنگێتەوە، سەما نەکا، نەدرەوشێتەوە. لای ئێمە هەندێ شیعر لەو ڕووبارانە ئەچن، کە بە وزەی ناعوریش سەرناکەون، تا دوو گوڵەگەنم تێر ناو بکەن، بۆنەوەی هەتاو تێیان بگاو بۆ ئەوەی بێنە ناوماڵەکانمانەوە.. بەڵام چەند سەخت و ئەستەم و گرانیشە شیعر بنووسی، نوێیەك بخولقێنی: هونەریش بێ و خەڵکیش خۆشیان بوێ.. وەك ڕاستی سادەبێ و هەروەکو ئەویش دەربڕینی گران بێ.

■ رات سەبارەت بە شیعری بەختیار عەلی چییە؟

□ من لەکاتی خۆیدا دوای ئەوەی شیعرەکانی دیوانی (گوناهو کەرنەڤاڵ)ی "بەختیار عەلی" م خوێندەوە، زۆر بە کورتی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا هەستی دوای

وردبوونەوەی خۆم دەربڕیبوو، من قسە فرێ نادەمو ئەزانم چی ئەڵێم.. "بەختیار" بەهرەیەکی گەورەیەو یەکێکە لە ڕووناکبیرە دیارەکانی ئەم نەوە تازەیە.. دەنگێکی تری ئەفراندنو چاوێکی دیکەی بینینی نوێو داهێنانە، بە جیاوازیی لێکنەچوونی دنیای ئەدەبیمانەوە، بە جیاوازیی دەنگو ڕەنگو ڕوانینمانەوە.. ڕەنگە ئەو لەیەک نەچوونەیش هۆیەک بووبێ بۆ ئەو هەڵسەنگاندنەی من. ئەگەر داهێنان وەک سەرەنجامماڵێکی هەبێتو هەموو ئەفراندنە جیاجیاکان لەناو خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەوە گومان لەوەدا نییە کە ڕێگاکانی چوونە سەر ئەو ماڵە لەیەکتر جیاوازنو تەنها ڕێگەیەک نامانباتەوە سەری.

بەختیارو هاوڕێکانی -گۆڤاری ئازادی- نیشانەیەکی ترن لە تازەکردنەوەو ڕەوتی نوێخوازیداو هێشتاش لە هەرەتی بەخشیندان، ئەو نووسینەیشم لێکۆڵینەوەو هەڵەسنگاندن نەبوە تا لە تەواوی بەرهەمەکە بدوێم، بەو لایەنانەشەوە کە من خەوشیی هونەری و شیعریان تێدا ئەبینم. ئەو باری سەرنجەیشم دیسانەوە ئەوە ناگەیەنێ -وەک وترابوو- گوایا من لە نەوەی تازەدا تواناو بەهرەی تر نابینم.. شیعرە جوانەکانی "محمد عمر عوسمان، دلاوەر قەرەداغی، کەژاڵ ئەحمەد، مەهاباد قەرەداغی، دڵسۆز حەمەو هەندێکی تر.." چۆن فەرامۆش دەکرێن!

■ پەخشانە شیعر، یا شیعری پەخشان، شیعرە؟!

□ ئێمە لە سەرەتای حەفتاکاندا، لە گەرمەی بزووتنەوەی ڕوانگەدا، کەوتینە نووسینی قەسیدەی پەخشانو چەندین نموونەمان بڵاوکردەوە، بەڵام بەلای منەوە قەسیدەی پەخشان شیعر نییە، ڕۆحی شیعر هەمیشە وا لەناو شەپۆلەکانی مۆسیقاداو قەسیدەی پەخشانیش ئەو ڕۆحی شیعرەی تێدا نییە. هەموو شیعرێکی تەرجەمەکراویش، ئەگەر بە شیعر تەرجەمە نەکرابن ئەبنە قەسیدەی پەخشان.

بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی بڵاوئەبنەوە، کەمێکی لێ دەرچێت، وەڕسکەرو بێ خوێنەرن. کورد واتەنی "تۆپەڵە قسەی بێ سەرو بەرن". لە باشترین حاڵەتدا لاسایی‌کردنەوەی ئەزموونی دادایی و سوریالیەکانی بەر لە حەفتا ساڵن، من خۆم زۆرجار

لەو بەرهەمانەدا ئەگەڕێم بۆ مانایەك، نییە..! بۆ وێنەیەکی جوان و سەرسوڕهێنەر، نییە..! بۆ یەکێتییەکی بابەت، نییە..! بۆ ئاهەنگی ڕستەیەك، نییە..! یان بۆ وروژاندنی خەیاڵ و هەستم، هەر نییە. جگە لەوانەش ئەمانە لە ڕێگەی زمانێکی کوردی سەقەتەوە دەرپەڕیونەتەوە دەرەوە. "ئاراگۆن" لە هەرەتی بزووتنەوەی سوریالیەکاندا، کە خۆی یەکێك بوو لە ڕێبەرەکانی، وتی: "*هەرچییەك ئەنووسن بنووسن، بەڵام با زمانێکی فەرەنسی ساغ و سەلیم بێ*".

بە شەوارەکەوتنی شیعری ئەوروپایش، لە ڕێگەی زمانی سێهەم و چوارەمەوە، یەکێکە لەو پەتایانەی شیعری کوردیشی گرتۆتەوە. هەر لەبەرئەوەیشە کاتێ کە ئەو جۆرە شیعرانە ئەخوێنیتەوە، وا هەست ئەکەیت "پارچەیەکی تەرجەمەکراوە، ئەویش بەسەقەتی..!".

■ **چۆن ئاوڕ لە ئەزموونی شیعری خۆت دەدەیتەوە؟**

□ ئەزموونی هەر شاعیرێ، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، لە ڕووبارێك ئەچێ کە لە سەرچاوەوە هەڵئەقوڵێ و ڕێ ئەکاو ئەڕژێتە ناوچەی جیاجیاو ئاوەڕۆی ترەوەو ئەبێ بە هەڵم و ئەبێتەوە بە باران. بەو جۆرە لەم ڕێکردنەدا شیعر بەیەك گوڕو تین و بە قووڵی و بوارێکی وەکو یەکدا تێناپەڕێ، بەڵکو چەندین شێوەی جیا جیا بەخۆیەوە ئەبینێ. منیش ئەزموونی شیعری خۆم وا ئەبینم، زنجیرە هەوڵێکە، زنجیرە دەربڕین و موعاناتێکەو داومە. لەم هەولانەدا وەك چۆن سەرکەوتنی تێدا بوە، گلانیشی تێدا بوە، هەستانەوەو هەڵشکانی تازەیشی تێدا بوە، هەڵەو نوچدانی تێدا بوە، پەنگخواردنەوەی تێدا بوەو تەقینەوەیش. کوژانەوەو داگیرسانەوەیش، کزی و گەشیش، بەمجۆرە تا ئێرەم هێناوە، زمانیش تەتەڵەی خۆی ئەکات. دڵنیاشم لەوەی ئەگەر کەمیش بێت شتێکی تازەم خستۆتە سەر ئەو شارە جوانەی پێی ئەوترێ شیعری کوردی و ئەمەم بەسە!

■ **پێت وا نییە هێندێ کەرەت خۆت دووبارە دەکەیتەوە؟**

□ بەڵێ.. من خۆشم هەستم بەوە کردوە هەندێجار وەکو خۆم دووبارەبکەمەوە وایە. ئەمە نیشانەیەکی نادروستو خەتەرناکیشە..! هەر لەبەرئەوەیشە ناوبەناو وێستگەو ڕێگەکانی شیعری خۆم ئەگۆڕم؛ کورتە شیعر، شیعری درێژ، چیرۆکە شیعر، شانۆی شیعری، ڕۆمانە شیعر، ئەنووسم، بەڵام ئەم ڕێگەگۆڕینەیش تا بڵێی کارێکی گرانو سەختە. مرۆڤێك هەوڵبدات هەموو ئەو خوو، ڕەنگ، دەنگو ناکارانەی خۆی بگۆڕێ، کە لە منداڵیەوە لە گەڵیدا هاتوون، تەنانەت جۆری قسەکردنو جوڵانەوەیشی. ئاخر خۆ شاعیرێکیش هەر وەهایە. فەرهەنگێك لە وشەو زمانی خۆی، لە حەزو ئارەزووەکانی. من بۆ خۆم پێموایە هیچ شاعیرێ ناتوانێ "زوو زوو" ئەم خۆگۆڕینو وەرچەرخاندانە ئەنجامبدات، بەڵام ڕەنگە "درەنگ.. درەنگ"، واتە لە ئەزموونێکی گرنگەوە بۆ ئەزموونێکی تر، بە جۆرێکی تر خۆی نوێبکاتەوە. ئەگەر سەرنجبدەی من دیوانی "ئافات"م لەم ڕووەوە دەنگو ڕەنگێکی تری هەیە، کە لەگەڵ هەندێ دیوانی تردا جیائەبنەوە. دنیای "دەربەندی پەپوولە" نییە. هەروەکو چۆن دنیای دەربەندی پەپوولەیش دنیای "کازیوە" نییەو بەمجۆرە..! کەچی دنیای "خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ" لە زۆر جومگەو دووریاندا لەگەڵ "دەربەندی پەپوولە"دا بە یەکتر ئەگەنەوە، بەڵام دیارە بە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە.

هەندێ جار ئاهەنگی شیعر، واتە مۆسیقای شیعرەکان، ئەم دووبارەکردنەوەیە نیشانئەدەنەوە ئاوازێك کە زۆرت گوێ لێ بوە. لە "ئافات" دا خاسیەتی قەسیدەی پەخشان، خۆئەبەستنەوە بە ئاهەنگێکی تایبەتی شیعرەوە لەبەرچاوترە. من بە زۆری هەر ئاهەنگو کێشەکانی (٤×٤و ٣×٣) بەکاردەهێنم، ڕاهاتنێکی دووروودرێژم لە گەڵیاندا هەیەو بوون بە بەشێك لە کەسایەتی شیعرم. لەگەڵ ئەوەیشدا هەوڵی جۆرە گۆڕانێکم داوە، بە تایبەتیش لە قەسیدە درێژەکاندا. مەولەوی هەموو شیعرەکانی بە کێشی (٥×٥) نووسیوە، کەچی لێشیان بێزارنابیت. من چاو بە ئەزموونی شیعری خۆمدا ئەگێڕمەوە، بەڵام لە ئێستەدا پێویستە ئیتر زۆر وردترو لە هەمان کاتیشدا (توندوتیژتر) لەگەڵ شیعرەکانی خۆمدا هەڵسوکەوت بکەمو چاویان پێدا بگێڕمەوە.

■ **هونەری شیعری بەلای تۆوە چییە؟**

□ هونەری شیعر هونەری زمانە لە دەربڕینە ئاسانە گرانەکاندا، یان با بڵێین: لەو شیعرانەدا کە خاسیەتە جوانەکانی هونەریان تێدایەو لە هەمانکاتیشدا خوێنەری خۆیشیان هەیە. نە هونەر ونئەکەن و نە خوێنەر، "ئەم هاوکێشە بابەتییە" دڵی شیعرە یان ڕەگی ژیانیەتی، نە قفڵ لە خۆیان ئەدەن و نە دەرگاکانیشیان ئەخەنە سەر پشت، نە بوار تەنکن و نە تەندوورەی خنکاندنن، شیعر بەردەوام ئەیەوێ نە هونەری لێ بتەرێ و نە خوێنەر.

شیعر دوو سەری هەیە: یەکێکیان لەناو شاعیردایەو ئەوی تریان لە دڵ و دەروونی خوێنەرو گوێگردا، ئەم پەیوەندییە هەر کاتێ پسا، لە هەر سەرێکیانەوە بێ، پچڕان و بۆشایی و دواتر دابڕان دروستئەبێ، دابڕان لێرەدا دابڕانە لە خەڵك یان لە هونەر. بەمجۆرە: بیرچوونەوە جێی بیرنەچوونەوە ئەگرێتەوە.

■ **شیعری بانگەشەو شیعری داخراو لە چیدا دەگەنەوە یەکتر؟**

□ ئەگەرچی هەڵوێستەکانی شاعیر، تێڕوانینی بۆ بزووتنەوەی مێژوو، بۆ ئاسۆکانی دەرەوەی خودی خۆی، لای هەندێ شاعیر خەوشی هەرە گەورەی هونەرییان ئەوە بێ: لە بەردەم ئەو ڕووداوانەدا کاڵ ئەبنەوە یان ئەبن بە جۆرە بانگەشەیەکی ئایدیۆلۆژی، ئەوا پێچەوانەکەشی بە جۆرێکی تر هەمان سەرئەنجامی شیعر کوشتنیان تێدایە.. واتە: لەویاندا تەجریدی ڕووت و دوورکەوتنەوەی تەواو لە خوێنەر دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە دەقێکی شیعری نەبینین، کە بتوانێ ژیان و بەردەوامیتی بۆ خۆی بخوڵقێنێ. سەرەنجام لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەکەوینە ناو "هیچ"ێکی شیعرییەوە، ئەکەوینە ناو دابڕانەوە...دابڕان لە هونەرو دابڕان لە خوێنەر. بەلای منەوە لەو جۆرە دەقانەدا، دەقی بانگەشەو دەقی داخراو، شیعر نامێنێ و کۆتایی دێت. ئێمە بەرامبەر شیعری سیاسی تووشی سڵەمینەوە بووین، -لای ئەوانەی کە پێچەوانەکەی تریان گرتوە- ئێجگار توندوتیژ بەوجۆرەی کە ئیتر بوارێك بۆ

وێنـــەو دارِشـــتنێکی ســـاغ و ســـەلیمی زمـــان و بینـــاکردنێکی هونـــەری ناهێڵێتـــەوە، لە تۆپەڵە قسە زیاتر...!

■ هەندێ شاعیر بە لایانەوە گرنگ نییە لە شیعرەکانیان بگەن.. ئەمە چی ئەگەیەنێ؟

□ شیعر هەمیشە لە ناوەندێکدا ئەژی.. ناوەندێکی کراوە، کە هەردوو بەری ژیانی لێوە دیار بێ؛ هونەرو خوێنەریش. شیعر خەڵوەتێکی داخراوی بێ پەنجەرە نییە، شاعیریش شیعر بە تەنیا بۆ دڵخۆشی خۆی و بۆ تەسکینی خەمەکانی خۆی نانووسێ. ئەگەر وابێ هەموو چاپکردن و خوێندنەوەیەکی شیعر ئەبێتە کارێکی بێهودانەو هیچی تر. کەواتە ئەوسا پێداویستی چاپکردن و بڵاوکردنەوەو خوێندنەوە بۆ چییە؟! کە تۆ بەری ئەوبەرت نەفیکردبێ ئیتر نووسین بۆ کێیە؟! ئەو جۆرە شاعیرانەی دڵیان بە یارییەکانی خۆیان خۆشە.. لە ئاهەنگێکدان کە هەر خۆیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵئەپەڕن و کەسیان لەگەڵدا نییە من گومانم هەیە لەوەی کە ناخی خۆیشیان لە گەڵیاندا بێ..!

■ دەربارەی زەمان.. شیعر تا چ رادەیەک وابەستەی زەمانە..!

□ شیعری جوان پەیوەندیی بە زەمانـەوە نییـە. بە مانـای تەمـەنی رۆژگـار.. بـەڵکو پەیوەندیی بە دەربڕینی هونەرییەوە هەیە، گەوهەر کۆن نابێ و ژەنگ هەڵناهێنێ، ئێستەیش شیعری نالی لە کوردیداو موتەنەببی لە عەرەبیدا ڕەنگدانەوەی خۆیان هەرماوە.

■ ناوەرۆک باڵ بەبەر شیعردا دەکات؟

□ بابـەتی شیعر هەرچیـەك بێـت، وەك سـەرەنجام ئـەبێ شیعرو هونـەر بێـت. ئـەگینا "پیرۆزی مەسەلەیەك" لە هەر شیعرێکدا ئەوە ناگەیەنێ ئیتر ئـەبێ شیعرەکەیش گـەورەو پیرۆز بێ! بەڵکو "هونەر" ئەو بڕیارەئەدا.. زمانی دەربڕین و دارشتن و وێنەو خەیاڵی بە پیت دوا قسەئەکات. مایکۆفسکی، کە تا ئێستایش شیعری تازەی دنیا قەرزارێتی، خۆ لەبەرئەوە مایکۆفسکی ئـەبوو کـە شـیعری بـۆ لینـین و شـۆڕش ئـەوت، بـەڵکو لەبەرئـەوە بـوو کـە هونەرمەندێکی گەورە بوو، ئەیتوانی بابەتە هەرە وشکەکان لە دنیای شیعردا سەوزبکاتەوە..

ئەیتوانی لە بابەتێکی گشتیدا تایبەتەکان بڕسکێنێ، ئەیتوانی شەڕ لە زمانی خۆیدا بەرپا بکاتو لە ئاسندا گوڵ بچێنێ.

■ کەواتە ناوەڕۆک هەرچییەک بێ شیعر هەر شیعرە؟

□ بێگومان "شیعر هەر شیعرە"، وردکردنەوەی ئەم واتایەیش هەر ئەوە ئەگەیەنێ "جا ئیتر ئەو شیعرە لەچی بدوێتو کام دیمەنو کام تابلۆو هەر هەڵوێستو بابەتێ لە خۆیدا کۆبکاتەوە". ئێمە وەك سەرەنجام شیعرمان ئەوێت، جا ئەو شیعرە "خوێنی قوربانییەك" چرایەتی، یان "چاوی ژنێ" یان "نهێنییەکی گەردوون"..! هیچ سنوورێ بۆ ئەم مانای "شیعر هەر شیعرە" ناکێشرێت.. پیرۆزی بابەتێك -شیعری ناشیعر- ناکا بە شیعر، تەنانەت ناپیرۆزی بابەتێکیش شیعری باش لە شیعرێتی ناخات..! با خۆشیشمان نەوێتو ڕەفزیشی بکەین. من شیعرم هەیە بەو واتا گشتییە سیاسی‌یە، بەڵام شیعریشە، شیعریشم هەیە بۆ خەمێکی خۆم نووسیومەو نەبوە بە شیعر. ئەم باشو خراپیە بە تەنها بە باڵای جۆرە شیعرێكو جۆرە بابەتێك نابڕدرێن. گرانترین شیعریش ئەو شیعرانەن، کە بۆ دەرەوەی خودی خۆتی بڵێیتو بووشبێ بە شیعر، چەمکی شیعری درامیش پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە!

■ ئەی کێشو قافیە..؟

□ شیعری جوان نە بەوەیە کێشو قافیەی هەبێت نە بەوەیشە نەیبێت.. (شکسپیر) سۆناتاکانی خۆی بە پێی یاساکانی شیعری ئەو سەردەمە نووسیوەو لادانی نەبوە. کەچی "رامبۆ" ئەو سنوورانەی شکاندوەو ئازادیەکی ڕەهای داوە بە شیعرەکانی، بەڵام لە هەردوو شێوازەکەدا هەر شیعری جوان ئەبینین. ((بدر شاکر السیاب)) بە گشتی لە یاساکانی "تەفعیلە" لای نەداوە، ئەگەرچی دابەشیشی کردبن، ((محمد الماغوط)) قەسیدەی پەخشانی نووسیوەو خۆی بەو کێشانەوە نەبەستۆتەوە، بەڵام لەلای هەردووکیان هەر شیعری جوانو داهێنان ئەبینین. وا نییە؟

■ **بەڵێ.. بەڵام هەبێ جوانترە وانییە؟**

□ ئەگەر "قافیە" خۆی هات، واتە بە شێوەیەکی سروشتی لە کاتی نوسیندا، شەپۆلی خەیاڵ و هەست و ئەست هێنانی، دوور لە داتاشین، دوور لە بڕیارێکی لەوەوبەر، ئەوا خۆش هاتن و با بێنە ناوەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەبنە هۆی بەهێزی نەك لاوازی. مەرجیش نییە ئەم قافیانە هەر لە کۆتایی دێڕدا بێن. جاری وا هەیە ئەبنە لکێکی ئاوازەکانی ناوەوەی شیعرو دەنگی شەپۆلەکان خۆشترئەکەن..!

■ **چیرۆکەشیعرو ڕۆمانەشیعر زیاتر بە کام لادا دەکەون..؟**

□ ڕۆمانەشیعرو چیرۆکەشیعر هەر شیعرن، بەڵام بە ناوەڕۆیەکی تر، واتە هەر "هونەری شیعر" تەوەری گەورەی کارەکەو پانتاییە فراوانەکەیەتی، چ وەك ئاهەنگو وێنەو، چ وەك دارشتن.. ئەوەندە هەیە لەمیاندا زمانی پەخشان و بزووتنەوەی ڕووداویش تێکەڵ بە زمانی شیعرو جۆری چنینی بەرهەمەکە ئەبێت. لە ڕۆمان و ئەدەبی پەخشان خۆیدا زمانی مەنتیق و ئەقڵ "زاڵترە".. لە ڕۆمانە شیعردا زمانی مەجاز. سروشتی ناسکی شیعر خۆی، لە درێژبوونەوەی زۆردا، ڕەنگە تووشی جۆرە پسانێك ببێت، ئەگەر زمانی پەخشان بە فریای نەکەوێت. بۆ ئەمەیش سروشتی ڕووداو و گێڕانەوەو فرەدەنگی ئەبنە هۆی بەردەوامبوون و ڕێکردنی. ڕاستە ئەشێ نووسینی مەلحەمەی شیعر جێگەی پرسیارێکی زۆر بێت، کە تا چەند لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ئەگونجێت.. بەڵام کام مەلحەمە..؟ هەڵبەت من مەبەستم لە مەلحەمەی ئەم سەردەمەیە. هەروەکو ڕۆمان خۆی، بەڵام شیعر پاڵەوانی سەرەکی ئەبێت. دیارە کێشەکە لەبەر دووورودرێژی بەرهەمەکە نییە، چونکە وەکو ئەزانن هەر لەم سەردەمەیشدا ڕۆمانی سەدان لاپەڕەیی ئەنووسرێت و فیلمی چەند سەعاتی نیشانئەدرێن و خوێنەرو بینەریشیان گەلێ زۆرە.. کەواتە دیارە کێشەکە لە چۆنییەتی دەربڕینی زمانی شیعری پوخت خۆیدایە، واتە ئەگەر بتوانین لە دەقێکی والادا ئەو دوو زمانە ئاوێتەی یەکتری بکەین، با شێوە زاڵەکە شیعریش بێ، بەڵام ئەوسا شیعرێك ئەخوێنیتەوە کە لە ڕۆمانیش خاڵی نییە. لە سەرێکی تریشەوە مێژووی پڕ لە تراژیدیاو کارەساتی گەورەی ئەم

چارەکە سەدەیەی دوایی کوردستان مەگەر هەر لە شیعری مەلحەمەئاسادا تینوێتیمان زیاتر بشکێنن. من پێموایە هەروەکو چۆن کورتە چیرۆك زیاتر هونەری دەربڕینی تاقە حاڵەتێکە، بەلام ڕۆمان هی چەندین حاڵەتو چەندین دەنگ، هەروەهاش ئەتوانین تەماشای شیعری کورتو ئاسایی و شیعری درێژو مەلحەمەی شیعری بکەین.

■ "کازیوە" ئەزموونی تازەی کورتەشیعر بوو، بۆ ناوت نا "پۆستەر"؟

□ لە مەنفادا لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٨) لە گوندی (بەغدادی)، کە تازە کرابوو بە ناحیە، لە کەناری زێی فورات، بەشی هەرە زۆری دیوانی کازیوەم نووسیوە. وەك ئەزانیت شیعرەکانی ئەم دیوانە بریتین لە کورتە شیعر. لەکاتی خۆیدا زاراوەی "پۆستەرە شیعر"م بۆ بەکارهێنابوون. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم زاراوەیە لە خۆوە نەهاتوەو ویستومە لە نێوان ئەو شیعرانەو پۆستەرەکانی هونەری شێوەکاریدا جۆرە پەیوەندییەك دروستبکەم. واتە چۆن هونەری پۆستەرێك لە "ساتە وەختێکدا" چاوی بینەرێك، ڕێبوارێك ئەقۆزێتەوەو بە کورترین ڕێگە ئەیەوێ زمانی دەربڕینی خۆی بە چڕوپڕترین وێنەوە بگەیێنێ و سەرنجڕاکێشی، لە شیعریشدا بە هەمان شێوە، لە ڕێگەی "وێنەی وشەوە" ئەم ڕۆڵە ببینێ. بیرمە بۆ یەکەمجار "مەحمود زامدار" هەنێ لەو کورتە شیعرانەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. گەلێ ئێوارانیش بە کۆمەڵ ئەچووین بۆ یانەی یەکێتیی نووسەرانی عێراق و لەگەڵ نووسەران و شاعیرانی ناسراویاندا دائەنیشتین، لەوانە (حسب الشيخ جعفر، خالد علي مصطفى، ياسين النصير، فاضل ثامر..! هەندێکی تر..) حسب شیخ جعفر دەربارەی ئەو شیعرانە ڕای وابوو کە لە ئەزموونی شیعری ژاپۆنیدا لەو شیعرانەی خوێندۆتەوە ئەو شیعرانەی منیشی بە تاقیکردنەوەیەکی تازە لە قەڵەم ئەدا). ئەمە جگەلەوەی لە چاپە فەرەنسیەکەیشدا- کە کاك کەمال مستەفا وەریگێڕاوە- (گلیفیك)ی شاعیری گەورەی فەرەنسا پێشەکیەکەی بۆ نووسیوە، ئەویش هەر بەمجۆرە نرخاندویەتی، ئەم کورتە شیعرانەش هەوڵدانێکە بۆ نزیکبوونەوە لە هەوێنی شیعر خۆی، لەم هەوڵانەش ناو بەناو شیعری -پێنەگەیشتوو-ی تێکەوتوون. تا ئێستاش من درێژەم بەو ئەزموونە داوە.

■ **دوای دیوانی ؛"من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ" زمانی شیعریت ئاسانتر بوە، بە تایبەتیش لە "کەشکۆڵی پێشمەرگەدا" ئەمە خۆڕسک بوو یان ئەنقەست؟**

□ وەك ئەزانیت شیعرەکانی "کەشکۆڵی پێشمەرگە" لە بنەڕەتدا شیعری بەرەنگاری و هاندان و جۆشدانی پێشمەرگەن -ئاوێنەکانی ژیانی ئەوان و ڕەنگدانەوەی ئازارو ئاواتەکانیانن. هاوبەشیکردنی شیعرە لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئازادی و خۆشەویستی و شیعرو جوانیدا-، دیاری شاعیرێکن بۆ کوردەکانی شاخ و داخ و -شار- یەك گۆرانین بۆ ئەوانەی بەرگری لە گۆرانی، وشەو زمانی کوردی ئەکەن. ئەو شیعرانەن کە بە زمانێکی سادەو (شەفاف) ئەدوێن و ڕاستەوخۆ ئەچنە دڵی سەنگەرەکانی چارەنووسی میللەتێکەوە. ئێمە لەو کاتانەدا، کە نەمانئەتوانی پێشمەرگەی چەك هەڵگر بین و لە نەبەردەکانا بەشداری بکەین، لە ڕێگەی شیعرو چیرۆك و لە ڕێگەی هونەرو ئەدەبەوە بەشداری ئەو بەرگرییکردنەمان ئەکرد، کە سەرەنجام سەربەستی هونەرو ئەدەبیشی پێوە گرێدرابوو. لە هەمان کاتیشدا ویژدانی ئەدیبانەی خۆیشمان ئازادو ئاسوودە ئەکرد.

■ **پێت وانییە هێندێ لەو شیعرانەت زۆر سادە بوون..؟**

□ با.. من ئەوسایش ئەمزانی کە برێك لەو شیعرانە لە ڕووی هونەری شیعرو قوڵبوونەوەی جوانکارییەوە لە ساتێکی بەرزدا نین و ناوبەناو زمانی ڕاستەوخۆی قسەکردنیان مۆرکی جۆرە ساکاریەکیان پێوە ئەلکێنێ و بواری دەربڕینیان تەنگتر ئەنوێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە شیعرانە بە هەست و ئەستی پێشمەرگە ئاشناترو نزیکتر بوون. ئەوان خۆیان ئەکردە قوربانی و ئێمەیش هەندێ شیعری خۆمان ئەکردە قوربانی و شیعریش هەرگیز لە قوربانییەکان گەورەتر نییە، ئێمە لەو ڕۆژگارە ترسناکەدا کۆمەڵێ شاعیرو نووسەر بووین، خۆت لەوێ بوویت، ئەدەبێ خۆمان ئەکرد بە ڕیزە چرایەك و لەسەر ڕێی ئەو هەڵۆیانەی شاخ و داخ دامانئەگیرساند. لەودیو شوورەکانی مەرگەوە بە نهێنی پۆستی شیعرو چیرۆکی خۆمان ئەگەیاندە ئەودیوی ناوچە ئازادکراوەکان و لە گۆڤاری "نووسەری کوردستان"، "گزنگ" و "ڕادیۆی پێشمەرگە"وە بڵاوئەکرانەوە، ئەم بەشداریکردنەی

ئیمەیش نە لەبەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیارو نە لەبەر ئامانجەکانی تاقە حیزبێك بوو، بەڵکو خۆبەستنەوەی قەڵەمەکان بوو بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە.

■ هێندێك پێیان وایە لەم سەردەمەی تەکنەلۆژیا شیعر بەرەو بەرکەنار بوون دەچێ؟ تۆ چۆنی تێدەگەی؟

□ بەڵێ.. گەلێجار ئەوە باسکراوە، کە پاشەڕۆژی شیعر لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیاو مانگی دەستکردو ئەنتەرنێتا پاشەڕۆژێکی نادیارەو ڕەنگە وەك سەرەنجام هەر نەمێنێ..! هەموو جارێکیش لەگەڵ دۆزینەوەیەکی گرنگی زانستی، تەکنەلۆژی‌و فەلەکیدا ئەم جەختە کراوە. بۆ نموونە هەر دوابەدوای ئەوەی ئینسان بۆ یەکەمجار پێی خستە سەر مانگ، وتیان: شیعر بەرەو کوژانەوە ئەچێ، ئەوەتا "مانگ"یش لە مەملەکەتە ڕۆمانسیەکەی خۆی بێبەش بوو..! کەچی ڕاستییەکەی ئەوساو ئێستەیش بەردەوامەوە مانگ تابلۆیەکی گەش‌و زیندووی ناو شیعرو چرای خەیاڵی زووری شاعیرانە، ڕاستە ئێستە شیعر لە ئەورووپادا وەك جاری جارانی سەردەمە ڕۆمانسیەکانی نییە، بەڵام عاشقانی هەر هەن‌و شیعریش هەر ئەژی‌و نامێنێ، چونکە مرۆڤ ئەمێنێ، چونکە هەست‌و نەستی مرۆڤایەتی کۆتایی بۆ نییە. شیعر مۆسیقایەو گۆرانی، دنیای بێ گۆرانی‌و مۆسیقاش تەنها هەر لە مردندایە.

■ شیعر خوێندنەوە.. (القاء) چ بەهایەك دەداتە شیعر..؟

□ هەروەکو چۆن ڕووبار بە هاژەو خوڕەوە ڕووبارە، هەروەکو چۆن مەلیش بە شەقژنەوە مەلە، هەروەکو چۆن هەوریش بە باران‌و ڕێژنەو ناڵەو گرمەوە هەورە، شیعریش بە (خوێندنەوەوە) شیعرە. هەر لەبەرئەوەیشە چەندین ساڵە من گەرووم بوە بە کونە شاخێ هێلانەی ئەو، بە ئاسمانی ئەوو شەپۆل‌و ئەشکەوتی ئەو. خوێندنەوەی باشی شیعر (القاء)ی ئەکتەر ئاسا، باڵی فڕینی دیکە لە شیعر ئەڕوێنێ‌و بینەرو بیسەر چاکتر، کەمەندکێش ئەکاو ئەیانخاتە ژێر کارتێکردنی سیحراویی خۆیەوە.. خوێندنەوەی باش،

دەنگ‌و ڕەنگ‌و زەنگی هیچ وشەیەك بزرناکات، تابلۆکان بە ڕەنگاو ڕەنگی نیشانئەداو وەك سەرکاغەز هەر ڕەش‌و سپی نانوێنن. لە خوێندنەوەی باشدا جۆری ڕاوەستان‌و بەرزو نزمی دەنگ‌و بزووتنەوەی ئامارەکانی سەرو دەست‌و جەستەی شاعیر دەقی شیعر بەرجەستەترئەکەن.. ڕاستیان وتوە: کە خوێندنەوەی باشی شیعر نیوەی شیعرە. بە تایبەتی لەم سەردەمەشدا بە هۆی کاسێتی ڕیکۆرد، ڤیدیۆ، مایکرۆفۆن‌و کامێرای پێشکەوتووەوە.. خوێندنەوەی باش، ئەتوانێ کاریگەریی زیاتر لەسەر دڵ‌و دەروون‌و هەستی خەڵك دابنێ..! من چێژێکی گیانی‌و هونەریی لە خوێندنەوەی شیعر وەرئەگرم. ئەو کاتەی ئەخوێنمەوە بە تەواوی لە دنیای دەرەوە دائەبڕێم‌و لەو ساتانەدا من بۆ خۆم ئەبم بە شیعرو شیعریش بە من..! کتومت وەك ئەو کاتانەی کە شیعریان تێدا ئەنووسم.. خوێندنەوە لەدایکبوونەوەیەکی دیکەی شیعرە.. توانەوەیە لەناو شەپۆلەکانیدا.. فڕینی وشەیەو لەسەر کاغەزەوە بۆ ئاسمانێکی بەرینتر، سەمای ڕستەکانە لە بەرایی خەیاڵ‌و وێنەکاندا.

■ لەو وڵاتە بیانیانەدا گوێگر چۆنیان وەردەگرت..؟

□ من تا ئێستا ئەوە چەند ساڵە بۆم ڕەخساوە کە بە وڵاتانی: سوێد، ئیتالیا، سویسرە، فەڕەنسا، نەرویج، دانیمارك‌و ئینگلتەرە بەشێك لە هەڵبژاردەی وەرگێڕاوی شیعرەکانم لەبەردەم خەڵکێکی شیعردۆستی ئەو وڵاتانەدا بخوێنرێتەوە، بێگومان ئەوانەی گوێگریش بوون ڕووناکبیرو دۆستی شیعرو ئەدەب بوون. بۆ ئەوانیش موجامەلەکردنی شاعیرێکی کورد جێی باس نییە. هەڵبەت یەکەمجار ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو کە شیعرەکان بە تایبەتی دوای وەرگێڕان، ئامادەبوان ئەبزوێنێ‌و یان بە بێزارییەوە گوێ بگرن‌و هۆڵ جێبهێڵن، یان لە ڕووی هونەری شیعرییەوە بەهایەکی ئیستاتیکیان نەبێت. کەچی بە پێچەوانەوە، هەموو جارێك پێشوازیی گەرمی ئەوتۆم لێکراوە، کە خۆم چاوەڕوانم نەکردوە، ئەو پرسیارەیشم لە خۆم کرد بۆچی..؟!الای خۆمەوە گەیشتمە ئەم سەرەنجامانە:

**یەکەم:** لە هەر شوێنێك بێت، شیعری جوان هەر جوانەو سنووری بۆ نییە. تەنانەت دوای وەرگێڕانیش ئەوەندە بەهای هونەری، فیکریو وێنەی تێدا ئەمێنێتەوە کە خۆشەویست بێ.

**دووەم:** لەبەرئەوەی ئەوان گوێیان لە شیعرێ گرتوە کە لە شیعری خۆیان ناچێو ڕوانینی شاعیر بۆ شتەکانو جۆری وێنەو بابەتەکان لەگەڵ شیعری شاعیرانی خۆیاندا زۆر جیاوازە.

**سێیەم:** چەندین خەم، ئاوات، خولیاو حەزی ناوکۆیی هەیە، کە لە هەموو دنیادا خاڵی هاوبەش کۆیاننەکاتەوە، خۆشەویستی، ئازادیی سروشت، نان، گوڵ.. هتد.

■ **گۆران.. ئەو شیعرە بەرزانەی نووسیوە، خوێندنەوەی چۆن بوو - تۆ خۆت گوێت لە خوێندنەوەی بوە..؟**

□ بەڵێ.. من خۆم دانیشتبوومو گوێم لێ بوە وەختێ گۆران شیعری خوێندۆتەوە، بەڵام بەرلەوەی ئەوە باسبکەم، تێبینییەکم هەیە، کە ئەبوو لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتردا بیڵێم. خوێندنەوەی باشی شیعر، ئیلقای چاك لەلایەن شاعیر خۆیەوە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی نییە بەوەوە کە مادام شاعیرەکە شیعری جوان ئەنووسێ ئەبێ جوانیشی بخوێنێتەوە..! بەهرەو هونەری ئیلقاکردن شتێکی ترە..! چاکم لە بیرە دوای شۆڕشی تەمووز بوو ١٩٥٨-١٩٥٩ بە بۆنەی هاتنی کوردە فەیلیەکانەوە لە بەغداوە بۆ سلێمانی، لە هۆڵی سانەوی سلێمانی کۆڕێك بەسترا، دوای خوێندنەوەی چەند وتارێ نۆرەی خوێندنەوەی شیعرەکانی "گۆران" هات. ئەو وەختەی چوە سەر شانۆ دەستیکرد بە شیعر خوێندنەوە ئیلقاکەی زۆر ساردو سڕ بوو، هیچ بزووتنەوەیەك لە لەشیدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە شیعرەکە شیعرێکی ناسكو جوان بوو. من بۆ خۆم لە دانیشتنی تایبەتیشدا گوێم لە هەردی بوە کە شیعری خوێندۆتەوە، هەر ئێجگار ئیلقای جوانو زەین کێشکەر بوە. (حسب الشیخ جعفر) یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرەکانی عێراقو هاوڕێمە.. گوێم لێ بوە کە شیعری خوێندۆتەوە.. بەڵام هەر گوێم لێ نەبوایە باشتر بوو. لەناو شاعیرانی عەرەبی هاوچەرخدا نزار قەبانیو مەحمود دەروێش ئیلقایان سحرێکی تێدایە حەزنەکەیت بەردەوام گوێت لێیان بێ.

■ جگە لە چیرۆکە شیعرو ڕۆمانە شیعر، تۆ شانۆگەری شیعریشت نووسیوە.. چۆنیان هەڵدەسەنگێنی..؟

□ من لە تەمەنی هەرزەکارییەوە تێکەڵی شانۆ ببووم. هەڵبەت وەك حەزو ئارەزوویەکی هەرزەکارانەو هیچی تر.. لە سەرەتای حەفتاکاندا بە گەرمی کەوتمە خوێندنەوەی شاکارەکانی ئەم هونەرە.. هەر لەو ساڵانەدا هەوڵمداو شانۆنامەی شیعری (کاوەی ئاسنگەر)م نووسی و بڵاوکردەوە، بەڵام وەك دواتر تێگەیشتم هەوڵەکەم خەوش و کەلێنی زۆری تێدا بوو، درامای شانۆ لەناو شیعرەکاندا خنکابوون. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەشێ وەك بەردی بناغەیەك تەماشابکرێ. دواتر شانۆنامەی (ئاسك)م نووسی، کە من بۆ خۆم پێموایە ئەم هەوڵەم بە بەراورد لەگەڵ هەوڵی یەکەممدا، لە ڕووی درامای شانۆوە کامڵترو پێگەیشتووتر بوو.

■ شاعیر کە سەرجەمی شیعرکانیان چاپدەکەن چەند شیعرێکی لێ هەڵدەوێرن.. ئایا ئەمە پاشگەزبوونەوە نییە لەم شیعرانەیان..؟

□ دوای بڵاوبوونەوەی هەر شیعرێ ئیتر ئەو شیعرە ژووری شاعیر بەجێدێڵێ و ئەچێتە ناو خەڵکەوەو تێکەڵ بە ئۆقیانووسە گەورەکەی مێژوو ئەبێت. دوای لەدایکبوونی منداڵێك، ئیتر ئەبێ پەشیمانبوونەوە لەو منداڵە چی بگەیەنێ.. لەخۆ تەفرەدان بەولاوە..؟ من لە هیچ شیعرێکی خۆم پەشیمان نیم، ئەك بەو مانایەی کە ئەو شیعرانە هەر هەموویان لە ئاستێکی هونەری بەرزدان، ئەك بەو واتایەش کە من "بیرکردنەوەی" بۆ نموونە بیست ساڵ لەمەوبەری خۆم بێ خەوش و کامڵ تەواو ئەبینم.. ئەء.. بەڵکو ئەو شیعرانە "من بوون" بە هەموو لێڵی و ڕوونی و هەڵەو ڕاستی و کاڵ و کرچی و ناشرینی و جوانییەکانەوە. بە جۆرێکی تر، ئەو شیعرانە تازە بوون بە "مێژووم" و سڕینەوەی مێژوویش کارێکی ئەکردە نییە. من لە "ئێستەوە"، کە ئاوڕ لە زۆر بەرهەمی ڕابردووی خۆم ئەدەمەوە، ئەشێ بەشێك لەو شیعرانە وەك "ئەدیب" لە بار دڵ و دەروون و بیرم، پەسەندو جوان و ڕەزا سووك ئەبن و ڕەنگە لە دڵی خۆیشمدا بڵێم: خۆزیا ئەم شیعرەم وا ئەنووسیایەو بەمجۆرە ئەبوایەو ئەو پەلەپەلەم تیا

نەکردایە، یان هەر لە بنەڕەتدا نەمنووسیبایە، بەڵام ئەم قسانە لە ئێستەدا بوونەتە "قسەی لەدەستچوو" لەبەرئەوەی نووسیمن و بڕاونەتەوە.. من پێم سەیرە هەندێ شاعیر سیمای ڕابردووی شیعری خۆیان ڕەشنەکەنەوە..! خۆیان.. خۆیان نەفینەکەنەوە..! ئەمە هەر تەواو لەمە دەچێت مرۆڤ لە ئەلبوومی وێنەکانی ڕابردووی ژیانی خۆی پەشیمان بێتەوەو بڵێت: ئەو وێنانە هی من نین..!

■ **دوای ئەوەی کە شیعریَ بڵاوکرایەوە، دەکریَ جارێکی تر دەسکاری بکریَ..؟**

□ ئەو وەختەی بڕیارم دا سەرجەمی شیعرەکانم چاپبکەمەوە، لەگەڵ خۆمدا توشی کێشەیەکی گەورە بووم، ئایا هەروەکو خۆیان چۆن بوون، لە چاپی یەکەمدا، بەو جۆرە چاپیانبکەمەوە یان هەندێکیان بخەمەوە بەر مقەستی ئێستام.. من دوو ڕێگام گرتەبەر:

**یەکەمیان:** ئەو شیعرانەی کە لە ڕووی فۆرمەوە، بە تایبەتی لە ڕووی ئاهەنگی شیعرەوە، لە ڕووی هەڵەیەکی زەقی زمانەوانی، لە ڕووی بیرچوونی وشەیەکەوە کە ڕەنگە لە غەفڵەتێکدا بەسەرما تێپەڕیبێت، بەبێ ئەوەی کار لە گۆڕین و ناوەڕۆکی بکەم، بڕیارم دا ئەو کەمە دەستکارییە لەو سنوورەدا بکەم. بۆ نموونە: لە دیوانی (کازیوە)دا ١٩٧٨ لە شیعری (خۆشەویستی)دا نووسیومە:

که گوێم نا بە دڵی خۆشەویستی خۆیەوە

باسی سەربەستی بۆ کردم

بەڵام لەڕووی ئاهەنگی شیعریەوە ڕاستیەکەی ئەبوو بمنووسیایە:

کە گوێم نا بە دڵی خۆشەویستی خۆیەوە- ئەوسا باسی سەربەستی بۆ کردم.

بەمجۆرە بە وشەی "ئەوسا" ئاهەنگی شیعرەکە ئەچێتەوە ناو کێشی ڕاستەقینەی خۆی. یان لە شیعرێکی تردا نووسیومە: "هێلانەی سەر دار گوێزەکە" مەبەستیش لە هێلانەی کۆتر بوو، کە دیارە کۆتر هێلانە لەسەر دار گوێز ناکات، لەکاتی خۆیدا بەسەرما تێپەڕیوەو لە چاپی دوەمدا ڕاستم کردۆتەوەو نووسیمە "هێلانەی کونە شاخ".

**دووەمیان:** بڕیارمدا بە هیچ جۆرێك دەستکاری ناوەڕۆکی شیعرەکانی نەکەمەوە یان جارێکی تر دیسانەوە بیێمو ناوی ئەو کەسانە بگۆڕم یان لابەرم کە لە کاتی خۆیدا هەندێ شیعرم پێشکەشکردوون یان چوونەتە ناو مەتنی شیعرەکانەوە. من ئەمزانی ئەم بڕیارەم سەر ئێشەم بۆ دروستئەکات. چونکە دوو سێ ناو لەو ناوانە هەر لە بنەڕەتدا نەك لەبەر پێداویستی هونەری شیعر، بەڵکو لەبەر چاوی پیسی ڕەقیبو بۆ ئەوەی ببنە قایەخێو دیوانەکەیان بێ بپەڕێنمەوە. ئەگینا لای خۆمو لە یەکەم دارشتنو دەست نووسدا کە بۆ یەکەم جار دراوە بە ڕەقابەو ڕەقیب بە ڕەفزکراوی بۆی ناردوومەتەوە، ئەو ناوانە لە ئارادا نەبوون، بەڵکو ناوی تر بوون، یان هەر ناویان لەسەر نەبوەو بۆ جاری دوەم تا دیوانەکە لە چنگی ڕەقیب ڕزگاربکەم. ئەو ناوانەی ترم بۆ داناون. لێرەدا پێویستە کەمێك بە دووروودرێژی لەو بارودۆخە سیاسییە سەختەی ئەو ڕۆژگارانە بدوێم کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بەرهەمی چاپکراوی ئێمەو ڕەقابەی ئەو سەردەمەوە هەبوو.

دوا بە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلولو نەمانی بەرگریی پێشمەرگە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئابڵوقەدانی ڕژێم بۆ سەر بەرهەمی ئەدەبیو کتێبی چاپکراو توندتردەبۆوە. تەنانەت وای لێ هات ناوی "کوردستان" لە ڕۆژنامەو هەموو چاپەمەنییەکاندا قەدەغەبکرێت. بەشی هەرە زۆری ئەدیبان لەو بڕوایەدا بوون کە لەسەر چاپکردنو بڵاوکردنەوە بەردەوام بنو پەرەش بە چالاکیە ئەدەبیەکانی یەکێتی نووسەران بدەین. دیوانی "کازیوە" کە بریتیبوو لە کورتە شیعر، یان وەك ناوم لێ نابوو پۆستەرە شیعر، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٧٨دا نووسرابوون. واتە لەو سەردەمەدا کە لە لایەن ڕژێمەوە بەرەو خۆرئاوای عێراق دوور خرابوومەوەو هەموو شیعرەکانی ئەم دیوانەیشم هەر لەو مەنفایەدا نووسیبوو. لەو ڕۆژگارانەدا مقەستی ڕەقیب بەسەر هیچ وشەیەکدا -هەر ئەوەندە گومانی لێ بکردایە- ڕانەئەبوردو گەلێ جاریش بەهۆی تاقە شیعرێکەوە، یان ڕستەیەکەوە، یان وشەیەکەوە، تەواوی بەرهەمەکە ڕەفزئەکرا، ڕەنگە هەموو ئەو ئەدیبانەی لەو ساڵانەدا دیوانو بەرهەمی خۆیان چاپکردبێ شایەتی بۆ ئەم قسانەم بدەن. ئەو وەختەی دیوانی "کازیوە"م دا بە ڕەقابە

دوای مانگێك بە ڕەفزكراو بۆم هاتەوە، كە تەماشام كردەوە لە چەند شوێنێكیدا خەتی سووری ڕەقیبم بینی زانیم هۆی ڕەفزكردنەكە لە چیو بەهۆی كامە وشەو ناوەوە هاتوە. بەو پێیە هاتمو چەند "قایغێك"م بۆ پەڕینەوەی دیوانەكە داتاشیو جارێكی تر ناردمەوە، قایەغەكانیشی بریتیبوون لە هەندێ ناو كە لەو وەختەدا ڕەقیبیان پێ چەواشە ئەكرا، بۆ ئێمەش نە ئەبوە عەیبو لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە خوێنەرانی كورد بە چاكی لە مەبەستو نیازی شاعیر ئەگەیشتنو ئەیانزانی بارودۆخەكە چۆنەو چی لەو بەرهەمانە بكەین كە لەو سالانەدا بلاوبوونەتەوە، ئەبینین چەندین ناوی وەك "فەلەستین"و "قودس"و "خوارووی لوبنان"و "كۆنغۆ"و "ئەمەریكای لاتین"و زۆر ناوی تریش لای شاعیرانو نووسەرانی ئەو سەردەمە دووبارە ئەبنەوە.

لە بنچینەدا هەموو كەسێك ئەوەی ئەزانی كە لە ژێر ئەو ناوانەدا مەبەستی ترو ناوی تر هەن، كە شاعیر لەبەر ڕەقیب نەیتوانیوە بیانووسێ. "كەمال عەدوان"و "كەمال ناسر" دوو شاعیری لوبنانی بوون، سەر بە حیزبی بەعسی ئەو ولاتە بوونو بە دەستی ئیسرائیلیەكان تیرۆر كران. ئەو تیرۆركردنە نەك هەر لە ڕۆژنامەكانی عیراقدا، بەلكو لە تەواوی ڕاگەیاندنی دنیاداو لە لایەن گەلێ لە ڕووناكبیرانی دنیاو چەندین شاعیرو ئەدیبی ئەوروپییەوە پرۆتسێتو ناڕەزایی بلاوكرانەوە، بۆ ڕزگاركردنی دیوانی "كازیوە"یش من هاتمو ئەو دوو ناوەم خزانە ناو دوو شیعرەوە كە لەوەبەر ڕەقیب خەتی بەسەردا هێنابوونو هاوڕێكانی خۆمو خوێنەریش بە مەزەنە (هەست) ئەوەیان ئەزانی كە ئەو ناوانە بۆچی هاتوونەتە ناو ئەو دوو شیعرەوە. جگە لەوەیش، خەلكی كوردستان یەك بەیەك ئەیانزانی من كێمو لەبەرچی دوورخراوەمەتەوەو ئەو دیوانەیشم لە چ بارودۆخێكدا نووسیوە.

■ باشە دواتر كە چاپتكردنەوە بۆ ڕوونكردنەوەیەكت نەنووسی..؟

□ ئەوەی ڕاستی بێت هەلەی من لەوەدا بوو كە ئەبوو لە چاپكردنەوەی شیعرەكاندا ئەم ڕوونكردنەوانەی ئێستەم لە پەراوێزدا باسكردایە، هەروەكو چۆن لەژێر هەلەی شیعری ترداو لە چاپی دوەمدا پەراوێزی پێویستم داناوە. من ئەم ڕوونكردنەوانەی ئێستەیشم لەبەر

تیرو توانجی تاکو تەرایەک نییە، کە شیعردۆستانو خەڵکی کوردستان بە گشتیو منیشو ئەوانیش ئەناسن، بەڵکو هۆی سەرەکی لەبەر ئەوەکانی داهاتوە، بۆ ئەوەی ئاگایان لە حەقیقەتی ئەو ڕۆژگارانە بێ کە ئەو شیعرانەیان تێدا نووسراوە. بۆ نموونە: وەکو چەند جارێکیش باسم کردوە، ئەو کاتەی کە من شیعری "بۆ بارزانیم" تیا نووسیوە، لەو سەردەمەدا شیعرەکە لای خەڵکی جێگەی هیچ جۆرە پرسیارێکی گوماناویو دوودڵی نەبوو، چونکە من هەر قسەی دڵی خۆیانم کردبوو بە شیعر، بەڵام دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ لە سەردەمی ئەوەی تازەتردا، کە خۆیان لە ڕووداوەکاندا نەژیاون ئەشێ خوێنەرێک گومان بکاتو وای بۆ بچێت کە "شێرکۆ بێکەس" هەر تەنها لەبەر پیاهەڵدانی سەرکردەیەک ئەم شیعرەی نوسیبێ، یان بۆ دەستکەوتێکی خۆی، لەبەرئەوە پێویستە چۆنییەتی نووسینی شیعرەکەو بارودۆخەکەی ئەو ڕۆژگارە ڕوون بکەمەوەو بڵێم: لەو کاتەدا بارزانی سونبوڵ بەرگریو سەرکردەیەکی خۆشەویستی گەڵ کورد بوو، خەڵکی کوردستان هیوای گەورەی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆیان لەودا ئەبینی، ئەوکاتەی کە ڕژێمی بەعسیش بیری لە کوشتنی ئەو ئەکردەوەو دواتر پیلانی خۆی بۆ چنی، لەبەرئەوە بوو ئەیزانی بە لەناوبردنی بارزانی کورد تووشی گەورەترین نوشوستی ئەکات، بۆیە ئەو کاتەی پیلانەکەی لێکرا، من هەر دوای چەند ڕۆژێ ئەو شیعرەم بۆ نووسی. ئەو شیعرە لەو کاتەدا بالأناوێنەی دڵو دەروونی ملیۆنان بوو. ئەمە جگە لەوەی بۆ خودی خۆم ئەو شیعرە مایەی خۆشاردنەوە بوو لە چاوی ڕژێمو لە دواییدا ڕوو کردنە شاخو ماڵ وێرانی. وەک عەرەب وتەنی: نوختە سەرخستنە سەر حەرفەو هیچی تر..!

■ هەرەس ڕەنگدانەوەی چی بوو لە ئەدەبی کوردیدا..؟

□ من چەندین جاری تریش ئەوەم وتوە! هەرەسی شۆڕشی ئەیلولو هەڵاتنی سەرکردایەتی بارزانی، قوڵترین برینی کردە جەستەی مێژووی ئێمەو شیعری ئێمەوە، کە تا ئێستەیش هەر خوێنی ئەو سەردەمەیان لەبەر ئەڕوات.. من لە هاوینی ١٩٧٥داو لە مەنفا لە "بەغدادی" قەسیدەی "کۆچ"م نووسی، ئەو قەسیدەیەی کە ئازارەکانی ئەو هەرەسەی تێدا

دەنگئەداتەوە لەو ڕۆژگارە تاریکانەدا هێشتا هیچ بەرگرییەکی تازە لە کوردستاندا بەرپا نەببوو. یەکێتی نیشتمانیش لەدایك نەببوو، کە ئەو شیعرە، هەرە سەر بەرەو ژێرکەی شۆڕشی ئەیلولی باسکردبوو، لە خۆفۆی گەورەو خۆفۆ بچوکەکانی تر دوا بوو. هەراجخانەی دەستو سەرفرۆشتنی ڕۆژانی ئاشبەتاڵی تێدابوو، شەمێران و قاسە بارکردن و دزی و ڕاووڕووتی ناو فرۆشگاکانی وێنە گرتبوو.

لە سەرەتای هەشتاکانیشدا، دوای ئەوەی هەڵۆکانی کۆمەڵە چوونە شاخ و داخ، جارێکی تر گەڕامەوە سەر هەمان کارەسات و ئەمجارەیان "داستانی هەڵۆی سوور"م نووسی، لەگەڵ بەشێکی شیعرەکانی "کەشکۆڵی پێشمەرگە" تا ئەو کاتە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی شەخسیم لە نزیکەوە لەگەڵ هیچ کام لە سەرکردەکان و کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیدا نەبوو. یەکەمین دەست نووسی ئەم قەسیدەیەش لە لایەن کاك "حەمەی حەمە باقی"یەوە، کە بە سەردانێکی نهێنی گەڕابۆوە شار، گەیشتە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە. هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە دیسان بۆ یەکەم جار هەندێ شیعری "کەشکۆڵی پێشمەرگە"م گەیاندە چیاو هەر لەو سەردەمەیشدا بوو لە وەڵامی نامەیەکی کاك نەوشیروان مستەفادا منیش نامەیەکی تایبەتیم بە کاکە حەمەدا بۆ ناردوە، تا ئەو وەختانە ئێمە هەر دووربەدوور یەکترمان ئەناسی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا بوو کە بە نهێنی لەگەڵ هاوڕێم کاك ڕەئوف بێگەردا چووین بۆ ناوچەی بالیسان و لەوێ بۆ یەکەمجار ڕووبەڕوو لەگەڵ کاك نەوشیروان مستەفاو کاك فەرەیدون عەبدولقادر دانیشتین.

■ بەڵام خەڵکانێ پێیانوایە تۆ ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیت؟

□ هەروەکو زۆرجاریش وتوومە: من هاوڕێی سەرکردەو بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیم. ئەوانیش هەر وەکو هاوڕێی خۆیان و شاعیرێکی کورد تەماشای منیان کردوەو لە ڕۆژانی تەنگانەیشدا بە فریای خۆم کەوتوون و ماڵ و منداڵیان لە چنگی دوژمن دەربازکردووم و ئاوڕیان لێ داومەتەوە، من هەرگیز جوامێری ئەوانم لەبیر ناچێتەوە، من هەموو سیاسەت و هەڵوێست و بڕیارێکی سیاسی ئەوانیشم وەکو یەك

تەماشانەکردوە. من پلەو ڕێزێکی (فەخری)م لە ناو ئەواندا هەیە، بەڵام من هاوبەشی بڕیاردانی سیاسیی و حیزبی نیم لەناو ئەواندا. ئەبێ ئەوەیش بڵێم: ئەو ڕاستییەش بدرکێنم لەناو یەکێتیی نیشتمانی ئەوسای شاخ و داخ و ئەمڕۆدا دوو ڕوانینی جیاوازیان لا دروستکردووم. دیارە ئەمەیش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بەشێك لە لێپرسراوانی ناو یەکێتی -ئەوانیش- بوون بە بازرگان و مشەخۆرو نوقمی ناو فەسادە ئیدارییەکەی کوردستان بوون، کە لە دوێنێی نزیکدا نموونەی پاکی و لەخۆ بوردن و سەرڕاستی بوون.

■ هەر ئەوانەشن دەڵێن "شێرکۆ بێکەس" شیعر بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی دەنووسێ..؟

□ بەڵێ ئەوتریێ: "شێرکۆ بێکەس" هەر گەیشتە سوێدو ئەگەیشت شیعرێکی بۆ "ئۆڵف پالمێ" نووسی..؟ ئینجا باشە ئەمە ئەبێ چ عەیب و عارێکی تێدا بێ..! ئەی بۆ نەیلێم..؟! یان کێ بە منی وتوە بینووسە..!؟ لە دەروونی خۆم زیاتر: ئۆڵف پالمێ کەسایەتیەکی دیموکراتیخوازو ئاشتیخوازو دۆستی مەسەلەی کورد بوو، کوشتنی ئەو وەك سەرەنجام بە زیانی ئاشتی و دیموکراتی تەواو بوو، من لەکاتی خۆیدا ئەوەم لەبەر دڵ پێ ناخۆش بوو. ڕووداوێك بوەو کاری تێکردووم و فرمێسکم بۆ ڕشتوە ئەو کەسەی لە بەهانە بێ بۆنەوەی شەڕت پێ بفرۆشێ هەر پێت ئەفرۆشێ..! هەر ئەوە نا، ئەشڵێن شێرکۆ بێکەس لەکاتی خۆیدا شیعری لەسەر ئاخوندەکانی ئێران نووسیوە، ئەمەیش لە قازانجی ڕژێمی عێراق بوە..! سەیرە، ئەی بۆ لە قازانجی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەبووبێ لە ئێراندا..؟! بۆ لەبەر خوێنی سەدان قوربانی سابڵاغ و سنەو سەقز نەبووبێت..؟ واتە ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبی تۆ، ئەمڕۆ -نووسەرێکی کوردی تورکیا- دژ بە فاشیەتی تورك بنووسێت، ئەوە بە قازانجی ڕژێمی سوریایە، یان ئەگەر نووسەرێکی گریکی دژی تورکیا بنووسێ، ئەوە لە قازانجی سوڵتەی گریك ئەنووسێت: یان وتوویانە شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکدا لە دیوانی (کازیوە) ١٩٧٨- ئەڵێت: "مانگی دایکی ڕەشپۆشی عەرەب کە لە زیندانی ئەستێرەی داودایە". ئەمە ئیهانەیە بۆ جولەکەو ئایینی جوولەکە..! دیارە ئەگەر

پێچەوانە بوایە، ئەوا ئەبووم بە زایۆنیزم، بۆ نموونە، ئەگەر بشنووسی ئەستێرەی کورد لەناو زیندانی مانگی ئالآی تورکیادا گیراوە، بەو پێیە ئەمەیش هەر ئەبێ ئیهانەی میللەتی تورک بکات.. بە ڕاستی ئەمە پاشەگەردانی ڕەخنەی ئێمەیە.. نازانم چی بڵێم، یا هەر وازبێنین..!

■ باسی پاشەگەردانی ڕەخنەی ئەدەبیت کرد -ڕەخنەی کوردی لە کوێیە؟

□ ڕەخنەی گەورە بەرهەمی مەعریفی گەورەیە، بەرنامەیە، دەلیلەو دۆزینەوەی نوێیە، هەڵوەشاندنەوەیەو پێکهێنانەوەیشە.. ئەفراندنەکانی ناو ئەدەبی کوردی، نیشانە دیارەکانی، چەند کەمیش بووبن لە بەرامبەریاندا ڕەخنەیەکی زیندوو نابینین، ئێستەیش بەسەر ناکرێنەوە، هەر لە دیالۆگی ڕەخنەگرانەوە تا ئەگاتە سەر تێڕوانینی قووڵ و بابەتی و مەعریفی بەرهەمەکان، چەند کۆمەڵە شیعرو چەند کۆمەڵە چیرۆکی -جوان- تێپەڕین و ڕۆیشتن، کەچی ڕەخنەیەکی چاك نەبوو ئاوڕیان لێ بداتەوە. هەڵبەت ئەوەیش ئەزانم کە ئەم دیاردەیە، ئەم چۆڵی و وێرانە، تا چەند پەیوەندیی بە کێشەی ئازادی خۆیەوە هەیە، تا چەند پەیوەندیی بە سەقامگیربوونی ژیانێکی ئارام و ئاشتیەوە هەیە، بەلآم لە هەمانکاتیشدا پەیوەندیی بە تاکی داهێنەری ڕەخنەگرتنەوە هەیە. تەنانەت ئەو (هەندە) باس و لێکۆڵینەوە بە بڕشتانەی لەم بوارە دەنووسران، هەر شاعیرو نووسەرە بە تواناکان خۆیان نووسیویانە.. لە سەرەتای حەفتاکانداو بەرەو ژوور چەند توانایەکی کارامەی ڕەخنەو ڕەخنەکاری هاتنە ئاراوەو چاوەڕوانی ئەوە بووین ئەو توانایانە گەشەی زیاتر بکەن و کەسایەتیەکی بەهێزی لێکۆڵینەوە بۆ خۆیان دروستبکەن، بەلآم لەبەر هەر هۆیەك (خۆیی و بابەتی) بێت کوژانەوەو تەواوبوون.

بە کورتی بەپێی ئەو گەشەکردنەی کە لە -هەڵبژاردەیەکی- بەرهەمی ئەدەبیدا بەدی ئەکەین، لە بزوتنەوەی ڕەخنەدا، لە لێکۆڵینەوەدا، نایبینین. وتاری سەرپێی و پەرت و بلاو هەن کە بە زۆری ئەچنە خانەی سەرنجی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەکانەوە. تۆ کە چیرۆکنووسێکی بۆ نموونە وەکو "شێرزاد حەسەن" ئەبینی، بەلآم شێرزاد حەسەنێکی ڕەخنەگر نابینی، لە

نێوان داهێنەرەكانی ئەدەبی كوردیو ڕەخنەی كوردیدا بۆشاییەكی گەورە هەیە، بە گشتیش عەقڵی سیاسیی كورد، عەقڵی خێڵەكی، عەقڵی ئەو ڕەخنە ئەدەبییەی لای ئێمە هەیە، هەر تەواو لە یەكەوە نزیكن. بۆ نموونە من بۆ خۆم ئەوە چەند ساڵە "دەربەندی پەپولە"م نووسیوەو هەندێ نوسخەیشی گەیشتۆتەوە كوردستانو لە كتێبخانەی گشتی دانراون. كەچی تا ئێستە بە كوردی یەك دێڕی لەسەر نەنوسراوە..! بەڵام كە وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی.. ئازاد بەرزنجی وەریگێڕابوو، تا ئێستە چەندین وتاری لە لایەن "النصیر" و "فاطمة حسن"و "محمد عفیف حسینی" لەسەر نووسراوە هەروەها لە سویدیش -ژنە ئەدەبیی ناسراوی وەك "سۆن ئەكسلسۆن" كە خۆی شاعیرەو وەرگێڕەو بەشی زۆری بەرهەمەكانی نیرودا، لۆركا، سان جۆن پێرسو ئەدیبانی بە ناوبانگی تری ئەم دنیایەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سویدی، ئەدەبی من هەڵئەسنگێنێ.. ئەمە ناخۆشەو جێی داخە.

■ مەبەستت لە قەسیدەی (كۆچ)ە؟

□ بەڵێ مەبەست لە قەسیدەی كۆچە، كە لە لایەن شاعیر "خەبات عارف"ەوە وەرگێڕراوەو بڵاوبۆتەوەو "سۆن ئەكسلسۆن"یش پێشەكیەكەی بۆ نووسیوە، لەو پێشەكییەدا قەسیدەی كۆچ هەڵئەسەنگێنێو باسی زمانی شیعری كۆچو وێنەكانی ئەكات، بە كورتی ئەیباتە ڕیزی بەرهەمەكانی نیروداو لۆركاو سان جۆن پێرسەوە، ئەمە لە كاتێكدا من بۆ خۆم ناتوانم بەو جۆرە هەڵیان سەنگێنمو تا ئێستەیش ئەو ژنە (سۆن)ەم نەدیوەو لەگەڵیدا دانەنیشتووم..!

■ ئاكارەكانی ئەدەبی غوربەت چییە..؟ پێتوایە ئێمە ئەو تەرزە ئەدەبەمان هەبێ؟

□ پێموایە ئەبێ لە پێشدا وەڵامی ئەوە بدەینەوە: مەبەست لە ئەدەبی غوربەت چییە..؟ ئایا ئەو ئەدەبەیە كە ئەدیبێكی ئاوارەی دوورە وڵات دوای دابڕانی لە نیشتمان ئەینووسێت؟! ئەدەبی تاسەو سۆزو بیركردنو گەڕانەوە بۆ جێ ئەزەرگەكانی ڕابردووی..؟ خەوبینینەوەیە بە مێژووی لە دەستچووەوە؟ حەسرەتی دابڕانو تەنیایی تاراوگەو ئەزموونی

تازەی ژینی غەریبی و چوونە ناو کۆمەڵگایەکی غەریب بە هەموو بینین و بوونێکی تازەوە؟! یان ئەو ئەدەبەی کە ئەبێتە بەشێك لە کەش و ئاووهەوای ئەو وڵاتە، یان ئەو کۆمەڵەی کە ئەدیبی ئاوارەی تیا ئەژی؟! یان لە ڕووی لۆجیکەوە مەبەستمان لە ئەدەبێکە کە غوربەتی مرۆڤ ونبوونی مرۆڤ لە تونیاوتوونی سەدەی زەبروزەنگ و هێزی مادیی سەرمایەداری و تەکنەلۆژیادا بەرجەستەئەکات؟! من بۆ خۆم پێموایە تێکەڵبوونی هەموو ئەو خاسیەتانەیە لەناو یەکتردا، بە ڕەهەندی جوگرافی، عەقڵی، عاتیفی و دەروونییەوە، لە بنچینەیشدا پرسیارەکە لەو ئەدەبەوە سەرچاوەئەگرێ کە "ئەدەبی دوورە وڵاتە" یان بەرهەمێکی دوای جیابوونەوەی ئەدیب و وڵات دێتەکایەوە. چونکە ئێمە ئەم پرسیارە لە ئەدیبێك ناکەین کە لە نیشتماندا بژی.. مەگەر لە ڕووی مەعریفی و فەلسەفیەوە، یان بە گشتی مەبەستمان بێ لە دیاردەی غوربەتی مرۆڤ بدوێین. لە سەرێکی تریشەوە، خۆ ناکرێ هەر پارچە شیعرێ جۆرە سۆزێکی بیرکردن و حەسرەتی بۆ نیشتمان تێدابوو بە ئەدەبی غوربەتی لەقەڵەم بدەین..! ئەدەبی غوربەت ئەو ئەدەبەیە، کە ئەزموونێکی دووروودرێژ قاڵی ئەکات و جێ پەنجەی کۆمەڵگاو ژیانێکی پێوە دیارەو لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵگاو ژیانی تازەی ئەدیبی ئاوارەوە لەدایکئەبێ، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە غەریبیەکانەوە، لە بینینین و تاقیکردنەوەی تاراوگەوە سەریانهەڵداوە، تەنانەت خولیاو حەزو بابەتەکان، ژیانی ڕۆژانەو وێنەکان و ناوو جێگەو ئەزموونەکان هەر هەموو بە ڕەنگی غوربەت ڕەنگئەبێ و ئەبنە بەشێك لە بزووتنەوەی ناو ژیانی ئاوارەبوون. بۆ نموونە: ڕەنگە چیرۆکنووسێك، ئەو گەڕەکەی لە ئاوارەییدا تیا ئەژی، دراوسێکانی ببنە جێگەو کەسانی چیرۆکەکانی. بەمجۆرەیش دیالۆگ، ڕووداو، شوێن، کات، دابونەریتی کۆمەڵایەتی و فەزای چیرۆکەکان لە فەزای "غوربەت"دا ئەتوێنەوەو ڕەنگە لە ئەنجامی ژیانێکی دووروودرێژی ئەم غوربەتەیشدا جیاکردنەوەیان، لە ئەدەبی ئەو وڵاتەی ئەدیبە ئاوارەکەی تیا ژیاوە، کارێکی گران بێ و لای ئەدیبەکەیش زۆر ئاسایی و سروشتی بکەوێتەوە. ڕەنگە ئەم بۆچوونە تەنها لایەکی ئەم کێشەیە بگرێتەوە. لە سەرێکی تریشەوە ناتوانین ئەو ئەدەبە بە ئەدەبی غوربەت لەقەڵەم نەدەین کە ئەدیبێکی

ئاوارە بە قووڵی "لە حەسرەتی دابڕان و جیابوونەوەی نیشتمان و ئاوارەیی" ئەدوێت، بە قووڵی بەو ژیانە تازە غەریبەدا ڕۆئەچێت و جەوهەری ئەو ئەزموونی غوربەتە ئەخاتە ڕوو. لە سۆزەکانی ڕواڵەت دا گیر ناخوا و بە تەنها فرمێسکیان بۆ ناڕژێ، بەڵکو داهێنەرانە هەست و نەست و عەقڵی خۆی لە فانتازیای جوانکاری و ئەدەبی ئەفراندندا، بۆ نیشانی ماهیەتی ئەو غوربەتە، قاڵئەکات.

غوربەت خاڵێکی ئێجگار بە پیتە بۆ ئەدیبی خاوەن دەسەڵات و بەشێکی زۆریش لە شاکارە گەورەکانی ئەدەب لە غوربەتدا نووسراون و بە ناوی غەریبی ناو دراون. باوەڕناکەم ئەو ئەدەبی غوربەتە کوردیە ڕەنگ و ڕووی تەواوی خۆی گرتبێ و بتوانین بڵێین ئەدەبێکمان هەیە کە پێی ئەوترێ ئەدەبی غوربەت.

■ دەکرێ چامەکەی (نالی) بە سەرەتایەکی ئەو ئەدەبە دابنێین؟

□ قەسیدە بەناوبانگەکەی نالی -بادی خۆش مرور- کە لە شامەوە بۆ "سالم"ی ناردوە، واتە لە غوربەتدا نووسیوێتی، ئەتوانین بڵێین "پریشکەکانی" ناو ئاگری ئاوارەبوونێکەو یەکەمین حەسرەتی قەقنەس ئاسای شاعیرێکی کوردە وەختێ لە نیشتمان و جێ خەون و یادگاری دائەبڕێ، وێنەگرتنی دەروونێکی سوتاوی دوور لە وڵاتە، هاواری تەنیایی و سۆزێکی غوربەتە، بانگەوازێکی شیعری دوور وڵاتە، ئەو پرسیارانەن کە غەریبی جارێکی تر ئەیانڕسکێنێ و ئەو خەونانەن کە تەنها ئەو عاشقانە ئەیبینن کە خۆشەویستیەکی بەردەوام ئەیانسووتێنێ..!

■ "گۆران"و "هەردی" بە تازەکەرەوەی شیعری کوردی دادەنرێن، چۆنیان بەراورد دەکەی..؟

□ گومان لەوەدا نییە کە شیعرەکانی "گۆران" لەژێر کارتێکردنی شاعیرەکانی ئەوروپادا بوو.. شیللی، بایرۆن، لامارتین، کەچی هەردی.. شاعیرەکانی "مەهجەر"ی عەرەب و هەروەها "ابو القاسم الشابی" کاریان تێکردبوو. بەڵام هەردووکیان، بە جیاوازیی تێڕوانین و

سەبكی شیعرییەوە، زمانی كوردیی شیعری سەردەمیان لەو قۆناغانەدا بەرەو نوێبوونەوەیەك برد، كە پێشتر لە وێنەیان نەبوو، گۆران لە وردبوونەوەی جوانكاریدا بۆ سروشت و ژن، "هەردی"یش لە قوڵبوونەوەو وێنەگرتنی ساتەوەختەكانی بیر لە هەژێنی دڵ و دەروون و چاوەڕوانی تەنیاییدا.

■ ئەی تازەكەرەوەی چیرۆك، كێن..؟

□ بەلای منەوە، سەرەتای خەملین و گەشەی هونەری كورتە چیرۆكی كوردی، بۆ سەردەمی گۆڤاری "گەلاوێژ" ئەگەڕێتەوە. ئەو گۆڤارەی چراخانێكی ڕەنگین و بە شەوقی لە زمان و كولتورو ئەدەبی كوردیدا هەڵكردو بونیادێكی نوێی ڕووناكبیری دانا. ڕێبەرانی وەكو "ئیبراهیم ئەحمەد" و "علاء الدین سجادی" و "شاكر فەتاح" زنجیرە لوتكەیەكی ئەو مێژوەن، من پێموایە ئەو زمانە تازەو ئەو وێناو تابلۆ تازانە، كە گۆران هێنانییە ناو شیعری كوردیەوە، هەر لە هەمان سەردەمداو بە هەمان داهێنانەوە "ئیبراهیم ئەحمەد"یش پەخشانی كوردی پێ تازەكردەوە. هونەری كورتەچیرۆكی گەیاندە ئاستێكی بەرزترو گیانی هاوچەرخانەی كرد بە بەردا. ئەگەرچی من بۆ خۆم بڕوام بەوە نییە كە هیچ قۆناغێكی ئەدەبی و هونەری بە ناوی تاقە ئەدیبێكەوە تۆماربكرێ. چونكە تەواوی وزەو توانا و بەرهەمی نەوەیەك یان چەند نەوەیەك قۆناغ ئەهێنن، بەڵام ئەگەر بشێ بوترێ "قۆناغی گۆران" لە شیعری كوردیدا. بەر لە هەموو شتێك داهێنان جۆرێكە لە شۆڕش بەرپاكردن لەناو زمان خۆیدا، تۆ بڕوانە ئەو جیاوازی گەشەكردن و پێشكەوتنەی لە نێوان زمانی سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژو بیست ساڵێك لەوەوبەردا هەیە. وا ئەزانیت دوو زمانی جیاوازەو دوو ئەدەبی جیاواز. هەڵبەت ئەوەیش ئەزانین كە ئەم گەشەكردنە گەورەیە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و هۆشیاری ڕووناكبیرییەوە هەیە، بەڵام تاكە داهێنەرەكانیش، كە تاكی هۆشیارو خوێندەوارو ڕوناكبیری سەردەمی خۆیان بوون، بەهرەی زیندوو بوون لەم نوێكردنەوەو دامەزراندنی ئەم بونیادە تازانەدا، بە تایبەتی لە كاری ئەدەبیدا، كە سەرچاوەی یەكەمی لە هزرو بیری ڕوناكبیری ئەدیب خۆیەوە هەڵئەقوڵێ،

کە دەوری ڕێبەری کردنیان بینیوەو چرا بوون. بەر لەو سەردەمەو تا سەرەتای پەنجاکانیش، یەکێك لەو کەڵە شاعیرو نووسەرانەی ڕۆڵی هەبوو لە پوختکردنەوەی زمانی کوردیو بژارکردنیدا، لە نووسین بە زمانی کوردی ڕەوانو لە هەڵهێنجاندنی کولتوری کورد خۆیەوە، سیمایەکی گەشتری دا بە ئەدەبو زمانەکەمان.. "پیرەمێرد"ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس بوو. "ئیبراهیم ئەحمەد" بە فیکری نوێو تێڕوانینی تازەوە بۆ ژیانو ئایندە، پشتئەستور بە بەهرەو پشتخانێکی ڕووناکبیری، کە زمانی ئینگلیزی چاوگێکی دەوڵەمەند بوو، هاتە مەیدانەوە، هەر لەبەرئەوەیش توانی فۆرمی هونەرەکەیش دەوڵەمەندو ڕەنگین بکات -ئەم زیاتر لە هاوڕێکانی ئاگاداری بزووتنەوەی تازەی چیرۆکی ئەو سەردەمە بوو، جیاوازیی لە نێوان هونەری پەخشاننووسینو چیرۆکدا، بۆ نموونە: لای ئەمو لای شاکر فەتاح، یان لای علاء الدین سجادی ئەوە بوو ئەم خاوەنی زمانێکی بەهێزترو بەپێزتر بوو، قوڵترو وردتریش بە دەروونی کەسانی چیرۆکەکانیدا ڕۆئەچێت، موتوربەکردنی چیرۆکەکانیش بە زمانی شیعر لە هەموویان زیاتر دیارو ڕازاوەترە. پارچە پەخشانێکی وەکو "بەرەو ئازادی" لە وەختی خۆیدا سەرەتای دارشتنێکی تازەی هونەریو ئەدەبی هێنایە کایەوە، گومانیش لەوەدا نییە شەوقدانەوەی گۆڤاری گەلاوێژیش پەیوەندییەکی زۆری بە خودی بوونو بەشداریکردنو لە هەموان زیاتری "ئیبراهیم ئەحمەد" خۆیەوە هەیە. ئەم قسانەیشم بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی هیچ کام لەو ڕێبەرانەی تر نییە. بەڵام ئەوەندەی جیاوازیی لە نێوان بەهرەو بەرهەمی ئەوسای "گۆران"و شاعیرەکانی تردا هەیە، ئەوەندەیش لە نێوان "ئیبراهیم ئەحمەد"و چیرۆکنووسو پەخشاننووسەکانی تری ئەو سەردەمەدا هەیە.

■ **لەو سەردەمەدا ژنە نووسەر هەبوون..؟**

□ بە داخەوە ئەوەندەی من بزانم ژنە نووسەر یان ژنە شاعیرێکی کوردی دیار لە سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژدا نەبوە. ئەگەر لەملاو لەولایش شتێك بەناوی ژنێکەوە نووسرابێ هەر پیاوەکان خۆیان بوون.

■ ئەدی دواتر..؟

□ دواتر لە پەنجاکانداو لە بڵاوکردنەوەی هەندێ شیعردا ناوی پاکیزە ڕەفیق حیلمی و نەسرین فەخری دێتەئاراوە، بەڵام بەرهەمی هەر ئێجگار ساکارو بێ نموودو لاواز بوون، کە بوون و نەبوونیان وەك یەك وابوو..!

■ ئەی ئێستا..؟

□ لە ئێستادا.. بەڵێ.. ئەتوانین بڵێین ئەو سیا باڵانە نەماون و لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا ئەمڕۆ، پۆلە بەهرەو توانایەکی نوێی ژنە شاعیرو نووسەری کورد هاتوونەتە ناو ئەدەبەکەمانەوە، لەوانەی کە دیارن و بەرهەمیشیان جێی سەرنج و لەسەر ڕاوەستانە بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن.. ئەحلام مەنسوورو نەجیبە ئەحمەد، لە نەوەی نوێتریشدا- مەهاباد قەرەداخی، کەژاڵ ئەحمەد، نەزەند بەگیخانی و دڵسۆز حەمە.

دیارە ئەم چەند ناوەی دوایی هێشتا لە هەرەتی بەخشین و نووسینی خۆیاندان و پاشەڕۆیش باوەشی زیاتری بۆ گرتوونەتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا دیاردەی هاتنەکایەی ژنە شاعیرو نووسەر لەو ساڵانەی دواییدا سەریانهەڵدا (ژیلا حوسێنی) یەکێك بوو لەو خامانەی کە بەهرەدارن، بەڵام بە داخەوە نزیکەی ساڵێك دەبێ لە کارەساتێکدا جوانەمەرگ بوو..!

■ یەکێتی نووسەرانی کورد ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە، ئایا پێشتر هەوڵی بۆ درابوو؟

□ بەڵێ.. پێشتر، پێموایە لە ساڵانی ١٩٥٨–١٩٥٩ دا هەوڵی تر بۆ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد درابوو، بەڵام سەری نەگرتبوو. چونکە بەشی زۆری نووسەرانی کوردی ئەو سەردەمە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ژێر ڕکێفی حیزبی شیوعی عێراقدا بوون و سیاسەتی ئەوکاتەی ئەوانیش لەگەڵ بە (عێراقیکردنی) ئەو یەکێتیەو هەموو ڕێکخراوەکانی تردا بوو.. هەرچی نووسەرانی کوردستان بوون، قورساییەکی سیاسی کاریگەریان لەو بارودۆخانەدا نەبوو، جگە لەوەی کە دیارە ڕژێم خۆیشی بوونی یەکێتیی نووسەرانی عێراق بەلاوە گرنگتر بوو نەك یەکێتیی نووسەرانی کورد.

■ **تۆ ساڵی ١٩٦٧ لە نیزکەی پارتیدا کارت دەکرد. ئەندامی پارتی بووی..؟**

□ نەء.. من قەت لە ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیدا نەبووم، بەڵام لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاواندا کارم کردوە، واتە لەو سەردەمانەدا کە قوتابی بووم. لە سەرەتای دروستبوونی کۆماری عێراقیشدا کوردستان لە ڕووی سیاسیەوە، واتە لە ململانێی سیاسیدا، بریتیبوو لە دوو سەنگەر: "کوردستانی و عێراقی". لەو سەردەمەدا من سەرەتای نووسینم بوو، بەڵام بە کاڵ و کرچی. هاوڕێی شەوو ڕۆژم لەو سەردەمەدا "جەمال شارباژێڕی" شاعیر بوو. لە قوتابخانەی پیشەسازی و بەشی ناوخۆییشدا هەر پێکەوە بووین، هەردووکیشمان "کوردستانی" بووین..

■ **کەواتە کە بەیانی (٢٩/ حوزەیران) مۆرکرا، تۆ پێشمەرگە بووی؟**

□ کە بەیانەکەی ١٩٦٧ لە نێوان سەرکردایەتی بارزانی و حکومەتی "عبدالرحمن عارف"دا مۆرکرا، ئەو دەمە من لە ناوچەی باڵەکایەتی و لە ئەشکەوتی سەردیلمان بەرامبەر شاخی "مامە ڕووت" لە ڕادیۆی شۆڕشدا ساڵێك بوو کارم ئەکرد. دوای ئەوەی بارودۆخ ئاساییبۆوە، ڕوومانکردەوە شارەکان.. پێکەوە لەگەڵ "دڵشاد مەسرەف" گەیشتینەوە هەولێر، ئەو لەوێ مایەوەو منیش ڕوومکردە بەغدا، بۆئەوەی بژێویەك بۆ ژیانی خۆم و دایکم و خوشکەکانم دابین بکەم. ئەم چوونەم بۆ بەغدا ئەگەرچی دەردەسەری مانەوەو نەبوونی زۆری تێدا بوو، بەڵام لە ڕووی تێکەڵاوبوونمەوە بە ناوەندێکی ڕووناکبیری و ئەدەبی گەورەوە بەهرەی شیعرو نووسینی قاڵکردم. لە ڕۆژنامەی "برایەتی"ی حەفتانەدا ئەمنووسی و یەکێك بووم لە نووسەرانی ئەو هەفتەنامەیە. دواتر خرامەوە سەر کارەکەی خۆم، بەڵام ئەمجارەیان لە دائیرەی "ماء و مجاری"و هەر لە بەغدا خۆی.

لەو سەردەمەدا "حسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم و کاکە مەم بۆتانی"یش هەر لە بەغدا ئەژیان. ڕۆژانە یەکترمان ئەبینی، من هێشتا دیوانی یەکەمی خۆمم بڵاونەکردبۆوە. بە گەرمی و پەرۆشێکی لە ڕادەبەدەرەوە کەوتبووینە خوێندنەوەو نووسین و دەمەتەقێ دەربارەی ئەدەب و هونەری کوردی هەموومان هەستمان بەوە کردبوو کە ئەدەبی کوردی پێویستی بە

خوێنێکی تازە هەیە. هەر لەم بۆچوونەیشەوە، بیرکردنەوە لە بڵاوکردنەوەی بەیانێکی ئەدەبی خولیامان بوو. تەنانەت بیرکردنەوەش لە دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی "کورد" بۆ یەکەمجار هەر لەناو ئەڵقە ئەدەبیەکانی ئێمەدا گەڵاڵەبووو سەریهەڵدا.

■ لەم چەند ساڵەی دواییەدا چیرۆکی کوردی گەشەکردنێکی باشی بەخۆوە بینیوە. ڕات چیە بەرامبەر بەم چیرۆکنووسانە:

١-ڕەئوف بیگەرد:

□ حەز ئەکەم پێشەکی ئەوە بڵێم، من خوانەخواستە لەسەر کورسی مامۆستایەتیو سەکۆی ئامۆژگارییەوە، قسەناکەم. ئەبێ ڕای من بەرامبەر بەو ئەدیبانە چ بەهایەکی هەبێ..و خۆیان چۆن چۆنی تەماشای بکەن؟؟ لەگەڵ ئەوەیشدا لێرەدا من وەك خوێنەرێکی چیرۆکی ئەوانو بە گشتی قسەئەکەم، قسەیش لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن نییە، بەڵکو دەربڕینی هەستو ئەستەو هیچی تر.

ڕەئوف بیگەرد.. زمانە ئەدەبیەکەی لە زمانە هەرە ڕەوانو بێ گرێو گۆڵەکانی ناو چیرۆکی کوردییە. زمانی شاخو داخو ڕەوەزەکانو گەڕەکە میللیەکانی ناو سلێمانییە. من کە چیرۆکی بیگەرد دەخوێنمەوە، وەك بۆنی خاكو خۆڵو کوردستان بکەم وایە. چاوم بە شاکارەکانی کلتووری ڕەسەنی کوردی ئەکەوێت، بەناو مێژوویەکی ڕەنگاڵەناسادا ئەگەڕێم، وا هەستئەکەم ئەمخاتە سەر باڵی هەڵۆکانیو بەرەو هەوارەکانی زەنویرو کوێستانەکان ئەمڕفێنێ. بەشی زۆری چیرۆکەکانی چاوو دەنگو ڕەنگی گەڕەك، کۆڵان، شاخو داخو کەوێڵەکانیان تێدایە. جگە لەوەیش، هەست بە ئازاری مرۆڤی کوردو بە ئەندێشەو خەمەکانیان ئەکەیتو وەك بەردەوام لەگەڵتا بێ وایە. پاڵەوانی چیرۆکەکانی هەر ڕەشو سپی نین، بەڵکو گەلێجار لە ئازایەتیدا ترسو لە ترسا ئازایەتیان تێدا ئەبینینەوە. ئەمەیش خۆی بۆ خۆی ژیانی ڕاستەقینە ئەکا بە ئاوێنەی ئەو چیرۆکانە. یەکێکیشە لەو چیرۆکنووسانەی ئەوەستاوەو سوودێکی زۆریشی لە هونەری تازەی چیرۆکنووسین وەرگرتوە. وێنەی شاعیرانەی زۆرە، لە "هەوار" و "هەڵۆ" و "کۆڵان"دا، لە کورتیلە چیرۆکەکانیدا سۆزێك هەیە

لە سۆزی عاشق ئەچێت و خوێنەر ناتوانێ لێیان دووربکەوێتەوە، یان ئەکەوێتە کەمەنیانەوە. کت و مت لە هێزێکی موگناتیزی ئەچن و ڕاتئەکێشن. چیرۆکەکانی ڕەئوف بێگەرد لە قاسپەی کەو ئەچن، زوو ئەناسرێنەوە. هونەری چیرۆکنووسین لای ئەو نە فانتازیای ڕووتەو نە ئەدەبێکی دەم بەهاوار، بەڵکو هەردوو تەریبی هونەرو واقیع تێکهەڵکێشی یەکتر بوون. یادگارو خەون و ڕابردوو لای بێگەرد تام و چێژی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو کانیانەی وا ئەزانی وشکبوون و لە بیرچونەتەوە، دیسانەوە جارێکی تر لای ئەو ئەتەقێنەوەو ئاوپرژێنت ئەکەنەوە. هەمیشە هەورێکی تەنگیڕۆمانسیانە وا بەسەر وڵاتی چیرۆکەکانییەوە. بە هێمنی و لە ڕێگای زۆر سادەوە ئەچێتە ناوەوە، بەڵام وردە وردە بەرەو قوڵایی ئەتبا. ئەو ئالودەی دۆزینەوەی نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤە، "فزوڵی"یەو سەر بە هەموو کون و قوژبنێکا ئەکات. زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکانی لە واقیع خۆیەوە، لە کەسانی دەوروبەرەوە، لەو ڕووداوەکانەوە هەڵئەهێنجێ، بەڵام زمانی شیعریان پێ ئەبەخشێ. ئەو چیرۆکانە بە مانای وشە "چیرۆکی کوردین" واتە خاسیەتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و مرۆڤی کوردیان تێدایەو بۆن و بەرامەی ئەوانیان لێ دێت. خۆماڵێتی نەکردوە بە دەربڕینێکی ساکار، کوولتورو فۆلکلۆریشی نەکردوە بە زیندان، کاتی ئەوەیش هاتوە بێگەرد ئەم زمان و توانینە بەرەو نووسینی ڕۆمانیش بگوێزێتەوە.

٢-شێرزاد حەسەن:

□ شێرزاد لە پێشدا وەك منداڵێکی شەرمنۆك هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوەو کەچی وا ئێستەیش داروبەرد زەلالەتیەتی بە دەستیەوە..! ئەم بەهرەیە لەناو سەرکوتکردنەوەدا ژیاوە، بۆیە لە دواییدا بوو بە هاوارێکی بەردەوامی ئازادی. ئەگەر شپرزەیی و ترس و دڵەڕاوکێی ژیانی پێشینەی خۆی نەبوایە، ڕەنگبوو ئەم وزەو توانایە ڕێبوارانە بەم ژیانەدا تێپەڕبوایە. کەم چیرۆکنووسی کورد توانیویەتی ئەوەندەی شێرزاد بە قووڵی و ئازایەتی و عەشقەوە لە خۆی، لە دایکی، لە باوکی و لە دەروبەری وردبێتەوەو تاووتوێیان پێ بکات و لێیان یاخیببێ و بە سەریاندا بگری و پێیان پێبکەنێ و لە دیمەنە هەرە ترسناکەکاندا

وێنەیان بگرێ. شێرزاد تەقینەوەی بەهرەیەکی کەبتکراوی ژیانە، چیرۆکنووسی ئازارەکانی خێزانە، خێزان بە مانای کۆمەڵگاو مێژووی سەرکوتکردن، هەر لە تاکە مرۆڤێکەوە بۆ هەموو.. لە ماڵێکەوە بۆ گەڕەکێکو لە گەڕەکێکەوە بۆ شارێکو تا وڵاتێکو تا مرۆڤایەتی. پەیوەندیی لە نێوان کەسانی چیرۆکەکانیدا هەمیشە گوماناویو بەرپرسیارە، واتە دڵنیاییو ئارامیی زۆر کەم جێگەیان لە چیرۆکی شێرزاددا ئەبێتەوە. پەیوەندییەکان چڕوپڕنو هەمیشە شتێك ئەوروژێننو سەری گلۆڵەی کێشەیەك ئەکەنەوەو ئیتر ئەو سەری گلۆڵەیە لەگەڵ خۆیدا ئەتباتو ئەتکا بە ناو چەندین تونی بابادا. شێرزاد زۆری پێیە بیڵێت، بۆیە لە هەموو چیرۆکەکانیدا لێی ئەڕژێو لە بارانێك ئەچێت نەیەوێ خۆش بکاتەوە، ئەمەیش بۆ چیرۆکی کورت هەندێجار ئەبێتە خەوشێکی دیار، چونکە بڕبڕەی پشتی چیرۆکەکانی بەرگەی ئەو هەموو قورساییو بارە زۆرە ناگرێ، بەڵام لە سەرێکی ترەوە ئەم خاسیەتی لێڕژانە بۆ چیرۆکنووسێکی بەهرەداری وەك شێرزاد، ڕەنگە دەرگای نووسینی ڕۆمانی لەبەردەمدا بکاتەوە. ئەو هونەرە کە تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە وردکردنەوە (تەفاسیل) ئەبەستێتو وەك ئەڵێن ئەبێ موویەك لە موویەك بکرێتەوە!. چیرۆکنووسی ئەم سەردەمە ئەگەر ڕووناکبیری سەردەمیش نەبێ ناتوانێ بەردەوام بێو بەخشینی تازەی لە تازەبوونەوەدا بێ. ئەم زەریایە هەموو گەمییەك نایبڕێت. شێرزاد هونەرمەندەو ڕووناکبیریشە، ئەوەندەی من لە نزیکەوە ناسیبێتم مێملی بەردەوامی خوێندنەوەو سۆراخی بەرهەمی تازەیە، جگە لەوەیش بە چەند زمانێك ئەخوێنێتەوە، کە ئەمەیش خۆی بۆ خۆی گەورەترین پاڵپشتی بەهرە گەورەکەی ئەوە.

*شێرزاد چی کردوە؟!* وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. ئەوەی پێویستە لە پێشدا بیڵێم شێرزاد تا ئێستە هەر لە سەرکەوتندایە، واتە بەرەو خوار نەهاتۆتەوە. ئینجا ئەوەندەی من تێگەیشتبم: شێرزاد پەیوەندییە ئینسانییەکانی ناو چیرۆکی کوردی فراوانترکرد، بە تێرامانێکی قوڵەوە لە دەروونو ناخی ئەو مرۆڤانە وردبۆتەوە. بەمەیش هونەری چیرۆك نووسینی ڕەنگینتر کرد. دیالۆگی گەرمترو پەلوپۆدارتری هێنایە ناو چیرۆکی کوردیەوە.

لە سەرەتادا ڕوانینەکانی شێرزاد حەسەن هەر لە حەوشەو ماڵێکدا گیریان خواردبوو، بەڵام لە هەڵکێشانی بەردەوامدا ئەم ڕوانینە، وەك چەندین باڵی تریان لێ بڕوێت، بەو جۆرە کەوتنە شەقڵێ. من پێموایە یەکەمین خەمی ئەم چیرۆکنووسە لە هونەر خۆیەوە دەستپێدەکات. واتە یاسای دەقەکان ژیانی ئەون نەك یاسای دەرەوەی ڕووداوو بەسەرهاتەکان. گێڕانەوەیە کە ڕوو لە پاشەڕۆژ ئەکات و هەندێجاریش ئەیەوێ لە دوو ئاوانی فەلسەفەکاندا، بینەوەی بە زەقی بانگەشەیان بۆ بکات، خۆی نقومبکات و بێتەوە دەرەوە. ئەدەبی شێرزاد حەسەن شەپۆلێکی بەهێزی تووڕەیی پەخشان و یاخیبوونی هزری ناو ڕووبارەکەی ئەدەبی کوردییە. زمان لای ئەو جوڵانەوەیەك نییە بۆ ئارامی و دڵنیایی خوێنەر، بەڵکو هۆیەکە بۆ هەژاندن و قوڵبوونەوەو تێڕامان و هەندێجاریش ئازاردانە بۆ ڕاچڵەکین..!

■ ئەدی ڕۆمان؟

□ ڕۆمان لەدایکبووی شاری گەورەو کۆمەڵی پیشەسازی و چینی بۆرژوازی تازەپێگەیشتووی ئەوروپا بوو، ئەم هونەرە لە ناوەندی پەیوەندییە چڕوپڕو بەربڵاوەکانی کۆمەڵگای تازەوە سەریهەڵداو لە گەشەکردنی دەسەڵاتی ئەقڵ و زەمینەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکاندا بنجی داکوتا. وەك ئەڵێن مەلحەمەی سەردەم بوو، مەلحەمەی سەدەی نوێ و هونەری فرەدەنگ و فرەڕەنگ بوو. تەنانەت سەرهەڵدانی ئەم تەرزە ئەدەبەیش لە ڕۆژهەڵاتدا، لە پێشدا هەر لەو وڵاتانەدا سەریهەڵدا کە زووتر کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی وزەی شارستانێتی هاوچەرخەوە، وەکو میسرو وڵاتانی دیکەی باکووری ئەفەریقیا. بۆیە بەم پێیە ئەتوانین بڵێین ڕۆماننووسین ئەو ئەدیب و ڕووناکبیرانە بوون کە بەهرەو توانای پێگەیشتووی ئەو جۆرە کۆمەڵگا پێشکەوتووانە بوو. کوردیش لەژێر کارتێکردنی ئەدەبی دراوسێکاندا، کە پێشتر بەهۆی بزوتنەوەی وەرگێڕانەوە ڕۆمانیان ناسیبوو، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم هونەرەی لا دروست بوو. "ڕەحیمی قازی" و "ئیبراهیم ئەحمەد" بۆ یەکەمجار بەردی بناغەی ئەم هونەرەیان لە زمانی کوردیدا دانا، ئەگەر بشێ بڵێین هەندێجار

شیعری زۆر مەزن لەوانەیە زادەی بەهرەیەکی گەورە بن، ئەوا لە هونەری ڕۆماندا ئەم ئەگەرە بواری زۆر تەنگ ئەبێتەوە یان هەر نامێنێ، چونکە بە ڕاستی ئەم ئەدەبە سنعەتێکی هونەریی ناو فەرهەنگی ڕووناکبیریەکی مەعریفی دەوڵەمەندی هەمەجۆرو هەمەچەشنە. ڕۆماننووس جگە لە سەلیقەی خەیاڵو وردبوونەوە، پێویستە خاوەن ئەزموونێکی قاڵبووی هەمەلایەنەی ژیانو واقیع بێ، ئاگاداری جوڵانەوەی مێژووی کۆمەڵگا، زانیاری، زانست، پیشە هەمەچەشنەکانو زەریاوانێکی ناو زمانەکەی خۆیو کوولتووری سەردەمو زەمانی خۆی بێت. لەم ساڵانەی دواییشداو لە کوردستانی خواروودا ئەو هەوڵانەی کە چیرۆکنووسان "حسین عارف، محمد موکری، عبدالله سەراج" دایان، ئەتوانین بڵێین دانانی چەند چینێکی تازەتر بوون لەسەر دیواری ئەم هونەرە گەورەیە لە ئەدەبی ئێمەداو ئەمەیش پێویستی بە باسو لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە.

■ بزوتنەوەی شانۆ چۆن دەبینی..؟

□ بزوتنەوەی شانۆگەری لە کوردستاندا مێژوویەکی کۆنی نییە. ئەو نواندنە سەرەتایانەی سەر شانۆیش، کە لە خوارووی کوردستانو لە سەرەتای بیستەکاندا سەریانهەڵدا، ڕەنگە تێکڕا بچنە خانەی "نواندنی فێرکاری"یەوە، کە سەکۆی قوتابخانەکان بوون بە جێگەی ئامۆژگاریان. ئەتوانین بڵێین: ئەو سەرەتایانە یەکەمین تەوقەی خۆ پێناسینی بوە لەگەڵ ئەم هونەرە گەورەیەدا. لە سەرەتای پەنجاکانو بەرەو ژوورتر، لە شەستەکاندا چ وەك چەند چ وەك چۆن، جۆرە گەشەکردنێکی زیاتر بەم هونەرەوە ئەبینین.

لەو ساڵانەدا دەقی شانۆیی، لە ڕێگەی وەرگێڕانی شانۆنامەی جیهانییەوە، زۆرتر بوون، ئەگەرچی گەلێجاریش دەستکاریکردنیان لە ڕادەبەدەر تێدا ئەکراو بە هەزار حاڵ ئەناسرانەوە. دیارترین هونەرمەندی سەر شانۆی ئەو ساڵانە "ڕەفیق چالاك" بوو، ئەم هونەرمەندە تەنها پشتی بە بەهرەیەکی خۆڕسکی خۆیو بەدەمو پلیڕەوانو بە لەبلەبانیی خۆی بەستبوو، ئەگینا وەکی تر، شارەزاییەکی قووڵو پشتخانێکی زانستیو ئەکادیمی نەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەکتەرێکی میللی سەردەمی خۆی بوو. بەلای منەوە ئەم هونەرە لە

حەفتاکاندا گەشەی چاکی کردو توانی بکەوێتە سەر پێی خۆی و کاملتر بنوێنێ. ئەم گۆڕانە چۆنایەتییەش پەیوەندیی بە بارودۆخی سیاسیی لەباری ئەو سەردەمەو بە هاتنەکایەی چەند تیپێکی شانۆیی گرنگی وەکو تیپی پێشڕەوو سلێمانی و کۆمەڵی هونەرە جوانەکانەوە هەبوو. هەروەها بەو کادێرە شانۆییانەوە کە پێشترو دواتر ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی بەغداو ئەکادیمیایان تەواوکردبوو لە بەغدا، بە ئەزموون و زانیاریی و شارەزاییەکی هونەری هاوچەرخەوە هاتبوونەوە بۆ کوردستان. هونەرمەندانی وەکو غازی بامەڕنی و ئەحمەد سالارو فازیل جاف لەسەرەتای ئەم وەرچەرخانە گەورەیەدا دەوری لەبەرچاویان هەبوو. بەلای منەوە فازیل جاف لە شانۆنامەی پردی ئارتاو دووڕەگدا جۆرە تێڕوانینێکی تازەتری بۆ شانۆ هێنایەکایەوە، یان ئەتوانم بە جۆرێکی تر بڵێم: هەندێ سنووری باوی شکاندو پرسیاری تازەتری هێنایەکایەوەو ورووژاندنێکی دروستکردو گۆمەکەی باشتر شڵەقاند.

■ کەی ئاشنای هونەری شێوەکاری بوویت..؟ ئێستا لە چ ئاستێکدا دەیبینی؟

□ بیرمە کە بە منداڵی ئەیانبردم بۆ حەمامی دەرەوە، لەسەر دیوارەکانی ڕاڕەوی شوێنی خۆ ڕووتکردنەوەو خۆپۆشتەکردنەوەی هەندێ لەو گەرماوانە وێنەی گەورە گەورەی هەندێ دیمەنی سروشت، مەل، باڵندە، شێر، ئاسک، ئەسپ، گردۆڵکە، شاخ و دارستانی ڕەنگاوڕەنگ کێشرابوون و منیش لێیان ورد ئەبوومەوەو سەرسامیان ئەکردم. هەروەها لە ماڵیشەوە ئەسپە بوراقە باڵدارەکەی سەر ئەو سنووقە گەورەیەی نوێنمان لەسەر هەڵئەچنی سەرنجی ڕاکێشابووم.. (وا ئەزانم ئەو وێنانەی سەر دیواری حەمامەکان لە دەستکردی -حسن فەلاح- بوون). بەمجۆرە ئەتوانم بڵێم ئەوە سەرەتای یەکەم پێناسین بوە لە نێوان چاوی من و هونەری وێنەکێشاندا.. بە خۆیشم لەسەر دیواری تاقە ژوورەکەمان هەندێجار دەموچاوی ژن و پیاوم دروستئەکرد. بەڵام دواتر لە قوتابخانەو لە دەرسی ڕەسمدا ئەوە دەرکەوت کە هیچ بەهرەیەکی وێنەکێشانم تێدا نەبوو.

لە پەنجاکانداو لە شاری سلێمانی دوو وێنەکێشی ناسراو هەبوون.. "جەمال بەختیار" و "خالید سەعید".. لە سەردەمێکیشدا "خالید سەعید" هەر لەسەر شەقامە گشتیەکەی نزیک

سانەوی کچانی سلێمانی ئەوکاتە دوکانێکی کردبۆوەو تابلۆکانی خۆی دانابوو بۆ فرۆشتنی و هەندێ لەو تابلۆیانەیشی لە بەردەمی دوکانەکە ئەداو لەملاو لەولای جامخانەکەی هەڵئەپەساردن. خۆیشی بەردەوام لە ژوورەوە خەریکی وێنەکێشان بوو. ئەم دوکانە بۆ ئێمە مایەی لێوردبوونەوە بوو، چونکە لە دوکانەکەکانی تر نەئەچوو. جاری وا هەبوو نیو سەعات زیاتر بەدیار ئەو تابلۆیانەوە ڕائەوەستام و لێیان وردئەبوومەوە. ئیتر هەندێجار ئەوەندە ڕائەوەستام تا سەرنجی "خالید"م ڕائەکێشاو وەڕس نەئەبووم، بەڵام لە دواییدا ئەو خۆی وەڕس ئەبوو، دەری ئەکردم.! ئێستەیش بیرمە یەکێك لەو تابلۆیانەی چووبوە دڵمەوەو ئاواتەخوازی ئەوە بووم هی خۆم بوایە وێنەی ژنە کوردێکی شۆخ بوو، تا ناوقەد بە سەروپێچ و لاگیرەو گەردانەو پلپلە سلسلەوە، هەر جارێك بەوێدا تێپەڕیمایە نەبوایە بوەستم و تێر تەماشای بکەم. ئەم یادگارانە سەرەتای جۆرە خۆشەویستیەکیان بەرامبەر هونەری شێوەکاری لا دروستکردم.. ئەو کاتانەیش من تەمەنم هەر ١٢-١٣ ساڵان ئەبوو.

لە شەستەکانیشدا وێنەکانی "جەمال بەختیار" برەوێکی میللییان هەبوو، بەلام داهێنانی کەم بوون یان هەر نەبوون، ئەوەی ڕاستی بێ وەختێ هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا ڕەنگی هاوچەرخانەی خۆی ڕشت و لەسەر پێی خۆی وەستا کە جموجوڵی پێشانگەکردنەوە پەرەیسەندو هونەرمەندی تازە دەرکەوتن و وردە وردە بینەریان زۆربوو، کە پۆلە هونەرمەندێ بوون بە قوتابی ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی بەغداو دواتر ئەکادیمیاو بە شێوەیەکی زانستی ئەم هونەرەیان خوێندو تەواوکردو گەڕانەوە بۆ کوردستان، لە کۆتایی شەستەکاندا بوو کە بۆ یەکەمجار من هەندێ لە تابلۆکانی هونەرمەند "ئازاد شەوقی"م بینی و هەستمکرد کە ئەم وێنانە لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازن و لەیەك سەرچاوەی بەهرەو زانینەوە هەڵئەقوڵێون، دواتریش کە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی دامەزرا، گوڕوتینێکی تازەتری دا بە بزووتنەوەی ئەم هونەرەو هەر لەو سەردەمەدا بوو کە بۆ یەکەم جار هونەرمەند "عەلی جۆلا"م ناسی و یەکەم پێشانگەی خۆیشی هەر لەو سەردەمەدا کردەوە.

هەر لە حەفتاکانیشدا بوو کە لە نزیکەوە هونەرمەند "ئیسماعیل خەیات"و کارەکانیم بینیو لە هەموان زیاتر چوونە دڵەوە، تابلۆی بەرگو ناوەوەی دیوانی "کازیوە ١٩٧٨" ئەو کردبوونی، ئەم هونەرمەندە وێڵی داوی تازەکردنەوەو نوێخوازی بوو. قوڵبوونەوەو وردبینی خەیاڵێکی بە پیتو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕوانینێکی تازە بەرامبەر سروشتو دەوروبەرو مرۆڤ لە خاسیەتەکانی کاری ئەو بوون. بابەتی تابلۆکانی شتە باوەکان نەبوون، هێڵو بۆشاییو فەزای کارەکانی لە ڕەشو سپیدا، وەك ئاماژە بۆ دواڕۆژێك بکەن وابوو. هونەرمەند "ڕەمزی" یەکێك بوو لەو هونەرمەندە عاشقانەی کە هونەری خۆیو ئازاری میللەتەکەی وەك دوو ڕەنگو زیاتر لە یەکتردا ئەتوانەوە، مرۆڤی کوردو مێژووی پڕ لە تراژیدیای کارەساتەکانی ناوێتەی یەکتر ئەکرد. بە تایبەتی کە خۆیشی بەشداری لە شۆڕشی نێو شاخو ڕاپەڕیندا کردو لە ئەزموونێکی درێژخایەندا برسێتیو نەبوونیو خوێنی بینیو لە نزیك مردنەوە ئەژیا.. ئەم ئەزموونەیش بۆ ڕەمزی، هونەری ڕەمزیو هاوڕێکانی.. هونەری شێوەکاری بە پیتترو دەوڵەمەندتر کرد، هەر بە هەمان شێوەیش ئەم بەشداریکردنە لەناو چڕەدوکەڵی ئەو ساڵانەداو لەناو کارەساتەکاندا هونەرەکەی هونەرمەند "ڕێبوار سەعید"یشی چڕوپڕ ترو بە بڕشتتر کرد. هەڵبەت ئەم قسانەم ئەوە ناگەیەنێ کە هونەرمەندانی تر لە ئەزموونەدا نەژیاون یان بە تەنها ئەو ناوانە چەمکەکانی نەخشەی ئەم هونەرە لە خوارووی کوردستاندا پێکدێنن.. تەنها ئەوەیە لە گفتوگۆیەکی وادا من ئەو ناوانەم دێنەوە بیر کە پەنجە مۆرێکیان بە دەروونی منەوە جێهێشتوە.

■ ئەدی مەدحەت کاکەیی..؟

□ پێموایە هەر لە سەرەتای هەشتاکانیشدا بوو کە بۆ یەکەمجار هونەرمەند "مەدحەت کاکەیی"م ناسی، نەشێ پێشتریش بووبێ، کەم هونەرمەندیشم بینیوە ئەوەندەی (کاکەیی) عاشقی هونەرەکەی خۆی بێو تیا بسووتێ، هونەری وێنەکێشان بۆ کاکەیی لە خەڵوەتی سۆفیگەرەکان ئەچێو خۆیشی هەروەك سۆفییەك لەو خەڵوەتەدا بە وەجدی ئەوینێکی گەورە شادئەبێت، لەوەیش ناچێ ئەو لە ئێستەدا کارێکی بە "بابەتی" وێنە مابێ،

بەڵکو ئەو شەیدای وێنەکێشانی ڕۆحەو هەڵوەدای هەوێنی هونەر خۆی. ڕەنگە کاتی بینەریش بە فیڕۆ بچێت، ئەگەر بیەوێ شتێکی لە واقیعەوە نزیك لەناو هونەرەکەی ئەودا ببینێتەوە..! ئەو لە ماهیەتی ڕەنگەکاندا ئەژی.. لە زریانی ئەو ڕەنگانەدا گەرای تازەبوونەوە دائەنێ، لەگەڵ نهێنییەکاندا ئەدوێ، نهێنییەکان ڕەنگ ئەکات و تەنانەت لەودیوی ئەبستراکتیشەوە تەماشای بوون و گەردوون ئەکات، ئەگەرچی من خۆم ئەوەندەی چێژی گیانی لە هونەری "ڕێبوار سەعید" وەرئەگرم ئەوەندە لە هونەری "مەدحەت کاکەیی" وەرناگرم.

■ باسی "ڕێبوار سەعید"ت کرد وا پێدەچێت زۆر کاری تێکردبێت..؟

□ لەبەر چاوو دڵ و هەستی من (ڕێبوار سەعید) ئەو هونەرمەندەیە کە هەموو حەزو ئارەزووەکانی منی تێدا کۆئەبێتەوەو تابلۆکانی بە ڕۆحم ئاشنا ترن.. بۆچی..؟! چونکە لە یەك کاتدا کلتووری ڕەنگینی کوردەو مرۆڤایەتیشە، واقیعەو خەیاڵیشە.. من بۆ خۆم چۆن تەماشای شیعر ئەکەم، بەو جۆرەیش لە هونەری شێوەکاری ورد ئەبمەوە.. ڕوونێکی قووڵ، یان ئاسانێکی گران، یان سادەیەکی چڕو پڕ ئەمبزوێنن تێکەڵم ئەبن.

ئەو خاسیەتە هەرە گەورەو دیارەی لە هونەری "ڕێبوار سەعید"دا هەیە، خاسیەتی کوردانەی ڕەنگ و کوولتورمانەو لە هەمان کاتیشدا ئاوێتەکردنی ئەو کوولتورەیە لە جیهانبینیدا. بریق و باقی ڕەنگەکان، هێڵەکان، سیمای مرۆڤەکانی، ئەو توێژاڵە خەمانەی وا بەسەر ڕوویانەوە، هاواری ئەبیستراویان، ئەوین و ڕقیان، ئەمانە هەمووی هەر ئەڵێی لە خوێن و دوکەڵ و سروشتی کوردستانەوە زاون، خۆتیان تیا ئەبینیتەوە. ئەمە لە کاتێکدا هونەرەکە، لە ئاستێکی بەرزی دەربڕیندایە، پێناسەیەکە بۆ مێژوومان و لەناو پێناسەی تردا خۆی ون ئەکردوە. جگە لەوەیش بەردەوام بە ڕووداو کارەساتەکانەوە نووساوەو لێیان جیانابێتەوە.. بەڵکو ڕەنگ و ڕووی تریشیان پێ ئەبەخشێ و خەیاڵی هونەرمەندانەی خۆی سێبەرێکی تری جەستەو جووڵەیانە. ئەشێ بوترێ ئینجا ئەم خاسیەتانە تەنها هەر لە هونەری ئەودا دەرئەکەوتوون، ئەڵێم ڕەنگە.. بەڵام بەو وزەو توانایەوەو بەو جۆرە

چڕوپڕییەوە نەء.. لەم کەژاوەیەدا یان لەم فیستیڤاڵی هونەرەدا ڕەنگ، مرۆڤ، هەڵوێست، جیهان، هێڵ، سێبەر، ڕووناکیو هەر هەموو جوانییەك ئەبەخشن بە ژیان کە جوانی هەقیقەتەکانە، ڕاستی ئەبێتە جوانییە گەروەکە، من لەم هونەرە ئەگەمو چێژی لێ وەرئەگرم. ئەمە لە کاتێکدا ئەزانم لە بەردەم هونەرمەندێکی ساکاردا ئەوەستاوم.. یان هونەرێك نوقمی ئەبستراکتێ بووبێ کە بوونی منی، دەنگو ڕەنگو شێوەی منی، مێژووی منی، ئازاری منی لەبیر کردبێو ئەیدۆزمەوە. ئەو هونەرێك ئەخولقێنێ، هەڵەبجەیشی تێدا ئەبینێو هێرۆشیماش، چیغێکی کوردەواریو بالکۆنێکی سەردەمی تازەیش، هێڵو شێوەکاری جاجمێكو لە هەمانکاتیشدا تازەترین ئەندازیاریی هاوچەرخ، بەمجۆرە ئەو هەمیشە بە دوو باڵ ئەفڕێ، باڵێکی وڵاتەکەیو باڵێکی دنیا.. لە تەماشاکردنیشدا تەماشای منیشو پێشمەرگەیەکی کوردو سەرنجی هونەردۆستێکی ئینگلیزو شاعیرێکی ئەسپانیو چیرۆکنووسێکی کورد پێکەوە ڕائەکێشێ.

■ دۆستایەتیی نزیکت لەگەڵ شاعیرانی عەرەب هەیە..؟

□ بەڵێ.. وەك دۆستایەتی، گەلێ لە شاعیرانو نووسەرانی عەرەب لە نزیکەوە ئەناسمو پەیوەندیشم لەگەڵ هەندێکیاندا گەرمە، شاعیرانی ناسراوو ناوداری وەکو: (بلند الحیدری، حسیب الشیخ جعفر، بەیاتی، ئەدۆنیس، سعدی یونس، فازیل عەزاوی)و زۆری کەم دیونو پێکەوە دانیشتووینو لەگەڵ چەند شاعیرێکیشیاندا کۆڕی هاوبەشی شیعر خوێندنەوەمان بوە، وەکو بلند الحیدریو سعدی یوسف. لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩دا بۆ یەکەمجار لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ (ئەدۆنیس)دا یەکترمان ناسیو لە ماڵی خۆیشمان چاوی بە شریتی ڤیدیۆی کارەساتەکەی هەڵەبجە کەوت.. هەر لەو کاتیشدا پێکەوە چووین بۆ ماڵی هونەرمەندی ناسراو مدحت کاکەییو تەماشای تابلۆکانی کرد.. بیرمە بە شەیدابوونێکی عاشقانەوە خۆشەویستی خۆی بۆ هونەری بەرزی (مەدحەت کاکەیی) دەربڕی، هەر لەو ساڵانەیشدا بوو کە لە گۆڤاری (المواقف)دا حەڤدە پارچە شیعری وەرگێڕاوی منی بڵاوکردەوە.

■ تۆ وەک خوێنەوارێ حەز لە خوێندنەوەی چی دەکەیت..؟

□ چیرۆک‌و ڕۆمان زیاتر ئەخوێنمەوە نەك شیعر.. هەموو ڕۆمانێکی تازە بۆ من لە وڵات‌و مەملەکەتێ ئەچێ سەفەری بۆ بکەم، تیا بژیم، لێوەی فێربم، لەگەڵ خەڵکەکانیدا تێکەڵ بم، گوێ لە ڕازو نیازیان بگرم، بچمە ماڵەکانیانەوە بە دەروونی پاڵەوانەکانیاندا شۆڕببمەوەو لەناو کارەسات‌و بەسەرهات‌و ڕووداوەکاندا بم، لە کۆتاییشدا لە دوا وێستگەی ڕۆمانەکە دابەزم‌و خواحافیزی لە خۆشەویستەکانیان بکەم‌و دیسانەوە لە وێستگەی تر ڕاوەستم‌و چاوەڕوانی هاتنی ڕۆمانێکی تر بکەم..! جگە لەوەیش من لە خوێندنەوەی چیرۆک‌و ڕۆمان بۆ دنیای شیعری خۆم کەڵکی باشم وەرگرتوە. ئەگەر بە وردی تەماشای شیعرەکانم بکەیت هەر لە پۆستەرە شیعرەکانەوە تا شیعرە درێژەکانی دواییم ئەبینیت سێبەری هونەری چیرۆک‌و ڕۆمانیان بە سەرەوەیە. ئەمەیش لە فرەدەنگی ناو شیعرەکان‌و بزووتنەوەی هەمەجۆری ڕووداوەکان‌و لە ڕەنگینی دیمەنەکان‌و وێنەکانیدا بەدەردەکەون.

■ گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی چەند بە ڕۆحتەوە ئاشنان..؟

□ نازانم کێ وتویەتی "ئەگەر ئەتەوێت میللەتێك بناسیت گوێ لە گۆرانی‌و مۆسیقای بگرە" ڕاستی وتوە، چونکە جگە لەوەی وەك هونەرێ ڕەنگە پێوانەیەك بێت بۆ پێشکەوتن‌و دواکەوتنی ئەو کۆمەڵە، لە هەمانکاتیشدا کۆنترین پانۆرامای گیان‌و هەست‌و ئەست‌و ویژدانی ئەو نەتەوەیەشە. شیعرو گۆرانیش لە دوو ئاوانێ ئەچن ئاوێتەی ناو یەکترن.. من کە منداڵ بووم زۆرجار دایکم گۆرانی بۆ ئەوتم. ئێستەیش ئەو گۆرانیانە لە گوێمدا ئەزرنگێنەوە.. "خاڵەی ڕێبوار" "هەنار هەنارە" "لەبەر نازی چاو بازان" "باران بارانە" "با بچینە سەر وەیس"و زۆری تریش..

هەر لێرەیشەوە، لە پاڵ ئەو حیکایاتانەی کە بۆی ئەکردم، خۆشەویستی زمانی کوردی یەکەمین گەرای خۆی لە دڵمدا خست. ئەمە جگە لە یادگاری شەوانی هاوینان‌و چوونە سەربان‌و درەنگان چریکەی دەنگێکی دووری خۆش، لەگەڵ چاوبڕینە ئەستێرەدا پاش کەمێك وەنەوزو چوونە ناو دنیای خەوێکی خۆش.. لە هەرزەکاریدا شەیدای گۆرانییە

خەمگینەکان بووم، ئەو گۆرانیانەی خەمیان لێ ئەچۆڕایەوە، ڕەنگە پەیوەندیان بە باری دەروونی ئەو کاتانەمانەوە هەبووبێ، ئەڵلاوەیسی و دەنگی عەلی مەردان، لە سەردەمێکیشدا گۆرانییەکانی ڕەفیق چالاک ئینجا دیلان. ئەوەی ڕاستی بێ گۆرانی کوردی، وەك هەر گۆرانییەکی میللی ناو دنیا، پێویستە بناسرێتەوە، خاسیەتە تایبەتیەکانی ئەو میللەتە لەگەڵ خۆیاندا بگێڕن، بۆ نموونە: من کە گوێم لە "حەسەن زیرەك" ئەبێ هەستئەکەم بەناو گەورەشاخ و داخەکانی کوردستاندا ئەگەڕێم، هەستئەکەم بۆنی وڵاتەکەم ئەکەم، هەستئەکەم گوێم لە ئازارو ئاوات و مێژووی کوردە. کێ گۆرانی فارسی و هیندی ئاناسێتەوە..؟ تەنانەت لەناو شەپۆلی نوێخوازی و تازەبوونەوەیشدا ئەو تۆن و هەناسەو مۆرکە ون ناکەن.

■ لاسایی کردنەوەی ئاوازی بێگانە چۆن تەماشا دەکەی..؟

□ ئێستە، وەك زۆر شتی ترمان گۆرانی "ساختە" زۆر بوون، چ بە لاساییکردنەوەی گۆرانی عەرەبی و تورکی یان فارسی، ڕەواجە بازرگانییەکە بوە بە مەبەست.. پێویستە هەمیشە خۆمان سەرچاوە بین، کولتوورمان چاوگ بێ، لە ڕێبازی تازەکردنەوەیشدا گەلێ ناو و تیپی گرنگ دەوری ژیانەوەیان بۆ ئەم هونەرە بینیوە. تیپی مۆسیقای مەولەوی لە بیرەوەری شاری سلێمانی و کوردستاندا نیشانەیەکی زیندوە.. هەروەها تیپی مۆسیقای سلێمانی. چەندین ناوی وەکو قادر دیلان، ئەنوەر قەرەداخی، سەلام ڕەئوف، خالید سەرکارو هونەرمەندانی تر ئەم پانۆرامایە ئەڕازێننەوە. من زۆرجار گوێ لە ماملێ ئەگرم، گوێ لە سەید عەلی ئەسغەر ئەگرم، گوێ لە خالقی و ڕەزازی ئەگرم بۆ ئەوەی وەك ئەڵێن "میزاجی کوردەواری"م سیس نەبێ و تێکنەچێ..! لە گۆرانییەکانی ڕۆژئاوادا حەز لە خاو و هێمنەکانیان ئەکەم.. دڵم ئەوەندە بۆ گۆرانی فارسی لێ نادات.. کەچی سەیر ئەوەیە زۆرم حەز لە مەقاماتی تورکی یەو لە کۆراڵی ئەو گۆرانیانە: بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش شەوانە درەنگ گوێم لێ ئەگرتن و ڕادیۆکەم لە نزیك سەرمەوە دائەنا تا خەوم لێ ئەکەوت!

■ ئەدی گۆرانی عەرەبی..؟

□ لەناو گۆرانییە عەرەبیەکاندا، شەیدای دەنگی (فەیروز) و گۆرانییەکانی ئەوم..

■ ناشناترین ڕۆژگار لە ئاختا كامانەن..؟

□ لە ژیانی هەموو مرۆڤێكدا كۆمەڵێ ڕۆژگار هەن ئەبنە باڵا ئاوێنەی خەون و یادگارو لەبیر ناچنەوە.. یەكێك لەو باڵا ئاوێنانەی ژیانی من ئەو دوو ساڵە بوو، كە لە نزیك هەڵۆكانی شاخ و داخ و لەناو كۆمەڵێ هاوڕێی گیانی بە گیانیی‌دا وەك پێشمەرگەیەكی شاعیرو قەڵەم بە دەستێكی عاشقی وشەی ڕاپەڕیو لە ناوچەكانی ئاوەژێ و سیروان و كانی توو دۆڵی جافەتیدا بەشداری خەباتی چارەنووسسازی گەلەكەم بووم و لەگەڵ شیعرەكاندا هاودەمی ڕێ و بانە خوێناوییەكانی ئەو قۆناغە بووین. ئەو كاتەی كە شاعیرێ بە جەستەیش شوێن پێی شیعرەكانی ئەكەوێ و بە كردەوە ئازادی و شۆڕشی خۆش ئەوێ و لە ئێرینەی بەسەرهاتەكاندا گۆرانییان بۆ ئەڵێ، ئەوكاتە لە هەموو كات زیاتر بوونی خۆی وەك مرۆڤ و وەك شاعیریش هەست پێ ئەكات و ئەزانێت كە ئەو ژیانە ئاساییەكەی ڕابردووی نییەو لە نوێبوونەوەدا لەدایكئەبنەوە. نوێبوونەوەی ژیان و هەڵوێست و شیعری نێو ئازارێكی سەوز، ئازارێ كە خۆت هەڵیئەبژێری و ئەزانیت چارەنووسێكە كە لە خودی خۆت گەورەترو پیرۆزترەو هێزیش لە مێژوویەكەوە وەرئەگرێت كە بەراییەكەی تا چاو بڕئەكات بێسنوورە، مرۆڤ لە هەموو شتێ مەزنترە، خەڵكی برسی و ڕەش و ڕووتی وڵاتەكەیشم لە شیعر گەورەترن. شاعیرێ كە ئازادی وڵاتەكەی سەربڕن و گوڵ و منداڵ و خەون و هەموو هیوایەكی بسووتێنن چی بۆ ئەمێنێتەوە..؟! شاعیر بەرپرسی ئەو چارەنووسەیشەو دەنگی ئەو، دەنگی بەردو شاخ و داخ و شەقامیشە.

■ ناخۆشترین هەڵوێست تێێ كەوتبێت..؟

□ وەك ئەزانیت من بە گەشتی شیعر خوێندنەوە، وڵاتانی جیا جیام دیوە، یادگارو بیرەوەری ئەو سەفەرانەیش ئەبنە بەشێكی گرنگ لە ئەزموونی مندا. هیچ ئەبێ بۆ دەفتەرەكانی بیرەوەریم، ئەو دیدارو هەڵوێست و دیمەن و ناسینی شیعردۆست و كەسانە زۆرن كە لەو گەشتانەدا دیومن و لە نزیكەوە تێكەڵیان بووم و ڕووداوێكیان ڕەنگە زۆرتر بە دڵەوە نووسابن و لە بیرەوەریدا مابنەوە، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٨٧ لە شاری "تۆرینتۆی"

ئیتاڵیدا ئێوارە کۆڕێکم هەبوو، هەڵبژاردەیەکی شیعرەکانم پێشتر کرابوون بە -ئیتاڵی- ئەبوایە ئەو شیعرانەیش ئەکتەرێکی ئیتاڵی ناسراوی ئەو شارە لەگەڵ مندا بیانخوێنێتەوە، بیرمە نیو سەعاتێ بەر لەوەی کۆڕەکە دەست پێبکات لەگەڵ خانمەکەی هاتن، دوای یەکتر ناسین وتی *من ئەبێ شیعرەکان بخوێنمەوە، خۆیشم هەڵیانبژێرم!* واتە ئەوەی بە دڵم نەبوو من *نایخوێنمەوە*..! ئەوەی ڕاستی بێ من سست بووم.. چونکە لە دڵی خۆمدا وتم: باشە وا ئەم (دە) شیعری بۆ هێشتمەوە یان کەمتریش من چی بکەم..؟! فایلی شیعرەکانی وەرگرت‌و چوو لەولا دەستیکرد بە خوێندنەوەیان تا لێ بۆوە، ئینجا هاتەوە بۆ لای ئێمە، من ئەتووت لەسەر ناگرم.. قسەی کرد هاوڕێکانم تەرجومەیان کرد وتی: دە باشە من ٣٩ شیعریان ئەخوێنمەوە، ژمارەی هەموو شیعرەکانیشم پێموایە ٤٢ شیعر بوون، باش بوو هەناسەیەکی ڕەحەتیم هەڵکێشاو ڕزگارم بوو. جارێکی تریش هەر لە ئیتالیا بوو، دوای خوێندنەوەی شیعرەکان، خانمێك هات بۆ لام‌و وتی: "شیعرەکانم پێ باش بوون، بەڵام من کە ئێستە هاتووم بۆ لای تۆ زیاتر لەبەر ئیلقاو خوێندنەوەکەت هاتووم".

ساڵی ١٩٩٠ یش لە بەرلین لە "مەڵبەندی ڕووناکبیری جیهان" لە میهرەجانی ڕووناکبیریی عیراقدا ئێوارە کۆڕێکیان بە تایبەتی بۆ سێ شاعیر ڕێکخستبوو: (بلند الحیدری)و (سعدی یوسف)و (من)، وەختی دەستپێکردنی کۆڕەکەو خوێندنەوە سەعات حەوتی ئێوارە بوو، بەرنامەکە وا ڕێکخرابوو "زەینەب" ژنە ئەکتەری بەناوبانگی عێراقی شیعرەکانی من بە عەرەبی بخوێنێتەوە، دەستنووسی شیعرەکانم لای "سامی شۆڕش" بوو، ئەویش چووبوو بۆ بەرلین، بەڵام ئەو دڵنیای کردبووم زوو ئەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە دەربەست نەبووم، بوو بە سەعات شەش‌و نیو سامی دیار نەبوو.. بوو بە حەوت‌و هەر دیار نەبوو، چووینە سەر شانۆکە، ڕێکخەری پرۆگرام کەوتە پێشکەشکردنی یا پێناسینی شاعیرەکان، سامی هەر دیار نەبوو، (زەینەب) دەقی تەرجومەی شیعرەکانی لابوو، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو من هیچم لا نەبوو، بۆ خۆیشم قەت شیعر لەبەر ناکەم.. چی بکەم..؟! (زەینەب)م ئاگادارکردو پێم وت مەسەلە چیە.. لەبەرئەوە هەر خۆت شیعرەکان بە عەرەبی بخوێنەوە..!

بلند الحیدری کەوتە خوێندنەوەی شیعرەکانی خۆی، سامی هەر دیار نەبوو..! وەك ئەڵێن لەو ساتانەدا پەلەپیتکەیان لێ دامایە شەقم نەبرد..! نۆرە گەیشتە سەر (سعدی یوسف)و ئەویش دەستی بە خوێندنەوەی شیعرەکانی کرد، سامی هەر دیار نەبوو. ئەوکاتەی سعدی یوسف دانیشتەوە لە دەرگاکەوە سامی دەرکەوتو دەستیی کرد بە جانتاکەیداو شیعرەکانی دەرهێناو گەیشتەوە دەستم، منیش یەکسەر دەستمکرد بە خوێندنەوە..! بەوجۆرە ئەو جارەیش ڕزگارم بوو.. ئەو ڕۆژە بۆ من زۆر دژوار بوو..!

■ چی تر..؟

□ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦یش لە ئەمستردام ی پایتەختی هۆڵەندا ڕێکخراوی (ئایدە)ی هۆڵەندی میهرەجانێکی گەورەی ڕوناکبیری بۆ ئەدەبو ڕووناکبیری عێراقی لە مەنفادا ساز کردبوو شاعیری ناسراو "مظفر النواب"یش لە شامەوە هاتبوو. لە ئێوارە کۆڕەکەی مندا ژمارەیەکی باشی هۆڵەندی ئامادەبوون. دوای تەواوبوون هاتینە دەرەوە. لە کافتریاکە دانیشتم بۆئەوەی قاوەیەك بخۆمەوەو پشوویەك بدەم، لەو کاتەدا برادەرێکی کورد هاتو ژنێکی هۆڵەندی لەگەڵدا بوو، ژنەکە تەمەنی لە پەنجا ساڵ بەرەو ژوورتر بوو، پێی ناساندم.. هەر ئەوەندە نیتر ژنەکە دەستیکرد بە گریان.. گریانێکی بە کوڵی وا کە هەموومانی سەرسامکرد، ژیر نەئەبۆوە، قسەیان لەگەڵدا کرد، وتی: "*من دکتۆرەم، سەرم بۆ زانستەو دڵم بۆ شیعر، شیعرەکان کاریان تێکردم، خوێندنەوەکەیش زیاتر.. جگە لەوەیش لەو ساتانەدا کارەساتەکانی گەلی کوردم بیر کەوتەوە کە چی بەسەر هاتوە..!*". لە دواییدا برادەرەکەم وتی: ئەم ژنە دکتۆرە بە خۆیشی شەش ساڵی تەواو لە (غانا)ی ئەفریقیا خزمەتی نەخۆشەکانی ئەو میللەتەی کردوە! هێشتاش فریشتەی خێرو خۆشی لە دنیادا هەر ماوە..!

■ ئەدی یەکەمین بیرەوەری سیاسیو ئەدەبیت چییەو کەی بوو..؟

□ یەکەمین بیرەوەری سیاسی و یەکەمین بیرەوەری ئەدەبیم، بەو مانایەی هۆش و گۆشیان وروژاندبێ و لەناو خۆدا مابنەوەو بیرنەچووبنەوەو لە سەرەتای پێ ڕکەبووندا ڕووبەڕووم بووبنەوە ئەم دوو یادگارەن:

**یەکەم:** تەمەنم ١٤-١٥ ساڵان بوو، تازە چووبوومە پۆلی یەکەمی ناوەندی سلێمانی، ڕۆژێکیان دوای دەرسی یەکەم پێیان وتین: ڕووبکەینە هۆڵە گەورەکەی قوتابخانە، چووین و سەرو خواری هۆڵەکە جمەی ئەهات، ئەمان ئەزانی ئەم گردبوونەوەیە بۆ چییەو لەبەر چییە، لە پڕێکدا چەند پۆلیسێك دەرکەوتن و ئینجا پیاوێکی ئەفەندی کەتەی سەر ڕووتاوەی گرژو مۆن کە چەند کەسێکی تریشی بە دواوە بوو، بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ئێمەیشەوە، زۆر بە خێرایی ڕوویانکردە سەر شانۆکە، زانیمان ئەوە -عومەری عەلی- موتەسەریفی سلێمانییە، دوای ئەوەی سەرکەوتە سەرەوە بەرامبەرمان ڕاوەستاو ئیتر هۆڵەکە سرکەی لێوە نەئەهات. بە زمانێکی کوردی تێکشکاو کەوتە قسەکردن.. پوختەی قسەکانی ئەوە بوو: "حکومەت باوکی هەموانەو بۆ خۆشیی ئێمە دامەزراوە.. بەڵام هەندێ گێرەشێوێن و پیاوی ڕووس ئەیانەوێ ئەم وڵاتە تێکبدەن. ئێمە ئەوانە ئەکەین بە عیبرەت بۆ هەمووتان و ڕەحمیان پێ ناکەین". لە دواییدا دەستێکی بەرەو دەرگای هۆڵەکە ڕاکێشا، کە ئاوڕمان دایەوە بینیمان لاوێکی قژ ڕەشی باریکەلەی گەنم ڕەنگ، هەردوو دەستی لە کەلەبچەو زنجیرەدایە دوو پۆلیسیش لەملاو لایەوە، لەسەر خۆ ڕەو شانۆکە هەنگاونەنێ.. دواتر زانیم کە ئەو لاوە "شێخ صدیقی شێخ مەحمود" بوو، سەرکەوتە سەر شانۆکەو پۆلیسەکانیش هەر بە تەنیشتیەوە بوون، بەرامبەر ئێمە ڕایانگرت. عومەر عەلی دەستی کردەوە بە قسەکردن و هەموو جارێکیش کە وشەی "عیبرەت"ی دووبارەئەکردەوە دەستێکی بۆ لای بەندکراوەکە ڕائەکێشا.. بەمجۆرە تا لە قسەکانی بۆوە. "شێخ صدیق"یش بێباکانە ڕاوەستا بوو چاوی بڕیبوە بنمیچی هۆڵەکەو هیچی نەئەوت. لە دواییدا پۆلیسەکان بردیانە دەرێ..

ئەم دیمەنە بۆ من تازە بوو، جێی سەرسوڕمان بوو، چەندین پرسیاری لە ناخمدا وروژاند: بۆ گیراوە..؟! لەسەر چی..؟! چی کردوە..؟! ڕووس چی ئەوێ..؟ ئەو کەلەبچەو

زنجیرە بۆ..؟! ئەی دوایی چی لێ ئەکەن؟! بۆ شەویش کە نووستم لە خەوما باوکم بینی زیندووبۆتەوە، بەڵام هەردوو دەستی لە کەلەبچەو زنجیرەدا بوو..!

دووەم: هەر لەو تەمەنەدا بوومو هەوای شیعر لە کەللەی دابووم، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی "گۆران" و "هەردی"م لەبەر بوو، پەلەم بوو منیش ببم بە شاعیر. شتێکم نووسیبوو، بەلای خۆمەوە باش بوو. ختوکەی فیزی دابووم (بەڵام دوایی زانیم لە هەموو شتێك نەچوو لە شیعر نەبێ..!) نازانم چۆن ئەوەم هات بە خەیاڵدا، یان بە چ ئەقڵێکەوە پرکێشی ئەوەم کرد مامۆستا "گۆران" بدۆزمەوەو شیعرەکەی خۆمی نیشان بدەم! تاقیبم کرد وتیان شوێنی کارەکەی، دائیرەکەی هەر لە ناو سەرادایە، چوومو جێگەکەیم دۆزیەوە، ویستم بزانم لە کام ژووردایە لەو کاتەدا بە رێکەوت خۆی هاتە دەرەوە دۆسیەکی بە دەستەوە بوو، دیار بوو ئەیویست بچێتە ژوورێکی تر، هەر لە راڕاوەکەدا گرتم..! پێم وت من فلانمو ئەو شیعرەیشم نووسیوە، لە پێشدا زەردەخەنەیەك گرتی وەك بڵێت "ئاخر ئەم شوێنەو تەماشاکردنی شیعر..!" پارچە کاغەزەکەی لێ وەرگرتم چاویلکەکەی لە گیرفانی سەرەوەی چاکەتەکەی دەرهێناو کردیە چاوی، لە نووسینەکە وردبۆوە. ئەمجارە قەڵەمەکەیشی لەبەر باخەڵی دەرهێناو لە هەندێ شوێندا کەوتە خەت پێداهێنانو ژمارە نووسین (٤×٤، ٣×٣+٣، ٢×٢) بەم جۆرە، لە دواییدا دەستێکی بەسەرمدا هێناو وتی: "تۆ نەك هەر باوکت باپیریشت هەندێ شیعری نوسیوە" ئەوە یەکەمجار بوو بزانم باپیریشم شیعری نووسیوە، ئینجا وتی: "زۆر باشە ، بۆ خۆت بخوێنەوە. ئەوانەیش ڕاست بکەرەوە". هەڵبەت من ئەوکاتە ئەمئەزانی کێشی شیعری کوردی چیەو چۆنە، توومەز هەموو گیانی شیعرەکە گێڕو گۆجو لەنگ بوەو بۆ خۆیشم پێموابوو شتێکی گەورەم کردوە، ئەم یادگارییەش لەهەمانکاتیشدا پەیوەندیی بە ڕۆژگارەکانی یەکەمی پێگرتنی شیعرمەوە هەیە، لەهەمانکاتیشدا بۆ یەکەمجاریش بوو هەر لە ڕێی شیعرو عەشقی شیعرەوە کەڵە شاعیرێکی وەك "گۆران" لە نزیکەوە ببینمو یەکەمجاریش هەر لە ڕێگەی ئەوەوە یەکەم دەرسی کێشی شیعر فێربم..!

■ **هەر سەبارەت بە شیعرو بیرەوەری، بیرەوەریت لەگەڵ "بێکەس"ی باوکتدا چییە..؟**

□ ئەو وەختەی (بێکەس) کۆچی دوایی کرد.. من تەمەنم حەو ساڵ و نیو ئەبوو. هەڵبەت تەواوی شێوەو هەڵس وکەوت و بزووتنەوەیم دێتەوە بەرچاو. بەرلەوەی بگەمە تەمەنی چوونە قوتابخانەیش، زۆرجار لەگەڵ خۆیدا ئەیبردمو لە پۆلدا لەگەڵ قوتابییەکانی تردا دایئەنام. بیرمە ساڵێکیان دوای تاقیکردنەوەی سەری ساڵ بوو لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ قوتابخانە، لەو سەردەمەدا ئەو لە قوتابخانەی "مەڵکەندی" سلێمانی مامۆستا بوو، ڕۆژی نمرە وەرگرتن بوو، هەرچییەکم ئەبینی نمرەکەی بەدەستەوەبوو، ئیتر یان غەمگین یان دڵخۆش بوو. منیش ورکم گرت و وتم منیش نمرەم ئەوێ.

بیرمە وتی: باشە.. ڕۆیشت و لە پاش ماوەیەک هاتەوەو وتی: ها ئەوەیش نمرەکەی تۆ..! منیش ئێجگار دڵم پێی خۆش بوو. ئیتر هەر قوتابییەکم ئەبینی یان مامۆستایەک نمرەکانی خۆم نیشان ئەدان، بەڵام دوای ئەوەی تەماشایان ئەکرد هەموو قاقا پێئەکەنین و منیش نازانم مەسەلە چییە.. تومەز بەم جۆرە نمرەکانی دانابوو:

| | |
|---|---|
| پیس و پۆخڵی | ١٠ |
| ئەوسنی | ٩ |
| هاروهاجی | ١٠ |
| ورک گرتن | ٨ |
| عاقڵی | ٦ |

تا دوایی.. بەداخەوە فریای ئەوە نەکەوتم لە تەمەنێکی هەڵکشاودا لەگەڵ بێکەسدا بژیم و لە نزیکەوە سوود لە ئەزموونی ژیان و قوتابخانە گەورەکەی ژیانی ئەو وەربگرم و زۆر زوو مردن لە یەکتری دابڕین..!

■ **با بێینە سەر باسی سیاسەت..! دوای ئەم هەموو قوربانی و کارەساتانە، پێت وا نییە شەڕی ناوخۆ هیوابڕاوی کردین..؟!**

□ هێشتا هیوایەك هەر ماوە.! ئەگەر لە تروسکایی مۆمی ناو شەوەزەنگیش بچێت..! بەلاّم ئەگەر لە پاشەرۆژێکی نزیکدا کۆتایی بەم شەڕی خۆخۆریە نەهێنرێ، سولّحی سیاسی نەکرێت و ئاشتی سەقامگیر نەکرێت.. ئەوا ئەو خوێنە کەمەیش کە لە جەستەی خوارووی کوردستاندا ماوە ئەویش نامێنێ و وەك لاشەیەکی بێ گیان ساردی ئەکەینەوە. من پێموایە ئەم شەڕە، لە بنچینەدا بەرهەمی خوێناوی ئەقلّی تۆلّەو خێلّەکێتیە. ئەو ئەقلّەی لە بەردەم داگیرکەردا مشکەو بۆ کورد درندەیە، ئەو ئەقلّەی دەرگای لەسەر "لێبوردن" کلّۆم داوەو کلیلەکەی لە خەلّك بزرکردوە، ئەقلّی "تۆپینی خۆمان و زەرەری ساحێبمان"، ئەقلّی پاوانکردنی دەسەلاّتی سیاسی بۆ سەرکردەی تاقانەو ئەقلّی چۆك شکاو لە بەردەم خەزنەی پارەو پوولدا، ئەقلّێ کە لە دوا سالّەکانی سەدەی بیستدا پەنجە بە تازەترین دوگمەی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیادا ئەنێ، بەلاّم لە جەوهەردا هێشتا -بیرکردنەوەی- لە کونەئەشکەوتی دواکەوتن و تاریکی و زیندەبەچالّکردنی ڕووناکبیریدایە، ئەقلّێکی دووفاق کە لە "فاقێکیاندا" کۆترین و لەوی تریاندا داو..! لەویاندا خۆشەویستین و لەوی تریاندا خەنجەر. هەمان تراژیدیای ناو مێژووی کوردەو دووبارەو سەدبارە ئەبێتەوە.

دەربارەی شەڕی ناوخۆی ئەمجارەیش، چاکتر وایە بگەڕێمەوە بۆ سەر بنەماکانی و هەر لە ئەزموونەکە خۆیەوە ڕاستیەکان هەلّێنجین، وەك ئەزانیت من بۆ خۆم ئەندامی پەرلەمان و دواییش وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێم بووم، واتە لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکان بووم، بەلاّم من بەرلەوەی شەڕی ناوخۆ بتەقێتەوە (ئیستقالە)م کردو دەستم لە کار کێشایەوە.

با دوو ڕووداوی گرنگت بۆ بکەم بە نموونە، تا بزانیت هەر لە سەرەتاوە کێشەکان ڕوویان لە کام سەرەنجام ئەکرد. پێموایە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان بوو. کاتێ چووینە ژوورەوە، بینیمان "ئالاّی عێراق" کە لە ڕاستیدا ئالاّی "صەدام حسەین"و ئەنفالەو بە ڕای گشتی خەلّکی عێراقیش نەبوە بە ئالاّ و لە تەنیشت سەرۆکی ئەنجومەنی تەشریعی ڕژێمەوە دانرابوو، لە جێگەی ئەجولاّنەوە ماوەتەوە.. ئەم دیمەنە منی زۆر هەژاند ئەوە بوو هەستام و

نارەزاییم دەربڕی‌و داوای لابردنیم کرد، بە دوای منیشدا چەند ئەندامێکی تری لیستی سەوز قسەیان کردو کردمان بە هەرا..! بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە: بۆ ئەبێ "لیستی زەرد" بەشێکی کورد ڕاستبێتەوەو بەرگری لەو ئاڵایە بکات..؟! ئێمە کە پەرلەمانی خۆمان هەبێ، ئەبێ ئاڵای خۆشمان هەبێت، کە ئەمان بوو بۆ ئاڵای عێراقی صەدام حسێن بێت..؟!

ئەمڕۆ لە دنیادا هەموو گەڕەك‌و شارو تەنانەت تیپێکی فوتبۆڵیش ئاڵای خۆی هەیە، ئەمە لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەماندا، لە بارودۆخێکدا کە هێشتا هیچ پەشێوی‌و دووبەرەکی‌و شەڕێکی ناوخۆ لە ئارادا نەبوو.

■ لە کۆتایی ئەم دیمانەیەدا حەزدەکەم ڕای خۆت سەبارەت بە مانەی خوارەوە دەربڕیت:

ا-مردن:

□ لەو ساتە ترسناکەدا کە لە مردن نزیك ئەکەویتەوەو لووتت بە لووتیا ئەتەقێتەوە، وەك ئەوەی بیەوێ باوەشت پیا بکاو ئەیکا ئینجا لە پڕێکدا جارێکی تر ژیان بێنەوەی خۆت بزانیت پەلت ڕائەکێشێتەوەو قوتارت ئەکا، لەو ساتەدا لە شەوقدانەوەی بروسکەیەکدا هەموو ڕابردووی خۆت دێتەوە بەرچاو.. لەو ساتانەدا نێوانی مردن‌و ژیان لە تاڵە موویەك باریکترە.. پەیدابوونی مردن پەیدابوونی لە ناکاوی بێ زەنگ لێدانە. ئەوەی پێی ئەوترێ "ڕێکەوت"یش هەردوو چارەنووسەکەی لە دەستدایە: ژیان‌و مردنیش. هەر لەیەك کارەساتدا "ڕێکەوت" من ئەپارێزێ‌و کەچی لەهەمان کارەساتدا ئەوەی تەنیشتم ئەکوژێت. نازانیت بۆ وایە! لەوە ئەچێ قەدەریش پلانی خۆی هەبێ‌و کات‌و شوێنی هەڵبژاردنیش! لە هاوینی ١٩٨٦ دا، ئەو سەردەمەی کە لە بەرگەڵوو بووم، لەبەر گەرمای هاوین هاتبووینە ناو دارو بارەکانی دەربەندەکەو لەوێدا جێگەمان بۆ خۆمان خۆش کردبوو. پاڵکەوتبووم، لە پڕێکدا قرەقری فڕۆکەم هاتە گوێ، دەقیقەیەکی نەخایاند قرەقرەکە نزیکتر بۆوە. هەر پاڵ کەوتبووم وەك یەکێك پێم بڵێ هەستە..! هەستام‌و چوومە ئەو دەراڵی بەردانەوە کە لە تەنیشت کەپرەکەمەوە بوو..! گەیشتم‌و نەگەیشتم گرمە لەناو دەربەندەکە هەستا،

بۆردومانەكە چەند دەقیقەیەكی خایاند، كە دەنگ نەما هاتمە دەرەوە، بینیم تەپ و تۆزێكی زۆر ئەو ناوەی داگرتوە. گەڕامەوە ژێر كەپرەكەم، سەرنجم دا پارچەیەكی بچووكی بۆمبایەك ڕێك داویەتی لە سەرینەكەم، هەر تەواو ئەو شوێنە كە سەرم كردبۆوە سەر! واتە لە نێوان من و مردندا هەر ساتەوەختێ، چەند چركەیەك بەینمان بوو، هەستانەكەم و لێدانی پارچەكە لەیەك ساتدا بوو..! هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە، بەلام بە داخەوە هەر لە هەمان بۆردوماندا كاك "عوسمانی سەرگەڵویی" چایچی خۆی و هەردوو كوڕەكەی، كە تەمەنیان لە دە سالان كەمتر بوون، بوونە قوربانی، شەهیدبوون!

٢-ڕاپەڕین:

□ ڕاپەڕین مەشخەڵێ بوو لە مەملەكەتی تاریكیدا داگیرسا بوومەلەرزەیەك بوو زەریای بەردی هەژان و قوربانییەكانی زیندووكردەوە. ڕۆژی ڕ ِاپەڕین بوو بە پەلكەڕەنگینەی ناو ئاسمانێكی خوێناوی كورد. لە كانی عاشقانی هەڵەبجەیشەوە عاشقانی دنیا ئێمەیان ناسی. هەڵەبجە ئەو قەقنەسە بوو، ئەو باڵندەی چیای ئەفسانەیە بوو، كە لە ژێلەمۆی خۆیەوە باڵی بەسەر كوردا گرتەوە.

سەرچاوە

گۆڤاری ئێستا ژ (١٨) ساڵی ١٩٩٨

□ سا : قوبادی جەلیزادە و تەلعەت تاهیر

chalakmuhamad@gmail.com

# ڕووبەڕوو لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"دا

(١٩٩٨)

شێرکۆ بێکەس، ئەو پیاوەی هەشت پێتە خوێناوییەکەی (کوردستان) وەکو سەری براوی حوسەین بە وڵاتاندا دەگێڕێ، پیاوێکە بۆنی خۆڵی دوای یەکەم بارانی پاییزی لێدێ، لە بیرمە زۆرجار برادەرێك لە هەولێر، دوای خوێندنەوەی هەر قەسیدەیەکی ئەو پیاوە، دەیگوت: ئەو قەسیدانە وام لێدەکات بتوانم سوێند بخۆم، کە ئەو قوڕەی ئادەمی لێ دروست بوو، ئەو قوڕە لە خۆڵی کوردستان بوو. بە ڕاستیش کاك شێرکۆ بێکەس ئەدگارەکانی داربەڕووی هەیە بەرامبەر ئەو کەسانەی چاوەڕوانی وشك هەڵاتنی دەکەن، زیرەکی ماریشی هەیە لە کاژ فڕێدان و خۆنوێکردنەوەدا، یەکێك لە خەسڵەتە هەرە جوانەکانی کاك شێرکۆ ئەوەیە کە ئاسۆی نوێبوونەوەو تێگەیشتنی بۆ نوێکاری قفڵ نەدراوە، بە حوکمی ئەو تەمەنەشەوە هێشتا ئەو هەستە بەرایەی لە دەست نەداوە کە لە دوورەوە بۆنی شیعری باش و شیعری خراپی پێ دەناسێتەوە.

لەم گفتوگۆیەدا ڕەنگە تاکە هەڵەی خۆشەویستانەی ئێمە ئەوە بووبێ، کە دەمانویست هەموو شتێك بەجارێك بپرسین، بۆیە ڕەنگە خوێنەر هەست بە پەرت و بڵاویەکی پرسیارەکان بکات، لەم گفتوگۆیەدا هەوڵمانداوە کاك شێرکۆ بەینە هەندێ گەڕەك کە تاوەکو ئێستا چاوپێکەوتنەکانی پێشتری ئاوو کارەبایان بۆ نەبردبێ.لە زۆر شوێنیش بە عەمدی دەمانویست هەڵچوونی ئەو پیاوە ببینین بۆ ئەوەی قسەی دەگمەن و بە بەهامان دەستکەوێ.

بێگومان ئێمە تیونوێتیمان لە قسەکانی کاك شێرکۆ نەشکا، هەروەها چەندین گونکە هەویرە/ پرسیاری دیکەمان مابوو، بەڵام بۆ دەفەرتێکی دیکەو هیوادارین تەمەنی تەنووری/ جەستەی کاك شێرکۆ درێژ بێت.

■ **ئەو وەختەی دەستەیەک لە ئەدیبان و ڕوناکبیران ڕویان کردبوە ئەو شاخ و داخە، لەناو ئێرینەی کارەساتەکاندا ئەژیان و ئەیانئووسی، گەلێجاریش بە ڕێکەوت لە مەرگی ناو بۆردومان و گوللە تۆپ ڕزگاریان ئەبوو، هەر لەوکاتەدا ئەدیبی وامان هەبوو نەک هەر بەشداری ئەو چارەنووسەیان نەئەکرد، بەڵکو دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتبوو مەتەقیان لێوە نەئەهات، تەنانەت لەملاو لەولاش دژی جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان قسەیانئەکرد.**

□ هەندێ نوسەرو شاعیر هەیە لەبەرئەوەی لە هەموو ژیانی خۆیاندا باجی ڕۆژێکی ناخۆش و باجی یەک سەعاتی دەربەدەری و ماڵ وێرانییان نەداوە، لەبەرئەوە بەلای ئەوانەوە ستەم نییە ئەگەر لە وەختی قسەکردندا چییان بەدەمدا هات بیڵێن، تەنانەت بەها هەرە جوانەکانی تێکۆشانی ژیانی پێشمەرگایەتی و شەهیدان و مێژووی پڕ لە سەروەریش بدەنە بەر پلاری ترسنۆکانەی خۆیان!

■ **سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین، کاک شێرکۆ ئازانین لە سەرەتاوە دەست پێبکەین؟ لە منداڵیەوە، لە هۆگریەوە بە شیعر، لە باوکتەوە، لەو شوێنەوەی کە تۆ پێت خۆشە..**

□ با لە منداڵیەوە لە خەونەکانی پەپوولەی تەمەن و لە گیانی پاکژ ئەو چاوانەوە دەست پێبکەین، کە هەموو شتەکان بە جۆرێکی جیاوازو سیحراوی ئەبینن. منداڵیی خۆی بۆ خۆی شیعرە، خەونیش وەک فەزایەکی ڕەنگاوڕەنگ لە سەردەمی منداڵیدا بەردەوام لە تازەبوونەوەدایە، پانتاییەکی ئێجگار بەرفراوان ئاسۆی ڕوانینێتی و باڵی فڕینەکانی. شاعیر لە تەمەنی هەڵشکاوی خۆیدا یەکێك لە جێ دانەدانی شیعر کە زۆرجار پەنای بۆ ئەباتەوە، سەرئەکاتەوە بە کۆشیا، ئەیکاتەوە بە هێلانەی بینینی، منداڵیە. منداڵیی وزەیەکی شیعری گەورەی لە بن نەهاتووی ئەفراندنە، خەیاڵ و زمانی مەجاز لەم جیهانەدا بێ کۆتاییە، بە واتایەکی تر، شاعیر پێویستە هەمیشە منداڵێکی گەورە بێ، یان هەمیشە بەو باڵانە بفڕێ کە دنیای منداڵی بەوی ئەبەخشن. منداڵیی من بریتی بوو لە ئاوێتەبوونی فرمێسك و زەردەخەنە، لە تێکەڵبوونی ڕەش و سپی، لە کسپەو مژدە، هێشتا فامم نەکردبۆوە، کە باوکم وەک هەڵۆیەکی باڵ بەرینی بەرزەفڕ، لەناکاو بەربۆوەو لە بەستەڵەک و زستانی تۆفانێکی

تووشدا ڕەق هەڵهات‌و کۆتایی هات. ئەم مردنە یەکەمین پرسیاری بوون‌و نەبوونی لا دروست کردم. هەڵیدامە ناو گێژەنی بیناماناوە.

من هەر زوو وەك کۆترێکی لانەوازم لێهات‌و لە سەرەتای باڵە فڕیندا هێلانەکەم زریان فڕاندی. بەمجۆرە من یەکەمین گەرای ڕوانینی شیعری خۆم لە زریاندا ڕواند. مەرگی باوکم مەرگی پیاوێکی ئاسایی نەبوو، مەرگی شاعیر بوو، مەرگی سرودێك بوو، کە زەنگی وریاکردنەوەی مێژوویەکی خوێناوی بە دەستەوە گرتبوو. لە بیرمە ئەوکاتە لە هەڵەبجەوە تەرمەکەی گەیشتەوە سلێمانی، چۆن هەموو شار بە گەورەو بچوکەوە هاتبوون بە پیر تابووتی ئەم هەڵۆیەوە، هەزاران دەست "خۆشەویستی" ئەویان کردبوو بە شمشاڵێکی گەورەو بەفرمێسك‌و سۆزی خۆیان ئەیانژەنی.

من لێرەوە لە مەرگ، خۆشەویستی، نیشتمان‌و هەڵوێست گەیشتم، سەرەتای ئەو گەرایانەیان لە گیانما خست، کە دواتر بوون بە کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەی شیعر. وەك ئەزانی باوکم مامۆستا بوو، بەم پێیە ئێمە خێزانێکی جێگیر نەبووین، هەر ساڵەی لە دەڤەرێکدا هەوارمان هەڵئەدا، لە ماوەی پێنج شەش ساڵدا وەك تارمایی خەونێ، قەرەداغ‌و سورداش‌و هەڵەبجەم دێتەوە یاد. هەر لێرەیشەوە سروشتی کوردستان، بە هەموو جوانی‌و هەیبەت‌و سام‌و خۆشەویستی‌و ترس‌و فەزای پڕ لە وەیشومەو کارەساتەوە ڕژانە ئەستێرکی ڕۆحمەوە. لە ناو چیاکانی چەرماوەندا چاوی شیعرم پشکووت‌و یەکەمین ڕامان‌و وردبوونەوەم لە کێڵگەو مەزرای جووتیارەکانەوە. لە ژنانی ناو دروێنە، لە چەپکە ڕێحانەی دەستیان، گوڵە زەردی بنارەکانەوە بازرەقەیان بەست، کەوتنە گڕوگاڵ‌و پێرەوکە کردن. تاشە بەردو دەڕاڵی ئەو کێوانەو هێماکانی نەخشاوی سەر ئەو لوتکەو ناو ئەو ئەشکەوتانە تووشی یەکەم سەرسامبوونی بەردەمی ژیان‌و سروشتیان کردم. لە منداڵیمدا باوکم یەکەمین چرا، دایکم یەکەمین ئاگردان‌و سروشتی وڵاتەکەشم یەکەمین مامۆستام بوو. وەك ئەزانی من زۆرجار بەرەو سەرچاوەکانی منداڵیم لە گەڕانەوەدام. ئەم خەونانە تێکەڵ بە شیعرەکانم ئەبنەوە. منداڵیی تیریژێکە، کڵاوڕۆژنەی هەتاوێکە. دوور لە منداڵیی، پێموایە شیعر تووشی جۆرە نسێیەك ئەبێت، کە هەتاو ئەیگرێتەوە.

■ **با بێینە سەر خودی شیعر، بۆچوونێک هەیە پێیوایە ئەوەی باوکت لە شیعردا کردوویەتی، تۆ هەمان ڕێو شوێن هەڵدەگری، باوکت زۆرجار شیعری کردوە بە وەسیلەیەک بۆ دەربڕاندنی گرفتە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، ئەمە وایکردوە شیعرەکانی ئێستا وەک دیکۆمێنت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ بزانین پەیوەندی ناهاوسەنگی نێرو مێ لە کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمەدا چۆن بوە، ئەوا دەتوانین بچینەوە بۆ سەر شیعرێکی باوکت، پێتوانییە پاش پەنجا ساڵی دیکە بۆ نموونە قەسیدەی "بۆننامە" ببێتە دیکۆمێنت و تیایدا وەزعی کوردی ئێستای لێ هەڵهێنجرێ؟**

□ ئەم بۆچوونە نادروستە، قسەیەکی تێکەڵ و پێکەڵە، چونکە ئێستەو سەردەمی باوکم نیو سەدەی تەواویان بەینە. نیو سەدە بە هەموو جیاوازییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هونەرییەوە، بە جیاوازی زمان، ئەقڵ، مەنتیقی مێژوویی و فەرهەنگیەوە، بە جیاوازی چۆنیەتی بونیادنانی شیعرەوە لەو سەردەمەو لە ئێستەدا. ئەشێ یەک سەرچاوەی خۆشەویستی زیندوو بۆ نیشتمان، چەندین نەوە بە یەکەوە ببەستێتەوە، بەڵام ناکرێ هەموو نەوەکانی یەک ڕوانینی شیعری، یەک ئامرازو یەک تەکنیکی هونەرییان هەبێت. ئەم قسەیە تەواو پێچەوانەی دینامیکیەتی ژیان و وەرچەرخان و سەرجەمی گۆڕانە لە تەواوی بوارەکانی ڕوناکبیریدا، نەک هەر ئامانجە سیاسیەکان، بەڵکو ڕێگەکانیش گۆڕاون، شیعر بەلای منەوە ئامانجەو وەسیلەیشە. هەموو شیعرێک ئەیەوێ شتێک بڵێت لە پێناوی شتێکدا، بەهایەکدا، فیکرێکدا، جوانیەکدا، ڕاستیەکدا، بەڵام پرسیارە هەرە گەورەکە ئەوەیە: چۆنی ئەڵێی؟!..

ئا لێرەوە مەسەلەی ئەوەی پێی ئەوترێ: شیعری و ناشیعری لە یەکتری جوێ ئەبنەوە. با نمونەیەکی لە بەرچاوو بەدەریش لە شیعری کوردی بهێنینەوە: ئایا ڕێگای شیعری ئەمڕۆی "مەحمود دەرویش" هەر هەمان ڕێگای شیعری ڕەصافیە؟! ئایا وەسیلە شیعریەکانی "سەعدی یوسف" هەر هەمان ئامرازەکانی لای کەرخی و زەهاوی و حافز ئیبراهیمە؟! یان هەر خوایان یەکەو هیچی تر! جیاوازی لە ژانرێکدا ڕەنگە بچنەوە سەر یەک ڕەگ. ڕەگی یەک مەسەلە، بەڵام چۆنیەتی مامەڵەی شیعری و هونەری ئەمەیانە کە ئێمە مەبەستمانە، هەموو

نووسینێک وەک سەرئەنجام ئەبێ بە جۆرێ لە کەلەپوور. بۆ خۆیشم من هیچ خەوشێک لەوەدا نابینم کە لە ڕێگەی شیعرەکانی شکسپیرەوە پاش سەدان ساڵ بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵی ئەو سەردەمەو بزانین ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئەو چاخە چۆن بوە؟ واتە هونەریش بێ‌و لە هەمانکاتدا دیکۆمێنتیش بێ، "خانی" بەر لە چەند سەدە "مەم‌و زین"ی نوسیوە. شیعرەو مێژوەو هونەرێکی بالایشە. ئەوەی بەلای منەوە خەوشە، ئەگەر دوای پەنجا ساڵی تر ئاوڕ لەم سەردەمە درایەوە. واتە لە سەردەمی دۆزەخی ئەنفال‌و هەڵەبجە لاپەڕەکانی دیوانی شاعیری ئەم سەردەمەیان هەڵدایەوە. قوڕو قەپ‌و بێ‌دەنگی‌و بێ هەڵوێستی شاعیر بەدی بکەن، ئەمەیان جێی سەرسوڕمانە. قەسیدەی (بۆننامە) قەسیدەی دروشم‌و دروشمکاری نییە، زمانیشی زمانێکی ساویلکانەی ڕووتی دیکۆمێنتانە نییە. بە واتایەکی تر، خاڵیی لە هونەرو فەزای جوانی شیعرو بەهاکانی ئیستاتیکاو شێوازی چڕوپڕی دەربڕین. بۆننامە قەسیدەیەکی ساکاری بانگەشەئاسا نییە ئەمڕۆ لەدایکبێ‌و سبەینێ بمرێ. بۆننامە لە دڵەوە بۆ دڵ ئەدوێ. بەڵێ پاش پەنجا ساڵی تر وەختێ تەماشای دیوارە ئاوێنەکانی ئەم قەسیدەیە ئەکرێ، ئێستەی ئێمەی بە هەموو ڕەنگەکانەوە بە دووکەڵ‌و زامەکانەوە تیا ئەبیننەوە. بەڵام وەک شیعر، وەک مێژووش، وەک جوانی، وەک حەقیقەتیش وەک ژیان‌و دیکۆمێنتیش ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە شیعر وەک ئاکام، "شیعریەتی" ئەپارێزێ. جا ئیتر بابەت‌و ناواخنی هەر چیەک بێت.

پیرۆزیی "خاک‌و نیشتمان‌و گەل" ئەگەر لە دەقێکی ئیبداعیدا، لە زەمینەی زمانێکی شعیرانەدا، لە شکڵێکی بەپیتدا ئەڕسکێ‌و ئەخەملێ‌و پەل‌وپۆ ئەهاوێ، بە تەنها ئەو "پیرۆزیە"ناتوانێ بیکا بە شیعرو لە فەوتانی قوتار بکات. شیعر کە لە خەیاڵ‌و ڕوانینی شاعیرانە بەدەر بوو، ئەوە ئەوسا ئەبێتە دەقێکی ئیعلانی‌و باڵندەیەکی مۆمیا کراو. بەم پێیە ئایا "دەربەندی پەپوولە"و "خاچ‌و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ" یان "بۆننامە" یان پێشتر "کۆچ"و "ڕووبار" دەقی دیکۆمێنتین؟ بەڵگەنامەی مێژووین؟! لە چەند ساڵی ڕابردوودا تا ئەمڕۆیش بەدەیان دەقی شیعری بڵاوبوونەتەوەو بڵاوئەکرێنەوە، کە ڕەنگە وەک بابەت با

بلێین غوربەتو خۆشەویستی و خەمە تایبەتیەکانی شاعیریشیان لەخۆ گرتبێ. بەلام نەشبون بە شیعرو هەر پەرە کاغەزی خۆشیان بوون بە کفن بۆیان!.

■ **من مەبەستم لە سادەیی شیعر نییە، من دەڵێم لە ئەنجامی نەبوونی میتۆدە زانستیەکان، شیعر کراوە بە مینبەرێک کە هەستاوە بە دەربڕاندنی ئەو تەنگژانەی لە ئەنجامی نەبوونی ئەو میتۆدانە هاتۆتە ئارا. بۆ نموونە میتۆدی مێژوو نەبوە حاجی قادر هاتوە بە شیعر تۆماری کردوە، من مەبەستم پەیوەندی نێوان هونەرو ڕوداوە؟**

□ هەموو بابەتێکو هەموو ڕووداوێك وەك هەموو وشەیەك بۆیان هەیە، جێگەی خۆیان لەنێو دەقە شیعریەکاندا بکەنەوە ئەوەی لێرەدا گرنگ بێ، ئەوەیە چۆن جێگەی خۆیان ئەکەنەوەو بە چ جۆرێ؟!.. وەك ئەزانن داستانە شیعر ڕەگێکی قوڵو دێرینەی شیعرە، دەقی ڕووداوو کارەساتو ململانێی گەورەی نێو بەسەرهاتەکان بوە، لەهەمانکاتیشدا دەقی هونەریو نمونەی باڵای شیعر بوون. شانۆی شیعریش نمونەیەکی دیکەی ئەم پەیوەندیەی نێوان شیعرو ڕووداومان نیشان ئەدات. میتۆدە زانستیەکان هەرگیز ئەڵتەرناتیف نەبوون بۆ شیعر، چونکە بەردەوام دوو زمانی دەربڕینی جیاوازیان هەبوە، واتە بزوتنەوەی میتۆدە زانستیەکانو ئامادەبوونیان وا ناگەیەنێ کە ئیتر شیعر، بێ سەکۆی خیتابی، شیعری خۆی بێ، لە سەردەمی حاجی قادریشدا میتۆدی مێژوو هەر هەبوە. بەلام بەو ئەندازەیەی کە هوشیاریی کۆمەڵایەتی سەردەمەکە ڕەخساندوێتی. بە تایبەتی بۆ شاعیرێکی وەك حاجی قادر کە ڕووناکبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆیشی بوە.

بەهەرحاڵ تۆ ئەتەوێ ڕووداوو هونەر لەیەك دابڕی، بەلام من پێموانییە شیعر دەرگای خۆی لەسەر هیچ ڕووداوو کارەساتو بیرۆکەو هەستو ئەستێ دابخات. ڕاستە ئەگەر شیعر بوو بە بەڵگەنامەیەکی بێ گیان– گیانی شیعر– ئەوە ئیتر لەو ئاستەدا قسەمان نامێنێو بە کورتترین ڕستەیش ئەڵێین (ئەمە شیعر نییە)و ئەبڕێتەوە! هەر بۆ نموونە پەیوەندی هونەرو ڕوداو لە دەیان شاکاری شیعریدا لای مایکۆفسکی، ئاراگۆن، نیرۆدا، ناظم حیکمەتو لۆرکا توانیویانە ببنە تانو پۆی یەکتر، بە جۆرێك ئاوێتە بن کە یەکەیەکی هونەری پتەو

دروستبکەن. شیعر چوارچێوەی نییە هەر لەبەر ئەوەیشە لە سنووری ژانرێ یان فۆرمێکی جێگیردا چەق نابەستێ. شیعر بازگەی نییە، تا بەر بە هەندێ ڕووداو بگرێو نەهێڵێ تێپەڕن، ناوی حاجی قادری کۆیی هات بۆیە لێرەدا ئەمەوێ دەربارەی دوو هێڵی سەرەکیی شیعری کوردی بدوێم، کە لە سەردەمی ئەحمەدی خانیەوە تا ئەمڕۆ درێژ بوونەتەوە. هێڵێکیان بەلای منەوە هێڵی "سەبک‌و صنعەتی لەفزی" بوە، هێڵەکەی تریشیان هێڵی شیعری نیشتمانی‌و خاک‌و مەسەلەیە کە لە (مەلای جزیری)، دواتر لە نالی، مەحوی‌و مەولەوی‌دا ئەبینرێتەوە. دوەمیان، لە یەکەمین زەنگی شیعری ئەحمەدی خانی‌و سالم‌و ئینجا لە سەردەمێکی تردا بە گوڕو تینێکی زۆرترەوە لای حاجی قادری کۆیی، پاشتر لای بێکەس‌و ئەحمەد موختار ئەزرنگێتەوە، بەڵام ئەم دوو هێڵە گۆڕانی نەوعیی گەورەیان بەسەردا هاتوە، ناوبەناو ڕژاونەتە ناو یەکتریشەوە، زمان‌و کەرەستەی هونەرییان گەش کردوو بوە. گۆران لە هەردوو سەرچاوەکەوە ڕوانینی خۆی هەڵهێنجاوەو بە ناوڕەۆک‌و فۆرمی دەوڵەمەند وەرچەرخانێکی لەبەرچاوی خولقاندوە. ڕوانینی ڕۆمانیسانەو نامادەبوونی سروشتی کوردستان لە شیعردا، من پێموایە بۆ یەکەمینجارو بە چڕو پڕی لای مەولەوی سەر هەڵئەدا، دواتر ئەم دنیایە بزر ئەبێ تا جارێکی تر لای گۆران بە توخم‌و ڕوانینێکی تازەترەوە سەر هەڵئەداتەوە. ئیتر لە هەردوو جیهانەکەدا شیعرو ناشیعر ئەبینین. لەهەردوو فەزاکەدا باڵندەی بەرزەفڕو هەڵکورماویش بەدیئەکەین. دیارە لەم سەردەمەی ئێمەدا ناوەڕۆی شیعرەکان زۆرتر بوون، ئەفراندنیش چەندین دەفەری نوێی بۆ خۆی دروستکردوە!

■ تۆ بە شیعری بۆنناموەدا خۆت لە قەفەسی تاوانباریدا ناخنیوە، لە هەمان کاتدا لەناو ئەو قەفەسەوە خەڵک بەبێ هەڵوێستیی تاوانبار دەکەیت. چۆن دەبێ تۆ لەیەک کاتدا زیندانی‌و حاکم بیت؟

□ ئەوە قەفەزی تاوانباری نییە، بەڵکو بەخۆدا چوونەوەو هەڵسەنگاندنەوەو ڕەخنە لەخۆ گرتن‌و جۆرێ دەرزی ئاژن کردنی خۆمە بۆ ڕاچڵەکینی تازەتر. من ئەگەر بەر لە هەموان

خەوشەکانی خۆم بە چرای شیعر ڕووناك نەکەمەوە، لە بەردەمی خەڵکیدا پەردەیان لەسەر هەڵنەماڵم، مەحاڵیشە ئەو کاتەی دیمە سەر باسکردنی کەسانی دی، بڕوام پێ بکرێ. ڕماندنی ئەم دیواری ترسە ئەبێ شاعیر لەناو خۆیەوە بەرپای بکات. ئەوە قەفەز نییە، بەڵکو سەکۆی ڕووبەڕوو بوونەوەیە. ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خۆم‌و ئەزموونی خۆمدا، لەهەمانکاتدا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو شاعیرو هونەرمەندانەدا کە لە ترسناکترین دووڕیانی مێژووی بوون‌و نەبوونی ئەم میللەتەدا چاویان لە ئاستی ناپاکی‌و تاواندا نوقاندو بەمەیش یەکەم ویژدانی خۆیان تەفرە داو جوانێتی‌و پاکێتی هونەری خۆیان پیس کردو خۆشەویستی گەورەی گەلەکەیان دۆڕاند، بێهەڵوێستییان کرد بەبێلایەنی‌و لە سەربڕینی بەها جوانەکانی مرۆڤی ئەم وڵاتە، بێدەنگ بوون، ئەو جۆرە کەسانە ناکرێ ناوی شاعیرو هونەرمەندیان لێ بنرێ، چونکە ئەوکاتەی شاعیرو هونەرمەند لە بەردەم لەسێدارەدانی خاك‌و حەقیقەتدا متەق لە خۆی بڕێت، ئەبێ ئیتر لە زەلکاوێ زیاتر چی تر بێت؟! وەك شاعیریش، من بە ناکۆکییەکانی ناو دەروونی خۆمەوە مرۆڤم‌و مرۆڤی ڕاستەقینەم. من لەو بەرهەمەدا، نەمویستوە دەمامك بپۆشم. نەمویستوە خۆم بە پاڵەوان‌و بێخەوش لەقەڵەم بدەم. لە چەندین وێنەو تابلۆی ئەم بەرهەمەدا، نەك هەر بەرامبەر بەوانەی بوونە مەیتەری دیناسۆر، بەڵکو بەرامبەر هاوڕێکانی خۆیشم ئەوانەی جوانی دوێنییان‌و جوانی هەڵوێستیان لەدەست داوە بێ پەردە بدوێم. من ویستوومە پانۆرامایەکی درامی ئەم ژیانە بەترس‌و خەوشی خۆم، بە ڕوانینێکی بەرفراوانی دەوروبەرو ناو کارەسات‌و بەسەرهاتەکانەوە بخەمە ڕوو، بەڵام بەو شێوەیەی شیعرو هونەری شیعر ئەیخوازێ، نەك بانگەشەو خواستی ئایدیۆلۆژیایەك یان شاتە شاتی سەر مینبەرێکی سیاسی!

■ **کاك شێرکۆ هەر لە "ئەحمەدی خانی"یەوە تا دەگاتە "حاجی قادر"و "بێکەس"و جەنابیشت ئێستا خەریکە لەو چەشنە قەسیدانە بنووسی کە زیاتر دەچنە خانەی (گوتاری مانەوە)؛ ئایا تەدکارەکانی شیعری جەنابت چین؟ کە لە شیعری ئەوان جیای دەکاتەوە؟ ئەو تازەکەریانەی لە قەسیدەی تۆدا هەیە لە هەمان شێوەی گوتاری مانەوە لای "بێکەس" یا لای "حاجی قادر"نەبوە؟**

□ با لەپێشدا دەربارەی مەفهومی گوتاری (مانەوە) پرسێك بکەین. لەسەر شیکردنەوەی کەمێك بدوێین. ئەبێ لێرەدا ئەو مەفهومە چی بگەیەنێ؟! من پێموایە بە گشتی مەبەست لە گوتاری ژیان‌و بەربەرەکانیە لە پێناوی مانەوەو چارەنووسدا. گوتاری دژە مەرگی خۆ بە دەستەوەدانە. گوتاری مێژوە لە جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتی بوون‌و نەبووندا. گوتاری ڕەگ‌و ڕیشەی نەتەوەو گوتاری زمانی نەتەوەیە. هەموو شتێك لەناو مێژوودایەو شیعری "مانەوە"یش بەم پێیە شیعری چارەنووسسازە. بەڵام گوتاری "مانەوە" لای حاجی‌و بێکەس.. هەمان گوتاری شیعریە لای ئێمەش؟! هەمان شێوازو هەمان ئەدگارە؟! بێگومان نەء..بەڵێ لای حاجی‌و بێکەس‌و منیش ڕەنگە یەك ئامانجی گەورەو خەونێکی هاوبەش هەبێ، خەونی سەربەخۆیی‌و ئازادی، بەڵام فەزای خەیاڵ‌و ڕوانینمان، چاوی شیعرو پرسیارەکانمان، کەرەسەی هونەریی زمان‌و بیناکردنی قەسیدەو چۆنیەتی بیرکردنەوەمان‌و جیاوازی گەورەی سەردەمەکان‌و ئەو وەرچەخان‌و گۆڕانە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیانەی کە سەرلەبەری دنیایان گۆڕیوە، لە یەکترمان جوێ ئەکاتەوە. جیاوازی زمانی شیعری ئەم سەردەمەو ئەوسا لە بنەڕەتدا لە دوو زمانی کوردی جیا ئەچن. بە کورتی جیاوازیەکان جیاوازی سەردەم، فیکر، هونەرو ژیان هەموویەتی. جیاوازیی شیعریە، جیاوازی ژیانی کۆمەڵ‌و جیهان هەموویەتی. ئەمە جگە لەوەی بۆ نموونە لای بەشێك لەو شاعیرانە شیعر بە خەتی درشت‌و زەقی ڕاستەوخۆ نوسراون، هونەری شیعر لای ئەوان بە تایبەتی لای حاجی قادری کۆیی ئەکەونە پەراوێزەوە، چونکە لەو دۆخەدا شیعر بەتەنها ئامرازێك بوو بۆ دەربرینی ڕاستەوخۆی فیکرو هیچی تر. تەنانەت جیاوازی دۆزەخەکانی ئەم سەردەمەی کوردو ئەوسایش وەك تاقیکردنەوەو ئەزموون بۆ شاعیر وەك ئازارو ژان‌و گینگڵ بەراورد ناکرێن. لەهەر گۆشەیەکەوە بڕوانینە شیعرەکان، جیاوازی ئەدگارەکان بەدیئەکەین، بەم پێیە لە گوتاری "مانەوە"دا، چەندین گوتاری شیعری هەمەجۆر، چەندین فەزاو ڕێبازی هەمەچەشن ئەبینین. ئەگەرچی لە جەوهەردا جەمسەری ئەو بەیەك گەیشتنەوانەیش لە گەڵێ جومگەی مێژوویيدا یەکانگیر ئەبنەوە، تازەبوونەوەیش هەمیشە ئەو ڕووبارەیە کە لە وەستان ناکەوێت.

■ **کە سەیری ئەتڵەسی شیعری عەرەبیو جیهانی دەکەین بۆ نموونە "نزار قەبانی" پێی دەڵێن "شاعیری ژن". لۆرکا پێی دەڵێن "شاعیری قەرەج". بەڵام ئەمانە هەریەکە وەڵامی خۆی هەیە بۆ پرسیارەکانی خەڵکو بە پێی ئاراستەی کارکردنی ئەدەبی وەڵامی هەریەک ئەداتەوە، بۆ نموونە لۆرکا ئەڵێ: "من بەقەد ئەوەی شاعیری قەرەجم، بەقەد ئەوەی قەرەج بابەتێکە لە قەسیدەکانم ئەتوانم ببم بە شاعیری کونی دەرزیش، بە واتای تەنها بۆ قەرەج شیعرم نەنووسیوە". کاک شێرکۆش زۆر کەس پێی دەڵێت "شاعیری گەل، یا شاعیری قەزیە". تۆ بەو ناوە ڕازیت؟ دەتوانیت لە پانتاییەکی تردا ڕۆڵی داهێنانی خۆت بنوێنی؟**

□ ئاشکرایە "نزار قەبانی"زۆر بەوە قاڵس نەبوو، کە پێیان بوتایە "شاعیری ژن"و زۆر بە توندی ئەم ناو لێنانەی ڕەتئەکردەوە، تەنانەت "مەحمود دەروێش"یش لە چەندین دیداری ئەدەبیدا لەقەبی "شاعیری موقاوەمە"ی ڕەت کردۆتەوە.. چونکە هەردووکیان چ نزارو چ مەحمود دەروێشیش ئەیانزانی کە ئەم لەقەبانە شیعری ئەوان ئەخزێنێتە ناو چوارچێوەیەکەوە یان سنورێ بە دەوری ئیبداعیاندا ئەکێشێت، ئەمە جگە لەوەی ژن، موقاوەمە، سروشتو هەر شتێ بەردەوام لە تێکەڵبوونێکی دینامیکدانو ئاکرێ و جیاجیا، بە تایبەتی لەسەردەمی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبیو هونەریەکاندا لە چاوێکەوە تەماشا بکرێن. نزار قەبانی بەدەیان قەسیدەی بۆ بوارەکانی دیکەی ژیان نوسیوە، بەڵێ ڕەنگە جەستەی ژن لە چەند دیوانێکی نزار قەبانیدا بە زەقی خۆی بنوێنێ، بەڵام هەر ئەو جەستەیە جەستەی ژیانیش بوە لای ئەو، فەزای ئازادیی مرۆڤ بوە بە شێوەیەکی گشتی. مەحمود دەروێش هەر شاعیری پێشمەرگە نەبوە چەندین دیوانی ئەم شاعیرە بەتانو پۆی خەمە تایبەتیەکانی خۆی چنراون، مەحمود دەروێش لەیەک کاتدا شاعیری خاك، مرۆڤ، ئازادیو شاعیری مرۆڤایەتی بوە. ئەگەر وا نەبوایە ئەبوو نەیتوانیایە لە دەرەوەی دنیای موقاوەمەتدا بنووسێ و بەردەوام نەبوایە.

نزار قەبانی لە چەندین قەسیدەی زریان ئاسادا ڕووبەڕووی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی عەرەب هەڵیکرد، من خۆم لە ساڵی ١٩٨٨دا هەر بە شیعرەوە تەرجومەی قەسیدە بەناوبانگەکەی

"ژیننامەی جەللادێکی عەرەب"م کرد. من پێموایە شاعیری بە تواناو خاوەن دەسەڵاتی شیعر، ئەتوانێ لە زۆر بواری جیاجیای شیعرو ئەدەبدا بەهرەی خۆی بسەلمێنێ. ئەمە لە کاتێکدا وەك ئەزانن جیهانی شیعریش گەلێ فراوان و بەرینە، بە تەنها یەك کەناڵی هونەری نییە. مەملەکەتێکەو چەندین شارو شارۆچکەی شیعری تێدایە. دەربارەی ئەوەیش کە من شاعیری مەسەلە بم، واتە شاعیری میللەتەکەی خۆم بم. شاعیری مرۆڤایەتی بم، ئەو لەقەبەیشم لە ڕێگەی خۆشەویستی خەڵکیەوە وەرگرتبێ. پێموایە ئەوە گەورەترین خەڵاتە بۆ من. چ شاعیرێك هەیە لەم دنیایەدا ئاواتی گەورەی ئەوە نەبێ زۆرترین ژمارە لە دیوانەکانی بچێتە ناو خەڵکەوە، زۆرترین ژمارەی خەڵکیش گوێی لێ ئەگرێ و بە خۆشەویستی ئەوان نابلووقە ئەدرێ. من خۆشەویستی خەڵك و خوێنەری شیعرم بەو جۆگە ئاوانە لە قەڵەم ئەدەم کە ناهێڵن سەوزایی ناو گیانم وشك بێ. من خۆم بە شاعیری ژیان و وێنەگری ئازارو ئاواتی مرۆڤی کوردو دنیا ئەزانم، شیعر لای من ڕەهەندێکی نییە، گەلێجار درەختێ لە شیعری مندا ئەبێتە دڵدارەکەم، شاخیش ئەبێتە مێژووم، مەراقی خۆیشم ئەبێتە فەزایان، وەك ئاکامیش شیعر خۆی ئەمێنێتەوە، جا ئەو شیعرە دنیای بەهاکانی لەهەر کوێیەکدا بێت و گەروویشی بووبێت بە شمشاڵی هەر ئاوازێ. لە پانتاییە هەمەجۆرەکانی شیعردا هەوڵی فرە لایەنم داوە. نە "کازیوە" دنیای "دوو سرودی کێوی"یە، نە "دەربەندی پەپولە" "ئافات"ە، نە "ڕووبار"یش "ئاوێنە بچکۆلەکان"ە.

■ **ڕەخنەی تازە زیاتر کە لە شیعر ئەدوێ، پێی وایە شاعیر نە "پەیامبەرە"و نە نامەی پێیە، بەڵکو دەڵێن شیعر نامەیەکە بۆ ئەدرەسێکی نادیار دەنێرێت، بەڵام تێبینی ئەکەین جەنابت پێتوایە نامەیەکت پێیەو دەیدەی بە خەڵك، بەو واتایەی جەماوەر بەلاتەوە تەواوکەری قەسیدەیە؟**

□ من پێشتر لەوە دوام کە ئەم دوو جەمسەرە هەر تەواو بەستراون بە یەکەوە. شیعرو خوێنەر، خودی من و ئەم سەردەمەو هەموو گەرداوو بەسەرهاتێکی، من نامە بۆ مرۆڤ ئەنووسم، نامە ناتووسم بۆ ئەوەی بیدەم بە دەم بای فیڕۆوە. من لەناو هەناوی زەماندا کار

ئەکەمو زمان مرۆڤی کردوە بە مرۆڤ و لە ڕێگەی ئەو زمانەوە کە شیعر ئاخاوتنی پێئەکات من پەیوەندی خۆم لەگەڵ خەڵکیدا دروستئەکەم. ئەو شیعرەی کە نامەیەك، مانایەك، ڕووناکیەك، سەرسامیەك، مۆسیقایەك، هەناسەیەکی تازە، بە خوێنەری خۆی و خۆشەویستی ژیان نەگەیەنێ شیعر نییە، بەڵام من وەك سیاسیەك نامە شیعریەکانی خۆم ناگەیێنم، بەڵکو وەك هونەرمەندێ کە هێماو خەون و وێنەو هەستو ئەستی خۆم ئەیانخولقێنێ. بەو جۆرە نامەی خۆم ڕەنگە بە دڵۆپە باران یان بە بروسکە یان بە لرفەی ئاگر بنووسمەوە. شیعر نامەنووسێن نییە بۆ هیچ، بەڵکو بۆ مانایەكو وتەیەکی نوێیە کە بیدەی بە ژیانو بەوانەی عاشقی شیعرن. نامە ناردنو نامە نووسێن بەڵێ، بەڵام نامەی شیعری، جا ئەو نامەیە بۆ خوا بێت یان بۆ نیشتمان یان بۆ ژنێ. شیعری بێ نامە بەو مەفهومەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوە واتە شیعری بێ واتاو بێمانا، بێ خەونو مردوو. پرسیوتە واتە *"جەماوەر بە لاتەوە تەواوکەری قەسیدەیە؟"* ، بێ شك بەلای منەوە وایە. چونکە کە وتمان قەسیدە واتە بەرزترین ئاستی زمانو زمانیش واتە ئەو خەڵکە، جەماوەرو خەمو ئاواتو فرمێسكو زەردەخەنەیان، واتە ئەوانەی دوای خۆم ئەمخوێننەوە، ئەوانەی ئەبنە هاوڕێی خەونەکانم، ئەبنە بەشێك لە هەناسەکانمو ئەوانەی دیالۆگی ژیانم لەگەڵدا ئەکەنو سەری پردی شیعرەکانم لەگەڵدا ئەبەستن. شیعر لای من کورسیو مێزی ژوورێك نییە بەڵکو ئاسۆیەکەو ئاسمانێکی بەرین. من هەر بۆ خۆم نانووسم ئەگەر وابێ چ پێویست بەوە ئەکات ئیتر خولیای ئەوەم بێ نیشانی کەسانی تری بدەم. یان چ پێویست ئەکات تۆ ئێستە ئەم دیدارە لەگەڵ مندا بکەیت، یان دیوانەکەی خۆت چاپ بکەیت!

شیعری بێ جەماوەرو خوێنەر لە ماسیی لە ئاو دەرهێنراو ئەچێت. من شیعر بە پلان نانووسم، بەڵام کە نووسیم ئەمەوێ شتێکی نوێی تێدا بڵێم، ئەمەوێ پرسیارێ بوروژێنم خەونێك بگێڕمەوە. لە دەروونی گوێگرەکانمدا بروسکەیەك بڕوێنم، یان مەنگییەك بشڵەقێنم، یان فرمێسکێ لە چاودا قەتیسکەم، یان زەردەخەنەیەك بخەمە سەر لێویان گەرداوی توورەبوونێك لە گیانیاندا هەڵکەم.

■ ئایا پێت وانیە گرەو کردن لەسەر جەماوەر یان گەل، گوتارێکی پاشکۆ دروستدەکات، ئەمە لە کاتێکدا شیعر چوونە بەرەو ئایندە، لە قەسیدەی "بۆننامە"دا دەکرێ بڵێین تۆ دەستخۆشی بابەتت لێ کراوە نەک تەکنیک و زمان، نەک چوون بەرەو ئایندە؟

□ هەرگیز! وتاری پاشکۆ ئەو وتارانەن کە بەهای مرۆڤایەتی، خەڵك، خۆشەویستی خاك و قوربانیەکان نابینن. ئەقڵی ئازادو وتارو پاشکۆ دژ بە یەکن. وتاری پاشکۆو دواکەوتوو ئەو نوسینە بێ ڕەونەق و ساردو سڕو تۆپەڵە قسەو خوێنەر بێزار کەرانەن، وەك ڕۆژانە لە نمونەی چەندین شیعرو چیرۆکی گیاکەڵە ئاسادا ئەیانبینین، ئەو نوسینانە لە ئەوینی خەڵك بێ بەشن، لە شەمشەمەکوێرە ئەچن، ناتوانن لەبەر خۆری حەقیقەتدا بفڕن. ئەو "ئاستی شیعرە"ی تۆ باسینەکەیت دوورکەوتنەوە نییە لە گیان و دڵ و دەروونی ئادەمیزاد. بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئەو ئاستە بە سیحری شیعر ڕووناك ببێتەوە. "ئێستا" زیندووترین ساتەوەختی ژیانە، من لەم ڕۆژەدا ئەژیم و لەم ڕۆژەشدا ئەنووسم، بەڵام مەحاڵە بزانم دوای سەد ساڵی تر خوێنەری شیعر چۆنە؟! یان شیعر خۆی چی لێدێ؟! لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو شاعیرەی ئەمڕۆ قووڵ ڕۆئەچێ، ئەچێتە ناو دڵی ڕاستیەکانی ئەمڕۆوە، دواتریش ئاوڕێ لێ ئەداتەوەو ئەویش ئەیگرێتە باوەش. خۆ "ئێستا" ئایندەی دوێنێ بوە. ئەگەر لە ئێستەدا کارنەکەیت، ئایندەیش نایەت بە پیرتەوە. قەسیدەی "بۆننامە" یان هەر قەسیدەیەکی جوانی تری ئەم سەردەمە، بە ڕاستگۆیی و هونەری شیعری خۆیان "سبەینێ"ش هەر عاشقیان ئەبێت. بۆ نمونە: "بادی خۆش مرورەکەی نالی" ئەوە سەدەو نیوێك زیاترە نوسراوەو کەچی ئێستەیش کە ئەیخوێنینەوە گیانمان ئەهەژێنێ. شیعری زیندوو لەو شاخانە ئەچن، وەك لە دوێنێی دووردا بوون، ئەمڕۆیش هەر هەن و لە ئایندەشدا هەر ئەمێنن. من دەست خۆشی "شیعرم" لێکراوە. گەر بابەت و تەکنیك و زمانیش ئەبووبێ ئەی چۆن شیعر بوە؟! ئەی چۆن بە درێژایی دوو سەعات زیاتر توانیومە ڕۆحی ئەو خەڵکە بدوێنم، ئەهێڵم وەڕس بن و دنیای شیعرم جێ بێڵن؟ ئەگەر بۆننامە هەر لەبەر بابەتەکەی پەسەند بوایە تا دوایی دە کەس نەئەمایەوە بۆئەوەی بەدیاریەوە دابنیشن. چونکە ئەوکاتە

نەبوو لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆمان بخوێنمەوە، بەڵام من شیعرم خوێندۆتەوە، شەپۆلی زمانی کوردیم ناژوە، زمانی کوردیم بە وێنەی شیعر تەقاندۆتەوە، ڕۆحی خۆم تێکەڵی وشە بە وشە کردوە. من ئێستەم بەرجەستەی شیعرو زمان کردوە بۆ ئەوەی ئاینده تێم بگات. من دەستخۆشی هونەرم لێکراوە، چونکە من خوتبەم نەداوە. من دوو سەعات زیاتر سەمام لەناو ئاگرو زریانی زماندا کردوە، ئەی چۆن بێ تەکنیکێکی تازە بێ زمانێکی فرە درەوشانەوەو فرە تابلۆو وێنەی هەمەجۆر قەسیدەیەك ئەو هەناسە درێژەو ئەو درامای بزوتنەوانەی تێدا نەبێ؟!. من چ لە لایەن جوانترین هەڵبژاردەی ڕووناکبیرو ئەدیبی ئەمڕۆمانەوە، چ لە لایەن خوێندەواری شیعرو شیعر دۆست، ناسیاوو نەناسیاوەوە دەست خۆشیم لێ کراوە، خۆ ئەوان بەرتیلیان نەداوە بە من. من لەو کاتەوە کە ئەزمونەکانم جۆرە کاملیەکیان بەخۆیانەوە دیوە، هەرگیز موساوەمەم لەسەر دوو شت نەکردوە، یەکەمیان هونەی شیعرو دوەمیان خۆشەویستی خەڵکم بە چرای شیعرەکانم زانیوە. بەڵێ من لەپێشدا بۆ خۆم ئەنووسم و ئینجا بۆ خەڵکیش.

■ **زمانی شیعر لەگەڵ قسەو لەگەڵ زمانە گشتیەکەدا جیاوازە، بۆ نموونە زمانە گشتیەکە زمانێکی سروشتیەو قسەش مامەڵەیەکی فەردیە لە ناویدا، بەڵام شیعر خلیسکانی "زمانەوانی" یە هەم لە قسەو هەم لە زمانە گشتیەکەش، شیعر چوونە بەرەو ئەو شوێنانەی نە زمانە گشتیەکەو نە قسەش ناتوانن پەی پێ ببات. لە قسەدا ناتوانی بڵێی "هەڵمەکەم کرۆشت"، "ناوەکەم جوی"، کەچی جەنابت دەڵێی زمانی شیعری من زمانی خەڵکو جەماوەرە؟**

□ تۆ بڵێی ئەمە ئەزانم؟! بۆ کاتێ من لە بۆننامەدا ئەڵێم "با بە شەلەشەل هەڵئەکات"، یان "حیکایەتی سپی"، یان "بەسەر تیشکا بازت ئەدا"، یان "ئەبووی بە درەخت ئەڕۆیشتی" و بە دەیان وێنەی لەم جۆرە کە زمانی شیعر نەك زمانی ڕۆژانەو یان وشەی ڕاستەوخۆی ناو فەرهەنگ، کە زۆرجار یەك بوعدیان هەیە دوور بکەوینەوە؟! ئەمە لە ئەلف و بێی جیهانی شیعردایە. واتە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، زمانی شیعر هەمیشە زمانێکی مەجازیە ئەو کاتەی شاعیرێ ئەڵێ "خانووی ناو سەرم" ئەمە بەدەرە لە مەنتیقی قسەکردنی

ئاسایی، بەڵام بۆ مەنتیقی شیعر ڕەوایە. ئەوەی ڕاستیش بێ من مەبەستم لەوە بوو کە ئەفراندن و شێوازی ئەدەبیی تەنها ڕێگەو تەنهاماڵێکی نییە. ئێمە ناتوانین ڕوانین و چێژی تایبەتی خۆمان بکەینە پێوانەی هەموو ئەفراندن و شێوازە جۆربەجۆرەکان. ڕەنگە بەلای تۆوە لە شیعری عەرەبیدا "ئەدۆنیس" لە هەموان شاعیرتر بێ، بەڵام ئەشێ بەلای منەوە "مەحمود دەروێش" وابێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕوانگەی شیعریەت پێمان ئەڵێ هەردوکیان گەورەو داهێنەرن.

■ مەبەستمان ئەوەیە جیاوازینەکردن لە نێوان "من"ی شاعیر "من"ی جەماوەر یان خوێنەر، نەک هەر غەدرێکە بەڵکو جیاوازینەکردن لە نێوان "من"ی شاعیرو "من"ی شیعر، خۆی غەدرێکی ترە؟ تۆ ئەم جیاوازیە دەبینی؟

□ چۆن ئەم جیاوازیەم نەکردوە؟! یان چۆن ئەو تێکەڵکردنە بێ سەرو بەرە ئەقڵم جڵەو ئەکات؟! گومان لەوەدا نییە کە خودی شاعیر چاوگی یەکەمە. بەڵام هەرگیز ئەو خودە بە هەموو تایبەتمەندیەکی خۆیەوە ناتوانێ دوور لە پەیوەندی خودی خەڵك بژیو بەردەوام بێ. من ڕەگم و لەهەمانکاتدا فەزایەکیشم هەیە کە ئەکەوێتە دەرەوەی من. خودی شاعیر خولقێنەری دەقەکەیە، بەڵام دەق نە لە بۆشاییدا لەدایکبوەو نە ڕوویش ئەکاتە بۆشایی. ڕوو ئەکاتە خودێکی تر، کەسانی تر، خوێنەری خۆی، بەمجۆرە کاریگەرییش لە دوو سەرەوە دێت و سەرهەڵئەدا. ئەوە جەدلیەتی ژیان خۆیەتی، ململانێی نێوان هەموو ناکۆکیەکانە بە ناکۆکیەکانی ناو خودی شاعیریش خۆیەوە، بە کورتی ئەزموونی شیعرو جەماوەر لای من و خوێنەرو عاشقانی شیعر، یەك یەکتری تەواو ئەکەن.

جیاوازی هەندێ دەقی دیکەی تر، کە لە پردی ڕووخاو ئەچن ئەوەیە: من هەوڵمداوە ناوەندێك بدۆزمەوە کە لە یەك کاتدا هونەر بێ و سەر بە دڵی خەڵکیشدا بکات! من نامەوێ نە قفڵ لە شیعرەکانم بدەم، نە دەرگاکانیشیان بخەمە سەر گازی پشت. پێموایە هەموومان ئەو سەربوردەیەی ئێرۆدا ئەزانین کاتێ چەند قەسیدەیەکی خۆی بۆ جەماوەرێکی زۆری

کرێکاران ئەخوێنێتەوە، لە دواییدا چەپڵە ڕێزانی بۆ ئەکەن، ئەگەرچی بە تەواویش لە زمانی شیعرەکان ناگەن، بەلام وەك خۆیان دەڵێن ئەزانن بۆ بەرژەوەندی ئەوانە!

■ **شاعیرێکی بەریتانی ئەگەر لە شیعرێکدا داوا بکات حزبی کرێکاران و پارێزگاران ڕێك و تەبا بن، تۆ وەك شیعر سەیری دەکەی؟**

□ بابەت لەلای من و لە شیعردا ناکەوێتە خانەی یەکەمەوە، یەعنی ئەگەر شیعرێك بۆ پشیلەیەك بوترێ، بەلام بووبێ بە شیعر، شیعرێکیش بۆ نیشتمان نووسرابێ، بەلام نەبووبێ بە شیعر، من شیعری یەکەمیانم خۆش ئەوێ! بۆ نموونە شیعری "ست فاتیمە"ی مامۆستا هەردی لای من وەك شیعر زۆر گەورەترە، جوانترەو کاریگەرترە لە بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی کە هەر لەو سەردەمەدا بۆ چینی کرێکار، تێکۆشان و نیشتمان وتراون، دیارە پێچەوانەکانیشیان هەر هەیە، بۆ نموونە ئەو چەند شیعرەی کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە خەلوەتی تەصەوفدا نوسیویەتی، وەك شیعر باڵیان بەرین نییە، بگرە لاوازیشن و نزم ئەفڕن. یان هەندێ لە شیعرە سیاسیەکانی گۆران، یان هەندێ لە شیعرە ڕەق و تەقەکانی مەحوی، شاعیر هەموو شیعرێکی نابێ بە شیعرو هەموو ئادەمیزادێکیش بە مانای فراوان نەبوە بە ئادەمیزاد. کەچی نالی شیعرێکی بۆ گوێدرێژەکەی خۆی نوسیوە بوە بە شیعر، بوە بە تابلۆیەك لە وردەکاری و ڕوانینی هونەرمەندانە. هەڵبەت بەلای منەوە گرانترین جۆری شیعر ئەو شیعرانەن کە بۆ خودی خۆتی ئەڵێیت، بەلام بشتوانێ بیانگەیەنیتە ئاستێکی بەرزەفڕی لە ئاسمانی شیعردا.

■ **باشە زمان کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی شیعرە، زمان و مانا ئەو پردەیە کە تۆ بە خەلك دەگەیەنێت، کەچی ئێستا کۆمەڵێک کەس هەن پێیانوایە کە دەبێ شیعر بەرەو "لا لغة" و "لا کلام" بڕوات، تەنها وەکو دەنگ و وێنە بمێنێتەوە؟**

□ شیعر کە زمانی نەما، وجودی نامێنێ، ئەبێتە بۆشایی و دەفتەرێکی خاڵی. ئەو حاڵەتەیش کە تۆ باسی ئەکەیت ئیلغاکردنی زمان، ڕێزکردنێکی عەفەویانەی وشەو

هەڵڕشتنی، ئەمەیش ڕێبازێکی تازە نییە، چونکە هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە "دادائیەکان" لەم جۆرە یاریکردنەیان هەبوە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئەو شاعیرانە چییان کردوە؟! نەک ئەوەندە، بەڵکو هەر لە بیریش چوونەتەوەو باسیش ناکرێن. شیعر مانایە، مۆسیقایە، خەون و خەیاڵەو پرسیاری بەردەوامە. ئەمەیش تەنها لەو ڕووبەرەدا بە ئەنجام ئەدرێ کە زمان نیشتمانێتی.

■ **تۆ لەگەڵ فەنابوونی زمانا نیت، ئایا شاعیر ئەتوانێ بۆ خۆی زمانێکی تایبەتی دروستبکات کە لە زمانی قەبیلە دەربچێت؟**

□ زمان زمانی ئەتەوەیە، بەڵام ئەم زمانە لە شێوە فەرهەنگ و سەرەتاییەکانی خۆیدا ناتوانێ ببێ بە زمانی شیعری ئەم سەردەمە، ئەگەر کوت و مت بەو جۆرەی هەیە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکەین، شاعیر زمان لەناو زماندا ئەخولقێنێتەوە، ئەیشێلێتەوە، شاعیر شۆڕشگێڕی ناو زمانیشە. زمانی هیچ شاعیرێ نابێ بە زمانێکی سەد دەر سەدی خۆی و تایبەت، چونکە ئەوکاتە مەگەر هەر شیعر بۆ خۆی بنووسێت، ئەویش بەو پیتانەی کە خۆی دایانئەڕێژێ! بەڵام زمانی تایبەت بە ئیبداع و داهێنان، بە دۆزینەوەی دنیا نەبینراوەکان، بە زمانی خەون و خەیاڵی بێسنوور. بەڵێ دیارە زمانی قەبیلە، وەک تۆ ئەڵێی من وای تێئەگەم مەبەست لە زمانێک بێت کە تەنها ئاسۆیی بکشێت و زمانی ڕۆچوون واتە ستونی نەبێت، زمانی ئاماژە ڕاستەوخۆکان بێت، زمانی باوبێ و دوور لە هەموو هێماو ئیحاو مەجازێک. زمانی ساکاری ڕۆژانە، زمانی یەک چاوی وشەکان، بەڵام زمانی هەموو شیعرێکی بە هونەر ئاوێنە بەندکراو خۆی لە خۆیدا زمانێکی تایبەتە کە زمانی شیعرە. زمانی شیعریش بەم پێیە نابێتە زمانێکی متجاوز تا ئەقڵ و ڕوانینیش متجاوز نەبن و بەها نوێیەکان نەدۆزنەوە. وەک سەرەنجام مەبەستم لە زمانی داهێنەرانەی شاعیرە!

■ **لە چوون بەرەو خەڵکدا باوەڕ ناکەم هیچ ناراستەیەکی ئەدەبی هێندەی ئەدەبی کرێکاری، پاساوی هەبووبێت، کەچی لە کۆتاییدا بینیمان ئەو ئەدەبە هیچی بە هیچ نەکرد؟**

□ شیعرو خەڵك بەو تەمەنە کورتەی قوتابخانەی ئەدەبی کرێکاری، یان ئەدەبی واقعی نیشتراکی ناپێورێ! ئەوەتەی شیعر هەیە، خەڵکیش هەبوە. با زۆر دوور نەڕۆین، هەر شیعری "پوشکین"ی ئەو وڵاتە بکەین بە نمونە کە لە هەموو ماڵێکدا، تا ئەمڕۆیش دیوانێکی ئەو لەسەر ڕەفەی چاویانە، شیعری جوان پێویستی بە پاساو هێنانەوە نییە، خۆی بۆ خۆی ناوەڕۆکی دڵی خەڵك ئەدۆزێتەوە، تەنانەت شاعیری گەورەی نێو ڕێبازێکی وەك واقعی نیشتراکی کە نموونەی لەبەر چاویان "مایکۆفسکی"یە بە دارمانی ئەو ڕژێمەیش و دوای کۆتایی هاتنی ئەو بانگەشانەیش، هەر زیندوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو شیعری تازەی دنیاش لە ڕووی تەکنیکەوە قەرزاری ئەوە.

شاعیری گەورەو داهێنەر نە بە ئایدیۆلۆژیا دروستئەکرێ، نە دوای ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیاکەیش ئاوا ئەبێ، چونکە قودرەتی داهێنان لای هەر شاعیرێ ئەبێتە قودرەتی مانەوە، بەردەوامبوون و ژیانی بەرهەمەکانی. ئێمە زۆر بە هەڵەدا ئەچین ئەگەر وابزانین ئەدەبی سۆڤیەتی جاران هەر هەمووی ئەدەبێکی بازاڕی و تەنکە بوار بوە، هەر لەو قۆناغەشدا ئیتماتۆف، حەمزاتۆف، ئیفتۆشنیکۆو دەیان نوسەرو شاعیری تر پێگەیشتون، ئەدەبەکەیشیان نمونەی ئەدەبی پڕ لە داهێنان بوەو لە عەقڵ و دەروونی خوێنەریشدا ژیاون.

■ **چوون بەرەو خەڵك و فەرامۆشکردنی گەڕەکەکانی ناوەوە، پرسیارێك دروست دەکات، ئایا قەد جەنابت شیعرێکت نوسیوە بۆنەوەی زەرەر لە سومعەی تۆ نەدات، زەرەر لە سومعەی شیعریت نەدات بڵاوت نەکردبێتەوە؟**

□ من هەمیشە لەوە ترساوم شیعرێکم بە کاڵ و کرچی، بە ناتەواوی، بە ناکامڵی، بکەوێتە بەردەستی عاشقانی شیعر. هەڵبەتە لە سەرەتای ئەزموونە شیعریەکاندا لەم جۆرە شیعرانەم هەبوون، لە دواییشدا مایەی نیگەرانی و پەشیمانبوونەوەم بوون، بەڵام ئەو پەلەکردن و خەوشانە، فێری ئەوەیان کردم کە زۆرتر لەسەر (پێگەیشتنی) شیعر بوەستم و نوسینی بە مەسەلەیەکی چارەنوسسازی پڕ لە بەرپرسیارێتی بزانم و سەرەڕۆیانە تەماشاینەکەم.

"سومعەی شیعریی" بە تەنگەوەبوونی ئاستی هونەریی‌و لەهەمانکاتدا پاراستنی بێگەردی هەڵوێستە. پاکژی ئەدیبەو پیس نەبوونێتی. نەخێر من شیعرێکی لەو جۆرەم نەبوە بینوسم‌و بڵاوی نەکەمەوە، واتە بووبێ بە شیعر، بەڵام من خۆم دەرگام لەسەر داخستبێ، ئەشێ ڕوویداوە شیعرم نووسیوە، بەڵام وەك ئاکام هەوڵیشم داوە هەر نەهاتوە بە دەستمەوەو لە دواییدا دڕاندوومە!.

■ **یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەدەبی کوردی بە شیعریشەوە نەبوونی ڕەخنەی جادە، سێ تەجروبەی گەورەت هەیە، خاچ‌و مارو دەربەندی پەپولەو بۆننامە، دەکرێ بزانین چی ئەمەی زۆرترلای تۆ تەقاندەوە ؟**

□ ڕەخنەی جاد: مەعریفەی جاد، خوێندنەوەی نوێ‌و ڕووناکبیریەکی ئازا دروستینەکات. بەداخەوە ڕووناکبیری کوردی تا هەنووکەیش هەر لە پاشکۆی پاشکۆکانی ڕووناکبیری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی وڵاتەکەماندایە. ڕەخنەی کوردی تا ئەمڕۆیش هەر دەست لەسەر خەنجەرە. تۆوی ئەم ڕەخنەیە لە زەمینەیەکی نەخۆشدا نەش‌ونما ئەکات. لەبەرئەوە ڕوانین‌و لێکۆڵینەوەی ساغ‌و دروستی لێ چاوەڕوان ناکرێ. ئەو سێ کارەی باست کردن، سیانەی لەدایکبووی غوربەتن، یەك سەرچاوەیان هەیە، بەڵام هەر یەکەو بۆ خۆی ئاوەڕۆی خۆی دروستکردوە، ئەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کە من بۆ خۆم لە نووسینی شیعری درێژدا لە زوەوە بنەمایەکم بوە بە تایبەتی لە نووسینی قەسیدەی "کۆچ"ەوە واتە لە هاوینی ١٩٧٥ەوە تا نوسینی کۆمەڵێ چیرۆکەشیعر لە سەرەتای هەشتاکانداو بەرەو ژورتریش. بەم پێیە ڕەگێك هەبوە، کە ئەبێتە بنج‌و بێخ بۆ ئەم ئەزموونانەی دواییم. ئەمەوێ بڵێم ئەم هەناسە درێژانەی شیعر لە ئەنجامی مەشق‌و مومارەسەیەکی دوورو درێژی تەمەنی نوسینەوە هاتوون، ئەمە جگە لەوەی کە خوێندنەوەی زۆرو بەردەوامی "ڕۆمان" ئەم ئەزمونانەی چڕتر کردۆتەوە.

بەهەرحاڵ هەر سێ کارەکە بەسەریەکەوە دەستنیشانی جۆرە قۆناغێکی شیعری من ئەکەن لەو چەند ساڵەی دواییدا، واتە لە سەرەتای ١٩٩١ تا ١٩٩٨. کەش و ئاوو هەوای هەرسێ کارەکە لێکەوە نزیکن، غوربەت و نیشتمان دوو جەمسەری گەورەی ئەم ئەزمونەن. کارەساتە گەورەکان و تراژیدیای پڕ لە وەیشومەی ژیانی کوردو ئەو دۆزەخانەی کە من بۆ خۆم وەك شاعیرێ تیایاندا سووتاوم، ئاوڕدانەوەی بەردەوام لە خەونەکانی منداڵیم و چۆڕاوگەی ئەو خوێنەیش کە لە دەربەندی پەپوولەوە ئەڕژێتە جیهانی خاچ و مارەوە تا ئەگاتە پۆپەی خۆکوژیمان، لە بۆننامەدا بە بۆنی خۆش و ناخۆشەوە پانتاییەکی گەورەی ژیانمان ئەگرێتەوە، ئەوانە هەر هەمووی لە ڕێگەی سەدان تاڤگەی وێنەو بروسکەی شیعرو گێڕانەوەی هونەری چیرۆك ئاساوە تێکەڵ بە هەناسەکانی مەنفاو دوورە وڵاتی ئەبن و ئەو ڕووباری وشانە پێکئەهێنن. ڕەنگە لێرەدا جێی ئەوە نەبێ یەك یەك لەسەر ئەو کارانە بوەستم. بەڵام ئەوەی بۆننامە لە هەردوو کارەکەی تر جیا ئەکاتەوە واتە جیاوازی لە بونیادو لە ڕوانینی شیعریدا، دوو خاڵی سەرەکین: *یەکەمیان* ئەو لایەنەیە کە تۆ باست کردن واتە چڕبوونەوەی حاڵەتی دەروونی و ڕۆحی و سایکۆلۆجی و بێزاری و تەنیاییەك کە تا ڕادەی هاڕینی گیانم درێژەی هەیە، وەك ئەوەی لەسەر ترسناکترین هەڵدێر لە جوڵانەوەیەکدا بم، جوڵانەوەیەك پەتەکەی لە قرچە قرچی پساندا بێ!

*دوەمیان*: لە زۆر جومگەی ئەم قەسیدەیەدا، بەردەوام چەندین گێژەڵووکەی نەقدیی، بۆ داماڵینی دەمامکە ساختەکان لە هەڵکردندان، واتە تیژ بوونەوەی چاوی عەیب و عار بینی خۆمان لەم کارەدا بوە بە چاوی ئەو کامێرایانەی کە بە کون و قوژبنی هەموو دەڤەرەکانی ئەم قەسیدەیەدا ئەگەڕێن، پەردە هەڵئەماڵێن لەسەر زەلکاوەکانی فەساد، تەنانەت وەك وتم لە دەرزی ئاژەن کردنی گیانی خۆیشمدا دریغیم نەکردوە، ئەمە جگە لەوەی بە پێچەوانەی قسەی سەر زارەوە لای ئێمە نیشتمان ئەبێتە پەراوێزی ژیان و ئەبێتە مەیمونێ بۆ گاڵتەجاڕی و هەموو نرخ و بەهایەکی ئەو وڵاتەی زەریایەك خوێنمان بۆ ڕشتوە لە بەرامبەر ڤیزەیەکدا بۆ خۆ دەرباز کردن، ئەسڕینەوە. بە کورتی لە بۆننامەدا چەخماخە نەقدیەکان بە چڕو پڕی لە بروسکە دانەوەدان.

هەڵبەتە هەموو تەقینەوەیەك لە ئاكامی پەنگخواردنەوەیەكەوە ڕوودەدات. بۆننامە پەنگخواردنەوەی هەموو ئەو خەم، ژان، تووڕەبوون، بێزاری، نائومێدی‌و نائارامیانە بوە، كە لە چەند ساڵی دواییدا، ڕووداوەكان، كارەساتەكان، شەڕی ناوخۆ، تەنیایی، ئاوارەیی‌و تاراوگە، بێبەهاكردنی شتە پیرۆزەكان لە ئەنجامی یەقدانەوەی فەسادەوە، جێهێشتنی نیشتمان لەناو دۆزەخداو هەڵاتنمان بەرەو پاشەڕۆژی نادیارو بزر بوونمان لە دنیایەكی چاوچنۆك‌و بێ دەربەستدا. ئەمە جگە لەوەی كە بۆننامە دیسان گەڕانەوەیەكی دیكەی خەونەكانی تەنیاییە بۆ لای یەكەمین لانكە، كە بە سۆزو خۆشەویستی ئابلۆقە دراوە. سەرچاوەی هەموو بۆنە خۆش‌و ناخۆشەكانی مێژوومانە. هەروەها لەم قەسیدەیەدا خودی خۆم، گریان‌و پێكەنینم، گەشتی چەند ساڵەی دووره وڵاتیم پەیوەندیە عاتیفییەكانم، سوڕانەوەی بێهودەیی لەناو بازنە بۆشەكانی تاراوگەدا دیارو لەبەرچاوترە بە بەراورد لەگەڵ هەردوو كارەكەی ترمدا، لەم كارانەمدا من تەنها بە جەستە لە دەرەوەی نیشتمانم، ئەگینا وەكی تر بە ڕۆح‌و ڕوانین‌و خەم‌و خولیاو خەیاڵەوە هەر لە ناوەوەی وڵاتم، بێكەسیی خۆم‌و مەسەلەی بوون‌و نەبوونم لە چەندین تابلۆی چیرۆك ئامێزی ئەم كارەدا ڕەنگیان داوەتەوە. مێژوویش بە شیعر ناوێنەبەند كراوە. ئەم شیعرانە شیعری یەك ساتە وەختی تەقینەوە نین، بەڵكو بریتین لە زنجیرە شەپۆل‌و تەقینەوەیەك لە دوای یەك، تابلۆ لە دوای تابلۆ كە سەرجەم پێشانگایەك لە ڕوانین‌و هەست‌و ئەستی خۆم بەرجەستە ئەكەن. بەهەرحاڵ من شیعرم نوسیوە جا ئەو شیعرانە لە هەر فەزایەكدا فڕیبن‌و یان هەر خەم‌و خولیایەكیان كردبێ بە كونە شاخ‌و هێلانەی خۆیان، ئەوەی كە دەكەوێتە خانەی یەكەمی مەبەستی منەوە شیعریەتی دەقەكەو لەهەمانكاتدا دەربڕینی ئەم مانایانەیە كە وزەیەكی نوێ بەكارەكەم ببەخشن. لەم شیعرە ماراسۆن ئاسایانەدا، ڕێگاكان دوورو درێژو بە هەڵەت‌و پێچاو پێچن، بۆ ئەمەیش ئەبێ شاعیر پشووی درێژ بێت، تا ئەو شوێنەی كە پێی ئەوترێ كۆتایی، بەردەوام لە بزووتنەوە نەكەوێ‌و بە نیوەناچڵی‌و لە نیوەی ڕێگادا واز نەهێنێ‌و دانەنیشێ، بەڵام ئەوەندەیش هەیە كە دیارە ئەم ڕێگا بڕینە یەك گوڕو تینی شیعریی تاسەر چوونیەكی

نییە. ئەم قەسیدانە لە باڵندەی نەفەس درێژ ئەچن، بەڵام لەهەمانکاتدا فڕینی بەرزو نزمیشیان هەیە، سروشتی شیعری پوخت، سروشتێکی ناسکەو بە گەڵێ داوی باریکەوە بەندە، هەر لەبەرئەوەیشە ئەگەر لە بونیادنانی ئەم جۆرە قەسیدانەدا ناوبەناو پەنا نەبرێتە بەر زمانی چیرۆکو پەخشان، ڕوداوو حسە شیعریەکان نەپارێزێ، مەحاڵە تاسەر هەر بە نەفەسی شیعر خۆی، شاعیر بتوانێ کارەکەی بە ئەنجام بدات، هەر لەبەر ئەوەیشە، لەم ڕووبارە درێژانەدا وەك بە قوڵاییدا ڕەت ئەبین تووشی تەنکەبواریش ئەبین.

■ تێبینی ئەکەین لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەو خاچ‌ومارو بۆننامەدا زۆر پابەندیت بە "عالەمی مەکان"ەوە؟

□ جێگا ناونیشانی ژیانەو سەرچاوەی هەموو هەڵس‌و کەوت‌و بیرکردنەوەیەکمانە. من هەر لەسەرەتاوە بە سیحری جێگاوە نوساوم. سیحری ماڵ‌و گەڕەك‌و شارو شوێن‌و خەونەکانم. لە غەریبیدا "تەنیایی" چاوی تیژ ئەبێتەوە، چاکە لە ڕابردوو ورد ئەبێتەوە، بست بە بست بەو جێگایانەدا ئەچێتەوە کە بوون بە بەشێك لە یادگارە زیندوەکانی جەستەو ڕۆحمان. ئەم گەڕانەوەو پێداچوونەوەیە ئەیەوێ کام شت وردە لەیادی ئەکات‌و جارێکی تر لە سیمای ورد بێتەوە، بۆئەوەی ئەخشەیەکی نوێیان بۆ بکێشێتەوە، لە چاوی شوێنەوە زەمەن ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ساتانەی خۆت ئەتەوێ لێیان ڕابمێنی. بۆ نمونە "شاخی گۆیژە" بۆ من کە بە درێژایی تەمەن چاوم لە چاوی ئەتروکاندوە، کاتێ لێی دوور ئەکەومەوە هەست ئەکەم بۆشاییەکی گەورە کەوتۆتە ژیانمەوە، چاوەکانم شتێکیان بزر کردوە کە تێکەڵ بە گلێنەم بوون، بوون بە بەشێك لە تیشکەکانی تەماشام. ئەوکاتەی بە چاوی خەیاڵ تەماشای ئەکەمەوە ئەمەوێ ئەو چاڵ‌و چۆڵیانەیش سەرلەنوێ بەسەر بکەمەوە، کە پێشتر چاوم لە بەرامبەر خۆیشیا هەستی پێنەکردوون، یان ڕاگوزارانە بەسەریاندا تێپەڕیوە. ئەمجارەیان دیسانەوە "گۆیژە" ئەبێتە پانۆرامایەك نەك هەر بۆ خۆی، بەڵکو بۆ هەموو شتەکانی تریش، بۆ ئادەمیزادو مەسەلەو مێژووی کۆن‌و تازەو تەواوی ژیانی شارەکەم.

"شوێن و ناو" دەمارەکانی جەستەی قەسیدەی منن، ئەدرەسن بۆئەوەی بەردەوام نامەی خۆمیان بۆ بنێرم، جا بگەن یا نەگەن، گرنگ ئەوەیە ئەو شوێنە هەیە، لە سڕینەوە نایەت و لەناو ناچێ ئەمە لە کاتێکدا خۆم لەناو ئەچم، تۆ بڵێی ئەمە لەو سڕەوە نەهاتبێ کە شاعیر بیەوێ لە ڕێگەی ئەمری شوێنەوە ئەمرییەك بدا بە ناوی خۆی؟!

■ جیاوازییەک هەیە لە نێوان غوربەت و ئیغتراب، من لە شیعری تۆدا زیاتر غوربەت ئەبینم، وەک لە ئیغتراب؟

□ مەسەلەی غوربەت و ئیغتراب زۆر تێکەڵاوی یەکترن، هەرچەندە لە ڕووی مەعریفیەوە لەیەك جیادەکرێنەوە، بەوەی غوربەت تەنها ڕەهەندێکی جوگرافیانەی هەیە، ئیغترابیش حاڵەتێکی دەروونیە، ئەو دوو مەسەلەیە زیاتر لە سەردەمی سەرمایەداریدا ئاشکراتر بوو، ئەو کاتەی مرۆڤ ببوو بە بەشێك لە ئالەت، ئەو ئالەتەش بێڕەحمانە ئەیهاڕی، ئەوەی تایبەت بێ بە ئەزموونی منەوە، تۆ ئەگەر خاچ و مار بخوێنیتەوە هەست بە هەردوو حاڵەت دەکەی، هەست دەکەی ئەوکاتەی من لە هەندەران دووری نیشتمانم تۆماردەکەم، لەهەمانکاتدا باسی ئەو ئیغترابەش دەکەم کە لەناو نیشتماندا هەمبوە، ڕاستە دوور کەوتنەوەم لە نیشتمان بە جەستە، غوربەتێکی جوگرافی دروستدەکات، بەڵام ئەو غوربەتە سەرچاوەکەی هەر ئێرە بوە، تۆ ئەگەر قەسیدەی "گینگڵ" لە دیوانی "من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ" بخوێنیتەوە، هەستدەکەی من ئەو گرفتەم لەساڵانی حەفتاو یەك و حەفتاو دوو هەبوەو ئاماژەیەکی ڕوونم پێداوە، من زۆرجار هەتا لە سلێمانیش کە لانکەی شیعری من بوە، هەستم بە غوربەت و نەگونجاندن کردوە، شاعیر زۆرکەم ئەتوانێ بگونجێ لەگەڵ ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی دەورو خولی ئەدات.

■ کاک شێرکۆ بەڕێزت ئاماژەت بە وەعی کرد، پێتوانییە نووسینی شیعر کتوومت ڕژاندنی پەرداخێک ناوە، کە من پەرداخێک ناو دەڕژێنم ناتوانم گرنتی ئەوە بدەم بۆ کام لا پەرت دەبێ، بەلای ڕەنگا، بەلای مۆسیقادا، پێتوانییە شیعرەکانی جەنابت هەندێ بە ناکایی لەخۆگرتبێ؟ ئەو بە ناکاییەی هەست و ئەست لە تلقائیەت کۆتوبەند دەکا؟

□ ئەشێت لە ئێستادا ئەو چەمکانە گۆڕابن، بەڵام بە ڕای من سەرەتای جیابوونەوەی شیعری کلاسیکی و شیعری تازە لەم مەسەلەیەدا دەست پێدەکات، کەمجار هەیە لە شیعرێکی کلاسیکیدا یەکێتی بابەت (وحدة الموضوع) ببینی، زیاتر لەوێدا وەحدەی بەیت هەیە، بەڵام لە شیعری تازەدا مەسەلەی یەکێتی بابەت هاتە پێشێ، بە مانای کۆکردنەوەی ماناو فۆرمو هتد.. لەیەک فەزادا، لە قەسیدەی درێژدا یەکێتیەکی بابەتیانە هەیە کە دەبێتە فەزا، یان دەبێتە خاکی نیشتەجێبوونی هەموو وێنەکان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە من پێشتر نەخشەیەکی بۆ بکێشمو بڵێم لەم خاڵەوە دەست پێدەکەمو لەو خاڵەوەش کۆتایی پێ نەهێنم. ڕاستە من کلیلێکم پێیە، بەڵام ئەو کلیلە تەنها بۆچوونە ناو ڕووبارەکەوەیە، ئیتر من نازانم ئەو ڕووبارە بۆ کوێم ئەبات.

■ **مەبەستمان زیاتر عەفەویەتو سنعەتکاری بوو لە قەسیدەی درێژدا..**

□ هیچ گومان لەوەدا نییە، کە لە قەسیدەی درێژدا جۆرێك لە سنعەت هەیە، چونکە ئەو جۆرە قەسیدەیە تەنها بریتی نییە لە یەك ساتی تەقینەوە، بەڵکو بریتیە لەو تەقینەوانە کە پاشتر دەبێ چنینێکی هەبێ، لەمەدا قەسیدەی درێژ زۆر لە ڕۆمانو چیرۆك نزیك دەبێتەوە کە ئەوانیش ئەو جۆرە چنینەی پێویستە، بەڵام ئەو چنینە بۆ ئەوە نییە باڵی عەفەویەتی شیعر بکات، ئەو چنینە ڕەنگە ئاسمانێك بۆ فڕین بڕەخسێنێ، بەڵام ناگاتە ئەو ڕادەیەی لەسەرت بسەپێنێ لەسەر کام درەخت بنیشیتەوە.. خۆ لە قەسیدەی درێژیشدا جۆرێك لە عەفەویەت هەیە، ڕەنگە من بتگەڕێنمەوە بۆ قەسیدەی دەربەندی پەپوولە، بەتایبەتی لەو بڕگانە کە باس لە "بریتۆن" دەکەم کە زۆر لە عەفەویەتی تێدایە، جاریش هەیە دەگاتە نوسینی میکانیزمی، یان لە هەندێ شوێن ئیقاع بە شێوەی پێشتر نامێنێ، هەمیشە ئیقاعەکان لە گۆڕاندان، هەست دەکرێ هیچ بەندەرێك نەماوە بۆئەوەی ئیقاعی تیا بگیرسێتەوە.

■ **بەڕێزت کە لە شیعرێک پەشیمان دەبیتەوە، ئاخۆ لە تەکنیک و زمان پەشیمان دەبیتەوە یان لە بابەت؟**

□ مرۆڤ بە دژەکانەوە جوانە، بەڵام پەشیمان بوونەوەی من لەوەدا نییە کە ئەو ڕەسمە هی من نییە، ئەمە خۆم نیم. نەخێر پەشیمان بوونەوەی من لەوەیە کە دەبوو لەو شوێنە ئەو وێنەیەم نەگرتایە یان پەشیمانم لەوە کە ئەو بەرگەم لە بەرایە، بە کورتی من کۆمەڵێک نووسینم هەیە، بە ڕاستیش نەتوانراوە ببن بە شیعر، نەمتوانیوە بیانکەم بە شیعر، بێگومان کە لە شیعریش پەشیمان دەبیتەوە واتا لە هەمووی پەشیمانی، بەڵام لە بنەڕەتەوە پەشیمان بوونەوەی من، پەشیمان بوونەوەی هونەرییە، من زۆرم نوسیوەو بۆریشی تێدا بوە، لەبەرئەوە ئەگەر هەموو بەرهەمەکانی خۆم بژارکەم ڕەنگە نیوەیان بهێڵمەوە، ئەو نیوەیەی کە بۆن و بەرامەی حەقیقەتی شیعریان لێدێ. پەشیمان بوونەوەی من تەنها هونەرییەو با بەهای بابەتیش گەورە یان مەسەلەیەکی زۆر پیرۆزیش بێ، بەڵام کە نەبووبێ بە شیعرو هونەر لەو بەهاو پیرۆزیەش کەمنەکاتەوە کە شاعیر کردوونی بە بابەتی لێدوانی. پەشیمانبوونەوەی من لەوەدایە کە ئەو هێشوانەم زۆر بە کاڵی ڕنیون، دەبوو زیاتر لە سەریان ڕابوەستم.

■ لە شیعری بۆ بارزانی پەشیمان بوویتەوە؟

□ نەخێر، قەت لەو شیعرەم پەشیمان نیم.

■ چونکە لەچەند دانیشتنێک وام پێ گوتراوە؟

□ نەخێر، قەت وام نەوتوە، چونکە ئەگەر وابوایە لەکاتی چاپکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکاندا، ئەو شیعرەم بڵاو نەئەکردەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو شیعرە بەشێکە لە ئەزموونی شیعرو ژیانی خۆم. من لە وێنەکانی ئەلبومی ڕابردووم پەشیمان نیم و خۆم تەفرە نادەم.

■ کاک شێرکۆ لە نووسینی شیعردا سەرەتا چۆنە؟ بە چی دەست پێدەکا؟ وشەیە؟ وێنەیە؟

□ کلیلە، ڕەنگە وشەیەک بێ، ئیقاعێک بێ، بەڵام زۆرجار لای من وێنەیە، وێنەیەک دەمباتە ناو جیهانێکەوە.

■ **ئەی سەرەتا.. کۆتایی.. کامیان ئاسانترە؟**

□ چۆن لەم گێژەنە بدەم؟! سەرەتا ئاوایەو گرانە ئەی چۆنیش بێمە دەرەوە؟! ئەمەیشیان کۆتاییەو بۆ من هەمان گیروگرفتی هەیە.

■ **رەشنووست زۆرە؟**

□ من لەسەر لاپەڕەی سپی ئەنووسم، بەقەڵەمی ڕەش ئەنووسم (جاف)، بە هیچ شتێکی تر بۆم نانوسرێ، هەرگیز ناتوانم لەسەر لاپەڕەی خەتدار بنووسم، ئەوەی کە ئەینووسم زۆر پیا ئەچمەوە. ئینجا کە گەیشتمە دوایین سیاغە، لاپەڕە لاپەڕە پاکنووسی ئەکەم، هەنگاو هەنگاو لە دوایین پاکنووس نزیکئەبمەوە.

■ **تەقسی تایبەتت بۆ نوسین هەیە؟**

□ من وەختێکم نییە بۆ نووسین، زۆرجار بەیانیان ئەنووسم، لە شوێنی قەرەباڵغدا ئەنووسم، زۆری ئەو بەرهەمانەی ئێوە دەیبینن لە کۆمەڵێ چایخانەی ستۆکهۆڵم نووسراون، لە کاتی نووسیندا دائەبڕێم، ئاگام لە دەورو پشتی خۆم نامێنێ.

■ **هەڵبژاردنی ناونیشان بەلاتەوە کێشەیە؟**

□ گەلێجار کێشەیە.. زۆرجار ناونیشانی قەسیدەیەک زۆرتر ڕایگرتووم لە نووسینی قەسیدەکە، هەرچەندە ئەمە حاڵەتێکی ئیبداعی نییە.. بەڵام تێڕامانە بۆ چڕکردنەوەی قەسیدەیەک لەیەک ئاودا!.

■ **هەست دەکرێ شیعرەکانت پاشکۆیی هەیە بۆ ڕووداو، نەک چوون بەرەو ئایندە، شیعرەکانت دوای ڕووداو دێن، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە ئەگەر یەکێتیو پارتی ئاشتبوونەوە چارەنووسی قەسیدەی بۆننامە چۆن دەبینی؟**

□ لای هەموو شاعیرێک بەشێك لە شاعیریەت خەونە، ئەو خەونانەی کە هەموو مرۆڤێکی ئاسایی نایبینێ، هەموو شاعیرێکیش جۆرێك لە پێغەمبەرێتی تێدایە.. لەهەمانکاتدا خەوش نییە بۆ شاعیر بە شوێن تەجروبەیەکدا شیعر بڵێ، ڕەنگە ئەو تەجروبەیە خەون و بەهرەی تۆ قووڵتر بکاتەوە، ڕەنگە لە ڕێگای دوێنێوە کە من ئەمڕۆ دەیڵێم

ئاینده باشتر نیشانبدەم. بە داخەوە دەستنیشانەکەی تۆ نوقسانە، تۆ لە قەسیدەی بۆنتامەدا تەنها ئەوەت لەبیر ماوە کە من باس لە کارەساتی ٣١ ی ئاب دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارەساتە شتێکی کەم نییە نە لە مێژووی خەونی مندا، نە لە مێژووی خەونی میللەتەکەما، پێموایە باسنەکردنی دەبێتە جۆرێك لە ئیدانە.

ئێمە دەبێت ئیدانەی بێ هەڵوێستی بکەین، ئیدانەی خۆمان بکەین کاتێ کارەساتێکی گەورە لە پاڵ تاوانێکدا دەرهەق بە وجودی میللەتەکەمان ئەنجام دەدرێت و کەچی ڕوناکبیران وەك کەڕەواڵە تەماشایدەکەن. ئەمە لەکاتێکدا ڕوناکبیرێکی بیانی لێی بێدەنگ نابێت. ئەمە جۆرێکە لە هەڵوێستی شەریکە تاوان. ئەدیب دەنگی حەقیقەتەو زمانی ڕاستگۆیی ڕۆژگار. ئەوەی مێژوویش بە قوڵیی هەڵێنەکەنێ بە کەس پڕ ناکرێتەوە. بۆچی تۆ پێتوایە بە ئاشتبوونەوەی دوو سەرکردە یان دوو حزب، تاوان و حەقیقەتیش لە مێژوودا ئاشتئەبنەوە؟! بیرەوەریە تاڵەکان لەبیر خەڵك ئەچنەوە؟! قوربانیەکان قوڕو قەپ ئەکەن؟!

بەشی هەرە زۆری دەقە ئەدەبیەکان دوای تەجروبە لەدایکئەبن، پێشبینی لەناو شیعرێکیشدا دەکرێ کە لەدوای ئەزموونەوە هاتبێ، پێشبینی شیعر پێشبینی زمان و داهێنانە. جاری وا هەیە بابەتێك لەلای چەندین شاعیرو ئەدیب دووبارە ئەبنەوە. بەڵام ئەوەی لە یەکیان جوێ ئەکاتەوە چۆنیەتی دەربڕینە. گرنگ ئەوەیە تۆ چی دەنووسی؟! من ناتوانم شیعر بۆ بۆشایی بنووسم. ئەزموونەکان مەودای ڕوانینم فراوانترئەکەن، ئەوان بەشێك لە واقیعی ڕووداوم ئەدەنێ، خۆیشم بەشی هەرە زۆری خەیاڵ و ڕوانین و هونەرم.

هەردوو تەجروبەکە فەزایەکی فڕینی فراوانترم پێ دەبەخشن، پاشان من نایەم ڕووداوەکان بگوێزمەوە، من چەشنی کامێرای فۆتۆ کار ناکەم من کە دەڵێم "بەتاڵبوونەوە، وەك بەتاڵبوونەوەی ئەسپ لە حیلاندن، وەك بەتاڵبوونەوەی جەستە لە ئیرادە" ئەمە قسە نییە، ئەمە شیعرە.. من زۆرم پێ سەیرەو زۆریشی لەسەر ئەوەستم کە دەبینم میللەتەکەت پارچە پارچە ئەکرێ و کەچی هیچت نییە.. من ئەو کاتە تۆ لە دەرەوەی مێژوو ئەبینم، من تۆ لە دەرەوەی وجودی کوردو موعاناتی میللەتەکەما ئەبینم.. بەڵام گرنگ یەك شتە ئەوەی

دەینووسی شیعر بێ، من شیعرم گوتوە، بەڵام وەکو قسەی ئاسایی شیعرم نەنووسیوە، ئەمە بەشێکە لە موعاناتی خۆم، من تیایا ژیاوم کاکە، من لێرە بووم کە ئەو کارەساتە ڕوویداوە، لەگەڵ خەڵکا ڕامکردوە، چوومەتە دەرەوە، ڕەفیقم هاتوە براکەی کوژراوە لە هەولێر، وەک ئەوەی دەسگیرانەکەم غەدرێکم لێبکات، بە ڕاستی وەختی ئەو جیاکردنەوەیە نەماوە کاتێک هەموو شتەکان تێکەڵ بەیەک بوون، من وا هەستدەکەم ئەبێ ئێمە ئەو بەرهەمە زیندوانە بنووسین کە گۆڕانێك لە هەست و نەستی خەڵکا دروستبکا، ئینجا پێش تەجروبە بێ یان دوای تەجروبە. من قەت پێم خەوش نییە کە زۆرترینی میللەتەکەم خۆشی بوێم، بەڵام لەهەمانکاتدا لەسەر ئەوە پێدادەگرم کە ئەو خۆشەویستیە لەسەر حسابی هونەرەکەم نەبێ..

پێم سەیرە هۆلاکۆ دێ و میللەتێك سەرنەبڕی کەچی پێم دەڵێن بێدەنگ بە. پێشم وا نییە شیعرو هونەر لە میللەت گەورەتر بن، بە باوەڕی من بە جیهانیبوونی ئێمە لەوەدایە مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ کولتورو ڕووداوەکانی خۆمان بکەین، پیاوێکی وەکو مارکیز لە ئەمریکای لاتینیەوە بە جیهانیبوونی خۆی لە پێناسەکردنی ئەمریکای لاتینەوە بەدیهێناوە، بە کورتی من هونەری شیعر لە خۆشەویستی خەڵك جیا ناکامەوە، بەڵام بەرتیلیشیان نادەمێ، پێش هەموو شتێك دەبێ سەرچاوەکە لە خۆمەوە دەست پێبکات، من سەرچاوە نیم بۆ هیچ ئایدۆلۆژیەتێك و هیچ ئایدیۆلۆژیەتێکیش بۆ من سەرچاوە نییە کە شتم بەسەردا بسەپێنێ، هەتا سەردەمانی شاخیش من هیچ سیاسیەکی یەکێتی نیشتمانیم نەبینیوە پێم بڵێ: تۆ پێویستە بەم چەشنە بنووسیت.. من ئەو وەختە سەری خۆم بە سەرێکی بچووك دەزانم کە تەسلیمی فەزایەکی بچووکی بکەم، بەڵام من سەری خۆم زۆر بە گەورە ئەزانم گەر تەسلیمی فەزایەکی گەورەی بکەم.. من سیاسەت لە ژیان دانابڕم، ئەوەی بە قسەیش ئەم دابڕانە دروستئەکات هەرگیز ناتوانێت بە کارو کردەوە بیکات.. هەر ئەو وەختەش سیاسەت لە شیعردا جێگەی نابێتەوە کە شیعر لە شیعرێتی بخات.

ئەوەی بەلای منەوە لەم بارەیەوە لە پلەی یەکەمدا دێت دەس نەدانی گیانی شیعرەو مساوەمە نەکردنە لەسەر هونەر. من زۆرم پێ سەیرەو ئەیگەیەنمە حاڵەتی ئیدانە کە چۆن

هەرەسێکی بینی و تەجروبەی دوێنێ و ئەمڕۆ ئایندەی کەوتە ژێر هەرەسەوە و هیچی نەگوت.. زۆرم پێ سەیرە ئەو کاتەی ئازادی میللەتێك سەر ئەبڕێ کە ئازادی شاعیرو هونەرمەندیشە کەچی متەق لە خۆی ئەبڕێ.. من هەڵوێستی ئەو قەڵەمەم پێ سەیرە کە لە گەردەلوولی خوێنا بێدەنگ ئەبێ، من هەڵوێستی ئەو فڵچەیەم پێ سەیرە کە لە گەورەترین تابلۆی خوێنا بێدەنگ ئەبێ..

■ **ئەی ئەک بێدەنگی.. ئەگەر پاساویشی بۆ هێنایەوە؟**

□ ئەوانە لە شاعیریتی و هونەرمەندێتی ئەسڕێنەوەو ئەبنە شتێکی تر، ئەبنە کەسانێك کە لە پەراوێزی ژاتی خۆشیاندا ئاژین، بەڵام ئەم قسانەیەش هیچی بۆ ئەوە نییە من بەرتیل بدەم بە خەڵك، من شیعرم نووسیوەو شیعر دەخوێنمەوە، زۆرجار چەپڵە بۆ شیعرێکی باش لێنەدرێت، زۆرجاریش بە پێچەوانەوە.. گرنگ ئەوەیە لە ئەنجامدا شیعر بنووسرێت، پێموایە کە نووسەرو هونەرمەند لە هەڵوێست داشۆرا، کە خۆی بە بەرپرس ئەزانی لە خۆیەوە بۆ میللەتەکەی، بۆ میللەتانی دیکەو مرۆڤایەتی، بۆ هەقیقەت، لە ئەدەب و لە هونەریش دادەشۆرێ.

■ **بەڵام کاک شێرکۆ هەقیقەت یەک ڕووی نییە، ڕەنگە کارەساتێک لای هونەرمەندێکی شێوەکاری تەنها ڕەنگێکی پێببەخشێ، ڕەنگە تەجروبەیەکی خۆشەویستی تەنها یەک وشە بداتە شاعیرێک.. ئایا کاری شاعیر ئەوەیە خەڵک تاوانبار بکات؟**

□ من کەس تاوانبار ناکەم، ئەگەر میللەتەکەم تاوانباری نەکات. وە هەر کەسەیش بۆ خۆی ڕوانینی خۆی هەیە، هەروا داهێنان یەك ماڵی نییە، بەڵام من وەك شاعیرێك ڕای خۆم هەیە، بە باوەڕی من شیعرو هونەر لەگەڵ هەڵوێستی ئینسانی جیاناکرێنەوە هەروەها هەموو هونەرمەندێك یان شاعیرێك شێوازی دەربڕینی چیە، من قەت موناقەشەی ئەوە ناکەم، من باس لە شتەکانی خۆم ئەکەم، لەلای من وشە تەنها شتێکی موجەڕەد نییە لەناو زمانێکی مردوودا، بەلای منەو وشە گیانەوەرو زیندوە، بەم چەشنە من مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەم

بەقەدەر ئەوەش مامەڵە لەگەڵ شتێکیشدا ئەکەم کە پەیوەندی بە هەڵوێستی ئینسانیانەی خۆمەوە هەیە..

■ **کاک شێرکۆ با بچینە تەوەرێکی دیکە کە ڕوانگەیە، دەمانەوێ لە سەرەتاوە بچینەوە ناو ئەو بارودۆخەی وایکرد ڕوانگە بێتەکایەوە؟**

□ لە سەرەتای حەفتاکاندا ڕوانگە یەکەمین پەنجەرەی نوێخوازیو تازەگەری، لەسەر شیعرو کورتە چیرۆکی کوردی کردەوە، بە واتایەکی تر یەکەمین پرسیاری جیدی ئەو سەردەمە بوو بۆئەوەی زمانی کوردی کاژی کۆن فڕێ بداتو مانایەکی تازە بە ئەدەب ببەخشێ. ڕوانگە هیچ سەقفێکی ئایدیۆلۆژی نەبوو، وەکو هەندێ کەس لە خۆیانەوە باسی ئەکەن. ڕوانگە شانۆی چەند بەهرەیەکی نوێخواز بوو، کە بە بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژی لە یەکەوە دوور، بەڵام لە خەمی گشتی لە یەکەوە نزیک بوون، هەر کوتو مت کۆمەڵە ئاوازی ئۆرکسترایەك بوون هەر یەکەو بە دەنگی خۆیەوە هارمۆنیای ئەو نوێخوازیەیان پێکئەهێنا. جگە لەوەش گەنجی ئەو سەردەمەی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی بە شوێن نوێگەریدا بگەڕێن.

سەردەمی هاتنە کایەوەی ڕوانگە دنیا هەژابوو، هەر لە ئەورووپاوە تاوەکو ئەمریکای لاتینو تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو سەردەمە سەردەمی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕان بوو لە ئەمریکای لاتین، سەردەمی بزوتنەوەی خوێندکارانی فەرەنسا بوو، هەڵکەوتنی پیاوی داستان ئامێزی وەك گیڤارا، چەندین هێمای دیکەی جۆر بەجۆر کە هەموویان ئەوکات مانایەکی تازەیان دەدایە ڕاپەڕینی مرۆڤ بەرامبەر بە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەمەچەشن. بێگومان ئەو گۆڕانکاریانە گەیشتبوونە عێراقیش، ئەمە بە تەواوی لە بزووتنەوەی شیعری ٦٩ بەرجەستە بوو کە کۆمەڵێك گەنجی نووسەری عێراقی وەکو فاضل العزاویو المطبعيو سامی مەهدیو چەندانی تر دەیانویست ئەو گۆڕانکاریانە بخەنە خزمەت بۆچوونو تێڕامانی تازەوە لە ئەدەبو فیکر، لە بیرمە یەك دوو جاریش لە گۆڤاری (الكلمة)دا شیعری منی تیادا بڵاوکراوەتەوە کە سامی شۆڕش وەریگێڕابوونە سەر زمانی عەرەبی، بەهەرحاڵ ئەو گۆڕانکاریانەی جیهان وایکرد کە ئەو گەنجە عێراقیانە جۆرێك یاخیبوون

بنوێنن، ڕازی نەبوون بەو بەرهەمە ئەدەبیانەی پێش خۆیان کە خۆی لە جیلی سەیاب و عبدالوهاب البیاتی و نازك الملائكەدا دەنواند. ئەم یاخیبوونە بە ئاشکرا لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (شیعر ٦٩) و (الكلمة)دا دەردەکەوێ، بێگومان ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو ئاراستانە کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەبوو، بەڵام پێموانییە گەیشتبێتە ڕادەی جوینەوە، چونکە بۆ گۆڕان تەنها کاریگەری دەرەکی بەس نییە، بەڵکو دەبێ خۆیشت زەمینەیەکی سەبارەت بەو گۆڕانەت هەبێ بۆ وەرگرتن و پراکتیك کردنی ئەو گۆڕانە، دەبێ زەمینەی تەقینەوەت هەبێ، دەنا هەوڵەکانت بە ناکام ناگا. داینەمۆی دروستکردنی ڕوانگە "حسێن عارف" و "من" بووین ئینجا "جەلالی میرزا کەریم" و "مەم بۆتانی" بوون، ناوی دیکەی تێکەوتوە، بەڵام ئەو دەورەیان نەبوو، دەبێ بگوترێ ئەو یاخیبوونەی کە ڕوەو نوێخوازی حسێن عارف لە چیرۆکدا کردی دەکەوێتە پێش هەوڵەکانی ئێمەوە، بۆیە هەر ئەویش بە پلەی ئەساس داینەمۆی ڕوانگە بوو.

■ سەرەتا بیرۆکەکە لای کێ سەریهەڵدا؟

□ بیرۆکەکە، بیرۆکەی هەموومان بوو، ئێمە ئەوکات لە بەغدا دەژیاین. وا بزانم لە پێشدا بیرۆکەکە لە بارەکانی "ئەبی نەواس" سەری هەڵدا (پێدەکەنێ). ئەوەی ڕاستی بێ، پێموایە ئەو کاتانە جۆرێك لە نائومێدی دروست ببوو لەلای هەر یەکێکمانەوە بەرامبەر بە بزووتنەوە سیاسیەکان. ڕەنگە بۆ نموونە نائومێدی حسێن عارف لە قیادەی مەرکەزیەوە، لای من لە قەومیەکانەوە. جەلالی میرزا کەریم ئەوکاتە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدا بوو، ئێمە یەك سەقفی ئایدیۆلۆژی کۆی نەدەکردینەوە. بەڵکو کۆمەڵێك گەنج بووین خەونمان هەبوو کە جۆرێك یاخیبوون لە ئەدەبدا ئەنجام بدەین بە تایبەتی لە دارشتنەوەی ماناو زماندا.

کاریگەری تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی عێراقی و عەرەبیمان بەسەرەوە بوو. بەڵام لەهەمانکاتدا نائومێدیەکانمان ببوون بە زەمینەیەك بۆئەوەی ئەدەب بکەینە ئەلتەرناتیڤ،

بەلام نەك ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی، بە کورتی ئەمانویست تینوێتی نائومێدی سیاسیمان لە ڕێگەی ئەدەبەوە بشکێنین.

■ باشە کاك شێرکۆ بەیانەکە بۆ نموونە ناوی "کەمال ڕەووف محەممەد"ی تێدایە، ئەو کابرایە نە چیرۆکنووسە، نە شاعیرە، نە ڕەخنەگرە. هیچ جێ پەنجەیەکی بەسەر ئەدەبیاتی کوردیەوە نییە کە یەکێکە لە ناوەکان؟

□ وانیە.. لەو سەردەمەدا کاك کەمال چیرۆك‌و شانۆیشی ئەنووسی. بەهەرحاڵ لەو کاتەدا ئەو بەرپرسی ڕۆژنامەی هاوکاری بوو ئەوەیشی کرد بە مەرج ئەگەر ناوی ئەوی تیا نەبێ بانگەوازی ڕوانگە بڵاونابێتەوە. ئێمەش جێی ترمان نەبوو. دواتر لێی کشایەوە.

■ کێ سیاغەی بەیانەکەی کرد؟

□ لە بنەڕەتدا من سیاغەم کردوە، بەلام کە بە کۆمەڵ دانیشتین هەندێ دەستکاری کراو ئینجا بڵاوکرایەوە..

■ ڕوانگە لای کێوە پشتگیری کراو لە کوێوەش دژایەتی کرا؟

□ پێش ئەوە دەمەوێ بڵێم کە بەیانی ڕوانگە قووڵیەکی ئەوتۆی نەبوو، نەك بۆ ئێستا بەڵکو بۆ ئەوسایش، بەلام گۆمێك بوو ئەبوا بشڵەقێ کە گۆمی تازەگەری بوو، بەیانەکە پێداگرتن بوو لەسەر ئازادی‌و فەراهەمکردنی یەکسانی ژن‌و پیاو، چەندین شتی تر کە لە بەیانەکەدا هەیە، ئەو کاتەی کە بەیانەکەمان بڵاوکردەوە باری سیاسی کوردستان، بارێکی تایبەت بوو، ئەوکات گەنجەکان زیاتر بەلای چەپڕەویدا کێشیان دەکرد. بزووتنەوەی سیاسی ئەوکاتیش پێی وابوو ئێمە بە تەماین حزبێك دروستبکەین. یان لە بنەڕەتەوە واجیبەی سیاسی حزبێکین، ئەوانەی کە بەربەستی ئێمەیان کرد بریتیبوون، لە چەند ڕووناکبیرێکی سەر بە فیکری مارکسیی توندڕەوو دۆگما، ئەوانەی کە تەنها ڕەنگی ڕەش‌و سپیان قبوڵ بوو. بە گەزێکی مەعلوم هەموو داهێنانە ئەدەبیەکانیان ئەپێوا. تەنانەت یەکێکیان ئێمەی بە ئەهلیستی‌و عەدەمی لە قەڵەمدا، بەلام دەبێ بگوترێ کە لە دەرەوەی

برادەرانی ڕوانگەدا کۆمەڵێک نووسەرو هونەرمەند پشتگیرییان لێ کردین لەوانە "ڕەئوف بێگەردو ئەحمەد سالار" و چەندانی تر. بەرای من ئەمە سەرەتای دروستبوونی حیواری نەقدی بوو کە بتوانێ بۆچوونە دژەکان کێشەکانیان بڵاوبکەنەوە، وەڵام و وەڵامدانەوە بێتە ئاراوە کە دواتر بە باوەڕی من زۆر بە قازانجی ئەدەبیاتی کوردی شکایەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە بە چاوێکی زۆر پێشکەوتووخوازو ڕادیکاڵانەوە تەماشای دواڕۆژی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادیی و ژنمان ئەکرد. یەکەم بەرەنگاری ئێمە لەگەڵ فیکری سەلەفیدا بوو لەسەر مەسەلەی ئازادی ژن، دەکرێ هەندێک لەسەر ئەو مەسەلەیە بوەستم، چونکە ئەو سەردەمە ئێمە بەیانێکمان لەسەر ئازادی ژن دەرکرد بەناوی "قەڵەمە ئەترسەکان یەکگرن". ئەو بەیانەش هەر من نوسیم، ئەوانەی ئیمزایان کردبوو، بێجگە لە برادەرانی ڕوانگە ئیمزای کۆمەڵێک لە برادەرانی نووسەرو هونەرمەندی دەرەوەی ڕوانگەیشی لەخۆ گرتبوو. ئەوکات "جەمال شالی" کوڕاسێکی دەرکردبوو لەسەر پەچەو عەباو هەندێ شتی دیکە، لە کوراسەکەدا شتێکی ئەوتۆی ئەگوتبوو، بەڵام لە مزگەوتەکاندا فتوای ئەوە درا کە ئەو پیاوە دەیەوێت ئیلحاد بڵاو بکاتەوەو کۆمەڵێ تۆمەتی تریش، ئێمە لەسەر ئەوە هاتینە وەڵام، بەیانەکەی ئێمە تا بڵێی توندوتیژ بوو، دواتر بەزمو هەڵایەکی گەورەی نایەوە. تەنانەت جگە لەوە من وتارێکم بەناوی "ڕوانگەو کوێرە ڕەخنە" لە هاوکاری بڵاوکردەوە لە وەڵامی وتارێکی خوالێخۆشبوو "فازل مەلا مەحمود"، ئەویش هەمان شت وایکرد، خەڵک لە بەردەمی کتێبخانەکاندا ڕیز ببەستن، خەڵک ئەوکاتە تینوی ئەوە بوو بزانێ شتی تازە چییە؟ ئەو ڕەدو ڕەدکارییە جۆرێک لە گەرمو گوڕی خستە ناو ئەدەبی کوردییەوە کە لە شەستەکاندا ئەم گەرمو گوڕییە نەبوو.

شەستەکان وەکو گۆمێکی مەنگ وابوو، بەڵام ساڵانی دواتر بەهۆی ڕوانگەوە جۆرێک لە حیوار، جۆرێک لە پرسیارکردن هاتە پێشێ، هەوڵێک هاتە کایەوە بۆ گۆڕینی زمان و تەکاندان بە زمان لە ئەدەبدا. ئێمە ئەو کاتەی بیرمان لەوە کردەوە کە بەیانی ڕوانگە دەربکەین ئاگاشمان لەوە بوو کە کەسانی نوێخوازی ئەو سەردەمە کێن. بۆ نموونە لەتیف حامد،

لەتیف هەڵمەت، سەلام محەمەد، عەبدوڵڵا سەراج، فەرهاد شاکەلی.. بێگومان هەریەکەو بە شـێوازی تایبـەتی خـۆی، جگـە لەوانـە کەسـانی وەك صـەلاح شـوان، ئەنوەر قادر محەمەد، موکری.

لە لایەکی دیکەوە عەبدوڵڵا پەشێو کە خۆی لە خۆیدا بەهرەیەکی تایبەت بوو، وەك دەنگێك لە هەولێر. ئەو وەختە ئێمە چووین بۆ کەرکوك لەگەڵ لەتیف حامدو صدرالدین عارف دانیشتین، من و حسێن عارف و کاکە مەم لە گەڵیان دانیشتین، ئەو وەختە لەتیف حامد وەك مامۆستای گەنجە نوێخوازەکانی کەرکوك و گەرمیان قسەی دەکرد، ئێمە دەمانویست بەیانی ڕوانگە بەهێزێکی گەورەترەوە دەربچێ، بەڵام ڕێ نەکەوتین، پێموایە هۆیەکـەی سیاسی لە پشتەوە بووبێ، دیار بوو کە خۆی بۆ خۆی حەزی پێنەکرد، بەڵام وەك پێی گوترابێ کە نەیکات وابوو. ئاشکرایشە لە ڕۆژگاری دواتریشدا کاك لەتیف حامید کەوتبوە ژێر کاریگەری تەواوی ڕیسالەی ئیسلامیەوە.

■ بەڕێزت دەڵێـی ڕوانگـە دوای گۆڕانکاریـەکانی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی ئـەو سەردەمە، هاتە کایەوە.. ئایا ئەمە مانای وا نییە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەبوە ئەوەندەی بزووتنەوەیەکی فیکری بوە؟ چونکە بۆ نموونە لەلای ئالان ڕۆب غریێ و چەندین نووسەری دیکـە شێوازی ڕۆمـان نوسـین گـۆڕاو بـەبێ ئـەوەی هیـچ بزووتنەوەیـەکی شۆڕشگێڕانەیشـی لەدواوە بێ لە فەرەنسا.

□ پێموایە تۆ ئەو دوو شتە لێك جیا دەکەیتەوە.. سارتەر زۆرجار دەچوە سەر مینبەرو گوتاری سیاسی دەخوێندەوە کەچی ئەدیبێکی گەورەیشە، ئەدەب پەیوەندی بە سەرجەم دیاردەکانەوە هەیە، وە پەیوەستیشە بـە جووڵـەی بوارەکـانی تـر.. بێگومـان وەك چـۆن گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەمە کاریگەری هەبوو بەسەر ئەدەبیاتی عەرەبی و عێراقی، بەهەمان چەشنیش کاریگەری لەسەر ئێمەش هەبوو، بەڵام ئێمە نەمانویستوە لە ڕێگای سیاسـەتەوە ئـەو گۆڕانکاریانـە بدەینـە خـەڵك، بـەڵکو لـە ڕێگـای ئەدەبـەوەو لـە ڕێگـای شـکاندن و ڕەتکردنەوەی ئەو قامووسە باوەی ئەوکات جەستەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لوول دابوو.

ئەمە جگە لەوەی هەژێنی فیکری لە دنیادا تەواو پەیوەستە بە هەژێنی ئەدەبەوە. تۆ بڕوانە ئەگەر هەردوو شەڕی گێتی دنیا نەبوونایە باوەڕ ناکەم بزووتنەوە ئەدەبیە گرنگەکانی وەك دادائی و سوریالیش ببوونایە.

■ **پێت وا نییە لە حەفتا هەتا حەفتاو چوار زەمینەیەکی ئازادتر هەبوو بۆ کارکردن؟**

□ من تەنها باسی سەرەتاکانم کرد، وەك گەراو گرگاڵ، بەڵام لەم ماوەیەی ئاماژەت پێدا فەزایەك دروست بوو، بەڵام ئێمە ئەوکات لە دوو سەرەوە تووشی پاڵەپەستۆو تەوژمی نارەزایی هاتین، سەرێکیان لەلای حکومەتەوە، ئەوەی تریان لەلایەن قیادەی بارزانیەوە، دوای بڵاوکردنەوەی بەیانی "ئەی قەڵەمە ئەترسەکان یەکگرن" من ئێوارەیەك دانیشتبووم لە ماڵی خۆمان بەرد باران کرام، ڕامان کرد چووین بۆ بەغدا، ئەوسا لە بارێکی ئەفسی زۆر خراپدا بووین. چووین بۆ لای حەبیب محەمەد کەریم و گوتمان وەزعێکی ئاوا هەیە، ئەویش لە چەکمەچەکەی خۆی ئەوکات لە (التآخي) کاری دەکرد باوەشێك ئەوراقی دەرهێناو وتی من هەر ئەوەندەم لەدەست دێ ئەو بروسکانە بڵاونەکەمەوە کە لە دژی ئێوە نوسراون.. لێرەدا پێویستە ناوی سەربەست بامەڕنی بێنم کە بەیانەکەی لە هاوکاری بۆ بڵاوکردینەوە، چونکە پێش چەند وەختێك هاتبوە شوێنی کەمال ڕەووف محەمەد.. ئەوکات پێمان گوت کە هاوکاری ڕۆژنامەیەکی حکومیەو تووشی گرفتێك دەبێت، کەچی سەربەست بڵاوی کردەوە، بە ڕاستیش سەربەست حەزی بە تازەگەری دەکردو گیانی یاخیبوون و نوێکردنەوەی تێدا بوو. ئێمە لە نەجەف و کەربەلاوە تا دەگاتە سلێمانی لە مزگەوتەکان تۆمەتی سەیر سەیرمان دەخرایە پاڵ و ڕۆژی جومعان باسمان دەکرا. لە بەردەمی مزگەوتەکاندا دە پانزە ناو هەڵواسرابوو کە بێجگە لە ناوی ئێمە، ناوی دیکەشی تێکەوتبوو.

وە لە سلێمانیەوە مەلاکان وەفدێکیان پێکهێنابوو چووبوونە لای بارزانی تاوەکو دژی ئێمە هەڵوێست بنوێنن، بەڵام بە ڕێکەوت چەند کەسێك لە مەجلیسەکەدا قسەی باشیان بۆ ئێمە کردبوو. دواتر خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی نامەیەکی بۆ ڕەوانە کردم، کە بە داخەوە نامەکە فەوتا، تیایدا ئەوە هاتبوو کە *لەبەرئەوەی من کوڕی بێکەسم بۆیە ئەوان*

*نایانەوێ ئەزیەتم بدەن، ئەگینا بەگژاچوونی ئاین و پیاوانی ئاینی لە کەس قبووڵ ناکرێ و حەز ئەکات ئەم کردەوەیش دوا شت بێ.* ئەمە ناواخنی کاغەزەکەی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بوو کە بەخەتی خۆی نوسیبووی.

ئەوکاتە ئێمە لە بەغدا بووین، خەتیبی سلێمانی بە ڕاستی ڕۆڵێکی خراپی بینی، هەروەها خەتیبی هەڵەبجەیش، بە کورتی قەیسەرییان لێ کردبووینە کونە مشک. ئەو ماوەیە بۆ ئێمە، بۆ مێژووی ئێمە شانازییە، بە تایبەتی چونکە لەسەر مەسەلەی ئازادی ژن و یەکسانی بوو.

■ **ئەوکات شتێک هەبوو بەناوی گروپی کفری؟**

□ لەو سەردەمەدا نەبوو، چونکە ئەوکات باسی گروپی کفری لەلای کەس نەدەکرا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کاک لەتیف هەڵمەت باسی بوونی گروپی کفری دەکات، ئەگینا شتێك نەبوو نە بەناوی گروپی کفری نە بەناوی هیچ شوێنێکی ترەوە، تەنانەت ئەگەر کاک لەتیف و برادەرانی دیکە بیانویستایە، خۆ ئەبوایە خۆیان شتێکیان بکردایە، لە ڕاستیدا ئێمە وەکو ڕوانگە ئەوانیشمان لە بازنەی نوێگەریدا ئەبینی، بەڵام ڕێنەئەکەوتین، کاک لەتیف حامد وەکو لە پێشا بە گەرمی هات، دواتر ساردیەکی نواند، ئێمەش ئەمانویست پرۆژەکە دوابخەین، مەسەلەی پەلەکردن لە بەیاننامەکەدا هەیە، بەڵام دەمانویست هاوارێ بکەین، وەختێ ئەوە هاتبو هاوارێ بکەین بەرامبەر بە تازەکردنەوە، هاوارێك بۆ دیاردەکانی دەرەوەو ناوەوەی ئەدەب..

■ **کاک شێرکۆ ئەو برادەرانەی وەکو لەتیف حامدو ئەوانی دیکە، وەکو ئیمزایان نەکرد کەوتنە دژایەتی کردنی ڕوانگە؟**

□ نەخێر.

■ **لای ئێمە باسی لایەنی ئاینت کرد کە بەربەست بوو بەرامبەر ئیمزا نەکردنی لەتیف حامد؟**

□ ئەوەندە ئەزانم کاک لەتیف حامد دواتر چوو بوە خەڵوەتی ئیسلامیەوە، لە قسەکردن و گفتوگۆدا بەردەوام پەنای ئەبردە بەر نمونەی فکری ئیسلامی، لە یادمە شەوێک تا بەیانی من و حسین عارف و ئەو لە بەغدا دانیشتین، تا بەیانی قسەمان کرد.

■ **بەڵام دەڵێن لە ساڵی حەفتاو دوو کاک لەتیف حامد دوای تووشبوونی بە نەخۆشی شێرپەنجە، ئیسلامیەت کاریگەری لەسەری هەبوو.**

□ من ئەوە نازانم، ئەو لەگەڵ گیانی تازەگەریدا کۆک بوو، بەڵام کە قسەی لەگەڵ ئێمەدا کرد، وەکو ئەوە بوو شتێک هەبێ ڕێگر بێ بەرامبەر بە ئیمزا نەکردنی بەیاننامەی ڕوانگە.

■ **بەڕێزت باسی بوونی ئاراستەی ئیسلامی لای برادەرانی کفری دەکەیت. کەچی عبدالعزیز خانەقاو هشام تاهیر بەرزنجی و سەلام محەممەدو ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر شاکەلی، زۆربەیان بەدەمەست و یاخی بوون. چ جای ئەوەی لەژێر چەتری ئایندا ئاراستە ئەدەبیەکانیان دەستنیشان بکەن؟**

□ من باسی لەتیف حامد ئەکەم نەک ئەو برایانەی تر، بەڵام کاک لەتیف حامد وەک دەمڕاست و مامۆستای ئەوان قسەی ئەکرد.

■ **لە کۆڤاری "ئەقلام"ی ژمارە ٢-٣-٤ ی ١٩٨٤ کاک حسین عارف وتارێکی بڵاوکردۆتەوەو تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە گروپ هەبوە لە کفری؟**

□ ڕەنگە ئەو ئاماژەیە بۆ ئەوە بووبێ کە کاک حسین ڕۆڵی ئەدیب و شاعیرانی دەرەوەی بازنەی ڕوانگە فەرامۆش نەکات، بەڵام سەردەمی خۆی هیچ کەس ڕاینەگەیاندوە کە گروپی پێکهێناوە بەناوی گروپی کفریەوە، واتە ئەمە بە نووسراو یان بانگەواز نەبوە.

■ **ڕوانگە هیچ وتارێکی تەنزیری هەبوو؟**

□ هیچ وتارێکی تەنزیری نەبوە، بەڵام ئێمە بەردەوام دانیشتن و کۆبوونەوەمان ئەنجام دەدا، مێزی ئێمە هەمیشە مێزی ئەدەب بوو باس لە تازەترین کتێب و تازەترین شیعرو

چیرۆک و ڕۆمان دەکرا. وێڕای ئەوەی ئێمە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ نووسەرە عەرەبەکاندا بە تایبەتی فاضل العزاوی کە پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئێمەدا تایبەتی بوو تا ئەو ڕادەیەی هەفتەی ڕۆژێك دادەنیشتین.

■ ساڵی پار لە گۆڤاری "وێران"دا کە "د. فەرهاد پیربال" سەرنووسەریتی ڕاپرسییەك کراوە لەسەر ڕوانگە، کۆمەڵە شاعیرێکی زۆر قسەی سلبیان سەبارەت بە ڕوانگە کردوە، حەزم لێیە وەڵامێکی بەڕێزت بزانم سەبارەت بەو نووسەرانە؟

□ وەڵامی سەلبی چۆن؟

■ بۆ نموونە کاك لەتیف هەڵمەت پێی وایە ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا؟

□ ئەگەر ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوایە چەندین چیرۆکی جوانی حسین عارف و چەندین شیعری پاکی جەلالی میرزا کەریم و چیرۆك و شیعری کاکە مەم و ئێمەی هەڵنەئەهێنا. ڕوانگە نوێخوازی و هەڵوێست بوو.. هەڵوێست و یاخیبوون.. بانگەوازی "ئەی قەڵەمە نەترسەکان"ی ڕوانگە بۆ ئازادی ژن و یەکسانی بەر بە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر، گۆمێکی گەورەی کۆمەڵایەتی شڵەقاندو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئازایانە بوو لەگەڵ عەقڵی سەلەفی و کۆنەپەرستیدا، وەك سەرەنجامیش بۆ یەکەمجار ڕژێم ناچار بوو بۆ ماوەی یەك هەفتە ڕۆژنامەیەکی خۆی کە "هاوکاری" بوو دابخات!

■ بۆ بەردەوام نەبوو؟

□ ڕوانگە حزبێك نەبوە.

■ با بێینە سەر یەکەم دەقی شیعری دوای هەرەس، ئەمە مشتومڕی زۆری لەسەر هەیە، کاك لەتیف هەڵمەت دەڵێ یەکەم شیعری دوای هەرەس خۆی نوسیویەتی و لە مانگی حوزەیرانی ٧٦ و دواتر لە مانگی ئابی ٧٦ بڵاوی کردۆتەوە لە ڕۆژی کوردستان.

□ یەکەم شیعری دوای هەرەس شیعری "کۆچ"ی منە، لە حوزەیرانی ١٩٧٥ نوسیومە کە ئەو وەختە دوور خرابوومەوە بۆ پارێزگای ڕومادی، ناحیەی بەغدادی، من لە

مەخفەرێکدا ئەو قەسیدەیەم نووسی کە درێژترین قەسیدەی تازەی تا ئەوکاتە بوە لە ئەدەبی کوردیدا، قەسیدەیەکی درامیەو ئێستاش بە دوورپانێکی دەزانم بۆ بەرهەمی پێشترو دواترم، قەسیدەی "کۆچ" لە بەغدا لە دانیشتنەکاندا ئەخوێنرایەوە، دواتر لە سەردانێکدا لە سلێمانی بە دەنگی خۆم لەسەر کاسێت تۆمارم کرد.

پێموایە کەم کەس مابێ گوێی لێ نەبووبێ، دواتر چاپ کرا، بەڵام نووسینەوەی بۆ مانگی حوزەیرانی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە، لە بیرمە لە مەخفەرێکدا بە دە پانزە شەوێك قەسیدەکەم نوسی، لەناو غەڵبەغەڵبی پاسەوانە عەرەبەکاندا پاکنووسم کرد.

■ **ئەدی شیعرەکەی ئەنوەر قادر محمد؛**

وەرە خوارێ خوای غەریبان،

لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خوارێ؟

□ ئەو لە دیوانی "زریان"دا توانی شوێن پەنجەیەکی جوان بە نەخشەی شیعری تازەی کوردیەوە بنێ، من لەو باوەڕەدام قەسیدەی زریان‌و دیوانی زریان، دەکەوێتە خانەی تازەگەریەوە، لە دوای ئەوەشەوە شیعری نوسیوە، بەڵام بەڕای من بە تام‌و بۆ نەچوونەتە سەر زریان.

من قەت نامەوێ نەخشەیەك دابڕێژم‌و بڵێم هەر من هەبووم چ وەك تازەگەری‌و چ وەك ئەدەبی بەرگری، ئەگەر شتێ کرابێ هەموومان کردوومانە، بە هەموومان زنجیرە شاخێکی هەڵکشاو داکشاومان دروستکردوە، دەبێ بگوترێ کە تەنها من نەبووم ئەو کاتانە پشتم دابوە بەر خەمی گەلەکەم، بەڵکو خەڵکانی دیکەش هەبوو، ئەمە حەقیقەتەو پێویستە ئاشکرا بکرێ.

■ **لە گەرمەی ئەو شەپۆلەی سەردەمی کۆچدا کابرایەکی هەولێری بە دیوانی (ئاو) سەری هەڵدا کە بە ڕاستی بۆ ئەو سەردەمە زەحمەت بوو، دوای بارکردنی شیعر بە سیاسەت‌و بەرگری عباس عبدالله یوسف دژی شەپۆلەکە مەلە بکات.. ئەو دیوانەت لەبیرە؟**

□ بەڵێ لەبیرمە.. هەرچەندە نازانم بەرواری نوسینەکەی کەیە؟

■ بەڕێزت چۆن دەڕوانیتە نێوان ڕۆشنبیریی و بەهرەی شیعری؟

□ پێموانییە باشترین خوێندەوار لە لێکۆڵینەوەی شیعری باشترین شاعیر دروست بکات، بۆ نموونە جبرا ابراهیم جبرا کە نکوڵی لە خوێندەواری ئەو ناکرێت کەچی چەندین دیوانی هەیەو نەبوونەتە شیعر، بە ڕای من نهێنیەك هەیە، ڕۆحێك هەیە کە پەیوەندی بە زانیاری شیعرییەوە نییە، نازك الملائكە لە بدر شاكر سەیاب خوێندەوارتر بوو کەچی سەیاب زۆر شاعیر ترە لە نازك، سەیاب گەرمو گوڕیەکی تێدایە کە خوێندەوار بوونی زیاتری نازك قەرەبووی ناداتەوە وەکو شیعر.

ڕەنگە ئەدۆنیس حاڵەتێکی تایبەت بێ بەوەی کە خوێنەوارێکی گەورەو شاعیرێکی گەورەیە. لەلای خۆیشمان بۆ نموونە پەشێو چەندین زمان دەزانێ کەچی یارمەتی فراوان بوونی ڕوئیای نەداوە کەچی هەیە تەنها عەرەبیو ڕەنگە فارسی بزانێ، بەڵام دەقی زۆر زیندووی خستۆتە بەردەست.. شاعیر دەتوانێ لە ڕێگای خوێندەوارییەوە ڕوئیای شیعری خۆی فراوان بکات، ڕەفیق سابیر ئەمەی کردوە، ڕەفیق زۆر سوودی لە زانینی زمان وەرگرتوە.. بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی، پێموایە ئەمە هۆیەکە بۆئەوەی بزانین ئەو بازە نەوعییەی ئێستای شیعرەکانی ڕەفیق لەگەڵ شیعرەکانی پێشتریدا لە چیەوە هاتوە، خوێندەواریی ڕەفیق لە خزمەتی بەهرە شیعرییەکەیدا بوە.

■ هەر لە کەشو هەوای خوێندەواریو خوێندنەوەدا پرسیارێ دێتە پێش کە ئەویش ئەوەیە بەڕێزت لە زۆر دانیشتنو گفتوگۆی ئەدەبیدا ئاماژە بەوە دەکەیت کە خوێنەرێکی باشی ڕۆمانو چیرۆکیت، دەکرێ بەراوردێکمان بۆ بکەیت لە نێوان چیرۆکو ڕۆمانی جیهانیو کوردی؟ پاشان کاریگەری ئەو خوێندنەوانە چی بوو لەسەر شیعرەکانت؟

□ دەبێ ئەوە بزانن کە من زۆر کەم شیعر دەخوێنمەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانو چیرۆك. من ئاگاداری سەرجەم تێکستە شیعریەکانی کوردی نیم، ڕەنگە بۆ شیعری عەرەبیو جیهانیش هەر وابێ، من لە سێ دیوانی مەحمود دەرویش ڕەنگە دیوانێکم خوێندبێتەوە، کەم شیعری ئەدۆنیسم خوێندۆتەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەگەر چیرۆکێك یان ڕۆمانێك ناوی

هەبووبێ و جێگای سەرنج بووبێ لەبەر دەستی خوێندنەوەم دەرچووبێ. بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر بەشێك لە شیعرەکان بە تایبەتی و ئاراستەی نووسینی شیعریم بە گشتی. سەبارەت بە چیرۆکی کوردیش ئەوا لە نموونە جوانەکانیدا من هیچی کەمتر نابینم لە چیرۆکی جیهان، شیعرو چیرۆك ئەو دوو باڵەن کە هەمیشە ئەدەبیاتی کوردیان بەرەو هەڵکشان فڕاندوە. من حەز لە چیرۆکێك دەکەم جیهانی خۆم و وڵاتەکەم بداتێ، حەز لەو چیرۆکە واقعییانە دەکەم کە جۆرێك لە ڕامان و داڕشتنی لەخۆ گرتبێ. من چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"م پێ جوانە بەشێك لە چیرۆکەکانی "ڕەئووف بێگەرد"م پێ جوانە. "موکری"ش چیرۆکی جوانی هەیە. ئەوەی ڕاستی بێ لێرەدا ئەو بەراوردکردنە گرانە، چونکە پێکهاتەی ڕوناکبیری جیهانەکان لە یەکەوە دوورن.

■ کاک شێرکۆ سەفەر چ سوودێکی بە ئەزموونی شیعرت بەخشیوە؟

□ سەفەر خوێندنەوەیەکی بەردەوامە، هەموو سەفەرێك کتێبێکە، هەمو سەفەرێك ڕۆمانێکە، ئەزموونێکە، مرۆڤی بێ سەفەر بە باوەڕی من لە ئاوی وەستاو ئەچێ و ئەوانەی هەمیشە لە سەفەردان بەردەوام لە ئاوێکی خووڕ ئەچن. بێگومان بینینی تازە بۆ ئەزموونی ئەدەبی زۆر گرنگە.

■ تێبینی دەکرێت لەوەتەی بەڕێزت چوویتە دەرەوە، زیاتر بەرەو کولتوورو ڕووناکبیری و مێژووی نەتەوەکەت شۆڕ بوویتەوە، کەچی هەندێ نووسەرو شاعیر هەیە دابڕان و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو دونیایەی کە ڕەنگە نەیاندیبێ. هۆی ئەمە چیە؟

□ دەتوانم بڵێم من تەنها بە جەستە لە ئەوروپا بووم، وە ڕەنگە یەکێك لەو تێبینیانەی کە لەسەر من هەیە، ئەمتوانیوە لە نزیکەوە سوود لە ئەزموونی ئەدەبی و فیکری ئەوروپا وەربگرم. من لەوێ بووم، بەڵام هەموو ڕەگی خەمەکانم لێرە بوون. من جگە لەو غوربەتە جوگرافیە، هەمیشە غوربەتی نەتەوەییشم لەگەڵدا بوە. پێموایە ئەمە لە بنەڕەتەوە بۆ ڕوانینی من لە ژیان دەگەڕێتەوە،بۆ زۆرانبازیە گەورەکانی نێوان ژیان و مردن، داگیرکەرو نیشتمان،

چەقۆو ملی ئازادی. ئەوەی تۆ باسی ئەکەی لەسەر ئەوانەی ئێرە من بە بەشەوارەکەوتنی دەزانم. ئەوەی سەرنجم داوە لێرە لاسایی کردنەوە زۆر زاڵە، بەلام دەبێ بزانین خۆشەویسترین نوسین و تابلۆ لای ئەوروپیەکان ئەو نووسین و تابلۆیەیە کە بتوانێ تایبەتمەندی کولتوری خۆی ببەخشێ. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئەوروپا لەزۆر ئەو کارانەی کە ئێمە دەیکەین و دەینوسین، وەکو لاسایی کردنەوەی ئەوان، گرنگی پێنادەن. من کە شیعر لەوێ دەخوێنمەوە، دەگوترێ ئێستا شاعیرێکی کورد شیعر دەخوێنێتەوە، من خۆم تەجروبەم هەیە لە ئینگلتەرە، لە ئیتالیا، سوید، نەرویج.. بۆ نموونە جارێکیان لە پاریس لە ماڵەکەی دکتۆر فەرهاد پیربال بووم پێی گوتم ئەمڕۆ کۆڕێك هەیە بۆ کۆمەڵێك شاعیری بە ئەسڵ نا فەرەنسی و بە زمانی فەرەنسێ. چووین بۆ هۆڵەکە، هەندێك عەرەب ئەبێ ئەوانەی دیکە هەموویان فەرەنسی بوون، من و دکتۆریش تەنها دوو کوردێك بووین. هەموو هەڵسان و شیعریان خوێندەوە، شاعیرەکان کچێکیان بە ئەسڵ لوبنانی بوو دەنا ئەوانی تر بە ئەسڵ کوبی و پۆڵۆنی و عێراقی.. هتد. لە دواییدا دکتۆر فەرهاد گوتی من ئەچم پێیان ئەڵێم شاعیرێك لێرەیە کوردە ڕێگەمان دەدەن چەند شیعرێك بخوێنێتەوە، هەرچەندە ئێمە لە پرۆگرامەکەدا نەبووین، بەلام ڕازی بوون. دوای تەواوبوونی خوێندنەوەی شیعری ئەوان، ڕاگەیەنرا کە ئێستا شاعیرێکی کورد دوو شیعری خۆی دەخوێنێتەوە، من دوو شیعرم دا بە یەکێك لە خۆیان تا بیخوێنێتەوە، هەردوو شیعریش وابزانم دکتۆر فەرهاد خۆی کردبوونی بە فەرەنسی، دوو کورتە شیعرەکە خوێنرایەوە، یەکی یەك دەقیقە، من هەستام شیعرەکەم بە کوردی خوێندەوە دواتر بە فەرەنسی خوێنرایەوە، من هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێ کە دوای خوێندنەوەی ئەو دوو کورتە شیعرە بەبێ هیچ شتێك هۆڵەکە بوو بە هی ئێمە. ئەمە بۆ وایە؟ بە باوەڕی من ئەوان ڕێزی تایبەتمەندێتی کولتوری و نەتەوەیی کوردیان لە ڕێگەی ئەو دوو شیعرەوە گرت، ئەوان زۆریان لا گرنگە تایبەتمەندێتی خەڵك بناسن لەهەمانکاتدا دەیانەوێ بزانن نهێنی جوانی شیعری نەتەوەکانی تر چییەو چەند پەنجەرەش لەو شیعرانەوە لەسەر مرۆڤایەتی و جوانیدا کراونەتەوە.

هەندێ حاڵەتی دەگمەنی لێدەرچێ وەکو "مدحت کاکەیی" بۆ نموونە ئەگینا وەکی تر لە زۆر شوێن تابلۆی تەجریدی کە هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتی بیکات، هەر تەماشاناکرێ، چونکە خۆیان لەمە بوونەتەوە، بەڵام تابلۆیەك بتوانێ ڕۆحی کولتوری خۆت تێکەڵ بە ڕونیای تازەی هونەری بکات و بیدەی بە ئەوروپییەك لە هەموو ئاراستەکانی تر ئارەزووی زۆرترە، لە هەموو تابلۆیەکیش زیاتر خەڵکی ئەوێ لێی کۆدەبێتەوە، چونکە ئەیانەوێ تایبەتمەندییەك ببینن کە لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بەدی ناکەن.

■ پەیوەندیەکانت لەگەڵ شاعیرە عەرەبی و بیانیەکاندا چۆنە؟

□ پەیوەندیم لەگەڵ گەلێ لە شاعیران و نووسەرانی عەرەبدا هەیە. بە تایبەتی عێراقی و سوریەکان. جگە لە پەیوەندیم لەگەڵ شاعیران و نووسەرانی سویدی و هەندەرانیشدا. لەناو ئەدیبە عێراقیەکاندا: سعدی یوسف و فاضل العزاوی و یاسین النصیر و فوزی کریم و زۆری تریش هاوڕێمن. هەروەها بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۱۹۸۹دا ئەدۆنیسم ناسیی. لە ماڵی خۆمان پێکەوە تەماشای شریتی ڤیدیۆی کارەساتەکەی هەڵەبجەمان کرد. ئەدۆنیس ئەوەندە سادەو ساکارە پیاوێکە هەرچی دەماری ڕەگەزپەرستی و خۆبەزل زانینە لە گیانیدا نییە. زیاد لە پێویست مرۆڤ خۆشی دەوێ و لە بەرانبەرتدا لە منداڵێك ئەچێ.

■ ئاگاداری ئەدەبی کوردییە؟

□ نەخێر زۆر نا، پەرت و بڵاو هەندێ شتی لایە. لە ستۆکهۆڵم پێی وتم حەزئەکات کە لە گۆڤاری "مواقف"دا کۆمەڵێ لاپەڕە بۆ شیعرەکانی من تەرخان بکات. من دواتر شیعرە وەرگێڕراوەکانم بۆ ناردو بڵاوی کردەوە. پاشتر هەر خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی وتم: کە دوابەدوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکان شێعر دۆستێکی زۆر تەلەفۆنیان بۆ کردوەو داوایان لێکردوە کە لەو جۆرە شیعرانە بڵاو بکاتەوە. ئەوەی شایانی باسە هەر لەو سەفەرەدا ئەو ویستی بزانێ ئایا هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە ستۆکهۆڵم هەیە.. پێم وت بەڵێ و پێکەوە چووین بۆ لای هونەرمەند مەدحەت کاکەیی.

■ ئەی سەعدی یوسف؟

□ لەگەڵ ئەودا هاورێین، کاتی خۆیشی هەر لەسەر داوای ئەو من کرام بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (المدی) هەروەها پێشەکی دیوانێکی منی نوسیوە کە "ساعات من القصب"ە لە لایەکی ترەوە کۆمەڵەی کولتوریو ڕۆشنبیری عێراقی لە هەندەران هەیە، لە سوید لە دانیمارك ئەمانە ساڵانە دەعوەتم ئەکەن..

لە ساڵی نەوەد لە بەرلین یەکێك لە گەورەترین فیستڤاڵی ڕۆشنبیری عێراقی سازدرا، ڕۆژی یەکەم منو خوالێخۆشبوو بلند حەیدەریو سەعدی یوسف شیعرمان خوێندەوە، زەینەبی هونەرمەندی بەناوبانگی عێراقی شیعرەکانی منی بە عەرەبی خوێندەوە.

لە هۆڵی "کوفە"ش لە لەندەن دوو سێ جار کۆڕی شیعرم ئەنجامداوە، جارێکیان لەگەڵ شاعیری عێراقی "فوزی کریم" بەیەکەوە شیعرمان خوێندەوە، هەروەها لە شاعیرە سوریەکان پەیوەندیم لەگەڵ (علی جندی) کە هەر زوو ناسیم، هەیەو وێڕای کۆمەڵێك لە شاعیرانو نووسەرانی تر.

■ ئەی سەلیم بەرەکات؟

□ سوپاس کاك تەڵعەت بۆ ئەم بیرخستنەوەیە.. سەلیم بەرەکات یەکێکە لەو ئەدیبە بە ڕەچەڵەك کوردانەی کە توانیویەتی پارێزگاری لە ڕۆحی کوردانەی خۆی بکات، ڕۆحی کوردی بە بەرەنگاریەوە، فەرامۆشکردنێکی زۆر لە ڕاگەیاندنەکانی عەرەبیدا هەیە بۆ سەلیم بەرەکات، هەروا لە ناوەندە ڕۆشنبیریەکانیش هەر لەبەرئەوەی کە سەلیم بەرەکات دەست بەرداری گیانی کوردانەی خۆی نابێ، وە گەورەترین شانازی دەکات بە کوردایەتی خۆیەوە بە تاقی تەنیا، من دوایین شتم نووسیوە بۆ سەلیم بەرەکات کە وتارێکە بەناوی "بۆ تیتر واسکە کوردەکەی دوورگەی قوبرس". سەلیم بەرەکات ئەدیبێکی گەورەیە، بە شێوازێکی سەخت دەنووسێ، وەك ئەوە وایە ڕێگە لە شاخێکی ناسندا بکاتەوە.

سەلیم بەرەکات پیاوێکە نکوڵی لە بەردەم گەورەیی ئەودا ناکرێ، بەڵام غەدرێکی گەورەی لێدەکرێ، ساڵی پار لە کۆنگرەی ڕۆمانی عەرەبی کە لە قاهیرە سازدرا، سەلیم بەرەکات بانگهێشت نەکرابوو لەبەرئەوەی کە کوردە.

■ **بابێینە سەر ئەدەبی مەهجەر، ئایا ئاستی ئەدەبیاتی کوردی لە دەرەوە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بڵێین شتێک هەیە بەناوی ئەدەبی مەهجەری کوردی؟**

□ ئەوەی ڕاستی بێ گرانە بڵێین ئەدەبیاتی دەرەوە، ڕەنگ و ڕووو سیمایەکی تایبەتی ئەوتۆی هەیە شایەنی ئەوە بێ ناوی بنێین ئەدەبی مەهجەر، بەڵام بێگومان لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەی ڕابردوودا خەڵکێکی زۆری کورد لە ناویشیاندا نووسەرو ئەدیبان، ڕوویان کردۆتە وڵاتانی جیا جیای ئەوروپا، ئێستا ئەو خەڵکە کوردی دەرەوە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیان هەیە، بەڵام بە باوەڕی من کەم لەو گۆڤارانە ئاستێکی ئیبداعیان هەیە، ئێمە با بپرسین ئەدەبی مەهجەر بە چ واتایەك؟ ئایا ئەو ئەدەبە سیماو تام‌وبۆی تایبەتی خۆی هەیە؟ یان درێژکراوەی ئەدەبی ناو وڵاتە؟ بە کورتی من وا هەست دەکەم ئەدەبی مەهجەر بۆ کورد هێشتا دروست نەبوە.. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ کۆمەڵێك ناوی جوان بسڕینەوە کە لە دەرەوە وەك لە موعاناتی خەڵکی ئێرە دانەبڕاون، لەهەمانکاتدا کێشەی غوربەتیان بۆتە هەوێنی چەندین هەوڵی جوان، یەکێك لەو ناوە جوانانە ڕەفیق سابیرە، کە لە موعاناتی خەڵك دانەبڕاوەو لەهەمانکاتیشدا سەرقاڵی پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمانەیەتی کە بۆنی غوربەتیان لێدێ‌و بە ڕۆشنبیری ئەوروپیشەوە ئاو دراون.

لە دەرەوەیش گۆڤارەکانی ڕەهەندو گزنگ‌و ڕابوون لە نموونە جوانەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە لە هەندەران. لە ڕۆژنامەکانیش (هەتاو، پەیام) ڕەنگە لە نموونە دیارەکان بن، وەکو گوتم من ئەدەبێك نابینم بەناوی ئەدەبی مەهجەر، بەڵام من شیعرو چیرۆکی جوان دەبینم لەوێ کە ئاو دراوە بە غوربەت‌و موعاناتە زاتیەکان.

■ **پێت وایە بە پێی پێویست سوودت لەو ئاسۆ ڕوناکبیری و ڕۆشنبیریە بەرفراوانەی هەندەران وەرگرتبێ؟**

□ بێگومان چوونم بۆ دەرەوە خۆی ئەزموونێکە کە دیدو تەماشای بەرفراوان کردووم، هەرچەندە لە ڕووی فێربوونی زمان وەکو پێویست سوودم نەبینیوە، بەڵام ئەو تەماشاو شتە تازانەی لە هەندەران دەیبینی وەکو جۆگەیەکە کە دواتر دەڕژێتە ناو ڕووبارە گەورەکەوە کە سەرتاپای ئەزموونەکەیە.

■ **لە شیعرەکانتدا هەستدەکرێ بەڕێزت زیاتر لە دەرەوە بیت بەو مانایە کە جلال الدین الرومی دەڵێ "شیعر فەنابوونی وشەکانە، بۆ خۆشەویستی شتەکان" کە بێگومان ئەمە زیندوویتی نووسەر دەگەیەنێت بە پێچەوانەی بارت کە پێی وایە "شیعر فەنابوونی شتەکانە بۆ خۆشەویستی وشەکان".**

□ ئەوەی شیعرەکانی من بخوێنێتەوە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەت هەستدەکات من هەمیشە لە ناوەوەم، هەتا لە دەرەوەش شیعری من تەنها بە جەستە لە هەندەران بوە، بەڵام وەکو هەستو ڕوح هەمیشە لێرە بوە.

■ **لەنێو هەردوو تەمەنی جەستەو شیعر، لە کام پیربوون دەترسیت؟ پیربوونی جەستە یان پیربوونی شیعری؟**

□ من پیربوونی شیعریم لا ئەستەم ترە، تەمەنی شیعریم وەکو تەمەنی جەستە منداڵی و کاڵفامی و هەرزەکاریی خۆی هەبوە. من لە سەرەتاکانم ڕازی نیم، بگرە لە سەرجەم تەمەنی شیعریم ڕەنگە نیوەیان بە سەرکەوتوو نەزانم. بە باوەڕی من ئەو کاتەی شیعرێکم نەتوانێ بیر ڕاچەنێنێ و هەست ببزوێنێ و خوێنەر چێژێکی لێ وەرنەگرێ، من ئەو شیعرەم بە شیعرێکی مردوو ئەزانم.

■ **لە سەرجەم ئەو تەمەنە پڕ هەڵکشان و داکشانەتدا لەچی خۆت ڕازیت و لەچی خۆت ناڕازی؟**

□ بێگومان من لە کۆمەڵێ شتی خۆم ناڕازیم، من لەگەڵ شیعری باشدا، کۆمەڵێك شیعری خراپم هەیە، لە هەڵوێستەکانمدا وەك چۆن ئازایەتی هەیە، ئاواش هەڵوێستی

ترسنۆکانەم هەبوە، من ئاوا سەیری ژیان دەکەم. من قەت لەسەر خەتێکی ڕاست و ڕەوان نامەوێ و نەمویستوە تەماشای خۆم بکەم. من لە سەرەتاکاندا پەلەکردنم هەبوە، حەز و خۆشەویستیم هەبوە بۆ شیعر، بەڵام کەرەستەی هونەری لەو سەردەمەدا کرچ و کاڵ دێنە بەرچاو.

■ پەیوەندیت لەگەڵ ژندا چۆنە؟

□ ژن بەشێکە لە ژیانی شیعر، بە باوەڕی من ئەو شیعرەی بەشێک لە ژنی تێدا نەبێ، شیعر نییە. بێگومان ژن بە مانا بەرفراوانەکەی، ڕەنگە لە باسی باڵندەیەک، ڕووبارێک، درەختێک، کانیەک، تۆ ژن بێنیتە ناو شیعرو تامی دەسگیرانەکەت و خۆشەویستەکەتی گرتبێ.

■ ببوورە کاک شێرکۆ یەکەم خۆشەویستت ناوی چی بوو؟

□ ناوی صدیقە بوو، ئەو کاتە من تەمەنم لە دەوری چواردە ساڵیدا بوو، دێتەوە بیرم صدیقە خەڵکی کەرکوک بوو، بەڵام لە سلێمانی دادەنیشت. بەداخەوە دوای ماوەیەک گەڕەکەکەی ئێمەیان جێهێشت و جێی هێشتم. ئەگەر سەرنج بدەی من لە قەسیدەی "بۆننامە"دا باسی دوو چاوی سەوز دەکەم، ئەوە چاوەکانی صدیقەیە.

■ (بە پێکەنینەوە) باشە کاک شێرکۆ تۆ پێت خۆشە کچێک پێت بڵێ تۆ پیاوێکی قۆز و جوانی، بەڵام شاعیرێکی خراپی؟ یان پێت خۆشە بڵێ تۆ پیاوێکی ناشیرینی و شاعیرێکی باشی؟

□ وەڵا کاک تەلعەت پێم خۆشە هەردووکیان بڵێ، پێم خۆشە پێم بڵێ: تۆ پیاوێکی زۆر جوانی و شاعیرێکی زۆر باشیشی (پێدەکەنێ) ڕەنگە تۆش، ئەوەی دوەمت وەکو من پێ ناخۆش بێ.؟ وانیە؟ کچێك پێم بڵێ تۆ پیربوویت و ناشیرینی ئەمە مەعقوول نییە.

■ ئەگەر ئێستا بکرایە عبدالخالق معروف لێمان بە ژوور کەوتبا؟ (لێرە کاک شێرکۆ چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون لە لێواری گریانەوە وەڵامی دایەوە).

□ ئەگەر ئێستا عبدالخالق بە ژوور کەوتبا، بۆنی مامز بڵاو دەبۆوە، ڕەنگە لە خۆشیان ببووریمەوە، بەڵام ئیتر ئەمە خەیاڵێکە.. من لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە کە ئەوکات تەمەنم

بیستو چوار ساڵ بوو عبدالخالق دەناسم، مرۆڤێکی مەزنو هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیم بوو، پێش شەهید کردنی بە مانگێك پێکەوە بووین.. من قەرزاری باڵەکایەتیم چونکە عبدالخالقم تیا ناسی.

■ جەنابت لە شاخدا ژیاویت، ڕەنگە زۆر لە هاوڕێو هاودەمانت شەهید بووبن، ئەمە چیت لا دروستدەکات؟

□ بەڵێ بە تایبەتی هەردوو ساڵی هەشتاو پێنجو هەشتاو شەش کە لە پڕێکا ئەو هاوڕێیەی دوێنێ شەو باسی ئایندەت لەگەڵ کردبوو بە شەهیدی دەهاتەوە.. من لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بە چاوی خۆم شەهیدبوونی هاوڕێی خۆمم بینیوە، زۆرجار دەگوترێ ئەو شیعرانەی کە من بۆ شەهیدانم نووسیوە لایەنی هونەری شیعری تیادا فەرامۆشکراوە، بەڵام کە دوژمن دێو هاوڕێیەکت شەهید دەکات، لە تەنیشتەوە جەستەی کوردێك سارددەکاتەوە، ئەوکاتە ماوەی مۆنتاژو ڕازانەوە نامێنێ، ئێمەی شاعیریش ئەوکات شیعرەکانمان ڕۆڵی چەکیان دەبینی لە بەرگری کردندا.

جارێکیان پێشمەرگەیەك بە منی گوت جەژ دەکەم شەهید بم بۆنەوەی شیعرێکم بۆ بنووسی، ئەمە شانازییەو نیشانەی گەورەیی شیعرە کە پێشمەرگەیەك ئەو قسەیە بکات.. کەچی دەبینی هەندێ نووسەرو شاعیر هەیە، لەبەرئەوەی لە هەموو ژیانی خۆیاندا باجی ڕۆژێکی ناخۆشو باجی یەك سەعاتی دەربەدەریو ماڵ وێرانیان نەداوە، لەبەرئەوە بەلای ئەوانەوە ستەم نییە ئەگەر لە وەختی قسەکردندا چییان بەدەمدا هات بیڵێن، تەنانەت بەها هەرە جوانەکانی تێکۆشانی ژیانی پێشمەرگایەتیو شەهیدانو مێژووی پڕ لە سەروەریش بدەنە بەر پلاری ترسنۆکانەی خۆیانەوە.

■ شیعر نووسین بەو ڕادەیە لەسەر شەهیدان، ئایا شەبەقی مردنو مەرگ دۆستی ناگەیەنێت؟

□ نەخێر، ئەمە قەت ڕاست نییە.. بە پێچەوانەوە من ئەوەم تێکەڵ بە حاڵەتی مقاوەمەتی ژیان کردوە بەرامبەر بە مردن.. ئەو شیعرانە تەنها قەناعەتی من بوە بەرامبەر بە

خێری بەرگری‌و خێری ئازادی، دەنا چ لە شاخ بووبین‌و چ لە شار کەس کوێخامان نەبوە.. کەس پێی نەگوتوین ئەمە بنووسن‌و ئەوە مەنووسن.. ئەو شیعرانە گۆرانی هیوا بون بۆ خەڵك‌و بۆ دواڕۆژ، ئەو شیعرانە دژی ئاراستەی چاندنی نائومێدی بوون لە دەروونی خەڵکدا.

■ بینینی منداڵ، پیربوونی خۆت نیشان نادا؟

□ بێگومان، من هەر بە پرسیاردام کاتێ نەوەیەکی تازە دەبینم.. ئێوە نەوەیەکی تازەن، لە خۆم دەپرسم پێویستە چۆن لە گەڵتانا ئامادەبم‌و چۆن بم لە گەڵتانا؟

■ پەیوەندی لە نێوان شیعرو مردندا دەبینی؟

□ بەداخەوە مردن حەقیقەتێکە هیچ گفتوگۆ هەڵناگرێ، خۆ ڕەنگیشە شاعیر بیەوێت لە ڕێگای شیعرەوە ونبوونی جەستە لە مردندا قەرەبوو بداتەوە، من زۆر بەختیار دەبم کە دوای مردنم چەند شیعرێکم جێگای جەستەم بگرێتەوەو ئامادەبوونی من لە دواڕۆژدا بسەلمێنن.

■ دەکرێ ناوی قەسیدەیەکم پێ بڵێی لە شیعری کوردی هاوچەرخدا حەزت کردبا هی تۆ بوایە؟

□ نازانم.. (پێدەکەنێ). پرسیارێکی سەیرە، بەهەرحاڵ لە جیلی خۆم شتێکی ئەوتۆ نییە حەزم کردبا هی من بوا.. نازانم.

■ مانای وایە لە جیلی خۆت‌و تازەدا قەت حەزت نەکردوە قەسیدەیەک هی تۆ بوایە؟

□ نا.. بێگومان قەسیدەی جوان نووسراوەو خۆشیشم ویستوون، بەڵام هی من بێ.. نەخێر.. بەڵام لە ئەدەبی جیهانیا قەسیدە هەیە کە حەزم لێبوو من بمنوسیایە.. بۆ نموونە چەند قەسیدەیەکی "مەحمود دەروێش، پوشکین، ئۆکتافیوپاز" و چەندانی دیکە.

■ لە پەیوەندیت لەگەڵ خەڵکدا ڕازیت؟

□ من پەیوەندیم باشە، یەکێك لەو شتانەی کە مەبەستمە ئەو پەیوەندییەیە، پەیوەندی خۆم‌و پەیوەندی شیعرم، بە باوەڕی من شاعیر نییە پێی ناخۆش بێ زۆرترین ژمارە لە

کتێبەکانی بفرۆشێت، من زۆرم لا مەبەستە پێش هەموو شتێك شیعرەکانم شیعر بن دواتر خۆشەویستی خەڵکیش بۆ شیعرەکانم ئەمە لای من جەوهەرە.

■ پەیوەندیت لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێودا چۆنە؟

□ من یەکەمجار لە شەستەکاندا پەشێوم لە هەولێر ناسی.. چوومەماڵەکەیان و لە هەولێر گەڕاین، من پەشێو لەهەر دوو دیوانی "شەونامەی شاعیرێکی تینوو" و "شەو نییە خەونتان پێو نەبینم"دا دەبینم، بەڵام ئەم شتانەی بەو دواییەی کە ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆی پڕ لە جنێوەو نەبوون بە شیعر بە کەفە ژێلکەیان ئەزانم. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان لە پەشێو ئەکرد کە دوای ئەو هەموو ساڵە شاکاری شیعرمان پێشکەش بکا.

■ لە پەشێودا چی جوانە؟

□ هاورێیەتی، لە پەشێودا ئەمەکی هاوڕێیەتی جوانە.

■ گلەیت لێی هەیە؟

□ نا.. گلەییم لێی نییە.. بەڵام دەبوایە ئێمە یەکتری ببینین و خۆمان نەدەینە دەست قسەی ئەم و ئەو.. دەبوا ڕووبەڕوو لەگەڵ یەکتریدا شتەکان یەکالا بکەینەوە.

■ دواین یادکاریت لەگەڵ باوکتدا؟

□ ئەو بەیانیە بوو کە تیایا مرد، یەکێك بوو لەو ڕۆژە سەختانەی زستان کە قەت بیرم ناچێتەوە، ڕۆژێك بوو تۆف، زریان، ڕەشەبا، سەرمایەکی هێندە سەخت بوو کە مەحاڵە لە بیرم بچێتەوە.

ئەوکاتەی کە مرد دەبێ پێش سەعات هەشت بووبێ، چونکە ئەو بەیانیە هێشتا نەچووبوومە مەکتەب، دێتەوە بیرم کە کۆکەیەکی کرد، نیشارەتێکی کرد، کە پەنجەرەکان بکرێنەوە، تا ئەو وەختەی دایکم باسکی لە ژێر سەری نا ئەو تەواو بوو، دواتر تەرمەکەیمان هێنایە سلێمانی و خەڵکێکی زۆر وێڕای ئەو سەرما سەختە لە پێشوازیدا بوون، وە دێتەوە بیرم کامەران و دیلان لەسەر قەبرەکەی وتاریان خوێندەوە، هەتا بەشێك لە قوتابی قوتابخانەکانیشیان بۆ قەبرستان هێنابوو، لە یادمە من هەر لەو کاتەی تەرمەکەمان هێنایەوە

سلێمانی لەناو ئەو پاسەدا بووم لەگەڵ خزمێکماندا کە تابووتەکەی بێکەسی لەسەر بوو، ئەو خزمەم پەنجا فلسێکی دامێ کە ئەوکات زۆر زۆر بوو من ئەوەندە منداڵ بووم ئەگریام‌و جارجارەش سەیری پەنجا فلسەکەم ئەکردو لە ژێرەوە پێئەکەنیم.

■ دایکت ناوی چیە؟

□ شەفیقە.

■ چی دەکەیەنیت؟

□ فراوانترین باوەش‌و ئەمەکترین مەخلوق. دایکم ئێستاش ماوەو لە ئەمریکایە، ئەگەر تاقەتی هەبێ مەجلیسێك دەبووژێنێتەوە. بە ڕاستی دوای مردنی باوکم باوەشی وەفای دایکم ئێمەی گرتە خۆی، خۆی نەخوێندەوارە، بەڵام زیرەکییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، پەندی پێشینان‌و حیکایەتی زۆری لەبەرە کە من شەوانی زستان بە منالی گوێم لێدەگرت. من خۆشەویستی زمانی کوردی لە دایکمەوە فێربووم.

■ کاک ئازاد جندیانی پێی گوتم کە گوایە مونافەسەیەک هەیە لەسەر قۆزێتی‌و شیاکەتدا لە نێوان تۆو کاکە مەم بۆتانی‌دا؟ ئەمە ڕاستە؟

□ کاکە مەم هاوڕێی عومرە! هاوڕێی دەگمەنی ڕۆژگاری خۆش‌و ناخۆشی ژیانم. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم موناقەسەیە چیرۆکێکی درێژی هەیە لە کۆتایی شەستەکان‌و سەرەتای حەفتاکانەوە دەستپێ‌دەکات‌و جەنگێکی ساردەو تا ئێستەیش درێژەی هەیە! ئەو پێی وایە (بە قسەی خۆی) کە بۆ شیاکەت‌و قۆزێتی! لەگەڵ مندا هەر بەراورد ناکرێ! منیش پێموایە (بە قسەی خۆم‌و خەڵکیش) کە جیاوازیەکە بەدیهی‌یە! ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە جارێکیان ئەم کێشەیە لە کۆڕێکی ماڵاندا خرایە دەنگەوەو وەك سەرئەنجامیش برای خۆتان بردیەوە! بەڵام کاکە مەم ئیعترازی گرت کە گوایە دەنگەکان تەزویری تێدابوە! بە کورتی وەك ئەڵێن نان نەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە. پێموایە ئەبێ ئێستە خۆیشی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی هەموومان‌و هەقیش وایە ئیتر ئەم جەنگی ساردە کۆتایی پێ بێ‌و کاکە مەم لەم کەلل

شەیتانە بێتە خوارەوەو ئەمجارەش وەك دیاری گۆچانێکم بۆ ناردوە!! هیوای تەمەن درێژی بۆ ئەخوازم.. ئامادەیشم لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا جارێکی تر کێشەکە بەلایەکدا بخەین.. ئەوەی ڕاستی بێ من داوای هەڵبژاردن ئەکەم‌و ئەو بەردەوام خۆی لێ ئەدزێتەوە!. چونکە دڵنیایە لە ئەنجام.. چونکە ئەزانێ هەر برای خۆتان ئەیباتەوە! کاك ئازادیش هەر لە تەرەفی خۆمە!

■ دواین پرسیار لەوەتەی هاتوویتەوە شیعرت نووسیوە؟

□ نەخێر.

■ باشە کاك شێرکۆ ئێمە بەوەندە پرسیار واز دەهێنین وا بزام هیلاکمان کردیت.

□ ئەی ئێوە هیلاك نەبوون؟! سوپاستان ئەکەم.

سەرچاوە

گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ. ١٠، تشرینی یەکەم، ١٩٩٨

□ سا : ماجده حەمید

chalakmuhamad@gmail.com

## لەیەکەمین گوتوبێژدا بۆ (الفینق)

(١٩٩٩)

## شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس
## لەمەڕ نوێگەری و هۆلاکۆو بۆنتنامەوە.. دەدوێ

لە لوتکە بە بەفرو بە نێرگز نەخشێنراوەکانی کوردستانەوە، قەسیدەکانی شێرکۆ بێکەس وەکو تافگەکانی گەلی عەلی بەگ، هەڵقوڵاو ڕژایە نێو دۆڵ و نشێوەکان، تا تێکەڵ بە دوو ڕووبارە نەمرەکە بن، تا کەنارەکانی شەتولعەرەب، تا دواتر بەرەو هەموو کەنارو شارەکانی دنیا، مل بنێت و دەریا تەی بکات. بێکەسیش کە قەسیدەکانی تێکەڵبوون بە ترپە مرۆییە هەڵقوڵاوەکان، گەواهێکی ڕاستەقینەیە بەسەر هەموو ئەو شتانەوە کە ڕویانداوە، پڕ بە گەرووی هاواری کرد، ئەو هاوارەی قوربانیەکان نەیانتوانی بیکەن، ئەوە زایەڵەی دەنگی ئەوان بوو.

"گیلفیك"ی شاعیری فەرەنسی لە بارەیەوە وتویە: "گۆرانی بۆ گەل و نیشتمانەکەی دەڵێت جا چ لە ڕێی درەختێکەوە بدوێت یان باڵندەیەکەوە، شیعرە کورتەکانیشی هەناسەی شیعریان تیایە".

عەبدولوەهاب بەیاتی شاعیریش لە بارەیەوە وتویە "شیعرو قەسیدەکانی لە دڵەوە بۆ دڵن".

ژنە ڕەخنەگرو وەرگێڕی سویدیش "سوت ئاکلسن" دەڵێت: "شێرکۆ هێزێکی هەیە مرۆ سەرسام دەکات، زمانێکیش کە پێویستە وایتمان و سان جۆن بێرس و لۆرکاو نیرۆدا لە کۆرە برایانەکانی خۆیاندا ئەم ئازارە لە ئامێز بگرن".

"الفینیق" چاوی پێکەوت و ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ سازدا:

■ **شیعرەکانت تام و بۆیەکی تایبەتیان هەیە، ئەمەیش لە دڵی کوردو عەرەبکەلیکی زۆری نزیک کردوویتەوە، تۆ بڵێی تایبەتمەندی ئەزموونی شیعریت بۆ چ شتێک بگەڕێتەوە؟**

□ سەرەتا تام و بۆ لە شیعردا، لەنێو تایبەتمەندی زماندا خۆی مەڵاسدەدا. واتە لە سەربەخۆییەکەی و لەوەی کە چ شتێکی تازەمان پێ دەڵێت. ئەوە تام و بۆیەکی تایبەتە بۆ دەربڕینێکی تایبەت، ئەوەیش لە ڕێی نزیکبوونەوە لە کرۆکی تام و بۆو دەستدان لە هەست و نەستی کەسانی ترەوە بە ڕاستگۆیی، خۆشەویستی، سەراحەتی شیعری و سادەییەکی ناساویلکانەوە. لێرەدا گرنگ ئەوەیە چۆن چۆنی شتێك دەڵێین کە ڕوخسارێکی تایبەت و دەنگێکی تایبەتمەندی هەبێت، واتە کەسمان لە ئیدای شیعریدا لە کەسمان نەچین. لەم تایبەتمەندییەوەیە تام و بۆ، دروستدەبێت. ئەمەش یەکەمجار ڕادەوەستێتە سەر بەهرەو پاشان ئاراستەکردنی ئەم بەهرەیە لەنێو بزوتنەوەی ئەزموون و مومارەسەو گەڕانی بەردەوام بە دوای شتی تازەدا. ئەم تام و بۆ تایبەتە، پلەبەپلە پێکدێت و وەکو دڵۆپە ئاورنگ کۆدەبێتەوە، کە سەرئەنجام کەسایەتی شاعیرە بە تەنها. تایبەتمەندی ئەزموونی شیعریشم یەکەم بۆ مامەڵەکردنی تایبەتم لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە، واتە بەردی بناغەی کردەی تێکەڵبوونی بەردەوامی نێوان من خوێنەرانمە. سەرەتا لە لانکی ئەو زمانەدا کە پێی دەنووسم ئینجا بۆ جیهانەکانی تر، هەوڵمدا بۆیان بدوێم، وەك چۆن دڵیان دەدوێت، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە شاعیر دەتوانێت خورپەکانی دەروون بنووسێتەوە، بەڵام کەسانی تر نایزانن. من بە زمانێکی قفڵدراو و داخراو و لەخۆبایی نانووسم. شیعر بریتییە لە جۆرە دواندنێك لەگەڵ خودی خۆت و خودی خوێنەراندا. خۆ گەر ئەو دواندنە لە ژیان و لە خەڵك دابڕاو بێت، ئەوا زمانەکەش دوورو دابڕاو دەبێت و پردی نێوان کەناری یەکەم کە بەری دڵی شاعیرەو لە نێوان سەری ئەوسەری پردەکە واتە گوێگر یان خوێنەر، دەڕووخێت. لێرەدا پرسیار ئەمەیە: ئەو زمانە چیە لە لام بەردەوامی هەیە، یەکەم وەکو هونەر، دووهەمیش وەکو پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا، واتە ئەو ئاسمانەی شیعر تیایدا ئەدات لە شەقەی باڵ – وەڵامەکەیش وەکو پێموایە ئەو شیعرەیە کە بە دوو باڵی هونەرو باڵی بەردەوامیەوە

ئەفرێت، بە جۆرێك كە هەرگیز سازش هەڵناگرێت. هەر نسكۆیەك بۆ یەكێكیان نسكۆیە بۆ ئەوی تریشیان، مەبەستم ئەوەیە كە دەبێت زمان سادەو قووڵ بێت و تایبەتمەندی ئەزموونەكە لە تایبەتمەندی ناسینی بەردەوامی ژیان و بزاوتە بەردەوامەكانیەوە هەڵبقوڵێت. تایبەتمەندیش لەلای من لە هەندێ لایەنی تریەوە بەم شێوەیە لێكیدەدەمەوە: یەكەمین شتێ ڕووی لێدەنێم و هەوڵدەدەم لێی نزیك ببمەوە هەست و ئەستی كەسانی ترە، "هەرێمە شیعرییەكانی جەستەی مرۆڤ" كە یەكەمین شتێكە وەڵامی بانگەوازە شیعرییەكە بداتەوە.. لە هەموو كات و شوێنێكدا.

قەسیدە لام وەكو گوڵە كێوی وایە.. گوڵ بە هەموو سادەییەكانی و كێویش بە هەموو هەیبەتی خۆیەوە. من هەرگیز حەزم لە شیعری بە فەلسەفە باركراوو ئەقڵانی ڕووت نەبوەو نیە، چون ئەقڵانیەت گەر لە شیعردا زیادیكرد تێكیدەدات. كاتێ هەندێ قەسیدەی كوردی و عەرەبی دەخوێنمەوە هەستدەكەم لە بەردەم "دەقێكی ئەپستیمی"دام نەك لە بەردەم "دەقێك شیعری"دا. مەبەستم لە دەقی ئەپستیمی ئەو دەقەیە كە خاڵیە لە گەرم و گوڕی شیعری. ئەمەش بە واتایەكی گشتی بۆ دەقی شیعری، واتە ئەو شیعرانەی ژێكانی قووڵایی مرۆڤ ناژەنن و نایلەرزێنن شیعر نین.. ڕەنگە دەقێكی باشی تر بێت، بە بۆچوونی من "لیریكیەت" وەكو وزەی گیانی شیعر دەمێنێتەوە. نزیكبوونەوە لە دڵی زۆربەو لە ڕێی مەل شیعرەوە، شتێكی جوانە بەو مەرجەی ئەو نزیكبوونەوەیە لەسەر حسابی لایەنی هونەری شیعرو ختوكەدانی سۆز بێت بە تەنها.

گرنگ ئەوەیە كەسانی ترمان خۆش بوێت، دوور لە وتارو دروشمچێتیەك، من مەبەستم ئەو خۆشەویستیەیە كە زۆرجار لە پێناوی خودی خۆشەویستی و خودی هەقیقەتدا، هەستی كەسانی تر بریندار دەكەین. لە كرۆكدا تایبەتمەندی بە مانای ئەوەی جیاواز بین و لەیەكتری نەچین، چون بە ڕای من، ئازادیمان لە جیاوازیماندایە.

■ **تۆ لە دامەزرێنەرانی بەیانی "ڕوانگە"ی ١٩٧٠ یت، كە یەكەمین بەیاننامەی نوێگەرییە لە شیعری كوردیدا. باشە چ شتێك لەو بەیانە شیعرییەو لەو ئاوانەی بەشداری غەمی لەدایكبوونتیان كرد، ماوەتەوە؟**

□ بەردێکمان هەڵدایە نێو گۆمە ڕۆنگخواردوەکە، ڕوانگە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا پێکهات. جیهان هەمووی قوڵپی ئەدا: بزوتنەوەو ڕاپەڕینی خوێندکاران لە ئەورووپاو فەرەنسا بە شێوەیەکی تایبەت، بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان و گیڤارا لە ئەمریکای باشور، جەنگی ڤێتنام و بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. واتە جیهان لە لێواری دەروازەیەکەی نوێدا بوو لە بیرو ڕۆشنبیریداو، چەمك و تێگەیشتنەکان بە خێرایی دەگۆڕان، ئەم گۆڕانکاری و لەرینەوانەش تێڕوانینی ئەدەبی شەستەکانی بۆ ڕۆشنبیری و ئەدەب بە گشتی گرتەوە. ئەوەبوو بزوتنەوەی ئەدەبی و شیعری شەستەکان لە عێراقداو گۆڤاری ٦٩ پێکهات و پێشتریش بزوتنەوەی گالێری ئەدەبی میسرو گۆڤاری گالێری ٦٨ بوو، تێڕوانینی ڕادیکاڵانەش بۆ جیهان باو بوو. لە کوردستانی عێراقیش ئێمە بە خەم ئەو گۆڕانکاریانەوە بووین و چاودێری هەموو ئەو شتانەمان دەکرد کە لە چواردەورماندا ڕوویاندەدا، ئاکامەکەیشی دەرچوونی بەیانی ڕوانگەی ئەدەبی بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا. کە لە لامان وەکو هاوارێك لە بێدەنگی یان قڵیشێ لە دیواری تەقلیدیەت بوو. ڕەنگە قووڵی بەیانە ئەدەبیەکە، لە ڕووی هونەری و فیکریەوە، لە ئاستی پێویستدا نەبووبێت، بەڵام بەدەنگەوەهاتن لە نێوەندی ئەدەبی لاوانداو لە نێو سەردایانی نوێخوازیدا زۆر فراوان بوو. ڕوانگە لە دوای نوێگەری یەکەمەوە بوو، واتە لە دوای جیلی گۆران و ئیبراهیم ئەحمەدەوە، یەکەم پرسیارێکی جدییە لە مەیدانی شیعرو چیرۆکدا خۆی دەخاتەڕوو و یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی بەکردەوەیە لە نێوان تەقلیدییەت لە دیدگاو دیدگای نوێ لە لامان، وە لە نێوان زمانی دەربڕینگەرێتی نوێدا، وە زمان کە ببوە دیلی چوارچێوەیەکی دیاریکراو. ئەوەی لە بەیانە ئەدەبییەکەدا دەمێنێتەوە: ئەو پرسیارە هەمیشە گەوهەرییەیە لەمەڕ نوێگەری و گۆڕان، هەروەها بەرهەمە داهێنانئامێزەکان کە دووبارەبۆوە یان جوینەوەی بابەتەکانی پێش خۆیان نەبوون، چ لە ڕوانینیا بۆ جیهان، یا لە دۆزینەوەی شێوە تازەکانیدا. لەو ئاوانەیش کە ڕۆڵیان لە داڕشتنی بەیانەکەدا هەبوو هەریەك لە چیرۆکنووسی ناسراوی کورد: "حسێن عارف"، شاعیری خولێخۆشبوو "جەلال میرزا کەریم" چیرۆکنووس "کاکە مەم بۆتانی" و "من".

■ لە پاش ئەم ئەزموونە درێژە لە جیهانی نووسیندا، ئێستا شیعر لەلای شێرکۆ بێکەسی شاعیر، لـەم سـەردەمە جەنجاڵـەی نێـوان ئینتـەرنێت و شـەڕەکان و جیـهانگیریدا، چ شتێ پێکدەهێنێت؟

□ شیعر عەشق و تونێتییەکی بەردەوامە بۆ هەقیقەت و جوانی، ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە هەموو سەردەمەکانەوە. شیعر شیعرە، با لە ڕووی شێوازو چوارچێوەشەوە جیاواز بێت. ئێستاش نووسینێ هەیە بە ئەقڵییەتی چەرخەکانی ڕابردوو دەنووسرێن و ڕەنگە لە بەرگی تازەدا بن. هەروەها لە بەرامبەردا بۆ نموونە "موتەنەبی" دەبینین کە لە یادەوەری هیچکام لە ئەوە یەکلەدوای یەکەکاندا وننابێت. ئەمە بەردەوامێتییە لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی دی، بەردەوامێتی داهێنان. بە پێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە هەموو کاتێکدا ڕوودەدەن و ئەزموونی شیعری و بە شێوەیەکی تایبەتی زمان دەوڵەمەنددەکەن و گشتگیری هەقیقەت و جوانی لە کاتێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراودا ڕاناوەستێت، گەردوون کە بێگومان هیچ کۆتاییەکی نیەو، زەمەنی شیعری هەردەم ڕەهایە. من وەکو خۆم لە ڕێی شیعرەوە هەناسە دەدەم، سییەکی تر. شیعری جوان و ڕاستگۆ، ئەو هەوا بێگەردەیە کە لەم جیهانە خراپەدا ماوەتەوە وەکو دەیبینم. شیعر ڕوەکەی تری هەقیقەتە، ئەمەیش لە سەردەمێکدا کە ڕۆژانە شیعرو هەقیقەت تیرۆردەکرێن، لێرەدا پێویستە شیعر خۆی نەداتە دەستەوەو کڵپەکەی دانەمرکێتەوە. لە هەموو سەردەمێکدا شەڕو پێکدادان و شێواندن هەبوە، بەڵام هەمیشەش ئەو شیعرە هەبوە کە دڵی مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوە. شیعر وەڵام نیە، بەڵکو ئەو پرسیارەیە کە هەمیشە هێرشدەبات، شیعر وەك ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو خۆی ناخاتە ڕوو، بەڵکو شیعر ژیانە بە هەمەچەشنی جیهانبینیەکانیەوە، بە هەمەچەشنی و ڕەنگ و ئاهەنگەکانیانەوە.

■ بەدوور لە سیاسەت و نزیک لە سەرسامیی شیعر، هەندێ ئەدیب پلەوپایەی سیاسی هەبوەو کاری تیادا کردوە، "فاسلاڤ هاڤل" سەرۆکی دەوڵەتی چیک بوو، "سنغور"یش سەرۆکی سنیگال بوو، "ئەندریە مالرۆ"ش وەزیری ڕۆشنبیری فەرەنساو "شێرکۆ بێکەس"یش وەزیری

**ڕۆشنبیری کوردستان.. تۆ بڵێی شێرکۆی وەزیر چۆن چۆنی لەگەڵ شێرکۆی شاعیردا مامەڵەبکات؟ ئەی شێرکۆی شاعیر چۆن مامەڵە لەگەڵ شێرکۆی وەزیردا دەکات؟**

□ من ڕۆژێ لە ڕۆژان بە مانای وشە، سیاسی نەبووم، واتە من بۆ ئەوە نەخوڵقاوم، (مەبەستم کاری سیاسیە)، بەڵام پێویستە شاعیر تێڕوانینی خۆی بۆ سیاسەت هەبێت، هەڵوێستگەلێکی مرۆییانەی هەبێت کە هەمیشە لە پاڵ شیعردا بێ. من هیچ لە یارییە سیاسیەکان نازانم، لە زمانی نازانمو هیچ شتێ لەمەڕ فێڵودرۆ هەمیشەییەکانی نازانم، سوپاس بۆ خوا من تا ئێستاش جیهان بە چاوی مناڵ دەبینم، چەند جوانە هەمیشە منالیمان تیا بمێنێتەوە، پرسیارەکەیشت لە بارەی ژانتای وەزارەتەوە، پێویستی بە جۆرێك ڕوونکردنەوە هەیە، بە تایبەتی بۆ خوێنەرێکی عەرەبی کە ڕەنگە یەکەمجاری بێت گوێی لەم بابەتە بێت، چونکە وەزارەتەکەم وزارەتێکی هەژار بوو، منیش لە بنچینەوە وەزیری ڕاپەڕین بووم، پاش جەنگی کەنداو، ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە باشووری عێراقدا ڕوویدا، پاشانیش مەسەلەکە پەرەیسەندو ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەتینو تاو لە کوردستانی عێراق ڕوویدا، زیاتر لە نیو ملیۆن مرۆڤی کورد تەفروتونا کرابوو، زیاتر لە پێنج هەزار گوندی کوردیش تەختی زەوی کرابوون، زیاتر لە ١٨٠ هەزار کوردیش لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا کرابوون بە ژێر لمی بیابانەکانەوە، ڕاپەڕین سەرکەوتو حکومەتیش هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی لە کوردستانی عێراقدا کێشایەوە، پارتە کوردییەکان لەسەر سازکردنی هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی ئازاد ڕێکەوتن، ئەوکات من لە سوید بووم، پاش چەند مانگێ گەڕامەوە بۆ نیشتمانو بۆ شارەکەی سلێمانی، هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا، ڕۆژێکی مەزن بوو، وەکو شاعیرێکی بێلایەن خۆم پاڵاوت، لە هەڵبژاردندا دەرچوومو بووم بە ئەندامی یەکەم پەرلەمانی کوردیو لەکاتی پێکهاتنی یەکەم حکومەتی کوردی ناوخۆدا، پەرلەمان بەکۆی دەنگ پاڵاوتیانم بۆ ژانتای وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردی، واتە من یەکەم وەزیری ڕۆشنبیری بووم لە حکومەتی ڕاپەڕینی جەماوەریدا، یەکەم وەزیر قەڵەمو قرتاسیەی تەواوی نەبوو، کاغەزی چاپکراوو بڵاوکراوەمان لە بازاڕی ڕەشدا دەکڕی.. دوو ئابلۆقەمان لەسەر بوو..

ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئابلۆقەی حکومەتی بەغداد. لەبەرئەوە بژاوتمان کۆتکراو و گیرفانەکانمان خاڵی بوون. ماوەیەک مامەوە، پاش چەند مانگێکی کەم، هەستمکرد وەکو ئەوەی لە ژێر نیشتەجێکردنێکی زۆرەملێیانەدا بم، ماوەیەک پێش ئەوەش، لەلایەن کۆمەڵێک توندڕەوەوە فتوایەکی سەلەفیانەی کوشتنم دەرچوو، ئەویش بە بیانووی هەندێ شت کە لە قەسیدەکانمدا هاتبوون. بەهەرحاڵ هەر لە مانگەکانی سەرەتاوە هەستمکرد بەدەستی خۆم، خۆم خستۆتە ناو قەفەزێکەوە، ئەو پانتاییەم لەدەست چوە کە وەکو شاعیرێک پێویستم پێیەتی، نیگەرانی و پەشۆکاوی خەریکبوون دەروونیان دەکرۆشتم، من تەنها وەزیرێک بووم کە بێ پاسەوان دەردەچوومە دەرەوە، کە هاوڕێیان و خۆشەویستان لەسەر ئەمە لۆمەیان دەکردم، لەبەرئەوەی بارودۆخی کوردستانی عێراق ناسروشتی بوو، من هەرگیز بۆ ئەوجۆرە ژیانە دروست نەببووم، لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا، بە مێزەکەوە نووسابووم، پاشی ئەوە هەستدەکەم ئەفرم و ئەگەڕێمەوە بۆ ئاسمانە شیعرییەکەم. لەگەڵ یەکەمین بەرکەوتنم لەگەڵ ئەقڵیەتی سیاسی سەلەفی کوردیدا، لە نێوان من و نێوان پشێلیکردنی دیموکراتیدا، لە کاتی داخستنی ڕۆژنامەیەکدا بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بە زەبری چەک، دەست لەکارکێشانەوەی خۆمم پێشکەشکرد. ئەمە ماوەیەک پێش هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی ئەم دواییەی نێوان گروپە ناکۆکە کوردیەکان بوو. لەو ماوەیەدا کە ماوەیەکی تا ڕادەیەک کەم بوو، واتە ماوەی وەزارەت، کاتێ کە شێرکۆی شاعیر لە بەردەم شێرکۆی وەزیردا دەوەستێ، زمانێکی هاوبەشی تێرو تەسەل بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵی نەدۆزیبۆوە، وەکو کەسی دووهەم نامۆ بێت و لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبێ. شیعریش لە ناوەوەمدا وەکو ئەوەی لە زەمهەریرێکدا بێت، دەهاتەوە یەک و کرژدەبوو، بەهەرحاڵ ئەزموونێ بوو، بەڵام هەرگیز دووبارەی ناکەمەوە.

■ **چەند کارێکی درێژی "داستانیت" هەیە وەکو "دەربەندی پەپولە" و "خاچ و مار و ڕۆژ ژمێری شاعیرێک" و چەند دانەیەکی کورت و چەندینی تری زۆر کورت. چۆن تێیان دەڕوانیت و کامیان لێتەوە نزیکترن؟**

□ هەموومان دەزانین شیعر جیهانێکی زۆر فراوانە، وەستان لە ویستگەیەکیدا تووشی بێزاریم دەکات، شیعر گەڕانی بەردەوامە بەدوای شتی تازەداو لە ڕێی ئاوێنەیەکی

جیاوازەوە، گەشتێکی درێژە بەنێو زماندا، لەبەرئەوە من هەوڵدەدەم شوێنە شیعرییەکان بدۆزمەوەو بەدوای شارگەلێکدا بگەڕێم کە پێشتر نەمبینیون، لانی کەم لە ئەزموونە شیعریەکەمدا. پێویستە ڕوانگەمان بگۆڕین، واتە لەسەر قەناعەتێك دانەسکنێن و ئەوە ڕەتبکەینەوە کە لە شوێنێکدا بمێنینەوە، ئەمەش لە ڕێی تاکە فۆرمێکی نێو جیهانی شیعری ئەنجام نادرێت، هەموو خولیایەك و هەموو حاڵەتێکی شیعری، شێوەو بابەتی خۆی هەیە، هەل ومەرج هەیە درێژ دەبێتەوەو درێژ دەبێتەوەو تینوێتیمان لێی ناشکێ، بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتەکەی تر، ڕەنگە لە چاوتروکاندنێکدا چاوی بکەین، شیعر وەڵامدانەوەی کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانە بەیەکەوە، ئەمەش لەسەر مەودای کاریگەری ئەوە لە سەرت ڕادەوەستێ، کورت یان درێژو قووڵ، شیعرە درێژو داستانییەکان قەسیدەگەلێکی فرەدەنگن، قەسیدەی کارەساتە گەورەکانە، قەسیدەی کۆڕاڵە بە کۆمەڵەکان و ڕەنگە قەسیدەی شادییە گەورەکانیش بن. ڕۆمانی شیعرین، حالات، هەڵوێستەکان، جیهانبینی و وێنەیەکی زۆرو بەیەکاچوو. قەسیدەی کورت هەیە بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو، وەکو چیرۆکی کورت بۆ نمونە. زناکەکان لە قەسیدەی درێژدا لق وچلی بێئەژماری هەیە. بەڵام لە قەسیدەی کورتدا دەتوانین بیانژمێرین کە لە نما (لەقتە) دەچن. من لە بارەی بەڵگەنەویستێکی زانراوەوە نادوێم کە دەڵێت جوانی و جدیەتی قەسیدە، بە کورتی و درێژییەکەی نییە، بەڵکو لە بارەی ئەزموونگەلێکی هەمەجۆری نێو ئەم جوانی وجودیەتەو لەنێو هەموو شێوە جیاوازەکانیدا، دەدوێم. من هەرگیز لافی ئەوە لێنادەم کە لە هەموو ئەو هەوڵانەدا شاعیرێکی سەرکەوتوو بم، بەڵام هەمیشە حەزم لە تاقیکردنەوەیە. ڕەنگە شیعری درێژو داستانی لەم چەرخەدا وەکو ڕابردوو نیستیجابەی نەبێت، بەڵام من لە نێو ڕووبارێکی درێژو درێژ لە ئازارو چەوسانەوەو خوێندا دەژیم، لەبەرئەوە ئەوەی دەینووسم ڕووبارێکی شیعری درێژە. هەموو قەسیدەکانیشم لێمەوە نزیکن، چونکە لە بنچینەوە لەخۆمەوە هاتوونەتەدەرێ و بەشێکن لە خۆم، بەڵام هەمیشەو لەکاتی چاو پیداخشاندنەوەی کۆتاییدا، زۆرتر ئەو قەسیدانەم پێ باشترن کە لە ڕووی هونەرییەوە، زۆرتر یەکگرتوون. ئاشکرایە هەموو قەسیدەکان، لەیەك ئاستی هونەریدا نین، هەروەك چۆن حاڵی جیهانبینیەکانمان لە ژیانماندا لەیەك ئاستدا نین.

■ چۆن دەڕوانیتە نەخشەی شیعری کوردی‌و، گرنگترین ناوو ڕێبازەکانی کامانەن، ئایا بەرهەمی ئەدیبە لاوەکان پێدەگات لە کاتێکدا تۆ لە تاراوگەی؟ چ شتێکیان سەرنجی ڕاکێشاویت؟

□ جارجارە بەرهەمی لاوە کوردەکان دەخوێنمەوە، مەبەستم لە ئەوەی هەشتاکان‌و نەوەدەکانە، ئێستا بزوتنەوەیەکی ئەدەبی نوێگەرو بەردەوام لە بەخششدا هەیەو ئەم نەخشەیە چەند دەنگێکی گرنگی تیایە، دەنگگەلێك کە تایبەتمەندی تایبەت‌و زمانێکی دەربڕینی تایبەتیان هەیە، چ لە ناوەوەی کوردستان‌و چ لە دەرەوەیدا، بۆ نمونە ئێستا لە دەرەوە گۆڤاری ڕەهەند دەردەچێت، کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی گرنگە، دەستەیەك لاوی داهێنەر دەریدەکەن‌و تیایدا دەنووسن، جا دەقی ئەدەبی بێت یان لیکۆڵینەوەی ئەدەبی‌و فیکری بێت. هەروەها ئێستا لە کوردستانی عێراق چەندان ڕۆژنامەو گۆڤاری هەمەجۆر دەردەچن، کە بەشێکی زۆریان تەرخانکراوە بۆ بەرهەمە ئەدەبییە لاوو نوێگەرەکان، بەڵام وایدادەنێم کە گۆڤاری ڕەهەند بەهێزترینیانە. وە لەم بوارە ڕۆشنبیری‌و فیکریەی کە لەم نەوەیەوە بەخشراون، کە نەوەی نەگبەتی، تێکشکان‌و جەنگ بوون، وزەو تواناگەلێکی ئەدەبی‌و شیعری گرنگ دەرکەوتن. هەروەها ئاماژەگەلێکی گرنگ لە ڕاپەڕینی نوێگەری ئەدەبیدا دەرکەوتن. ئەدیبەکانی ئەم دەستەبژێرە، دەقگەلێکی درەوشاوە پێشکەشدەکەن، لەپاش بزووتنەوەی نوێگەری سەرەتای هەفتاکان بە گرنگترین ئاماژەگەلی جیاواز دادەنرێن لە گۆڕەپانی ئەدەبی‌و فیکریشدا، کە لە جوینەوەی ڕابردوو دورکەوتنەوەو جیهانبینی خۆیان دروستکرد. لە نمونە گەشەکانی بەرهەمەکانیاندا بە بەردەوامی بزوتنەوەیەکی نوێگەری دەبینین. گرنگترین شتێ کە سەرنجی ڕاکێشاوم لە دوو خاڵی بنەڕەتیدا گیر دەخوات.

یەکەم: ئەوان لە ڕووی داهێنان‌و ڕۆشنبیری‌و تێڕوانینەوە لە ئێمە جیاوازن.

دوەم: ئەوان لە زیاتر لە بوارێکی ئیبداعی‌و فکری‌و ڕۆشنبیریدا دەنووسن، بۆ نمونە داهێنەر "بەختیار عەلی" شیعرو ڕۆمان‌و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی‌و فیکری‌و فەلسەفی دەنووسێت!. بەڵام جیلی ئێمە ئەو وزەو تواناییانەی نەبوو کە لە کەسێکدا کۆ ببێتەوە!

هەروەها ناوی داهێنەری ترمان هەیە وەکو چیرۆکنووس شێرزاد حەسەن‌و شاعیران دلاوەر قەرەداغی‌و محەمەد عومەر عوسمان‌و کچەشاعیر کەژاڵ ئەحمەدو ئەدیبان مەریوان وریا قانیع‌و ڕێبین ئەحمەد هەردی‌و هی تریش.

■ **چۆن دەڕوانیتە نەخشەی شیعری عەرەبی، بە تایبەتی نەخشەی شیعری عێراقی؟**

□ من ئاگاداری تەواوم لەو شتانە نیە کە ئێستا لە ناوەوەی عێراق دەنووسرێن، بەڵام بەپێی توانا موتابەعەی ئەوانە دەکەم کە لە دەرەوە بە عەرەبی دەردەچن. کە زۆر زۆرو هەمەچەشن‌و سەختە نەخشەیەکی ئاوا شارەزا بین، جا لەبەرئەوە ئەوەی کە دەیڵێم زیاتر لە ئینتیباعێکی گشتی دەچن، زۆربەی ئەو دەقە شیعرییانە وەکو دەیانبینم لە دەقی وەرگێڕاو دەچن! واتە خاڵین لە ڕۆحی شیعری عەرەبی. نووسینگەلێکن نوقمی تەجریدی لەفزیەو داخراو بە دەوری خۆیدا پێچی خواردوە، بە شێواوی لەدایکبوون "رەنگە بەهۆی زۆر بەکارهێنانی کەپسوڵی قەسیدەی ئەورووپییەوە بێت" نووسینێکن وشک‌و برینگن لە مانا‌و ڕوانین‌و ئاهەنگ، من گوماندەکەم تەنانەت نوخبەش بیان خوێنێتەوە. دەقگەلێن هەر لە یەکەم دێڕەوە تووشی بێزاریمان دەکەن. چی بۆ شیعر دەمێنێتەوە؟ نازانم.

■ **زۆر شیعری ناوخۆیی‌و عەرەبی‌و جیهانیت خوێندۆتەوە.. دەکرێت ئاماژە بەو ناوانە بکەیت کە زۆر بەدڵت بوون یان کاریان تێکردوویت؟**

□ جگە لەو نووسین‌و بڵاوکراوانەی کە بە زمانی عەرەبی بوون، ئاسایی زۆر نموونەی شیعری جیهانیشم خوێندۆتەوە بەڵام لە ڕێگەی وەسیطەوە "زمانی عەرەبی یان کوردی" ئەم وەسیتە دەبێتە مایەی ئەوەی کە زۆربەی گیانی شیعرەکە ون ببێت. زۆر ناوی گرنگ لەسەر ئەم نەخشەی داهێنانە لەم جیهانە فراوان‌و ڕەنگ گۆڕاوەدا هەیە. بەڵام هەندێک لە ناوەکان بۆ هەمیشە لەبیرما دەمێننەوە، کە بۆ قووڵی ڕەگەکان، کاریگەری، ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی، بۆ هەڵوێستە مرۆییە جوانەکانی دەگەڕێتەوە.. چەندان ناون کە لە گوێی جیهانیشدا ئەزرنگێنەوە.. پوشکین، مایکۆفسکی، بۆدلیر، نیرۆدا... من خۆشەویستیەکی زۆرم بۆ گارسیا لۆرکای ئیسپانی هەیە.. لە شیعری عەرەبیشدا: موتەنەبی. لە بزاوتی شیعری تازەشدا: بدر شاکر سیاب، صلاح عبدالصبور، ئێستاش: بەیاتی، مەحمود دەروێش،

ئەدۆنیس، سەعدی یوسف، هەروەها لە جیلی شەستەکانیشدا فازڵ عەزاوی‌و، فەوزی کەریم.. لە شاعیرە گرنگەکانی ئێستاش شاعیری فارسی ئەحمەد شاملۆ، هەروەها ئەو قەسیدە درێژەی شاعیری لاو (عدنان الصائغ- نشید اوروك)م بەدڵە کە من بە قەسیدەی کۆراڵ یان قەسیدەی کارەساتی بەکۆمەڵی ناودەبەم. ئەو قەسیدەیە قەسیدەی هەموومانە.

■ ئەو پێنج کتێبەی کە لەم دواییەدا خوێندوّتنەوە.

١-الوشیجة (رۆمان). هینری میلەر. وەرگێڕانی عەدنان حسێن.

٢-المریض الانگلیزی (رۆمان) - مایکل ئونداتجی. وەرگێڕانی ئوسامە ئەسبر.

٣-ما بعد ذهنیة التحریم- د. صادق جلال العظم.

٤-اسم الوردة (رۆمان)- ئەمبرتۆ ئیکۆ- وەرگێڕانی کامل عوید.

٥-خبر اختطاف (رۆمان)- گابرێل گارسیا مارکیز. وەرگێڕانی ساڵح علمانی.

سەرچاوە: گۆڤاری "الفینق"ی ئەردەنی، ئێمە لە ڕۆژنامەی "اتحاد"ەوە ژمارە "٣٤٣" ساڵی ١٩٩٩ وەرمانگرتوە.

□سا: خالید سلێمان

# فەرهەنگێك بۆ شیعر نییە

( ٢٠٠٠ )

*ترازیدیای کورد بەرئەنجامی ئەقڵیەتی تفەنگ و تۆڵەسەندنەوەو پارەی حەرامە
*رۆشنبیرانێک هەن راکە راکیانە لە بەردەم مافیاکاندا
*فەرهەنگێک بۆ شیعر نییە
*سیاسەتیش هەڵوێستە لە هەمبەر بوون و شیعرو هونەر

ئەوەی شیعری شێرکۆ بێکەس جیادەکاتەوە، ڕژانی بەردەوامی وشەو وێنەیە لە نێوەوەی قەسیدەداو بەیەک ئاست. زمان لای ئەو، سنووری خۆی دەبەزێنێ‌و لە توێی ئەندێشەیەکی ئەفسانەییدا دەنەخشێ، بۆ بنیاتنانی وێنەیەکی واقیعی تێی دەپەڕێنێ، کە دواتر ڕەهەندێکی حەکایەتئامێزی دەداتێ‌و بینراوو نەبینراوەکان لە قەسیدەدا تێکەڵدەکات. شاعیر بەمە زمانی تێکناشکێنێ، ئەوەندەی شێوازەکانی بەکارهێنانی تێکدەشکێنێت، بە مەبەستی بەراوردکردنی بۆچوونە رۆژانەیی‌و هەروەها نارۆژانەییەکانیش، چونکە قەسیدە لە بارێکی وادا، بەڵگەهێنانەوەیە بۆ زمان و بۆ مێشك، زمانێکی چڕاو، کە چەمککەلێکی داستان و لیریکی دزە دەکەنە ناویەوەو، یادەوەریش تێکشێواوە لە نێوان دۆڕانەکان و شەڕە کۆن و تازەکاندا. بەڵام لە غەم و ماتەمدا یەکدەگرنەوە، هەروەها لە گۆرانی‌و خەونە پەمەییەکانیشدا.

"بێکەس" هەوڵدەدات لەسەر رووی ئەم نەخشەیەی لەسەر یادەوەری کوردو هەستیاریە زۆر تایبەتییەکەی، لە بەردەوامیەکی گۆرانی ئامێز لەگەڵ خود، هەوڵدەدات وێنەی ئەم یادەوەری‌و هەستیاریە بکێشێ یان ڕاستتر بڵێین وێنەی بگرێ. قەسیدەی درێژ کەسایەتی، چیرۆك ، ناکۆکی،

سەرەتا، کاکڵەو کۆتایی لەخۆ دەگرێت، تا لە ڕەگەزی ڕۆمان نزیکدەبێتەوە. وێنە لە قەسیدەی ئاوادا وەکو ڕووبار دەڕژێو ڕێدەکاتو ناوەستێ، ئەگەر شاعیر بڕیار نەدات کۆتایی بە نووسینەکەی بێنێت، کە دەشێت لێرەدا ئاهەنگی وێنەو زرنگانەوەی وشە لە قەسیدەی شێرکۆدا لە خوڕەی ئاوی ڕووبارێکی بەخوڕ بچێ، زمان چ لە قەسیدە کورتەکانیدا، چ لە درێژەکانیدا، بریتیە لە لیریکیەتی وێنەیەکی وێناکراوو کەوی نەکراوو سرك. ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیانە بێ قەسیدەکانی "بێکەس" فراوانترین ڕووبەر لای گوێگر داگیردەکات. بۆیە قەسیدەکانی لەبەردەکرێنو دەکرێنە گۆرانیو لێی دەکۆڵرێتەوەو ڕەخنەی لێدەگیرێو سەرباری زمانی عەرەبیو فارسی، بۆ زمانە ئەوروپیەکانی وەکو ئینگلیزیو فەرەنسیو سویدیو.. هتد وەردەگێڕرێن.

ئەم وتووێژە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەزموونی شیعری ئەوو نوێخوازی شیعری لە کوردستانی عێراقدا، سەرباری ڕۆشنکردنەوەی بۆچوونەکانی لەمەڕ باری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی ئێستای کوردستانو بیرکردنەوەی دەسەڵاتو سیاسەتی کوردی لەوێ.

■ **با سەرەتای وتووێژەکەمان لە بارەی خەیاڵگەی کوردی پێش شیعرەوە بێت، پێتوانییە ئەم خەیاڵگەیە کە لە هەستیارییەکی میللی بۆ ناردن و وەرگرتن پێکدێت، ڕووبەرێکی فراوانی لە شیعری کوردیدا هەیە.**

□ خەیاڵگەی کوردیو غەیری کوردیش لەنێو زماندا دەجووڵێت، بەبێ زمان، خەیاڵگە نیمچە ئیفلیج یان بە تەواوی ئیفلیج دەبێ، هەرچەندە ڕووبەری خەیاڵگە لەنێو هەر زمان یان ئەدەبێکدا، لە جیهاندا کەم نییە. خەیاڵگە بە مانای مێژوو یان خودێکی کەڵەکەبوو، چ وەك برو چەندێتی یا چەشن و جۆرەوە لە ڕێی سەردەمو قۆناغە گۆڕاوەکانی، بەڵام هەستیاری میللیش لە ڕێی ئەزموونو بیروڕا چەسپیوەکانی نێو هەر گەلێکەوە پێکدێت.

شیعری کوردی، لە بناغەوە لە زاینگای ئەفسانەو گۆرانییە میللییەکانەوە لەدایکبووە. بە دەربڕینێکی‌تر ئەستێرەی یەکەم بوو کە ڕێگەی خۆی کردەوە، تێکەڵێکە لە هەستگەڵو چەند کەسێکی بەجێماوو ڕوونو ڕۆشنی زمانەوانیانە. من شیعری کوردی دەبینم وەك چۆن گوڵە کێویلە دەبینم کە لەنێو بەرداشی زەمەندا گەشەیکرد کە ڕەگ‌وڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گاتاکانی زەردەشت و پێش هەزاران ساڵ بە شێوەی شیعر هۆنراونەتەوە. کە شیعرێکی کێوین، گەر دەربڕینەکە دروست بێت، هێزی خۆی لە زەوی، خەڵك، ژیانی بە کۆمەڵەوە بەدەست دەهێنێ. هیچ شیعرێکی مەزنیش لە جیهاندا لەو شتە خاڵی نییە کە بە "جەماوەری" ناوی دەبەین. جەماوەریەتی شیعر، بە واتا دەستگرتن بە کرۆکی خۆشەویستیو موعاناتەوە، لە ڕێی ئاوێتەبوونو بەردەوامی لە نێوان نێرەرو وەرگردا، بەبێ پردێ –واتە بەردەوامی– شیعر بوونی نییە.

یەکەمین کاری گەورەی شیعری لە زمانی کوردیدا، لە چەرخی شازدە "داستانی مەمو زینی ئەحمەدی خانی" لە ڕێی ئەم هەستیارییە جەماوەرییەوە دەرکەوت، دەست پێکەکەی لە سەرەتای یەکەم ڕۆژی بەهارەوە بوو، واتە لە جەژنی نەورۆزدا، جەژنی گوڵو ئاگر، جەژن شوێنی چەسپیوی خۆی لە دڵی کورددا هەیە، شیعرێکی لە دڵێکەوە هەڵقوڵاوەو دەڕژێتە دڵەوە. لێرەوە دەتوانرێت بوترێت کە داستانەکان بەم شێوەو بەو شکڵ، دەربڕی لە

موعاناتەکانی هەموان دەکات، هەر لە خودی شاعیری خەیاڵکەرەوە، رەنگە جیاوازیەك لە نێوان ئەو رووبەرە ئەندێشەکراوانەی بیرەوەری میللی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر هەبێ، بەڵام مەسەلەی کەلەپور وەکو گرنگترین لایەن، لە لایەنە چەسپاوەکانی شیعر، لەهەر پارچەیەکی ئەم جیهانەدا دەمێنێتەوە. خۆ گەر شیعر باڵی هەبوایە، ئەوا گرنگترین باڵی ئەو خەیاڵبازە شیعرییەیە کە بە بێ ئەو، هەڵفرین نییە.

■ شێرکۆ بێکەس، سەرباری ئەم خەیاڵگەیە، لە ژینگەیەکی شیعرییەوە دەرپەڕیوە، کە سیاسەتیش خۆی تیا هەڵقورتاندوە، شیعرو خۆشەویستیو نیشتمان. ئەمە لەسەر ئاستی شیعری بێکەسی باوکو لێرەدا چەندین ئاستیتر لە دەرەوەی ئەم ژینگەیە هەیەو پەیوەستە بە شیعری کوردی کۆنو تازەوە. ئەی لە پەیوەندی بە مێژووی شیعرو پەیوەندی بە قەسیدەکانی شێرکۆوە؟

□ بەهرەکانمان لە گەردەلولگەلێکی مێژوویی توندو تیژدا لەدایکبوون. ئەو ئارامیو دڵنیاییە بەسەرچوو کە لە دڵۆپێك دەچوو پێش من گەردەلول لێی هەڵنەکردبێ لەو سەرەتایانەوە هاتینە نێو قوڵایی ئەشکەنجە تاڵەکانو خەونەکانمان خەڵتانی خوێن بوون، کە شەڕو پێکدادان، کوشتنی بە کۆمەڵ، بەرگری، دەنگی تانکەکانو بۆردومانی تۆپەکان هەبوون. رۆژانە مردنمان دەبینی، وەکو ئەوەی کە شتێك بێتو هەر دەبێت لە ناوماندا هەبێت. دووکەڵ بەسەر وشەدا زاڵبوو، چاوەکانی بەهرەش کە بۆ یەکەمجار پشکووت، جیهانی ترسو چاوەڕوانی بینی، دڵەڕاوکێ یەکەمین پلەی ئەو پەیژەیەبوو کە لێیەوە بەرەو شیعر سەرکەوتمو یەکەمین پرسیارێ بوو لە رێگەیەکی خۆڵەمێشی بێکۆتاییدا. قوربانیش جگەلەوەی قەسیدەکەی بە خوێنی خۆی بنووسێتەوە چی بکات، بەم شێوەیە بووین، نیشتمان لانکی یەکەمی نامۆیی بوو،ماڵیش جووڵانەوەیەك بوو کە هەمیشە لە پەنایەکدا چەسپێنرابوو. رۆژێ لە رۆژان هەستمان نەکردوە شتێکمان هەیە، نە لە خۆمانو نە لە خاکەکەمان. بەمە

وشەکان هاتن، لە توێی ژانێکی هەمیشەیی بۆ ژیانێکی سخناخ بە مەترسیو غەمو ئاوابوونی هەمیشەییدا هاتن، چۆن لە سیاسەت دوور بکەومەوە کاتێ یەکەمین هەواڵم لە ژیانمدا بیر دەکەوێتەوە، تەمەنم ٧ ساڵان بوو، هەواڵەکەش لەسێدارەدانی چوار ئەفسەری نیشتمانپەروەری کوردبوو لە بەغدا. کەواتە ئێمە سیاسەتمان هەڵنەبژاردوە تا هەمیشە لەنزیکمانەوە بێت. بەڵکو سیاسەت بە تۆپزیو بەبێ ویستی خۆمان ژیانی داگیرکردووین، چونکە کاتێ مردن هێرشدەکاتە سەرت ئەوا ژیانت بەیەکەم شت کە رێکەوتی دەستت بکات، بەرگری لە خۆی دەکات. هەر شاعیرێکیش کە لە ئاست ئەو زوڵمو ستەمەی لە نیشتمانەکەی یان لە جیهاندا دەیبینێ بێدەنگ دەبێ ئەوا یەکەم خیانەت لە وشەکانیو لە ویژدانی دەکات، ئینجا لە ژیانیش، لەبەرئەوە منیش ئەوەم هەڵبژاردوە کە هەمیشە لەتەك قوربانیدا بمو دژی بێدەنگی ڕاوەستم، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بارودۆخەکە، بەڵام بەبێ سازشکردن لەسەر شیعریەتی دەقەکەش.

کەلەپوری شیعری کوردی بوو پارمەتیدام بە سەرچاوە پاکو ڕەسەنەکانی زمان چ کۆنەکانو چ تازەکان، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا نالیو عەبدوڵڵا گۆران و ئەحمەد هەردی، ناشنابم. ئەوە، رەنگی درەختێ بوو کە ئەگەر بارانو ڕووناکی جیهانی داهێنەرانەی زمانی عەرەبی، کە رێگەی ئاسینی ئەدەبیاتی عەرەبیو جیهانیان بۆ کردمەوە نەبوونایە، نە گەورە دەبوو، نە گەشەیدەکرد، چونکە پەنجەرەی یەکەم بەبێ پەنجەرەکانی تر، بەس نەبوون – زمانی عەرەبی– کە بە هەموو ئاستەکاندا روانینی فراوانکردمەوە. وە هەریەك لە جوبرانو سەیابو عەبدولسەبورو ئەدۆنیسو هەروەها شاعیرانی بەرگری فەلەستینی کاریگەرییان بوە. ئەمە نمونەگەلێکن کە بە مەبەستی بەردەوامی لەگەڵیان، دەبێت باسیان بکەینو بۆ ئەوەی لە هیچ شوێنێ لە داهێنان دانەبڕێین. ئەم بەردەوامیە فێری کردم کە هەقیقەتو جوانی بە تەنها لە زمانێکدا نییە، بەبێ زمانەکانیتر. سەرباری ئەوەی کە هەر تەنیا من قوربانی نیم، بەڵام ئەو شتەی کە هەمیشە ئازارم دەدات ئەوەیە کە هەندێ قوربانی دەبینم قوربانیانی میللەتانی تر لەبیر دەکەن!

شیعرێك نییە بێ منداڵی و بێ گەردی منداڵی و حەپەسانە ئەفسوناوییەکانی، لەبەرئەوە من دڵی منداڵیم لە جیهانی شیعریمدا هەڵگرتوە. زۆرجار دەگەڕێمەوە بۆ ئەو خەونە ڕەنگاوڕەنگانەو تەمەنی شیعری خۆم بەهۆی منالیەوە درێژ دەکەمەوە، بەڵام پیریتی شیعر، ئەوکاتە دەستپێدەکات کە لە ناوماندا منداڵی کۆتایی دێت.

## نوێگەری کوردی

■ لەمەڕ بزاوتی شیعری نوێی کوردیەوە چی دەڵێن. ئایا بزوتنەوەیەکی ناوخۆییەو ناوەرۆکێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە، یا لە شیعری عەرەبی و جیهانییەوە وەرگیراوە؟

□ شیعری وەرگیراو لە ویژدانی کەسانی تردا ناژیو دەمرێت هیچ شتێکی وا لە دوای خۆیەوە جێناهێڵێت، کە باسکرێت. شیعر دڵی زمانە، زمانیش ناهێنرێت و وەرناگیرێت، دڵی دەستکردیش پشتی پێنابەسترێت. بۆ ژیان و بەردەوامی بزوتنەوەی شیعری کوردیش، وەکو هەر بزوتنەوەیەکی شیعری لە جیهاندا، بەرئەنجامی نوێگەرییەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و گۆڕانکاری مێژوویی و پرۆسەی کاریگەری وەرگرتن و کاریگەری دانانە، ئایا بزوتنەوەی نوێگەری شیعری عەرەبی بۆ نمونە لە شیعری ئینگلیزی و جیهانییەوە هاتوە؟! یەکەمین تازەگەری لە شیعری کوردیدا بە دیاریکراوی لە ئاکامی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووهەمەوە هاتوە، لەبەرئەوەی زمانی کوردی لەو ماوەیەدا بوژانەوەیەکی گرنگی لەسەر ئاستی شیعری و رۆشنبیری لە کوردستانی عێراقدا بەخۆوە بینی و گۆڤارە رۆشنبیری و لێکۆڵینەوەییەکان کوردی بوون. ئەمە جگە لە رابوونی هەستی نەتەوەیی و ئاگاداری لە نوێگەری رۆشنبیری جیهانی لە ڕێی پێشەنگانی بەرایی وەك *شێخ نوری شێخ ساڵح و عەبدوڵڵا گۆران و ئیبراهیم ئەحمەد*و ...هتد. پاشانیش جیهان لە قۆناغێکی نوێدا بوو، بزوتنەوە نیشتمانییە تازە لەدایکبوەکانی کوردیش لە سەرەتای ڕابوونیاندا بوون، هەڵقوڵانی زانیاریەکان خێرابوو -بە تایبەتی لە ڕێی تورکیاوە کە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو نزیکدا بوو لەگەڵ بزوتنەوە نوێگەرییەکانی ئەوروپا کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەم پێشەنگانە هەبوو- و بزوتنەوەی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی

جیهانی دەستپێکرد، وێڕای دەرکەوتنی یەکەمین بزوتنەوەی رەخنەیی و کوردی لەسەر دەستی شاعیرو رۆشنبیری گەورە *شێخ نوری شێخ سالح*.

بە کورتی، ئاڵوگۆڕە ناوخۆیی و جیهانییەکان رێگەیان لە بەردەم لەدایکبوونی شیعری تازەی کوردیدا خۆشکرد. بۆ نموونە *عەبدوڵلا گۆران* لەو ماوەیەدا شیعری رۆمانسی ئینگلیزی دەخوێندەوەو راستەوخۆ شیعرەکانی کیتس و ئەوانی تری وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی، زۆرێك لەو پێشەنگانە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکییان زانیوە، هەندێکیان زمانی ئینگلیزیشیان زانیوە.

نوێگەری لە شیعردا بەبێ نوێگەری لە بیردا نییەو نابێت، چ لە شیعری عەرەبی یا کوردی بێت یان هەر زمانێکی تردا بێت. زمانێکی کوتکراو ناتوانی شیعرێ بەرهەم بهێنێ کە بفرێت، وەك شێوە زاری کرمانجی ژووروو (باکوری کوردستان) کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی بەردەوامی گەل کوردو زمانی کوردی، هیچ بزوتنەوەیەکی شیعری نوێ لەوێ سەری هەڵنەدا، کە پێچەوانەی ئەمە لە کوردستانی عێراق دەبینین کە بەهۆی ئەو ئازادیە رێژەییەی بە درێژایی ماوە مێژووییە جیاوازەکان هەبوون، ئەو ئاڵوگۆڕە گرنگە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییانەی بەخۆوە دیوە. بۆ نموونە من خوێندنی سەرەتاییم لە شارەکەم سلێمانی لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٤٧-١٩٥٣) بە زمانی کوردی تەواوکردو زمانی عەرەبیش جگە لە وانەیەك لە توێی مەنهەجی خوێندندا زیاتر نەبوو لەو کاتەدا. واتە لە قۆناغە گرنگەکانی دروستبوونمدا نە لە ماڵەوەو نە لە قوتابخانە لە زمانی کوردی دانەبڕاوم.

■ لەمەڕ نوێگەری و نوێخوازی لە شیعری کوردیدا دوو بۆچوون هەیە. یەکەمیان تەرکیز لە رۆڵی عەبدوڵلا گۆران لە چاندنی یەکەمین تۆوی نوێگەری شیعری دەکاتەوە. بەڵام دووەمیان تەرکیز لە رۆڵی بزوتنەوەی "ڕوانگە" دەکاتەوە کە تۆ خۆت لە سەرەوەی دامەزرێنەرانی بوویت؟

□ بێگومان وەك باستکرد نوێخوازی سەرەتا لە شیعری کوردیدا، ناوکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ داهێنەرانی بەرایی، وەکو *عەبدوڵلا گۆران و شێخ نوری شێخ سالح*، لە پەخشانیشدا بۆ *ئیبراهیم ئەحمەد*، *عەلادین سجادی*، *شاکر فەتاح*، *رەشید نەجیب* و

ئەوانی تر. بەڵام نوێگەری سنووری بۆ نییە، ئەوەش لەبەرئەوەی کە یەک زمانەو یەک ماڵە بۆ داهێنانو وەکو خودی ژیان وایەو لە نوێکردنەوەی بەردەوامدایە، ئەمە سەرباری جیاوازی بەخششی داهێنەرێك لەگەڵ یەکێکی دیدا. من پێموایە هەر قۆناغێکی ئەدەبی لە ڕێی ڕۆشنبیری جیلێکی تەواوەوە پێکدێت، واتە لەسەر دەستی هەموو ئەو داهێنەرانەی کە لە نوێکردنەوەکەدا بەشداریدەکەن. ناوێنەکان هەموویان هەقیقەتی قۆناغێك پەرچدەکەنەوە. بۆ نمونە زمانی *پیرەمێرد* بوو ڕێگەی بۆ زمانی *عەبدوڵلا گۆران* کردەوە کە لەیەك کاتدا بەردەوام دەبێتو تێی دەپەڕێنێ. هەروەك کاریگەری قوتابخانەی ئەپۆلۆو شاعیرانی مەهجەری شیعری عەرەبی، لە سەیاب کە سەرەتای ڕێگەیەك بوو بۆ نوێکردنەوەیەکی تر.

من لێرەدا لە بارەی فۆرمی شیعریەوە قسە ناکەم، کە کێ یەکەم کەس بوو بەیتی شیعری لە حەرەکەی تەفعیلدا دابەش کردوو.. هتد، بەڵکو لە بارەی جیهانبینییەکی نوێگەرانەوە دەدوێم کە جەوهەرەو گرنگترە. چون بەبێ ئەم جیهانبینییە تەنانەت فۆرمی تازەش بوونی نابێت. بەهەرحاڵ گۆرانو هاوڕێکانی سەرەتای پردی یەکەم نوێخوازی شیعری کوردییان دامەزراند، بەڵام ئەم پردەو هەموو پردێکی تریش بەبێ ئەوسەرەکەیترو پاڵپشتی گرنگیتر لە کردەی بنیاتنانیدا بەردەوامنابێت.

بەمشێوەیە، ئێمە لەگەڵ خۆمان جیهانبینییەکی ترمان هێنا، جیهانبینی سەردەمی ئێمە، ڕۆشنبیری ئێمەو قۆناغی کۆمەڵایەتی تازەمان، زۆر جیاوازە لە قۆناغی گۆران. بزوتنەوەی ڕوانگەی ئەدەبی کوردی بە دوای پرۆسێسی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریە گرنگانەی ناوچەکەو جیهان، لەدایکبوونەکەی لە کۆتاییساڵانی شەستەکاندا کە جیهان تیایدا وەکو پیاوێکی زەبەلاح بوو "بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیەکانی جیهان - شۆڕشی ئەیلولی کوردی -ڕاپەڕینی خوێندکاران لە فەرەنسا- شۆڕشەکانی ئەفریقای لاتینیو کیشوەری ئەفریقاو.. هتد" باڵی بەسەردا کێشابوو. ڕوانگە جووڵانەوەیەك بوو بۆ گۆڕینی زمانی تەقلیدیانەی دەربڕین، چ لە شیعردا یان لە چیرۆکی کوردیدا، جوڵانەوەیەك دژی وەڕسیو بێزاریو ئەو چوارچێوەیەی کە چیدی لەگەڵ قۆناغی نوێدا نەدەگونجا. بە دەربڕینێکی تر

ڕوانگە وەکو هاوارێك وابوو کە لەکەش و هەوای پۆنگخواردووی کوردیداو لەژێر کاریگەری بزوتنەوە تازەکانی ئەدەبی عەرەبی و هەروەها گالێری ٦٨ لە میسر، گۆڤاری ٦٩ی شیعری لە عێراق. شاعیرانی بەرگری فەلەستین، گۆڤاری "شیعر" -داهێنەر گەلێکی تریش هەبوون کە لە چالاککردنی ئەم بزوتنەوە تازەیەدا لەلای خۆیانەوە بەشدارییانکرد، بێنەوەی دابخرێن بۆ ژێر ڕەشماڵی ڕوانگە. وەك نمونە هەریەك لە ئەدیبان *لەتیف حامدو لەتیف هەڵمەت* دەهێنمەوە. من نامەوێت ڕۆڵی ڕوانگە قەبەو زل بکەم، بەڵام ئێمە بەمشێوەو بەوشێوە لەم بزوتنەوە نوێگەرییەدا بەشداریمانکرد. ئەویش بەفرێدانی یەکەم پرسیاری گرنگ لەمەڕ نوێگەری شیعری و ئەدەبی پاش گۆران.

## شیعری یادەوەری

■ **قەسیدەکەت ئینتیمای هەیە بۆ یەکەمین وێنەی ژیانی کورد، بە واتایەکی تر یادەوەری میللی کورد، بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، لە دەقە شیعریەکانتدا دێن و دەچن. ئایا لەو باوەڕەدا نیت ئەم یادەوەریانە یاری دابێتی بۆ نووسینی قەسیدەی درێژ کە زۆر لە ڕەگەزی ڕۆمان نزیکدەبێتەوە. ئەمەو بیرمان نەچێت کە سیاسەتیش پانتایەکی بەرینیان لە جیهانی شیعری ئێوەدا داگیرکردوە؟**

□ من لە ڕێی ئەو یادەوەریە مێژووییەوە هەناسەی شیعر هەڵدەمژم، کە لە ڕێیەوە لە کرۆکی کارەساتە مرۆییەکانی تراژیدیای کوردی، بە درێژایی چەرخەکان نزیکدەبمەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتنی بەرایی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریم. من خۆم بە دەرهێنەری شیعری ئەو دیمەنە گرنگانەی پێچخواردوەکانی ژیان دەزانم، بۆئەوەی فیلمێکی شیعری درێژ کە لە یادەوەری بە کۆمەڵدا بچەسپێت بەرهەم بێنم، بەڵام بێئەوەی ڕۆڵی هونەریانەی شیعر لەبیر بکەم.

بەڵێ من لە یادەوەریدا کاردەکەم، بێ یادەوەری نە ئێستاو نە ئاییندە دروستنابن، ئەمەش بەو مانایە نییە کە من تەنها لە ڕابردوودا بژیم. بەڵام یادەوەری ئەنبارێکی کلتووریەو ئەوە

لەخۆدا حەشاردەدا کە لە ئێستادا هەیە. شیعر لەیەک کاتدا ژیانی منو خەڵکەکەی تریشە، خوێنەرانیشم ئەوانەن کە چاوەدێری یادەوەریم دەکەن. من وایدەبینم کە گرنگترین کارە ئەدەبییەکانی جیهان، بەرهەمی یادەوەریە. گێڕانەوەی ڕۆمان لە ئێستادا بۆ نمونە، جۆرە یادەوەرییەکە لەیەک کاتدا لەلایەن چەندان دەنگەوە دەگێڕرێتەوە کە ڕەنگە یەک ڕووداو بێتو لە ڕوانگەیەکی شێواز جیاوازیشەوە دەگێڕرێتەوە.

یادەوەری ئەو ڕەگەیە کە پاڵپشتی ئێستا دەکات، درەختی شیعری لێرە، لەو رووبەرە زمانەوانیانەی کە کاری تیا دەکەم، ئاوی ژیانو بەردەوامیم پێدەبەخشێت، گەر دەربڕینەکە ڕاست بێت، دەقە شیعریەکانم هەر تەنها ململانێکان پەرچناکاتەوە، بەڵکو لەو ململانێیەی نێرەدا کە لەمەڕ ژیانو مردنە، بەشداریدەکات. جیهانی شیعریش وەکو دەزانن زۆر فراوانو قووڵە کە ڕووبارگەلێکی هەمەجۆری تێدەڕژێ. لە قۆناغە جۆر بەجۆرەکاندا چەند جۆرێکی هەمەچەشنم نووسیوە، لە قەسیدەی کورتەوە بۆ قەسیدەی درێژو بۆ جۆرە داستانێکی شیعری بەتایبەتی لەم دە ساڵەی دواییدا. واتە لە نووسینی "دەربەندی پەپولە"وە بۆ "بۆننامە"، بەڵێ، یادەوەرییە میللیو ئەفسانەییەکانی کورد، بەخۆشیو ناخۆشیەکانییەوە، بەنێو ئەو دەقانەدا دێنو دەچن، ژیان خۆیشی ڕێک ئەوەیە.

ئەو دەقانە بەهۆی باڵە شیعریەکانەوە لە ڕەگەزی ڕۆمان نزیکدەبنەوە. دەستمکردە نووسینی ئەم دەقانە چونکە وایدەبینم کە ئەو یادەوەریانە فۆرمو شێوە سنوردارو تەسکەکان نایانگرنە خۆیان، لەبەرئەوەی قەبارەی تراژیدیاکانمانو فەخامەتی ڕووداوە خوێناویو ترسناکەکان ڕووبەرێکی مەزنی ئەم یادەوەرییە داگیر دەکەن. ئەمە هەوڵێکە - ئەزموونێکە- بۆ تەقاندنەوەی زمان بە ئاراستەگەلێکی هەمەچەشندا لە نێو دەقێکی شیعریدا، بەڵام هەموو سەرچاوەکان لەو یادەوەریەوە هەڵدەقوڵێن. ئەمەوێت بڵێم شیعر "لەو نمونە زۆرو بڵاوکراوانەیدا" لەم ڕۆژانەماندا بەهۆی ئەو بەسەر خۆدا داخرانو ناڕۆشنییە گەشەپێدراوو مەجازیەتە توندڕەوو یاری بەوشە کردن و درێژکردنەوەی ماوەی نێوان شیعرو نێوان خوێنەرو ملهوڕی لۆژیکی ئەقڵی تیایدا "زۆرجار دەقی مەعریفی دەخوێنینەوە

نەک دەقی شیعری" بەهۆی هەموو ئەمانەوە کاریگەری شیعر لە ژیانماندا بۆتە شتێکی پەراوێزو ئەو مەکانەیەی کە پێشتر لە دڵی هەمواندا هەیبوو، نایمێنێ. هۆکاری سەرەکیش وەکو من بۆی دەچم دەگەڕێتەوە بۆ داخرانی زمان بەسەر خۆیدا.

بەمشێوەیە شیعر لەسەر دەستی ئەو کەسانە دەبێتە شتێکی بەتاڵ و نە ژیانی تیا دەمێنێ و نە وزەی بەردەوامی، لەبەرئەوە ئەم هەوڵانەی دواییم بۆ نووسینی قەسیدەی درێژ کە نزیکدەبێتەوە لە ڕەگەزی ڕۆمان (بە گێڕانەوەی مەجازی) هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە یا بە دەربڕینێکی دی هەوڵێکە کە بەهایەک بۆ شیعر دەگێڕێتەوە پێشتر شیعر هەیبوە، تاوەکو شیعر نەکەوێتە پانتاییەکی بێ خوێنەرەوە. پاشان بۆ پاراستنی خۆشەویستی خەڵکی و بۆ وشەی جوان و ئەو قەسیدانەی لە دڵەوە دێن و بۆ دڵن.

سیاسەت لە قەسیدەکانمدا زۆنگێک نییە لێی وەڕس ببیت، یان لولەیەک بێت بۆ تەقاندنی دروشم و هوتاف، یان هوتافگەلێک بێت دەنگ بنووسێنێ. لێرە سیاسەت وەکو لە ژیانماندا واقعێکە، یان وەکو لە خەونەکانماندایە، هەڵوێستێکە لە بوون و لە شیعریەت، کێ لە ئێمە لە سیاسەتدا نانووسێت؟! ئەمە ئەو قەدەرە شیعریەشمانە، وەکو من باوەڕم پێیەتی و دەیبینم شورەییش نییە. گرنگ ئەوەیە قەسیدەکە لە ڕووی هونەرییەوە درەوشاوە بێت، بە سەرفی نەزەر لە بابەت و لەناوەڕۆکەکەی، بۆ نمونە ڕەنگە خراپترین شیعر لە تەسەوفدا نووسرابێت ئەوکاتەی مێژووی شیعری عەرەبی دەخوێنینەوە. قەسیدە بەو ماتریاڵە ناپێورێ کە تیایدا بەکارهاتووە، بەڵکو بە چۆنییەتی ئەو بەکارهێنانەو بە زناکەکانی و بە توانای شیعری و حەپەسان و ئامادەییە ئەفسوناویەکەی و بە قووڵی واتاکانی. ئەم "ترس"ە لە سیاسەت لەلای (هەندێ) لە شاعیران و ڕەخنەگران، ڕەنگە لە ترسی خاوەنەکانیان لە دەربڕینی هەڵوێستێکی توند لە ڕێی وشەیەکی ئازاو لە هەڵوێستگەلێکی قورسەوە هاتبێ. ئەوانە پێویستیان بە رووپۆشێکە خۆیانی پێ داپۆشن و لە هەرێمی ترس لە ژیاندا خۆیان دوور بگرن! شیعر هەموو شتێ لەخۆ دەگرێت، نە وشەیەکی ناشیعری هەیەو نە بابەتێکی ناشیعریش، چۆنییەتی بەکارهێنانەکەیە -هونەریانە- پێماندەڵێت، قەسیدەکە جوانە یان نەء! قورسترین قەسیدەش ئەو قەسیدەیەیە کە شاعیر لەسەر شتێ دەینوسێت کە لە دەرەوەی خۆیدایە!

## دابەشبوون

■ **بە دوور لە شیعر.. ئەگەر بگوازینەوە بۆ سەر باروودۆخی رۆشنبیری کوردی ئێستاو ئەو دابەشبوونە نێوخۆیی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەی کە سیاسەت و دەسەڵات لە کوردستان سەپاندوویانە، بێکەس چی دەڵێت؟**

□ واقعێکی ئازاراوییە، رەوشی رۆشنبیری کوردیمان لە حاڵی حازردا، مەبەستم کوردستانی عێراقە، لە کەشتییەك دەچێت کە لە نێوەڕاستیەوە بڕابێتەوە، وەکو ئەوەی دوو کەشتی بن، کە سەلامەتی تیایاندا بۆ ماوەیەکی درێژ بە هیچ جۆرێ مسۆگەر نییە! چۆن دەتوانین پشت بە کەشتییەکی لەتوپەتبوو ببەستین، تا بمانگەیەنێتە کەناری دڵنیایی! ئەو رەوشە لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریش ئەقڵیەتێکی سیاسی خوڵقاندوویەتی کە دان بە کەسانی تردا نانێت تەنها بەشێوەی پەراوێزو شوێنکەوتوویی خۆی نەبێت کە ئەویش ئەقڵیەتی رابردوو تاسەر رابەربوونە کە پێیوایە دەبێت لە سەرەوەی هەرەمی سیاسی کوردستان بێت با رەوش و گۆڕانکاریەکان بەهەر شێوەیەك بن. مانەوەی ئەم ئەقڵیەتەش پشتدەبەستێ بە دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و لاوازیی هۆشیاری سیاسی لای زۆربەی گەلی کورد. ئەگەرنا، ئەی چۆن تەفسیری ئەو شتە سەیرە بکەین کە قوربانی، داوای رزگاربوون لە میرغەزەبەکەی بکات؟! هەروەها دەستی هاوکاری بۆ درندەترین دوژمن لە مێژووی کۆن و نوێدا درێژبکات؟! ململانێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بنچینەی دروستبوونی ئەم دابەشبوونە ترسناکانەیە. "دوو وەزارەت بۆ رۆشنبیری لە دوو شاری کوردیدا، دوو وەزیر بۆ کاروباری رۆشنبیری کوردی و بەم شێوەیە" ئەم دوو بەرەکییە بەرئەنجامی شەڕی ناوخۆیی کوردکوژیە، پڕ مەترسیترین شتیش لەم دۆخەی ئێستادا ئەوەیە کار بۆ چەسپین و جێگیربوونی ئەم دووبەرەکیە بکرێت، وەکو ئەوەی مەسەلەیەکی سروشتی بێت. هێزو بەرژەوەندیە ئیمپریالیەکانی خۆرئاوا کوردستانیان بەشکردو بە پێی بەرژەوەندیەکان، سنووری بۆ کێشا، ئەمڕۆش لە بەشێکی نیشتمانەکەماندا و لەنێو یەك ماڵداو لە پاش

ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی گەلدا کە زۆربەی خاکەکەمانی ڕزگارکرد، ئەقڵیەتی دواکەوتووی کوردی هەڵدەستێ بە دروستکردنی سنوورێکی تری وەهمیو، بە بیانووگەلێکی بێبناغە لەسەر مانەوەو چەسپینی پێدادەگرێ، ئەم دۆخی دووبەرەکیە جگە لە دوژمنەکانی گەلی کورد کەسی تر سوودی لێ نابینێ..

**■ ئەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر، ئایا تەنها نووسینی دەقە، یان بەشداریکردنە لە دروستکردنی بڕیارو دانانی سنورێکە بۆ ئەم تراژیدیایەی کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوەو خۆی بەرهەمدێنێتەوە، چ لەسەر ئاستی ناوەوەو چ لەسەر ئاستی دەرەوە. ئایا ئیمکانییەتی ڕۆڵێکی وەها ئۆرگانیکی بۆ ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە؟**

□ ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد، کە نوخبەیەکی کەمو کەمکاریگەرن لەسەر سەرتاپای ڕەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتی، لیژنەیەکن لە دەرەوەی بازنەی بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیداو ڕۆڵێکی لاوازو پەراوێزییە، سەرباری هەوڵگەلێکی بە دەربەستو دڵسۆزانەو ڕەخنەگرتنی بوێرانەی هەندێکیان لەو ڕەوشە مەینەتبارە. نووسینی دەق ناتوانێت واقیعی تاڵ بگۆڕێت. جا دەقەکە کوردی بێت یان عەرەبی چونکە واقیعی ئێستای کۆمەڵگە عەرەبیەکانو ئەو دووبەرەکیەی لەژێر سایەی ڕژێمەکانی ئێستایدا تیایدا دەژینو ڕۆڵی ڕۆشنبیری عەرەبی تیایدا تەقریبەن یەك شتن؟! کارایی ئەم ڕۆڵە دەوەستێتە سەر کەشی دیموکراتیو ئازادی ڕادەربڕین بەبێ هیچ کۆنترۆڵکردنێ. بەشداریکردنیش لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا لەم حاڵەوە دێت، بێگومان ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەم حاڵەداو لە کۆمەڵگەیەك کە وشیارییەکی قووڵو هەستێکی بەرز بە بەرپرسیاریکردنەوەی هەیە، جیاوازە لە ڕۆڵی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەك کە لە بنەڕەتەوە مافی مرۆڤی تیا نییە.

ئەم تراژیدیایەی کە بەردەوام خۆی دووبارەو بەرهەمدێنێتەوە، بەرئەنجامی ئەقڵیەتی تفەنگو تۆڵەسەندنەوەو پارەی حەرامە، مافیای کوردی تا ئەمڕۆش مانگانە دەستدەگرێت بەسەر مەلایین دۆلاردا، بێئەوەی لە خۆی بپرسێ کە ئەم پارە دزراوە بۆ کوێ دەبات یان چۆن؟! وە بە چ هەقێ؟! هەروەها بەشێ لە ڕۆشنبیرانی کورد (مەبەستم ئەوانەیە کە

چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ئەم مافیایانەوە بەستۆتەوە) ڕاکەڕاکیانە بۆیان و بوونەتە موهەڕیجێکی پیشەیی و لە باشترین حاڵەتدا لە بەرامبەر ئەو تراژیدیانەی کە دووبارە دەبنەوە، یەك وشە ناڵێن.. ئەوە چ جۆرە ڕۆشنبیرێکە، کە لە پێشچاویەوە بەربەرییەکان دەبینێ خەڵکی سەردەبڕن و تانکەکان ئازیزترین شتی ژیانمان کە ئازادیمانە وردوخاش دەکەن و ئەویش تەنها وشەیەك نانووسێت، وە ئەوە چ ڕۆشنبیرێکە کە بە چاوی خۆی چەندانجار هاتنی سوپای داگیرکەر بۆ نیشتمانەکەمان دەبینێ و بێدەنگ دەست بە کڵاوەکەیەوە دەگرێ با نەیبات.

■ ئێمە، بەیانی و ئێوارە سیاسەت هەڵدەمژین. تەنانەت لە خەونەکانیشماندا، بە جۆرێ کە سیاسەت هەژموونی کردوە بەسەر تێکڕای چالاکییە نەتەوەیی و مرۆییەکانماندا، بەڵام سیاسییەکانمان نەیانتوانیوە ئەم ئەزموونە تاڵانەی ڕابردوومان کە بوونەتە دێوەزمەیەك و هەمیشە لە دەرکەوتنی دەترسین، هەڵبسەنگێنن. نهێنیی ئەم گرفتە لە چیدایە، ئایا شوێنە (مەبەستم باری جوگرافی کوردستان کە دەکەوێتە نێو سێکوچکەیەکی بەرمودیەوە) یان کەمەیەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەو هەمیشە پێویستی بە قوربانی کورد هەیە؟

□ ئەوەی بوونی کورد بنکوڵ دەکات، کرمی دووبەرەکیە، کە هۆکارێکی سەرەکیەو بە درێژایی چەندان سەدە نەمانتوانیوە لێی تێپەڕین. زۆرێك لە سەرکردە کوردەکان لەکاتی میحنەتدا، لە بەردەم دوژمنی دەرەکیدا وەك مشك وابوون، بەڵام لە ناوەوەو لە بەرامبەر ئەوانی تریاندا وەکو شێرێکی دڕندە وابوون. لێبوردەو سازشکەر تا ڕادەی زەلیلی بەرامبەر دوژمن، بەڵام تا سەر مۆخ ئێسقانی یەکتریان دەشکاند!!

وەکو دەزانن ئەم دۆخە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، پاشانیش بۆ سوود وەرنەگرتن لەو ئەزموونە خوێناویانەی کە هەمیشە دووبارە دەبنەوە. ئەگەر حاڵەکە ئاوها بێت چۆن دەتوانین دوژمنی دەرەکیمان بشکێنین؟ ئەمە یەکەم. دووەم؛ باری جوگرافی و جیوپۆلیتیکی کوردستان وەکو خۆت دەڵێی، لە "سێکوچکەیەکەی بەرمۆدی" دایە، کە لە جیهاندا نمونەی نییەو بەرژەوەندی نەتەوەی کورد هەڵدەلووشێ،

ئەمەش بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان، کە فەرمانڕەوایەتی ئابوریو سیاسەتی هەژمونگەریانەی جیهان دەکەن لە ئێستادا. ئەگەر جیهانی ئەمڕۆ، سەرپشك بێت لە هەڵبژاردن لە نێوان مرۆڤایەتیو بەرژەوەندیدا، ئەوا بێگومان بەرژەوەندییە ئابوریەکان هەڵدەبژێرێت، گەمەی ئیقلیمیو نێو دەوڵەتیش هەروا بەردەوامە. ئەوان نەوتو ئاوو سامانە سروشتیەکانی کوردستان هەرگیز بە قیژە قیژی مرۆڤایەتی ناگۆڕنەوە، لە بنچینەشەوە کوردستانیان هەر بە پێی ئەم بەرژەوەندیانە دابەشکردوە. کەوابێ گرفتەکە بە یەکاچوەو زۆر ناڵۆزە، تەنها شتێك کە جۆرە هیوایەکی تیا دەبینم، ئەوەیە کە دۆزی کورد بۆتە دۆزێکی ناسراو لەسەر ئاستی جیهانیدا. بە جۆرێك چۆتە هەمووماڵێکەوەو پاڵتۆی هیچ سیستەمێکی دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا نایشارێتەوە. ئەوسا دەکوژراینو خوێنمان بە فیڕۆ دەڕژا، بێئەوەی جیهان هیچ شتێکمان لە بارەوە بزانێت، بەڵام ئەمڕۆ قوربانی کورد لە دەرگای هەموو گۆشەو لاکانی جیهان دەدات، ئەوە تەنها ئارامییەکە لەم جیهانە دڵڕەقەدا.

## خۆرئاوای ڕزگارکەر

■ **پرسیارێک هەیە بۆ هەر کوێیەک دەچم لە کۆڵم نابێتەوە (بۆ من، وەک نووسەرێکی کورد) ئەویش ئەوەیە: میللەتی کورد زیاتر لە خەڵکی تر وەکو ڕزگارکەرێ دەڕوانێتە خۆرئاوا، بەڵام لەلایەن خودی خۆرئاواوە زیاتر لە خەڵکی تر دەخەڵەتێنرێ. هێشتا لە وەهمی خۆرئاوای ڕزگارکەر، ڕزگارمان نەبوە. ئایا لەم بارەیەوە شتێکت هەیە بیڵێی؟**

□ وەك من دەبینم مەسەلەکە بەم سادەییە نییە! میللەتی کوردیش وەکو هەر میللەتێکی زۆرلێکراوی جیهان، بۆ ئازادیو سەربەخۆیی خۆی دەڕوانێ. ئێمە هەمیشە وەکو نوقمبوویەك دەست بۆ هەموو چڵە پووشێك دەبەین. جا چ لە خۆرهەڵات بێت یان لە خۆرئاوا، بە تایبەت لای گەلێکی داماوی وەکو کوردستان. ئەم تەماشاکردنە بۆ خۆرئاوا بەسەر هەموو گەلی کورددا ناسەپێت وەکو تۆ دەڵێی. خۆ گەر وامان دانا ئەم تەماشاکردنە ڕاستەو هەیە، ئەوا هەر گەلی کورد ناگرێتەوە بە تەنها، بۆ نمونە ئایا دەتوانین بڵێین گەلی فەلەستین زۆرتر

خۆرئاوا تا کەسانی دی بە رزگارکەر دەزانێت؟! لە کاتێکدا ڕەوتە سیاسیەکان لەوێو لەسەر ئاستێکی بەرزتردا زۆرتر لە پەیوەندیدایە لەگەڵ خۆرئاوای رزگارکەردا بە بەراورد لەگەڵ کوردستان! ئەویش زیاتر لە جارێك لەلایەن خۆرئاواوە تەفرە دراوە! لە ئاساییکردنەوەو دانووستانی بەردەوامدایە لەگەڵ ئیسرائیل -سەرسەخترین دوژمنی نەتەوەی عەرەب- وەکو خۆیان وتیان، دەستکردی خۆرئاواو قەڵای ئیمپریالیزمیشە.

نەخشەی سیاسی لە جیهاندا گۆڕانێکی ریشەییو سەرتاپاگیر گۆڕاوە. ئەوە هەژمونی تاك جەمسەریە بەسەر هەسارەکەماندا کە خۆی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا دەنوێنێ، ئەم واقیعە لە حاڵی حازردا مشتومڕ هەڵناگرێ. لەولایشەوە گەلێکی داماو هەیە، گەلێك کە هەمیشە لەسەر لێواری مردندایە. ئەی کەواتە چۆن لەگەڵ ئەم واقعیە بە ئازارەدا مامەڵە بکەین. رزگارکەری یەکەم، بریتیە لە ویستو ئیرادەی گەلی کورد بە پلەی یەکەمو لە یەکێتیی نیشتمانییەکەیدا دواینجار. رەنگە تۆ ئاماژە بۆ دۆخی سیاسی ئێستای کوردستانی عێراقو ئەو ناوچە ئارامەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان لەدوای جەنگی کەنداوی دوەمەوە دروستیکردوە، بکەیت. رزگارکەری یەکەم ئەوسا گەلی کورد خۆی بوو، کە ڕاپەڕیو بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەی رزگارکرد، پاشان ئاڵوگۆڕی سیاسی جیهانی هاتو روویدا، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو دۆخە رەتبکەینەوە، یان پاراستنی نێو دەوڵەتی بۆ نمونە؟! چۆن؟ لە کاتێکدا تۆ بە باشی بۆردومانی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاویو لەناوبردنی بە کۆمەڵی سەدو هەشتاو دوو هەزار کوردو لە شاڵاوەکانی ئەنفالی سوپای عێراقدات لە بیرە، بەڵام هیچ هێزێك بۆ بەرگری لێکردنمان نەبزوا، تەنانەت بەشێکی گەورەی رۆشنبیرانی عەرەبیش، ئای چەند تاڵ بوو، لە سەنگەری رژێمی بەغدادا بوونو بەرگرییان لێدەکرد! بەڵێ گەلی کورد بە درێژایی مێژووی، تاڵاوی سیاسەتی خۆرئاوای چەشتو چەندین جاریش بە ڕوویدا ڕاپەڕی، هەر لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمرەوە، بەڵام ئەوەی رژێمی بەغداد لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دوایدا لە شاڵاوی بنەبڕکردن لە دژی گەلەکەمان کردی، لە درندەییو وەحشیەتی ئەوانی تری تێپەڕاند.

لێرەدا منیش، بۆ هەر کوێیەک چووم پرسیارێك بەدڵما دێت، بۆچی قوربانی، قوربانیی‌تر لەبیر دەکات؟ جگە لە هەندێ ئیستسنائاتی زۆر کەم نەبێت (کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێررێن)، زۆربەی ڕێکخراوە سیاسیە عەرەبی و ئیسلامییەکان کە بۆ دەرکردنی داگیرکەران و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان تێدەکۆشن -وەکو لە فەلەستین- لە پاڵ رژێمی کۆمەڵکوژکەری بەغدادا بوون، یان بێدەنگییان هەڵبژارد لە بەرامبەر گەلەکەماندا، کە ڕۆژانە بە بەرچاوی ئەوانەوە زیاتر لە هەر کەسێکی دی سەردەبڕرا، بۆچی؟

سەرچاوە

جريدة السفير اللبنانية، عدد ٨٥٤٢، ٣ آذار ٢٠٠٠

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا | ٥ |
| چاوپێکەوتنێك لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"دا | ١٤٧ |
| پرس و ئەزموون لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"دا | ١٧٩ |
| شیعرو مەنفاو نوێگەرێتی | ٢٠١ |
| دیدارێك لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس)دا | ٢١٩ |
| شێرکۆ بێکەس و شیعرو کەلتورو چارەنووس | ٢٣١ |
| دیدار لە دەربەندی پەپولەکاندا. | ٢٥٩ |
| شیعر پرسیارێکی بێسنوورە | ٢٧٥ |
| گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس | ٢٨٩ |
| ئاخاوتنێکی گەرم.. نزیك سەهۆڵبەندانی قوتبی ژووروو | ٣١٩ |
| ڕووبەڕوو لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"دا | ٣٧٥ |
| لەیەکەمین گوتوبێژدا بۆ (الفینق) | ٤٢٩ |
| فەرهەنگێك بۆ شیعر نییە | ٤٤٣ |

شێركۆ بێكەس وێنەی شاعیرێكە لەگەڵ ئازاری گەل و نیشتمانەكەیدا دەژی، بەردەوام لە هەموو شوێنێكی شیعرەكانیدا وێنەی گەلەكەی بەدی دەكرێ، هەندێ جار دەربارەی شتگەلێك دەدوێ، كە پێوەندییان بە میللەتەكەیەوە نییەو هەمانكات ناڕاستەوخۆ بە میللەتەكەیەوە بەندن، لەوانە كاتێك كە لە دیمەنێكی دلڕفێن یان درەختێك یاخود چۆلەكەیەك دەدوێ، ناڕاستەوخۆ دەربارەی گەلەكەی دەدوێ و گیانی مەزنی ئەم گەلە لە شیعرەكانیدا بەرجەستەدەكات و خۆشەویستی خەڵك بە دوایدا وێڵدەكات.

شاعیری ئەرمنسی بۆژین گیلفیك



دەزگای چاپ و پەخشی سەردە